# امیل

نوشته‌ی:ژان ژاك روسو

ترجمه‌ی: غلامحسین زیرك زاده

انتشارات ناهید1380

ناوی کتێب:ئێمیل

نووسینی:ژان ژاك رۆسۆ

وەرگێڕانی بۆکوردی: ڕەسوڵ سوڵتانی

تایپ: شۆرش سوڵتانی، تەها رەحیمی

چاپ و بڵاوکردنەوەی:

# پێڕست


- ڕۆسۆدەڵێ چی؟
- داوەریکردن لەسەر ئێمیل
- پێشەکیی نووسەر(ڕۆسۆ)


# کتێبی یەکەم


- سروشت و پەروەردە
- ئەو چاوەدێرییانەی منداڵ پێویستیی پێیانە
- هێندێك لە باوەڕەکانی کۆنە پەرەستان
- ئەرکی باوکان
- هەڵبژاردنی ڕاهێنەر و قوتابی
- هەڵبژاردنی دایەن
- یەکەمین چاوەدێری یەکان _مەلۆتکە
- پەروەردەی پلە بە پلەی ڕۆح

## کتێبی دووهەم.

- یەکەمین وانە چاونەترسی
- پەروەردەی ئەخلاقیی منداڵ
- سەرەتای ژیانی ئەخلاقی
- پێکهێنانی ورە
- بەڵگە بۆ منداڵ مەهێننەوە
- یەکەمین بنەماکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی
- ئایا فێربوونی زمان و ئەفسانەو مێـژوو بـۆ مندالآن باشە؟
- رێوی‌و قال
- منداڵێکی هەوەسباز
- وەگەڕ خستنی هەستەکان دەرمانی ترس
- ازانجی ڕاکردن
- ێنەی ئێمیل لەسەردەمی منداڵیدا

## کتێبی سێهەم

- پەروەردەی هزری
- راهێنانی ئەزموونی
- ئێستا با بزانین کاری بە کەڵك یانی چی

- ئێمیل دەبێتە دارتاش
- پێکهێنانی دەزگەی دادووەری

# کتێبی چوارەم

- قۆناخی گەنجێتی
- هاوخەمیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ ـ هەستی بەزەیی
- خوێندنی مێژوو
- ––– قازانجی مرۆڤەکان
- پەروەردەی ئایینی
- باوەڕە ئایینی یەکانی جێگری قەشەیەك
- سەبارەت بە "زەوق"

# کتێبی پێنجەم"

- سوفی یان ژن
- پەروەردە کردنی ژنی گەنج
- وێنەی سوفی
- دیمانەی ئێمیل و سوفی
- چاوپێکەوتنی دوو عاشق
- سەیران و تۆران وئاشتبوونەوە
- راپۆرتی سەفەرێکی دوور و درێژ
- زەماوەندی ئێمیل و سوفی

# پەراوێزەکان

# ئێمیل

. ئێمیل نەسلی پیاوانی خولی یەکەمی شۆڕشی فەرەنسای پەروەردە کردووە. ئەوانەی لەسەر ئەو بنەمایانە پەروەردە کراون وێڕای هێندێ ئیشی هەڵە ، هێزێکی ئەخلاقیی مەزنیان لە

خۆیان نواندووه و گەورەیی کتێبی ئێمیلیش لەوه دایە. هەرکـەس بـە پێـی رێوشـوێنەکانی ئـەم کتێبە بجولێتەوه پەروەردەو راهێنانێکی وای دەبیٚ کەلە هێندیٚ بـارەوه سـەیر دێتـە بـەر چـاو. بەڵام ناکریٚ بلێی خراپ پەروەردە دەکریٚ چونکی وەها کەسێك دەبێتە خاوەنی هزرێکـی چـالاك و خولقێنەر و کەسایەتیەکی گەورەو ویژدانێکی ئەخلاقیی بەرز.

## ئەم وەرگێڕانە پێشکەش بە هەموو منداڵانی کوردستان کە لە پەروەردە بێبەریین

# ڕۆسۆ دەڵێ چی؟

ئەوانـەی دەیانهـەوێ بەتێروتەسـەلی ئاگـاداری ژیـانی ڕۆسـۆ و بیروبۆچـوونەکانی بـن، بـا پێشەکیی کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتی بخوێننەوە. ئێمـە لێـرەدا تـەنیا سـێ لاپـەڕەی پێشـەکیی گۆڕین دێنینەوە کە پێشاندەری باوەڕە گشتی یەکانی ڕۆسۆن و بۆ تێگەیشتن لـە کتـێبی ئێمیـل یارمەتیدەر دەبن. ئەو پێشەکیەمان لە مێژووی وێژەی گوستاڤ لانسۆن کە یەکێکـە لـە مامۆسـتا مەزنەکانی زانکۆی پاریس ، وەرگێڕاوە.

ڕۆسـۆ دەڵـێ سروشـت مرۆڤـی بـە چـاك خولّقانـدووە کەچـی کۆمـەڵگا خراپـی بـار هێنـاوە. سروشت مرۆڤی سەربەست خولّقاندووە بەڵام کۆمـەڵگا کۆیلـەی لـێ دروسـت کـردووە. سروشـت مرۆڤی بەختەوەر خولّقاندووە کەچی کۆمەڵگا ئەوی چارەڕش کردووە. ئەم سـێ پرسـە پێکـەوە گرێدراوە دەربڕی یەك حەقیقەتن ، پێوەندیی کۆمەڵگا بە نیسـبەت جیهـانی سروشـتەوە وەکـوو پێوەندی خراپەیە بـە نیسـبەت چاکەوە. تـەواوی بەڵگاندنـەکانی ڕۆسـۆ لەسـەر ئـەو بنەمایانـە دامەزراون.

لەژیانی سروشتی دا، واتە لەحاڵی کۆیلـەیی دا ، مـرۆڤ بونـەوەرێکی باشـە و هـیچ بـۆی نیـە خراپیش بێ. چونکە هێشتا نە ئەخلاقێك بوونی هەیەو نە یاسایەك کە لە ڕێکەی ئەمەوە چاك و

خراپ لێك جویێ بکاتەوە. بە پێچەوانەی ڕێساکانیش ناجولێتـەوە. چـونکی هـیچ ڕێسـاگەلێك لـە گۆڕێ دانین. ئەو بەس لە بیری خۆیدایە (خۆشەویستە) تەنیا وەشوێن وارسـکە(غریـزە)ی خـۆی دەکەوێ و وارسکە فەرمانی پێدەدا کە ئاگای لـە خـۆی بـێ. وەکـوو ئـاژەڵیش بـێ تاوانـە تـەنیا هەوڵ دەدا پێداویستی یەکانی خۆی دابین بکا. خراپەی کەسی ناوێ و زیاد لە پێویستی خۆشـی هـیچ هـەڵناگرێ. تەنانـەت بەشـێوەی وارسـکەیی خـاوەن ڕەحـم و بـزەی یـەکی ئەوتۆیـە کـە، هاوڕەگەزەکانی خۆی خۆش بوێ. بەشێوەیەك کـە ئەگـەر خـۆی سـاخ و بـێ نیـاز بـێ لـە پێنـاو ڕزگاری و هێمنایەتیی ئەوانی دیکەش دا هەوڵ دەدا. ئیحساساتێکی ناسـك یـا بـەڕژانی هەیـە کـە دەی بزوێنێ و وارسکەی وەخەبەری دێنێ . گەندەڵی ئەو کاتە سەر هەڵ دەدا کـە هـزر بکەوێتـە گەڵ هەست و کەفوڵ و ئاوەز بکەوێتە گەڵ وارسکە. چونکی ئەو کاتە ئەو خۆشەویستی یەی کە سروشتی و ڕەوایە دەبێتە قازانج پەرەستی کە دیارە بێ جێ و قیزەونە و دەبێتـە هـۆی : زیـاتر بوونی پێداویستی یەکان ، داهینانی چێژو خۆشەویستی فریودەر کەتەنیا بۆ ڕاکێشانی سـەرنجی ئەوانیتر ساز کراون و هەروەها دەبێتە هۆی پێش بینی کردنی داهاتوو کە {خـۆی} کردەیەکـە، دژی ژیـانی سروشـتی و ململانـەی مانـەوە و ئـەو چارەڕەشـیانەی کـە بـە دووایـدادێن بەرهـەمی ئەون.بیرکردنەوە ، ئاوەزمەنـدی ، قـازانج پەرەسـتی، زێـدەڕۆیی لـە شـەهوەت و چاوچـنۆکی و تەماحی بێ هەوسار، لاواز بـونی هەسـتی بـەزەیی و دڵۆڤـانی و تـەواوی ئـەو گۆڕانانـەی کـە لـە مرۆڤی سروشتی دا وەدی هاتون، لە کۆمەڵگـەدا و لـە ڕێگـەی کۆمەڵگـەوە سـەریان هـەڵ داوە و گەشەیان کردووە. ئەوەی لە وتەکانی ڕۆسۆ دا دەردەکـەوێ ئەوەیـە کـە دەبـێ بگەڕێینـەوە بـۆ ژیانی سروشتی . ئەگەر چـی مـرۆڤ نـاتوانێ بچـێتە دوورە پـەرێزی و داکشـان. جیـاوازیی نێـوان ژیانی سروشتی و ژیانی شارستانیەتانە ئەوندە زۆرە کە نـاکرێ لەیەکەمیانـەوە بگەڕێیتـەوە بـۆ دووهەمیان. ئەگەر وای دانێین ئەم گەڕانەوەیەش بەرەو دوواوە بلوێ، بـێ ئـەملاو ئـەولا دەبێتـە هۆی چارەڕەشیی مرۆڤ. چونکی مرۆڤی سروشـتی و مرۆڤـی شارسـتانی لـەباری هەسـتەوەری و حەزەکانیانەوە ئەوندە لێك جیاوازن کە ئـەو شـتەی یەکـەمیان پێـی بەختـەوەر دەبـێ، دەبێتـە هۆی تێداچـونی دووهـەمیان. ئـەم ڕەوتـی داکشـانە نـەك چارەڕەشـی بەدوواوەیـە بـەڵکو پلـەی

مرۆڤیش دادەبەزێنێ ، چونکی مرۆڤی شارستانی لە هێندێ لایەنەوە باشترە لە مرۆڤی کێوی. کەوابو رۆسۆ هەرگیز ئێمە بانگهێشت ناکا کە بگەڕێینەوە بۆ جیهانی ئۆرنەك ئۆتان( بەشێکی مەیمونی کەلەوانەیە مرۆڤی سەرەتایی لەو چووبێ). بەڵکو پێشنیاری ئەوەمان پێدەکات کە مەزنێتی هزر و کامڵبوونی ئەخلاقیی ئەو مرۆڤە پەروەردەکراوە بپارێزین و لە هەمان کاتدا ئەو دڵاوایی و ئازادی و بەختەوەری یەی کە کرۆڤ بەشێوەی سروشتی هەی بووە پێی بدەینەوە. کەوابو، ئەو رێگەیەی کە بۆ گەڕانەوە بۆ حاڵەتی مرۆڤی سروشتی دەبێ بی بڕین ئەوەیە.

ئەم ژیاندنەوە و نوێ کردنەوەیە بە دوو شێوە دەکرێ، نوێ کردنەوەی تاك و نوێ کردنەوەی کۆمەڵگە.

نوێکردنەوەی تاك ، لە هەنگاوی یەکەم دا بە پەروەردە و راهێنان دەکرێ. ئێستا کەسروشت باشە و کۆمەڵگە خراپ، دەبێ سروشت بژێنیتەوە و کۆمەڵگە بڕەتێندرێ و بخرێتە لاوە شلکە نەمام لەکار تێکەری یەکانی بپارێزرێ . سروشت مرۆڤی، کێوی بار هێناوە ، کەوابوو دەبێ هەوڵ بدەین قوتابی یەکەمان وەك بونەووەرێکی کێوی راهێنرێ واتە جەستەی بەهێز بکەین ، پێنج هەستەکەی بەهێزتر بکەین، وارسکەی پەروەردەبکەین بۆ ئەوەی وزەی هزرین لە زنجیری هەست و کەفوکوڵ رزگاری بێ . پەلە نەکەین هەتا هێزی ئاوەز بۆخۆی سەری هەڵ بدا . واتا خوازیاری ئەوە نەبین کە بەر لەکاری خۆی دەرکەوێ. جسناتی مرۆڤ بە پێی پێویست و ئاتاج پەروەردە کراوە . ئێمەش دەبێ کارێکی وابکەین منداڵ هەست بە نیاز بکا. هەروەها دەبێ ئامرازی ئەزموون تاقیکردنەوەی لەبەر دەستی بنێین. هێندێ رایان وایە کە ئەدەبیات هۆکاری گەندەڵ بوونی کومەڵگەیە، نابێ هیچ کتێبێك بدەینە دەست قوتابێکەمان و تەنانەت دەبێ ئەفسانەکانی لافونتینیش ی لەبەر دەستان دانەنێین چونکی بە رەستەگەلێکی جوان و فریودەرانە، گەندەڵی و گزە بەشتێکی رەوا لەقەڵەم دەدا. قوتابی ئێمە دەبێ لەتەمەنێکدا فێری خوێندن بکرێ(بخرێتە بەر خوێندن) کە بتوانێ بەهێزی ئاوەز بابەتی خراپ و گەندەڵی هێنەر

بناسێتەوە و خۆی لێ ببوێرێ و بیرو هزری دروست وباش بناسێ و فێریان بێ. سروشت تەنیا خودا دەناسێ ئەو باوەڕە ئایینی یە جۆراوجۆرانەی کە ناکۆکی دەخەنە نێو خەڵکەوە، کۆمەڵگە دای هێناون. دەبێ تەنیا خودا پێشانی قوتابی یەکەمان بدەین و تەواو، ئەویش دەبێ لە کاتێکدابێ کە منداڵەکە بتوانێ پەی بە گەورەیی و مەزنیی بێ سنووری خودای خۆی،ببا. بەو شێوە پەروەردەیە ، ئێمیل گەنجێکی بەهێز ، بەدەستوبرد، کارامەو باش و خێرومەند و حەقیقەتخواز ، زیرەك و ژیر و پیرۆز و بەختەوەری لێ دەردێ و بەم شێوەیە دەبێتە خاوەنی هەموو باشی یەکانی مرۆڤی شارستانی، بەبێ ئەوەی تووشی ئەو گەندەڵیانە بێ کە داوێنی بنیادەمیان گرتۆتەوە ، ئەوە بوو بیروبۆچونەکانی رۆسۆ لە کتێبی ئێمیل دا.

## داوەریکردن لەسەر ئێمیل

ئاغای لۆگران پێشەکیەکی بۆ ئێمیل نووسیوە کە دەیخەینە بەر دیدی خوێنەران . ئەو مامۆستایە لەم پێشەکیەدا هێندێ داوەریی لەسەر باوەڕەکانی رۆسۆ سەبارەت بە تەکنیکی فێرکردن و پەروەردە کردووە کە دادپەروەرانە دیارن.

***

خوێندنەوەی ئێمیل کاریگەری یەکی سەیر لەسەر مرۆڤ بەجێ دێڵێ. ئایا ئەو کتێبە دەبێ تاریفی بکرێ یا بخرێتە بەر رەخنە؟ خوێنەر دڕدۆنگە. چونکی گەلێك بیر و بۆچوونی دروست و قووڵ لەم بەرهەمە بەناوبانگەدا بەدی دەکا. لە هەمانکاتدا بە هێندێك بابەتی کۆن و سادە و سەیر و سەمەرەی ئەو بڕێك دڵگران دەبێ.

ئێمیل تا رادەیەك لە شێوەی هزری ئەمڕۆیی دوورە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی خەیاڵەکانی رۆسۆ و بیروڕاکانی پێچەوانەی باوەڕی گشتیین. هەڵبەت هێندێ لە هەڵەکانی خەڵکی ئەوکاتیش لەوەدا کاریگەرییان هەبووە و هەمووی ئەوانەش لەو کتێبەدا رەنگیان داوەتەوە.

رۆسۆ ئەو پڕەنسیپ و بنەما گشتی یانەی کە نوسراوەکانی پێشووی خۆیدا شرۆڤەی کردوون لەم بەرهەمەشدا کردوونیەتە بنەمای فێرکردن و پەروەردە . سروشت باشە ، بەڵام نابێ بەر بە گەشەکردنی بگیردرێ. ئەگەر بمانەوێ ئەو حەزانەی ئێمیل کە لەکاتی لەدایکبوونی دا تێیدا گووراون گەشە بکەن، بە دڵنیایەوە دەبێتە کەسێکی پاك و خۆپارێز. ئەگەرچی ئەم باوەڕە هەم لە رووی جەستەیی و هەمیش لە رووی رۆحی یەوە زێدەڕۆیانەیە، چونکی گومان لەوە دانیە کە تەواوی مرۆڤە خراپەکان لە سەعاتی بەختیاریدا لە دایك نەبونە ، واتە بە چاك لە دایك نەبوون و هەروەها روونیش نیە کە باشترین رێگەی دابین کردنی سلامەتیی منداڵان ئەوە بێ کە بەرەڵایان کەن هەتا کۆخەڕەشە دەگرن. هەروەها سەیرە کە رۆسۆ ناهێڵێ دەرزی دژە

مێکوته له قوتابی یەکەی بدەن ئەویش به بیانوی ئەوەیکه سروشـت خـۆی تـاك دەپـارێزێ لـەو مەترسیه.

رەخنەیان له رۆسۆ گرتووه لەوانەیـه حەقیشـیان بـووه. لەبـەر ئەوەیکـه لـه هەلومەرجێکـدا ئێمیل پەروەردە دەکا که نـاهێڵێ میتـۆدە پـەروەردەی یەکـەی ئـەو بەهایـەکی گشـتیی هـەبێ. ئێمیل لەڕاستیدا دەوڵەمەندە و لەژێر چاوەدێریی راهێنەرێکدا پـەروەردە دەکـرێ کـه بەوپـەڕی فیداکاری یەوە تەواوی هەوڵی خـۆی بـۆ پـەروەردەی ئـەو تـەرخان دەکـا.دیـارە ئـەو ئیشـه بـۆ هەموکەس نالوێ بەڵام نابێ زێدەڕۆیی له گرینگیی ئەم ناڕەزایەتیـه دا بکـرێ. بـه دڵنیـای یـەوە رۆسۆ خۆیشی بەوەی زانیوه بەڵام مەبەستی ئەو ، ئەوە بووە که نمونەیـەکی تایبـەت بێنێتـەوە که سادەو ساکار بێ بـۆ ئـەوەی بتـوانێ گریمانـەکانی خـۆی بـه ڕوونـی دەربـڕێ. بـەڵام لێـرەدا بابەتێکی دیکه دێته پێش : ئایا دەکرێ له حاڵەتی ئاساییدا که تەواوی هەلومەرجەکان لـەبارنین ئەو دەستورو رێوشوێنانەی ئەو بـەڕێوە بچـن؟ واتـه ئایـا دەکـرێ بەناتـەواوی میتۆدەکـەی ئـەو بەکار بهێندرێ؟ رۆسۆ خۆی بەردەوام گوتوویەتی که یا دەبێ به تەواوی میتۆدەکەی من بەڕێوە بچێ یا هەر خۆی لێ نەدرێ. هەر وەك دەبینین ناکرێ بەتەواوی ئەو رەخنەیه رەد بکرێتەوە کـه له ئێمیل دەگیردرێ.

شتێکی دیکەش هەیه: ئەو پەروەردەیەی له دووره پەرێزیدا واته دوور لـه کۆمەڵگـه بـەڕێوە دەچێ بەڕای ئێمه هەڵەیه، چونکی مرۆڤ هەرگیز بەتـەنیا لەسروشـت دا نـەژیاوه و هـەرگیز تاقـه یەك پەیمانی کۆمەڵایەتی له گۆڕێـدا نـەبووه ، زۆر وێدەچـێ کـه بنیادەمـەکان هـەر لەسـەرەتای خولقانەوه بەکۆمەڵ ژیابن، ئـەو کەسـەی مرۆڤـی بـەدوور لـه هاوڕەگـەزەکانی خـۆی پـەروەردە دەکا، بوونەوەرێك پەروەردە دەکات کەهەم لەباری مەعنەوی و هەم لەباری مـادی یـەوە تـەواو دەستکردە.

ڕەخنەیەکی دیکەش لە مێتۆدەکەی ڕۆسۆ گیراوە، ئەوەیە کە، میتۆدێکی لەسەرەخۆیە و هێندێ جاریش دژوارە. بۆ ئەوەی ئێمیل تایبەتمەندیی میلی مگناتیسی بناسێ، گەلێك دامودەستور پێویستە. بۆ وێنە دەبێ جامبازێك بێتە نێو ئەم ئیشەوە و چەندین دانیشتنی تاقیکردنەوەی بۆ تەرخان بکرێ. تەواوی ئەوانەش دەخوازن کە بەردەوام لە دەورو بەری منداڵەکە چاوەڕاو بکەن و چەند ئەکتەرێك ماندوویی نەناسانە و بە دوور لە تەوەزەلی ڕۆل و دەورێك بگێڕن کە بۆیان گونجاوە. دەبینن کە بۆ فێر کردنی شت گەلێکی ساکار کە بە چەند وشەیەك فێر دەکردرێن چ ڕێگەیەکی پڕپێچ و گەوە دەبڕدرێ.

سەرەڕای ئەوە ، ئەو کەسەی دەیەوێ تەنیا لە ڕێگەی ناسینی سودووبەهرەی شتەکانەوە منداڵەکە خوێندەوار بکا، ڕێگر دەبێ لەبەردەم ئەوەیکە ئەو بەناخی زانستەکاندا ڕۆبچێ . واتە ناهێڵێ ئەو بەها مەزنە بناسێ کە زانست لە خۆیدا هەیەتی و بزانێ کە زانست بریتیە لە دۆزینەوەی حەقیقەتەکانی جیهان بە پێی یاساکانی عەقلّ.

ڕۆسۆ بیرمەندێکی بوێرە و داهێنانی ئێجگار سەیر و سەمەرە دەکا بەڵام لە بابەتێکدا زۆر کۆنە پارێزە ، ئەو ڕای وایە کە پەروەردەی ژن بە هیچ شێوەیەك نابێ وەکو پەروەردەی پیاو بچێ. ئەو ژنانی هزرڤان و فیلەسوفی پێ باش نین و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بە هەڵە دەزانێ. بەڕای ئەو ژن تەنیا هاوڕی یەکی دلۆڤانە بۆ پیاو. ئەو شێوە بۆچوونە زۆر لە باوەڕەکانی سەردەمی ئێمە بە نیسبەت ژنانەوە ، دوورە.

لەسەرانسەری کتێبی ئێمیل دا جۆرێك هەستی خەستی ئایینی بەدی دەکرێ کە کاریگەری یەکی ئەوتۆ لەسەر ئێمە بەجێ ناهێڵێ. ڕۆسۆ و چەند کەسێك لە هاوچەرخەکانی ، لە باسی ئاییندا زێدەڕۆییان کردووە بە شێوەیەك کە نەك هەر لە پەرستشگەکاندا بەڵکو لە هەمو شوێنێك باس لە ئایین دەکەن. هەر بۆیەش لە ئێمیل دا بەردەوام تووشی دیمەنگەلی جیددی بەڵام بەزەیی هێنەر دەبین. بۆ وێنە کاتێك ڕۆسۆ باسی بنەماڵەی سوفی دەکا ، باوکی سوفی وەکو

بەئابڕوترین باوك و دایکیشی وەکو مەزنترین دایکان ناو دەبا. ئێمیل لە دەسگیرانەکەی دوور ناکەوێتەوە مەگەر ئەوەیکە سێڵاوی ئەسرین لە چاوان هەڵ ڕێژێ. خەڵکی سەدەی هەژدەهەم تەنانەت بەو دیمەنە دڵبزوێنانەی کە لە هەموو خێزانەکاندا ئاساییــن، بەکوڵ دەگریان. هەڵبەت ئەم بەشانە بۆ خەڵکی ئەمڕۆ هێندێك کۆن دەنوێنن. بەکورتی، لە ئێمیل دا هێندێك بابەت ئەوندە سادە و ساکار دێنە بەرچاو کە دەبێتە هۆی رابواردن. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە ئامرازگەلێك بکرێ بە مەبەستی هاندانی ئێمیل بۆ راکردن دەکار دەکرێن، یا ئەم جۆرە پرۆگرامەی خواردن (پارێزی خواردن) کە بە پاساوی سەیرسەیر ، گۆشت قەدەغە دەکا .

ئەوەی گوترا نمونەیەکە لەو رەخنانەی خەڵکی ئەمڕۆیی لە ئێمیلی دەگرن. بەڵام لەبری ئەوانە گەلێك شتی باش لەو کتێبەدا بەدی دەکرێن.

رۆسۆ سروشت دەکاتە چاوگەی موتاڵاکان خۆی. وێڕای ئەوەی کە باوەڕی ئەو سەبارەت بەژیانی مرۆڤی سروشتی هەڵەیە، ئەو بنەمایانەی کە بە بنچینەی پەروەردە و فێر کردنی ئەو لە قەڵەم دەدرێن تەواو دروستن ، لەراستیدا ئەو مەبەستێتی کە قوتابی یەکەی وەك مرۆڤێك پەروەردە بکرێ. هەر بۆیەش پەیرەوی لەو یاساگەلە دەکا کە سروشت بەمەبەستی ژیان و گەشە و هەڵ دانی هێزی جەستەیی و روحیی ئەو بەکاریان دێنێ . هەروەها بەختەوەری یەك لە بەر چاو دەگرێ کە بەرهەمی گەشە کردنی ئاسایی هێزەکانی ژینن . بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێ بگاتە ئەوپلەیە لە مرۆڤایەتی کە تواناشی هەیە، هیچ پێویست بەو گوشارە پەراوێزیانە نیە. رۆسۆ داوا لە باوکان دەکا کە منداڵەکانیان ئازار و ئەشکەنجە نەدەن بۆ ئەوەی کە ئەگەر بەر لە گەیشتن بە تەمەنی خۆناسین (باڵق بوون) مردن، لانیکەم چێژیان لە ژیان وەرگرتبێ.

ئەنجامی ئەم میتۆدە دەی سەلمێنێ کە پەروەردە وەکو جلوبەرگی یەك فۆرم نی یە کە بتوانێ بکرێتە بەر هەمو قوتابی یەکان، وشك و برینگیش (بێ گیان) نیە بەڵکو دەبێ دەگەڵ

ئەخلاق و ورەی قوتابی پێك گونجاو بن، راستی و دروستیی ئـەم بۆچـوونە سـەلمێنراوە. دەبـێ هەوڵی ئەوە بدرێ کە ئەو کەسایەتی یەی منداڵ کە خەریکە بیچم بگرێ تەواو دەرکەوێ.

سروشت تەنیا یەك جەستەو یەك گیانی پێداوین دەبێ هاوکات هەردووکیان پەروەردە بکەین و گەشەیان پێ بدەین بەڵام ناکرێ بەوەندە قایل بین کە ئەو دووشێوە پەروەردەیە هەردووکیان هاوتـەریب و وەك یـەك بـن بـەڵکو دەبـێ دەسـت لـە ئیشـی یـەکتر وەردەن یـا بـە واتایـەکی تـر هەردووکیان دەبێ مـەرجی بەرهـەم هـاتنی ئـەویتر بـن. بـە گشـتی پـەروەردەی جەسـتە دەبـێ یارمەتیدەری پەروەردەی ئەخلاقی و کولتوریی قوتابی بێ.

ئەم شێوازە ، چـاکە_ رادەگـرێ و کـردەوە هـان دەدا. دەبـێ لـە تـەواوی ئـەو شـتانەی لـە دەوروبەری منداڵن و لە بچوکترین روداوەکانی رۆژانەی ئەو ، بەشێوەیەك کـەڵك وەرگـیردرێ کـە یارمەتی دەری فێرکردنی بن، بۆ وێنە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی شەوێکی جوان و دڵگری هـاوین بۆ ئەو دەبێتە باشترین کتێبی گەردوون ناسی؟ بەمجۆرە دیتنی ئاسەوارەکانی جیهانی دەرەوە بەردەوام ناچاری دەکەن بیر بکاتەوە، موتاڵای رووداو و ئاکارەکان نەك هەر بۆ شـرۆڤە و کامـڵ کردنی وانە تیۆری یەکانی ئەو بەڵکو بۆ بەهێزتر کردنی گیانی سەلماندن دەکار دەکرێن.تەنیا لە پرۆسەی ئەو زنجیرە تاقیکاریانەدا کە پۆلین بەندی کراون لەوانەیە منداڵ لەو چـەمکە ئاڵۆزانـەی کە لەرێگەی هەستی راستەوخۆوە پێیان گەیشتوە، لەو بەشەی شـتەکان تـێ بگـا کـە لـە زیـاتر حەقیقەت نزیکە( دەبـێ هـەموو ئـەو رێوشـوێنانەی رۆسـۆ لەبـەر چـاو بگیردرێـن). ئەمرۆکـە لـە قوتابخانەکاندا هەر بەو شێوەیە کار دەکەن. ئەوە هەر ئەو مێتـۆدە سـەلمێنەرانە چـالاکەیە کـە دژایەتیی هەیە دەگەڵ ئەو شێوازە بەراوردکارانە و تووتی ئاسای یەی کە هەتا ئـەم دوواییانـەش هەر باوبوو . نابێ رەخنە لەو بۆچـونەی رۆسـۆ بگـیردرێ کـە بـاوەڕی وابـووە کـە، پـەروەردەی منـداڵ دەبـێ بەسـەر چـەندین قۆنـاغ دا ، دابـەش بکرێـت و پـەروەردە هـزری یـە تایبەتیەکـەی (خوێنـدن ) زۆر درەنگـتر دەسـت پـێ بکـا. گومـان لـەوەدا نـی یـە کـە ئـاخنینی زەیـنی منـداڵ

بەبابەتگەلێکی کە لەگەڵ توانای فامکردنیان نەگونجاوە ، زیان و خەسارێکی بەدوواوە دەبێ، چونکی ناچاریان دەکا بەوەی کە ئەو شتەی فێری بوونە وەکوو تووتی بیڵێنەوە. وێڕای ئەوەیکە ئەم مێتۆدە وەڕەزیان دەکا و دایاندەهێزێنێ. ئەزمونە پەروەردەی یەکان سەبارەت بەو بابەتە زۆر پڕمانان.دەبێ زەینتان دابێتە ئەوەی کە ئەمڕۆکەش هێندێ جار قوتابی یەکانی ئێمە دەگەڵ پرۆگڕامی دەرسیی وا قورس رووبەڕوو دەبن کە لە توانای دەرك وتێگەیشتنیان بەدەرە. هزر دەبێ بە گوێرەی پێویست گەشەی کردبێ بۆ ئەوەی بتوانێ کەڵك لە فێربوونی ماتماتیك یا خوێندنی بەرهەمە ناودارەکانی کلاسیك وەرگرن. روون و ئاشکرایە کە رۆسۆ جوان تێگەیوە کە نابێ بهێڵین زارۆکان بەرهەم گەلێکی وەکوو ئەفسانەکانی لافۆنتێن بخوێننەوە چونکی نە لێی تێدەگەن و نە دەشزانن ئامۆژگاری یەکانی ئەو بۆ چی دەبن.

بەڕای ئەو، منداڵی ساوا جگە لە ئاژەڵێکی خاوەن هەست هیچ شتێ نیە و نابێ بە پێی بەڵگە و بەڵگاندن هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ بەتایبەتی لە مەڕ بابەتی ئەخلاقیەوە. ئەگەر هەڵەیەکی کرد دەبێ کتومت پێشی بگیردرێ . هەڵبەت بەبێ گوشارو شرۆڤە کردن، تەنیا بە هێزو لەسەرەخۆیی، بەمجۆرە تێدەگا کە هێندێ شت پیرۆزن و دواتر خوو ناگرێ بەوەوە کە بۆ رەوایی بەخشین بە کردەوەکانی خۆی پەنا بەرێتە سەفسەتە و پاکانە کردن .

بەلام سەبارەت بەبابەتە گرینگەکانی فێر کردنی ئایینی، بە هۆی ئەو جیاوازیانەی لەباری هزر و زمانەوە لەنێوان ئێمە و رۆسۆ دا هەن ، بێ سوود نابێ جاروبار بگەڕێینەوە لای ئێمیل.رۆسۆ لایەنگری ئایینی خودا پەرەستیی رەهایە. زۆربەی فەیلەسوفانی سەردەمی ئەو بەتایبەتی ڤۆلتێر لەسەر ئەم ئایینە بوون . لەسەردەمێکدا کە زۆربەی توێژەکانی رۆشنبیران باوەڕمەند بوون بە هەبوونی خودا و نەمریی روح ، ئەم ئایینە بە عەقڵانیترین و سادەترین ئایینەکان دەژمێردرا. بەڕای رۆسۆ ، خودا پەرەستیی رەها دەگەڵ هیچکام لەو ئایینە فەرمیانەی کە پێشەواکانیان خۆیان بەڕاسپاردەی خودا دەزانن، دژایەتیی نیە. بەڵکو

خوداپەرەستی خاڵی هاوبەشی نێوانیانە. ئێمیل هەر دەگەڵ ئەوەیکە تەمەنی گەنجێتی تێپەڕاند و لە باری هزرەوە کامڵ بوو(پێگەیشت) فێری ئایینی خواپەرەستیی رەها بوو و بەمجۆرە توانی دوواتر عەقڵی خۆی بخاتە کار و ئەو ئایینە هەڵبژێرێ کە پێی لە هەموان درووسترە. ئەگەر بەوردی لەم میتۆدە رابمێنین دەبینین کە باشترین شێوەی فێربوونی وانە ئایینی یەکانە. چونکی هەم چالاکیی هزریی لێ دەکەوێتەوە هەم پارێز رەچاو دەکرێ . لە راستیدا رۆسۆ نە باوەڕێکی ئایینیی تایبەت پێشنیار دەکا نە نکۆڵیشی لێ دەکا. لە لایەکەوە نایەوێ باوەڕێکی تایبەت بەسەر ئێمیل دا بسەپێنێ، لەلایەکیشەوە قایل نابێ کە قوتابی یەکەی، یەکێك لە گەورەترین بابەتەکانی فەلسەفەی بان سروشت واتە ئایین نەناسێ. کەوابوو هەرشتێك کە پێی وایە عەقڵ راشکاوانە بڕیاری لەسەر دەدا فێری ئێمیل بکا و لە هەر جێ یەك عەقڵ دڕدۆنگ دەبێ لە رێوە رادەوەستێ و تەنیا خۆی بە پەرە پێدان و گەشەی کەسایەتیی ئەخلاقیی ئەو مێرمنداڵەوە خەریك دەکا بۆ ئەوەی دوواتر ئەو مێرمنداڵە بتوانێ بە ئازادی ئەو ئایینە هەڵبژێرێ کە پێی باشە.

ئەوە بوو ئەو داوەرییانەی لەسەر کۆی بۆچوونەکانی رۆسۆ لە کتێبی ئێمیل دا کراون هەڵبەت ئەگەر لە وردەکاری یەکانی ئەم بەرهەمە پڕبایەخە رامێنین، تووشی گەلێك بابەتی دروست و رێوشوێنی بە کەڵك دەبین. بۆ وێنە رۆسۆ دایکان هان دەدا شیر بدەن بە منداڵکانیان و ئاگایان لێیان بێ و ئەم کارە لەم سەردەمەدا کاریگەریی ئێجگار باشی هەبووە.

***

پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ تەواوی ئەم بۆچوونانە ئی رۆسۆ خۆی نین زۆربەی ئەم بابەت گەلە لە مۆنتاین و جۆن لۆك و کەسانی دیکە وەرگیراون. بەڵام رۆسۆ بەشێوەیەکی جوان و داهێنەرانە ئەم پاژو کەرەسانەی تێك هەڵ شێلاون، سەرەڕای ئەوەش کەسایەتی خۆیشی لەم کتێبەدا دەرخستووە. ئەمجار رۆسۆ، ئەم ئەزموونە جۆراوجۆرانەی کە لە سەردەمی دایەنی و

مامۆستایەتیی رابردوویدا کۆی کردبوونەوە، دەگەڵ گریمانەکانی خۆی کە زۆربەیان دژی باوەڕی کۆمەڵن (چونکی تێیدا هێزی خەیاڵ و وزەی عەقڵ ئاوێتە دەبن) خستۆتە سەری. بەتایبەتی هێزی دەربڕینی سێحراویی خۆی بە جوانی تێدا بەکار هێناوە. لە راستیدا جوانکاری و رەوانبێژیی رۆسۆ ئەگەرچی جاروبار تێکەڵی تەکنیکە ، خوێنەر هەڵدەفریوێنێ ، چونکی وەها تێکەڵی هەست و ئیحساسە و ئەوندە نوێنەری عەشقی ئەوە بە مرۆڤ ، کە دەگمەن کەسێك دەتوانێ لە هەمبەر جوانی یەکەیدا خۆ راگرێ.

ئەم کتێبە لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەهەم دا کاریگەری یەکی قووڵی لەسەر مرۆڤەکان جێ هێشتوە. زۆربەی خەڵك میتۆدی پەروەردەو راهێنانی رۆسۆیان بەکار هێناوە. تەنانەت ئەو حورمەتەی کە لە مامۆستای ئەو هونەرەیان گرتوە زۆرجاران زێدەڕۆیانە و ساویلکانە بووە. هەروەکی یەکێك لە بەروپشت ئەتلەسەکانی فەرەنسا بە ناوی لومارکی دێ ژیراردەن منداڵەکانی خۆی دەناردە سەر بادەوای پاپۆڕ کە لەوێ نان بخۆن و ورەیان بەرز بێ. ئێمیل نەسلی پیاوانی خولی یەکەمی شۆڕشی فەرەنسای پەروەردە کردووە. ئەوانەی لەسەر ئەو بنەمایانە پەروەردە کراون وێڕای هێندێ ئیشی هەڵە ، هێزێکی ئەخلاقیی مەزنیان لە خۆیان نواندووە و گەورەیی کتێبی ئێمیلیش لەوە دایە. هەرکەس بە پێی رێوشوێنەکانی ئەم کتێبە بجوڵێتەوە پەروەردەو راهێنانێکی وای دەبێ کە لە هێندێ بارەوە سەیر دێتە بەر چاو. بەڵام ناکرێ بڵێی خراپ پەروەردە دەکرێ چونکی وەها کەسێك دەبێتە خاوەنی هزرێکی چالاك و خولقێنەر و کەسایەتیەکی گەورەو ویژدانێکی ئەخلاقیی بەرز.

# پێشەکیی نووسەر

ئەم کۆبەندە، کە لە بیینین و بیر و بۆچوون گەلێکی پەرش و بڵاو پێك هاتوە، لە پێشدا لە بەر خاتری دایکێکی (1) دلۆڤان و هزرڤان و تێگەیشتوو نووسرابوو. سەرەتا دەمویست یادداشتێکی کورت بنوسم . بەڵام گرینگی بابەتەکە هێنامیە سەر ئەوەیکە بە پێچەوانەی ویستی دلّم ئەم سنووورە ببەزێنم کە بیرم لێکردبۆوە و یاداشتەکانم بوونە کتێبێك کە لەوانەیە لە باری ئەو بابەتانەی تێیدا گونجاندوومن ئەستوور بنوێنێ بەڵام لە باری گرینگیی بابەتەکانەوە هێشتا بچوك و ناتەواوە. ماوەیەکی زۆر دوودلّ و دڕدنگ بوم لە نوسینی و کاتێك کە خەریکی نووسینی بووم زانیم کە هەر کەسێکی چەند نامیلکەی گچکەی نوسی، ناتوانێ ناوی خۆی بنێ نوسەرو دانەر. پاش ئەوەیکە ماوەیەکی زۆر هەولّم دا شتێکی باشتر دانێم ( بنووسم) وام پێ باشتر بوو ئەو کتێبە سەرەڕای هەمو کەموکورتیەکانی، پێشکەش بکەم بە خوێنەران. چونکی بەپێویستم دەزانی سەرنجی گشتی خەڵك بۆ ئەم بابەتە راکێشم. ئێستا ئەگەر بتوانم بنەمای بیرو بۆچوونێکی دروست و بەجێ لە مێشکی هێندێ کەسدا داڕێژم کاتی خۆمم زۆر بە فیڕۆ نەداوە. ئەو کەسەی لە گۆشەی تەنیایی، بەبێ ئەوەی کە کەسانێك پەسن بێژی بن و بەبێ

پشتیوانگەلێکی بەهێز و بەبێ ئەوەی بتوانێ پێشبینی ئەوە بکا کە خەڵك چۆن بیردەکەنەوە و چی لەسەر دەڵێن، بێ و لاپەڕەی نوسراوە پرش و بڵاوەکانی خۆی لەنێو جەماوەر دا بڵاو بکاتەوە، نابێ چاوەڕوانیی هەبێ کە ئەگەر هەڵەی کرد کەسانی بە لۆمە و لەقەم بەبێ تێڕامان لە هەڵەکانی خۆش دەبن.

زۆر قسە لەسەر پەروەردەی دروست و بەجێ ناکەم ، هەروەها ناشمەوێ بەکات بە فیرۆدان ئەوە بسەلمێنم کە ئەو پەروەردەی ئێستا هەیە و باوە،خراپە. هەزاران کەس بەر لەمن ئەوەیان کردووە و حەز ناکەم کتێبەکەم پڕکەم لەو شتەی هەموان دەی زانن. بەس دەمەوێ باس لەوە بکەم کە هەر لە کۆنەوە تەواوی خەڵك دژی ئەو پەروەردە و فێرکاری یەی کاری پێکراوە ناڕەزامەندییان نواندووە بەڵام هیچکەس هەوڵی نەداوە شێوازێکی باشتر بێنێتە گۆڕێ ( پێشنیار بکا).

زانایان و ئەدیبانی سەردەمی ئێمە زیاتر حەزیان لە کاول کردن و تێکدانە، هەتا ئاوەدان کردنەوە. لە حاڵێکدا دەکرێ بە راوێژو گفت و لفتی مامۆستایانە رەخنەو ناڕەزایەتی دەربڕێ. بۆ پێشنیار کردن دەبێ راوێژێکی هێورتر بەکار بێنێ کەچی فەیلەسووفانی مەزن و خاوەن شکۆ بە کەسری شانی دەزانن. سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ئەو هەموە نامیلکە جۆراوجۆرەی کە نوسەرەکانیان ئیدیعا دەکەن جگە لە قازانجی گشتی ، بۆ هیچ مەبەستێك نەنوسراون، هیچ کەسێك سەبارەت بە پەروەردەی مرۆڤ کە قازانجی لە هەمو شتێك زیاترە، شتێکی نەنووسیوە. پاش جۆن لۆك هیچ کەسێك لێکۆڵینەوەیەکی لەم بوارەدا نەکردووە و ئەمنیش نیگەرانم کە نەکا پاش منیش هیچ کەسی تر شتێك لەم بارەیەوە نەنووسێ.

خەڵك زۆربەیان لە دەروونی منداڵان ناگەن و ئەوانەش کە گرێمانە چەوتەکانی خۆیان دەکەنە بنەمای لێکۆڵینەوە، هەرچی زیاتر موتاڵا دەکەن زیاتر تووشی هەڵە دەبن، ژیرترینی ئەم راهێنەرانە زیاتر سەرنج دەدەنە ئەو شتەی مرۆڤە پێگەیشتووەکان دەبێ بیزانن و هیچ

بایەخ وسەرنجێك نادەن بەوەیكە منداڵان دەتوانن چ شتێك فێربن. ئەوانە هەمیشە لە منداڵاندا بە شوێن تایبەتمەندی یەكانی بنیادەمە پێگەیشتووەكاندا دەگەڕێن و هیچ بیر لەوە ناكەنەوە كە منداڵ بەر لەوەی باڵق بێ چ دەروون و رۆحێكی هەیە، لە حاڵێكدا ئەمن زیاتر هەوڵم داوە كار لەسەر وەدیهاتنی ئەو بابەتە بكەم و ئەگەر ئەم میتۆدەی پێشنیاری دەكەم زەینی و دوور لە واقیع بێ هیوادارم لانیكەم ببینن (مشاهده) و موتاڵاكانم بە كەڵك بن. لەوانەیە ئەو رێگەیەم لێ هەتڵە بووبێ كە دەبوو پێیدا بڕۆم. بەڵام پێم وایە ئەو بابەتەی كە دەبێ كاری لەسەر بكرێ ( واتە منداڵ) باشم دەستنیشان كردووە . بەڕێزان، راهێنەران، هەوڵ بدەن بەر لە هەر شتێك قوتابی یەكانتان بە جوانی بناسن.چونكی لەوە دڵنیا بن كە باش شارەزای رۆح و دەروونیان نین. ئەگەر بەو مەبەستە كتێبەكەی من بخوێننەوە پێموایە قازانجی دەبێ بۆتان.

ئەوەی لەهەرشتێك زیاتر دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی خوێنەران، باوەڕەكانی نووسەرە. لە راستیدا ئەمن بۆ پەروەردەی منداڵان تەنیا ئەو رێگەیەم لە بەر چاو گرتووە كە سروشت دەیگرێتە بەر. پێموایە ئەو رەخنانەی لەمنی دەگرن پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەبێ . لەوانەیە تاڕادەیەكیش حەق بەوان بێ، چونكی بەلای ئەوانەوە كتێبەكەی من لە بیرو بۆچوونی راهێنەرێكی خولیایی دەچێ هەتا لەنامیلكەیەكی پەروەردە و راهێنان. بەڵام چ بكەم؟ ئەمن خۆم بە بیرو بۆچونی خەڵكەوە ماندوو ناكەم. بەڵكو تەنیا بیرو باوەڕەكانی خۆم شی دەكەمەوە.

ئەمن حەقیقەتەكان بە چاوی خەڵك نابینم. زۆر لەمێژە بە هۆی ئەم كەموكورتیەوە لۆمە دەكرێم. بەڵام ئایا لە دەست من دایە كە دوو چاوی دیكە وەدەست بێنم یا بیرو بۆچوونی دیكە بدۆزمەوە؟ بە هیچ شێوەیەك. ئەمن دەتوانم لە بیرو بۆچوونەكانمدا ، زێدە رۆیی نەكەم و خۆم لە هەمو جیهان بەژیر و ئاقڵتر نەزانم. ئەمن ناتوانم بۆچوونەكانم بگۆڕم بەڵام دەتوانم زۆر پێیان گەشبین نەبم. ئەوە ئەوە تەنیا كارێكە كە لە دەستم دێ و ئەوەشم كردووە. ئەگەر جاروبارە

لێبڕاوانە باوەڕی خۆم دەردەبڕم مەبەستم ئەوەنیە کە بەسەر خوێنەریاندا بسەپێنم. بەڵکو تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە بە راشکاوی ئەو شتەیان بۆ بدرکێنم کە بیری لێدەکەمەوە . هیچ پێویست ناکا ئەو شتەی کە راستی و دروستیەکەی دڵنیام بە دڕدۆنگیەوە دەری دەبڕم.

کاتێك کە بە ئازادی بۆچوونی خۆم دەردەبڕم بە هیچ شێوەیەك حەز ناکەم خەڵك ئەو شتە بە سروشتی بزانن و بەبێ مشتومڕ وەریگرن. هەر بۆیەش هەمیشە بەڵگەو فاکتەرەکانی خۆم دەخەمە روو بۆ ئەوەی خوێنەران هەڵیان سەنگێنن و بە جوانی لەسەر من داوەری بکەن. ئەگەر چی بە هیچ شێوەیەك ناخوازم کە لەسەر باوەڕەکانی خۆم پێداگر بم بەو حاڵەشەوە خۆم ناچار دەبینم کە ئەو باوەڕانە بخەمە بەردەم هەموان. چونکی ئەو بنەمایانەی کە لەسەریان لەگەڵ خەڵك ناکۆکیم هەیە بێ بایەخ نین و ناسین و روونکردنەوەی راستی و نادرووستیان پێویستە، لە راستیدا بەڕێوە بردنی ئەم پرەنسیپ و بنە مایانە لەوانەیە بەختیاری یا چارەڕەشی رەگەزی مرۆڤی بەدوواوە دەبێ. بەردەوام بە من دەڵێن (( ئەو کارەی کردەنیە، بیکە)) وەك ئەوە وایە کە پێم بڵێن "ئەو شتەی خەڵك دەیکەن پێشنیاری بکە.یا لانیکەم شتێکی واباش پێشنیار بکە کە دەگەڵ ئەو خراپانە کە هەن، رێککەوێ." ئەو کارە مەحاڵترە لەو شتەی دەمەوێ بیکەم چونکە لەم تێکهەڵشێلانەدا شتە باشەکە گەندەڵ دەبێ و خراپەکەش چاك نابێ. ئەمن وام پێ باشە کە بۆ هەر بابەتێك بەو جۆرەی کە باوە کار بکەی بۆ ئەوەی میتۆدێك دەکار بکرێ کە دوو لایەنە بێ. یا نیوەی باش بێ و نیوەی خراپ. هەڵبەت هەتا ئەو رادەیە لە سروشتی مرۆڤ دا ناتەبایی و پارادۆکس هەیە. مرۆڤ ناتوانێ هاوکات سەرنج و گرینگی بداتە دوو مەبەستی لێکدژ، ئەی باوکان؟ ئەی دایکان ئەو کارەی کە شیاوی کردنە هەر ئەوەیە کە دەیکەن. ئایا ئەمن بە ویستی ئێوە بجووڵێمەوە.

لەبەڕێوەبردنی هەر پرۆگرامێك و پلانێکدا دەبێ دووخاڵ رەچاو بکرێ: یەکەم دروستیی بێ ئەملاوئەولا ی بەرنامەکە دووهەم ئاسان بەڕێوەچوونەکەی.

بۆ ئەوەی کە مەرجی یەکەممان هەبێ واتە بەرنامەکەمان ماقوڵ وشیاوی بەڕێوەچوون بێ، ئەوەندە بەسە کە کەڵك و بەهرەی بەرنامەکە لە خۆیدابێ بۆ وێنە ئەو پەروەردەیەی پێشنیار دەکرێ بە گشتی بۆ مرۆڤ گونجاو و بە قازانج بێ و دەگەڵ دڵ و دەروونی ئەو تەبا بێ.مەرجی دووهەم بەو پێوەندی یە دەسنیشان کراوانەوە بەستراوەتەوە کە لە هێندێ شتی تایبەتدا هەن. ئەم پێوەندییانە لە بەر ئەوەی کە بە نیسبەت ئەسڵی بابەتەکە پاشکۆیی بوونیان زۆر پێویست نیە و بەردەوام دەگۆڕدرێن. بۆ وێنە لە سویسرا دەکرێ فلانە شێوازی پەروەردە بەڕێوە بچێ.بەڵام لە فەڕەنسامەحاڵە. یا دەکرێ فلانە شێوازی پەروەردە لە نێو بنەماڵەی چینەکانی پلەی دووهەم و سێهەمی کۆمەڵگەدا بەڕێوە ببرێ بەڵام لە بنەماڵەکانی ئاریستۆکرات دا ناگونجێ. هەروەها ئاسانی و دژواریی بەرنامەیەك بە هەزاران هەلومەرجەوە بەستراوەتەوە و دەسنیشان کردنی مەحاڵە مەگەر ئەوەیکە لە هەر وڵاتێکدا بە پێی هەلومەرجی تایبەت بەو وڵاتە ئەو بەرنامەیە بەڕێوە بەرین. بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەم هەلومەرجە تایبەتیانە گرینگی بنەڕتییان بۆ بابەتەکەی من نیە، لە کتێبەکەمدا ئاماژەم پێ کردوون. لەوانەیە کەسانی دیکە ئەم کارە بکەن واتە هەر کەسەی بۆ وڵاتی ئێمە یا ئەو ڕەوشە تایبەتەی پێی شك دێ، مێتۆدێکی جیاواز پێشنیار دەکا. بۆ من ئەوەندە بەسە، کە لە هەر شوێنێك کە مرۆڤ دێتە نێو پانتایی بوونەوە، بکرێ ئەوشتەی پێشنیاری دەکەم لە سەری بەڕێوە ببردرێ و ئەوەی کە بە پێی بۆچوونەکانی من پەروەردە دەکرێ ئەوپەڕی بەهرە و قازانجی بۆ خەڵکی دیکە هەبێ. ئەگەر ئەم ئەرکە بەجێ نەهێنم خەتاکار دەبم بەڵام ئەگەر بەجێی بێنم ئەو کەسانە خەتاکار دەبن کە چاوەڕوانیی زیاتریان لێم هەیە لە بەر ئەوەی کە ئەمن بەڵێنی لە ڕادەبەدەر نادەم.

# بەشی یەکەم

## سەرەتای منداڵی

### ئەو چاوەدێرییانەی منداڵ پێویستیی پێیانە

هـەر شـتێکی بەدەسـتی خولْقێنـەری مـەزنی جیهـان دێتـە دی، بـێ کەمایەسـی و دوور لـە نوقستانە،کەچی هەر دەگاتە دەسـتی عـەولادی بنیـادەم گەنـدەڵ دەبـێ. بنیـادەم، زەوی یـەك ناچار دەکا کە بەرهەمێك پێبگەیەنێ کە تایبەتی زەوی یەکی دیکەیە، و دارێك ناچار دەکا بەری دارێکی دیکە بگرێ . هەرێمەکان یا توخمەکان یا وەرزەکان تێك هەڵ دەشێلێ. گەماڵ یا ئەسـپ یا خولامەکەی خـۆی نوقسـتان دەکـا بـۆ ئـەوەی جـوان بنـوێنێ هەمووشـتێك تێکـدەدا. فـۆڕمی هەموشتێك دەگۆڕێ . وەك بلێی حەزی لە شتیی ترسێنەر و زەبەلاحە . پێی خۆش نی یـە هـیچ شتێك بەو شێوەیەی بە دەستی سروشـت خولْقـاوە ، بـە شـەقڵ نەشـکاوی بمێنێتـەوە تەنانـەت ئەگەر ئەو شتە مرۆڤیش بێ. ئەو وای بە پێویست دەزانی کە منداڵی مرۆڤ وەکو جانوە ئەسـپێك پەروەردە بکا کە بە کاری غارغارێن دێ و بەو جـۆرەی لـێ بکـا کـە خـۆی پێـی باشـە و وەکـوو درەختی نێو باخەکەی چۆنی حەزی لێ بێ، بەو فۆڕمەی دەربێنێ.

بەڵام ئەمڕۆ بەو رەوشەی ئێستا، ئەگەر خەڵك منداڵەکانیان پەروردە نەکەن ، حاڵ و باڵمـان خراپتر دەبێ لەوەیکە هەیـە. چـونکی جسـناتی مـرۆڤ ،یـان دەبـێ بـە پێـی یاسـاکانی سروشـت گەورەبێ یا بـە پێـی رێسـاکانی کۆمەڵگـە شارسـتانیەکان پـەروەردە بکـرێ. وای دانـێن کـە لـە رەوشی هەنووکەیی دا منداڵێك لەکاتی لە دایکبونەوە بە هیوای سروشت بەڕەڵادەکرا و هیچ کەس چاوەدێریی نەدەکرد ئەگەر بەزیندوویی مابایەوە لە هەموکەس نوقستانتر و چارەڕەشتر دەبـوو، چونکی باوەڕی کۆنە پەرستانە، ئاتاجی و ناچاری، لاسایی کردنەوە ، کاریگەریی ئەوانی دیکە و بـە کـورتی تـەواوی ئـەو رێـو شـوێن و دابونەریتانـەی ئێمـە تێیانـدا نـوقم بـووین ئیحساسـاتی سروشتیی ئەویان لە نێـو دەبـرد، وزە سروشـتی یـەکانیان لـە نێـو دەبـردوو هـیچ شـتێکیان لـە جێگەیان دانەدەنا. ئەو وەکو پنچکێك کە بە رێکەوت لە سەر چەقی رێگەیـەك روابـێ و بـە هـۆی بەرپـێ کەوتنی رێبواران بە هەمو لایەکدا نوقستان بێتەوە ئاخری تێدا دەچوو.

ئەی دایکی دلۆڤان(2) و دووربین، لە گەڵ تۆمە، لەگەڵ تۆیەك کە توانیت لە شەقامی گشتی دوور بکەویتەوە و بڕکەی ناکامڵی مرۆیی لە پێخۆستی باوەڕەکانی بنیادەمان بپارێزی. ئاگات لەم چڵە گیا نویٚ یە بێت بەر لەوەی تێدابچیٚ. ئاوی بدە بۆ ئەوەی رۆژێك چێژ لە بەرو بووی وەرگریٚ. خێرا پەرژینێك بە دەوری رۆحی منداڵەکەت دا بکێشە. کەسی تر لەوانەیە کەوشەنەکەی دیاری بکا بەڵام تەنیا تۆ دەتوانی شوورە و دیوارەکەی هەڵچنی.

بە داچاندن شێوە و فۆرمی گژ و گیاکان دەگۆڕن و بە پەروەردەش مرۆڤ. ئەگەر مرۆڤ گەورەو بە تاقەت لە دایك ببا، هەتا ئەو رۆژەی فێری شێوەی کەڵك وەرگرتن لە قەڵافەت و بەژن و باڵای خۆی نەبوایە نەی دەتوانی بەکاری بێنیٚ. زۆر وێدەچوو کە ئەم باڵا درشتە و ئەو هێزی شان و باهۆیە بە زیانیشی شکابایەوە. چونکی نەیدەهێشت ئەوانیتر بیر لەوە بکەنەوە کە یاریدەی بدەن(3) و چونکی بە هیوای خۆی بەڕەڵایان دەکرد بەر لەوەی پێداویستی یەکانی خۆی بناسیٚ، لە ئازار و چارەڕەشیدا بە هیلاك دەچوو. زۆرکەس لە دەست قۆناغی منداڵی سکاڵایانە کەچی نازانن کە ئەگەر مرۆڤ بە زارۆکی لە دایك نەببا، جسناتی مرۆڤ خێرا تێدادەچوو.

ئەو دەمەی لە دایك دەبین بیٚ هێزین و پێویستیمان بە وزە و هێزە، هیچمان نیەو پێویستیمان بە یارمەتیی ئەوانی دیکەیە. هیچ نازانین و پێویستیمان بە ناسین و داوەریکردنە. هەمووی ئەو شتانە کە دەمی لە دایك بوون نیمانە و لە گەورەیی دا پێویستیمان پێیان دەبیٚ لە رێگەی پەروەردەوە پێیان دەگەین . ئەو پەروەردەیە دەکریٚ یا لە سروشت یا لە مرۆڤەکان یا لە شتەکان وەریگرین. گەشەی هەناوەکیی وزەکان و ئەندامانی لەش پەروەردەیەکن کە سروشت فێرمان دەکا. پەروەردەی بنیادەمان فێری ئەوەماندەکا کە چۆن کەڵك لە گەشەی ئەو وزە و هێزانە وەرگرین. ئەو شتەی کە لە رێگەی تاقیکردنەوەی شتەکانی دەوروبەرمانەوەفێری دەبین، ئەو پەروەردەیەیەکە دیاردەکانی دەوروبەرمان فێرمانی دەکەن.

کەوابو هەر کام لە ئێمە، لـە لایـەن سـێ مامۆسـتاوە پـەروەردەدەکرێین. ئـەو قوتـابی یـەی کەئەم سێ وانەیە کاریگەریی خراپی لە سەر بە جێ بێڵێ باش پەروەردە نەکراوەو هیچ کات رێك کەوتن و هاوئاهەنگی یەك لـە نێـوان دەروون وهەڵسوکەوتیدا دروسـت نـابێ. تـەنیا کەسـێك بـە ئامانج دەگا و بـە گـوێرەی پێویسـت و شـیاو دژی کـە ئـەم سـێ بەشـە پـەروەردەی یـە بۆیـەك مەبەست کاریگەرییان لە سەری بووبێ واتە تەنیا ئەو باش پەروەردە کراوە.

بـەڵام لـەو سـێ بەشـە پـەروەردەی یـە، ئـەو پەروەردەیـەی سروشـت بـەرێوەی دەبـا، لـە کۆنترۆڵی ئێمە دانیە.ئەو پەروەردەیەش کە بەرهەمی دیاردەکانی دەورووبەرمانە تەنیا لە هێنـدێ لایەنەوە لە کۆنترۆڵی ئێمەدایە، تەنیا ئەو پەروەردەیەی کـە لەلایـەن مرۆڤەکانـەوە دەکـرێ، بـە تەواوی لە ژێر کاریگەریی و کۆنترۆڵی ئێمە دایە، ئەگەرچی ئێمە دڵنیـا نـین کـە لـەو بەشـەش دا دەستمان ئاواڵە بێ لەبەر ئەوەی کە کێ یە تەمای ئەوەی هەبێ بتوانێ هەڵسوکەوتی هەموو ئەو کەسانە کۆنترۆڵ و تاوتوێ بکا کە لە دەورووبەری منداڵ دەژیین.

ئێستاکە دەرکەوت بە راستی پەروەردە خۆی جۆرێکە لە هونەر دەبێ بگوترێ کە ئەم کـارە شـارەزایی وکارامـەیی زۆری پێویسـتە و ئەسـتەمە سـەرکەوتنی تـەواوی لێ بکەوێتـەوە. لـە بـەر ئەوەی کە تەواوی ئەو فاکتەرانەی کە بۆ سەرکەوتن پێویستن لە بەر دەستی هیچ کەسێك دانین. تـەنیا شـتێکی کـە لەدەسـتمان دێ ئەوەیـە کـە هـەوڵ بـدەین تـا ئـەو جـی یـەی دەتـوانین لـە مەبەستەکەمان نزیکتربیینەوە. دیارە شانس و بەختیشمان لە سەرکەوتنی ئێمە دا کاریگەرە.

ئەو مەبەستەی ئامارەمان پێکرد کامەیە؟ ئەوە هەرئەو مەبەستەیە کـە سروشـت لـە خۆیـدا هەیەتی. ئێستاکە بۆ کامڵبوونی ئەم سێ شێوە پەروەردەیە یارمەتیی هـەر سـێکیان پێویسـتە، دەبێ پەروەردەی یەکەم واتە پەروەردەی سروشت کە لە کۆنترۆڵی ئێمە دا نیە بکرێتـە بنـەما و دووانەکەی دیکەی پێ پشت ئەستوور بکرێن. هەڵبەت لەوانەیە وشـەی سروشـت مانایـەکی لێڵـی هەبێ. لێرەدا هەوڵ دەدەم ماناکەی روون کەمەوە.

زۆرکەس دەڵێن کە سروشت لە عادەت و خوو بەولاوە هیچیی دیکە نیە.(4) بەڵام ئێمە هێندێ عادەت دەناسین کە بە زۆرە ملی سەریان هەڵداوە و هیچ کات خسڵەتە جەوهەری و سروشتیەکانیان نەفەوتاندووە. بۆ وێنە ئەگەر نەهێڵین چڵە گیایەك راستەوڕاست گەورەبێ ، بە شێوەی ئاسۆیی هەڵدەدا و ئەگەر دوواتر لێشی گەڕێن ئەو هەڵدانە ئاسۆی یە دەپارێزێ کە بە زۆر بەسەریاندا بڕیوە، چونکی خووی پێوەگرتووە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو شیلە گیایەی بە دەمارەکانیدا دەگەڕێ، لە گەڕان نەکەوتوە. ئەگەر گیایەکە بۆماوەیەك درێژە بەهەڵدان و گەشەی خۆی بدا، هەر دەگەڕێتەوە سەر گەشە کردنی ئەستوونیی خۆی. حەز و گرۆی یەکانی مرۆییش ئاوان. تا ئەودەمەی مرۆڤ لە رەوشێکی دیار دا دەژی ، ئەو حەزو ئینتمایانەی کە بەرهەمی خووخدەن تەنانەت ئەگەر ناسروشتیش بن، دەپارێزێن بەڵام هەر دەگەڵ ئەوەیکە دۆخەکە بگۆڕدرێ، خووخدەش وەلادەنرێ و سروشت دێتەوە سەر رەوتی خۆی.

هەڵبەت پەروەردە لە جۆرە عادەتێك بەولاوە نیە. بەڵام دەبینین کە هێندێ کەس پەروەردەی خۆیان لەبیر دەچێتەوە بەڵام کەسانێکی دیکە دەیپارێزن. ئەم جیاوازی یە لە چی دایە؟ ئەگەر دەبێ ناوی سروشت بەو عادەت و خوویانەوە ببەستینەوە کە دەگەڵ سروشت یەك دەگرنەوە ، ئیتر هیچ پێویست بەم رەستە لێڵ و پڕ پێچ و پەنایە نیە.

ئێمە هەستیار لەدایك دەبین و لە رۆژی لەدایك بوونەوە بە شێوازی جۆراوجۆر دەکەوینە ژێر کاریگەریی ئەو دیاردە جۆراوجۆرانەی کە دەوروبەریان گرتووین. هەردەگەڵ ئەوەیکە ئەو ئیحساساتانەمان ناسین کە لە ئێمەدا سەرهەڵدەدەن ئامادە دەبین لەو دیاردانە نیزیك بینەوە یا لێیان دەوور کەوینەوە ئەو هەست و کەفوکوڵانەمان تێدا دەگۆورێنن. ئەم کارە لە سێ قۆناغ دا بەڕێوە دەچێ : یەکەم بە پێی ئەوەیکە ئەم دیاردانە بەدڵمانن یا بە لامانەوە قیزەونن. دووهەم، ئەوەیکە هیچ پەیوەندی یەك لە نێوانماندا بەدی دەکرێ یا نا. سێهەم ئەوەیکە واتای بەختەوەری کەماڵ( پێگەیشتوویی) کە ئاوەز فێری کردووین لەم دیاردەیەدا هەیە یا نیە.

وردەوردە کە هەستیار تر دەبین و زیاتر تێدەگەین ، ئەم حەز یا رقە لە ئێمەدا تۆکمە تر و بە تەوژم تر دەبێ بەڵام چونکی دەکەوێتە ژێر گوشاری خووخدەکانی ئێمەوە، دەگەڵ باوەڕەکانی ئێمە کەمو زۆر گۆڕانی بەسەردادێ بەئەو حەزوو گرۆییانە بەر لە گۆڕانیان دەڵێن سروشت.

باسمان لەوە کرد کە دەبێ هەموشتێك بکەینە پاشکۆو پەیرەوی ئەم حەزە سەرەتاییانە. ئەو کارە دەکرا بە مەرجێك سێ پەروەردەی گۆڕین تەنیا جیاوازییان پێکەوە هەبوایە. بەڵام خراپ ئەوەیە کە کە ئەم سێ شێوە پەروەردەیە ناتەبا و لێك دژن. هەرکاتێك لەبری ئەوەی مرۆڤ بۆخۆی پەروەردە بکەن، دەخوازن بۆ کەسانی دیکەی پەروەردە بکەن، کەوابوو رێککەوتنی نێوان ئەم سێ پەروەردەیەی باسیان کرا مەحاڵە. چونکی ناچارین یا دژی جەوهەرە و سروشت راوەستین یا دژی دابونەریت و رێوشوێن و رێسا کۆمەڵایەتی یەکان . دەبێ لە نێوان پەروەردەی مرۆڤێکی کامڵ و هاووڵاتی یەکی(5) کامڵ دا یەکێکیان هەڵبژێرین . چونکی ناکرێ هاوکات هەردووکیان بکەی.

هەر کۆمەڵگەیەکی گچکە کاتێك تەواو بەرتەسك و یەکگرتوو بێت لە کۆمەڵگەی گەورە دادەبڕێ. هەمو مرۆڤێکی نیشتیمان پەروەر بەنیسبەت بیانیەکان ( داگیرکەران)ەوە دەمارگرژە. چونکی بەلای ئەوەوە بیانی یەکان لە گیانلەبەرێك بەولاوە هیچ نین و هیچ بایەخێکیان (6) نیە. ئەم کەمایەسیە چارە هەڵنەگرە بەڵام زۆر گرینگ نیە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە مرۆڤ دەرهەق بەو کەسانەی کە لەگەڵیان دەژی ، هەڵسوکەوتی باش و دلۆڤانی بێ. تاکێکی سپارتی بۆ بیانیەکان بە تەماح و ئێرەیی بەر و زاڵم بوو، بەڵام لە شارەکەی دا رەوشتی بەرز و لێبوردەیی و دادپەروەری و ئاشتی فەرمانڕەواییان دەکرد. هیچ متمانەیەکتان بەو کەسانە نەبێ کە هەمو جیهان بە نیشتیمانی خۆیان دەزانن و لە کتێبەکانیاندا باس لە خزمەت بە خەڵکی وڵاتانی دوورەدەست دەکەن بەڵام دەرهەق بە دەوروبەری یەکانی خۆی هیچ هاوکاری یەکیان نەبێ . فلانە فەیلەسوف بۆ ئەوەی میلەتانی تورك و تاتاری خۆش دەوێن بۆ ئەوەی لە خۆشویستنی

کەس و کاری خۆی، خۆ ببوێرێ _مرۆڤی کێوی کە بە شێوەی تاك لە سروشت دەژی، هەرشتێك بێ، بۆخۆیەتی، ئەو وەکوو تاك ژمارەیەکە لە نێو ژمارەکانی دیکە دا. ئەم ژمارە رەهایە جیا لەخۆی هیچ پەیوەندی یەکی بە کەسانی وەك خۆیەوە نیە. مرۆڤی شارستانی کە لە کۆمەڵگەدا دەژی وەکوو ژماریەکە کە(صورت کسری) نیشان دەدات. واتە بە (مخرج) ەوە بەستراوەتەوە و بەهاکەش گرێدراوەتەوە بە پەیوەندیی ئەو دەگەڵ ژمارەی دروستی (مخرج). کە پەیکەرەی(7) کۆمەڵگەیە.

سیستەمی کۆمەڵایەتی راستەقینە ئەوەیە کە باشتر و زیاتر بتوانێ جەوهەرە و سروشتی مرۆڤ بگۆڕێ و بوونی رەها و ژیانی سەربەخۆیی لێ بسستێنێ و ژیانێکی سنووردار و بەرتەسکی پێبدات و کەسایەتی تاکە کەسیی ئەو لە یەکەیەکی هاوبەشدا بتوێنێتەوە. بەشێوەیەك کە هەر تاکێکی دەستنیشانکراو خۆی بە یەکەیەك نەزانێ بەڵکو خۆی بە پاژێکی یەکە لە قەڵەم بدا و بوونی ئەو تەنیا لە کۆدا واتە لە نێو کۆمەڵگەدا، هەستپێکراوو بەرچاو بێ. فڵانە پیاوی رۆمی ناوی خۆی نەدەنا کایۆس یا لێوسیۆس(9). بەڵکو خۆی بە پیاوێکی رۆمی دەزانی و تەواو. رێگیولۆس(10)کە لەلایەن شەڕکەرانی کارتاژەوە بەدیل گیرابوو خۆی بە یەکێك لە کارتاژی یەکان دەزانی چونکی خولام و ملکی ئەوان بوو. هەر بۆیەش کاتێك قایل بوو بێتە نێو ئەندامانی پارلمانی سینای رۆم کە ئاغاکانی کارتاژ فەرمانیان پێدەدا . تەنانەت ئەو کاتەی رۆمیەکان دەیانویست گیانی لە دەست مەرگ رزگار بکەن، پاش ئەوەی بە یارمەتیی هێز و وزەی رۆحی خۆی بەسەر دووژمندا زاڵ بوو، بەسەرکەوتوویی راستەقینەوە گەڕایەوە کارتاژ و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی دا ، پێم وایە ئەو خەڵکەی ئێستا ئێمە دەیناسین زۆر لەو جیاوازن.

کابرایەکی لاسێدێمۆنی (11) بەناوی پێداریت (12) هات لە ئەنجومەنی سێ سەت کەسیدا بەشداری بکات، وەریان نەگرت بەوپەڕی روگەشی یەوە گەڕاوە و رازی بوو بەوەیکە لە سپارتەدا

سێ سەت کەسی لەو لێوەشاوەتر هەن، بەڕای من شادمانی یەکەی ئەو راستەقینە بووە و هاوولاتیی راستەقینە دەبێ ئاوابێ.

ژنێکی سپارتی پێنج کوڕی لە سوپا دابوون و چاوەڕێ بوو لە مەیدانی شەڕەوە هەواڵێکی پێ بگا. ئەیلۆتێك(13) کەیشتێ، ژنە بە دڵە خورپەوە لە ئاکامی شەڕی پرسی، ئەیلۆت گوتی: هەر پێنج کوڕەکەی تۆ کوژراون بەڵام ئێمە سەر کەوتنووین. ژنە گوتی((هۆی خولامی چەپەڵ مەگەر من سەبارەت بە کوڕەکانم پرسیارم لە تۆ کرد؟ هەر ئەوەی کە سپارتە سەرکەوتووە بۆ من بەسە )).ئینجا ئەو شێرە ژنە خۆی گەیاندە پەرستنگەو شوکرانە بژێریی خوداکانی کرد چونکی نیشتیمانەکەیان سەرکەتووە ،ژنی هاوولاتی دەبێ ئاوها بێ.

ئەو کەسەی دەیەوێ بەرزتربوونی هەستە سروشتی یەکان لە کۆمەڵگەدا بپارێزێ ، نازانێ چی دەوێ. بەردەوام دەگەڵ خۆیدا کێشەو ململانی یەتی و هەمیشە لە نێوان ئەرك و حەزەکانیدا دوودڵ و دڕدۆنگە و هەرگیز نابێتە مرۆڤێکی راستەقینە و هاوولاتی یەکی واقیعی. نە قازانجی بۆخۆی دەبێ نە بۆ خەڵك. لە نێو خەڵکی ئەمڕۆیی دا هاوشێوەی ئەوانە زۆر بەدی دەکەین. بۆ وێنە فەڕەنسی یەك یا بریتانی یەك یا بورژۆوایەك یا هەرکەسێکی تر لە خۆوە نابێتە مرۆڤێکی مەزن.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە شوێنێك و بۆ ئەوەی هەمیشە بە جۆرێك بێ دەبێ قسە و کردەی وەك یەك بن دەبێ راشکاوانە و بە ئاشکرا بڕیار بدا و لەسەریان سوور بێ . حەز دەکەم هەڵکەوتەیەکی (نابغە) لەم جۆرەم پێشان بدەن بۆئەوەی بزانم مرۆڤێکی سەربەست و ئازادە یا هاوولاتی یە و پێبەندە و ئەگەر هەردووکیانیشە وەها سەرکەوتنێکی چلۆن وەدەست هێناوە.

لەم بابەت گەلە و ئەوانەی ناتەبابیان مسۆگەرە دوو شێوە سیستەمی لێکدژ بەدی دەکرێ: یەکێکیان گشتی و هاوبەش ،؟ ئەوی دیکە تایبەتی و بنەماڵەیی.

ئەگەر حەزتان لی یە ئاگاداری چەمکی پەروردەی گشتی بن، کتێبی کۆماری ئەفلاتوون وەخوێنن. ئەوانەی لەڕوی ناوی ئەم کتێبەوە داوەری لەسەر ناوەڕۆکەکەی دەکەن و پێیان وایە ئەم نامیلکەیە سەبارەت بە سیاسەت نوسراوە ، بە هەڵە چوون. چونکی ئەم بەرهەمە پڕ بایەخە یەکێکە لە باشترین نووسراوگەلێك کە هەتا ئێستا سەبارەت بە هونەری پەروەردە بڵاو کراوەتەوە.ئێوە هەرکات دەخوازن باس لە یۆتۆپیایەك بکەن ئاماژە بە سیستەمەکەی ئەفلاتوون دەکەن. ئەگەر لیکۆرگ(15) سیستەمەکەی خۆی بەس خستبایەتە سەر کاغەز (واتە بەڕێوەی نەبردبا) ئەمن ئەو سیستەمەی ئەوم زۆر لەکۆماری ئەفلاتوون بە فانتازیتر دەزانی. ئەفلاتوون دڵی مرۆڤی بێگەرد و رۆحی ئەوی پاکژ کردووەتەوە. لە حاڵێکدا لیکۆرگ دڵی ئەوی گۆڕیوە وگەندەڵی کردووە.

ئەمڕۆ سیستەمی گشتی و دامەزراوگەلی پەروەردەیی بەمانای راستەقینەی خۆی ، بوونیان نیە و ناشتوانێ هەبێ چونکی لە شوێنێك کە نیشتمان نەبێ، هاووڵاتیش نیە و دەبێ وشەی نیشتمان و هاووڵاتی لە قاموسی ئێمە دەرهاوێن. لە هۆکارەکەشی دەزانم بەڵام حەزم لێی نیە باسی بکەم چونکی پێوەندی بەو بابەتەوە نیە کە لێی دەدووێم.

هەڵبەت ئەمن ئەو ناوەندە پەروەردە گەپچاڕی یە کە پێی دەڵێن کۆلێژ(16) بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی نازانم. ئەوەش کە لە کۆڕو کۆبوونەوەی دەوڵەمەند و بەگزادەکانیشدا هەیە بە پەروەردەی نازانم .چونکی ئەم پەروەردەیە تەنیا کەسانی دووڕو بارد‌ێنێ کە بە رواڵەت وا وێدەچێ هەموشتێکیان بۆ خەڵك دەوێ ، لە حاڵێکدا دووا جار هەموشتێکیان بۆ خۆیان دەوێ . بەڵام چونکی ئەم جۆرە خۆڕانان و رواڵەت سازی یە لە نێو هەمووخەڵکدا باوە، کەس پێی ناخەڵەتێ و هیچیشی بۆ رواڵەت سازان تێدا نیە.

ئەم لێکدژیانە هۆی ناتەبای یەکن کە هەمیشە لە ناخماندا هەستی پێدەکەین ، لەبەر ئەوەیکە لە ژێر زەختی سروشت و کاریگەریی مرۆڤەکاندا رووبەڕووی دەکەینە رێگەی دژەوە، ناچارین

هزر و بیرمان دابەش بکەین لە نێو ئەم کێشان کێشانە لێك دژانـەدا و بـە ڕێگەیـەك دا بـڕۆین کـە ئاکامی ئەو دووڕێگەیەیە ، بەڵام لە هەردووکیانمان دوور دەخاتەوە. بەو شێوەیە هەتا زیندووین دڕودۆنگین و بێ ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێك هـەبێ لـە نێـوان بۆچـوون و کردارمانـدا و بـێ ئـەوەی قازانجمان بۆخۆمان یا بۆ کەسانی دیکە هەبێ درێژە بەو ژیانە دەدەین.

ئەو جار دەمێنێتەوە پەروەردەی تاکەکەسـی یـا پـەروەردەی سروشـت، بـەڵام مرۆڤێـك کـە تەنیا بۆخۆی پەروەردە کراوە چ قازانجێکی بۆ خەڵك دەبێ؟ لەوانەیە ئەگەر توانیبامان ئـەو دوو مەبەستە بکەینە یەك . توانیبامان ئەو ئـەو دژوازییانـەی کـە لـە مرۆڤـدا بـەدی دەکـرێن ، لـەناو بەرین و کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگەی بەختەوەریی ئەو لابەرین. بۆ ئەوە بزانین ئایا ئەو کـارە کردەنیە یان نا، دەبێ مرۆڤی پێگەیشتوو لە بەر چاو بگرین. دەبـێ دەبـێ لـە حـەزو ئـارەزوو و پێشکەوتنەکانی ئەو ورد بینەوە و هەڵسوکەوتو ئاکارەکانی ئەو تاوتوێ بکرێن بە کورتی دەبـێ مرۆڤی سروشتی بەتەواوەتی بناسین . پێموایە ئەوانـەی ئـەو کتێبـە دەخوێننـەوە تـا رادەیـەك لەوەدیهاتنی ئەو بابەتە سەردەکەون.

بۆ درووست کردنی مرۆڤێکـی ئـاوا پـڕ بایـەخ دەبـێ چ بکـەین؟ کـارێکی گـەلێك دژوار: نـابێ بهێڵین هیچ کارێك بکرێ.

کاتێك دەریاوان دەیەوێ بە پێچەوانەی ئاراستەی "بـا"پـاپۆڕ لێخـوڕێ، پاپۆڕەکـەی جارێـك بەملا دا و جارێك بەولادا لێدەخوڕێ. بەڵام کاتێك دەریا هەڵچـوە و تۆفانـە و دەیـەوێ لـە جێـی خۆی بمێنێتەوە دەبێ لەنگەر بگرێ. ئەی پاپۆڕەوانی لاو ، وریابە کەشتیەکەت لە قوڕ نەچـەقێ یا لە پێشدا وریابە ڕێگەی لێ هەتڵە نەبێ و چەواشە نەبێ.(17)

لە ژیانی کۆمەڵایەتیـدا کـە ژیـانی هەموکەسـێك دیـارە و دەستنیشـان کـراوە ، هەرکەسـەی دەبێ بۆ ئەو پلە و پێگەیە پەروەردە بکرێ کە شیاوێتی. ئەگەر کەسێك ئەو پلە و پێگەیـەی لـە

کیس بچێ کە بۆی پەروەردە کراوە ، ئیتر هیچ کارێکی لە دەست نایە. واتە پەروەردە کاتێك قازانجی بۆی هەیە کە شانس و بەخت دەگەڵ ئەو پلەو پێگەیە رێك کەوێ کە باوباپیرانی هەیانە ، ئەگینا زیان و خەسارگەلێکی وەهای لێدەکەوێتەوە کە کەمترینییان ئەو فکر و بیرە غەڵەتەیە کە دەخزێتە مێشکی یەوە. لە میسری کۆندا کە منداڵ ناچار بوو بکەوێتە شوێن ئیشی باوکی . لانیکەم پەروەردە مانایەکی هەبوو . بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا کە تەنیا پلەو پایە بایەخی هەیە ، بەردەوام پلەی ئیش و پیشەی کابرا گۆڕانی بەسەردادێ،ناکرێ دڵنیابی لەوەیکە ئەگەر منداڵێك بەوجۆرەی شیاوی پلەی باوکێتی پەروەردە بکرێ ، تووشی زیان و خەسار نابێ،.

لە ژیانی سروشتیدا بە هۆی ئەوەیکە هەموان یەکسان و وەك یەکن چارەنووسی هەموان تەنیا ئەوەیە کە ببنە مرۆڤ و هەرکەسێك بە مەبەستی بە مرۆڤبوون پەروەردە کرا، ئەو کارانە بە باشی رادەپەڕێنێ کە لە ئەستۆی بنیادەمەکانن. جیاوازی یەکی بۆ من نیە کە پیشەی لەشکری ، مەلایەتی یا دادووەری بۆ منداڵەکەم لە بەرچاو بگرن. سروشت دەڵێ : بەر لەو پیشەیەی باوکت بۆی لە بەر چاو گرتووی دەبێ پیشەی مرۆڤ بوون فێر بی. هەر بۆیە من گەرەکمە سەرەتا پیشەی ژیان فێرکەم. دەزانم کە پاش ئەو پەروەردەو راهێنانە ، نەدەبێتە دادووەر و نە سەرباز و نە قەشە، بەڵام بەر لە هەموشتێك دەبێتە مرۆڤ واتە بە گوێرەی پێویست وەك خەڵکی دی ئەرکە مرۆی یەکانی خۆی بەباشی رادەپەڕێنێ. ئەگەر چارەنوس پلەو پایەی ئەو بگۆڕێ ، هەرپلە و پێگە و ئەرکێك بگرێتە ئەستۆ، شیاوی دەبێ و وەك نوسەرە لاتینیەکە کەدەیگوت ((ئەی شانس و بەخت بەسەرت دا زاڵ بووم و وەدەستم هێنای هەموو ئەو رێگەیانەم لێ گرتی کە لەوانە بوو لێی چەواشە بیت و لە دەستم دەرچی)) لە هەر شتێ زیاتر دەبێ سەبارەت بە هەلومەرجی ژیانی مرۆڤەکان لێکۆڵینەوە بکرێ . بەڕای من ئەو کەسەی لە هەموان زیاتر لە بەر ژان و ئازارەکاندا خۆ راگرێ لە هەموان باشتر پەروەردە کراوە. کەوابوو پەروەردەی راستەقینە دەبێ زیاتر لایەنی پرۆڤەو پراکتیکی هەبێ هەتا ئەمرو دەستووری زارەکی. یەکەم راهێنەری ئێمە دایەنەکمانە. هەر بۆیەش لە رۆمی کۆن دا وشەی ئودووکاسیون مانایەکی جیاواز لەوەی

هەبووە کە ئەمڕۆ باوە ، و واتای بژیوی هەبووە(18). بەم شێوەیە ئەوەندەی وشەکانی، دایەن و لەلە و مامۆستا لێك جیاوازن، جیاوازی لە نێوان وشەی گەورە کردن، پەروەردە کـردن و وانـە گوتنەوەش دا هەیە و بۆ ئەوەی منداڵ بە جوانی ڕێنوێنی بکرێ دەبێ تاقە یەك ڕێ پێشاندەری هەبێ و تەواو.

بەو هۆیە ئێمە دەبێ باوەڕەکانی خۆمـان بگشـتێنین و لـە قوتـابی یەکەمانـدا تـەنیا مرۆڤـی رووت (ئەبستراکت) مان لە بەر چاو بێ . واتە ئەو مرۆڤەی کە تاڵی و سوێریی ژیانی چێشـتوە و چەرمەسەری دیتوە. ئەگەر خەڵك هەتا مردن لەو شـوێنە مابانـەوە کـە تێیـدا لـە دایـك بـوون ، ئەگەر ساڵ لە وەرزێك زیاتر نەبوایە ، ئەگەر تاکەکان نەیانتوانیبایە هەرگیز چارەنووسی خۆیـان بگۆڕن، ئەو پەروەردەیەی ئێستا باوە ، لە هێندێ لایەنەوە باش دەبوو ، ئـەو منداڵـەش کـە بـۆ دۆخ و پێگەیـەکی دەستنیشـانکراو پـەروەردە دەکـرا لەبـەر ئەوەیکـە هەمیشـە لـەو پێگەیـەدا دەمایەوە ، نەدەکەوتە بەردەم ئەو مەترسیانەی کە لەوانە بوو پێگـەو دۆخێکـی دیکـەی بۆبێتـە پێشێ. بەڵام بـە سـەرنجدان بـە گـۆڕانی خێـرای دۆخ و رەوشـی مـرۆڤ و دەروونـی بـێ ئـۆقرە و ئاڵۆزی خەڵکی ئەم سەردەمە (سەردەمێك کە دووای هەر نەوەیەك هەموشـتەکان لـە بنەڕەتـەوە دەگۆڕێ ) دەبێ دان بەوە دابنێین کە هیچ شێوازێك لەوە بێ مانـاتر و نامـاقووڵتر نیـە کـە ئێمـە منداڵ بەو گریمانەیە پەروەردە بکەین کە نـابێ هـەرگیز لـە دیوەکـەی بچێتە دەرێ و بـەردەوام دەبێ نۆکەرو قـەرەواش بـەدەوری دابـێن و ئەگـەر ئـەو بێچـارەیە تـا هـەنگاوێك هەڵبێنێتـەوە و پێپلیکانێك بێتە خوارتر، تێدادەچێ.

قوتابیی ئێمە لەو جۆرە پەروەردەیەدا فێر نەبووە خـۆ لەبـەر ژان و ئـازار و تـاڵی و سـوێری ڕاگرێ، بەڵکو فێری ئەوە بووە کە تەنیا خەم و ژان تاقی بکاتەوە.

هەرکەس لە فکری ئەوە دایە کە منداڵەکەی خۆی بپـارێزێ. بـەڵام ئـەوە بـەس نیـە . دەبـێ فێری ئەوە بکرێ کە ئەگەر گەورە بوو ئاگای لە خۆی بێ ، تاقەتی تاڵی و سوێریی ڕۆژگار بـێنێ

. له بەرامبەر بوون و نەبوون و هەژاری و دەستڕۆیشتویی دا خۆڕاگر بیٚ و ئەگەر پێویست بوو لەسەر تەختە سەهۆڵەکانی ئیسلاند و تاشەبەردە ئاگرینەکانی دوورگەی مالّت بژی . ئادەمیزاد هەرچەندە هەولّ بدا ئاخریەکەی دەمریٚ. وای دابنێن مەرگی ئەو ئاکامی کەمتەرخەمیی ئێوەش نەبیٚ دیسانیش گورچوو برِە. لەبری هەولّدان لە پێناو نەمردن دا ، دەبیٚ فێر بین هەولّ بدەین بۆ زیندوو مانەوە .

ژیان تەنیا هەناسە کێشان نیە ، ژیان واتە چالاکی واتە دەکارهێنانی ئەندامەکانی لەش و هەست و هێزە جەستەیی و رۆحیەکان بە شێوەیەك کە هەست بەوە بکەین کە بە راستی زیندووین. ئەوەی زیاتر ژیاوە ئەو کەسە نیە کە تەمەنێکی زیاتری رابواردووە . بەلّکو ئەوکەسەیە کە چێژی زیاتری لە ژیان وەرگرتوە. فلاّنەکەس لەتەمەنی سەد سالّیدا مردووە. بەلاّم هەر لە رۆژی لەدایك بوونیەوە مردوو بووە. ئەگەر لانیکەم قۆناغی گەنجێتی بە جوانی ژیابایە ئینجا بمردایە، بەدلّنیای یەوە باشتر بوو.

# هێندێك له باوەڕەكانی كۆنه پەرەستان

تەواوی عەقلٚ و زانیاریی ئێمه بریتی یه له چەند باوەڕێكی رەشۆكیانه كه كوێرانه وەدووایان كەوتووین. ئەو مرۆڤەی كه له كۆمەلٚ دا دەژی و به كۆیلەیی دەمریٚ كاتێك له دایك دەبیٚ دەیكەنه مەلۆتكەو دایدەپێچن و ئەودەمەی دەمریٚ له كفنی دەپێچن. هەتا ئەو دەمەی له سەر شێوەی مرۆڤە، دیلی سیستەمی ئێمەیە.

دەلٚێن هێندێك له مامانەكان سەری ساواكە رێك دەگوشن بۆ ئەوەیكه فۆرمێكی باشتر وەرگریٚ. گەورەی مندالٚیش بەوە قایل دەبن . دەردەكەویٚ كه خولٚقێنەری جیهان كەللەسەری ئێمەی باش نەخولٚقاندووە و پێویستە مامانەكان لەدەرەوەڕا و فەیلەسوفەكانیش له ناوەوە چاكی كەن. بەدلٚنیایەوە كارائیبی یەكان (20) له ئێمه بەختەوەرترن.

منداڵ هەر دەگەڵ ئەوەیکە لە سکی دایکی بەردەبێتەوە ، وێڕای ئەوەیکە تازە دەتـوانێ بـە ئازادی بجولێ، کۆت و بەندێکی دیکەی لە دەست و پێ دەکەن . واتـە مەلۆتکـەی دەکـەن و بـە جۆرێك دەینوێنن کە سەری بێ جولە بێ و لاقەکانیشی نەبزوون. باسکەکانیشی بـەملا و ئـەولای جەستەی دابن. ئەوندەی پەڕۆوپاڵ تێدالێنن کە نەتوانێ ببزوێ. خۆزگە بـەو منداڵـەی ئەونـدەی رێك نەگوشن کە نەتوانێ پشوو بدا. یا لە سـەر لاتەنیشـت دەیخـەوێنن بـۆ ئـەوەی لیکـاوی زاری بێتە دەرێ. ئەگەر وانەبوایە، نەی دەتوانی سەری خۆی بەلای راست و چەپدا بسووڕێنێ و ئـاوی زاری بە ئاسانی بێتەدەرێ(21). ساوا پێویستی بەوەیە کە ئەندامی جەستەی بجولێنێ چـونکی دەمێکە لە سکی دایکیـدا گرمۆڵـە بـووە و ئەندامـەکانی لەشـی وەك لـە خـەودا بـووبێن وابـووە. دیارە، دەست و لاقی رادەکێشن، بەڵام ناهێڵن بجولێ.

تەنانەت سەریشی بە کۆچکە وا دەبەستن ناهێڵن ببـزوێ هـەردەڵێی دەترسـێن لـە زینـدووان بچێ.

بـەمجۆرە بەشـەکانی نـاوەوەی لـەش کـە ئامـادەی گەشـەو هەڵـدانن لـە بەرامبـەر جووڵـەی خۆیاندا توشی لەمپەر دەبن. منداڵ بێ وچان هەولێ بێ سەمەر دەدا. بە دڵنیایەوە لە منداڵدانی دایکیـدا بـە هـۆی بەرتەسـك بـوونی جێگـە ، کـەمتر زیـانی دەبـینی و کـەمتر دەگوشـرا لـە چـاو مەلۆتکەیی. ئەمن نازانم لە دایك بوون چ قازانجێکی بۆ ئەو هەیە.

بێ جولەکردن و گوشینی ئەندامی منـداڵان هـیچ بەهرەیـەکی لـێ ناکەوێتـەوە جیـا لەوەیکـە ناهێڵێ خوێن بە جوانی بجمێ و بە جوانی گەشە بکاو هەڵ بدا و زیان بە لە سڵامەتی تۆکمەیشی دەگەیەنێ. لەو وڵاتانەدا کە ئەم بەناو ئاگالێبوونە شێتانەیە ناناسن، هەموان چوارشانەو بەهێز و باڵا بەرزن. لەو وڵاتانە دا کەمنداڵەکانیان چۆلەپێچ دەکەن ، کەسانی کووڕ و شەل و ئێسك نەرم (شلە پەتە) گەلێك زۆرن. لەترسی ئەوەی کە نەکا جەستە بە هۆی حەرەکـەت و جووڵـەی ئـازاد

خوار و خێچ بێ، پەلە و هەڵپەیانە لە ژێر مەنگەنەدا خراپی بکەن. لە ترسی ئەوەیکە نەکا رۆژێك لە رۆژان منداڵ گۆج بن، هەر لە ئێستاوە بە ئانقەست گێرو شەلیان دەکەن.

واهەیە ئەم گوشارە توندانە کاریگەرییان لەسەر مەزاج و دەرونیان نەبێ؟ یەکەم شتێك کە هەستی پێدەکەن ژان و ئازارە: لەبەرامبەر ئەو جوڵە و بزووتنانەی پێویستیان پی یەتی، جیا لە کۆسپ و لەمپەر هیچ نابینن، چارەڕەشترن لەو جەنایەتکارەی کە لە کۆت و زنجیر دایە.

لە خۆڕا هەوڵ دەدەن ، تورە دەبن، دەقیژێنن. دەڵێن یەکەم دەنگێك کە لێی دەبیسترێ گریانە. بۆچی وایە؟ لەبەر ئەوەیکە هەر لە هەمان یەکەم رۆژی لەدایکبوونیانەوە بە پێچەوانەی ویستی ئەوان دەجوڵێنەوە. یەکەم دیارییەك کە پێشکەشیان دەکەن کۆت و زنجیرە. یەکەم ئاکارێك کە لە ئێوە دەیبینن ئەشکەنجەو عەزابە. لە بەر ئەوەیکە تەنیا دەنگیان ئازادە، بۆیە بۆ سکاڵا کردن بە کاری دێنن. ئەگەر دەقیژێنن لە بەر ئەو ئازارەیە کە پێیان دەگا. ئەگەر ئێوەیان وەکوو ئەوان بەستباوە لەوە توندتر هاوارتان دەکرد.

ئەم نەریتە قۆڕە لە کوێوە هاتوە؟ لە عادەتێکی پێچەوانەی سروشتە. لەو رۆژەوە کە دایکان یەکەمین و پیرۆزترین ئەرکی خۆیان پێ شورەیی بووە و نەیانویستوە شیر بە منداڵەکانیان بدەن ، ناچار بوونە لە بەرامبەر کرێدا بە کەسانی دیکەیان بسپێرن. ئەوانیش کە دەیانبینی بوونەتە دایکی ساوایەك کە لە ناخی دڵەوە خۆشیان ناوێ ، سەری خۆیان زۆر پێوە نەدێشاند.

ئەگەر منداڵ ئازاد بوایە ناچار بوون ئاگایان لێی بێ. بەڵام کاتێك منداڵەکە پێچراوەتەوە و بەستراوە، لە قوژبنێك فڕێی دەدەن و زۆر گوێ نادەنە قیژە و هاوارەکانی. ئەگەر بۆ وێنە بەڵگەیەك لە کەمتەرخەمیی دایەن دەست نەکەوێ و ئەگەر دەستوپێی منداڵەکە نەشکێن ، ئەوندەی پشت گوێ دەخەن کە یان بمرێ یا هەتا مردن گۆد و ئیفلیج بێ. بەزیانی جەستەی

ئەندامەکانی بۆ دەپارێزن و بەم جۆرە ئەگەر پێشهاتێکی تاڵ بقەومێ دایەن دەتوانێ خۆی بپەڕێنێتەوە. ئەو دایکە مێهرەبانەی کە لە دەست بەدفەڕی منداڵەکەیان رزگار بوون و بە دڵێکی شاد لە کۆبونەوەکانی شاردا خەریکی رابواردنن هیچ دەزانن ئەو منداڵەیان چیان بە سەردێ کە ناردوویانەتە ئاوایی؟ هەرنووزەی لێوە بێ، بە مەلۆتکەیی وەکوو بوخچەیەکی پەڕۆپاڵ بە بزمارێکەوە هەڵی داوەسن، ئەگەر دایەنیش بە خەیاڵی ئاسوودە خەریکی ئیش و کاری خۆی بێ، ئەوە ساواکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە.

روخساری ئەومنداڵانەی لەو حاڵەتەدا بینراون رەنگی بنەوشی هەبووە، چونکی کاتێك جەستە رێك دەگوشرێ خوێن ناگاتە بەشەکانی خوارەوە، بەڵکو بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ ، منداڵی لێ قەوماویش کە هێزی هاوار و قیژاندنی تێدانەماوە، پێیان وایە هێور و ژیر بۆتەوە، نازانم منداڵێك هەتا چەند سەعات دەتوانێ ئاوا بمێنێتەوە و نەمرێ، بەڵام پێموانیە زۆر بخایەنێ . ئەوە بوو یەکێك لە ئاسانکاری یەکانی مەلۆتکە. دەڵێن ئەگەر منداڵ ئازاد بێ لەوانەیە بکەوێتە بارودۆخێکی خراپەوە، ئەوە یەکێکە لەو بیانوە قۆڕانەی ئێمە بە عەقڵی نقوستانی خۆمان دەی هێنینەوە . بەڵام لە هەڵەداین. چونکی هیچ تاقیکردنەوەیەك ئەم بۆچوونەی ئێمەی نەسەلماندووە. هیچ کام لەو منداڵانەی کە لە کۆمەڵگاکان لە ئێمە عاقڵتر و پێشکەوتووتردا دەژین و دەتوانن بە ئازادی ئەندامەکانیان بجوڵێنەوە ، برینداریا نەقوستان نەبوون، چونکی هێزی منداڵ ئەوندە نیە کە کاری مەترسیدار بکا. کاتێك تووشی دۆخ و رەوشتێکی بە ژان و نالەباردەبێ، ژان وە بیری دێنێتەوە کە دەبێ رەوشەکەی بگۆڕێ. هەتا ئێستا هەر بە مێشکیشماندا نەهاتووە بێچووە پشیلە و توتکە سەگەکان بکەینە مەلۆتکەو بیانپێچینەوە. ئایا ئەوان لەو کەمتەرخەمی یەی ئێمە زیانیان وێکەوتوە؟ دیارە منداڵان قورسترن بەڵام لە چاو جەستەی خۆیان سووك و لاوازن و بە ئاستەم دەتوانن بجوڵێنەوە، چۆن دەتوانن خۆیان نەقوستان بکەن. ئەگەر لەسەر پشت درێژیان بکەن قەت ناتوانن وەرسووڕێنەوە و وەکوو

کیسەڵ هەر لەو حاڵەتەدا دەمرن: ئـەو ژنانـەی هاموشـۆی کـۆڕ و کۆبوونـەوان دەکـەن زۆربـەی کاتەکان خۆدەبوێرن لە گەورەترین ئەرکی سەرشانیان واتە شیر دان بە منداڵەکەیان.

ئەرکی ژنان دیارە بەڵام گرینگیی پێنـادەن. قسـە لەوەیـە کـە ئایا منـداڵ واباشـترە شـیری دایکی خۆی بخوات یا شیری ژنێکی دیکە؟ بەڕای من چارەسـەری ئـەم ناکۆکیانـە کـە دادووەری یەکەیان لە ئەستۆی پزیشـکانە، بـە قـازانجی ژنانـە.(22) مـن لەسـەر ئـەو بـاوەڕەم کـە ئەگـەر خوێنی دایك پیس بێ واباشترە منداڵ شیری دایەنێکی تەندروست بخوات. بەڵام ئایا دەبێ بـەس لە رووی جەستەی یەوە ئاوڕ لـەو بابەتـە بدرێتـەوە؟ ئایا ئەونـدەی منـداڵ پێویسـتی بەمـەمکی دایکی هەیە ئەوندەش پێویستی بـە ئاگـالێبوون و چـاوەدێریی ئـەو نیـە؟ لەوانەیـە ژنـانی دیکـە وهێندێ جاران ئاژەڵەکانیش ئەو شیرە بدەن بە منداڵەکە کە دایکی لە دمی دەگێڕێتەوە، بـەڵام هیچ شتێك جێگەی بەزەیی دایك ناگرێتەوە.

ئەو کەسەی بەجێگەی منداڵەکەی خۆی شیر بە منداڵی خەڵك دەدا دایکێکی باش نیـە، ئـیتر چۆن دەتـوانێ دایـەنێکی بـاش بـێ؟ ئەسـتەم نیـە کـە بتـوانێ بـاش بـێ، زۆر دەخایـەنێ هـەتا خووخدە بتوانێ سروشتی ئەو بگۆڕێ. بەر لەوەی دایەن بتـوانێ خۆشەویسـتیەکی دایکانـەی بـۆ منداڵەکە هەبێ، منداڵی لێقەوماو بەردەوام دەکەوێتە مەترسیەوە.

ئەو جار ئەگەرئەم سەرکەوتنەش بەدەست بێ، زیانێکی وای بەدوواوە دەبـێ کـە بەتـەنیایی دەتـوانێ ببێتـە لەمپـەرێك لەبـەردەم دایکـانی مێهرەبـان ، بـۆ ئـەوەی منداڵـەکانیان بەشـیری کەسێکی دیکە بەخێو نەکەن. زیانەکەش لەوەدایە کە ئەو دایکەی دایەن دەگرێ، ماف دایکایەتی لەگەڵ کەسێکی دیکە دابەش دەکا. زۆرجـاریش ئـەو مافـەی بەتـەواوەتی لەدەسـت دەدا لەبـەر ئەوەیکە منداڵەکەی ئەو، ژنێکی دیکەی هێندەی ئەو یا لەویش خۆشتر دەوێ.

دەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆشەویستی یەی بە نیسبەت دایکی یەوە لـە دڵیـدا دەمـێنێ وەکـوو جۆرە چالاکی یەکی لێدێ. ئایا سروشـتی نیـە، ئـەو کەسـەی کـەوەك دایـك بـەخێوی کـردووم ، ئەمنیش خۆشەویستیی عەولادێکم بۆی هەبێ؟

رێگە چارەیەك کە بـۆ ئـەم کەمایەسـیە دۆزیویانەتـەوە ئەوەیکـە، وەکـو قـەرەواش لەگـەڵ دایەن هەڵسوکەوت بکەن بۆ ئەوەی لەبەرچـاوی منداڵەکـە سـووك بـێ. ئەوددەمـەی کـاری دایـەن تەواو دەبێ منداڵەکـەی لێدەسـتێننەوە یـا دەری دەکـەن و ئەونـدە ناحـەز وەریـدەگرن و رووی نادەنێ ئیتر حەزی لێ نابێ بێتەوە بۆ سەردانی منداڵەکەش.

ئەو جار پاش چـەند سـاڵان منـداڵ ئـیتر چـاوی بەدایەنەکـەی ناکـەوێ و نایناسـێتەوە. ئـەو دایکەی پێی وایە دەتوانێ جێگەی دایەن بگرێتەوە و بە دڵڕەقی قەرەبووی کەمترخـەمی یەکـەی بکاتەوە بـە هەڵـە دەچـێ. لـە بـری ئەوەیکـە ئـەو منداڵـە کـە لـە دایـەن وەرگیراوەتـەوە بکاتـە منداڵێکی مێهرەبان، فێری سـپڵەیی دەکـا، فێـری دەکـا کـە وەکـوو ئەوکەسـەی شـیری پێـداوە بەچاوی سووك لەوەکەش بڕوانێ کە گیانی پێ بەخشیوە.

ئەگەر تەما بڕاو نەبایەم لە دووپاتکردنەوەی بێ هودەیی حەقیقەتەکان ، زیـاتر لەسـەر ئـەم بابەتە پێداگر دەبووم چونکی بابەتەکە زۆر لەوە  گرینگترە کە بیری لێدەکەینەوە. ئەگەر پێتان وایە هەرکەسەی {دەبێ} ئەرکەکانی خۆی بەباشـی راپـەڕێنێ، لـە دایکانـەوە دەسـت پێبکـەن. ئەودەم سـەرتان سـووڕدەمێنێ لـەو گۆڕانکاریانـەی کـە دەکـرێن.تـەواوی گەنـدەڵی یـەکان لـەم کەمایەسیەی یەکەوە دەست پێدەکا: ئەخلاق سست و لەرزۆك دەبێ، هەستە سروشتی یەکان لە دڵەکاندا دادەمرکێن . کەشی نێو خێزان ئەو شادمانی و خۆشی یەی کە هەیەتی لەدەستی دەدا. دیتنی دەزگایەکی بنەماڵـەیی کـە خـەریکی پێکهاتنـە ، لەبـەردڵی پیـاوان(مێـرد) شـیرن نـابێ و کەسانی نامۆ ناچار ناکا ئەدەب و نەزاکەت رەچاو بکەن. دایکێك کە منداڵەکانی بەدەورێوە نـین کەمتر رێزی لێـدەگیردرێ ، بنەماڵـەکان نابنـە مـەکۆی خۆشەویسـتان. عـادەتی پێکـەوە ژیـان،

هەودای خزمایەتی و لێك نیزیكی پتەو ناكا. ئیتر دایك و باب و خوشك و برا بە گوێرەی پێویست بوونیان نابێ و ئەندامانی بنەماڵەكە بەحاڵ یەكتر دەناسنەوە چۆن دەتوانن یەكتریان خۆش بوێ؟ كاتێك كە، ماڵ زیاتر لە گۆڕستان دەچێ، ئەندامانی بنەماڵەكە مافی خۆیانە بۆ رابواردن بچنە شوێنی دیكە.

بەڵام ئەگەر دایكان شیر بەمنداڵی خۆیان بدەن، ئەخلاق و رێوشوێن ، بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی باش دەبێ. وڵات پڕ حەشیمەت تر دەبێ و هەر ئەو خاڵە هەموشتەكان پێكەوە گرێدەداتەوە: جوانی و پاكژ بوونی ژیانی بنەماڵەیی، دەبێتە هۆی نەمانی رەوشتی گەندەڵی و ئەخلاقی درزێو. چەرمەسەریی منداڵان كە لە رواڵەت دا وەرەزی هێنەر دیارە، شیرین دەنوێنێ، دایك و باب زیاتر هەست بەوە دەكەن پێویستیان بە یەكترەو زیاتر یەكتریان خۆش دەوەێ و دوواجار پێوەندیی هاوسەرێتییان پتەو تر دەبێ. كاتێك بنەماڵە پڕ جموجۆڵ و زیندووە ، ئیش و كارەكانی نێو ماڵ دەبنە باشترین سەرقاڵیی ژنان و شیرینترین رابواردنی پیاوان.

بەمشێوەیە تەنیا بە یارمەتی نەهێشتنی ئەم كەمایەسیە ، بە خێرایی چاكسازی یەكان جێ دەگرن و سروشت تەواوی ئەو شتانە وەدەست دێنێتەوە كە لە دەستی دابوون. هەر دەگەڵ ئەوەیكە ژنان بوونە دایك ، باوكان دەبنە باوك و مێرد.

ئەو ژنانەی مل بۆ هەموو ئەرك و بەرپرسیارێتیەكانی دایكایەتی رادەكێشن، بەختەوەریی راستەقینەیان پێ دەبڕێ.

لە هەر شوێنێك دایك نەبێ منداڵیش بوونی نیە.بەڕێوە بردنی ئەرك و بەرپرسیارێتی پێوەندیی دوولایەنەی لە نێوان دایك و منداڵ دا هەیە. ئەگەر یەكێكیان بەجوانی ئەركەكانی رانەپەڕێنێ،ئەوی دیكەش كەم تەرخەمی دەكا. منداڵ بەر لەوەی هەست بە پێویست بوونی خۆشەویستیی دایك بكا دەبێ ئەوی خۆش بوێ، ئەگەر لە رێگەی چاوەدێری دایك و لە ئاكامی

عادەت و خووخدەوە وارسکەی منداڵ بەهێزتر نەکەی ، هەست و خۆسەویستیی "عەولاد"ی هەر لە یەکەم ساڵەکانی منداڵیەوە لە دڵی دا دەمرێ. دڵی ئەو بەر لەوەی زیندوو بێتەوە دەمرێ . هەر وەکی دەزانن دایکێك کەمنداڵەکەی خۆی بەخێو نەکا"، پێچەوانەی یاسای سروشت دەجوڵێتەوە.

هەرکات پێچەوانەی ئەو بێتە پێش ، واتە دایك لە بری کەمتەرخەمی لە چاودێریی منداڵەکەیدا لە رادەبەدەر ئاگایی لێی بێ، دیسانیش بە پێچەوانەی سروشت جوڵاوەتەوە. راست وەك ئەوەیکە دایکێك وەکو بت منداڵەکەی خۆی بپەرەستێ. ئەویش بەو مەبەستەی نەهێڵێ منداڵەکە هەست بە داماویی خۆی بکا. بێ خەبەر لەوەیکە ئەم کارە منداڵەکەی لاوازتر دەکا.

دایکێك کە بە مەبەستی پاراستنی منداڵەکەی لەو رووداوانەی کە پێویستیی سروشتن ، ناهێڵێ هەست بە هیچ ژان و ئازارێك بکا، دایکێك کە کەمترخەمی دەکاو بە پشت گرتن لە هێندێ هەڵسوکەوتی بە چەرمەسەری، کۆڵێك ژان و ئازار بۆ جگەر گۆشەکەی دەهێڵێتەوە و بە بێ ئەوەی بزانێ کە بەم کارانەی چ ناهەقی یەکی لێدەکا ، کاتێك منداڵەکەی ئاوا بێ هێز پەروەردە دەکات(چونکی ئەم بێهێزی یە لە قۆناغی گەورە بووندا تووشی چارەڕەشی دەکا)، دایکێکی خەتاکار و خەتا بارە.

دەڵێن تێیتیس(23) بۆ ئەوەی جەستەی منداڵەکەی قورقوشمین بێ لە ئاوی ستێکێسی هەڵ دەکێشا. ئەم ئەفسانەیە چەندە جوان و بێ ناوەرۆکە. بەڵام ئەو دایکانەی باسمکردن جۆرێکی دیکە دەجوڵێنەوە. منداڵەکانیان ئەوندە لە تەوەزەلی و عەیش ونۆش و رابواردن دا نوقم دەکەن و{پێیان وایە} لەبەردەم ئازار و ژاندا تەیاریان دەکەن، جەستەیان دەخەنە بەردەم نەخۆشی جۆراوجۆرەوە کە دوواتر لەکاتی باڵق بووندا بەرۆکیان دەگرێتەوە.

پەیرەوەی لەسروشت بکەن و بەو ڕێگەیەدا بڕۆن کە نیشانتانی دەدا.سروشت هەمیشە منداڵان ناچار بە تەمرین و وەرزش دەکا و میزاجیان بە خۆڕاگری نەخۆشینی جۆراو جۆردا تەیار دەکا. هەر لە سەرەتاوە دەگەڵ ئێش و ژان ئاشنایان دەکا. هەر لەو تەمەنەوە کە ددانیان دێ و"تا" دەگرن هەموگیانیان دەگیرێ و کۆخە رەشە دێ بیانخنکێنێ و کرم ئازاریان دەدەن و تەوژمی خوێن زەجریان دەدا و هۆکارگەلی جۆراوجۆر، گەڕیانی خوێنیان تێکدەدا و دەبێتە هۆی ئەوەی گرانەتا بگرن.

نیزیك بە تەواوی قۆناغی منداڵی دەگەڵ نەخۆشی و مەترسی ئاوێتەیە. نیوەی منداڵانی ساوا بەر لە تەمەنی 8ساڵ دەمرن. ئەو منداڵەی کە لەو تاقیکاریانە دەرچێ بە هێز دەبێ و هەر دەگەڵ ئەوەیکە بتوانێ راستەوخۆ بێتە نێو ژیانەوە، لەسەر بنەمایەکی پتەوتر ژیان دادەمەزرێنێ . ئەوە بو شێوازو دەستووری سروشت . بۆ بە پێچەوانەی دەجوڵێنەوە؟ بۆ نازانن کاتێك دەتانەوێ رەوتی کاری سروشت بگۆڕن، لێی تێك دەدەن و دەبنە لەمپەر لەبەردەم کاریگەریی چاوەدێری یەکانی سروشت دا؟ ئێوە پێتان وایە ئەگەر لەدەرەوەڕا دەست لەمیکانیزمەکانی ناخی سروشت وەردەن ، مەترسی یەکە دوو هێندە دەبێ. کەچی مەترسی یەکە کەمتر دەبێتەوە. تاقیکردنەوەکان دەریان خستووە کە ئەو منداڵانەی لە ناز و نیعمەت دا گەورەدەبن زۆر زیاتریان لێ دەمرێ لە چاو ئەوانەی لە هەژاری و چەرمەسەری دا گەورە دەبن. لە کەڵك وەرگرتن لە وزە و هێزەکانی منداڵ ئەگەر زێدەرۆیی نەکەن ، مەترسی بە کار هێنانی ئەم هێزانە کەمترە لە زیانی بە کار هێنانیان. کەوا بوو منداڵەکانتان رابێنن بەو زەبرە جەستەییانەی کە لە وانەیە لە داهاتوودا وێیان دەکەوێ. جەستەیان رابێنن لەگەڵ برسێتی و ماندوو بوون و گەرما و سەرمای وەرزەکان و وڵاتان و خۆڕاگرتن لە بەرامبەر شتە سروشتی یەکاندا. ئێوەش بە نۆرەی خۆتان منداڵەکانتان لە ئاوی ستیکێس هەڵ کێشن.

بەر لەوەی جەستە شەقڵ بگرێ بۆ هەر لایەی حەزتان لێ بێ دەتوانن پەروەردەی بکەن. بەڵام کاتێك عادەتێك هاتە گۆڕێ، گۆڕینی مەترسیدارە.

منداڵ بە هاسانی ئەو گۆڕانانە وەردەگرێ کە بنیادەمی گەورە تاقەتیان ناهێنێ. لە بەر ئەوەی تانوپۆی گیانی ئەو هێشتا شلکە و بە هاسانی بەرەو هەرلایەك بینوشتێنیتەوەوە دەنوشتێتەوە، بەڵام کەسی بالغ تازە رەق بووە و ئەستەمە تازە بتوانن گۆڕانی تێدا پێك بێنن (دار، کەپیر بوو تازە دانایە). کەوا بوو دەکرێ منداڵ بە هێز بارببێنن. بەبێ ئەوەی سلامەتی یەکەی بکەوێتە مەترسیەوە. وای دانێن کە مەترسی یەکە لەم بەشە پەروەردەدا هەست پێدەکرێ، دیسانیش ناتوانی لێی درِدۆنگ بی. کاتێك ئەو مەترسیانە هەر لەسەر رێگەی ژیانن و دەبێ بێنە پێشێ، وا باشتر نیە لە قۆناغی ژیاندا بێنە پێش کە زیانی کەمتریان لێدەکەوێتەوە؟

منداڵ هەتا گەورەتر بێ خۆشەویست تر دەبێ، چونکی نرخی ئەو زەحمەتانەی پێوەی کێشراوە دەخرێتە سەر نرخی خۆی. ئەگەر مەرگیش بەرۆکی بگرێ خۆ تەنیا گیان لە دەست ناچێ بەڵکو هەست بە ئازاری مردنیش دەکا. کەوا بوو ئەو کاتەی هەوڵ بۆ پاراستنی سلامەتی و ژیانی منداڵ دەدەن، زیاتر داهاتویتان لە بەر چاو بێ و بەر لەوەی بگاتە تەمەنی گەنجێتی بۆ ململانەی دەگەڵ تاڵی و سوێریی ئەو سەردەمە تەیاری کەن. چونکی ئێستا کە نرخی گیانی ئەو رۆژ بەڕۆژ هەڵدەکشێ ، ئەوە شێتانە نیە کە لە زیانی بچوك بچوك بپارێزن؟ بەڵام بێخەبەر لەوەیکە ئەگەر گەورەتر بوو ژان و ئازارەکانی سەت هێندە دەبن، ئایا ئەو کارە بەرهەمی لێزانی یە؟

چارەنووسی مرۆڤ وایە کە بەردەوام تاڵی بچێژێ. ئاگا لە خۆبونەکەشی چەرمەسەریی هەیە. بەڵام دیسانیش بەوە بەختەوەرە کە لانیکەم لە سەرەتای منداڵی یەوە ئازاری جەستەیی دەبینێ کە تاقەت هێنانی هاسانترە و کەمتر رێدەکەوێ بەو هۆیەوە ژیان لەدەست بدا.(بمرێ).

هەتا ئێستاش نەبینراوە کە، یەکێك بەهۆی تەوژمی نەخۆشیی {نقرس}خۆی کوشتبێ. تەنیا نەخۆشیە دەروونیەکانن کە دەبنە هۆی بێ هیوایی. بەزەییمان بە منداڵان دا دێ لە حاڵێکدا کە دەبێ زیاتر بەزەییمان بەخۆماندا بێ . گەورەترین رەنج و ئازاری ئێمە لە خۆمانەوەیە.

منداڵ ئەودەمەی لەدایك دەبێ دەقیژێنێ. قۆناغی شیر خواردنەکەی بە گریان تێپەڕدەبێ.جار هەیە رایدەژێنن یا دەیلاوێننەوە بۆ ئەوەی ژیر بێتەوە. جار هەیە هەڕەشەی لێدەکەن یا تێی هەڵدەدەن کە بێدەنگ بێ. یان پێ ملی حەزی منداڵ دەبین یا ئەو شتەی خۆمان حەزمان لێ یەتی. یا سەر بۆ هەواو هەوەسەکانی ئەو شۆڕدەکەینەوە یا دەیکەینە پێ ملی ویست و داخوازیی خۆمان. نێونجێك لە گۆڕێدا نیە.دەبێ فەرمان بدا یان فەرمان بەرێ . کەوا بوو یەکەم شتێك کە لێی تێدەگا، مانای باڵادەستی و بندەستی یە (ئاغا و رەعیەتیە.) جاری وایە بەر لەوەی بزانێ چ تاوانێکی کردووە یان بەر لەوەی تاوانێکی کردبێ سزای دەدەین. بەمجۆرە هەر لە سەرەتای منداڵیەوە، ژەهری هەوەس پەرەستی ، خۆ پەرەستی ، بوغز و غەرەز، ناهەقی و گەلێ ویستی دیکەی لە دڵی بێ خەوشیدا دەچێنین. و دوواتریش هەموی ئەم دزێوییانە دەخەینە ئەستۆی سروشت. بە واتایەکی دیکە بەدفەڕیان دەکەین و دووایی سەڵامان لێ ڕادەبێ کە بۆ بەدفەڕن.

# ئەركی باوكان

بـەم شـێوەیە منـداڵی پێـنج، شـەش سـاڵان لـە نێـو ژنانـدا دەژیـن و دەبێتـە قوربـانیی رابواردنی ئەوان یا ئی خۆی، پاش ئەوەی كە بە خەیاڵی خۆیان هێنـدێ شـتیان فێـر كـرد، واتـە پاش ئەوەیكە میشكیان پڕ كرد لە وشـە گـەلێكی كـە هـیچ لێیـان تێناگـا ، پـاش ئەوەیكـە بـەو هەوەس و حەزانەی تێیدا دروسـتیان كـردوون، خسـڵەتە سروشـتی یـەكانیان لـە نـاو بـرد، ئـەم بوونەوەرە دەستكردە بە لەلە دەسپێرن . ئەویش گەرای ئـەو هەسـت و بیرۆكـە ناسروشـتیانەی كە لە ناخیدابیچمیان گرتووە، پەروەردە دەكا و بە سەلیقەی خۆی بێجگە لە خۆ ناسـین هـەموو شتێكی فێر دەكا. ئەو منداڵەش كە هەم زاڵمە و هەم ماف خوراو، هەم خولامە و هـەم ئاغـا، بـە مێشكێكی پڕ لە زانیاریی پـڕش و بڵـاوەوە بـەڵام بـەتاڵ لـە هەسـت و ئـاوەز ، بـە جەسـتەیەكی تـەوەزول و لاوازەوە، فـڕێ دەدرێتـە نێـو كۆمـەڵگا و لەوێـدا تـەنیا دەستەوەسـتانی و بـەرزە دەماخی و بێ كەڵكیی خۆی دەخاتە روو. هەموان بەداخن بۆ گەنـدەڵی و چارەڕەشـیی مـرۆڤ ، بێ ئاگا لەوەیكە ئەو مرۆڤەش دەستكردی ئێمەیـە و مرۆڤێـك كـە دەسـتكردی سروشـتە بێجگـە لەوە نابێ.

ئەگەر گەرەكتانە مرۆڤ فۆرمی سەرەكیی خۆی لە دەست نەدا، هەر لە یەكـەم سـاتی لـەدایك بوونەوە ئەو فۆڕمەی بپارێزن. هەر لەسەرەتای لەدایك بوونەوە چاوتان بەسەر منداڵەكەوە بـێ و

لێی خافڵ مەبن. هەتا ئەودەمەی پوختەدەبێ. بێجگە لەوە رێگەیەکی دیکە نیە بۆ سەرکەوتن. هەروەکی باشترین دایەن ، دایکە. باشترین لەلە و مامۆستاش ، باوکە. ئەم دووانە دەبێ لە دابەشینی کار و شێوەی بەرێوەبردنیدا رێککەون. منداڵ دەبێ راستەوخۆ لە مامۆستایەکەوە بدرێتە مامۆستای دووهەم. باوکی ژیر بەڵام بێ زانیاری لە باشترین و کارامەترین مامۆستاکان باشتر منداڵ پەروەردە دەکات. چونکی هۆگری و خۆشەویستی ئەو قەرەبووی نەبوونی زانستەکەی دەکاتەوە , لە حاڵێکدا زانست ناتوانێ جێگەی خۆشەویستی و هۆگری پڕکاتەوە.

کەوابوو کەی دەبێ ئیشە پێویستەکان لە گوێن، ئیشە گشتی یەکان و ئەرکە کۆمەڵایەتی یەکان جێبەجێ بکرێن؟ بەڵێ ، ئەرکە گشتی یەکان دیارە کەم بایەخترینەکەیان ئەرکی باوکە لە بەرامبەر منداڵدا.(24) پێتان سەیر نەبێ ئەگەر خێزانی پیاوێك قایل نەبوو شیر بدات بە بەرهەمی هاوسەرێتی یەکەی و ئامادەش نیە پەروەردەی بکا. هیچ تابلۆیەکی نەقاشی لە دیمەنی بنەماڵەیەك جوانتر نیە. ئەگەر هێندێك هێڵی بە هەڵە تێیدا بکێشرێ هەمووی خراپ دەبێ و تێك دەچێ.

ئەگەر بیانووی دایك بۆ شیر نەدان ، بێ تاقەتی بێ، ئەوا باوکیش کار و سەرقاڵیی لە رادەبەدەر دەکاتە بیانوو. لە ئەنجامدا منداڵ لە ماڵێ تەرا دەبن و بە قوتابخانە شەوڕۆژیەکان یابەکەنیسە وەردەبن. واتە ئەو خۆشەویستی یەی کە دەبێ بۆماڵی باوکیان هەیانبێ دەیبەنە شوێنێکی دیکە. ئەگەر بێتو بشگەڕێنەوە دەگەڵ خۆیان خووخدەی بێزاری لە گشت شتەکان دێننەوە. خوشك و برا بەزەحمەت یەکتر دەناسنەوە . هەرکاتێك پێکەوە لە کۆبونەوەی فەرمی دابن، زۆر رێز لەیەکتر دەگرن بەڵام لە جێی دیکەدا وەکوو نامۆ و غەریبە هەڵسوکەوت دەکەن.(25) کاتێك خۆشەویستی لە نێوان دایك و باوکدا نیە و ژیانی نێو بنەماڵە خۆش نیە، سروشتیەکە منداڵ ناچار دەبێ بە شوێن خۆشی و رابواردن دا دەست بۆ هەرزەیی بەرێ. کێ ئەوندە نا ئاگایە کە نەزانێ کۆتایی ئەم کارە دەگاتە کوێ؟

ئەو باوکەی منداڵێکی هێناوەتە دی و بەخێوی دەکا تەنیا یەك لە سێی ئەرکی  خۆی بەجێ گەیاندووە. چونکی ئەو دەبێ ژمارەی منداڵەکانی پتر بکا،  مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی پێشکێش بە کۆمەڵگا بکا و کەسانی نیشتیمانپەروەر بۆ وڵات پەروەردە بکا. ئەو کەسەی دەتوانێ ئەو سێ ئەرکە بە جێ بێنێ بەڵام وەدرەنگی دەخا، تاوانبارە. ئەگەر ئەرکەکەشی بە نیوە چڵی بەجێ بێنێ گوناحبارترە. بڕواتان هەبێ،ئەوکەسەی ناتوانێ ئەرکەکانی باوکایەتی بەجێ بێنێ بۆی نیە ببێتە باوك. نە هەژاری و نە کار کردن و نە بەڕێوە بردنی کاروباری مرۆیی هیچکام ناتوانن پاکانەی ئەوەی بۆ بکەن کە ناتوانێ منداڵەکەی پەروەردەو بەخێو بکا. ئەمن پێشبینی دەکەم کە هەرکەسێك تۆسقاڵێك سۆز و بەزەیی هەبێ و خۆی لە راپەڕاندنی ئەم ئەرکانە بدزێتەوە، تا دەمرێ فرمێسکی پەژیوانی دەبارێنێ و هیچکات سوکنایی نایە.

زۆر باشە ، ئەم باوکە دەوڵەمەندە، ئەو باوکەی بنەماڵەکەی ئەوندە سەرقاڵەو خۆی گوتەنی ناچارە پەروەردەی منداڵەکەی وەلابنێ، چ دەکا؟ دراو دەدا بە کەسێکی دیکە بۆ ئەوەی ئەرکی ئەو بەڕێوە بەرێ. ئاخ مرۆی ماڵ پەرەرست، ئایا پێت وایە دەتوانی بە دراو باوکێك بۆ منداڵەکەت پەیدا بکەی؟ بە هەڵە چووی ئەوەی کە تۆ بۆت پەیدا کردووە تەنانەت مامۆستاش نیە بەس خزمەت کارێکت راگرتوە. ئەم نۆکەرە زۆر زوو نۆکەرێکی وەك خۆی پەروەردە دەکا.

# هەڵبژاردنی راهێنەر و قوتابی:

ئەگەر باوك نەتوانێ خۆی منداڵەكەی پەروەردە بكا مامۆستایەكی بۆ هەڵدەبژێرێ.ئەم مامۆستایە كە دەبێ ئەركێكی ئێجگار قورس و مەزن بە دڵ و نیازێكی پاك و بێ خەوش بەڕێوە بەرێ، پێویستی بە تایبەتمەندیگەلێكی دەگمەن و دانسقەیە كە رۆسۆ لێی بێ بەری یە.

كەوابوو بڕیارم داوە قوتابی یەكی(خەیاڵی)م بۆ خۆم هەبێ و وای دابنێم كە خاوەنی سڵامەتی مزاج و زانیاری تەواوە و ئەم هونەرانەم كە بۆ ئەم كارە پێویستن و دەتوانم قوتابی یەكەی خۆم هەر لە سەرەتای لە دایك بوونیەوە هەتا ئەودەمەی دەبێتە پیاوێكی پوختە و پێگەیشتوو و ئیتر پێویستی بە رێنوێنیی هیچ كەس نیە، رێنوێنی بكەم. پێموایە ئەم میتۆدە زۆر بەكەڵكە چونكی ناهێڵێ ئەم نووسەرەی كە متمانەی بە خۆی نیە و لە دەشتی كاكی بەكاكیی وەهم و گوماندا سەری لێ بشێوێ. كاتێكیش دوور دەكەوێتەوە لەو شێوە كردەوەیەی كە باوە، دەبێ ئەم شێوازە كارە بە تاقی بكاتەوە كە بە دڵی خۆیەتی. ئەو كات یا خۆی زوو تێدەگا یا ئەوەیكە خوێنەر لێی حاڵی دەبێ كە ئایا ئەو رێگەیەی دەی برێ، دەگەڵ پێشكەوتنی منداڵان تەبایە و رەوتی سروشتیی دڵ و دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە یان نا؟

هەوڵم داوە تەواوی گرفتەكان بەمشێوەیە چارەسەر بكەم. بۆ ئەوەی كتێبەكە زۆر قورس نەبێ، بەوەندە قایل بوومە كە ئەو بنەمایانەی هەموان لێی تێدەگەن و هەروەها تەواوی ئەو دەستوور و بڕیارانەی پێویستیان بەم بەڵگەیە هەیە، بێنمە گۆڕێ، سەبارەت بە ئێمیل یا كەسانی دیكەش هەر ئەوەم كردووە و بە شەرحی تێروتەسەل نیشانم داوە كە چۆن دەكرێ ئەم

بڕیارانـه بـەڕێوه بـبردرێن. بـه هـەر حـاڵ ئەوەیـه ئـەو بەرنامەیـەی دەمهـەوێ بـەڕێوەی بـەرم. خوێنەران دەبێ داوەری بکەن لە سەر ئەوەیکە ، سەرکەوتوون یان نا.

هەر بۆیەش لە سـەرەتای کتێبەکـە نـاوی ئێمـیلم بەکـەمی هێنـاوه. لـە راسـتیدا ئـەو رێسـا سەرەتایانەی بۆ پەروەردە هێناومنەتە گۆڕێ، ئەگەرچی لەوانەیە لەگەڵ داب و نەریتـە باوەکـان ناتەبا بن، بەڵام ئەوندە روون و بە بەڵگە نەویستن کە ئەستەمە مرۆڤێکی ژیر وەریان نەگرێ. بە کورتی، هەر هەنگاوێکی کە دەچمە پێشـتر، قوتـابی یەکـەی مـن کـە بـە شـێوازێکی جیـاواز لـە قوتابی یەکانی ئێوە پەروەردە کراوە ، ئیتر منداڵێکی ئاسایی نابێ.

کەوابوو پەروەردەکەی ئەو دەبێ تایبەت بە خۆی بێ، ئەگـەر وابـێ زیـاتر دەردەکـەوێ. لـە کۆتایی کتێبەکەدا تەنانەت بۆساتێکیش چاوم لێی غافڵ نابێ. هەتا ئەودەمـەی (بـە پێچـەوانەی ئەوشتەی دەیڵێ) ئیتر چوکترین پێویستی بە من نەبێ.

ئەمن لێرەدا باس لەو تایبەتمەندیانە ناکەم کە بۆ راهێنەرێکی کارامـە پێویسـتن چـونکی وام دانـاوە کـە خـۆم هـەموی ئـەم تایبەتمەندیانـەم هەیـە. لـە خوێندنـەوەیی ئـەم کتێبـەدا بۆتـان دەردەکەوێ کە ئەو تایبەتمەنیانەی بۆخۆم داناون ، هەمن یا نا.

بەپێچـەوانەی رای خـەڵکی تـەنیا ئـەوە دەڵێمـەوە کـە ، راهێنـەری منـداڵ دەبـێ گـەنج بـێ هەڵبەت بەمەرجێك کە ژیر و تێگەیشتوو بێ. هەتا گەنجتر بێ باشترە. تەنانـەت پـێم باشـتر بـوو کە خۆیشی کـەم تەمـەن بـێ بـۆ ئـەوەی بتـوانێ بـە بەشـداریکردن لـە منداڵانـدا، متمانـەی ئـەو وەدەست بێنێ. چونکی ئەوەندە خاڵی هاوبـەش لـە نێـوان منـداڵان و بـە سـاڵا چـواندا نیـە کـە بتوانێ خۆشەویستی و ئۆگری درێژ خایەن دروست بکا.

منداڵ جار هەیە تاریفی بە ساڵداچوان دەکەن یا ماستاویان بۆ دەگرنەوە بەڵام هەرگیز خۆشیان ناوێن. هێندێ کەس حەزیان لێ یە کە راهێنەری منداڵەکەیان پێشتر منداڵێکی دیکەی پەروەردە کردبێ . ئەوە هەڵەیە چونکی هیچکەس زیاتر لە جارێك ناتوانێ ببێتە راهێنەر. ئەگەر پێمان وایە پاش پەروەردە کردنی یەکەمین قوتابی، کارامەتر بووە ، گریمانەیەکی هەڵەیە و دان پیانانێك بەوەیکە ئەو راهێنەرە لە پێشدا راهێنەرێکی باش نەبووە و بۆی نەبووە پەروەردەی منداڵێك بگرێتە ئەستۆی خۆی. راهێنەری کارامە زاڵترە بە سەر رەمز و رازەکانی پەروەردە دا. بەڵام ناتوانێ باشتر پەروەردە بکا . چونکی ئەو کەسەی تاقە جارێك ئەو کارەی بە جوانی بەرێوە بردووە و دەگەڵ دەردەسەری یەکانی ئاشنا بووە ، ئیتر خۆی لێناداتەوە ، یا ئەگەر جاری یەکەم نەیتوانیوە رایپەرێنێ ، پێویست نیە بۆ جاری دووهەم بچینەوە لای .

هەڵبەت جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەوەدا کە بۆماوەی چوار ساڵان منداڵێك لە بەر پەروەردە بنێن دەگەڵ ئەوەیکە بیست و پێنچ ساڵ رێنوێنی بکەن. ئێوە کاتێك راهێنەر بۆ منداڵەکەتان دەگرن کە ئاناتۆمی جەستەی کامڵ بووە و رۆحی بیچمی گرتووە. بەڵام ئەمن دەمەوێ راهێنەرەکەی لە کاتی لە دایك بوونیدا دەستنیشان کرابێ . ئەو راهێنەرەی ئێوە لە بەر چاوتانە دەتوانێ بە چەند ساڵ جارێ قوتابی یەکی تازە وەربگرێ. بەڵام راهێنەرەکەی من هیچ کات لە قوتابی یەك بەولاوە نابێ.ئێوە ماموستاو راهێنەر لێك جوێ دەکەنەوە و ئەوەش جۆرێکی دیکەیە لە شێتی. مەگەر جیاوزی یەك هەیە لە نێوان قوتابی و راهێنەر( پەروەردە کراو) دا؟ دەبێ تەنیا زانستێك فێری منداڵتان بکەن، ئەویش ، ناسینی ئەرکە مرۆیەکانە. ئەو زانستە لە یەکدانە پتر نەبووە و نیە و بە پێچەوانەی گەزنەفۆن27 ، سەبارەت بە پەروەردەی ئێرانی یەکان گوتوویەتی : دابەش ناکرێ و لێك جوێ ناکرێتەوە . وێڕای ئەوەی من وام پێ باشە کە ناوی ماموستای ئەو هونەرە بنێم راهێنەر هەتا ماموستا، چونکی ئەو زیاتر دەبێ رێنوێنی بکا هەتا ئەوەی فێرکاری بێ و نابێ منداڵ فێری بڕیاران بکات، بەڵکو دەبێ کارێك بکا منداڵ خۆی بیاندۆزێتەوە.

ئێستا کە پێویستە ئەوندە سەرنج بدرێتە هەڵبژاردنی راهێنەر، دەبێ ئیزنی پێ بدرێ قوتابی خۆی هەڵبژێرێ. بە تایبەتی ئەگەر بڕیار بێ ئەو قوتابی یە نموونە بێ. بۆ ئەم هەڵبژاردنە نابێ زەوق و کەسایەتیی ئەخلاقی لە بەرچاو بگیردرێ. چونکی تەنیا لە کۆتایی پەروەردەدا دەکرێ ئەم دوو تایبەتمەندی یە بناسرێن. لە حاڵێکدا ئەمن قوتابی یەکەمم بەر لەوەی لەدایك بێ هەڵبژاردووە. خۆ ئەگەر لە باری ئاستی تێگەیشتن و تواناییشەوە لە هەڵبژاردنی قوتابی یەکەمدا دەستم ئاوەڵایە، کەسێکی وام هەڵدەبژارد کە خاوەنی هۆش و تێگەیشتنێکی ئاسایی بێ. لە راستیدا، کەسانی ئاسایی دەبێ پەروەردە بکرێن. چونکی پەروەردەی ئەوان بۆ کەسانی لە گۆین خۆیان دەبێتە سەرمەشق. لە بەر ئەوەی کە بژاردەکان (نوابغ) بە بێ سەرپەرشتیاریش بە جوانی پەروەردە دەکرێن.

هەلومەرجی جوغرافیاییش کاریگەریی لە سەر پەروەردەی پیاوان هەیە. تەنیا ئەو پیاوانەی لە شوێنە خۆش ئاووهەواکان دەژین دەتوانن پوختە بن. گرفتەکانی گەرمێن و کوێستان بۆ هەموان رون و ناسراون . لە راستیدا مرۆڤ درخت نیە کە بۆ هەمیشە لە شوێنێك بچەقێندرێ. ئەو دەبێ جێگۆڕکێ بکا، سەفەر بکا، زەوی و ئاسمان بگەڕێ، بەڵام کەسێك کە دەخوازێ گەرمێن و کوێستان بکا، دەبێ دوو ئەوندە رێگە ببڕێ کە نەفەرێکی خەڵکی شوێنی خۆش ئاوو هەوا دەیبڕێ بۆ ئەوەی بچێتە یەکێك لەوانە.

وایدانێین نەفەرێکی ناوچەی خۆش ئاو هەوا ( معتدل) هەم بچێتە ناوچەی باکوری و هەمیش سەردانی ناوچەی باشووری بکا، سەفەرەکەی ئەو گەلێك خۆشترە. چونکی وێڕای ئەو گۆڕانانەی کە لە هزری ئەو دا پێك دێن - وەکو ئەوانەی لە باکوورەوە دەچنە باشوور یا بە پێچەوانە - رەوشی ژیانی ماددی ئەو کەمتر گۆڕانی بەسەر دادێ. بۆ وێنە لەوانەیە فەرنسی یەك لە گینەی نوێ new guine’e 28 یان لە پۆنیlaponie 29 بژی.بەڵام قولە رەشێکی ئەفریقی ناتوانێ لە دەوروبەری تۆرنیا(30 tornea بژی. هەر وەك سامۆیاد samoyede ێك ناتوانێ

له شاری بێنین benin بژی. سەرەڕای ئەوە دەڵێن هێزی تێگەیشتنی خەڵکی دوو ناوچەی باکووری و باشووری تەواو گەشەی نەکردووە و قوله رەشە ئەفریقی یەکان و خەڵکی لاپۆنی بە قەدرایی ئەورووپی یەکان تێناگەن. بەو پی یە ئەگەر بمەوێ قوتابی یەکەم کوڕی سەر ئەم زەوی یە بێ ، لە ناوچە خۆش ئاوو هەواکەی هەڵ دەبژێرم بۆ وێنە وڵاتی فەرەنسا هەڵدەبژێرم.

خەڵی باکوور بە هۆی باش بەبوونی خاکی زەوی یەکانیان بۆ کشت و کاڵ، مەسرەفیان زۆرە، خەڵکی باشوور لە زەوی پڕ پیت و بەرەکەت دا دەژیین کەم مەسرەفن. لێرەوە جیاوازی یەکی دیکەش دروست دەبێ کە گروپی یەکەم زەحمەت کێش و گرووپی دووهەم تەوەزول و گۆشەنشین و ئەهلی بیر کردنەوە بار دێنێ. تەنانەت لە وڵاتی دیاریش دا ئەم جیاوازی یە لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەنداندا بەدی دەکرێ .

له راستیدا هەژاران لە سەر زەویی بەیار و کەم داهات دەژیین و دەوڵەمەندان لە سەر زەویی باش و بە پیت و بەرەکەت.

پیاوی هەژار پێویستیی بە پەروەردە نیە. چونکی کوێرەوەریی رۆژگار لە کڵ دەی هێنێتەدەرێ وێڕای ئەوەش ، رەوشی ئەو کەمتر گۆڕانی بەسەرداد‌ێ. بەڵام ئەو پەروەردە هەنوکەی یەی بۆ دەوڵەمەندان لە بەر چاو گیراوە، نە بەکاری ئەو دێ و نە بەکاری کۆمەڵگە هەر دەبێ بگۆڕدرێ. لەلایەکی دیکەوە پەروەردەی سروشتی دەبێ تاکەکان ئامادەی بەرەوڕوو بوونەوە دەگەڵ هەر چەشنە گۆڕانێکی دۆخ و پێگەی بکا. بەڵام عەقڵ دەخوازێ کە باشتر وایە دەوڵەمەندێك بۆ ئەو رۆژە پەروەردە بکرێ کە لەوانەیە هەژار بکەوێتەوە، هەتا ئەوەیکە هەژارێك بۆ ئەو رۆژە پەروەردە بکرێ کە لەوانەیە رۆژێك دەوڵەمەند بێ.چونکی ئەگەر ژمارەی کەسەکانی هەردوو گرووپەکە لە بەر چاو بگرین، دەبینین کە رێژەی ئەو دەوڵەمەندانەی کە هەژار دەکەونەوە پترە لەو هەژارانەی دوواتر دەوڵەمەند دەبن. کەوابوو، باشتر وایە قوتابی دەوڵەمەند هەڵ بژێرین بۆ ئەوەی لانیکەم دڵنیا بین مرۆڤێکمان بە مرۆڤەکانەوە زیاد

کردووه.چونکی هەزاران بە هەولّ و تێکۆشـانی خۆیـان دەتـوانن ببنـە کەسـێکی لێوەشـاوە.32
هەر بۆیەش پێم خراپ نی یـە ئێمیـل کەسـوکارێکی رەسـەنی هـەبیّ بـۆ ئـەوەی لانیکـەم بتـوانم یەکێك لەو کەسانەی کە بوونەتە قوربـانیی بـاوەڕە چـەوتەکانی کۆمەڵگـەی هەنووکـەیی، رزگـار بکەم.

ئێمیل هەتیوە، بەڵام نەبوونی دایك و باب بۆ ئەو مەبەستەی ئێمە زۆر گـرینگ نیـە. چـونکی ئەمن ئەرکی گەورەکانم وەئەستۆ گرتووە. هەمو مافەکانی (حقوق ـ مووچە) ئەوان بە من دەگا. ئێمیل دەبیّ ریّز لە دایك و بابی بگریّ بەڵام تەنیا گوێڕایەڵی من بیّ. ئەمە یەکەم مـەرج و تاقانـە مەرجی منە. هەڵبەت مەرجێکی دیکەشی لـیّ زیـاد دەکـەم کـە درێـژەی مـەرجی یەکەمـە : هـیچ کەس بـۆی نیـە بـەبیّ رەزامەنـدیی هـەردوو لا، مامۆسـتا و قوتـابی لێـك دابـڕیّ . ئـەوە مـەرجی سەرەکیی منە. تەنانەت حەزم لیّ بـوو قوتـابی و مامۆسـتا ئەوەنـدە هەسـت بـە لێـك گرێـدراوی بکەن کە پێیان وابیّ هەتا هەن چارەنوسێکی هاوبەشیان هەیە. لە راستی دا دەگەڵ ئـەوەدا کـە بیر لە لێك دابڕان دەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم لێکدابڕانە لـە داهاتوویـەکی دووریـش دابـیّ و و هەر دەگەڵ ئەوەی پێش بینیی ئەو ساتە بکـەن کـە پێـك نـامۆ دەبـن، ئـیتر پێـك نـامۆ دەبـن و هەرکام ریّگەی خۆی دەگرێتـە بـەر و چـونکی هـەردووکیان بـیر لـەو رۆژانـە دەکەنـەوە کـە لێـك جودان، لە مەودووا ، بەزۆر پێکەوە دەژین.

قوتابی مامۆستاکەی خۆی بە پەتای سەردەمی منداڵی دەزانیّ و مامۆستاش قوتابی یەکـەی بە بارێکی قورس دەزانیّ کە دەبیّ هەرچی زوتر خۆی لیّ دەرباز بکا. هەردووکیان بە ئاواتی ئەو رۆژەن کە لە چنگی یەکتر رزگارییان بیّ و لە بەر ئەوەیکە هـیچ کـات خۆشەویسـتیی راسـتەقینە لـە نێوانییانـدا نارِسـکیّ، مامۆسـتا بـە گـوێرەی پێویسـت چـاوی بەسـەر قوتـابی یـەوە نـابیّ و قوتابییش ئەوەندە بە گوێی مامۆستا ناکا. بەڵام کاتێك دڵنیا دەبن کە دەبیّ هەتا مردن پێکەوە بژین، هەولّ دەدەن خۆشەویستیی یەکتر ببزوێنن و لە ئاکامـدا یـەکتریان خـۆش دەویّ. قوتـابی

شەرمەزار نیە بەوەیکە بە گوێی کەسێك دەکا. ئەگەر گەورە بـوو دەبێتـە هـاوڕێی و مامۆسـتاش ئۆگری ئەوکارە دەبێ کە خەڵك چاوەڕوانیان لێی هەیە. چونکی دەزانێ ڕۆژێـك چـێژ لـە میـوەی ئەو درەختە وەردەگرێ کە پەروەردەی دەکا و تەواوی ئەو پێشکەوتنانەی کە بە قوتابی یەکەی دەبرِدرێن، سامانێکە بە قازانجی ڕۆژگاری پیریی ئەو.

لەو کتێبەدا وای دادەنێن کە منداڵەکەمان بـە بـێ مەترسـی لـە دایـك بـووە و منـداڵ سـاغ و سلامەت و تۆکمەیە. باوك نابێ لە نێـو منداڵەکانیـدا یـەکێکیان هـەڵ بـژێرێ و فـەرق و جیـاوازی دابنێ لە نێوان ئەو ئەندامانەی بنەماڵەکەی دا کە لە سایەی لوتفی خـوداوە پێـك هـاتوە. دەبـێ هەموو منداڵەکان لە بەرچاوی ئەو یەکسان بن و هەموانی وەك یـەك خـۆش بـوێ و ئاگـای لێیـان بێ، جا چ ئیفلیج و نەقوستان بـن و چ تۆکمـە و سـاغ ، بـە هێـز بـن یـان لاواز . هـەرکام لەوانـە ئەمانەتێکە کە دەبێ بدرێتەوە بـە ئەمانـەت دەر. چـونکی هاوسـەرێتی پەیمانێکـە کـە تـەنیا لـە نێوان ژن و مێرد دا نەبەستراوە بەڵکو دەگەڵ سروشتیش بەستراوە.

ئەو کەسەی، بەرعۆدەی ئەو بەرپرسیارەتیە دەبێ کە سروشت نەیخسـتۆتە ئەسـتۆی دەبـێ لە پێشدا، کەرەسە و ئامرازەکانی سەرکەوتنی خۆی دابین بکا ئەگینا بەرپرس دەبێ لە هەمبـەر ئەو شتەدا کە نەیتوانیوە بیکا. ئەوکەسەی پەروەردەی منـداڵێکی نقوسـتان دەگرێتـە ئەسـتۆی خۆی پلە و پایەی دادەبەزێنێتە ئاستی پەرستارێکی نەخۆشان و ئەوکاتەی تەرخانی کرد بوو بۆ بەها پێدان بە ژیـانێکی بەکـەڵك، لـە پێنـاو ژیـانێکی بـێ ئاکامـدا بـەکاری دێـنێ وئەگـەر هـات و منداڵەکـە مـرد، دایکەکـەی کـوێرەوەریی سەرپەرشـتیاری(ئـەوی) لـە بـیر دەچـێتەوە و لۆمـە و سەرکۆنەی دەکا.

ئەمن هەرگیز پەروەردەی منداڵێکی لاوازی بنێس وە ئەستۆ ناگرم تەنانەت ئەگەر لێم سـوور بێ هەشتا ساڵیش دەژی. ئەمن قوتابی یەکم ناوێ نە قـازانجی بۆخـۆی هـەبێ و نـە بـۆ خـەڵکی

دیکە و  تەنیا بیر لە پاراستنی خۆی بکاتەوە و لاوازی یە جەستەی یەکەی کۆسپی بەردەم پەروەردەی رۆحی بێ.

ئایا ئەگەر هێزەکانم لە خۆڕایی بۆ ئەو دەکار بکەم، جگە لەوەی کە خەسار و زیانی کۆمەڵگەم دوو هێندە کردووە و وێرای ئەندامێك، ئەندامێکی دیکەشم فەوتاندووە، شتێکی دیکەم پێ دەبڕدرێ؟ ئەگەر یەکێکی دیکە چاوەدێری ئەو نقوستانە وە ئەستۆ بگرێ قسەیەکم نیە و دەست خۆشانەی لێدەکەم لە بەر نیاز پاکیەکەی. بەڵام خۆم ئاواناکەم و ناشتوانم شێوەی باش و بە جوانی ژیان فێری کەسێك بکەم کە بەردەوام لە بیری ئەوە دایە لە دەست مەرگ  هەڵێ.

جەستە بۆ ئەوەی فەرمانی رۆح بەڕێوە بەرێ پێویستی بە قەوە و هێزە. خولامی باش دەبێ بە هێز بێ. ئەمن دەزانم زێدەڕۆیی لە ئەلکۆل و خواردنەوەدا هەوەس دەورووژێنێ و وردە وردەجەستە لاواز دەکا. خۆپاراستن و "ریازەتیش" لە ئاقارێکی پێچەوانەدا هەرهەمان دەرەنجامیان هەیە. جەستە هەتا لاوازتر بێ زیاتر فەرمان بە رۆح دەدەا و هەتا بە هێزتر بێ زیاتر لە ژێر فەرمانی دا دەبێ. تەواوی شەهوتەکان لەو جەستە لاوازانەدان کە لایەنی چەپەڵی بە سەریاندا زاڵە و کەسانی لاواز هەتا کەمتر بتوانن شەهوەتەکانیان دامرکێننەوە زیاتر تووڕە دەبوون .جەستەی لاواز، رۆح لاوازتر دەکا

ئەوەش دەستەوستانیی پزیشکەکانمان بۆ  دەردەخا کە کارامەیی و لێزانییان لە تەواوی ئەو نەخۆشیانە زیاتر زیانمان لێدەکەن، دەڵێن چارە سەریان دەکەین نازانم پزیشکەکان کام نەخۆشی ئێمە چارەسەر دەکەن. بەڵام دەزانم گەلێك نەخۆشینی وەك : داهێزراوی، بێ وەرەیی، ساویلکەیی و ترس لە مەرگ لە ئێمەدا بەدیدێنن. چ گرینگی یەکی بۆ ئێمە هەیە کە پزیشکان کەسانی نیوەزیندوو بە زیندوویی رادەگرن و ناهێڵن بمرێ. ئەوەی ئێمە پێویستیمانە کەسانی پڕ بایەخن و پزیشکان قەت ناتوانن مرۆڤی لەم چەشنەمان بۆ پەروەردە بکەن.

چەمکی پزیشکی لـە نێـو ئێمـەدا بۆتـە داب و هـەر دەبـێ واش بـێ. چـوون بـۆ لای پزیشـك رابواردنێکە بـۆ خـەڵکی بێکـار و تـەوەزەل کـە چـونکی نـازانن چـۆن کاتـەکانیان تێپـەڕێنن، بـۆ پاراستنی جەستەیان کەڵکی لێوەردەگرن. ئەم کەسانە ئەگەر بـە نـەزم خولقابایـەن لـە تـەواوی بوونەوەرەکان چارەرەشتر دەبوون. چونکی ئەو گیانەی کە هیچکات لـە مەترسـی فەوتانـدن دا نەبێ بەلای ئەوانـەوە بایـەخێکی نیـە. ئەوانـە پێویسـتییان بـە پزیشـکە کـە بـۆ پێخۆشـبوونیان بیانترسـێنێ و لـە هـەر سـاتێکدا ئـەو لـەززەت و چـێژەیان پـێ بـدا کـە تێدەگـەن واتـە چـێژی نەمری.لێرادا مەبەستی من ئەوە نیە لە سەر بێ کەڵکیی باسی پزیشکی بکەم. بەس دەمەوێ لـە گۆشەنیگای ئەخلاقی یەوە بیخوێنمەوە و تاوتوێی بکەم.

بە هەر حاڵ ناتوانم ئەو بابەتە نەهێنمە گۆڕێ کە مرۆڤەکان سەبارەت بە کەڵك وەرگـرتن لـە پزیشکی هەر بەمجۆرە قسـە دەکـەن کـە لەسـەر گـەڕان بـە شـوێن حەقیقـەت دا قسـە دەکـەن. هەمیشە پێیان وایەکە ئەگەر نەخۆشێك تیمارکەن چاك دەبێتەوە و ئەگەر وەشـوێن حەقیقـەتێك بکەون پێی دەگەن. بەڵام نابینن لە بری هەر نەخۆشێك کە بە دەسـتی پزیشـك چـاك دەبێتـەوە سەت کەس دەمرن . ئەو زانستەی کـە بەراسـتی فێـر دەکـا و ئـەو پزیشـکی یـەی کـە بەراسـتی ((چاك)) دەکاتەوە، بێ گومان باشە بەڵام زانستێك کە فریـودەدا و پزیشـکی یـەك کـە دەکـوژێ زۆر خراپە.دەبێ ئەو دووانە لێك هەڵاوێرین، قسە لەوەیە.

ئەگەر ئێمە توانیمان دەست لە دۆزینەوەی حەقیقەتەکان هەڵگرین، هیچ کات فریـوی درۆزن و گزیکارانمان نەدەخوارد و ئەگەر نەمانویستبایە بە پێچەوانەی یاساکانی سروشت چاك بینـەوە قەت قەت بەدەستی پزیشك نەدەمردین. چاوپۆشی کردن لەو دوو بابەتە کارێکی ژیرانەیە و ئـەو کەسانەی ئەوکارە دەکەن قازانج دەبەن.

وەك هەمیشە بە من دەڵێن خەتاکە لە پزیشکەوەیە ئەگینا زانستی پزیشکی لـە خۆیـدا کـەم وکـووڕیی نیـە، دەی باشـە، قسـەمان نیـە! بـە مـەرجێك بـە بـێ پزیشـك کـەڵك لـە و زانسـتە

وەربگیردرێ. هەتا ئەو دەمەی هەردووکیان پێکەوە دەکەونە کار، زیانی هەڵەکانی ئەو کەسانەی کەڵك لەتەکنیك و زانستەکە وەردەگرن سەت هێندە لەو قازانجە زیاترە کە لێی وەردەگرن. ئەو تکنیکە درۆیینە کە زیاتر ژان و ئازارە دەروونی و هزری یەکان دادەمرکێنیّ نەك نەخۆشیە جەستەی یەکان، لە راستیدا بەکاری هیچکام لەو دووانە نایە. چەمکی پزیشکی لەبری ئەوەیکە مەرگمان بۆ وەدووا بخا، هەر لە پێشدا نیشانمانی دەدا. بەو پێ یە لە بری ئەوەیکە ژیان و تەمەن درێژتر بکاتەوە، کورتتری دەکاتەوە. ئەگەر وای دابنێین بتوانێ مەودای ژیان درێژتریش بکاتەوە دیسانیش بۆ جسناتی مرۆڤ زیانی هەیە. چونکی بەردەوام مرۆڤەکان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکاو ناهێڵێ بەشداری کۆبونەوەکان بن. هەروەها لەرێکەی ئەو خەیاڵەی بەرهەمی دێنێ ناهێڵێ ئەرکە پێ سپێردراوەکانیان راپەڕێنن. ئێمە بۆیە لە مەترسیەکان تۆقیوین چونکی لێیان ئاگادارین، ئەوکەسەی کەدەزانێ جەستەی قورقوشمینە لە هیچ شتێ ناترسێ. شاعیر ئەوەندە(33) لە بەرابەر نەخۆشیەکاندا تەیار دەکا، بایەخی بوێری و چاونەترسی یەکەی دەفەوتێنی.

ئەگەر گەرەکتانە بەراستی بوێر و چاو نەترس بن، بچن بۆ جێگەیەك کە پزیشکی لێ نەبێ و خەڵك نەزانن نەخۆشی چی بەدوواوەیە و بیر لە مەرگ نەکەنەوە. مرۆڤە سروشتیەکان دەتوانن بەردەوام ئازار بکێشن و بە هێمنی بمرن. بەڵام پزیشکەکان بە نوسخە، فیلەسوف بە دەستوور و قەشەکان بە ئامۆژگاریەکانیان، دڵیان توێ توێ دەکەن و لە بیریان دەبەنەوە کە بە هێمنی بمرن.

قوتابی یەك بدەنە دەست من کە پێویستی بە هیچ کام لەو کەسانە نەبێ ئەگینا وەری ناگرم . ئەمن نامەوێ کەسانی تر کارەکەم لێ تێکدەن، حەز دەکەم خۆم بەتەنیا پەروەردەی بکەم یا هەر کارم بەسەر کاریی یەوە نەبێ. لاك کابرایەکی ژیر بوو و بەشێکی ژیانی خۆی لەگەڵ پزیشکی رابواردبوو. جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەیکە ، بۆ پێش گرتن لە نەخۆشیی یا

چارەسەری هێندێ بێ تاقەتیی سادە، بە هیچ جۆرێك دەرمان مەدەن بە منداڵان. ئەمن لەوەش پتر دەڵێم چونكی خۆم قەت ناچمە لای دووكتۆران ئێمیلیش قەت نابەمە لای دووكتۆر مەگەر ئەوەیكە ژیانی ئەو بەتەواوی لە مەترسی كەوتبێ.

دەزانم پزیشك كەڵك لەو ماتەڵ كردنە وەردەگرێ لە ئاگادار كردنەوە و بانگ كردنیدا. ئەگەر منداڵەكە مرد دەڵێ: درەنگتان ئاگادار كردوومەوە. ئەگەر چاكیش بۆوە دەڵێ : ئەمن چارەسەرم كرد. بەڵام با دووكتور نەبێ و جیا لە كاتی پێویست بانگ نەكرێ.منداڵ كە خۆی نازانێ چارەسەری خۆی بكا لانیكەم واباشە فێری ئەوە بكرێ كە نەخۆش نەكەوێ. ئەم هونەرە جێگەی ئەویتر دەگرێتەوە و زۆر جاران باشتریشە. هەركات ئاژەڵێك نەخۆش دەكەوێ قرِوقپ لە گۆشەیەك تخێڵ دەبێ و تاقەت دێنێ. بەهەر حاڵ رێژەی ئاژەڵی نەخۆش لە مرۆڤە نەخۆشەكان پترە، زۆریش هەن ئەو مرۆڤانەی كە نەخۆشیەكانیان مەترسیدار بووە و وردە وردە چاك بوونەتەوە. بەڵام لە بەر بێ ئۆقرەیی، دڵە راوكێ و خورپە و بەتایبەتی بە هۆی كاریگەری یەكانی داوودەرمان تێدا چوونە. پێم دەڵێن لە بەر ئەوەی ژیانی ئاژەڵان زیاتر بە پێی یاساكانی سروشتە كەمتر لە مرۆڤەكان نەخۆش دەكەون. بەڵام مەبەستی ئەمنیش ئەوەیە كە هەر ئەو شێوە ژیانە فێری قوتابی یەكەم بكەم بۆ ئەوەی ئەو كەڵكەی لێوەرگیرێ.

تاقانە بەشی بەكەڵكی پزیشكی چاوەدێری یەكەیەتی، بەڵام ئەوە زیاتر تایبەتمەندیی ئەخلاقی لە قەڵەم دەدرێ هەتا شتێكی زانستی. كاركردن و خۆپاراستن ( پارێز) لە راستیدا دوو پزیشكی راستەقینەی مرۆڤن. كار، حەز و تاسەی مرۆڤ پتر دەكا و پارێزراگرتن ناهێڵێ لەخواردنەوەی ئەلكۆل دا زێدەرۆیی بكرێ.

بۆ ئەوەی بزانین كامە شێوەی ژیان بۆ ژیان و سلامەتی باشترە دەبێ بزانین ئەو خەڵكانەی كە لە هەموان تۆكمە و ساخترو بە هێزترن و تەمەنیان درێژترە، چ جۆرە خواردنێك دەخۆن. ئەگەر دەرەنجامی بەدی كردنەكان بەوەمان بگەیەنن كە زانستی پزیشكی ساخی و سلامەتی و

تەمەن درێژی بەخەڵك نادا، بێ سەمەرە، دەتوانین بڵێین زیانی  هەیە، چونکی کات و شت و مرۆڤەکان بە خۆڕایی بەکار دێنێ. نە ئەو ((کات))ەی بۆ پاراستنی ژیان تەرخان دەکرێ بە کاری ژیان دێ و نابێ بەژیان لە قەڵەم بدرێ.بەڵکو چونکی ئەم ((کاتە)) بۆ ئازاردانی ئێمە دەکار دەکرێ ئیتر تەنیا ئەوەنیە کە بێ هوودە بێ بەڵکو زیانیشی هەیە. واتە ئەگەر بمانەوێ دادووەرانە داوەریی لەسەر بکەین، دەبێ ئەوە لە باقی تەمەنمان دەرهاوێژین. ئەو مرۆڤەی کە لە دەسالان را تاقە جارێك نەچۆتە لای دووکتۆر بە قەدرایی سی ساڵ ژیانی بۆخۆی و ئەوانیتر کۆ کردۆتەوە. لەبەر ئەوەیکە ئەمن هەردووکیانم تاقی کردوونەتەوە، پتر لە هەموان مافی ئەوەم هەیە ئەنجامێك لە تاقیکردنەوەکانم وەرگرم.

ئەوە بوو ئەو هۆکارانەی کە ناچاریان دەکردم تەنیا قوتابی یەکی تۆکمە و ساخ وەرگرم.بۆچوونەکانیشم هەر ئەوە بوون بۆ ئەوەی کە ئەو ساخ و سالم بێ. ئەمن ماتڵی ئەوە نابم کە قازانجەکانی کاری دەستی و وەرزش بۆ بە هێزکردنی دەروون و جەستە، بسەلمێنم . چونکی هیچکەس نکۆڵیان لێ ناکا. نزیك بە تەواوی ئەوانەی تەمەنیان درێژە، کەسانێکن کە زیاتر وەرزش دەکەن و لە بەرامبەر کار و ماندووبووندا خۆڕاگرتر بوونە و هەروەها زۆر لە سەر ئەوکارانە ناڕۆم کە بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستە دەیانکەم چونکی ئەو هەوڵ وهەنگاوانە بەشێکی جیانەکراوەن لە پەروەردەی من و هەرکەس لە رازەکانیان تێ بگا، پێویستی بەوە نابێ زیاتری بۆ شی بکرێتەوە.

# هەڵبژاردنی دایەن

دیارە ئەگەر دایکی خۆی شیر بدات بە منداڵەکەی زۆر باشترە بەڵام ئەگەر نەلوێ، دەبێ ژنێك هەڵبژێرن کە لە باری دەروونی و جەستەی یەوە ساخ و بە هێز بێ.

دایەن لە ماڵی خاوەن منداڵەکە دەبێ بڕێك لە ماڵەکەی خۆی باشتر بژی، واتە خواردنی وزەبەخش بخوات بەڵام نابێ کتومت شێوەی ژیانی بگۆڕێ. چونکی گۆڕانێکی هەمەلایەن تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی باشتر بوونی رەوشی ئەو،(بەڵام) مەترسی هەیە بۆسەر سلامەتیی

میزاجی. ئەگەر شێوەی بژیوو خواردنەکەی پێشووی باش بووە و جوان رایگرتوە، پێویست ناکا بیگۆڕێ.

ژنانی گوند و ئاوایی، کەمتر لە ژنانی شار گۆشت دەخۆن و لەوان زیاتر سەوزی دەخۆن. وێدەچێ ئەم گیا خواردنە بۆ منداڵەکانیان باشتر بێ. بەڵام کاتێك منداڵێکی شاریان پێدەسپێرن ، گۆشتیان دەرخوارد دەدەن، پێیان وایە گۆشت (((کیلوس))) باشتر و شیر پتر دەکا. کە ئەمن بە هیچ شێوەیەك دەگەڵ ئەو رایە نیم .

تاقیکردنەوەکان بۆیان دەرخستووم کە ئەو منداڵانەی بەمجۆرە بەخێو دەکرێن تووشی قۆڵنج و کرمی گەدە دەبن .

ئەوە هیچ سەیر نیە چونکی ئەو مادە ئاژەڵیە کە خەریکە دەرزێ پڕە لە کرم. شیر ئەگەرچی لە جەستەی ئاژەڵ دا دروست دەبێ، یەکێك لەو مەوادەیە کە لە گیا دروست دەبێ.(35) ئەزموون ئەو شتەی سەلماندووە. سەرەڕای ئەوەش شیر بە هاسانی دەبێتە (ئەسید)و لە بری ئەوەیکە وەکوو کەرەسە ئاژەڵی یەکان شوێنەوار و تامێکی مزر دروست کەن وەکوو گژ و گیاکان تامێکی سوێری بێ خاسیەت لە خۆیان جێ دێڵن. شیری ئاژەڵە گیا خۆرەکان شیرنتر و سالمترە لە شیری گۆشت خۆرەکان و ماهیەتی خۆی باشتر پاراستووە و کەمتر بۆگەن دەبێ.لە باری ئەندازەشەوە هەموان دەزانن کە کەرەسە و مەوادە (نشاستە )ی یەکان لە چاو گۆشتیەکان، خوێن زیاتر دەکەن و هەر بۆیەش دەبنە هۆی زیاتر بوونی شیر. پێم وانیە ئەو منداڵەی کە درەنگتر لە شیر دەیگرنەوە با ئەوەیکە دووای لە شیر گرتنەوەی تەنیا خواردەمەنیی گیایی پێدەدەن، قەت کرمی گەدە بگرێ.

لەوانەیە ئەو شیرەی کە بەرهەمی خواردەمەنیەگیای یەکانە، زووتر بترشێ، بەڵام ئەمن شیری ترشاوم پێ خراپ نیە. هێندێ لە گەلان هەر ئەو شیرە دەخۆن. تەواوی ئەو ئامرازانەی بۆ

هاسانتر کردنی خواردنی شیر هەن جیا لە گزیکاری شتێکی تر نین . شیر دەگەڵ هێندێ گـەدەو حاڵەت سازگاریی نیە و لە و حاڵەتەدا هیچ ئامرازێك ناتوانێ بـۆ خواردنـەوەی، یارمەتیـدەر بـێ. هێندێ کەس بە هاسانی شیر دەخۆنەوە. خەڵك لـە شـیری هەڵگـەڕاو، یـا لـە ماسـت دەترسـێن، بەڵام ئەوە هەڵەیە. چونکی دەزانین شیر لە گەدەدا هەوێن دەگرێ و زیانیشی نابێ.

هەر لە رێگەی ئەم یەکگرتنەوەیە کە شیر خەست دەبێتەوە و دەتوانێ منداڵی مرۆڤ و ئاژەڵ بژێنێ. ئەگەر شیر خەست نەبوایەتەوە بـە گـەدەدا تێدەپـەڕی و نـەدەبووە بـژیو.(36) تێکـەڵ کردنی شیر دەگەڵ شـتی دیکـە یـا بـە کـار هێنـانی ئـامرازی یارمەتیـدەر بـۆ خواردنـەوەی، بـێ سەمەرە، لە راستیدا ئەوەی شیر دەخواتەوە پەنیریش هەرس دەکا. ئەمە ئەملا و ئـەولای نیـە. گەدە جۆرێك بۆ هەوێن گرتنی شیر دروست کراوە کە پەنیر لـە گـەدەی گوێرەکـەدا سـاز دەبـێ. بەو پێ یە بەرای من لە بری گۆڕینی ئەو خواردەمەنیەی کە دایەن لە مەوبـەر خواردوویـەتی ، وا باشترە هەر لەم جۆرە بەڵام زیـاتر و باشـترەکەی پـێ بـدەن. خواردنـە گۆشـتیەکان خـراپ نـین بەڵکو ئەو ئیسیوەت (زەردەچێوە و بیبارو...) و شتەی پێی دادەکەن خراپی دەکـەن، شـێوەی لێنانی خواردنەکانتان بگۆڕن.شتی سوور کراوە کەمتر بخۆن، رۆنی کـەرە و شـتی چـەور لەسـەر ئاگر دامەنێن. سەوزی یەکان لە ئاودا بکولێنن. ئەو کـات دەبیـنن کـە خواردنـە گیـای یـەکانیش شیری زۆر باش دەدەن بە دایەنەکان.(37)

ئایا لەوانەیە خواردنی گیایی بۆ منداڵ باشتر بێ و خواردنی گۆشتی بۆ دایەنەکەی گونجاوتر بێ؟ نەخێر وەها ناتەبای یەك راست نیە.

# یەکەمین چاوەدێری یەکان

## مەلۆتکە

منداڵ دەبێ لە کاتی خۆیدا تەڕو وشك بکرێتەوە و وردە وردە رای بێنن کە لە ئاوی زۆر سارد و زۆر گەرمیش دا خۆی بشوات. قایل مەبن بەوەیکە ئەو منداڵەی تازە لە منداڵدان دا هاتۆتە دەرێ و دەتوانێ پشوویەکی بێتەوە بەر خۆی، لە زیندانێکی تەسك تر لەوەی یەکەمدا بەند بکرێ. هیچ کات کەڵك لە چۆڵە پێچ و دەسرازەوەرمەگرن. ئەو پارچە و پەڕۆیانەی کە ئەوی تێوە دەپێچن دەبێ فشوفۆڵ بن بۆ ئەوەی هەموو ئەندامەکانی ئازاد بن نە ئەوندە قورس بن کە نەهێڵن ببزوێ و نە ئەوندەش گەرم کە نەهێڵن هەست بە فێنکایی هەوای دەرەوە بکا.(38)

لە لانکێکی تا رادەیەك گەورە و نەرمدا دای نێن بۆ ئەوەی بتوانێ بە بێ مەترسی ئەمدیوئەودیو بکا. هەردەگەڵ ئەوەیکە برێ بەهێز بوو لێی گەڕێن لە هۆدەکەدا گاگۆڵکەی بکات و چۆنی حەزی لی یە ئەندامە بچووکەکانی ببزێوێ، ئەودەم دەبینن کە رۆژبەڕۆژ ئەندامەکانی بەهێزتر دەبن وئەگەر لەگەڵ ئەو هاوتەمەنانەی پێکیان بگرن کە مەلۆتکە کراون، لە چاو ئەوان چەندە هەڵی داوە.(39)

هەڵبەت چاوەڕوانیی ئەوەتان هەبێ کە دایەنەکان بە توندی بە گژتاندا بێن چونکی منداڵی مەلۆتکە چەرمەسەریی بۆ ئەوان کەمترە لە چاو ئەو منداڵانەی کە بەردەوام دەبێ چاویان بە سەریانەوە بێ. سەرەڕای ئەوەش، لە جلوبەرگی فشوفۆڵ دا لە چاو مەلۆتکە جوانتر دیارە کە منداڵ خۆی تەڕ کردووە و پێویستی بە خاوێنکردنەوەیە. دەگەڵ ئەوەشدا دابونەریتیش هێندێ پاساوی بۆخۆی هەیە کە لە هێندێ وڵاتاندا ناکرێ لە بەرچاوی نەگری.

هیچکات پاساو بۆ دایەنەکان مەهێننەوە. فەرمان بدەن و ئاگاتان لێ بێ فەرمانەکەتان جێ بەجێ بکرێ. بەتایبەت ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بدەن بۆ ئەوەیکە ئەو فەرمانەی دەیدەن جێ بەجێ کردنی هاسان بێ. بۆچی خۆتان یارمەتی دایەن نادەن؟ لە پەروەردە ئاساییەکاندا کە تەنیا لایەنی جەستەیی لە بەرچاو دەگیردرێ هەر ئەوندە منداڵەکە بژی و کز نەبێ، تەواوە،

ئەوەی دیکە گرینگ نیە. بەڵام لێرەدا کە پـەروەردەی مەعنـەوی هـەر لەیەکـەم سـاتی لـە دایـك بوونەوە دەست پێدەکا، ئەوکاتەی منداڵ لە دایك دەبێ قوتابیی سروشتە نەك پەیرەوی ڕاهێنەر تەنیا لە ژێر چاوەدێریی ئەو یەکـەمین مامۆسـتایە (سروشـت) دا لێکۆڵینـەوەکانی خـۆی دەکـا و ناهێڵێ بە پێچەوانەی چاوەدێری یە سروشتی یەکان بجولێتەوە و هـەروەها بـەردەوام ئاگـای لـە منداڵەکەیە و چاوی بەسەریەوەیەتی و بەو پەڕی وردبینی یـەوە دەرکـەوتنی یەکـەمین نیشـانەی فام و تێگەیشتنێتی، هەروەك چۆن موسوڵمانەکان چاوەڕوانی دەرکەوتنی مانگی یەکشەوەن.

# پەروەردەی پلە بە پلەی ڕۆح

گەشـە کردنـی هـزری و ڕۆحیـی منـداڵ دەبـێ هاوکـات دەگـەڵ گەشـە کردنـی جەسـتە بێ.دیسانیش دووپاتەی دەکەمەوە کە پـەروەردەی منـداڵ هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی لـە دایکبـوونی

یەوە دەست پێ دەکا. بەر لەوەی قسە بکا و بەر لەوەی فام بکاتەوە شت فێر دەبێ بەڵام بەر لە خوێندن، تاقی دەکاتەوە ئەودەمەی منداڵ خاڵۆی خۆی دەناسێ گەلێ شت فێر بووە. ئەگەر زانیباتان کەسێکی ئاسایی لە کاتی لە دایك بوونیەوە هەتا ئەوکاتەی کە بۆ یەکەمجار دەی بینین چیها پێشکەوتنی وەدەست هێناوە سەرتان سوڕ دەما. ئەگەر تەواوی زانستە مرۆی یەکانیان کردبایە دوو بەش، بە جۆرێك کە بەشێکی درابا بە خەڵکی ئاسایی و بە شێکی تریان بۆ زانایان، تەرخان کردبایە، بەشی دووهەمیان لە چاو بەشی یەکەم زۆر کەم دەبوو. بەڵام ئێمە سەرنجێکی ئەوتۆ نادەینە ئەو زانیاری یە گشتیانەی کە مرۆڤ فێریان دەبێ چونکی بەر لەوەی بە خۆدا بێنەوە زۆر جار بەر لەوەی کە بگەینە تەمەنی باڵقبوون و ژیرێتی، ئەو شتە روودەدا.

تەنانەت ئاژەڵەکانیش شت فێر دەبن چونکی خاوەن هەستن و شێوەی کەڵك وەرگرتن لەو هەستانە فێر دەبن. چونکی هێندێ پێداویستیان هەیە کە دەبێ بزانن چۆن چارەسەری بکەن. دەبێ، خواردن و رێگە رۆیشتن و قسە کردن فێر بن. ئاژەلەکان وێڕای ئەوەیکە کاتی لە دایك بوونیان لە سەر پێیان رادەوەستن بەڵام ناتوانن بەرێگە دا بڕۆن و یەکەمین هەنگاوەکانیان قایم نین. باڵندەیەك کە لە قەفەس رزگار دەبێ نازانێ بفڕێ چونکی هیچکات هەڵنەفڕیوە - بوونەوەرە هەستیار و زیندووەکان هەمووشتێك فێر دەبن. ئەگەر گژوگیاکانیش لەسەریان بایە کە بە رێگەدا بڕۆن پیویست بوو هەستیان هەبێ و فێری زانست بن.

منداڵ سەرەتا تەنیا دەگەڵ هەستەکانیانن. ئەوان جگە لە چێژ و ژان و خۆشی و ئازار هەست بە هیچ شتێ ناکەن.

تەنیا شتێکی کە منداڵ دەبێ خووی پێ بگرێ ئەوەیکە خوو بە هیچ شتێ نەگرێ، نابێ بەردەوام لەسەر لاتەنیشت بینوێنن کە یەکێك لە دەستەکانی خۆی لە چاو دەستەکەی دیکە پتر بەکار بێنێ و بیجولێنێ. یا ئەوەیکە بیەوێ لە کات و ساتێکی دیاردا بخوات و بنوێ و کار بکات،

یا ئەوەیکە نەتوانیٚ بە شەو یا رۆژ بە تەنیا بمێنێتەوە. هەر لە سەرەتاوە، دەرفەت و کەرەسەی ئازاد بوون و بەکارهێنانی هێزەکانی بۆ دابین بکەن.

بۆ ئەم کارە لێی گەڕێن با جەستەی هەر بەشێوەی سروشتی و لە سەر عادەتە سروشتی یەکەی بمێنێتەوە, وای رابێنن کە هەمیشە بە سەرخۆیدا زاڵ بیٚ و هەردەگەڵ ئەوەیکە بووە خاوەن ورە، بتوانیٚ هەرشتێکی حەزی لێی بوو بیکا.

لە گەڵ ئەوەدا کە منداڵ توانیی شتەکان لێك جویٚ بکاتەوە دەبیٚ وردبین بن لە هەڵبژاردنی ئەو شتانەدا کە نیشانی دەدەن.

دیارە کە هەموو شتە نوی یەکان سەرنجی مرۆڤ رادەکێشن. مرۆڤ ئەوەندە لاواز و بیٚ دەسەلاتە کە لە هەموشتێکی نەناسراوو نامۆ دەترسیٚ. خووگرتن بە شت گەلی نوێوە کە زیانی پێناگەیەنن ئەو ترسە دەشکێنیٚ. ئەو منداڵانەی کە لە خانووبەرەی خاوێن دادەژین کە جاڵجاڵۆکەی تێدا نیە ، لەجاڵجاڵۆکە دەترسن و جاری وایە گەورەش دەبن ئەو ترسە هەروا دەمێنیٚ. بەلام قەت نەبینراوە کە خەڵکی لادیٚ چ گەورەو چ گچکە، لە جاڵجاڵۆکە بترسێن. کەوابوو بۆ دەبیٚ منداڵ لەو کاتەوە پەروەردە نەکەین کە هێشتا هیچ نافامیٚ و هیچ شتیٚ فێر نەبووە. مەگەر هەر ئەوە نیە کە تەنیا جۆری ئەو شتانەی کە نیشانی دەدەن ئەو دەکەنە کەسێکی شەرمێون یا بوێر و چاونەترس؟ ئەمن دەمەویٚ کە ئەو وا رابێنن کە شتی نویٚ و ئاژەڵی ناشیرن و قیزەون و سەیرو سەمەرە ببینیٚ. بەلام وردەوردە بیان بینیٚ و ئەوەش ببینیٚ کە خەڵکانی دیکە دەست لە شتەکان و لە ئاژەڵەکان دەدەن و ئیتر خۆشی عادەت دەگریٚ و ئەم کارە دەکا. ئەگەر بەمنداڵی بەبیٚ هیچ خۆف و ترسێك بۆق و قرژاڵ و مار ببینیٚ، دوواتر کە گەورە بوو تووشی هەر ئاژەڵێك بیٚ لێی ناترسیٚ. بۆ ئەو کەسەی کە هەموو رۆژیٚ بوونەوەر و شتی ترسێنەر دەبینیٚ, هیچ شتێك ترسێنەر و قیزەون نیە.

هەموو منداڵێك لە دەمامك دەترسێ، ئەمن سەرەتا دەمامکێکی جوان نیشانی ئێمیل دەدەم و دوواتر کەسێك لە بەرامبەریدا دەمامکێك لە روخساری دەدا، ئـەمن دەسـت دەکەمـە پێکـەنین، هەموان پێدەکەنن و منداڵەکەش وەك ئەوانیتر پێدەکەنێ.

دووایی وردەوردە دەگـەڵ دەمامـك گـەلێك کـە هـیچ جـوان نـین و دوواجـار لەگـەڵ دەمامك گەلێکی زۆر ناشیرن و قیزەون رای دێنم، ئەگەر کردەوەکانی من وردە وردە و لێزانانەبێ ئێمیـل بە دیتنی ئەو دەمامکەش وەك و ماسکەکانی ترپێکەنینی دێ و ئیتر نیگەرانی ئـەوەمان لـە دڵدا نابێ کە بە دەمامك بیترسێنین.

ئەو کاتەی هێکتۆر(40) ماڵئاوایی لە ئاندێرماك دەکا. ستیا ناکسـی منـداڵ لـەو پەڕەتووکـە درێژە دەترسێ کە باوکی لە کڵاوخودەکەی داوە. لە بەر ئەوەیکە باوکی ناناسێ خـۆی دەخاتـە باوەشی دایکی.بزەیەکی تێکەڵ بە گریان لە سەر لێوی دایکـی دەنیشـێ، دەبـێ چـبکەی منـداڵ نەترسێ؟ راست ئەو کارەی کە هێکتۆر دەی کا. کڵاوخودەکەی دادەنـێ و منداڵەکـەی لـە ئـامێز دەگرێ و دەی لاوێنێتەوە. ئەگەر حاڵەتەکەی ئاسایی بوایە ، ئەوندە بەس نەبوو . پێویست بوو لێی نیزیك ببنەوە و یاری بکەن بە پەڕەتوکەکە و منداڵەکە ناچار بکەن دەسـتی لێبـدا. دوواجـار دەبوایە دایەن کڵاوەکەی هەڵگرتبایە و بە پێکەنینـەوە نابایـە سـەری خـۆی. هەڵبـەت ئـەوە لـە حاڵێك دایە کە ژنێك بتوانێ دەست بۆ چەکی هیکتۆر بەرێ.

ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە ئێمیل خوو بە دەنگـی چـەکی ئـاگرین بگـرێ، لـە پێشـدا بڕێـك باڕووت لە دەمانچەکەدا گڕدەدەم. ئەو بڵێسەیە کە کتـوپڕ دێتـە دەرێ و لـە چـەخماخە دەچـێ خۆشحاڵی دەکا. هەر ئەم کارە بە هێندێ بـاڕووتی زیـاتر، دەکـەم، ئـەو جـار هێنـدێکی ساچـمە تێدەکەم و دەمانچەکە پڕ دەکەم و بەم شێوەیە وردەوردە منداڵە لەگەڵ دەنگی چـەك تەنانـەت تۆپیش، ئاشنا دەکەم.

ئـەمن سـەرنجم داوە کـە منـداڵ بەدەگمـەن لـە هـەورە تریشـقە دەترسـن، مەگـەر ئەوەیکـە گرمەکەی ئەوندە بەرز بێ کە گوێچکە ئازار بدات.ئەوان کاتێك ترس لە دڵیان دەنیشێ کە دەزانن هەورە تریشقە زیانیـان لێـدەدا و تەنانـەت دەیـانکوژێ. دەبـێ منـداڵ جۆرێك پـەروەردە بکـەن کە،کاتێك فامیان کردەوە و لەمانای ترس تێگەیشتن، عادەت نەهێڵێ بترسن. بەو کارانەی کە بە تێڕامان و وردەوردە دەکرێن، دەکرێ منداڵ وا رابێنن کە لە هەمبەر هـەر چەشـنە مەترسـیەك دا بوێر بنوێنێ.

لە سەرەتای ژیاندا کە هێشتا یادەوەری و هێـزی خـەیاڵ لـە کـار نەکـەوتوون. منـداڵ تـەنیا سەرنج دەداتە شت گەلێك کە هەر لەو کاتەدا کاری تێکـردووە و لـە بـەر ئەوەیکـە شـتە هەست پێکراوەکان یەکـەمین شـتێکن کـە ئـەو لـە ڕێگەیانـەوە چـاوی دەکرێتـەوەو تێـدەگا، ئەگـەر لـە سەرەتاوە بەجوانی ئەو شتانەی لەبەر دەستی دانێن، یادەوەری یەکە پێی دەڵێ کـەدوواتر ئـەو هەست پێکراوانە هەر بەو شێوەیە بخەنە بەر دەستی منـداڵ. ئێسـتاکە منـداڵ تـەنیا لـە هەسـت پێکراوەکان ورد دەبێتەوە،سەرەتا ئەوەندە بەسە کە پێوەندیی ئەو هەست پێکراوانەی لە گـەڵ ئەو شتانەدا نیشان بدەین کە هەستیان بزواندووە، منداڵ دەیەوێ دەست لە هەمووشتێك بـدات. هیچکات پێش بە کونجکۆڵی یەکانی مەگرن. چـونکی ئـەو کونجکـۆڵی یـە زۆربـەی ئـەو شـتانەی فێدەکا کە بۆ ئەو پێویستن.

بۆوێنە فێری ئـەوەی دەکـەن کـە هەسـت بـە گـەرمی و سـاردی و ڕەق و نـەرمی و سـووك و قورسیی شتەکان بکا،یا گەورەیی و شێوە و تایبەتمەندی یە بەر هەسـتەکانی دیکـەیان بناسـێ. منداڵ بۆ ئەم کارە، چاو لێـدەکا، دەسـت پێـدادێنێ و گـوێ رادەگـرێ، بـە شـێوەیەکی تایبـەت هەسـت بـەبینین دەگـەڵ هەسـتی پێداخشـاندن بـەراورد دەکـا و ئـەو شـتەی بـە قامـك هەسـتی پێکـردووە بـە چـاو دەی پێـوێ. تـەنیا لـە ڕێگـەی جووڵـەوە تێدەگـەین کـە لـەواتای بـەرینایی تێدەگەین. منداڵ لەبەر ئەوەیك بەو واتایەی نەزانیوە، بۆ گرتنی شتێکی کـە لەبـەر دەسـتێتی و

شتێك كه سەت مەتر لێی دووره به یەك ئەندازه دەستیدرێژدەكا.ئێوه پێتان وایه ئەم هەوڵەی ئەو نیشانەی وارسكەی فەرماندەی یه و فەرمانێكه كه ئەو به سەر شتەكەیدا لێدەدا بۆ ئەوەی بێته بەردەستی. یا فەرمانێكه به ئێوەی دەدا كه شتەكەی لیٚ نیزیك بكەنەوه. بەڵام هیچ وانیه. هۆیەكەی دەگەڕێتەوه بۆ بۆ ئەوەیكه ئەو شتەی ئەو پێشتر له مێشكی داو دوواتر له چاویدا دەی بینی ئێستا دەی بینیٚ له بەر دەستێتی تەنیا ئەو شته هەست پێدەكا كه توانی دەستی ڕێخشێنیٚ.

كەوابوو هەولٚ بدەن بیبەنه سەیران و بیگێڕن و ناچاری بكەن جێگه بگۆڕیٚ. بۆ ئەوەی بتوانیٚ مەوداكان هەڵسەنگێنیٚ. پاش ئەوەیك ئەوەشی ناسی، شێوازەكەتان بگۆڕن. بیبەنه جێگەیەك كه خۆتان گەرەكتانه نەك ئەو. چونكی هەر دەگەلٚ ئەوەدا كه فریوی هەستەكانی نەخوات، هەوڵەكانی ئەو به شوێن هۆكاری تردا دەگەڕێن. ئەم گۆڕانه گرینگەو پێویستی به شی كردنەوەیه.

منداڵ هەركات له تەنگانەدایه و بۆ دەرباز بوون پێویستیی به یارمەتی دەوروبەر هەیه، پەنادەباته بەر ئاماژه كردن. هەر بۆیەش منداڵ دەقیژێنن و زۆر دەگرین. دیاره ئەم گریانه بەجی یه. چونكی تەنیا له هەستپێكراوەكان تێدەگەن و هەركات هەست به شتێكی خۆش بكەن، به بێدەنگی چێژی لیٚ دەبینن بەڵام هەركات شتێك ئازاریان بدات یان بیان یەشێنیٚ، به زمانی خۆیان ئاگادارمان دەكەنەوه و داوای هێور كردنەوەی ژانەكەیانمان لێدەكەن. هەتا ئەو كاتەی بەخەبەرن ناتوانن دەروونێكی هێمنیان هەبیٚ،یا دەخەون، یا ئەگەر به خەوەرن، هەست به رەنج و ئازار دەكەن.

زمانەكانی جیهان هەموان دروستكراوی دەستی مرۆڤن و دیاردەیەكی گرێبەستین. زەمانێكی دوورو درێژ لێكۆڵینەوەیان بۆ ئەوه كردووه كه بزانن ئایا زمانێك دەدۆزرێتەوه كه هەموو خەڵكی جیهان لی تێبگەن. دیاره وەها زمانێك هەیەو ئەوەش هەر ئەو زمانەیه كه منداڵان بەر له

وەقسەهاتن، پێی دەپەیڤن. ئەم زمانە بێدەنگەو پڕ واتایە، ئێمە کە بە زمانی دیکە دەدووێین ئەوندەمان ئەو شێوە ئاخاوتنە پشت گوێ خستووە کە لە بیرمان چووەتەوە. هەرکات سەرنج دەدەینە جووڵەکانی منداڵ بە یارمەتیی خۆیان لەڕێوە فێری دەبینەوە. دایەنەکان شارەزای ئەم زمانەن هەرچی منداڵ دەیلێ، لێی تێدەگەن‌و جوابیان دەدەنەوە. زۆرجاران دەیاندووێنن ئەو وشەانەی دایەنەکان دەیڵێن، زۆر شوێنەواردانەر نین لە بەر ئەوەیکە منداڵ تێناگەن و تەنیا لە شێوەزارو راوێژەوە تێدەگەن.

منداڵ گەلێك زوو قسەکردنی ئاماژەیان دەخەنە پاڵ قسە کردنی دەنگەوە. ئەوان بە روخسارگۆڕین ئاماژە دەکەن نەك بە دەستە کز و باریکەکانیان. زۆر سەیرە کە ئەو روخسارانەی کە هێشتا کامڵ نەبوونە ئەوەندە پڕ واتا و زیندوون. قەڵافەتیان بەردەوام و بەخێرایی یەکی سەیر، لە گۆڕاندایە. بزە،حەز، ترس و خۆشحاڵی بە خێرایی لە روخساریان دەگەڕێ و تەواو دەبێ. روخساریان هەرجارەی بە جۆرێکە، بەدڵنیای یەوە ماسولکەکانی دەموچاویان خێراتر لە ئی ئێمە دەجولێن. بەڵام چاوەکانیان بێ رۆح گیانن و هیچمان پێنابەخشن. هەڵبەت لە تەمەنێکدا کە تەنیا پێداویستی یە جەستەی یەکان لە گۆڕێدان هەر دەبێ وابێ. چونکی مرۆڤ ئەوشتانەی کە لە دەرەوەڕا هەستیان پێدەکا تەنیا لە رێگەی گۆڕانی روخساردا رایاندەگوازێ و ئەوەی لە ناخەوە هەستی پێدەکا، بە چاو دەری دەبڕێ.

لەبەر ئەویەکە مرۆڤ لە سەرەتادا زۆر کەم هێزە، یەکەم دەنگی لێی دەبیسترێ گریان و ناڵەیە. منداڵ دەزانێ چی پێویستە بەڵام ناتوانێ دەری بڕێ، هەر بۆیەش بە گریان و قیژاندن داوای یارمەتی دەکا. ئەگەر زۆری گەرما یا سەرما بێ، دەگری. بیهەوێ ببزوێ و بڕوا و رێی لێ بگرن، دەگری. ئەگەر خەوی بێ و نەهێڵن بنوێ، دەگری. هەرچەند رەوشی ئێستای کەمتر بە کەیفی بێ زیاتر سوورە لە سەر ئەوەیکە بیگۆڕێ. منداڵ تەنیا بە یەك شێوە مەبەستەکانی خۆی دەگەیەنێ. چونکی لە یەك جۆر نارەحەتیی زیاتر نیە. چونکی هێشتا ئەندامەکانی کامڵ

نەبوونە. ئەوکاریگەری یە جۆراوجۆرانەی بەسەریدا دێ لێکیان ناکاتەوە و تەنیا هەست بەیەك جۆر ئازار دەکات.

یەکەمین پێوەندی مرۆڤ بە شتەکانی دەوروبەری یەوە بەم گریانە دەست پێدەکا کە ئەوندە لێی کەمتەر خەمن. لێرەوەیە کە یەکەمین ئاڵقەی ئەو زنجیرە درێژە دروست دەبێ کە سیستەمی کۆمەڵایەتی پێك دێنێ. ئەگەر منداڵ دەگری لە بەر ئەوەیەکە نارەحەتە وایە هێندێ پێداویستی هەن کە بۆی دابین نابن. پەرستار (چاوەدێر) سەرنج دەدات و پێداویستی یەکەی دەدۆزێتەوە و بۆی دابین دەکا. ئەگەر نەزانن منداڵ چیی پێویستەو بۆی دابین نەکەن هەروا دەگری و پەرستار ماندوو دەبێ، دەی لاوێنێتەوە بۆ ئەوەی ژێری بکاتەوە. رای دەژێنێ، لای لایی بۆ دەڵێ بۆ ئەوەی بنوێ. ئەگەر منداڵ لاساری بکا، پەرستار وەڕەس دەبێت لێی تورە دەبێ تەنانەت هێندێ دایەنی ناجسن لێشیان دەدەن. هەر بەراستی منداڵی لێقەوماو لە سەرەتای هاتنی بۆ نێو ژیاندا، بە جوانی پەروەردە دەکرێ.

هیچ کات لە بیرم ناچێتەوە کە رۆژێکی یەکێك لەو منداڵە گرینۆکە گڕنەگرانە لێدانێکی بە دەستی دایەنەکەی خوارد. منداڵەکە لەڕێوە بێدەنگ بوو. پێموابوو ترساوە. لەبەرە خۆمەوە گوتم ئەو منداڵە دەرونێکی کۆیلەی دەبێت و بە بێ زۆرلێکردن هیچ ئیشێك بەڕێوە نابات. لە هەڵەدابووم ئەو منداڵە چارە ڕەشە بۆیە بێ دەنگ بوو چونکی خەریك بوو لە داخان بخنکێ. ئیتر نەی دەتوانی پشوو بکێشێ. شین و رەش هەڵگەڕابوو، چەند ساتێك دوواتر هاواری لێ هەستا، هەمو نیشانەکانی قین و رق و بوغز و هیوا بڕاوی لە دەنگیدا پۆنگی خواردبۆوە. دەترسام لە حاڵی سەر بزێوی دا بمرێ. ئەگەر گومانم هەبوو لەوەی کە دیاریکردنی دادپەروەری وجوێ کردنەوەی لە زوڵم جەوهەرەی ناخی مرۆڤە، لەو رۆژەوە دڵنیا بووم.دڵنیام ئەگەر بە رێکەوت پۆلوە ئاورێك کەوتبایەتە سەر دەستی ئەو منداڵە، ئەوەندەی ئەو زەبرە سووکەی کە بە مەبەستی سووکایەتی لێی درابوو، کاری تێ نەدەکرد.

پێویسته بۆ پێشگرتن لەو ئامادە بوونەی منداڵ بۆ زویر بوون و تووڕەیی، ئێجگار بـە پـارێز بین. بۆیر هاو پزیشك و زانای بواری كیمیاboerhawe پێی وایە نەخۆشینی ئەو منداڵانـە بـە گشتی لە نەخۆشینە دەماری یـەكانن. چـونكی بـە پێـی جەسـتەیان سـەریان لـە كەسـانی بـاڵق گەورەترە و سیستەمی دەماریان زیاترە هەربۆیەش زیاتر دەوروژێن.

دەبێ بەوپەڕی ورد بینی یەوە ئـەو دایەنانـەیان لـێ دوور بخرێتـەوە كـە تـووڕە و وەرسـیان دەكـەن. ئەوانـە لـە زیـانی وەرزەكـان و گـۆڕانی ئـاو و هـەوا مەترسـیدارترن. منداڵـەكان كاتێـك رووبەڕووی رێگریی شتەكان دەبنەوە بە پێچەوانەی بەرگری و رێگریـی كەسـەكان، نـە سـەربزێو دەبن و نـەتووڕە. هەربۆیـەش منـداڵی رەشـۆكان كـە ئـازادترن تۆكمـەتر و سـاخترن لـە منـداڵی ئاغاوەتان كە بە بیـانووی پـەروەردەی بـاش هەمیشـە بـە پێچـەوانەی حـەز و ویسـتەكانیان لـە گەڵیان دەجووڵێنەوە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین كە جیاوازی هەیە لە نێـوان ئـەوەی كـە گـوێ لـە مستی منداڵ بین لە گەڵ ئەوەی كە پێچەوانەی حەزی ئەو هەڵسوكەوت نەكەین.

یەكەمین گریانی منداڵ نیشانەی پاڕانەوەیەتی. بەڵام ئەگەر خۆ نەپارێزن لەوانەیە نیشـانەی فەرمان پێدان بێ، منداڵەكان لـە سـەرەتادا تـەنیا یارمـەتییان دەوێ. بـەڵام دوواجـار خوازیـاری خزمەتن. بەم شێوەیە هەر لەو خاڵە لاوازەوە كە سەرەتا دەگەڵ داماوییان ئاشـنایان دەكـا، لـە رێوە دەكەونە بیری خۆسەپاندن و فەرمانڕەوایی كردن. هەڵبەت ئەم فكرە بەشێوەی گشـتی لـە خزمەتەكانی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ هەتا ئەوەیكە لە پێداویستی یەكانی ئەوانەوە، لێرەوەیـە كە ئەو تایبەتمەندی یە ئەخلاقیانەی كە هۆكاری سەرەكیی سەرهەڵدانیان سروشت نیە، دەسـت بە سەرهەڵدان دەكەن. دەكرێ لێرەوە تێ بگەین كە لە چ رێگەیەكەوە دەكرێ هەر لە سـەرەتای مەمك مشتنەوە، لەو مەبەستە شاراوەیە تێ بگەین كـە وای لێدەكـەن، بجـووڵێ و ئامـاژە بكـا و بقیژێنێ.

ئەودەمەی منداڵ بەو پەڕی هێزەوە دەست دەکێشێ بەڵام هیچی وە بەردەست نایـە، پێـی وایە شتێکی لەبەر دەستە. چونکی ناتوانێ بەراوردی مەودا بکات. دیارە لێرەدا بە هەڵە دەچـێ، بەڵام کاتێك بە قیژە و نووزەوە دەسـتی دەکێشـێ ئـەوکات ئـیتر فریـوی مـەودا نـاخوات بـەڵکو فەرمان بە سەر شتێکدا لێدەدا کە لێی نیزیك بێتەوە ، یان فەرمان بە ئێوە دەدا کـە لێـی نیزیـك بخەنــەوە. لــە حاڵــەتی یەکــەم دا، لــە ڕێــوە شــتەکەی بــۆ بەرنــە پێشــێ. لــە دووهەمینــدا، وەسەرخۆتانی مەهێنن کە گوێتان لـە دەنگـی دەبـێ، هـەتا زیـاتر بقیـژێنێ دەبـێ کـەمتر گـوێی بدەنێ. پێویستە زۆرخێرا وای رابێنن کە فەرمان بەسەر خەڵك دا لێنەدا چونکی سەرووەری ئەوان نیە و ئەوەش بزانێ کە فەرمان بەسەر شتەکانیش لێ نەدا چونکی لێی تێناگەن.

هەرکات منداڵ لەیستۆك (ملعبە) یا شتێکی دیکەی دەوێ ئێوەش دێنە سەر ئەوەی بیـدەنێ وا باشترە بیبەن بۆلای ئەو شتە نەك ئەوەی کە شتەکەی لێ نیزیك بکەنەوە. منداڵ لەو کردەیـە شتێکی وا فێر دەبێ کە دەگەڵ تەمەنی دەگونجێ و ڕێگەیەکی دیکە نیە کە ئەم ئاکامەی نیشان بدەین.

منداڵ تەنیا لە بـەر ئـەو لاوازی یـەی کـە هەیـەتی بەدفـەڕە.ئەگـەر وایـدانێی کـە حـەزی لـە تێکدانی شتێکە، هی ئەوەنیە دەروونێکی چـەپەڵی هەیـە، بـەڵکو پێوسـتی بـە بزووتنـە، هێـرش دەباتە سەر هەر شتێکی کە دەستی پێ رابگا.

منداڵ نەك هەر وزەیەکی ئەوتۆیان نیە، بەڵکو لە و هێزو وزەیەش بێ بەرین کە سروشـت بـۆ بەڕێوەبردنی لێیانی دەوێ.

کەوابوو دەبێ لێیان گەڕێن ئەو هێـزە دەکـار بکـەن کـە سروشـت پێـی بەخشـیون. چـونکی نیگەرانی ئەوە نیە کە کەڵکی خراپی لێوەرگرن. ئەوەیە فەرمانی یەکەم.

دەبێ لە هەموو پێداویستی یە جەستەی یەکاندا یارمەتیان بکرێ و ئەو کەمایەسی یەی کە لە بواری وزەو هزرەوە هەیانە بۆیان قەرەبوو بکرێتەوە ـ ئەوەیە فەرمانی دووهەم.

لە کاتی یارمەتی کردن بە منداڵ دەبێ بەوەندە قایل بن کە قازانجی هەیە و بایەخ نەدرێتە هەواو هەوەس و حەزو ئارەزووە بێ جێ یەکانی. چونکی شەهوەت و هەوەس لە سروشت دانین و ئەگەر لە منداڵ دا نەی گووریێنین هیچ کات ئازار ناچێژێ. ئەوەیە فەرمانی سێهەم.

دەبێ بەتەواوی سەرنج و بایەخ بدرێتە ئاماژە و پەیڤی منداڵان بۆ ئەوەی لەو تەمەنەدا کە هێشتا ناتوانن حەزەکانیان بشارنەوە، ئەو حەزو ئارەزوانە لێك جوێ کرێنەوە کە راستەوخۆ لە سروشتەوە هەڵقوڵیون دەگەڵ ئەوانەی کە بەرهەمی باوەڕەگشتی یەکانن. ئەوەیە فەرمانی چوارم.

مەبەستی سەرەکی لەو چوار فەرمانە ئەوەیە کە ئازادی پتر بدەن بە منداڵان نەك ئوتوریتە و فەرمانڕەوایی هەروەها فێریان بکەن خۆیان زۆربەی کارەکانیان راپەڕێنن نەك ئەوەیکە داوای یارمەتی بکەن. بەم جۆرە خێرا خوودەگرن کە ئارەزووەکانیان لە گەڵ تواناکانیان هاوتەریب کەن و دوواتر ئەگەر بێ بەش کران لە وەدەستهێنانی ئەو شتەی کە لە هێزیاندانیە، زەجر ناکێشن.منداڵ کاتێك دەگری کە ژانی هەبێ. هەڵبەت بە پێچەوانەی ئەو کاتەوە کە چۆڵەپێچ مەلۆتکەیان کردووە.کەوابوو مرۆڤ دەبێ بزانێ، چ کاتێك دەبێ یارمەتی بکرێ.هەڵبەت ئێمە ناخوازین ئاگالێبوون و چاوەدێری لە منداڵان لە رووی نەزانینەوە بێ.

منداڵان کە دەبیستن فرمێسکەکانیان ئەوندە کاریگەرن، بۆچی نەگرین؟ لەبەر ئەوەیکە بایەخی بێدەنگیی خۆیان دەزانن بە دڵنیای یەوە هەرزان فرۆشی ناکەن. دوواجار نرخەکەی ئەوەندە دەبەنە سەرێ کە هیچ کەس لێی نەپرسێ و نەی کڕێ. زۆرجاران لە خۆڕایی ئەوەندە بە قەوەت دەگرین کە بێ هێز دەکەون و جاری واش هەیە لە حاڵ دەچن.

ئەو گریانە بێ بڕانەوەیەی منداڵێك كە نە مەلۆتكەیە و نە نەخۆشە و هەمووشتێكیشی دابینە، جیا لە خووخدە و لاساری هۆكارێكی دیكەی نیە. ئەوە سروشت نیە كە بەدی هێنەری ئەم گریانەیە بەڵكو دایەنەكەیەتی. چونكی كاتێك ناتوانێ گرفتێكی كاتی تەحەمول بكا چەرمەسەری یەكی هەمیشەیی بۆخۆی ساز دەكا. ئەوە نازانێ كە ئەمڕۆ ویستی منداڵەكەی بێ دەنگ بكا، سبەینێ پتر دەگری.

تەنیا ئامرازی چارەسەر كردنی وەها خووخدەیەك ئەوەیە كە بایەخی پێ نەدەین. هیچ كەسێك تەنانەت منداڵیش نایەوێ زەحمەتی بێ بەرهەم بكێشێ. هەڵبەت سوور دەبێ لە سەر گریان، بەلاَم ئەگەر ئێوە دان بە جەرگتان داگرن زوو بێ هیوا دەبێت و واز لەو كردەیەی دێنێ.

بەمجۆرە دەكرێ بەر بە گریانی منداڵ بگیردرێ و وایان رابێنن كاتێك بگرین كە ژانەكە بە تەوژمە، وێڕای ئەوەش كاتێك منداڵ بە پێی هەواو هەوەس دەگرین، ئامرازێكی جێی مەتمانەی دیكەش بۆ ژێر كردنەوەیان هەیە. دەبێ سەرنجیان بەرەو بابەتێكی دڵخواز رابكێشرێ بۆ ئەوەی گریانیان لەبیر بچێتەوە. زۆربەی دایەنەكان لەو كارە لێزانن و ئەگەر بە لێزانی بجووڵێنەوە ئاكامێكی باشتری دەبێت، بەلاَم ئەوە گرینگە كە منداڵەكە نەزانێ كە دەیانەوێ بیانخافڵێنن و لەم رێگەیەوە بە بێ ئەوەی تێ بگا لەوەیكە خەڵكانی تر بە فكری یەوەن ئیتر سەری دەخافڵێ. بەلاَم زۆربەی دایەنەكان ئەوەیان لە دەست نایە.زۆر باش نیە كە منداڵەكان زۆر زوو لە مەمك بكەنەوە، كاستەر بۆ ئەو منداڵەی كە ئیتر شیر ناخوا گەلێك باشە.بەلاَم ئەو ئاشەی كە بە نان و كەرە وهێلكە و شیر ساز دەكرێ، باشترە.

منداڵان كە زمان دەگرن وشەكانیان سادەن و رەچاوی رێزمان ناكەن، نابێ رەخنە زۆر لەم كەمایەسیە بگیردرێ، دووایی باش دەبێ، گرینگ ئەوەیە كە بەدەنگی بەرزو بێ گرێ و گۆڵ و رەوان قسە بكەن و ئەو وشانەی بەكاری دێنن كەم بەلاَم روون و رەوان بن.

هەوڵ دان و گەشەی هەموو هێزەکانی منداڵ دەکرێ بڵێین پێکەوە وەدی دێن. دەکرێ بڵێین ئەو لە یەك کاتدا قسە کردن وخواردن وبەڕێگەدا ڕۆیشتن فێر دەبێ ئەمە یەکەم قۆناغی ژیانی ئەوە. بەر لەوە هیچ باسیشی نیە جگە لەوندەی کە لە منداڵدانی دایکی دایە.

نەسۆزی هەیە و نە بیرو بۆچوون. تەنیا لە هێندێ شتە هەست پێکراوەکان ئەویش بە دژواری تێدەگا. تەنانەت هەست بە زیندووبوونی خۆیشی ناکات.

# کتێبی دووهەم.

## پەروەردەی ئەخلاقیی منداڵ

### یەکەمین وانە چاونەترسی

لەو تەمەنەدا قۆناغی دووهەمی ژیان دەست پێدەکا و قۆناغی منداڵی بەواتای راستەقینەی خۆی تەواو دەبێ. دەزانین کە دوو وشەی infns وpuer هاو واتا نین puer بە منداڵانی ژێر تەمەنی 15ساڵی دەگوترێ و infans بەو منداڵانە دەگوترێ کە هێشتا وەقسە نەهاتوون. کەوابوو قۆناغی puer قۆناغی infans یش دەگرێتەوە. بۆیە ڤالێر ماکزیم لە کتێبەکەیدا باس لە puerm infansدەکا واتە منداڵێك کە ناتوانێ قسان بکا.

هەڵبەت ئەمن وشەی intansهەروەکی لە زماندا باوە، بۆ ئەو منداڵانە بەکار دێنم کە هێشتا باڵق نەبوونە.

منداڵ ئەودەمەی دەست دەکا بە قسە کردن، کەمتر دەگری و ئەم گۆڕانەش سروشتی یە. چونکی شێوە ئاخافتنێك جێگەی شێوەیەکی دیکە دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا منداڵ هەر ئەوندەی بتوانن ناڕاحەتیی خۆیان دەربڕن، ئیتر بیانوویەکیان نی یە بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی قاوقیژەوە دەری بڕن. مەگەر ئەوەیکە ژانەکە ئەوەندە قورس بێ کە نەتوانێ بە زمان دەری بڕێ ئەگەر بێتو هەر بەردەوام بێ لە گریان دیارە خەتای دەوروو بەریەکانێتی. ئێمیل هەر ئەوەیکە بتوانێ یەك جار بڵێ ژانم هەیە ئیتر بە هیچ شێوەیەك ناگری، مەگەر ئەوەیکە ژانەکەی لە ڕادەبەدەر بێ.

ئەگەر منداڵ لەوس و ناڕازی و هەستیار پەروەردە بکرێ و بۆ بچووکترین شت هاوار بکا کارێکی وادەکەم هاوارەکانی بە هیچ کوێ نەگەن و بێ دەنگ بێ. واتە هەتا ئەودەمەی دەگری لێی نزیك نابمەوە.

بەڵام هەر دەگەڵ ئەوەیکە بێ دەنگ بێ دەچمە لای. هەر بۆیەش ئەوجار بۆ بانگکردنی من پەنا ناباتە بەرگریان، یا لانیکەم ناوێرێ لە یەك دوو جار زیاتر بقیژێنێ.

منداڵان تەنیا لە ڕێگەی حاڵەت و ئاماژەکانەوە لە مەبەستی ئێمە تێدەگەن و هیچ گرێبەستێکی دیکە بۆ ئەوان لە گۆڕێ دانیە کە واتای ئاماژەکان ڕوون بکاتەوە. بە هەرحاڵ منداڵ ئەگەر بەتەنێ بێ هەرچەندەش ئازاری پێ بگا کەمتر وا هەیە بگری. مەگەر ئەوەیکە دڵنیا و هیوادار بێ کە دەنگی دەبیسترێ. ئەگەر منداڵ وەعەرز بکەوێ یا سەری ئەستووربێ یا لووتی لە خوێن بێ یا قامکی ببڕێ، لە بری ئەوەیکە بە هەڵپە و بە شڵەژاوی لێی بچمە پێش، هەر خوێشم شلوێ ناکەم تەنانەت ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ، منداڵەکە زیانی (زەبری) پێگەیوە و پێویستە ئازارەکە تەحەمول بکا. هەرچەندەی زیاتر بەدەوری دابێم پتر دەترسێ و بێ ئۆقرەی یەکەی پتر دەبێ . لە ڕاستیدا ئەو منداڵەی کە بریندار دەبێ ترسەکە زیانی پتر لێدەدا هەتا ژانەکە. ئەمن هەوڵ دەدەم لانیکەم ترسەکەی بڕەوێنمەوە، چونکی ئاشکرایە کە هەست کردنی

بە ژان و ئازار بەستراوەتەوە بە دژکردەوەی من. ئەگەر ببینێ کە بە هەڵپەو خورپە بۆلای دەچم و بزەییم پێی دادێ و دڵ خۆشیی دەدەمەوە، واهەست دەکا لە سەرەمەرگدایە. بە پێچەوانەوە ئەگەر ببینێ ئەمن لە سەرەخۆو هێورم ئەویش هێور دەبێتەوە و ناشڵەژێ. هەر ئەوەیکە ئیتر ئازاری نەچێشت پێی وادەبێ چاك بۆتەوە. لەو تەمەنەدایە کە دەبێ یەکەمین وانەی بوێری و چاونەترسی فێر بێ وخۆ لەبەر ئازارە سووکەکان راگرێ بۆ ئەوەی وردەوردە خۆی بۆ تەحەمولی ئازار و ژانی قورستر ئامادە بکا. لە بری ئەوەیکە نەهێڵم ئێمیل زامار بێ، ئەگەر هیچ کات زامار نەبوایە و گەورە بوونەکەی بەبێ هیچ تێگەیشتنێك لە ئازار و ژان بوایە، ئیجگار بۆی بەداخ دەبووم. ئازار کێشان یەکەمین شتێکە کە دەبێ ئەو فێری بێ. چونکی بەر لە هەر شتێك پێویستی پی یەتی.

دەکرێ بڵێین منداڵان بۆ ئەوە بچووك و لاواز خولقاون هەتا ئەم وانە گرینگە و بێ مەترسیانە فێربن. لە راستیدا منداڵ ئەگەر لە جێگەیەکی بێ مەترسی و نزمەوە بکەوێتە خوار، قاچی ناشکێ، و ئەگەر بەدار لە خۆی بدا، باسکی ناشکێ و ئەگەر ئاسنێکی تیژ هەڵ گرێ چونکی ناتوانێ بەقەو رێکی گوشێ، برینەکەی زۆر قووڵ نابێ. ئەمن قەت نەم بیستووە کە ئەو منداڵەی چاوەدێری ناکرێ خۆی بدا بە کوشت، یاخۆی شەل و گێڕ بکا یا زەبرێکی کوشەندە لە خۆی بدا مەگەر ئەوەیکە ئامێرێکی مەترسیداری بدەنە دەست.

چەندە لە هەڵە دان ئەوانەی کە ئامرازی جۆراوجۆر بە مەبەستی پاراستن لە دەوری منداڵەکەیان کۆدەکەنەوە، بەو مەبەستەی کە کە لە هەمبەر مەترسی یەکاندا تەیاری بکەن، وەها منداڵێك کە گەورە بوو لە بەرامبەر نەهاتی و ئازار و ژانەکاندا داماو دەبێ. نە غیرەتی دەبێ و نە ئەزموون و لەیەکەم نووکێکی تیژ یا چزوویەکی کەوێی دەکەوێ وادەزانێ مردووە و بە دیتنی یەکەم دڵۆپەی خوێنی خۆی، دەبوورێتەوە.

پەروەردە و فێرکاریی ئێمەی خۆبەزل زان ئەوەی خراپە کە هەمیشە شتێك فێری منداڵ دەکەین کە خۆیان باشتر دەتوانن فێری بن. ئێمە ئەو شتە فەرامۆش دەکەین کە پێویستە فێری ئەوانی بکەین. ئایا هیچ شتێکتان پێ شك دێ لەو زەحمەتە قۆرتروو گەمژانەتر بێ کە ئێمە بۆ پێ هەڵ گرتنیان دەی کێشین؟ ئایا هەتا ئێستا کەستان پێ شك دێ کە گەورە بوبێ بەڵام بە هۆی کەمتەرخەمیی دایەنەکەی پێی هەڵنەگرتبێ؟ بەڵام زۆرن ئەو کەسانەی تا مردن خواروخێچ بە رێگەدا دەڕۆن لە بەر ئەوەی خراپیان راهێناون.

ئێمیل بۆ پێ هەڵگرتن پێویستی بە رەورەوە و شتی دیکە نیە. هەر دەگەڵ ئەوەی فێری هەنگاونان بوو، تەنیا لە سەر بەردەچنەکان دەستی دەگرن و بەپەلە دەی بەن.(1) لەبری ئەوەی بە بێکاری لە ماڵێدا رایگرن باشترە هەموو رۆژێ بیبەینە نێو چیمەن و شیناوەردان ولێی گەڕێین غارغارێن بکا، بتلێتەوە و سەت جاران وەعەرزی بکەوێ بۆ ئەوەی زووتر فێری هەستانەوە بێ. چێژی ئازادی، ژانی زۆربەی زامەکانی قەرەبوو دەکاتەوە.

زۆر جار دەست و پێی قوتابیی من زەبر دەبینێ بەڵام هەمیشە شادوو بە کەیف دەبێ. لەوانەیە قوتابی یەکانی ئێوە کەمتر زەبر و زیان ببینن بەڵام چونکی هەمیشە بەپێچەوانەی حەز و ویستەکانیان لە گەڵیان دەجولێنەوە و بەردەوام لە کۆت و بەند دان، هەمیشە خەمینن و گومانم هەیە لەوەدا کە قوتابی یەکانی ئێوە براوە و سەرکەوتوو بن.

# سەرەتای ژیانی ئەخلاقی

شتێکی دیکە کە وادەکا منداڵ پێویستیی بە گریان و نووزانەوە نەبێ، هەڵدان و گەشەی وزەی جەستەیانە. لە بەر ئەوەیکە بە هێزتر دەبن کەمتر پێویستیان بە یارمەتیی ئەوانی دیکەیە. دەگەڵ زۆرتر بوونی وزە و هێزیان، ئەو زانیارییانەشیان زیاد دەکەن کە چۆنی کەڵك لێوەرگرن. ئەو قۆناغە بە سەرەتای ژیانی راستەقینەی ئەوان لە قەڵەم دەدرێ. منداڵ لەم قۆناغەدایە کە هەست بە بوونی خۆی دەکا. یادەوەریی ئەو تێی دەگەیەنێ کە، تەواوی ئەو کردەوانەی کە لە کات وساتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی دا کراون، خۆی کردوونی. لەم قۆناغەوەیە کە بەڕاستی کەسایەتی یەکی دیار و سەر بەخۆ دەستەبەر دەکاو شیاوی ئەوە دەبێ کە بەختەوەر بێ یا ئەوەیکە بەرەو چارە رەشی داکشێ هەر لەم قۆناغەوە پێویستە کەسایەتیی ئەخلاقیی ئەو لە بەر چاو بگرین.

ئەگەرچـی تـا رادەیـەك دیارییـان کـردووە کـە مـرۆڤ بـەلانی زۆرەوە چـەندە دەژی و لـە هەرتەمەنێك دا ئەگەری گەیشتن بەو لانی زۆرە چەندەیە، بەو حاڵەشـەوە هـیچ شـتێك لـە رادەی تەمەنی مرۆڤ لێڵ تر نیە. گەورەترین مەترسیەکانی ژیان لەسەرەتاکانیدایە. تەمەن هەتا کـورتتر بێ، هیوا بۆ ژیان کەمترە. ئەو منداڵانەی لە دایك دەبن بەدەگمەن نیوەیان دەگەنە تەمەنی باڵق بوون (هەڵبەت لە سەردەمی نووسـەر دا وابـووە. ئێسـتا وانیـە.و.ك) و لەوانەیـە قوتـابی یەکـەی ئێوە قەت تەمەنی پێگەیشتوویی نـەبینێ. ئـەم پـەروەردە زاڵمانەیـە، ئێسـتا دەکاتـە قوربـانیی داهاتوویەکی نادیار و جێی گومان و منداڵ لە کۆت و بەندی جۆراوجۆردا دیل دەکـات و ئـەمڕۆی لێ دەکاتـە رۆژی رەش. بـەو بیـانوەی کـە داهاتوویـەکی پـڕ لـە بەختـەوەریی بۆ سـازدەکا کـە لەوانەشە هەر چاویشی پێی نەکەوێ.

وای دادەنێن بنەمای ئەم پەروەردەیە راست بێ. چۆن دەتـوانم بـەبێ رق و تـووڕەیی چـاوم لەوەبێ کە ئەم مەزلوومانە لـە کـۆت و بەنـدی تاقـەت پـڕووکێن دا ورد بـن و وەکـوو کرێکـارانی کەشتی کە لە رابـردوودا هـەبوون کـاری زۆرە ملیـی هەمیشـەییان بەسـەردا بسـەپێ. بەهـەرحاڵ گومانم هەیە کە ئەو هەمووە چاوەدێری یە رۆژێك بەکاریان بێ.

بـڕوانن کـە سـەردەمی خۆشـی یـەکانی منـداڵان چۆناوچـۆن بـە گریـان و سـزا و هەڕەشـە و کۆیلەیی تێدەپەڕێ. منداڵی چارەڕەش ئەشکەنجە دەدەن بۆ ئەوەی بەختـەوەر بـێ و هـیچ بـیر لەوە ناکەنەوە کە بەم هەڵسوکەوتانەیان مەرگی لێ نیزیك دەکەنەوە (بـەرەو مـەرگی دەبـەن) و لەوانەیە لە نێو ئەم دامودەستوورە دڵتەزێنەدا تێدا بچێ. خوا بزانێ چیهـا منداڵ بوونە قوربـانیی گەمژەیی و شێتیی باوك یا ئەو مامۆستایانەی کە خۆیان لەوان پێ ژیرترە.

خۆزگە بەو منداڵەی بەمردن لە زوڵمی ئەوان رزگاریی دەبێ. چونکی تاقە قازانجێکی کـە لـە تەحەمول کردنی ئەم هەموە ئازارە پێی دەبڕدرێ ئەوەیـە کـە بـەبێ هـیچ داخ و کەسـەرێك ئـەو ژیانە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە کە جیا لە ئازارو ژان و تاڵی هیچی لێ شین نەبۆتەوە.

راسپاردەم بۆ خەڵك ئەوەیە كە دڵۆڤان و خاوەن بەزەیی بن دەگەڵ هەموو كەس لە هەر تەمەن و توێژ و چینێك بەزەیی و میهرەبانی یەكەمین ئەركی ئێوەیە.

ئایا عەقڵ دەخوازێ كە جیا لە دڵۆڤانی و پیاوەتی كارێكی دیكە بكەن؟ منداڵانتان خۆش بوێن و بۆ كایە و یاری كردن هاوكاریان بكەن و بۆ چالاكی و جووڵە سروشتی و جوانەكان هانیان بدەن.ئایا كەس هەیە ئاخ هەڵ نەكێشێ بۆ سەردەم و قۆناغی منداڵی كە هەمیشە لێوەكان بە بزە بوون و دەروون هێمن و ئارام بوو؟

بۆچی دەتانەوێ ئەو منداڵە بێتاوانە بێ بەش بكەن لەو زەمانە كورت و تیژ تێپەڕی سەردەمی منداڵی؟ بۆ مەگەر نازانن ئەو رۆژە شیرن وخۆشانەی كە بۆ ئێوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوانیش نایەنەوە؟ ئەی باوكان،لەبەر ئەوەی كە نازانن كەنگێ مەرگ منداڵەكانتان لێ دەڕفێنێ، هەوڵ بدەن ئەو ساتە خۆشانەی سروشت بۆی پێكهێناون لێیان تاڵ مەكەن و خۆتان تووشی پەژیوانی و داخ و كەسەر مەكەن.

هەر دەگەڵ ئەوەیكە توانیتان چێژ لە ژیان وەرگرن هەوڵ بدەن بەهرەی لێ وەرگرن، وابكەن كە هەتا كەڵك لە ژیان وەرنەگرن، نەمرن.

گەلێ جاران كەسانێك سەركۆنەم دەكەن، لە دوورەوە گوێمان لە رەخنەی توند و هات و هاواری ئەم خۆ بە ئاقڵ زانانە دەبێ. ئەوانە بەردەوام ئێمە دەخەنە بیری داهاتوو و ئێستا بە هێند وەرناگرن و بایەخی پێنادەن. هەمیشە وەشوێن داهاتوویەك دەكەون كە هەرچی لێی نزیكتر دەبنەوە ئەو دوورتر دەكەوێتەوە. ئەوەندە هەوڵ دەدەن ئێمە بەرەو شوێنێكی جیاواز لەوەی تێیدا دەژیین بەرن كە دەمانگەیەننە ژینگەیەك كە گەیشتن بە شوێنی دڵخواز مەحاڵ بێ. بە من دەڵێن كە منداڵ قۆناغی راستكردنەوەی حەزە دزێوە مرۆی یەكانە. لەبەر ئەوەی لەو تەمەنەدا ژان و ئازار كەمتر هەستیان پێدەكرێ دەبێ گوشاریان زیاتر بخرێتە سەر بۆ ئەوەی لە

قۆناغی کامڵ بووندا کەمتر زیان ببینن. بەڵام چۆن دەزانن کە، یەکەم، لەو ئاکار و کردەوانـە دا ئێوە سەربەستن. دووهەم، زیانی ئەم پـەروەردە فێرکارییانـە کـە مێشـکی منـداڵ دەسوێن. لـە قازانجەکەی پتر نەبێ؟ کـێ دڵنیاتـان دەکـا لەوەیکـە ئـەو گوشـارانەی دەیخەنـە سـەر منـداڵ و ئازاری دەدەن، تاڵی و سوێری یەکانی داهاتووی کەم دەکاتـەوە؟ ئـەویش کاتێـك نـازانن ئێسـتا چی بە سەردێنن.

چۆن دەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە ئەو حەز و ئینتما چەوتانەی کە ئێـوە دەتانـەوێ چـاکیان بکەن وراستیان بکەنەوە،بەرهەمی سروشتن و بەرهەمی پەروەردەی چەوتی خۆتان نین؟

چەند تاڵە و چەند بێ جی یە کە ئەمڕۆ بوونەوەرێکی زیندوو تووشی ڕۆژە ڕەشی بکەین بەو هیوایەی کە لە داهاتوودا بەختـەوەر بـێ. لەوانەیـە هێنـدێ لـەو خەڵکـە ڕەشـۆکەی پاسـاوی بـۆ دێننەوە ئازادی و سەرەڕۆیی لێك جوێ نەکەنەوە و جیاوازی دادەنێ لە نێوان ئـەو منداڵـەی کـە گەرەکیانە بەختەوەری بکەن دەگەڵ ئەو منداڵەی کە چەقەسرۆ و لەوسی دەکـەن. دەبـێ فێـری ئەوە بکرێن، کە ئەم دووشتە لێك هەڵاوێرن.

بۆ ئەوەی نەکەوینە شوێن خەیاڵ و گومانـەکان، دەبـێ هەمیشـە بـاری ڕۆحـی و جەسـتەیی کەسەکانمان لە بەر چاو بن. مـرۆڤ لـە نێـو بوونەوەرانـدا پێگـەی تایبـەت و دیـاریکراوی هەیـە و قۆناغی منداڵی لە قۆناغەکانی ژیاندا پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە.

دەبێ دەگەڵ گەورە وەکوو گەورە هەڵسوکەوت بکەین و لەگەڵ منداڵیش وەك منـداڵ. تـەنیا کارێکی کە بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان لە دەستمان دێ ئەوەیـە کـە هەرکەسـەی پێگـەی شـیاوی خۆی پێ بدەین و بە پێی پێداویستی یە جەستەیی و دەروونی یەکانی مرۆڤ، حـەزو ئینتماکـانی ڕێك خەین.ئێمە لەوە زیاتر هیچمان لە دەست نایە، ئەوەی دەمێنێتەوە پـەیڕەوی ئـەو فاکتـەرە دەرەکیانەیە کە لە دەست ئێمە دا نین.

# پێکهێنانی ورە

ئێمە نازانین بەختەوەری و چارەڕەشی لە جەوهەردا چین؟ بەڵام دەزانین نەبوونی هاوسەنگیی لە نێوان حەز و ئارەزووەکان و دابین کردنیانە کە دەبێتە هۆی چارەڕەشی. هێزی خەیاڵ (فانتازیا)ی ئێمە کە پەرە بە ئارەزووەکانمان دەدا و زیاتریان دەنەخشێنێ، شتێکی زۆر مەترسیدارە ئەگەر مرۆڤ بخوازێ بەختەوەر بێت دەبێ ژیان لە خۆی دا کۆ بکاتەوە( خۆی بکاتە سەنتەری ژیان) و ئاوات و ئارەزووەکانی لە کەوشەنی تواناکانیدا کۆ بکاتەوە و بە کاریان بێنێ. لەم بوارەوە دەکرێ بڵێین بەختەوەریی منداڵەکانیش وەك ئی گەورەکانە.

ئەوەی باسمان کردن گرینگ و پڕبایەخن و بۆ چارەسەر کردنی تەواوی ناتەبای یەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی پێویست و بە کەڵکن. لە دوونیادا دووجۆرە بەستراوەیی و موریدی هەیە، یەکێکیان بەستراوەیی بەشتەکانەوەیە کە بەرهەمی سروشتەو ئەویتر دڵبەستراوەیی بە کەسانەوەیە کە بەرهەمی کۆمەڵگایە، دڵبەستراوەیی بە شتەکانەوە لە بەرئەوەیکە لە سەر بنەمای ئەخلاق دانەمەزراوە، زیان بە ئازادی ناگەیەنێ و گەندەڵی لە گەڵ خۆی ناهێنێ. بەڵام چونکی دڵبەستراوەیی یە مرۆڤەکانەوە پێچەوانەی تەکووزی یە،(2) دەبێتە هۆی بەدی هاتنی چەوتی و گەندەڵی و لەم ڕێگەوە (موراد و مورید) یەکتر بەرەو گەندەڵی دەبەن. تەنیا ڕێگەیەك کە لە کۆمەڵگەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم چەوتیە هەیە ئەوەیەکە دەسەڵاتی یاسا جێگە دەسەڵاتی خەڵك بگرێتەوە ویستی گشتی وزە و هێزی ڕاستەقینەی هەبێ بۆ ئەوەی زاڵ بێ بەسەر هەر چەشنە دەسەڵاتێکی تاکەکەسیدا.

ئەگەر یاسای نەتەوەکان هێندەی یاساکانی سروشت لە گۆڕان دابوایەن هیچ هێزێکی مرۆیی نەیدەتوانی بە سەریدا زاڵ بێ. دڵ بەستراوەیی بە کەسانەوە دیسان وەکوو بەستراوەیی بەشتەکانی لێدەهاتەوە وبەمجۆرە تەواوی قازانجەکانی ژیانی سروشتی دەکەوتنە پاڵ قازانجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی واتە ئەخلاق کە مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی خۆپارێز، دەکەوتنە پاڵ ئازادی یەوە کە مرۆڤ لە گەندەڵی دووردەخاتەوە. ئەگەر منداڵ وا بارببێنین تەنیا پەیرەوی لە سروشت بکا، لە پەروەردە کردنیدا ئەو تەکووزی و شێوازەتان ڕەچاو کردووە کە لە سروشتدا هەیە. لە بەرامبەر ویستی سەرەڕۆیانەی ئەودا، تەنیا ئەو کۆسپە سروشتیانە یا سزا گەلێك بەکار بێنن کە بەرهەمی کردەکانن بۆ ئەوەی بۆ جاری دیکە لە شتی دیکەدا وەبیری بێتەوە. بە جێگەی ئەوەیکە لە کاری چەوت و خراپە بیگێڕنەوە، هەر ئەوندە بەسە کە بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەن کە ئیتر نەتوانێ کاری چەوت وخراپ بکا. تەنیا ئەزموون، یا بە پێچەوانەوە "نەتوانین" دەبێ فەرمانی بەسەردا لێ بدەن.

هەرکات منداڵ کارێك رادەپەڕێنێ نابێ واهەست بکا کە فەرمان بەڕێوە دەبا وهەرکات ئێوە کارێکی بۆ جێ بەجێ دەکەن نابێ وابزانێ کە فەرمان دەدا. لە کردەوە و کرداری خۆی و ئێوەش دا بێجگە لە ئازادی نابێ شتێکی تر ببینێ. ئەوەندە یارمەتیی وزە لاوازەکان بدەن هەتا ئازاد و سەربەست لە کڵ دێتەدەرێ نەك فەرمان دەرانە. دەبێ لەوەیکە ئێوە هاوکاریی دەکەن شەرم بیگرێ و بە ئاواتەوە بێ رۆژێك بتوانێ وازی لێ بێنێ و شانازی بکا بەوەی کەخۆی یارمەتیدەری خۆیەتی.

سروشت بۆ گەشەپێدان و بەهێزکردنی لەش شێوازگەلێکی هەن کە نابێ پێشی لێ بگیرێ. ئەگەر منداڵێك دەیەوەێ هەستێتە سەرپێ و بڕوا نابێ بیوەستێنن و ئەگەر راوەستا نابێ ناچاری بکەن بڕوا. ئەگەر هەڵسوکەوتی چەوتی ئێمە وا لە منداڵ نەکات کە کەڵکی خراپ لە ئازادی وەرگرێ، ئیتر دەکرێ بڵێین تێدەگەن و هیچ کات کاری بێ جێ ناکەن. کەوابو هەرکات حەزیان لێ بوو دەبێ بتوانن حیندرحۆ بکەن، بقیژێنن، قەڵەمباز بدەن چونکی هەمووی ئەوکارانە بۆ بەهێز بوونی جەستەیان پێویستن. دەبێ چاوەدێریی بەسەر ئەوکارانەدا بکەین کە منداڵان حەزییان لێ یەتی بەڵام بەتەنێ پێیان ناکرێ و پێویستیان بە هاوکاریی ئەوانیترە، لێرەدا دەبێ وریابین و ئەو پێویستیە واقیعی و سروشتیانە جوێ بکەینەوە لەوانەی کە سەرچاوەیان لە شەهوەت و هەوەس دایە لە گەڵ ئەوانەی کە بەرهەمی هەڵچوونی وزە و ئەو هێزانەن کە بۆژیان پێویستن.

پێشتر گوتمان کە کاتێك منداڵ بۆ وەدەستهێنانی ویستەکانی دەگری دەبێ چ بکەین. ئێستا تەنیا شتێکی لێ زیاد دەکەم: منداڵ کاتێك توانی بەزمان داواکەی دەربڕێ بەڵام پەنای بردە بەر گریان بۆ ئەوەی زووتر شتەکەی بۆ دابین بکەن یان بەسەر ئێوەدا زاڵ بێ، بەربەرەکانێی بکەن و جوابی مەدەنەوە. هەرکات بەزمان داوای پێداویستیەکەی کرد بۆی دابین بکەن. ئەگەر وەڵامی گریانەکەی بدەنەوە دڵنیابن هانی دەدەن پتر بگری و فرمێسك بڕێژێ و دەبنە هۆی ئەوەیکە

گومانی هەبێ لە نیازپاکیتان و باوەڕ بەوە بێنێ کە بێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە هەڕەشە کردن باشتر دەتوانێ بە ویستە کانی بگا هەتا بە نەرمی و نیانی. ئەگەر ئێوە بە کەسێکی باش نەزانێ زۆر زوو دەبێـە کەسێکی بەدفەڕ و ئەگەر بزانێ ئێوە لاوازن زۆر زوو لاسار دەبێ.کەواتە پێویستە ئەو شتەی کە دەتانەوێ بیدەنێ بەیەکەم ئاماژەی پێی بدەن. لە پشت گوێ خستنی داواکانی دا زێدووڕۆیی مەکەن و لە هەمانکاتدا زۆریش لە سەر خۆلێ بواردنی خۆشتان سوور مەبن.هەوڵ بدەن ئەو رەستە بێ مانایەی لە مجامەلەی رۆژانەدا باون فێری منداڵیان مەکەن. چونکی ئەو لەو وشانە بۆ سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر دەوروبەریەکانیدا و هەروەها بۆ وەدەستهێنانی ویستەکانی خۆی کەڵك وەرگرێ. دەوڵەمەندان بەو پەروەردە دەستکردەیان گەرەکیانە منداڵەکانیان بە ئەدەب بەڵام چاوکراوە باربێنن و بۆ ئەم مەبەستە وشە گەلێکیان فێردەکەن کە بۆ بەزاندنی کەسانی بەرامبەر و دژایەتیکردن کەڵکیان لێوەردەگیردرێ.مۆسیقای ئەم وشانە نیشاندەری ویست و داخوازی نین. ئەگەرچی داوا دەکەن بەڵام پتر لەو کاتانەی فەرمان دەدەن چاوقایم و لە خۆبایی دەنوێنن.دەڵێی دڵنیان کە بەم شێوەیە فەرمانەکانیان باشتر بەڕێوە دەبرێن. بۆ وێنە رستەی:"ئەگەر حەزتان لێ یە" لە زمانی ئەواندا مانای "لە سەر داوای من"و رستەی "تکا دەکەم" مانای "بە فەرمانی من" دەگەیەنن. ئەوە چ جۆرە ئەدەب و حورمەتێکە کە لە بری ئەوەی شێوەی قسەکردنی فەرماندەرانە چاك بکا، تەنیا واتای وشەکان دەگۆرێ. بەڵام من کە لە چاوقایمی و لە خۆبایی بوونی ئێمیل زیاتر دەترسێم هەتا لە بێ ئەدەبیی ئەو و وام پێ باشترە بڵێ " ئەو کارە بکەن" هەتا ئەوەیکە بە توندی بڵێ "تکات لێ دەکەم". بۆ من واتای وشە لە خودی وشەکە گرینگترە.

زێدەڕۆیی لە گوشار خستنە سەر، و زێدەڕۆیی لە کەمتەرخەمیدا بە قەد یەك زیانیان هەیە. ئەگەر لێیان دەن لە منداڵ، سلامەتی و تەنانەت گیانیشیان دەخەنە مەترسی یەوە و زۆری بۆ هەیە لە هەلومەرجی هەنووکەدا چارەڕشیان بکەن. بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەن هەموو ناخۆشیەکانیان لێ دوور بخەنەوە، بواری زیاتر چارەڕەش کردنیان لە داهاتوودا بۆ

دەرەخسێنن. واتە ناسك و نازدارو دڵناسکیان دەکەن و ئەم شێوە پەروەردەیە جیاوازە لە شێوەی پەروەردەی پیاوی واقیعی و بەدڵنیای یەوە رۆژێك وای لێ دێ بگەڕێنەوە سەر دۆخی پێشوویان. لە راستیدا بەمەبەستی ئەوەیکە ناخۆشیەکان و تاڵی و سوێری یەکانی سروشتیان لێ دوور بخەنەوە، زیانی ئەوتۆیان لێ دەدەن کە سروشت لێی نەداون. لەوانەیە بەمن بڵێن کە خۆت ئێستا لەو باوکە دڵرقانەی کە پێشتر گلەییت لێ دەکەن واتە هەر ئەو باوکانەی بەختەوەریی منداڵەکانیان دەکەن بە فیدای داهاتوویەکی شیرین کە لەوانەیە هەرگیز چاویان پێی نەکەوێ بەڵام وانیە، چونکی ئەو شێوە ئازادی یەی ئەمن بە قوتابی یەکەمی دەدەم ئەو برە زیانەی کە پێی دەگەیەنێ، بە باشترین شێوە بۆی قەرەبوو دەکاتەوە. چەند منداڵی گچکەی برۆز بێننە پێش چاوتان کە لە بەفردا یاری دەکەن. دەموچاویان لە تەوژمی سەرما شین هەڵگەڕاوەو جەستەیان سڕبووە. بەزەحمەت دەتوانن قامکەکانیان بجوڵێنن، ئەگەر بخوازن دەتوانن بچن خۆ گەرم بکەنەوە بەڵام ناچن، ئەگەر ناچاریان بکەن خۆ گەرم کەنەوە زیانی ئەو زۆری یە دەتوانێ سەت هێندەی زیانی سەرماکە بێ لە سەریان،ئێوە بۆچی لەوە ناقایلن؟ ئایا منداڵەکەتانم چارەڕەش کردووە کە لێی گەڕاوم لە دۆخێکدابێ کە خۆی پێی قایلە و حەزی لێ یەتی؟ ئەمن بە ئازاد کردن و وێڵ کردنی ئەو، بەختەوەریی ئێستایم دەستەبەر کردووە و لە هەمانکاتدا بە تەیار کردنی ئەو دژی ئەو دژواری و تاڵیو سوێرییانەی کە دەبێ خۆیان لەبەر راگرێ، بەختەوەریی داهاتووی ئەوم دابین دەکەم.ئەگەر بەدەستی خۆم بوایە کە ببێە قوتابیی من یا قوتابیی ئێوە بە دڵنیای یەوە منی هەڵ دەبژارد. پێتان وایە دەکرێ بوونەوەرێك بە پێچەوانەی ئاناتۆمیی جەستە و پێکهاتەی دەروونیی ئەو، بەختەوەر بکرێ؟

ئایا ئەگەر یەکێك لە تەواوی ئەو زیانانە بپارێزین کە وە هاوڕەگەزەکانی دەکەون پێچەوانی پێکهاتەی سروشتیی ئەو نەجووڵاوینەوە؟ بەڵێ، دیسانیش سوورم لە سەر ئەوەیکە بۆ ئەوەی منداڵ لە نیعمەت و بەختەوەری یە مەزنەکان تێ بگا، دەبێ لەگەڵ ئازارە بچووکەکان رابێ. ئەوە لە ناخی مرۆڤ دایە کە ئەگەر جەستە زۆر لە هێمنی دابێ و حەساوە بێ گەندەڵ دەبێ.

هیچ شتێك لەسەردڵی وەها کەسێ شوێندانەر نابێ و هەر بۆیەش بۆ ئەوە نابێ هاوڕی یەتی بکەی. وەکوو دێوێکی لێ دێ لە نێو بنیادەماندا.

ئایا دەزانن دڵنیاترین ڕێگە بۆ چارەڕەش کردنی منداڵەکەتان چ ڕێگەیەکە؟ ئەوەیە کە وای باربێنن کە هەرچی حەزی لێی بوو بە زۆرەملی وەدەستی بێنێ.چونکی هەتا ئارەزووەکانی زووتر و ساناتر دابین کرێن داواکانی پتر دەبن و درەنگ یا زوو بە هۆی بێ دەسەڵاتیتان ناچاربن بە پێچەوانەی ویستی خۆتان، گوێ نەدەنە داواکانی. ئەو زیانەی منداڵ لەم پشت گوێ خستنە دەی بینێ کە خووی پێ نەگرتووە، لە چاو بێ بەری کردنی لەو شتە کە حەزی لی یەتی، زۆر پترە. منداڵی لەوس و چەقەسرۆ لە پێشدا داوای ئەو گۆچانە دەکا کە بە دەستتانەوەیە. دووایی کاتژمێرەکەتان، دوواتر ئەو باڵندەیەی کە بە ئاسمانەوەیەو ئەو ئەستێرانەی کە دەجریوێنن. بەکورتی، چاوی بە هەرشتێك بکەوێ دەیەوێ.چۆن دەتوانن دڵی ڕاگرن؟ مەگەر ئەوەیکە ئێوە خودا بن. سروشتی مرۆ وایە کە هەرچی لە بەر دەستێتی و لەژێر دەسەڵاتیدایە، بە هی خۆی دەزانێ. رای تۆماس هۆبز تا ڕادەیەك ڕاستە، ئەگەر دەگەڵ چوونە سەری ئاوات و ئارەزووەکان، شێوەی دابین کردنیشیان زیاد بکا، هەرکاممان هەوڵ دەدەین ببینە سەرۆکی هەموان.

کەوابوو منداڵێك کە حەزی لە هەرشتێك بێ بۆی دەستەبەر بێ، خۆی بەخاوەنی جیهان دەزانێ و هەموو خەڵکیش بە کۆیلەی خۆی دەزانێ. ئەگەر ڕۆژێك دایك و باوك ناچار بن ئەو شتەی دڵخوازی منداڵەکەیە پێی نەدەن، ئەویش کە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەرکات فەرمان بدا هەمووشتێکی دابین دەکرێ، ئەم خۆبواردنەی دایك و بابەکە لە دابین نەکردنی داواکەی، بە یاخی گەری و لاساری دادەنێ و جا لەبەر ئەوەیکە تەمەنی لەو ئاستەدا نیە کە بە بەڵگە، قایل بێ، تەواوی ئەو بەڵگە و هۆکارانەی کە بۆی دێننەوە، بە بیانوویان دەزانێ. لەو کاتە دایە کە بە

نیسبەت هەمووکەس و هەمووشتێکەوە دەکەوێتە گومان‌و چونکی پێی وایە ناهەقیی لێ کراوە، لاسار و بەدفەڕ دەبێ‌و رقی لە هەمووکەس دەبێتەوە.

هیچکات سوپاسی مێهرەبانی و یارمەتیی یارمەتیدەر ناکا، بەپێچەوانەوە، هەرچەشنە دژایەتی یەك تووڕەی دەکا. چۆن دەتوانم باوەڕ بکەم بەوەیکە منداڵێك کە بەم شێوەیە رق‌وتووڕەیی بەسەریدا زاڵ بووەو کەوتۆتە ژێر تەوژمی هەست و حەزەکانیەوە، بتوانێ رۆژێك بەختەوەر بێ. وەها کەسێکی سەرەڕۆ لە هەمانکاتدا، چارەڕەشترین و شووڕەییترین کەسە، قەت بەختەوەر نابێ.

گەلێك منداڵی چەقەسرۆکراو دەناسم کە فەرمانیان دەردەکرد خانوویەك کاول بکەن، یا چاوەڕوانیان هەبوو کە کەڵە شێری کانزایی سەر بورجی کلێسایان بۆ بێننە خوارێ، یا دەیانویست لەشکری بەڕێوە و جماویان بۆ بووەستێنن هەتا زیاتر چێژ لە دەنگی دەهۆڵ وەرگرن. هەر ئەوندەی جێبەجێ کردنی داواکانیان تۆسقاڵێك وەدرەنگی کەوتبایە، هاواریان دەچووە تەشقی ئاسمان و قسەی کەسیان بە گوێدا نەدەچوو. هەوڵی دەوروبەریش بۆ قایل کردنیان بە خۆڕایی بوو. ئەگەر ئارەزووەکانیان بە ئاسانی وەدی هاتبایە، چاو نەترس تر دەبوون و بۆ شتی مەحاڵ پێیان دەچەقاند. هەر بۆیەش لە دەوروبەری خۆیان جگە لە دژایەتی و کۆسپ و ژان و ئازار هیچیان نەدەبینی بەردەوام دەیان بۆڵاند، تووڕە دەبوون و رۆژ هەتا ئێوارێ دەگریان و دەیان قیژاند و دەکڕووزانەوە.

بەڕاستی ئەوانە بەختەوەرن؟ حەزی دەسەڵاتداریێتی ئەگەر هاوکات لە گەڵ بێ دەسەڵاتی‌و بێ هێزیدا بێ، جگە لە شێتی و نەهامەتی هیچی لێ ناکەوێتەوە. دوو منداڵی چەقەسرۆ و گەندەڵ دەناسم کە یەکێکیان مێزی دایە بەر تێلا و ئەویتر دەریای دایە(3) بەر قەمچی، ئەو دوو کەسە لە خۆبای یە گەلێك خەڵکی بێتاوانیان وەبەر دارو قەمچی دا و ئاخری یەکەشی بەختەوەر هەر نەبوون. حەز لە سەرەڕۆیی و دەسەڵات کە ئاوا منداڵان چارەڕەش دەکا، دەی

کە گەورە بوون و پێوەندیی بەربڵاویان دەگەڵ خەڵك هەبوو چیان بە سەر دەیّ؟ ئەوانە کە خوویان بەوە گرتوە تەواوی خەڵك لە بەرامبەر خۆیاندا ببینن کە بە چۆك داهاتوون و سەریان بەرداوەتەوە، کاتێك بێنە نێو کۆمەڵگەوە سەریان سوڕ دەمێنیّ چونکی واهەست دەکەن هەموان بەرەنگاریان وێستاون، دەبینن قورسایی ئەو جیهانەی کە پێیان وابوو دەتوانن بە کەیفی خۆیان لێی خوڕن دەیان هاڕیّ.

ڕەنگدانەوەی قەڵافەتی پڕ لە شوورەیی و خۆ بەزلزان و منداڵانەیان، جگە لە سووکایەتی و بەکەم گرتن و مەخسەرە کردنیان لەلایەن خەڵکەوە، شتێکی دیکەیان بۆ دەستەبەر ناکا. ئەزموونە تاڵەکانی ژیان زوو تێیان دەگەیەنیّ کە باری ڕاستەقینەی جەستەیی و ڕۆحیی ئەوان چەند بووە.

جا لەبەر ئەوەی کە ناتوانن ئارەزووەکانیان وەدی بێنن وا دەزانن هیچیان لەدەست نایە. تەواوی ئەو کۆسپانەی کە خوویان پیّ نەگرتوون تەمابڕاویان دەکەنو ئەو هەموو سوکایەتی یە، سووکیان دەکا. زۆر زوو، بیّ غیرەت و ترسەنۆك و سووك دەبن و بەو ڕادەیەی خۆیانیان بەزل دەزانی، لەبەرچاوی خۆیان بچووك دەبنەوە.

بابگەڕێینەوە سەر فەرمانی یەکەم: سروشت منداڵی بۆ ئەوە خوڵقاندووە کە خۆش بویسترێنو یارمەتی بدرێن، نەك ئەوەیکە گوێڕایەڵ بوونیان لە ئێمە بویّ و بمانترسێنن. ئایا سروشت بۆ ترساندنی ئێمە لەوان، قەڵافەتێکی ترسێنەرو نیگایەکی تیژو دەنگێکی گڕو پڕ هەڕەشەی پێداوین؟ ئەمن هەق دەدەم بە ئاژەڵان کە لە دەنگی نەعرەتەی شێر بترسن و بەدیتنی یاڵ و بژی سامناکی ئەو وەلەرزین بکەون. بەڵام ناشیرینترین و درێوترین و گاڵتەجاڕترین دیمەن، دیمەنی ئەو کەسە گران و سەنگینانەیە کە بە جلوبەرگی فەرمی یەوە کڕنۆش دەبەن لە هەمبەر مەلۆتکەیەك داو بە ڕستەی جوان و ڕەوان ئامۆژگاریی دەکەن بەڵام لە بری وەڵام دەگوڕێنیّ و لیکاوی زاری شۆڵاوگە دەبەستیّ.

جیهانی منداڵی بێننەوە پێش چاوتان، ئایا لەم جیهانەدا بوونەوەر هەیە لە منداڵ بێ هێزترو بێ دەرەتانتر؟ ئایا کەس لەو پتر کەوتۆتە بەردەم مەترسیە ژینگەی یەکانەوە؟ و بەقەدرایی ئەو پێویستی بە چاوەدێری و بەزەیی و پشتگیری هەیە؟ ئایا ئەو دەموچاوە ناسکەو ئەو قەڵافەتە بەزەیی هێنەرە بۆ ئەوە نیە کە هەرچی لێی نزیك بۆوە، بەزەیی پێی دابێ و یارمەتی بدا؟ ئایا کار لەوە ناحەزتر هەیە کە منداڵێکی لاسارو بزۆز فەرمان بەسەر هەموو کەسانی دەورووبەریدا لێ بداو بەو پەڕی بێ شەرمی یەوە وەکوو سەرۆك و خاوەن دەسەڵات ئەمر بکا بە هەموان کە بۆ وێنە ئەگەر بە جێی بێڵن لە ڕێوە تێدا دەچێ؟

لە لایەکی دیکەوە هەموان دەزانین کە بێ دەسەڵاتیی قۆناغی منداڵی، منداڵانی بە جۆرێك بەرتەسك کردۆتەوە کە ئیتر ناهەقیە ئەگەر لە بواری ( هویوهوس)ەوە بەرتەسکیان کەینەوە و ئەو برە ئازادی یەشیان لێ بکوژین کە ناتوانن زێدەڕۆیی تێدا بکەن. چونکی ئەو ئازادیە نە قازانجی بۆ ئەوان هەیەو نە بۆ ئێمەش.هەروەکی هیچ شتێك وەك منداڵ لە خۆباییو لاسارو سەربزێوو سەمەرە نیە، هیچ شتێکیش وەکوو منداڵ خۆشەویست و ترسەنۆك و جێی بەزەیی نیە. ئێستا کە کۆیلایەتیی کۆمەڵایەتی دەگەڵ تەمەنی باڵق بوون دەست پێدەکا بۆچی لە پێشدا ناچاری بکەین کۆیلەی تاکە کەسی بێ؟ ئیزن بدەن منداڵ لانیکەم ماوەیەکی کورت لە تەمەنی خۆی پارێزراو بێ لەو کۆت و سندمەی سروشت نەی سەپاندووە بە سەریدا.( واتە کۆتو سندمی کۆمەڵایەتی دەستکردی مرۆیە) منداڵ نەگێڕنەوە لە کەڵك وەرگرتن لە ئازادیی سروشتیدا، بۆ ئەوەی لانیکەم بە دوور بێ لە گەندەڵیەکانی کۆیلەیی کۆمەڵایەتی. زۆر باشە کە مامۆستا بە زیپکو زاکوونەکان و ئەو باوکانەی کە کۆیلەی منداڵەکانیانن، بەڵگەو بیانوەکانیان بخەنە ڕوو و بەر لەوەی تاریفی مێتۆدە پەروەردەی یەکانیان بکەن لانیکەم ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بێ میتۆدو شێوازی سروشت فێر بن.

با بگەڕێنەوە سەر بەشی کردەیی (پراکتیکی). پێشتر گوتمان ئەگەر ویستان شتێك بە منداڵەکەتان بدەن هەوڵ بدەن بۆ دابین کردنی پێداویستیەکەی (4) بێ نەك بۆ ئەوەی وەڵامی داواکەیتان دابێتەوە یا ئەوەی کە گوێڕایەڵی ئەو بن. بەم شێوەیە دەبێ وشەکانی فەرمانبردن و فەرمان پێدان و بەتایبەتی وشەگەلی ئەرك و تێ هەڵکێلان و هەڵپێچان، لە قامووسی ئەو دا پلەی یەکەمیان هەبێ. مەسەلەی ئەخلاقی و پەیوەندی یە کۆمەڵاتی یەکان بۆ منداڵێکی کە هێشتا بالق نەبووە، واتایەکیان نیە. کەوابوو دەبێ هەتا ئەو جێ یەی دەکرێ خۆ ببوێرین لە بەکار هێنانی ئەم وشانەی کە هەڵگری ئەو واتایانەن بۆ ئەوەی منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانەوە چەمك و واتای چەوتیان لێ هەڵ نەکرێنێ. چونکی لەوانەیە دووایی نەتوانین ئەو ماناو واتا هەڵەو چەوتانەیان لە مێشکدا بسڕینەوە. یەکەم خاڵێکی چەوت کە بکەوێتە مێشکی یەوە دەبێتە یەکەم گەرای چەوتیو گەندەڵی. بە تایبەتی لەم قۆناغە سەرەتایەدا دەبێ زۆر هوشیار بین. کارێك بکەن کە هەتا ئەو دەمەی منداڵ تەنیا درك بە شتە بەرهەستەکان دەکا، بیرو هزری لە بازنەی شتە هەستپێکراوەکاندا بمێنێتەوە، وابکەن کە جیا لە دەورووبەری خۆی و شتە هەستپێکراوکانی ژینگەی دەوروبەری، شتێکی دیکە نەبینێ ئەگینا دڵنیا بن کە قەت گوێ ناداتە هیچ قسەیەکتان . یا ئەگەر گوێ بەقسەکانتان بدات سەبارەت بەو ژینگە ئەخلاقیەی کە قسەی لەگەڵ دەکەن، بیرو باوەڕێکی سەیروسەمەرەی دەبێ کە لە تەواوی ژیانیدا لە گەڵی دەبن.

یەکێك لە دەستوورە سەرەکیەکانی جۆن لۆك بەڵگەهێنانەوە بووە بۆ منداڵان. ئەم دەستوورە ئەمڕۆکە لە هەموان پتر باوی هەیە. بەڵام بە رای من ئەو سەرکەوتنەی کە وەدەستی هێناوە، نیشانەی راستیو دروستیەکەی نیەو من لە سەر ئەو باوەڕەم کە هیچ کەس لەو منداڵانەی کە ئەو هەموو بەڵگەیەیان بۆ دێننەوە گەمژەتر نیە. لە نێو هەموو توانا مرۆی

یەکاندا، هێزی ئاوەز کە تێکەڵاوی یەکە لە هێزو تواناکانی دیکە، دژوارتر و درەنگتر هەڵ دەدا. بەڵام خەڵك بە هەڵە بۆ هەڵدان و گەشەی وزە و تواناکانی دیکە کەڵك لەم هێزە وەردەگرن.

باشترین شێوە بۆ پەروەردە ئەوەیکە، تاك ژیرو ئاقڵ بار بێنین. بەڵام راهێنەرانی ئەمڕۆیی گەرەکیانە تەنیا بە بەڵگەی عەقڵانی منداڵ بگەیەنە ئەو پلەیە. وەکوو ئەوە وایە یەکێك بخوازێ لە کۆتای یەوە دەست بە کارێك بکاو ئاکامە کردەی یەکەشی بکاتە پاساوێك بۆ بەرێوەبردنی وەها کارێك. ئەگەر منداڵان لە بەڵگە و پاساوە عەقڵیەکان تێ گەیشتبن، چ پێویستی یەکیان بە پەروەردە کردن دەبوو. ئەگەر لە منداڵی یەوە بە زمانێکی مناڵانە بدووێین کە لێی تێناگەن، وایان رادێنین کە ئەگەر گەورەش بوون، بە فشەو بێ جێ کەڵك لە وشەکان وەرگرن و بە عەقڵی خۆیان ئەو شتانە هەڵ سەنگێنن کە پێیان دەگوترێ و خۆیان پێ لە مامۆستاکەیان ژیرتر بێ و لە ئاکامدا سەر بزێوبن و حەزیان لە مشتومڕ بێ. هەمووی ئەم کارانەی کە ئێوە پێتان وایە منداڵ لە رووی عەقڵەوە کردوونی، عەقڵانی نەبوون بەڵکو بەرهەم و دەرەنجامی هەستی تەماح و ترس و خۆپەرەستی یەك بووە کە ئێوە لە ناخیدا وروژاندووتانە.

نزیك بە تەواوی ئەو وانە ئەخلاقیانەی کە بە منداڵ دەدرێن یا لەوانەیە پێیان بگوترێن دەکرێ بەمشێوەیە کورت بکرێنەوە :

مامۆستا: نابێ ئەو کارە بکەی.

منداڵ: بۆ نابێ بیکەم؟

مامۆستا: چونکی کارێکی خراپە.

منداڵ: کارێکی خراپە! کاری خراپ چیە؟

مامۆستا: ئەو کارەی کە ناهێڵین تۆ بیکەی

منداڵ: دەی چ زیانێکی هەیە کە ئەو کارەی منی لێ دەگێڕنەوە بیکەم؟

مامۆستا: زیانەکەی لەوەدایە کە لەبەر نافەرمانی (گوێ پێ نەدان) سزات دەدەن.

منداڵ: کارێکی وادەکەم پێ نەزانن.

مامۆستا: چاویان بەسەرتەوە دەبێ.

منداڵ بە دزی یەوە دەیکەم.

مامۆستا: لێت دەپرسنەوە

منداڵ: درۆیان دەکەم

مامۆستا: نابێ درۆ بکەی.

منداڵ: بۆ نابێ درۆ بکەم

مامۆستا: چونکی خراپە.

ئەوەیە ئەم لە بازنەدا خولانەوەیەی کە ناکرێ خۆی لێ ببوێری. ئەگەر لەو بازنەیە بچینە دەرێ منداڵ لێتان تێ ناگا. ئایا ئەم شێوە فێر کردنە تەواو باشە؟

دەمویست بزانم چ شتێك لەوانەیە جێگەی ئەم وتووێژە بگرێتەوە؟ دڵنیام خۆی جۆن لۆکیش نەی دەتوانی شتێکی لە جێگەی دابنێ. جویٚ کردنەوەی چاکە لە خراپەو تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەرك و بەرپرسیارەتیی مرۆیی کاری منداڵ نیە.

سروشت وادەخوازیٚ کە منداڵ بەر لە باڵق بوون منداڵ بن. ئەگەر بمانەویٚ تەکووزی یەکە تێك دەین، مانای ئەوە دەدات کە منداڵی وامان دەوێن کە یان مامۆستاگەلێکی ساوا بن یان بیرمەند بن. شێوەی تێگەیشتن‌و بیر کردنەوە و هەست کردنی منداڵان تایبەت بە خۆیانەو هیچ شتێك لەوە گەمژەیی تر نیە (ئەوپەڕی گەمژەی یە) ئەگەر بخوازین شێوەی بیر کردنەوەی خۆمان لە جێگەی شێوەی بیرکردنەوەی ئەوان دانێین. بەڕای من چاوەڕوانیی ئەوەیکە منداڵێك (پێنج پیٚ) مەتر کەڵەگەت بیٚ زیاتر عەقڵ دەی بڕیٚ هەتا ئەوەیکە چاوەڕوانیت لێی هەبیٚ لە تەمەنی دە ساڵیدا داوەری یەکی دروست بکا. عەقڵ لەم تەمەنەدا بەهرەیەکی ئەوتۆی بۆ ئەو نیە. عەقڵ لەم تەمەنەدا راگر (stop)ی هێزەو منداڵ پێویستیی بەم ستۆپە نیە. کاتێك دەتانەویٚ قوتابی یەکانتان بەو قەناعەتە بگەیەنن کە پێویستە گویٚ ڕایەڵ بن بە بیٚ ئەوەی خۆتان بزانن، زۆر لێکردن و پاڕانەوە و قەول و بەڵێن دەخەنە گەڵ ئەو بەڵگانەوەی بۆ قایل کردنی ئەو بۆی دێننەوە. لە ئاکامدا منداڵان، جار بە مەبەستی بەرتیل ئەستاندن و جار بۆ گوشار خستنە سەر، وادەنوێنن کە بەڵگەکانتان قایلی کردوون، هەر دەگەڵ ئەوەیکە ئێوە لە فەرمانبردن یا نافەرمانیەکەیان تێدەگەن. بە جوانی لێیان حاڵی دەبیٚ کە گوێڕایەڵی بە قازانجیانەو نافەرمانی و سەر بزێوی بە زیانیان دەشکێتەوە. بەڵام چونکی تەنیا ئەو شتانەتان لە منداڵ دەویٚ کە لەگەڵ سروشتیان ناتەبایەو لە بەر ئەوەیکە هەمیشە بەڕێوە بردنی خواستی ئەوانیتر بۆ ئەوان ناخۆشە، ئەوەی خۆیان گەرەکیانە بە دزی یەوە دەیکەن، چونکی دڵنیان لەوەیکە ئەگەر سەر بزێوی یەکەیان شاراوە بیٚ، کارێکی خراپیان نەکردووە. بەڵام ئەگەر هەڵەکەیان روون بێتەوە، لە ترسی زیانی پتر، دان بە هەڵەکەیاندا دەنێن. لەبەر ئەوەیکە ئەو بەڵگانەی بۆ ئەرك وەخۆگری لەگەڵ تەمەنیان یەك ناگرێتەوە، هیچ کەس ناتوانیٚ بەڕاستی لەو

بەڵگە و هۆیانە تێیان گەیەنێ. ترس لە تەمبێ کردن و هیواداربوون بەوەی کە دەیانبوورن یا چەرمەسەری و دژواریی بە قسە کردن، ناچاریان دەکا دان بە هەر شتێك دابنێن کە ئێوە گەرەکتانەو ئێوەش پێتان وایە کە قایلتان کردوون لە حاڵێکدا تەنیا ماندووتان کردوون یا ترساندووتانن.

ئاکامی ئەو کارە چیە؟ یەکەم چونکی لەو ئەرکە تێناگەن کە بەسەتاندا سەپاندوون و بەو ناهەقیەی لێتان کردوون، بوونەتە هۆی ناڕەزایەتیی ئەوان و نەتان هێشتوە ئێوەیان خۆش بوێ.

دووهەم ئەوەیکە فێرتان کردوون کە درۆزن و گزیکارو دووڕوو بن. بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خەڵاتێك وەرگرن کە مافی ئەوان نیە وەریگرن و لە سزایەك خۆدەربازکەن کە شیاوی ئەوەن بیچێژن. بەکورتی چونکی وایان رادێنن کە بەڵگە و هۆکارە حەقیقی یەکان لەو دیو پاساوو بیانووە ڕواڵەتیەکان بشارنەوە، خۆتان ناچاریان دەکەن. بەردەوام فریوتان بدەن و ئەخلاق و رەوشتی راستەقینەی خۆیانتان لێ بشارنەوەو بەگوێرەی پێویست بە قسەی پڕوپوچ ئێوە و کەسانی دیکە هەڵ خەڵەتێنن. لەوانەیە بلێن کە یاسا مەدەنیەکانیش وێڕای ئەوەی کە بە پێی ئەخلاق و ویژان پێویستە رەچاو بکرێ، بەڵام مرۆڤە گەورە و باڵغەکان ناچار دەکا بەرێوەی بەرن و گوێڕایەڵی بن. بەڵێ وایە بەڵام بۆ لەبیرتان چۆتەوە کە مرۆڤەکانی ئێستا، ئەو منداڵانەن کەخراپ پەروەردە کراون؟ دەبێ منداڵان بە جۆرێك پەروەردە بکرێن کەکاتێك گەورە بوون، بەبێ زۆرە ملی و ناچاری، ئەرکی خۆیان راپەڕێنن، بەکورتی، دەبێ لەگەڵ منداڵ بەزۆر و لەگەڵ گەورەکان بە بەڵگەی راستەقینەوە هەڵسوکەوت بکرێ چونکی تەکووزیی سروشتی جگە لەوە شتێکی دیکە نیە. لە راستیدا مرۆڤی ژیر پێویستیی بە یاسا نیە.

بە پێی گونجاویی تەمەن هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی یەکەتان بکەن. سەرەتا راست بە پێی تەمەنی تەربیەتی بکەن و وریا بن کە لە بەڕەی خۆی زیاتر پێ رانەکێشێ و نەشی هەوێ

سنووری خۆی ببەزێنێ. ئەگەر بەمجۆرە بێ، بەر لەوەی بزانێ عەقڵ چی یە، گرینگترین دەستوورو فەرمانی ئاوەز بەڕێوە دەبا. بە هیچ شێوەیەك فەرمانی بەسەردا لێ مەدەن. تەنانەت مەهێڵن وا هەست بکا کە ئێوە دەتانەوێ بە سەریدا زاڵ بن بەس ئەوندە بزانێ کە ئێوە بەهێزن و ئەو لاوازو بێ هێزەو ئەوەش وا دەخوازێ کە ئەو لە ژێر فەرمانی ئێوە دابێ. دەبێ ئەم شتە بزانێ وهەستی پێ بکا.

هەروەها پێویستە خێرا ئەو کۆت و بەندە گرانەی سروشت بە سەر مرۆڤی دا دەسەپێنێ (واتە کۆتو بەندی گرانی ئاتاجی و پێویستی کە هەموو کەسێك بە چۆك دادێنێ) بەردەوام لە سەر خۆی هەستی پێ بکا. دەبێ ئەم چاو لە دەستی یە بە بەرهەمی یاساکانی سروشت دابنێ نەك بەرهەمی ویستی دڵی خەڵك.(5) ئەو ستۆپ stopەی کە پێشی دەگرێ تەنیا دەبێ گوشاری سروشت بێ نەك دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئێوە. ئەگەر دەتانەوێ ئەوکارە نەکا کە ئێوە پێتان خراپە، بەزمان مەی گێڕنەوە لەو کارە، بەڵکو بەبێ هیچ شیکرنەوەو بەڵگە هێنانەوەیەك بیگێڕنەوە. هەرکات دەتانەوێ شتێکی بدەنێ، دەگەڵ یەکەم قسەی واتە بە بێ تکاو پاڕانەوەو بە تایبەتی بە بێ مەرج پێی بدەن. هەمیشە بە گرۆیی و مەیلەوە پێی بدەن و بە ناخۆشیەوە خۆ ببوێرن بەڵام سووربن لە سەر پێ نەدان و خۆ بواردنەکەشتان. نابێ تاڵی و سوێری یەکان وەڕستان کەن. کاتێك وشەی (( نا)) دێننە سەر زمانتان، دەبێ وەکوو دیواری پۆڵایین بێ بۆ ئەوەی کە منداڵ پاش ئەوەی پێنج شەش کەڕەت هێزی خۆی لە دژی تاقیکردەوە ئیتر بە مێشکی دا ختوور نەکاتەوە، ئاوەژووی بکاتەوە. بەو شێوەیە هەرگیز پتر لەوەی داوای دەکا، پێی مەدەن. بە لەسەرەخۆیی و هێوری مل بۆ ویستی ئێوە رادەکێشێ. چونکی مرۆڤ بە شێوەیەی جەوهەری لە هەمبەر ئەو تاڵی و سوێرییانەدا کە بەرهەمی سروشتن، دان بە جەرگی دادەگرێ، بەڵام نیازخراپیی مرۆڤەکان قەبووڵ ناکا. وشەی ((ئیتر تەواو)) وەڵامێکە کە منداڵ هەرگیز لە بەرامبەریدا مل با نادا مەگەر ئەوەیکە پێی وابێ درۆی دەگەڵ دەکەن. لێرەدا نێونجێك لە گۆڕێدا نیە. یا نابێ هیچ شتێك لە منداڵ داوا بکرێ، یا هەر لە

سەرەتاوە ڕای بێنن کە تەواو فەرمانبەرێ. خراپترین شێوەی پـەروەردە ئەوەیـە کـە منـداڵ لـە نێوان ئەو شتەی خۆی گەرەکیەتی و ئـەوەی ئێـوە دەتانـەوێ، دوودڵ و دڕدۆنـگ بمێنێتـەوە و بەردەوام لە سەر ئەوەیکە کامتان دەسەڵاتتان بە دەستە مقۆمقۆو مشتومڕ هـەبێ. ئـەمن سـەت کەڕەت پێم باشترە کە دەسەڵات بە منداڵەکە بێ نەك ئەو کێشەو مشتومڕە لە گۆڕێدا بێ.

نابێ فەرمانی زارەکی بەسەر قوتابی دا لێ بـدرێ. لێگـەڕێن بـا تـەنیا ئـەزموون فێـری بکـا. کەوابوو پەروەردەی سەرەتایی دەبێ بەتایبـەتی نیگـەتیف بـێ بـەڵام بـەردەوام بـۆ ئـەوەی لـە دەروونی منداڵ تێ بگەن لە سروشت ورد بنەوە.

# یەکەمین بنەماکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی

لە بەر ئەوەیکە ئێمیل بە دوور لە تۆکەرە گەندەڵ و پەروەردە نەکراوەکان پەروەردە دەکرێ، فێری خووخدەی چەوتو ناشیرین نابێ. بەڵام ئەستەمە بەتەواوی لە هاوڕێی خراپ بیپارێزی. هەڵبەت ئەم شتە زیانێکی ئەو تۆی نیە، چونکی هەر ئەوندە بەسە کە ئێمیل ئەم جۆرە کەسانەی لە پێش چاو ڕەش دەبن.

یەکەم ئەرك گەلێك کە دەبێ بەڕێوەیان بەرین، سەبارەت بە خۆمانە. یەکەمین کەفوکوڵەکانی ئێمە دەگەڕێنەوە بۆ خۆمان و روویان لە خۆمان دەبێ. تەواوی کردەوە سروشتی یەکانی ئێمە سەرەتا بۆ سلامەتیی جەستەو دابین کردنی هێمنی و ئامرازەکانی ئاسوودەیی خۆمان بەکار دێن. کەوابوو یەکەم جار کە لەواتای دادپەروەری تێدەگەین، ئەوکاتانەیە کە ناهەقی لە کەسانی دیکە دەکەین، بەڵکو ئەوکاتەیە کە ئەوان مافی ئێمیل پێ شێل دەکەن. یەکێك لەو هەڵە پەروەردەییانەی کە ئەمڕۆ باوە، ئەوەیەکە سەرەتا، لەگەڵ منداڵاندا باس لە ئەرکەکانیان دەکرێ بەڵام ئاماژە بە مافەکانیان ناکەن. واتە راست بە پێچەوانەی ئەو شتەیان پێدەڵێن کە دەبێ پێیان بگوترێ. دیارە منداڵان لەو شتانە تێ ناگەنو زۆریشیان حەز لێ نیە.

ئەگەر ڕێنوێنی کردنی یەکێك لەو منداڵانە بەمن ئەسپێردرابایە، بەخۆم دەگوت، منداڵ مافی کەسانی دیکە ناخوات (دەست درێژی ناکاتە سەر هیچ کەس)(6) بەڵکو زیاتر هێرش دەباتە سەر شتەکان، چونکی ئەزموون فێری ئەوەی دەکا کە نابێ لەگەڵ ئەوانەی کە لەو بەهێزترن و کراسێکیان پتر دڕاندووە، دەستەوئێخە بێ. بەڵام ((شت))ەکان ناتوانن لە سەرە خۆیان بێنە جواب. کەوابوو سەرەتا دەبێ ڕێزگرتن لە مافی مڵکایەتی فێری منداڵ بکرێ،دووایی ڕێزگرتن لە ئازادیی کەسەکان. بۆ ئەوەی ئەو تێبگا مافی مڵکایەتی چ واتایەکی هەیە، دەبێ سەرەتا خۆی خاوەنی شتێك بێ. ئەگەر پێی بگوترێ کەلوپەلی نێو دیوەکەت و لەیستۆکەکانت (ملعبە) هی خۆتن، لە مەبەستەکە تێناگا. چونکی سەرەڕای ئەوەیکە ئەو شتانەی لە بەردەستن نازانێ بۆچیو لە چ ڕێگەیەکەوە ئەوانەی بەدەست هێناون. ئەگەر بڵێین ئەم شتانە هی تۆن، چونکی داویانن بە تۆ، دیسانیش تێناگا. چونکی بۆ ئەوەی یەکێك شتێك ببەخشێ، دەبێ لە پێشدا ئەو شتەی بووبێ. واتە منداڵ بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی شتەکە، دەبێ بەر لەو خاوەنێکی دیکە هەبووبێ. کەچی ئێوە تازە گەرەکتانە ئەو لە بنەمای خاوەنداریێتی تێ گەیەنن. بەخشین جۆرێکە لە گرێبەست و منداڵ بۆی ناچێتەوەسەر یەك کە گرێبەست چیە؟(7)

خوێنەرەخۆشەویستەکان، تکایە لەم نموونەیەو هەزاران نموونەی دیکەوە بۆت دەرکەوێ کە چۆناوچۆن ئەو شتانەی کە منداڵ هیچ لەواتایان تێناگا دەی خزێننە نێو مێشکیانەوە و تازە پێیان وایە بە باشی پەروەردەیان کردوون کەوابوو دەبێ لە پێشدا بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاو سەرچاوە بۆ ئەوەی منداڵ بە تەواوی لە ماناکەی تێ بگا.

قوتابی یەکەی من کە لە کوێستانێ دەژی، کەموو زۆر دەگەڵ ئیش‌وکاری گوند ئاشنا بووە. بۆ ئەم کارە هەر ئەوەندەی بەسە دەرفەتی هەبێ و بە مشوور بێ و بە هەبوونی ئەم دوو ئامرازە، لە هەر تەمەنێکدا بەتایبەتی لە تەمەنی ئەودا مرۆڤ حەزی لی یە کارێك بکا، لاسایی بکاتەوە، بەرهەم بێنێ، هێزی خۆی بخاتەگەڕ و چالاکی بنوێنێ، هەر ئەوەیکە دوو سێ جار

ببینیّ باخ‌و زه‌وی ده‌کێڵن* تۆوی پێوه‌ ده‌که‌ن و به‌رهه‌می لیّ هه‌لّ ده‌گرن، ئه‌ویش حه‌زی له‌ باخه‌وانی ده‌بیّ.

به‌ پێی ئه‌و بنه‌مایانه‌ی له‌ پێشدا گوتمن، پێش له‌ هه‌وه‌سی ئه‌و ناگرم به‌ پێچه‌وانه‌، هاوکاریی ده‌که‌م. واده‌ نوێنم که‌ هاوسه‌لیقه‌ی ئه‌وم. کاری له‌گه‌لّ ده‌که‌م. منداڵه‌که‌ پێی وایه‌ ئه‌و شتانه‌ بۆ پێخۆش بوونی خۆم ده‌که‌م نه‌ك بۆ پێخۆش بوون و دڵخۆشیی ئه‌و. له‌ راستیدا ده‌بمه‌ قوتابیی ئه‌و و هه‌تا ئه‌وده‌مه‌ی شان و باهۆی به‌هێز نه‌بوون له‌ بری ئه‌و زه‌وی ده‌کێڵم. ئه‌و منداڵه‌ به‌ چاندنی ده‌نکه‌ باقله‌یه‌ك ده‌بێته‌ خاوه‌ن پارچه‌ زه‌وی یه‌ك.

به‌ دڵنیایی ئه‌و پێی وایه‌ ئه‌و وه‌ده‌ستهێنانه‌ هێنده‌ی کاره‌که‌ی نونێزبالبا Nunez Balbbaگرینگ و پیرۆزه‌ که‌ ئالاّی سپانیای له‌ که‌ناری ده‌ریای باشوور هه‌لّ کردو به‌ناوی پاشاکه‌ی خۆی ئه‌مریکای باشووری گرت.

ئێمیل هه‌موو رۆژیّ باخچه‌ی باقله‌کانی خۆی ئاو ده‌داو به‌دیتنی گه‌شه‌و هه‌لّ دانیان نوقمی خۆشحاڵی ده‌بیّ. کاتێك ده‌ڵیم: ((ئه‌م کێڵگه‌یه‌ هی ئێوه‌یه‌)) زۆر خۆشحاڵتر ده‌بیّ. ئه‌و کات تێی ده‌گه‌یه‌نم که‌رسته‌ی ((هی ئێوه‌یه‌)) یانی چی. بۆی ده‌رده‌خه‌م که‌، زه‌حمه‌ت‌و کات و کاری خۆی بۆ کێڵگه‌یه‌ ته‌رخان کردووه‌. وه‌ك بڵێی به‌شێك له‌ گیان‌و جه‌سته‌ی له‌م زه‌وی یه‌دا نێژراوه‌و ئه‌گه‌ر که‌سێك ئه‌م زه‌وی یه‌ی لیّ رفاند بۆی هه‌یه‌ لێی بستێنێته‌وه‌. هه‌روه‌کی بۆی هه‌یه‌ باسکی خۆی له‌ چنگی ئه‌وکه‌سه‌ ده‌ربێنیّ که‌ ده‌یه‌ویّ به‌زۆری رای گریّ. منداڵه‌که‌ رۆژێك به‌ ئاو پاشێکه‌وه‌، به‌ په‌له‌ دێته‌ نێو باخه‌که‌ی. چ دیمه‌نێکی دڵته‌زێن! ته‌واوی باقله‌کان هه‌ڵکێشراون و زه‌وی یه‌که‌ وه‌ردی دراوه‌ته‌وه‌. ته‌نانه‌ت ئاسه‌وارێك له‌ باقله‌ نه‌ماوه‌ته‌وه‌. منداڵه‌که‌ ده‌ست ده‌کا به‌ گریان و نووزانه‌وه‌، ره‌نج به‌خه‌سار خۆم کیّ ماڵه‌که‌ی بردووم؟ کیّ باقله‌کانی لیّ هه‌ڵکێشاوم؟

ئەم دڵە شلکە تەنگ دەبێ و یەکەمین دڵۆپە ژەهراوی یەکانی ناهەقیی دەتکێتە نێوی. فرمێسك وەك سێڵاو لە چاوی شۆڵاوگە دەبەستێ. دەنگی گریانی دەگاتە تەشقی ئاسمان. خزم و کەس دەوری دەگرن. دەبنە هاودەردی، دەگەڕێن، لێی دەکۆڵنەوە، ئاخری یەکەی دەردەکەوێ باخەوان وای کردووە. بانگی دەکەنو لێی دەپێچنەوە.

بەڵام ئەو رووداوە پێچەوانەی چاوەڕوانیمانە. هەر ئەوەیکە باخەوان تێدەگا مەسەلەکە چیە، سکاڵا لە ئێمە دەکا، دەڵێ: ((برادەرینە، ئەوە ئێوەن باخەکەی منتان تێك داوە. ئەمن لێرە کاڵەکی (ماڵت)م چاندبوو کە تۆوەکەی وەکوو گەوهەری نایابە. بە ئاوات بووم لەو میوەیەتان بۆ دابنێم. ئێستا کە بۆ چاندنی ئەو باقلانە بڕکەکاڵەکەکانتان لێ هەڵکێشاوم زیانێکی قەرەبوو هەڵنەگرتان لە من داوەو خۆشتان بێبەش کردووە لە خواردنی کاڵەکی باشو بەتام.

ژان ژاك دەڵێ: لە رۆبێری چارەڕەشی ئێمە خۆش بن، ئێوە کارو زەحمەتی خۆتان بۆ ئەم زەوی یە تەرخان کردبوو، ئێمە خەتابارین کە کارەکەمان لێ تێك داون بەڵام خەمتان نەبێ. لە ((ماڵت))ەوە تۆوی دیکەتان بۆ دێنین لە مەودووا، هەرکات ویستمان زەوی یەك داچێنن لە پێشدا لێی دەکۆڵینەوە بزانین کەس شتی لێ دانەچاندووە؟

رۆبێر دەڵێ: برادەرینە، بەو هیوایە مەبن لەبەر ئەوەیکە ئیتر زەویی نەکێڵدراو لەم دەوروبەرانە دەست ناکەوێ. ئەمن زەوی یەك دادەچێنم کە باوکم بووژاندوویەتەوە، هەرکەسەی بەش بەحاڵی خۆی ئەو کارە دەکاو تەواوی ئەو زەوییانەی کە دەیانبینن خاوەنیان هەیە.

ئێمیل: کاك رۆبێر، ئەرێ زۆر جار دێتە پێش کە تۆوی کاڵەك لە ناو بچێ؟

رۆبێر: کاکە گیان ببورن. وەها شتێك بەدەگمەن دێتە پێش چونکی منداڵۆچکەی وەك ئێوە بزۆزو نەزان کەم دێنە ئەم ئاوای یەی ئێمە. لێرە هیچ کەس زیان لە باخی دراوسێکەی نادا. هەرکەسەی رێز لە کارو زەحمەتی خەڵك دەگرێ بۆ ئەوەی کارو زەحمەتی خۆی پارێزراو بێ.

ئێمیل: دەی خۆ من باخم نیە.

رۆبێر: دەی بەمن چی. بە هەرحاڵ پێتان دەڵێم: کە ئەگەر باخەکەتان لێ خراپ کردم ئیتر ئێزنتان پێ نادەم تێیدا بگەڕێن، چونکی حەزم لێ نیە رەنج بە خەسار بم.

ژان ژاك دەڵێ: ناکرێ پەیمانێك لەگەڵ رۆبێری دلۆڤان ببەستین؟ بۆ وێنە، گۆشەیەکی باخەکە بدات بە من و هاوڕێ بچکۆلانەکەم بۆ ئەوەی دای چێنین هەڵبەت بەو مەرجەی نیوەی بەرهەمەکەی بۆ ئەو بێ.

رۆێتر: قبووڵمە. مەرجی ناوێ ، بەڵام لە بیرتان نەچێ بێتو دەست لە کاڵەکەکانم بدەن، باخچەی باقلەکەتان وەرد دەدەمەوە.

دەکرێ لەم شێوە فێر کردنەی بنەما سەرەتای یە کۆمەڵایەتیەکاندا، ببینین کە چەمك و واتای خاوەندارێتی چۆن روون دەبێتەوە. خاوەندارێتی واتە ئەوەیکە یەکێك بەر لەوانیتر بە هۆی ئیش کردنەوە زەوی یەکی داگیر کردووە. ئەم شێوە فێرکاری یە روون و سادەیەو منداڵیش لێی تێدەگەن. مەودای نێوان مافی یەکەمین دەست بە سەرداگر( متصرّف) هەتا یەکەم خاوەندارێتیو ئاڵوگۆڕ، لە هەنگاوێك پتر نیەو پاش تێپەڕاندنی ئەم هەنگاوە دەبێ دەمودەست بووەستی.

هەروەها دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەوەی من لە دوو لاپەڕەدا باسم کرد ساتێکی پێدەوێ بۆ ئەوەی بە شێوەی پراکتیکی بەڕێوە بچێ. چونکی لە جادەی بیروڕای ئەخلاقیدا، هەر چەندەی

له سەرەخۆتر بچینە پێش‌و هەرچەند هەنگاومان پتەوتر بن هێشتا کەمە، ئـەمن تکـا دەکـەم لـە مامۆستا گەنجەکان کە لەم نموونەیە وردبنەوە و لێی رامێنن و ئەوەیان لە بـەر چـاو بـێ کـە لـە سەر هەر بابەتێك دەبێ قسە و کردەوەتان یەك بێ چونکی منداڵ زۆر خێرا ئەو شتەی دەیلێن و دەیبیستن لە بیریان دەچێتەوە. بەڵام ئەو کارانەی دەیکەن و ئەوەی لەگەڵیان دەکرێ درەنگتر فەرامۆشی دەکەن.

هەروەکی پێشتر گوتم: بەپێی ئەوەیکە سروشتی سەربزێو یا هێوری منداڵ پێویسـت بـوونی ئەم پەروەردەو فێرکارییانە وەدرەنگی بخا یا ببێتە هۆی زووتر بەڕێوەچونیان، دەبێ دەرنگ یا زوو فێری بن. قازانجی ئـەم کـارە ئەونـدە روونـە کـە پێویسـتی بـە شـیکردنەوە نیـە. بـەڵام بـۆ ئەوەیکە لەم بارەیەوە هیچ شتێکم لە یاد نەکردبێ، نموونەیەکی دیکەش دێنمەوە.

ئەگەر منداڵە لاسارەکەتان دەستی گەیشتە هەر شتێك‌و خراپیشی کـرد، تـووڕە مـەبن. ئـەو شتانەی لە بەر دەستان دامەنێن کە لەوانەیە خراپی بکا. ئایا ئەو کەلوپەلەی لە دیوەکەی خۆیدا پێویستی پێیانە خراپیان دەکا؟ {ئەگەر وای کرد} لەڕێوە کەلوپەلی

دیکەی مـەدەنێ. لێـی گـەڕێن بـا تـامی نـەبوونی بچـێژێ. شووشـەی پـەنجـەرەی دیوەکـەی دەشکێنێ؟ لێ گەڕێن شەوورۆژ ((با)) ئازاری بـدا، مەترسـن لـەوەی هەڵامـەت بگـرێ، هەڵامـەت بگرێ باشترە لەوەیکە بە سەر شێتی بمێنێتەوە. وەڕەس مەبن لـەو چەرمەسـەرییانەی بۆتـان دەخولقێنێ. بەڵکو کارێکی وابکەن خۆی زووتر هەست بە ئازار بکا. جامی پەرنجەرەکەی بۆ تێ بخەنەوە بە بێ ئەوەی دەنگتـان بێـتە دەرێ. ئەگـەر دیسـانیش شـکاندی یـەوە، هەڵسـوکەوتی خۆتان بگۆڕن. بە نێوچاوانی تاڵ بەڵام بە تووڕەیی پێی بڵێن : پەنجەرەکە ئی منـە، زۆرم تـاڵی چێشتووە هەتا خستوومەتە جێ.حەزدەکەم بپارێزرێ. دوواتـر لـە هۆدەیـەکی بـەبێ پەنجـەرەدا رایگرن. لە هەمبەر ئەو هەڵسووکەوتەی کە دەگەڵی نامۆیە، لە پێشدا دەگوڕێنێ و بزۆزی دەکـا، کەس گوێ ناداتێ زوو ماندوو دەبێو راوێژی خـۆی دەگـۆڕێ. سـکاڵادەکاو دەپاڕێتـەوە. دایـەن

دێتە نێو بژیوانی. مندالّی سەر بزێو داوای لێدەکا رزگاری بکا. دایەن بیانوو ناهێنێتەوە کە بۆچی گوێی لێ ناگرێ . تەنیا دەلّێ: ئەمنیش دەمەوێ جامی پەنجەرەکە پارێزراو بێ.و دەڕوا. بە کورتی پاش ئەوەیکە مندالّەکە چەندین سەعات لەوێدا مایەوە و چێژی ئەو دۆخە تالّەی چێشت. یەکێك لە مێشکی دا دەچەسپێنێ کەدەبێ پەیمان لە گەلّ ئێوە ببەستێ کە بە پێی ئەو گرێبەستە ئازاد بکرێ. بە مەرجێك کە ئیتر هیچ شووشەیەك نەشکێنێ. مندالّەش ئەوەی لە خودا گەرەکە. داوا لە ئێوە دەکا بچنەلای و ئێوەش دەچن. پێشنیارەکەی خۆی دێنێتە گۆڕێ و ئێوەش دەمودەست قەبوولّی دەکەنو دەلّێن:((فکرێکی باشت کردووەتەوە. ئەو کارە بە قازانجی هەردووکمانە، ئەدی بۆچی زووتر ئەوەت بە مێشکی دا نەدەهات؟)) دوواتر بە بێ ئەوەی بتانەوێ گرێبەستەکەتان بنوسن ئەملاوئەولای ماچ دەکەنو دەیبەنەوە هۆدەکەی خۆی و ئەم گرێبەستە بەشتێکی پیرۆز لە قەلّەم دەدەن کە نابێ پێ شێل بکرێ. راست وەکوو ئەوەیکە مندالّەکە سوێندی خواردبێ کە ئیتر هەلّە نەکا. ئایا ئێوە دەزانن کە ئەو سەبارەت بەم هەلّسوکەوتەی ئێوە چۆن بیر دەکاتەوە؟ چۆن بیرلە وەفاداری و باشیەکانی دەکاتەوە؟

ئەگەر لەم سەر زەوی یەدا تاقە مندالّێك دەست کەوێ کە لەوسو نازدار بارنەهاتبێ و نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەم جۆرە ئاکارو هەلّسوکەوتەوە و دیسانیش بە ئانقەست شووشە بشکێنێ، ئەمن پێ لە هەلّەی خۆم دەنێم.

بەر لە هەر شتێك باشترە سەرنج بدەنە دەرەنجامی ئەم بابەتە ئەو کاتەی ئەو مندالّە بەدفەڕە زەویی هەلّ دەکۆلّێ بۆ ئەوەی باقلەیەکی تێدا بنێژێ قەت پێی وانە بوو کەبەندیخانەیەك بۆخۆی ساز دەکا کە زۆر زوو زانیاری یەکانی خۆی لەوێدا بەندی دەکەن.

لێرەوە پێ دەنێتە نێو ژینگەی ئەخلاقیەوە. لەم قۆناغەوە گەندەلّی دەست پێدەکا. بەلّێن، گرێبەست، ئەرك، تەواوی ئەوانە درۆ و دەلەسە لە گەلّ خۆیان دێنن. لەو کاتەوە کە تاك دەتوانێ کاری بێ جێ بکا هەولّ دەدا کردەوە چەوتەکانی خۆی بشارێتەوە. لەو کاتەوە کە

هۆگری بەشتێك دەبێتە هۆی بەڵێنی دان، لەوانەیە هۆگری و حەز کردن لە شتێکی باشتر ببێتە هۆی پەیمان شکاندن. بەڵام چونکی پەیمان شکێنی سزادانی لە دووایە، دەبێ چارە سەریی بۆ بدۆزرێتەوە: یا کردەوەکان بە شاراوە بن یا ئەوەیکە درۆ بکرێ. چاولێکەن چارەڕەشیی مرۆڤەکان چۆن لە هەڵەکانیانەوە دەست پێدەکا. لە بەر ئەوەیکە نەمانتوانیوە پێش بینی گەندەڵی بکەین ناچارین تەمبێ بکەین. گەلێ جاران گوتوومە و خوێنەرانیش ئاگادارن کە: نابێ بە مەبەستی سزادان منداڵان تەمبێ بکرێن. ئەو سزایەی کە دەی بینن دەبێ دەرەنجامی راستەوخۆو سروشتیی کارە ناحەزەکانیان بێ. کەوابوو لە سەر گەندەڵی یەکانی درۆ کردن قسەمەکەن و لە سەر درۆ کردن منداڵ سزا مەدەن بەڵکو کارێکی وابکەن کە هەرکات درۆی کرد، تەواوی ئاکامە خراپ و چەوتەکانی بە چاو ببینێ. واتە کاتێك کە قسەی راستیشی کرد نابێ بە گومانەوە گوێ لە قسەی بگرن و کارێکی خراپی کە نەیکردووە بە ئەستۆی دابێنن تەنانەت ئەگەر لە سەرە خۆی وەجوابیش نەیە.

هەڵبەت پێویستە بڵێن منداڵ چ جۆرە درۆیەك دەکەن. زیاتر لەم بابەتەوە درۆکان دوو جۆرن: یەکێکیان درۆی کردەیی یا درۆی سەبارەت بە روداوەکان کە پێوەندیی بە رابردۆوەیە یا ئەویکە : درۆیەك پێوەندی بە داهاتۆوە هەیە. درۆی یەکەم پێوەندیی بە کارەکەیەوە هەیە کە مرۆڤ یا کردوویەتی حاشاو نکۆڵیی لێ دەکا، یا نەیکردووەو دەڵێ کردوومەو بەگشتی بە ئانقەست بە پێچەوانەی حەقیقەت قسان دەکا. ئەوی دیکە، پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە مرۆڤ دەروەست دەبێ لە بەرامبەر ئەو شتەی کە ناخوازێ بیکا. یا بە گشتی، شتێکی وا دەردەبڕێ کە مەبەستی نیە.

جاری وایە لەوانەیە ئەم دوو درۆیە پێکەوەبن.(8) بەڵام ئەمن لێرەدا باس لە جیاوازی یەکانیان دەکەم. یەکێك کە پێی وایە پێویستی بە هاوکاری یارمەتیی کەسانی دیکەیەو بەردەوام چاکەی لەگەڵ دەکەن، بە هیچ شێوەیەك بە قازانجی نابینێ فریویان بدا. بە

پێچەوانەوە، قازانجی ئەو لەوەدایە کە ئەوانیتر بابەتەکان بەو شێوەیە کە هەن ببینن و نیگەرانی یەکەشی لەوەدایە نەکا هەڵەی ئەوان زیانی لێ بدات. کەوابوو، دیارە درۆی جۆری یەکەم بۆ منداڵان سروشتی نی یە بەڵکو پێویست بوونی فەرمانبردنەکە ناچاریان دەکا، درۆ بکەن. لەبەر ئەوەیکە فەرمانبردن شتێکی ناخۆشەو منداڵان بە دزی یەوە ئەوەندەی بۆیان بلوێ خۆی لێ دەدزنەوەو ئەو هۆگری یەی کە ئێستا هەیانە بۆ خۆبواردن لە تەمبێ و سەرکۆنە، زاڵ دەبێ بە سەر ئەو هۆگری یەی بە نیسبەت دەربڕینی حەقیقەتەوە هەیانە.

ئەگەر منداڵەکەتان بە پێی یاساکاتنی سروشت و بەاتایەکی دیکە ئازادو سەربەست پەروەردە بکەن، هیچ هۆیەك نیە کە درۆتان لەگەڵ بکا. ئەو شتێکی نیەکە لێتان بشارێتەوە. ئێوە کە لۆمەی ناکەن، تەمبێی ناکەن، هیچ شتێکتان لێی ناوێ، کەوابوو، هیچ هۆو بیانوویەکی نیە کە ئەو شتەی بە هاوڕێ بچکۆلانەکەی دەڵێ، لە ئێوەی بشارێتەوە. چونکی لەم دان پیانانەدا، هەروەکی هیچ ترسێك لە لایەن هاوڕێکەیەوە هەڕەشەی لێ ناکا، لە لای ئێوەشەوە لێی ناکا.

درۆی جۆری دووهەم لەوەش نائاسایی ترو ناسروشتی ترە. چونکی دەروەست بوون یا نەبوون بۆ بەڕێوەبردنی کارێك، لە گرێبەستێك بەملاوە نیە و هەر چەشنە گرێبەستێك دژی یاسای سروشت و بە تاڵ و پوچەڵە. چونکی هزرو فکری ئەوان بەرتەسکەو جیا لە ئێستا هیچ نابینن. کەوا بوو ئەگەر شتێکیان وەئەستۆ گرت، ئاگاداری دەرەنجامەکانی نین. مانای نی یە کە بڵێین، ئەو کاتەی منداڵ شتێك وەئەستۆ دەگرێ درۆ دەکا. لە بەر ئەوەیکە لە بیری ئەوە دایە کە هەنووکە بەڕەی خۆی لە قوڕ دەرکێشێ، هەر شتێکی ئاکام و دەرەنجامی دەمودەستی لێ نەکەوێتەوە بۆ ئەو بایەخی نی یە. ئەو دەروەست بوونەی بە نیسبەت

داهاتووە دەیگرێتە ئەستۆ، لە راستیدا دەروەستبوون نیە و هێزی خەیاڵ و فانتازیای کە هێشتا لاوازە ناتوانێ هاوکات بیر لە دوو کاتی لێك جیاواز واتە ئێستاو داهاتوو بکاتەوە. بۆ وێنە

ئەگەر بۆ راکردن لە لێدان یا وەدەستهێنانی لاوێچێك نوقلْ توانیبای بەلێن بدات کە سبەینێ لە پەنجەرەوە خۆی هەلْ دەدێری، بێ بیر لێ کردنەوە وەها گفتێکی دەدا. هەر بۆیەشە یاسا بایەخ و گرینگی بە دەروەستی و گفتی منداڵان نادا و ئەگەر باوکان و مامۆستایانی کەللە رەق پێداگرن لە سەر ئەوەیکە منداڵان بەلێنی خۆیان بەرنەسەر، بۆ ئەو ئیش گەلەیە کە ئەگەر منداڵ تەنانەت بەلێنیشی نەدابوایە، دەبوایە بەڕیوەیان بەرێ.

منداڵێك کە بەلێن دەدا نازانێ چ دەکا. هەر بۆیەش ناکرێ بلێین لە کاتی بەلێن دان دا درۆیە دەکا. بەلام کاتێك بەلێن و پەیمان دەشکێنێ وا نیە. چونکی ئەم کارەیان درۆیەکە لە سەر رابردوو حسێب دەکرێ. هۆی ئەم درۆ کردنە ئەوەیە کە منداڵ لە بیرێتی چ بەلێنێکی داوە بەلام ئەوەی کە گرینگ نیە بایەخی بەلێن و بە جێهێنانە. چونکی ناتوانێ پێش بینیی داهاتوو بکا ناشتوانێ مەزەندەی دەرەنجامی کردەوەکانیشی بکاو هەرکات پەیمان و بەلێن دەشکێنێ لە سەر ئەو باوەڕەیە کە کارێکی پێچەوانەی عەقلْی نەکردووە.

لەم بیرو ڕایانەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە درۆکردنی منداڵان ئاکامی ناشارەزایی مامۆستایانە و ئەو کەسانەی کەدەیانەوێ منداڵ فێری راستگۆیی بکەن، تەنیا فێری درۆکردنی دەکەن. چونکی لە پەروەردەوە فێر کردنی منداڵان بە پەلەن و ئەو کەرەسەو ئامرازانەش کە ئێستا بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانیان لە بەر دەستیانە، بە ناتەواویان دەزانن و لە بەر ئەوەی کە دەخوازن زیاتر کاریگەریی نوێتریان لە سەر هزرو بیری منداڵان هەبێ پەنا دەبەنە بەر رێوشوێنی بێ بنەماو ئامۆژگاریی بێ ناوەرۆك و زیاتر حەزیان لێ یە قوتابی یەکانیان خوێندەوارو درۆزن بن هەتا ئەوەیکە نەخوێندەوارو راست وێژ. هەلبەت ئێمە تەنیا وانەی کردەیی فێری قوتابی یەکانمان دەکەین و پتر حەزمان لێ یە راستگۆو چاکەکار بن هەتا تێگەیشتوو. لە مەترسی ئەوەیکە حەزیان لە پەیمان شکێنی نەبێ، هیچ کات ناچاریان ناکەین بەرعۆدەی شتێك بن.

ئەگەر دوور لە چاوی من کارێکی چەوت کرابێ کە نەزانم کێ کردوویەتی، هیچ کات ئێمیل تاوانبار ناکەم و لێی ناپرسم کە ئەوە تۆ ئەم کارەت کردووە یان نا؟(9) چونکی ئەگەر کاری وا بکەم تەنیا ئەوم فێری ئەوە کردووە کە حاشاو نەکۆڵی لەشت بکا. ئەگەریش سروشتە سەربزێوەکەی ناچارم بکا پەیمانێکی لە گەڵ ببەستم جۆرێك دەجولێمەوە کە هەر ئەو بێ پێشنیارەکە بێنێتە گۆڕێ نەك من. بۆ ئەوەی کە ئەگەر شتێکی بەرعۆدە گرت بەردەوام قازانجی دەمودەستو دەرهەستی تێدا هەبێ و ئەگەر پەیمان و بەڵێنیشی شکاند ئەوا پەیمان شکێنی یەکەی دەرەنجامی خراپی بۆ ئەو بەدوواوە بێ کە ئەو دەرەنجامە بەرهەمی یاساکانی سروشتە نەك تۆڵەی سەرپەرشتیار. هەڵبەت ئەمن هیچ کات پێویستیم بەو هەڵسوکەوتە توندانەوە نی یە چونکی دڵنیام ئێمیل زۆر درەنگ دەزانێ کە درۆکردن چ مانایەکی هەیە و هەر کاتیش لێی تێ گەیشت زۆری پێ سەیر دەبێ. چونکی قازانجێك لە درۆکردن هەڵ ناکرێنێ. دیارە هەرچەندەی ئاسوودەبوونی ئەو کەمتر بە ویست و داخوازی کەسانی دیکەوە ببەستێتەوە ئەو کەمتر حەزی لە درۆ کردن دەبێ. ئەگەر مامۆستا لە پەروەردو فێرکردن بە پەلە نەبێ لە بەڕێوە بردنی کارە گرانەکاندا پەلە لە قوتابی ناکاو هەرشتێکی پێویست بێ لە کاتی گونجاودا پێی دەسپێرێ. بەم شێوەیە کەسایەتیی منداڵ شێوەیەکی دروست دەگرێ و لەوس و چەقەسرۆ نابێ بەڵام کاتێك راهێنەرێکی سەر لێ شێواو کە باش شارەزای ئیشەکەی خۆی نیە و پەیتا پەیتا بۆ بەڕێوە بردن و راپەڕاندنی کاری نوێ گفت و بەڵێن، لە قوتابی یەکەی وەردەگرێ، بەبێ ئەوەی داواکانی خۆی پاشوپێش بکا یا ئەندازەیەك رەچاو بکا، منداڵەکە وەڕەز دەبێ و لەژێر بارستایی ئەم بەڵێنانەدا ماندوو دەبێ و ئیتر گرینگی نادا بە وەفاو گفت و بەڵێنەکانی خۆی بیر دەچێتەوە و زۆریش واهەیە ئەو قسانە بەشتێکی بێ مانا بزانێ بە جۆرێك کە بەڵێن دان و پەیمان شکاندن جگە لە یاری یەك مانایەکی دیکەی لای ئەو نەبێ. ئەگەر دەتانەوێ منداڵ سووربێ لە سەر بەڵێنەکەی و وەفادار بێ، زۆر ناچاری مەکەن بەڵێن، بدا و دەرووەست بێ.

ئەوەی سەبارەت بە راستگۆیی وتم لەوانەیە لە زۆر لایەنەوە، ئەرکەکانی دیکەش لە خۆ بگرێ. لە راستیدا ئەو کەسانەی منداڵ لەگەڵ ئەرکەکانیان ئاشنا دەکەن وا هەڵسوکەوت دەکەن کە منداڵ نەك ئەم ئەرکانە بە شوورەیی دەزانن بەڵکو ناشتوانن بەجێیان بگەیەنن. بۆ وێنە لە رواڵەت دا داوایان لێدەکەن داوێ، پاك و خۆپارێز بن و کەچی بەرەو گەندەڵییان دەبەن. دەیانەوێ نەهێڵن خوو بگرن بە کردەوەی چەوت و دزێو، کەچی فێری رەوشتی چەوتیان دەکەن. واتە ئەگەر بیانەوێ پیرۆزو ئیماندار پەروەردەیان بکەن ئەوەندەیان دەبەنە کلیسا هەتا ماندوو و بێزاریان دەکەن و ئەوندەیان بەناچاری دووعاونزا پێ دەخوێنن هەتا بە تەواوی خودایان لەبەر چاو رەش دەکەن. بۆ ئەوەی حەز بە خێرخوازیو پاکی لە منداڵ دا وەخەبەر بێنن ناچاریان دەکەن(سەدەقە) بدەن. دەڵێی خۆیان پێیان شوورەی یە سەدەقە بدەن. لە حاڵێکدا مامۆستا دەبێ سەدەقە بدات نەك منداڵ. ئەگەرقوتابی یەکەشی زۆر خۆش بوێ، دەبێ گەورەیی و چاکەی ئەم کارە باشەی بۆخۆی بوێ. دەبێ وا هەڵسوکەوت بکەن کە منداڵ پێی وابێ لەو تەمەنەدا شیاوی ئەوە نی یە، (لەسەری نی یە) خێر بکا. سەدەقە (خێرات) کارێکە کە دەبێ کەسی ژیرو باڵق بیکا چونکی هەر ئەو دەزانێ ئەوەی دەی بەخشێ چەندە دێنێ و {هەر ئەویشە} دەزانێ هاو رەگەزەکانی پێویستییان بە چ شتێکە. منداڵ لەو شتانە تێ ناگا. ئەگەر شتێکیش ببەخشێ هونەری نەنواندووە واتە بەبێ تێگەیشتن لە واتای سەدەقەو خێرات، چاکەی کردووە. کاتێك چاو لە هەڵسوکەوتی خۆی و ئێوە دەکا، لە بەخشین و خێرات شەرم دەیگرێ, چونکی پێی وادەبێ کە تەنیا منداڵان دەبێ سەدەقە بدەن و بۆ گەورەکان شوورەی یە کاری وابکەن.

چاو لێکەن زۆر جاران منداڵ ناچار دەکەن شتێك ببەخشێ کە نازانێ چ نرخ و بایەخێکی هەیە. بۆ وێنە، ئەو پارە کانزاییانەی لە گیرفانیداو بەلای ئەوەوە بەس بۆ وەها کارێك دەبن. منداڵ حەزی لی یە پارەی گیرفانی ببەخشێ نەك نوقڵ و شیرینی یەکەی دەستی. بەلام ئەگەر

توانیتان ئەم (حاتەمی تەی)یە والیّ بکەن کە شتە خۆشەویستەکانی خۆی، وەکوو لەیستوك (ملعب)و شیرینیو... ببەخشیّ، دەڵێم کە بەڕاستی دەستودڵاواتان فێر کردووە.

زۆر جاران بۆ ئەوەی منداڵ بە حەزو تاسەوە ببەخشیّ، ئەو شتەی بەخشیوێتی خێرا دەیدەنەوەو بەمجۆرە منداڵ وا رادێنن کە دڵنیا بیّ لەوەی ئەو شتەی کە دەیدەنەوە بە رەزامەندی یەوە بیبەخشیّ. من دوو جۆر دڵ ئاواییم لە منداڵ دیتوە: یا ئەو شتە دەبەخشن کە بە کەڵکیان نایە، یا ئەو شتەی کە دڵنیان پێیان دەدرێتەوە.

لۆك دەڵیّ : کارێکی وابکەن کە ئەزموون منداڵان دڵنیا بکاتەوە لەوەیکە مرۆڤی دڵ ئاواڵا لە هەموان پتر خەڵات وەردەگریّ. بەم پی یە منداڵ لە رواڵەت دا دەستو دڵاوا دەبیّو لە ناخەوە لەچەر.

هەر ئەویشە دەڵیّ : منداڵان بەم شێوە پەروەردەیە، خوودەگرن بە بەخشین، وایە، خووی پیّ دەگرن بەڵام خوودەگرن بە بەخشینی سوود خۆران واتە هێلکە مریشکێك دەدەن بۆ ئەوەی مانگایەك وەرگرن (10): بەڵام کاتێك کە بەڕاستی دەبیّ بەخشین هەبیّ ئیتر عادەت گرتن بە دڵاوایی لە بیر دەچێتەوە. چونکی کاتێك ببینن هیچ کەس هیچیان ناداتەوە، ئەوانیش هیچ نابەخشن. دەبیّ عادەت و خدەی رۆح لە بەر چاو بگیردریّ نەك عادەتی دەست.

تەواوی ئەو شتە چاکانەی فێری منداڵان دەکرێن لەم چەشنەن. چاولێکەن چۆن لە یەکەمساڵەکانی تەمەندا منداڵان ماندوو شەکەت و بێزار دەکەن بۆ ئەوەی فێری ئەو رەوشتە بەرزانە بن وا باسمان کردن. دەبیّ دان بەوەدا بنێین کە ئەم چەشنە پەروەردەیە زۆر مامۆستایانەو لێزانانەیە.

ئەی مامۆستایان دەست لە رواڵـەت سـازی هـەڵگرن. بەڕاسـتی چـاكو نیـاز پـاك بـن. دەبـێ ئاكاری باشی ئێوە لە پێشدا لە مێشكی قوتابی یەكەتاندا بچەسبێ دوواتر لە دڵیدا. ئەمن لە بری ئەوەیكە بە بێ تێڕامان و لە خۆوە داوا لە قوتابی یەكەم بكەم خێر بكا، وام پێ باشترە خۆم لە بەر چاوی ئەو ئەم كارە بكەم. تەنانەت ناهێڵم لەو كارەدا لاسایی منیش بكاتەوە و تـێ بگـا كـە ئەوە ئیشی ئەو نیەو ئەركی گەورەكان نەخاتە ریزی ئەركی منداڵانەوە.كاتێك خێر دەكەم ئەگەر لە هۆكارەكەیم لێ بپرسێ، (بەمەرجێك كاتی وڵامدانەوە هاتبێ)(11) پێی دەڵێم: هـاوڕێ گیـان، ئەو كاتەی هەژاران قایل بوون بەوەیكە كەسـانێكی دەوڵەمەنـد هـەبن گفتیـان لـێ وەرگـرتن كـە چاویان بەسەر تەواوی ئـەو كەسـانەوە بـێ كـە دەسـكورتن و ناشـتوانن كـار بكـەن. ئێمیـل لـێم دەپرسێ: مەگەر ئەتۆش بەڵێنت دابوو؟ ((بێ گومان، بـەڵێنم داوە. ئـەمن خـاوەنی هـەموو ئـەو شتە نیم كە هەمە.مەگەر بە رەچاو كردنی ئەو مەرجەی كە بۆ خاوەندارێتی پێویستە)).

ئەگەر كەسێكی دیكە لەجێگەی ئێمیل بوایە، پاش ئەوەی گوێی لـە بۆچـوونەكانی مـن بـوو: (پێشتریش گوتمان كە دەبێ چ بكەین بۆ ئەوەی لێیان تێ بگەین) هەوڵی دەدا لاساییم بكاتـەوە و ئەركی كابرایەكی دەوڵەمەند وەئەستۆ بگرێ. لەوەها دۆخێكدا ئـەمن هـەوڵم دەدا كـە لانیكـەم خۆنەنوێنێ بەڵكو خۆ لە خێرات بشارێتەوە. ئەوبڕە تەزویرو گزەیە بۆ تەمەنی ئەو ئێرادێكی نیە و ئەوە تەنیا گزەیەكە، كە لەوانەیە چاو پۆشیی لێ بكەم، دەزانم هـەمووی ئـەو كـارە باشـانەی خەڵك بەلاسایی كردنەوە دەی كەن، وەكوو ئەوكارە باشانە وان كە مەیموونەكان دەیكەن. هـیچ كارێكی چـاكە لـە روانگـەی ئەخلاقـەوە بـە چـاكە لەقەڵـەم نـادرێ مەگـەر ئەوەیكـە، تـەنیا بـەو مەبەستە كرابێ كە لە خۆیدا باشە، نەك بۆ ئەوەی كە خەڵك دەی كەن. بەڵام لە تەمەنێك دا كـە هێشتا چاك و خراپ لێك ناكەنەوە، واتە چێژ لە چاكەكاری وەرناگرن. ئەگەر دەمانـەوێ منـداڵان خوو بەشتێكەوە بگرن، ناچارین سەرەتا ناچاریان بكـەین كـە لاسـایی كـەرەوە بـن بـۆ ئـەوەی دوواتر بتوانن چاكەو خراپە لێك جوێ بكەنەوە و لەسای سەری هۆگر بوون بە چاكەكاریی، ببنـە پیاو چاك.

مرۆڤ له ناخی خۆیدا لاسایی کەرەوەیە. ئاژەڵیش ئەم تایبەتمەندیەی هەیە. حەزکردن بەلاسایی کردنەوە له ژیانی سروشتیدا، زۆر بەجێ یە. بەڵام ئەو هەستە لە کۆمەڵگادا خێرا دەگۆڕێ و تێك دەچێ. بۆ وێنه مەیموون بۆیە لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە چونکی لێی دەترسێ و بەدەگمەن بینراوە کە ئەم ئاژەڵە لاسایی ئاژەڵ گەلێك بکاتەوە کە لەو نزمترن. مەیموون ئەوکارانە بەباش و شیاو دەزانێ کە، کەسانێکی لەخۆی بەرزتر کردوویانن. بەڵام لە نێو مرۆڤاندا، ئەگەر لاسایی کەرەوەی جۆراوجۆر، لاسایی شته جوانەکان دەکەنەوە، بەو مانایه نیه که گاڵتەیان پێ بکەن و بیان شکێنن. له بەر ئەوەیکه ئاگاداری سووك و چرووك بوونی خۆیانن هەوڵ دەدەن، هاوشانی کەسانێکی له خۆیان باشترن. زۆربەی جاریش هەوڵ دەدەن لاسایی ئەو شته بکەنەوە که به دڵیانە. لە هەڵبژاردنەکەیانەوە دەکرێ بزانی چ سەلیقەیەکی سەقەتیان هەیەکه تایبەته به خۆیان. ئەوان بەو مەبەسته لاسایی دەکەنەوە کە باشتر لە بەرچاوان خۆ بنوێنن‌و سەرنجی خەڵك بەرە و خۆیان راکێشن نەك بەو مەبەستەی کە کامڵترو تێگەیشتووتر بن. له بنەڕەتدا لاسایی کردنەوە له نێو گەلانی پێشکەوتوودا دەرەنجامی حەز و ویستێکە کە تاکەکان بۆ دەربازبوون لە خۆیان هەیانە.ئەگەر لەو پەروەردیەدا کە وەئەستۆم گرتووە سەرکەوتوو بم، ئێمیل هەرگیز وەها حەزو ئینتمایەکی نابێ. به پێی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، وا وێدەچێ که پێویسته خۆ ببوێرین له قازانجه رواڵەتیەکانی لاسایی کردنەوە، زۆربەی بڕیارە ئەخلاقیەکانمان چەوت و هەڵەن. تەنیا بڕیارێك که بەکاری منداڵان دێ تێگەیاندنیان لەم خاڵەیە کە: نابێ هیچ کەس ئازار بدەن لە راستیدا هەموان کەم و زۆر چاکە دەکەن بەڵام دەگمەنن ئەوانەی کە هیچ کات خراپە ناکەن و چاکەکارانەی راستەقینە ئەوانەن.

# ئایا فێربوونی زمان و ئەفسانەو مێژوو بۆ منداڵان باشە؟

دایکان بەگشتی سەبارەت بە زیرەکی و هۆشیاریی منداڵەکانیان زۆری پێوە دەنێن. منداڵان لە زۆربەی کات‌وساتەکان دا گێژن و هێزی تێگەیشتنیان رووکەشیانەیە. ئەوان تەنیا لە شتێك تێ دەگەن کە دەمودەست سوودی لێ ببینن. جگە لەوەش، مانا و چەمکەکان هیچ کاریگەری یەکیان لە سەر مێشك و زەینی ئەوان نی یە و تەنیا وشەکان لەبەر دەکەن.

لەوانەیە پێتان سەیر بێ کە بڵێم فێربوونی زمانە بیانی یەکان بۆ پەروەردەکردن بە شتێکی خۆڕایی و بێهوودە دەزانم، بەڵام نابێ لەبیرتان بچێ کە ئەمن مەبەستم فێربوونی زمان لە ساڵەکانی سەرەتای منداڵی دایە. بەپێچەوانەی ئەوەی خەڵك دەیڵێن، ئەمن پێموایە هیچ منداڵێك بەر لە تەمەنی 12ساڵی ناتوانێ بەجوانی دوو(2) زمان فێربێ مەگەر ئەوەی کە هەڵکەوتە بێ. قەبووڵمە، ئەگەر فێر بوونی زمانەکان تەنیا فێربوونی وشەو واژەکان بوایە، واتە بەو شێوە و فۆرمگەلەی کە نوێنگە و دەربڕی زمانن، بەو جۆرە کەڵکی بۆ منداڵان دەبوو.بەڵام بە هۆی ئەوەیکە نیشانەکان لە زمانە جیاوازەکاندا دەگۆڕێ، چەمك و واتای ئەم نیشانانەش دەگۆڕێن. مێشك دەبێتە پاشکۆی زمان و بیرو هزر رەنگی زمان بەخۆوە دەگرن. تەنیا ئاوەزە کە لە هەمواندا هاوبەشە، بەڵام شێوەی بیر کردنەوە لە هەر زمانێکدا فۆرمێکی تایبەت وەردەگرێ. ئەم ناکۆکی یە لەوانەیە تاڕادەیەك هۆکار یا بەرهۆی تایبەتمەندی یەکانی ئەخلاقی نەتەوەیی بێ. ئەو شتەی کە باوەڕی من پشتڕاست دەکاتەوە، هەر ئەوەیەکە لە نێو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا زمان پەیرەوی گۆڕانی رێورەسمەکانە و وەکوو رێورەسمەکان یا وەك خۆی دەمێنێتەوە یا گۆڕانی بە سەر دادێ و لەنێو دەچێ.

منداڵ تەنیا یەکێك لەم شێوە بیرکردنەوانە ئەویش لە رێگەی بەکار هێنانەوە، فێردەبێ و هەتا تەمەنی ژیرێتی دەی پارێزێ. بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێ دوو شێوە هزرینی هەبێ پێویستە بتوانێ چەمك و واتاکان بەراورد بکا. چۆن چاوەڕوانیتان هەیە منداڵ ئەم بەراوردە بکا. لە حاڵێکدا بە زەحمەت دەتوانێ لەم چەمكو واتایانە تێ بگا.

دەکرێ هەرکام لەم شتانە بە چەندین هێمای جیاواز بخەینە روو. بەڵام هەرکام لەو چەمکانە لەو هێما و شێوەیە پتریان نیە.

کەوابوو منداڵ ناتوانێ لە زمانێك پتر فێر بێ. پێم دەڵێن ئێمە دیتوومانە کە منداڵ بە چەندین زمان قسە دەکەن. کەچی ئەمن ئەوەم قەبووڵ نی یە. چونکی منداڵم دیتوون کە بەلای دایك و باوکیانەوە هەڵکەوتە بوونە، چونکی ئەوان پێیان وابووە بە پێنج شەش زمانان دەپەیڤن. زمانی زگماکیی ئەو منداڵانە ئەلمانی بوو، کەچی ئەمن دیتم لە دانیشتنێکدا بەردەوام بەزمانی لاتینی و فەرەنسی و ئیتالی قسەیان دەکرد، بەڵام تەنیا ئەو وشەگەلەی بەکاریان دێنا بیانی بوون، کەچی شێوەی دەربڕینەکە ئەلمانی بوو. هەرچەندی گەرەکتانە وشەی هاومانا لە زمانە جیاوازەکانەوە فێری منداڵان بکەن، تەنیا وشەکانتان گۆڕیون نەك زمانەکە. منداڵ هیچکات لە زمانێك زیاتر قسەی پێ ناکا.

بۆ ئەوەی نەبوونی توانای منداڵان بۆ فێر بوونی زمان بشارنەوە، زۆربەی جاران، زمانە مردووەکانیان فێر دەکەن چونکی لەو حاڵەتەدا کەس نیە رەخنەیان لێ بگرێ. لە بەر ئەوەی زۆر لەمێژە هیچ کەسێ بەو زمانانە قسان ناکا. مامۆستایان هەر بەوندەی لە کتێبەکاندا نووسراوە وازدێنن و بەوە دەڵێن قسە کردن . جا ئێستا کە زانیاریی مامۆستاکانمان لە زمانی یۆنانیو لاتینی دا ئەوەندەیە، ئیتر منداڵ دیارە چۆن دەبن. خەر لەگەڵ ئەوەی کە بنەما سەرەتای یەکانی زمانیان لە بەر کرد کە هیچیشی لێ تێناگەن، فێریان دەکەن بەزمانی لاتینی وتاری فەرەنسی بخوێننەوە. پاش ئەوەی پێشکەوتنی پتریان وەدەست هێنا، فێریان دەکەن رستەکانی سیسرۆن دەسەریەك کەنەوەو پەخشان ساز بکەنو میسرەعەکانی ویرژیل وەسەریەك خەنەوەو شێعر بهۆننەوە. ئەوکات پێیان وایە منداڵ بەلاتینی قسان دەکەن، کێ هەیە بێو پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنێ؟

له هەرکام له لقەکانی زانست دا، ئەگەر قوتابی لە واتای ئەو شتانە تێ نەگا کە دەمانەوێ نیشانی بدەین، ئەو هێمایانەی نیشاندەری ئەو شتانەن بێ کەڵك دەبن. دەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی فێر کردنی قوتابی تەنیا بەم هێمایانە قایل دەبێ بەبێ ئەوەی کە لە هیچ کام لەو شتانەی تێ بگەیەنن کە دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەم وشانەوە پێشانی بدەن. کاتێك دەیانەوێ لە دۆخی گۆی زەوی تێی گەیەنن، تەنیا ناسینی خەریتەی فێر دەکەن. ناوی شار، وڵاتان‌و ڕووبارەکانی فێردەکەن بەڵام ئەو پێی وایە کە ئەو شارانە تەنیا لە سەر ئەو لاپەڕە کاغەزە هەن کە پێشانی دەدەن.

لە بیرمە ئەو کتێبە جوگرافیایەی کە فێری منداڵی دەکەن جگە لەوە نی یە. ئەمن دڵنیام ئێوە ناتوانن منداڵێکی دە ساڵانە بدۆزنەوە کە پاش دووساڵ خوێندنەوەی گۆی زەوی‌و فێر بوونی زانستی ئەستێرە ناسی بتوانێ بە یارمەتیی ئەو ڕێساگەلەی کە فێری بووە ڕێگەی خۆی لە پاریسەوە بۆ saint denis بدۆزێتەوە.

ئەمن دڵنیام کەسی وایان تێدانیە کەپاش موتاڵا کردنی خەریتەی باخەکەی باوکی بتوانێ بە نێو پێچ‌و گەوەکانی دا بگەڕێ‌و ڕێگەی خۆی لێ ون نەبێ. ئەوانە هەر ئەو دۆکتۆرانەن کە بە باشی دەزانن پەکەن، مەکزیك، ئیسفەهان‌و وڵاتانی دیکە لە کوێ هەڵ کەوتوون.

دەڵێن دەبێ زانست گەلێك فێری منداڵان بکرێن کە تەنیا پێویستیان بە چاو هەبێ. ئەو شتە تەنیا کاتێك کردەنی دەبوو کە زانستێك هەبوایە کە تەنیا بە چاو توانییات فێری بیت. بەڵام ئەمن وەها زانستێك شك نابەم.

یەکێك لەو هەڵە پێکەنینی‌و سەیرو سەمەرانە ئەوەیە کە، مێژوو فێری منداڵ دەکەن. پێیان وایە کە لەبەر ئەوەی مێژوو کۆمەڵێك ڕووداوە، زیاتر لە گەڵ تێگەیشتنیان یەك دەگرێتەوە. بەڵام مەبەست لە وشەی ڕووداو چی یە؟ ئایا پێتان وایە کە تێگەیشتن لەو پێوەندییانەی کە

هۆكاری رووداوگەلی مێژوویین ئەوەندە ساكارە كە مێشكی منداڵ بە هاسانی لێی تێدەگا؟ ئایا پێتان وایە دەكرێ تێگەیشتن‌و ئاگادار بوونی تەواو لە رووداوەكان لە ناسینی هۆكارەكان جوێ بكرێنەوە؟ ئایا مێژوو ئەوەندە كەم بە ئەخلاقەوە بەستراوەتەوە كە بكرێ بەبێ یەكەمیان فێری دووهەمییان بین؟

ئەگەر ئێوە پێتان وایە كردەوەی مرۆڤەكان تەنیا جووڵە دەرەكیەكان‌و سروشتیەكانن، چ شتێك لە مێژوو فێر دەبن؟ دیارە هیچ شتێك. لەم حاڵەش دا فێر بوونی مێژوو بەم شێوەیە كە هیچ جۆرە قازانجێكیشی نیە، نە ئێوە دەپارێزێ‌و نە هیچ زانیاری یەكیش دەخاتە سەر خەرمانی زانیاریتان.

ئەگەر دەتانەوێ لە رێگەی پەیوەندی یە ئەخلاقیەكانیەوە ئەم كردەوەگەلە بناسن، هەوڵ بدەن ئەم جۆرە پێوەندییانە فێری قوتابی یەكانتان بكەن. ئەو كات دەبینن كە ئایا فێر بوونی مێژوو لەگەڵ تەمەنیان دەی خوێنێتەوە یان نا؟

خوێنەرە بەڕێزەكان، هەمیشە لەبیرتان بێ ئەوكەسەی دەتاندووێنێ نە زانایەو نە فەیلەسوف، بەڵكو كابرایەكی سادەی حەقیقەت دۆست‌و بێ لایەنە كە لایەنگری هیچ قوتابخانەیەك نیە. گۆشە نشینێكە، كە كەمتر خۆ لە خەڵك دەدات‌و كەمتریش دەكەوێتە ژێر كار تێكەریی بیروڕا چەوتەكانی ئەوانەوە. ئەوەندەی كاتی پێویست هەیە كە بیر لەو دەسكەوتانە بكاتەوە كە لە هەڵسوكەوت لە گەڵ ئەوانیتردا وەدەستی دێنێ. بەڵگاندنی من زیاتر پشت بەو شتانە دەبەستێ كە روو دەدەن نەك بەو بنەماگەلەوە كە خەڵكی دیكە گوتویانن.

پێموایە باشترین رێگە بۆ ئەوەی ئێوە بتوانن لە سەر بۆچوونەكانی من داوەری بكەن ئەوەیە كە ئەوشتانەی دیتوومن‌و ئەم بەڵگاندنانەیان لێ كەوتۆتەوە، وەكوو نموونە بۆ ئێوە بێنمەوە:

سەردەمێك بوو ماوەی چەند رۆژێكی لە كوێستانێ میوانی دایكی بنەماڵەیەك بووم كە بەوپەڕی وریای یەوە منداڵەكانی پەروەردە دەكرد. بەیانی یەك كە لە پۆلی وانەی كۆڕە گەورەكەی دا دانیشتبووم مامۆستاكەی كە بەجوانی مێژووی فێر كردبوو سەبارەت بە چارەنووسی ئەسكەندەر دەستی كرد بە قسە كردنو دووایی گەیشتە چیرۆكی بەناوبانگی فیلیپی پزیشكی ئەسكەندەر.(12) ئەم چیرۆكەیان كردۆتە تابلۆشو بەڕاستی شیاوێتی. راهێنەری منداڵەكە، كە كەسێكی شیاوو زانا بوو سەبارەت بە چارەنووسی ئەسكەندەر هێندی شتی گوت كە ئەمن بەدڵم نەبوون، بەڵام وەڕووم نەدا، بۆ ئەوەی لە بەرچاوی قوتابی یەكەی بەخۆدا نەشكێتەوە. لەسەر مێزی خواردن هەروەكی نەریتی فەرەنسی یەكانە، منداڵەكەیان هێنایە قسە. كەفوكوڵی سروشتیی تەمەنی ئەو و ئەو هاندانو بارەقەڵڵایانەی خووی پێوە گرتبوون بووە هۆی ئەوەیكە كۆمەڵێك هاتەران پاتەران بێژێ. بەڵام جاروبار لە نێو ئەم هاتەران پاتەرانەشدا،چەند قسەیەكی حسێبی بەرگوێ دەكەوت كە قسە قۆڕەكانی ئەوی دادەپۆشی. بەكورتی، كاتێ گەیشتە بەسەرهاتی فیلیپ، بە روونیو شیرینیی یەوە ئەم چیرۆكەی گێڕایەوە.

پاش ئەو رێزو هاندانانەی كە دایكی دڵی پێی خۆش بوو و كوڕەكەش چاوەڕێی بوو، لەسەر قسەكانی كوڕە بوو بە گەنگەشە.

زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون رەخنەیان لە چاوقایمیی ئەسكەندەر گرت و خراپەیان گوت. هێندێكیش وەكوو راهێنەری منداڵەكە، بە پێداگریو ئازایەتیی ئەویان هەڵ دەگوت. ئەم بابەتە تێی گەیاندم كە هیچكام لەوانەی لەوێن نەیاندەزانی كە جوانیی راستەقینەی ئەم چیرۆكە لە كوێیدایە.ئەمن پێم گوتن كە ئازایەتیو پێداگریی ئەسكەندەر بەرای من جۆرێكە لە شێتی.ئەوكات هەموان هاودەنگ بوونو دانیان پێدانا كە ئەوە جۆرێكە لە شێتی. ئەمن تووڕە بووم دەمویست وەڵام بدەمەوە، بەڵام خاتوونێك كە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو هەتا ئەوكات

متەقی لێوە نەهاتبوو، سەری هێنایە بن گوێچکەمو بە سرتە پێی گوتم: ژان ژاك بێ دەنگ بە، ئەوانە لەقسەی تۆ تێناگەن. چاوم لێکرد، قسەکانی کاریان تێکردمو بێ دەنگ بووم.

پاش نیوەڕۆژە خواردن، لە هێندێ نیشانەڕا بۆم دەرکەوت کە مامۆستا گچکەلانەکەی من لەو چیرۆکەی وا بەجوانی گێڕابوویەوە هیچ شتێك تێنەدەگەیشت. دەستیم گرتو پێکەوە چووینە نێو باخەکە. پرسیارگەلی جۆراوجۆرم لێکردو زانیم لە هەموان زیاتر شێتوشەیدای ئازایەتیی ئەسکەندەرە. بەلام ئایا دەزانن ئەو بۆچی ئەسکەنەری پێ ئازا بوو؟ تەنیا لەبەر ئەوەیکە ئەسکەندەر شەربەتێکی ئاوها ناخۆشی یەك بین هەلێ قوڕاندبوو.پازدە رۆژ پێشتر خواردنەوەیەکی تالیان دابوو بەو مندالە بەستەزمانە کە بە زەحمەت خواردبوویەوەو هێشتا تامی تالی یەکەی هەر لەبن زمانی دا مابۆوە. ئەگەرچی دەرمانداو بوونو مردن بەلایەوە شتێکی خراپ بوو، بەلام تەنیا { جوشاندەی سنا } ؟ بەڕای ئەو ژەهری راستەقینە بوو. لەگەل ئەوەشدا دەبێ دان بەوە دابنێین کە خۆڕاگریی ئەو پالەوانە کاریگەری یەکی باشی لە سەر رۆحی ئەو مندالە دانابوو. بەجۆرێ کە بڕیاری دابوو لە خواردنەوەی (ئەو شتەی بۆ رەووان بوونی نێوزگ پێی دەدەن ـ و.گ) وەك ئەسکەندەر خۆڕاگر بێ. بەبێ ئەوەی شتێکی وای پێ بلێم کە نەتوانێ لێی تێ بگا، بڕیارە باشەکەی ئەوم پشتڕاست کردەوەو گەڕامەوە مالێ. لە دلە خۆمدا گالتەم بەو باوكو مامۆستایانە دەهات کە دەیانەوێ مێژوو فێری مندالی کەم تەمەن بکەن. زۆربە ئاسانی دەکرێ وشەگەلی، ئیمپراتۆر، پادشا، شەڕ، سەرکەوتن، شۆڕشو یاسا لە زەینی مندالێ دا بچەسپێنین، بەلام کاتێك بخوازین واتایەکی روون بۆ ئەم وشانە بخەینە ڕوو، ئەو کاتەیە کە جیاوازی یەکی زۆر لە نێوان دیالۆگی رۆبێری باخەوانو ئەم ئەم روونکردنەوانەدا بەدی دەکەین. پێموایە هێندێ لە خوێنەران لەوانەیە ناقایل بن لە رستەی ((ژان ژاك بێ دەنگ بە ))و بخوازن بزانن لە روانگەی منەوە چ شتێکی جوان لە کردەوەی ئەسکەندەردا بەدی دەکرێ، هاوڕێ ساویلکەکان؟ گەرەکتانە ئەوەتان پێ بلێم؟ چۆن تێی دەگەن؟ جوانی یەکە لەوەدایە کە ئەسکەندەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جوانی هەیە. هاوڕی یەتیو راسگۆیی

واقعێکەو هەیەو لە پێناو ئەم باوەڕەدا سەریشی دادەنا. رۆحی مەزنی ئەو تەواو لەگەڵ ئەم راستگۆی یەی هاوڕێیان ئاشنا بوو. بەو شۆکەرانەی کە خواردی یەوە، متمانەی خۆی بە نیسبەت خۆشەویستیی ئەوانەوە سەلماند. بەڵێ هیچ کەسێك ئاوا جوان ئیمانو باوەڕ بە هاوڕی یەتی، نەخستبووە ڕوو. ئەگەر لەسەردەمی ئێمەدا ئەسکەندەرێکی دیکە شك دەبەن کە ئیشی لەم جۆرەی لێ بووەشێتەوە، پێم بناسێنن. ئەگەر زانستێك تەنیاو تەنیا پشت بە وشەکان ببەستێ، بوونی نی یە، کەوابوو، خوێندنێکیش بوونی نی یە کە بەڕاستی بە کەڵکی منداڵان بێ. ئەگەر منداڵ بیرو بۆچوونی واقیعیی نی یە، یادەوەریی واقیعیشی نی یە. ئەمن ئەو یادەوەری یە کە تەنیا بەرهەستەکان رادەگرێ بە یادەوەریی نازانم، چ فایدەو قازانجێکی هەیە کە پێڕستێك لە ناوو نیشانە لە زەینی ئەواندا خەزن بکەن کە هیچی لێ تێناگەن؟ مەگەر ئەو رۆژەی شتەکان دەناسن ناویان فێربن؟

بۆچی لەخۆڕایی زەبرو خەساریان لێ بدەین کە دووجاران شتێك فێر بن. بەهەر حاڵ لەبەر ئەوەیکە وشەگەلێکی هیچ واتایەکی بۆ ئەوان تێدانیە وەکوو زانست دەیخەنە مێشکیانەوە، ئەوان تووشی ئەو مەترسیە دەبن کە بەبێ تێڕامانو بیر کردنەوە باوەڕە چەوتەکانی پێشووی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو یەکەمین وشەیەی تێی نەگەیشتوەو بەکاری دێنێ. یەکەمین بابەتێکە کە لە خەڵکی دیکە فێری دەبێ بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ چ سوودێکی هەیە. بەناچاری بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ کەسانی نائاگا پێی هەڵ دەڵێنو بایەخی پێ دەدەن هەتا ئەوەیکە رۆژێك تێدەگا هەڵەی کردووەو دەکەوێتە بیری ئەوەیکە کەم وکوڕی یەکانی خۆی چارەسەر بکا.(13)

نەخێر ئەگەر سروشت مێشکی منداڵانی هەتا ئەو ڕادەیە خۆگونجێن کردووە کە بتوانن لە هەر جۆرە هەست پێکراوێك تێ بگەن، بۆ ئەوە نی یە کە ئێمە ناوی پادشاکانو دروشمەکانو ئاڵاو گۆی زەوی‌و وشەی جۆگرافیایی‌و وشەگەلی تر لەم مێشکەدا جێگر بکەین کە لە تەمەنی ئەودا هیچ واتایەك نابەخشنو قازانجیان بۆ تەمەنەکانی دیکەش نی یە، بەڵکو مەبەستی سروشت

ئەوەیەکە تەواوی ئەو چەمكو مانایانەی منداڵ دەتوانێ لێیان تێ بگاو بەکەڵکی دێنو تـەواوی ئەو باسو خواسانەی تایبەتن بە بەختەوەریی ئەو، دەبێ رۆژێك ئەرکەکانی بخەنـەوە یـادو هـەر لە سەرەتاوە بە هێڵی شوێندانەر لە یادەوەریی ئەودا جێ بکەون بۆ ئەوەی فێر بێ کە لە ژیانـدا جۆرێك هەڵسوکەوت بکا کە لەگەڵ توانا جەستەییو رۆحیەکانی یەك بگرێتەوە. پێتان وانەبێ کە ئەگـەر منـداڵ دەرس نـەخوێنێ یـادەوەریو مێشـکی منداڵانـەی ئـەو بـێ ئـیش دەکەوێتــەوە، بەپێچەوانەوە، هەرچی ببینێو هەرشتێك ببیسـتێ، کـاری تێـدەکاو لـە مێشـکی دا دەمێنێــەوە. منداڵ لە مێشکی خۆیدا پێرستێك لە ئاکارو گوتاری مرۆڤـەکان رادەگـرێ هەمووشـتەکانی دەورو پشتی، کتێبێکن کە بـەردەوام بـەبێ ئـەوەی خـۆی بزانـێ مێشـکی لـەو شـتانە دەئـاخنێ هـەتا ئەوکاتەی هێزی داوەریکردنەکەی بتوانێ کەڵك لەو کەرەسـتانە وەرگـرێ. هونـەری راسـتەقینەی راهێنەر بۆ پەروەردە کردنی توانای یـادەوەری لەوەدایـە کـە، بـە باشـی ئـەم کەرەسـتانە هـەڵ بژێرێ. واتە ئەو بابەتگەلەی کە پێویستن منداڵ بیانزانێ بەردەوام وەبیریـان بێنێــەوەو ئـەوەی نابێ بیزانێ لێی بشارێتەوە.

دەبێ هەوڵ بدرێ لەم رێگەیەوە، هەنبانەیەکی لە زانیاری بۆ دەستەبەر بکەین بۆ ئەوەی لـە قۆنـاغی گـەنجێتی دا بـۆ پــەروەردە کردنـی بــەکاری بێـنینو بـۆ هــەتا مردنیشـی رێنـوێنی هەڵسوکەوتو ئاکاری بێ. راستە کە وەها مێتۆدێك، لەو پـەڕی خۆیـدا، مامۆسـتای کـەم تەمـەن پەروەردە ناکاو بایەخ بە راهێنەرو مامۆستا نابەخشێ. بەڵام مرۆڤگەلێکی بـەهێزو تێگەیشـتووو خاوەن جەستەو هزرێکی بێ خەوش پەروەردە دەکاتو ئەگەر لە منداڵیـدا پێیـان هـەڵناگوترێ، بێ گومان ئەگەر گەورە بوون بەرێزو حورمـەت دەبـن. ئێمیـل هـەرگیز هـیچ شـتێك لـە بـەرناکا. تەنانەت ئەفسانەکانیش. ئەفسانەکانی لافونتێنیش کە ئەوەندە سادەو ساکارن، چونکی وشـەی ئەفسانەکان، وەکوو وشەکانی مێژوو وان کە بەراورد لەگەڵ خودی مێژوودا. چەندە لـە هەڵـەدان ئەوانەی کە پێیان وایە ئەفسانەکان بۆ پەروەردەی ئەخلاقیی منداڵان باشنو بیر لەوە ناکەنـەوە کە ئەو ئەفسـانانە وێـڕای ئەوەیکـە سـەریان دەخـافڵێنێ، فریویشـیان دەدا. منـداڵ لـە راسـتیدا

هـۆگرو شـێتو شـەیدای درۆ جوانـەکان دەبـێ و راسـتیەکان وەلا دەنـێ،و لەئاکامـدا ئـەو کەرەسـتانەی کـە بـۆ شـیرنتر کردنـی فێرکـردنو پـەروەردە بـەکاریان دێـنین دەبنـە کۆسـپێك لەبەردەم کەلك وەرگرتن لێی لەوانەیە ئەفسانە شتی بۆ کەسانی بالغ پێ بێ بـەلام بـۆ منـدالان بە قازانج نی یە. دەبێ بـە بـێ پـەردە حەقیقەتـەکان بـە منـدال بگـوترێن. چـونکی ئەگـەر ئـەم حەقیقەتانە سەرداپۆشراو بمێننەوە، مندال زەحمەت و ئازاری فێربوون ناداتە بەرخۆی.

تـەواوی مندالـە کـەم تەمەنـەکان فێـری ئەفسـانەکانی لافـونتێن دەکـەن کەچـی تاقـە یـەك کەسیشیان لە واتاکەی تێناگـاو ئەگـەر تێشـی گەیشـتبایەن تـازە خـراپتریش بـوو.چـونکی ئـەو حیکمەتو فەلسەفەی لەم ئەفسانەگەلە دا هەن ئەوەندە چەواشەکەرنو لەگەل تەمـەنی منـدالان نەگونجاون، کە ئەوان پتر بەرەو گەندەلی دەبا هـەتا داوێـن پـاکی. لەوانەیـە بلـێن ئـەو قسـانە پێچەوانەی باوەڕی گشتین رەنگە وابێ بەلام بابزانین کێ لەسەر حەقە.

ئەمن دەلێم مندال لەو ئەفسانەگەلە تێناگەن کە فێریان دەبن. چونکی هەر ئەندازە زیاتر هەول بۆ ساکارو سادە کردنەوەیان بدەین، دیسانیش ناگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەمانەوێ لێی وەرگرین ناچارمان دەکا بابەتگەلێکی رەگەل بخەین کە مندال ناتوانێ لێی تێ بگا.
لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەیکە لەبەر کردنی شێعر ئاسانترە لە فامکردنو تێگەیشتن، مندال هەول دەدا کەمتر هەول بدا بۆ تێگەیشتن لە شتەکان بەجۆرێك دەکرێ بلێین کە روون بوونی مانا، دەکرێتە قوربانیی رستەکە.گەلێك ئەفسانە هەن کە مندال لێیان تێناگاو هیچ قازانجێکیشی بۆیان نی یە. بەلام چونکی تێکەلاوی ئەفسانەکانی دیکە بووە، مامۆستاش بەبێ هەلسەنگاندن فێری دەکا. ئەمن ناویان نابەم، تەنیا ئەو ئەفسانەگەلە بە نموونە دێنمەوە کە تایبەت بۆ مندال نوسراون.لەتەواوی بەرهەمەکانی لافۆنتێن دا تەنیا پێنج یا شەش ئەفسانەم پێ شك دێ کە سادەییو ساکاریی مندالانە بەشێوەیەکی تایبەت تێیاندا خۆ دەنوێنێ. لە نێوان ئەم پێنج شەش ئەفسانەیەدا یەکەمیان بۆ نموونە دێنمەوە. چونکی فەلسەفەی ئەم ئەفسانەیە بۆ هەموو

تەمەنێك گونجاوەو منداڵان باشتر لێی تێدەگەنو بە حەزێکی زیاترەوە لەبەری دەکەن. هەر بۆیەشە شاعیر لەسەرەتای کتێبەکەیدا دایناوە. ئەگەر وایدانێین کە لافونتێن گەرەکیەتی شت فێری منداڵان بکاتو بیانپارێزێو خوێندەواریان بکا، دیارە ئەم ئەفسانەیە دەبێتـە شاکاری ئەو. ئەگەر خوێنەران حەزیان لە خوێندنەوەی بێ، هەوڵ دەدەم لێرەدا بەوردی شیی بکەمەوە.

# ڕێوی و قالاو

## ئەفسانە

Maitere corbeau sur un arbre perche

مامۆستا قالاو لەسەر دارێك هەڵنیشتبوو

1. مامۆستا! ئەم وشەیە یانی چی؟
لەبەرامبەر ناوێکی تایبەت (خاص) دا چ مانایەکی هەیە؟ لێرەدا چ مانایەك دەبەخشێ؟
قالاو چیە؟ ڕستەی un arbere perche یانی چی؟ قەت نالێن sur un arbre
بەڵکو دەڵێن perche surun arbere بەو پێ یە دەبێ باس لە
تێکهەڵکێشان لە شێعردا بۆ منداڵ بکەین. دەبێ تێی گەیەنین هۆنراوە چی یەو
پەخشان چۆنە. Tanait dans son bec un fromage

سەلکە پەنیرێکی بە دندووکەوە بوو.

چ جۆرە پەنیرێك؟ سویسری؟ یا برەی Brie یا هولەندی؟ ئەگەر منداڵەکە تا ئێستا قەلەڕەشەی نەدیتبێ باس کردنەکەی چ قازانجێکی دەبێ؟و ئەگەر دیتبێشی، چۆن دەتوانێ باوەڕ بکا کە قالاو سەلکە پەنیر بە دندووکەوە دەگرێ. دەبێ هەمیشە وێکچواندنەکان جۆرێك بن کە لەگەڵ سروشت تەبا بن.

Maitre renard , par 1, odeur alle`che`

بۆنی پەنیر مامەڕێویی*شێت کرد بوو.

ئەوەش مامۆستایەکی تر. بەڵام ئەوەیان شیاوی ئەوەیە پێی بگوترێ مامۆستا. چونکی مامۆستای فێڵۆ گزەیە. دەبێ بەمنداڵ بگوترێ رێوی چی یەو سروشتی راستەقینەی ئەو دەست نیشان بکرێو جوێ بکرێتەوە لەو سروشتەی لە ئەفسانەکاندا بۆیان داناوە.

وشەی `alle`ch ((فریو خواردوو، خەڵەتاو)) ئێستا کەڵکی لێ وەرناگیردرێ و پێویستە بۆ منداڵ شی بکرێتەوەو بگوترێ کە ئەم وشانە ئێستا تەنیا لە شێعردا دێن (لەزمانی نووسەری دەق دا وایە.و.ك). لەوانەیە منداڵ بپرسێ بۆ زمانی هۆنراوە جۆرێکەو زمانی پەخشان جۆرێکی دیکە؟ چی جواب دەدەنەوە؟ شێتو شەیدای بۆنی پەنیر. ئەو پەنیرەی بە دندووکی قەلەڕەشەی سەردارەوەیە، دەبێ بۆنێکی زۆر تیژی هەبێ کە بتوانێ رێوی لە کونێ بێنێتەدەر.

ئایا بەم جۆرە قوتابی یەکەتان فێری رەخنەگرتنی دروست دەکەن؟ مەگەر نازانن کە ناکرێ هەر باوەڕێك بە ئاسانی بەسەر رەخنەگری راستەقینەدا بسەپێندرێ؟ چونکی ئەو دەتوانێ لە گێڕانەوەکانی دیکەدا درۆو راستی لێك جوێ بکاتەوە

بەم جۆرە دوواندی        Lui tjent a` peu pre`s ce langage

* وەرگێڕی فارسی دەڵێ مامۆستا رێوی. بەڵام کورد هەمیشە کوتوویەتی مامەرێوی. و. ك،

دوواندن! ؟ بۆ رێوی قسەش دەکا؟ مەگەر رێوی‌و قەلەڕشە وەك یەك دەدووێن؟ ئەی مامۆستای ژیرو زانا، وریابەو بەر لە وڵام دانەوە جوان سەرنج بدە، چونکی وەڵامەکەت لەوە گرینگترە کە بیری لێ دەکەیتەوە.

Eh bonjour, monsieur le corbeau

ئاخ، سلاوت لێ بێ کاکە قالاو.

کاك! ؟ منداڵ بەر لەوەی بزانێ ئەم وشەیە بۆ رێز گرتن بەکار دێنن دەبینێ بەشێوەیەکی گەپچاڕانە بە کاری دێنن. ئەوانەی کە دەڵێن monsieur du corbeau (کاکە قالاو) ئەستەمە بتوانن تایبەتمەندی یەکانی وشەی du(نیشانەی لێ زیاد کردن) فێری منداڵ بکا.

Que vous e`tes jolis ! que vous me semblez beau

چەندە جوانی، لەبەر چاوم ئەتۆ چەندە ژیکەلانەی!

ئەم دووپات کردنەوەیە لە خۆڕایە. منداڵ کە دەبینێ بابەتێك بە چەندین رەستە دەڵێنەوە، وا عادەت دەگرێ کە پتەو قسە نەکا. لەوانەیە بڵێن ئەم دووپات کردنەوەیە بەشێکە لە تەکنیکە شێعری یەکان، بۆ قەلەڕەشەکەش باشە. چونکی شاعیر دەیەوێ لە زمانی رێوی یەوە بە وشەی پەیتا پەیتا، لەسەر یەك پێی هەڵ بلێ. ئەم وەلامە ئەمن قایل دەکا بەلام قوتابی یەکەم لێی تێناگا.

mage

بەبێ ئەوەی بمەوێ درۆ بکەم، ئەگەر دەنگی تۆ

((بەبێ ئەوەی بمەوێ درۆ بکەم))! بۆ مەگەر مرۆڤ درۆش دەکا؟ ئەگەر تێی نەگەیەنن کە رێوی یەکە بۆیە دەڵێ ((بەبێ ئەوەی بمەوێ درۆ بکەم)) چونکی گەرەکیەتی درۆ بکا، منداڵەکە هیچ لەم شێعرە تێناگا.

وەکوو پەڕو باڵت بوایە. Re`pondait a`votre plumage

((وەکوو)) ئەو وشەیە یانی چی؟ هەوڵ بدەن منداڵ فێری ئەوە بکەن کە وشەگەلێکی وەکوو دەنگو پەڕوباڵ کە ئەوەندە، لێك دوورن پێکەوە هەڵ سەنگێنێ ئەو کات دەزانن کە هیچ تێ ناگا.

ئێوە دەبوونە سی مورغی میوانی ئەم جەنگەڵانە vous seriez le phe`nix des botes de cesbois

(( سی مورغ))؟ سی مورغ چیە؟ بەبێ ئەوەی بزانین چووینەتە نێو ئەفسانەکۆنو مێژووی یەکانەوە، واتە ئوستوورەکان، میوانی ئەم جەنگەڵانە، چ وێکچواندنێکی جوان. ڕێویی ماستاو چیو دەم تەڕ زمان لووسی دەکا بۆ ئەوەی قسەکانی زیاتر فریودەرانە بن. بەڵام ئایا منداڵ لەم وردەکارییانە تێدەگا؟ ئایا لانیکەم ئەوەندە دەزانێ کە رستەی ڕەوان یانی چیو رستەی ئاسایی چیە؟

قەلەڕەش بە بیستنی ئەم قسانە شاگەشکە بوو.و Acsmots, le corbeau ne sent plus de joie

هەر کەسێك خۆی گەلێك جاران تووشی ئەم جۆرە هەژانە دەروونیانە نەبووبێ نازانێ ئەم دەستەواژەیە یانی چی.

بۆ ئەوەی دەری خا دەنگی چۆنە Et pour montrer sa belle voix

لە بیرتان نەچێ بۆ ئەوەی منداڵەکە بەتەواوەتی لە دلگریی ئەم شێعرەو ئەم ئەفسانەیە تێ بگا، دەبێ گوێی لە دەنگی بلاوێنی قەلەڕەشە بێ.

Il ouvre un large bec, laisse tomber sa proie

دەندووکی دادەپچڕێتو سەلکە پەنیری لێ بەردەبێتەوە.

ئـەم شـێعرە جێـی دەسـت خۆشـانەیە چـونکی ئەوەنـدە مۆسـیقایەکی خۆشـی هەیـە کـە دیمەنەکەمان تەواو بۆ وێنا دەکا: دندووکێکی زلی ناشیرن دەبینین کـە دادەپچڕێو گوێمـان لـە ترپەی کەوتنی سەلکە پەنیر دەبێ بەداخەوە منداڵان هەست بەم جوانیانە ناکەن.

Le renayd s`en saisit et dit mon bon mon sieur

ڕێوی پەنیری ڕفاندو گوتی پیاوی باش.

چاولێکەن هەر لێرەوە بە منداڵەکە دەڵێ هەرچی باش بێ و چاکە بکا گەمژەیە،

هـەروەك دەبیـنن مامۆسـتا کـاتی خـۆی بـە فـیڕۆ نـاداو ئـەو جـۆرەی پێویسـتە منداڵەکـە پەروەردە دەکا

ئـەوە بـزانن کـە هـەر ماستاوچـی یـەکی زمـان لـووس... Apprenez que tout flatteur

ئەو ڕەستەیە گشتیەو قوتابی چی لێ هەڵناکڕێنێ.

Vit aux depens de ce luiqui i`ecoute

لە سەر زگی ئەو کەسە دەلەوەڕێ کە فریوی ئەو دەخوا.

منداڵی بەستەزمان بە هیچ جۆرێك لە مانای ئەم شێعرە تێ ناگا

Cette lecon vaut bien un fromage, sans doute

دیارە ئەم شێعرە سەلکە پەنیرێك دێنێ.

ئەم بابەتە قەبووڵەو بیرۆکەی نووسەریش زۆر باشە. بەڵام دەگمـەنن ئـەو منداڵانـەی بتـوانن وانەیەکی ئەخلاقی بـە سـەلکە پـەنیرێك بـەراورد بکـەن و پەنیرەکـەیان بـەلاوە باشـتر نـەبێ لـە وانەکەیان. کەوابوو پێویستە تێیان گەیەنین کە ڕێوی یەکە بـە تـەوسو تەشـەرەوە ئـەم قسـەی کردووە. بەگشتی منداڵ سەرەدەر لەم وردەکارییانە دەرناکەن.

قەلەڕەشەی تەریق و شەرمەزار Le corbeau, honteux et confus

ئەمەش دووپاتە بوونەوەیەکی دیکە بەڵام ئەمجارەیان بۆ لێ بوردن نابێ
Jura, mais un peu tard, qu` on ne ly prendrait plus
سوێندی خوارد کە ئیتر هەڵ نەخەڵەتێ بەڵام مخابن کار لە کارێ ترازا بوو،

سوێندی خوارد! کامە مامۆستای کرچو کاڵو بێ ئەزموونە کە دەوێرێ منداڵ لە واتای سوێند خواردن تێ بگەیەنێ؟

زۆرم لەسەر ئەو بەشە گوت. بەهەر حاڵ ئەم شی کردنەوەیە، دیسانیش بۆ توێکاریو لێکدانەوەی هەموو بابەتەکانی نێو ئەم ئەفسانەیەو هەروەها کردنی ئەوان بە چەمك گەلێکی سادەتر، بەس نیە، بەڵام کێ هەیە بۆ ئەوەی گەنجان لە بابەتەکانی خۆی تێ بگەیەنێ و پێویستیی بەم لێکدانەوەیە نیە؟ هیچ کام لە ئێمە ئەوەندە لە خۆبوردوو نی یە کە حازر بێ خۆی لە جێگەی منداڵەکان دابنێ واتە بابەتەکانیان بۆ سادەتر بکاتەوە.

ئێستا دەچینە سەر لایەنی ئەخلاقیی ئەفسانەکە. دەمەوێ بزانم کە ئایا پێویستە منداڵانی تەمەن شەش ساڵ فێر بکەین کە کەسانێك پەیدا دەبن کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ماستاو چێتیو درۆ دەکەن؟ لەوانەیە پێیان بگوترێ کەسانێك هەن کە گاڵتە بەمنداڵی گچکە دەکەنو بەدزی یەوە بە خۆپەرەستی یەکەیان پێدەکەنن. هەڵبەت بوونی پەنیرەکە کارەکە خراپ دەکا لەبەر ئەوەیکە منداڵان لە بری ئەوەیکە فێربن کە پەنیر لە دندووکی خۆیان بکەنەوە وایان پێ باشترە کە لە دندووکی کەسانی دیکەی بڕفێنن. ئەوە دووهەمین حەقیقەتێکە کە ئەمن لەم بابەتەدا بە پێچەوانەی باوەڕی ئەوانی دیکە دەیلێمو گرینگی یەکەشی لە یەکەم دانەیان کەمترە نی یە.

هەرکات سەرنج بدەینە ئەو منداڵانەی فێری ئەفسانە دەبن دەبینین کە ئەگەر بتوانن فەرمانیش بەڕێوە بەرن، هەمیشە بە پێچەوانەی فەرمان دانەر{ڕۆسۆ} دەجووڵێنەوەو لە بری ئەوەیکە هەست بە کەمووکورتی یەك بکەنو لە هەوڵی چارەسەر کردنی دابن، یا ئەوەیکە نەهێڵن سەر هەڵ بدا، زیاتر حەزیان لێ دەبێ کە کەڵك لە کەموکورتیی ئەوانیتر وەرگرن. لە ئەفسانەی گۆرین دا منداڵان گاڵتە بە قەلەڕەش دەکەنو هەمیشە ئاواتە خوازن ڕێوی یەکە بن.

له ئەفسانەکەی دوواتر دا گەرەکتانە سیسرك بکەنە نموونە بۆ ئەوان(14). ئەوان بە پێچەوانە، لاسایی مێروولە دەکەنەوەو چونکی حەزیان لیٚ نی یە خۆیان بشکێنن هەمیشە دەوری گرینگتر وەئەستۆ دەگرن. ئەم هەلٚبژاردنە دەرەنجامی خۆ پەرەستیی مرۆڤەو جەوهەرەی سروشتی ئەوە. چاولێکەن مندالٚ فێری چ دەرسێکی چەوت دەبیٚ. لە راستی دا بێزراوترین خولٚقاوەکان، ئەو مندالٚە بەخیلو بیٚ بەزەیەیە کە دەزانیٚ چ شتێکیان لێی دەویٚو ئەو نایدا. بەلاٚم مێروولە بەوەش واز ناهێنیٚ بەلٚکو مندالٚ فێری ئەوە دەکا کە نەك هەر هیچ شتێك نەبەخشیٚ بەلٚکو گالٚتەشی پیٚ بکا.

لە هێندیٚ ئەفسانەدا، زۆربەی جوانترینو بەرزترین رۆلٚو دەورەکان لە ئەستۆی شێرن. مندالٚ حەزی لی یە شێرەکە بیٚو لە کاتێکدا کە شتێك دابەش دەکا هەولٚی ئەوەیەتی کە هەمووی بۆ خۆی گل داتەوە. بەلاٚم کاتێك کاکلٚە مێشان(15) شێر بەچوٚك دادێنیٚ، شتەکە جیاوازەو دەگۆڕیٚ. ئیتر ئەو جار مندالٚەکە نابێتە شێر بەلٚکو کاکلٚەمێشانە. ئەو کات فێری ئەوە دەبیٚ کە ئەو کەسانەی ئەو {مندالٚ} دەرەقەتیان نایەو ناوێریٚ ئازایانە رووبەڕوویان بێتەوە، لە پشتەوە گورزیان لیٚ دەوەشێنیٚ.

لە ئەفسانەی گورگی لەڕو سەگی قەلٚەو دا(16) مندالٚ لەبری ئەوەیکە فێری قەناعەتو دەست پێوەگرتن بیٚ، حەزی لەسەرەڕۆیی دەبیٚ. هیچکات ئەم کچۆلٚەیەم لەبیر ناچێتەوە کە بە خوێندنەوەی ئەم ئەفسانەیە خەم دایگرتبوو. مامۆستا داوای لیٚ دەکرد فەرمان بەریٚ کەچی ئەو فرمێسکی هەلٚ دەڕشت زۆریان هەولٚ دا هەتا زانییان بۆچی دەگری. مندالٚی بەستەزمان لەوەیکە لەکۆتو بەندی بنەمالٚەدا بوو و لەزنجیرەی دیلێتیی گەورەکاندا ئازاری چێشتبوو، خەفەتی دەخواردو دەگریا کە بۆچی گورگ نیە.

بەمجۆرە یەکەم ئەفسانە، وانەی ماستاوچێتی فێری مندالٚ دەکا و ئەفسانەی دووهەم وانەی بیٚ بەزەیيو دلٚڕەقی، ئەفسانەی سێهەم وانەی ناهەقی کردن، ئەفسانەی چوارەم وانەی داشۆڕینو تەشەر لێدانو ئەفسانەی پێنجەم وانەی سەربەخۆیی. ئەم وانەیە زیادی یە بۆ قوتابیی من. بەلاٚم بۆ قوتابی ئێوە بەکەلٚکە.(17)

ئێوه لەو بڕیارانەی کە پێچەوانەیان هەڵسوکەوت دەکرێ چ ئاکامێك وەردەگرن؟ هیچ.

بـەڵام بێجگـە لـەوەش، هـەر ئـەو رەخنەگەلـەی کـە ئـەمن لـە روانگـەی ئەخلاقیـەوە لـە ئەفسانەکانم گرتووە، فاکتەرو هۆکارگەلێکی قایمو پتەون بۆ پاراستن‌و برەوپێدانیان. لەراستیدا دووجـۆرە ئـەخلاق لـە کۆمەڵگـەدا هەیـە: یـەکێکیان ئـەخلاقی تیـۆری‌و ئـەوی دیکـە ئـەخلاقی کردەیی. هەڵبەت ئەم دوو ئەخلاقە بە هیچ شێوەیەك وێکچوووییان پێکەوە نیە. ئەخلاقی تیۆری لە کتێبی شەرع‌و ئامۆژگاری یەکاندا دەخوێنن‌و هیچ کارێکیشیان بـە سـەریانەوە نیـە. ئـەخلاقی دووهەمیش: لە ئەفسانەکانی لافونتێن دا کە بۆ منداڵان نووسراون‌و هەروەها لەو چیرۆکانەدا کـە بۆ دایکانی نووسیون دەخوێنینەوە. لێرەدا  بۆ هەر دووك تەمەنەکە ئاوڕ لـە بەرهەمـەکانی یـەك نووسەر دەدەینەوە.

جـەنابی لافـونتێ، واباشـە رێـك کـەوین. ئـەمن بـەڵێن دەدەم بـەوردی ئەفسـانەکانی تـۆ بخوێنمەوە، خۆشم بوێی و لە ئەفسانەکانت شت فێر بم هەڵبەت هیوادارم کە لە مەبەسـتی ئێـوە خراپ تێنەگەم. بەڵام سەبارەت بە قوتـابی یەکـەم، ئێـزن دەخـوازم کـە نـەهێڵم، تەنانـەت یـەك دانەشیان فێر بێ مەگەر ئەوەیکە بیسەلمێنێ کە پێویستە ئەو شت گەلێك فێر بێ کە تەنانەت لە یەك لە سەر چواریشیان تێ ناگاو بەبەڵگە روونی کەنـەوە کـە ئەوەنـدەی فێریشـی دەبـێ لـەرێ بەدەری ناکا. واتە بیسەلمێنن کە منداڵ لاسایی کەسی فریودەر ناکاتەوە بەڵکو بە دیتنی کەسی فریوخواردوو ئەخلاقی خۆی چاك دەکات.

ئەمن منـداڵ لـەکۆتو بەنـدی بـەڕێوەبردنی تـەکلیفی دەرسـی رزگـار دەکـەم. واتـە کتێـب‌و دەفتەر کە گەورەترین ئامرازی چەواشە کردنیانن لەو تەمەنەدا لێیان دوور دەخەمەوە. خوێنـدن کە هەتا رادەیەك تەنیا سەرگەرمی‌و رابواردنێکـە کـە دەدرێ بـە منـداڵان گـەورەترین بەڵایـە بـۆ ئەوان لەم تەمەنەدا. ئێمیل لە تەمەنی 12 ساڵیدا هێشتا بە جوانی نـازانێ کتێـب چـی یـە. پـێم دەڵێن خۆ ئاخری دەبێ فێری خوێنـدن بـێ. وایـە بـەڵام دەبـێ کاتێـك فێـری خوێنـدنێ بـێ کـە ئاکامێکی بۆ ئەو هەبێ. بەر لەو تەمەنە، خوێندن تەنیا خـەمۆك‌و شـەکەتی دەکـا. هـەر بۆیـەش ئێمیل نابێ لە رێگەی مۆرە یا تەختە یا تابلۆی نەقاشی یەوە فێری خوێندن بێ.

بە پێچەوانە دەبێ تەنیا پاڵنەری ئەو حەزو گرۆیی بێ. بۆ وێنە دەبێ جاروبار نامەی بانگهێشتن بۆ سەیران یا گەڕانی ئێوارانە بە دەستی بگا. ئەو نامانە گەلێك كورت دەبن و ئێمیل هەوڵ دەدا لێیان تێ بگاو بەمشێوەیە وردەوردە فێرە خوێندن دەبێ، هەر بەم شێوەیەش فێری نووسین دەبێ.

## منداڵێكی هەوەسباز

ئەوانەی پێیان وایە وەرزشە جەستەی یەكان زیانیان بۆ چالاكیەكانی مێشك هەیە لە هەڵەدان. هەتا جەستە زیاتر گەشە بكاو هەڵ بدا، هزر زیاتر گەشە دەكا. منداڵ دەبێ هەم ماسوولكەی بەهێز بێ هەمیش فكری بەهێز. هەڵبەت وەها منداڵێك چالاك دەبێ بەڵام حەزی لە فەرماندەری دەبێ (فەرمان و بڕیاربدا). لێی گەڕێن پێی وابێ دەستی دەڕوا. بەڵام لە كردەوەدا خۆتان بەو پەڕی سووربوونەوە (جدیّت) جڵەوی بەدەستەوە بگرن. منداڵ دەبێ رێز لە فەرمانەكانتان بگرێ بەبێ ئەوەی قورسایی ئێوە لە سەر خۆی هەست پێ بكا. لە هەمان حاڵ دا پێویستە بە توندی بەرپەرچی هەوەسبازی یەكانی ئەو بدەنەوە.

لە ساڵەكانی پێشوودا بۆ چەند حەوتوویەك، پەروەردەی منداڵێكم گرتبووە ئەستۆ كە نەك هەر خووی بەوە گرتبوو كە چی دڵی دەخوازێ بیكا بەڵكو ئەوانی دیكەشی ناچار دەكرد بە دڵی ئەو بجووڵێنەوە. واتە منداڵێكی هەوەسبازی بەتەواو مانا بوو. لە یەكەم شەوەوە، بۆ ئەوەی بزانێ چەندەی بەقسە دەكەم و هەڵ سەنگێنێ، ویستی لە نیوە شەو دا لە خەو هەستێ. ئەمن لە خەوێكی قووڵ دا بووم كە ئەو لە قەرەوێڵەكەی هاتە خوارێ و باڵتۆكەی كردەبەری و لە خەو هەڵی ستاندم. هەستام و مۆمەكەم داگیرساند. ئەو هەر ئەوەندەی دەویست. چارەگێك دوواتر خەو بەسەریدا زاڵ بوو چونكی لە تاقیكردنەوەكەی خۆی قایل بوو، راكشاو خەوی لێكەوت. كاتژمێری 2ی شەویش هەر ئەو كارەی كردەوەو دیسانیش بە مرادی دڵی خۆی گەیشت بەبێ ئەوەی ئەمن وا بنوێنم كە بە حاستەم وەڕەز بووم. تەنیا ئەو دەمەی دەیویست بخەوێ بە

هێمنی و لەسەرە خۆیی پێم گوت: ((هاوڕێ گیان، هەرچی هەتا ئێستا کردووتە، قەیناکا، بەڵام لەوە بەدووا لەو کارانە مەکەوە.)) ئەو ڕەستەیە هەستی کونجکۆڵیی ئەوی بزواندو ویستی بزانێ ئەمن چۆن دەوێرم بەقسەی نەکەم. نیوە شەوێ لە خەوهەستاو بانگی کردم. گوتم چیت دەوێ؟ گوتی خەوم لێناکەوێ، گوتم : بەمن چی. هیچی دیکەم نەگوت. داوای لێکردم مۆمەکەی بۆ داگیرسێنم. گوتم بۆچی؟ لەوە زیاتر هیچم لێ نەپرسی. نەی دەزانی لەوڵامی ئەو پرسیارە کورتو هێمنەدا چ بڵێ. لە تاریکی دا لە شقارتە دەگەڕا، دۆزی یەوە. بەڵام چونکی نەیدەزانی چۆناوچۆن کەڵکی لێوەرگرێ، ئازاری بەقامکەکانی خۆی گەیاند. ئەمن لە بنەوە پێی پێدەکەنیم. بەکورتی دووای ئەوەیکە دڵنیا بوو کە ناتوانێ ئاگرەکە هەڵ بکا، شقارتەکەی بۆمن هێنا، گوتم ئەمن هیچ پێویستی یەکم پێی نیەو ئیتر پشتم تێ کرد. دووایی وەك شێتان دەستی کرد بە هاتو هاوارو هەڵات هەڵاتێن لە هۆدەکەدا.

جاروباریش خۆی بە کورسی یا میزەکە دادەداو هاواری دەکرد. بەجۆرێك کە زەبرەکانی دەنگو تەقوکوت ساز کەنو بەبێ ئەوەی خۆی ئازار ببینێ ئەمن ناڕەحەت بکا. بەڵام هیچ کام لەم کارانە، نەیانبزواندم. ئەو کات تێ گەیشتم کە لەبەر ئەوەی نەیدەزانی بە لەسەرەخۆیی نسحەتو ئامۆژگاریی دەکەم یان لێی تووڕە دەبم، نەی دەتوانی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم هێوری یەی من بڕیارێك بدا. لەگەڵ ئەوەشدا چونکی سوور بوو لە سەر ئەوەیکە بەلاساریی خۆی زاڵ بێ بەسەر هێدیو هێمنیی مندا، ئەوەندەی قاووقیژ کرد هەتا تووڕەی کردم. چونکی پێش بینیی ئەوەم کرد کە لەوانەیە بە هۆی تووڕە بوونی بێ جێی خۆم هەموو ریسەکە بکەمەوە خوری، بڕیارێکی دیکەم دا: بەبێ ئەوەی متەقم لێوە بێ هەستامو لە شقارتە گەڕام. شقارتەکە لە سەر جێی خۆی نەبوو. داوام لێکرد کە پێم بڵێ لە کوێی داناوە. ئەو پێی وابوو بەزاندوومی. بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە دایە دەستم. مۆمەکەم داگیرساند. دەستی کوڕە بچکۆلانەکەم گرتو بەو پەڕی هێمنیو لەسەرە خۆی یەوە بردمە هۆدە گچکەکەی تەنیشت کە پەنجێرەکەی داخرابوو و هیچی واشی تێدا نەبوو کە بۆ شکاندن بێ.

بەبێ چرا لە هۆدەکەدا قەتیسم کرد. دەرگاکەشم لەسەر داخستو بەبێ ئەوەی قسەیەك بکەم گەڕامەوە نێو نوێنەکەم. دیارە ئەو قاووقیژی دەکرد. بەڵام چونکی چاوەڕوانیی ئەوەم لێی دەکرد، هیچ نیگەران نەبوومو گوێچکەشم پێی نەبزووت. وای لێهات بێدەنگ بوو. ئەمنیش دڵنیا بوومو خرپ لێی خەوتم. بەیانی کە چوومە لای، دیتم ئەو پاڵەوانە سەر بزێوە لەسەر قەرەوێڵە سەفەری یەکەی گۆشەی هۆدەکە تەخێڵ بووەو خرپ لێی خەوتووە. دیارە پاش ئەو هەمووە ماندوو بوونە ئەو خەوەی پێویست بوو.

هەر بەوەندە کۆتایی نەهات. دایکەکەی بیستی یەوە کە منداڵەکەی دووبەشی شەو بەخەبەر بووە. هاتو هاوارێکی وەڕێ خست کە منداڵەکەتان لێ نەخۆش خستوومو فەوتاندووتانە، منداڵەش هەلی بە دەرفەت زانی خۆی لە نەخۆشی دا. بەڵام پێی وانەبوو کە هیچ قازانجێکی لەم کارەش پێ نابڕێ. پزیشکیان هێنا. بەڵام دایکی شانسی نەبوو، چونکی پزیشکەکە کابرایەکی قۆشمە بوو و بۆ تەمبێ کردنی منداڵەکە کارێکی وای کرد زیاتر بترسێ. بەڵام بە سرتە پێی گوتم(( پەلە مەکە. بەڵێنت دەدەمێ وای لێدەکەم ئەو منداڵە تا عومری بێ خۆی لە نەخۆشی نەدا)). فەرمانی دا، منداڵەکە لە هۆدەکە نەچێتە دەرێ. هیچ نەخوا. سۆندەی لێ ببەستن. ئەمن گەلێك بەداخ بووم کە تەواوی خەڵکی دەوروپشتی ئەو دایکە لێقەوماوە کڵاوی لەسەر دەنێن هەڵبەت بێجگە لەمن کە راستی یەکەیم پێ دەگوتو هەر بۆیەش رقی لێ هەڵگرتووم.

پاش لۆمە و سەرکۆنەی زۆر، پێی گوتم:((منداڵەکەم ئێجگار دڵناسكو کەم جیکڵدانەیەو چونکی تاقانەی ماڵە، بەهەر شێوەیەك بێ، دەبێ بیپارێزنو وریای بن. هیچ کەس بۆی نیە بە پێچەوانەی دڵی ئەو بجووڵێتەوە.))ئەمنیش لەگەڵی هاوڕێ بووم کە منداڵەکەی کزو لاوازە بەڵام مەبەستی دایکەکەی ئەوە بوو کە هەموان گوێ لەمستی منداڵەکەی بن.

دیتم دەبێ بەزمانی منداڵەکەش دایکە بدووێنم، بەحاڵ جوابم داوە ((خاتوون، ئەمن نازانم میراتگری گەورە ماڵێکی خانەدان دەبێ چۆناوچۆن پەروەردە بکرێو ناشمەوێ بزانم لەم بابەتەوە چیتان پێ باشە بیکەن)). لەبەر ئەوەیکە ماوەیەکی دیکەش پێویستییان پێم بوو، باوکی پێکی هێنایەوە. دایکە بۆ راهێنەری منداڵەکەی نووسیی زووتر بگەڕێتەوە. مندال دیتی

که به تێکدانی خەوی منو خۆ نەخۆش خستنەکەی بە هیچ کوێ ناگا، بڕیاری دا چـــــاك بێتەوەو شەوانە بخەوێ.

کەس نازانێ ئەو منداڵە سەرەڕۆیە بەم هەوەسبازیو سەرەڕۆی یەی خۆی چەندەی مامۆستا چارەڕەشەکەی وەڕەز کردبوو. چونکی پەروەردەو راهێنانی منداڵەکە لە ژێر چاوەدێریی دایکی دابوو. ئەویش قایل نەبوو لە هیچ کارێك دا دڵی میراتگری بنەماڵە بشکێندرێو پێچەوانەی ویستی ئەو بجووڵێنەوە. مامۆستا ناچار بووکە هەرکات منداڵەکە حەزی لێ بوو، بیباتە سەیرانو تەنانەت وەکوو نۆکەر وەشوێنی بکەوێ. منداڵەش بە ئانقەست کاتو ساتێکی بۆ سەیران هەڵ دەبژارد کە مامۆستا تەواو سەرقاڵ بێ. دەیویست ئاواش لەمن بکاو چونکی نەیتوانیبوو شەوێ نسحەتم لێ هەڵ گرێ بڕیاری دا بەڕۆژ تۆڵەی بکاتەوە. بەتەواوی پێ ملی بوومو ئامادە بووم. لە چاوەکانیەوە دیار بوو کە چەندە خۆشحاڵە بەوەیکە بەدڵی ئەو دەجووڵێمەوە. بەڵام کاتێك ویستم کوڵوکۆی دڵی دامرکێنمو چارەسەری بکەم، شتێکی دیکەم کرد.

سەرەتا دەبوایە کارێکی وا بکەم کە تاوانبار بێ. دیارە ئەوە دژوار نەبوو.دەمزانی منداڵان فکریان زیاتر لە سەر ئێستایەو چونکی ئەمن دەتوانم پێش بینی داهاتوو بکەم لەوە باشترم. رۆژێك کەرەسەیەکی رابواردنو یاریکردنم بۆ هێنا کە زۆری حەز لێی بوو. کاتێك دیتم خەریکی یاری یە پێشنیارم پێکرد بابچینە سەیران. قبووڵی نەکرد، لەسەری سوور بووم دیسانیش قبووڵی هەر نەکرد. ناچار پێ ملی بوومو ئەویش ئەو نیشانەی پێ مل بوونەی منی بەوردی لە مێشکی دا راگرت.

سبەینێ نۆرەم هات، وام کرد کە وەڕەس بێ. دیارە خۆم سەر قاڵ بووم. یا لەراستیدا وا دیار بووم. هەر بۆیەش بڕیاری دا نارەحەتم بکا. لەجەنگەی کاردا داوای لێکردم بیبەمە دەرێ بۆ سەیران. قبووڵم نەکرد. پێی چەقاند. گوتم مەحاڵە بیمە دەرێ. ئەو رۆژە کە ئەتۆ بەدڵی خۆت جووڵایەوە، فێرت کردم ئەمنیش بە دڵی خۆم بکەم. ئەمرۆ حەزم لێ نی یە بێمە دەرێ. گوتی دەی باشە. بەتەنێ دەچمە دەرێ، گوتم کەیفی خۆتە، خەریکی کارەکەم بوومەوە.

جلووبەرگەکەی کردە بەری. بەڵام هێندێك ناقایل دیار بوو. چونکی دیتی پێشی ناگرمو پێ ناچەقێنم. لە ڕۆیشتنە دەرەوەدا هاتە لام بۆ ماڵ ئاوایی. ماڵ ئاواییم لێکرد. بۆ چاوترسێن کردنم باسی ئەو شوێنانەی کرد کە دەیەوێ بچێ. دەتگوت گەرەکیەتی دەوری دوونیا لێ بدا. بە بێ هیچ دڵەڕاوکی یەك دووعای خێرم بۆ کردو گوتم بە خێر چی.

زیاتر نارەحەت بوو. بەڵام وەڕووی خۆی نەدێنا. لەکاتی چوونە دەرەوەدا فەرمانی بە پێش خزمەتەکەی دا کە لەگەڵی بچێ. ئەویش کە لە پلانەکەی من ئاگادار بوو وەڵامی دایەوە: ((کاتم نیە. دەبێ ئێستا ئیشەکانی مامۆستا راپەڕێنم، چونکی بەڕێوە بردنی فەرمانەکانی ئەو پێویستترن.)) ئەو جار منداڵەکە ئیتر مات ببوو. نەیدەزانی چۆن دەبێ بەتەنێ بەرەڵڵای کەن بڕواتە دەرێ. چونکی خۆی پێ لە تەواوی بنەماڵە گرینگتر بوو و پێی وابوو زەوی‌و ئاسمان دەستەو دووعان بپارێزرێ‌و هیچی لێ نەیە. بەهەر حاڵ وێدەچوو کە خەریکە هەست بەلاوازیی خۆی دەکا. چونکی دەی دیت کە ناچارە بەتەنێ بچێتە نێو کەسانێکی کە نایانناسێ، ئێستاش تەنیا پێ چەقاندن وزەی پێ دەبەخشی. بەدڕدۆنگی لە قادرمەکان هاتە خوارێ‌و گەیشتە کۆڵانێ. بیرکردنەوە لەوەیکە ئەگەر شتێکی بەسەر بێ ئەمن بەرپرسیارم هێندێك ئۆحژنی پێ دەبەخشی.

ئەو جار، ئەو ساتە گەیشتبوو کە چاوەڕوانی بووم. هەموو شتێکم لە پێشدا پێش بینی کرد بوو وچونکی پێویست بوو تەواو دەوری خۆم بگێرم باوکیم رازی کرد بوو. هێشتا دووسێ هەنگاو نەڕۆیشتبوو کە لە راستو چەپەوە گاڵتەی پێکرا. ژنێك بە دراوسێکەی گوت: ((ئەو مامە چکۆلەیە چەندە چەقەسرۆو بێ تامە. ئەوە بەتەنێ بۆ کوێ دەچێ؟ لەوانەیە ون بێ. واباشترە لەگەڵ خۆمان بیبەینەوە ماڵی خۆمان)) دراوسێکەی وڵامی دایەوە: ((کچێ کاری وا نەکەی. چۆن نازانی ئەو منداڵە سەرەڕۆ و بێ تەربیەتە، باوکی لە ماڵێ وەدەریناوە؟ چونکی بەکاری هیچ نایە. لێی گەڕێن با بۆ کوێ دەچێ بچێ، خودا ئاگاداری بێ)). سەرەڕای هەموو ئەوانەش پێم خۆش نەبوو هیچی لێ بێ.

چەند هەنگاو ئەولاتر بەدڵنیای یەوە تووشی یەك دوو منداڵی بەڕەڵلا دەبێ، کە گاڵتـەی پـێ دەکەن. هەتا پتر دەڕواتە پێش، زیاتر تووشی زەحمـەت دەبـێ. چـونکی تەنیایـە و هـیچ کـەس پشتیوانیی لێ ناکا. هەمووکەس سووکایەتیی پێ دەکاو بەو پەڕی سەر سوڕماوی یەوە دەبـینێ کە نەخشو نیگاری جلوبەرگە جوانەکانی ئیتر سـەرنج راکـێش نـین. لەگـەڵ ئـەوەدا، یـەکێك لـە هاوڕێکانم کە راسپێردرابوو شان بە شان لەگەڵی بڕوا بەڵام نەهێڵێ بزانێ، زوو فریای کەوت. ئـەو رۆڵەی دەبوایە ئەم لەو دیمەنەدا بیگێڕێ، لەو رۆڵە دەچوو کە سبریگانی sbrigani لە شـانۆی پورسیناك دا دەی گێڕاو دەورگێڕێکی زۆر لێزانی پێویست بوو. هاوڕێکەی مـن ئـەو ئەرکـەی زۆر بە باشی راپەڕاند بە بێ ئەوەی کتوپڕ منداڵەکەی بتۆقێنێ‌و دوواجار ببێتە هـۆی تـرسو بـەخۆدا شکانەوەی، تێیگەیاند کە لە رووی کەمتەر خەمی یەوە ئەو کارەی کردووە. ئاکامەکـەی ئـەوەی لێکەوتەوە کە، دووای نیو سەعات منداڵەکە هێدیو هێمنو گوێڕایەڵ‌و شەرمەزار گەڕایەوە ماڵێ. تەنانەت نەی دەوێرا سەریش هەڵێنێ.

بـۆ ئـــەوەی بەتـــەواوی تـــامی ســـەرنەکەوتنو شکســـت بچـــێژێ کاتێـــك لـــە قادرمـــەکان وەسەردەکەوت، دیتی باوکی دەیەوێ لە ماڵێ دەرکەوێ. منداڵەکە ناچار بوو بڵێ کـە لـە کوێـوە دێـەوەو بۆچی ئەمن لەگەڵی نیم. بەستەزمانە، لە خـودای دەویسـت زەوی، زار داپچـڕێ‌و قـوتی بـدا. باوکـە رانەوەسـتا کـە نسـحەتو ئامۆژگـاری بکـات. بـە تـوورەی یەکـەوە کـە ئـەمن هـەر چاوەڕوانیشم نەدەکرد پێی گوت(( هەرکات پێتان خۆش بـوو بـڕۆن سەربەسـتن. بـەڵام چـونکی ئەمن لە ماڵی خۆمدا چەتەو رێگرم ناوێ، تکایە ئەگەر ئەمجارە چویتە دەرێ، مەگەڕێوە)).

بەڵام کاتێك ئەمن تووشی بووم نەسەرکۆنەم کردو نە مەسخەرەم کرد، بەڵکو زۆر بە جیددی لەگەڵی جووڵامەوە وبۆ ئەوەی پێی وانەبێ ئەوەی بەسەری هاتوە شتێکی دەستکرد بووە. ئـەو رۆژە ئیدی نەمبردە سەیران. بۆ سبەینێ کە چووینە دەرێ، تێگەیشتم کە چـونکی لەگـەڵ منـە، لـە هەمبـەر ئەوانـەی دوێـنێ بەتـەنێ دیتبوویـان سـەرکەوتوانە وسـەربەرزانە رێگـەی دەبـڕێ. هەڵبەت دەتوانن گریمانـەی ئـەوە بکـەن، کـە لەمـەودووا هەڕەشـەی بەتـەنێ وەدەرکـەوتنی لـێ نەکردم.

هەر بەم تەکبیر و ڕێگەچارانە، لەو ماوە کەمەیدا کە لەگەڵی بووم توانیم وای لێبکەم هەرچی حەزم لی یە پێی بکەم. ئەویش بە بێ ئەوەی کە پێویستیم بـە پـێش گـرتنو ئامۆژگـاری هـەبێو بەبێ ئەوەی بە بڕیارو فەرمانی بێ جێ وەڕەزی بکەم. بەمجۆرە هەتا ئەو کاتەی قسـەم دەکـرد قایل بوو، کەچی لەگەڵ بێ دەنگ دەبووم دەترسا. چونکی دەیزانی کاری قـۆڕی کـردووەو هـەر ئەو کارە خراپەش بوو کە پەروەردەی دەکرد.

## وەگەڕ خستنی هەستەکان دەرمانی ترس

نابێ منداڵەکان لە هۆدەدا گەورە بکرێن. دەبێ هەموو ئەندام وهەسـتەکانیان بخەینـە گـەڕ. جەستە نابێ بە جلوبەرگی تەسك گوشار بدرێ. ئێمیـل بـە زسـتان جلوبەرگـەکانی هـاوینێ فـڕێ ناداو بەمجۆرە خوو بەسەرماوە دەگرێ. هـەرکات تینـووی بـێ، تـەنیا ئـاوی دەدەنـێ. منـداڵان پێویسـتیان زۆر بەخـەوە بـەڵام دەبـێ وایـان رابێـنین جاروبـارە لـە جێگـەی نـاخۆش بخـەون. جەستەیەکی بەهێزو پتەو ترسی لە سەرما نیە. ئەگەرچی خاڵ کوتان شتێکی زۆر باشە، ئێمیـل پێویستی بەدەرزی لێدان نی یە. ئێمیل تەواوی وەرزشە جەستەی یەکان فێر دەبـێ بـە تایبـەتی مەلە کردن.

مەبەست لە پەروەردە کردنی هەستەکان تەنیا وەگەڕ خستنیان نی یە. بـەڵکو دەبـێ فێـری ئەوە بین کە بەیارمەتیی ئەوان شت فێر بین. بە واتایەکی دیکە دەبێ هەست پێ کردنی بـەجێ، فێر بین. چونکی ئێمە هەر بـەو شـێوەیە دەبینـینو دەبیسـتینو دەسـت ڕێدەخشـێنین کـە فێـر کراوین.

هێندێ وەرزشی سروشتی هەن کە جەستە بە هێز دەکەن بەڵام لە پـەروەردە کردنـی هێـزی لێك هەڵاواردنو داوەری کردن دا کاریگەری یەکی ئەوتۆی نی یە. بۆ وێنە، مەلە کردن، راکـردن،

بازدانو... ئەم وەرزشانە هەموان بەکەڵکن، بەڵام ئایا ئێمە هەردەستو لاقمان هەن؟ مەگەر چاووگوێمان نی یە؟ مەگەر ئەم وەرزشانە بۆ وەگەڕ خستنی ئەندامەکانمان یارمەتیمان نادا؟ کەوا بوو تەنیا وزەتان پەروەردە مەکەن بەڵکو ئەو هەستانەش کە ئەو وزەیە رێنوێنی دەکەنو وەگەڕیان دەخەن، پێویستییان بە پەروەردە هەیە. لە هەرکام لەم هەست گەلە ئەو پەڕی کەڵکی خۆتان و دووایی ئەو شتەی کە لەم رێگەوە هەستان پێ کردووە، لە رێگەی هەستێکی دیکەوە، تاوتوێی بکەن، هەڵی سەنگێنن، بیژمێرن، بی کێشنو بەراوردی بکەن. کاتێك هێزو وزە بەکار بێنن کە رادەی بەرگریتان تاقی کردبێتەوە. هەمیشە دەبێ بەر لە بەکار هێنانی ئامرازەکانی کار کردن، مەزەندە کردنو ئەندازەگرتنیو هەڵ سەنگاندنی ئەنجامەکانی کردەوە، تەواو کرابێن. منداڵ بەو حەزەوە رابێنین کە هیچ کات کەمتر یا زیاتر لەو ڕادەیەی پێویستە، هەوڵ نەدات. ئەگەر وای رابێنین کە پێش بینیی هەموو جووڵەو چالاکی یەکانی بکاو لە رێگەی تاقیکردنەوەوە هەڵەو کەموکووری یەکانی چاك بکاتەوە، بەدڵنیای یەوە هەتا زیاتر هەوڵ بدا، تێگەیشتووترو وردبین تر دەبێ.

وای دابنێین منداڵێك دەیەوێ دەمەڵ (ئاسنی وەرزشی)ێك بەرز بکاتەوە. ئەگەر ئەو لۆمەی بەکاری دێنێ زۆر درێژ بێ، دەبێ زیاتر قەوە بداتە خۆی. ئەگەر زۆر کورت بێ، ئەو هێزەی دەتوانێ بەکاری بێنێ بەش ناکا. تەنیا ئەزموونو تاقیکردنەوە فێری دەکا چ لۆم و میلەیەك پێویستە. تێگەیشتنی ئەم شتانەش لەگەڵ تەمەنی ئەو ناتەبا نین وای دانێین منداڵ دەیەوێ شتێکی قورس هەڵ گرێ. ئەگەر گومانی هەیە لەوەیکە ئەو شتە لە قەدەر خۆیەتی یان نا، و ناخوازێ بەزۆرەملی شتێکی قورستر لە تاقەتی خۆی هەڵگرێو لەگەڵ خۆی بیبا، ناچارە بەمەزەندە کێشی شتەکە هەڵ سەنگێنێ. پاش ئەوەیکە توانیی کێشی پارچەی جۆراوجۆری کەرەسەیەك پێك بگرێ، دەبێ زۆر سەرنج بداتە کێشی ئەو شتە جۆراوجۆرانەی کە بەڕواڵەت بە قەد یەکن. لێرەدا ناچارە دەبێ لە بەراورد کردنی کێشە تایبەتیەکاندا شارەزایی هەبێ. گەنجێکی خوێندەواری پەروەردە کراوە دەناسم کە تەنیا پاش تاقیکردنەوە دانی بەوە دانا کە سەتڵێکی پڕ لە وردکە دار سووکترە لە سەتڵێکی پڕ لە ئاو.

وەگەڕخستنی هەموو هەستەکانمان لە دەستی خۆمان دانی یە. یەکێکیان واتە، هەستی ڕێ خشاندن، هەتا ئەو دەمەی مرۆڤ بەخەبەرە بلێیونەلێی چالاکە. ئەو هەستە لە هەموو جەستەمان دا هەیەو وەکوو چاوەدێریکی هەمیشەی یە. کە ئێمە ئاگادارو هۆشیار دەکاتەوە لە هەر شتێکی کە بیەوێ زیان بە جەستەمان بگەیەنێ، لە ڕێگەی ئەم تەمرینی بەردەوامەوە، بلێیونەلێی زووتر هەستی ڕێ خشاندنمان بەتاقی دەکەینەوەو هەر بۆیەش کەمتر پێویستیمان بە پەروەردەکرنی هەیە. هەڵبەت هەستی ڕێ خشاندنی کوێرەکان، لە ئی ئێمە بەهێزترە. چونکی ناتوانن لە هەستی دیتن کەڵك وەرگرن ناچارن ئەوەی کە دەبێ لە ڕێگەی چاوەوە فێری بن، لە ڕێگەی دەست ڕێ خشاندنەوە فێری بن.

کەوابوو بۆچی رامان ناهێنن کە وەکوو ئەوان لە تاریکی دا ڕێگە ببڕین. ئەو شتانە بناسینەوە کە لەسەر ڕێگەمانن‌و وێیان دەکەوین‌و ئەو شتانەش لێك جوێ بکەینەوە کە لەدەوروبەرمانن، بەواتایەکی دیکە، ئەوەی ئەوان لە ڕۆژی ڕووناك داو بەبێ چاو دەی کەن، ئێمە لەشەوداو بە بێ چرا بیکەین.

لەگەڵ وەدەرکەوتنی خۆر ئێمە لە کوێرەکان باشترین. بەڵام لە تاریکایی دا ئەوان دەتوانن ڕێنوێنمان بن. ئێمە نیوەی تەمەنمان کوێرین‌و تەنیا جیاوازیمان لەگەڵ کوێران ئەوەیە کە ئەوان هەمیشە دەتوانن ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام ئێمە ناتوانین لە تاریکایی دا تاقە هەنگاوێکیش هەڵ گرین. بەمن دەڵێن چرامان هەیە. قسەیەکی سەیرە! ئایا دەبێ هەمیشە پێویستیمان بە کەرەسەو ئامراز هەبێ؟ کوا مسۆگەرە کە هەرکات پێویست بوو چرا لە بەر دەست بێ؟ بەڵام وام پێ خۆشترە کە ئێمیل چرای خۆی بەسەری قامکانەوە بێ نەك لە دووکانی مۆم فرۆش دا.

ئەگەر لە نیوەشەوێ دا، لەشوێنێکی ئەنگوستەچاو ماونەتەوە، دەستەکانتان لێك دەن، لەدەنگدانەوەو زایەڵەی دەستتان تێدەگەن کە شوێنێکی گەورەیە یا بچووك. لە نێوەڕاستی دان یا لەقەراغەوە.

لەنیو مەتریی دیوارەکەوە، گەڕانەوەی هەوا پترەو بەشێوەیەکی دیکە وە دەموچاوتان دەکەوێ. لەسەر جێگەی خۆتان ڕاوەستن‌و بەوردی سەرتان بەرەو هەموولایەك بسووڕێنن.

نەرمە هەوایەك پێتان دەڵێ کە لەکامە لاوە دەرگایەك کراوەتەوە. ئەگەر لە بەلەمێکدان، لە ڕێگەی شنەی باوە نەك هەر تێدەگەن کە بەلەمەکە بەرەو کام لا دەڕوات، بەڵکوو دەشزانن کە ئاوی ڕووبارەکە خوڕە یان مەندە. ئەم بینراوانەو هەزاران تاقی کردنەوەی دیکەی وەك ئەو، تەنیا لەدڵی شەودا بە جوانی بەڕێوە دەچێ. چونکی لە ڕۆژدا هەرچەندە لێشی ورد بینەوە ناتوانین هەست بەو شتانە بکەین. ڕوانین لە شتەکان ناهێڵێ لەوان ورد بینەوە. لەو شتانەدا کە باسمان کردن، ئێمە کەڵکمان لە دەستمان یا لە چێو نەکرد. بڕوانن هەستی ڕێخشاندن بە بێ ئەوەی دەست لە شتێك بدەین، زانیار گەلێکمان پێ دەدەن، کە بەچاو نابینرێن.

منداڵەکانتان ناچار بکەن کە ئەوندەی دەلوێ بە شەو یاری بکەن. ئەم ڕێگەو شوێنە بەڕای من لە هەموان باشترەو گرینگترە.

مرۆڤ و هێندێ جاریش ئاژەڵەکان، بەشێوەی جەوهەری لەشەو دەترسن(18). عەقڵو ناسینەوەی جێگەو هزرو تەنانەت ئازایەتیش پێشی ئەم ترسە ناگرن. کەسانێکم دیتوون کە هەمیشە بە بەڵگاندنەوە قسەیان دەکرد. باوەڕیان بە وەهمو گومان نەبوو. فەیلەسوفو زانا یا سەربازی ئازاو بوێر بوونو لە ڕۆژدا ئەو پەڕی ئازایەتی بوون بەڵام لە شەودا وەکوو منداڵ بە دەنگی گەڵایەکیش وەکوو مێژۆکە هەڵ دەلەرزین. دەڵێن ئەو چیرۆکانەی دایكو دایەنەکان بۆیان دەگێڕنەوە دەبێتە هۆی ئەم ترسە بەڵام بەهەڵە چوون، ئەوە هۆکاری سروشتیی هەیە.

ئەم هۆکارە کامەیە؟ هەر ئەم هۆکارەی کەڕەکان دڕدۆنگو بەدگومانو ناتێگەیشتوو خورافاتیو وەهم پەرست دەکا. واتە نەناسینی ئەو شتانەی دەوروبەریان گرتووینو بێ خەبەری لەوەی لەدەوروبەرمانەوە ڕادەبرێ. ئەمن لەبەر ئەوەیکە خووم بەوە گرتووە کە لەدوورەوە شتەکان ببینم، هەزاران بوونەوەری سەیروسەمەرە دێنمە بەر چاوم کە گەرەکیانە ئازارم بدەنو ئەمن ناتوانم لەکۆڵ خۆمیان بکەمەوە. ئەگەرچی دەزانم ئەم شوێنەی لێیم تەواو تەناهیو هێمنە، بەڵام نەك بەوە دڵنییای یەی کە بەرهەمی دیتنی دەوروپشتمە. هەر بۆیەش لەشەودا جۆرە ترسێك دامدەگرێ کە لە ڕۆژدا بوونی نیەو ئەمن دەزانم کە وانی یە شتێکی دەرەکی وەگیانم کەوێو دەنگێکی لێ نەبێتەوە. هەر بۆیەش بەردەوام گوێ هەڵ دەخەم. لەگەڵ بیستنی

چووکترین دەنگێك کە نەتوانم هۆکارەکەی بناسمەوە، وارسکەی گیان پاراستن دەبێتە هۆی ئەوەیکە گریمانەی رووداوێك بکەم کە لە هەموو شتێك پتر پێویستیی بە ئاگا لەخۆ بوونە. واتە مەترسیەك بێنمە بەر چاوم کە لەوانەیە زیاتر هەڕەشەم لێ بکا. کاتێك کە گوێم لە هیچ دەنگێك نابێ دیسانیش زۆر ئارامو ئۆقرەگرتوو نیم. چونکی لەوانەیە شتێکی بێدەنگ کتوپڕ بەسەرم دابدا.کەوابوو دەبێ بەو جۆرە گریمانەی شتەکان بکەم کە لەوە پێش هەبوون واتە هەر بەو جۆرەی کە ئێستا هەن. بە واتایەکی دیکە ئەو شتەی کە بەچاوی سەر نای بینم بەچاوی دڵ بیبینم.

بەم جۆرە ناچار دەبم هێزی خەیاڵ کردنی خۆم بخەمە گەڕ، بەڵام زۆر زوو جڵەوی ئەوەم لە دەست دەردەچێو ئەو شتەی کە دەبێ دڵنیام بکاتەوە، زیاترم دەترسێنێ. ئەگەر گوێم لەدەنگێك بێ وا هەست دەکەم دزە. ئەگەر گوێم لێ نەبێ ئەوا دێوەزمەیەکی زەبەلاح دێتە پێش چاوم. ئەو هەوڵەی کە بۆ پاراستنی گیانم دەیدەم پتر دەبێتە هۆی ترسو تۆقینم. ئەوەی کە دەبێ دڵنیام بکاتەوە، تەنیا عەقڵی منە. بەڵام وارسکەم شتێکی دیکەم پێ دەڵێ.

پاش ئەوەی هۆکاری نەخۆشین دەرکەوت دەرمانو چارەسەرکردن دیارە. عادەت لەهەموو کارێدا هێزی خەیاڵ کردن لەناو دەبا، تەنیا بابەتی نوێ لەوانەیە بیبزوێنێ. لەو کاروبارەی کە هەموو رۆژێ دەکرێن خەیاڵ کارناکات بەڵکوو ئەوەی ئیش دەکات عادەتو خدەیە. هەربۆیەش گوتوویانە ((خوو گرتن بەشەهوەتەکانەوە باش نیە)). لە راستی دا ئاگری شەهوەت بە هێزی خەیاڵ هەڵدەگیرسێ. کەوابوو بەڵگە مەهێنەوە بۆ کەسێك کە دەتانەوێ لە خۆف تاریکی رزگاری بکەن. بەڵکوو بەردەوام بیبەنە شوێنی تاریك. دڵنیابن هەموو بەڵگە فەلسەفیەکان ئەوەندەیان کاریگەریی لەسەر نابێ.

ئەوکەسانەی لەسەربانو شوێنە بەرزەکان خەریکی کارن هەرگیز سەریان لە گێژەوە نایەو ئەو کەسەش کە خووی بە تاریکی گرتوە قەت لێی ناترسێ.ئەوەیە دووهەمین قازانجی یاری یەکانی شەوانە، هەڵبەت با جەخت لەسەر خاڵێك بکەمەوەو ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر یاری یەکەمان دەرەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە، پێویستە بەخۆشیو شادی یەوە بێ. هیچ شتێك

وەکوو تاریکی خەفەت هێنەر نی یە. منداڵەکەتان وەکوو تاوانبارێکی کە دەبردرێتە بەندیخانە، مەنێرنە تاریکایی، دەبێ کاتێك پێ دەنێتە شوێنی تاریك پێبکەنیّو کاتێك دێتەوە دەرێ دیسانیش لێو بە پێکەنین بێ. هەتا ئەو کاتەی لە تاریکی دایە دەبێ لە بیری ئەو یارییانەی دابێ کە بە شێوەی کاتی بەجێی هێشتوونو سەر لە نوێ دەچێتەوە سەریانو نەهێڵێ خەیاڵاتی بێ جێ و ترسێنەر بەرۆکی بگرن.لە ژیاندا قۆناغێك هەیە کە دووای ئەوەی مرۆڤ هەرچەندە زیاتر بچێتە پێشێ پتر ئاوڕ دەداتەوە. ئەمن پێم وایە گەیشتوومەتە ئەو قۆناغە. دەتوانم بڵێم دەست دەکەم بە ژیانێکی دیکە. تاڵیو سوێریو کوێرەوەریی سەردەمی بەساڵاچوویی، سەر لە نوێ سەردەمی شیرینو جوانی منداڵیم دێنێتە پێش چاو. هەتا زیاتر بەرەو پیری دەڕوەم منداڵتر دەبمەوە، ئەوەی لە تەمەنی دەساڵیمدا کردوومە، باشترو بەچێژێکی زیاترلەوەی لەتەمەنی سی ساڵیمدا کردوومە، دێتەوە بیرم. خوێنەرە خۆشەویستەکان: بمبوورن ئەگەر جاروبار نموونەتان لەو شتانە بۆدێنمەوە کە بە سەر خۆم هاتوون. ئەگەر بمەوێ ئەم کتێبە باشو بەکەڵك بێ دەبێ چێژ لە نووسینی وەرگرم. وەبیرهاتنەوەی رابردوو چێژی زیاترم پێ دەدات.لە یەکێك لە دێهاتەکانی لای ژنێڤ لە ماڵی قەشەیەك بە ناوی لامبرسیە دەژیام. کوڕە مامەکەم کە هاو پۆلو هاوڕێم بوو، لە بەر ئەوەی پارەی زیاتری هەبوو، وەکوو میراتگرێکی دەوڵەمەند لەگەڵی دەجووڵانەوە بەڵام چونکی ئەمن لە باوکم دوور بووم، وەکوو هەتیوێکیان چاو لێدەکردم. ئەو ئامۆزایەم کە لە من گەورەتر بوو، بێرناردی ناو بوو زۆر ترسەنۆك بوو. بەتایبەتی شەوانە زۆر دەترسا. ئەمن ئەوەندە گاڵتەم بە ترسەنۆك بوونی کردبوو کە مسیۆلامبرسیە لە خۆهەڵکێشانی من وەڕەز ببوو و دەیویست ئازایەتیم تاقی بکاتەوە. شەوێکی ئەنگوستەچاوی پاییزی ، کلیلی کلیسای دامێ کە بچم کتێبی ئینجیلەکەی کە لەسەر مینبەرەکە لێی بەجێمابوو بۆی بێنمەوە. بۆ ئەوەی چاو قایمترم بکا هێندێ قسەی کردن کە خەیاڵی سەرپێچی کردنی لە مێشکم دا نەهێشت.

بە بێ چرا هاتمە دەرێ. لەوانەیە ئەگەر چرام پێ بوایە زیاتر دەترسام. رێگە بەلای گۆڕستان دا بوو. بەخێراییو بە هەشتاو بەوێدا تێپەڕیم. هەتا ئەو کاتەی لە شوێنی ئاوەڵا بووم

گوێم بە تاریکی نەدەبزووت. کە دەرگام کردەوە دەنگێکی نامۆم گوێ لێ بوو. وەکوو دەنگی بنیادەم وابوو کە لەوێدا دەنگی دایەوەو ئەمن کە وەکوو رۆمی یەکانی کۆن خۆڕاگر بووم، ئەژنۆی پێ شل کردم. چوومە نێو کلیساوە بەڵام دووای دووسێ هەنگاو ناچار بووم راوەستم. بە دیتنی تەوژمی ئەو تاریکی یەی کە بەسەر ئەو بینا گەورەیەدا زاڵ بوو، وەها خۆفم کرد کە مووی لەشم قرژ بوونەوە.

گەڕامەوە، هاتمە دەرێو دوولاقم بۆ هەڵاتن قەرز کرد. لە حەوشە چاوم بەسەگەکەمان کە ناوی سوڵتان بوو کەوت. ملۆمۆ ئاشناکانی هێندێ هێوریان کردمەوە، تەریق بوومەوە. بەرەو کلیسا گەڕامەوە. ویستم سوڵتان لەگەڵ خۆم بەرم کەچی نەهات. دەرگای کلیسام بە توندی کردەوەو وەژوورکەوتم.

لەگەڵ وەژوورکەوتنمدا ترس وا بەسەرم دا زاڵ بووکە نەمدەزانی چی بکەم. ئەگەرچی دەشمزانی مینبەرەکە لەلای راستەوەیە، بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم بەدەوریدا سووڕامەوەو لە لای راستەوە لێی دەگەڕام. کەچی لە نێو کورسیەکاندا گیرم خوارد. نەمدەزانی لە کوێم. نە مینبەرم دەدۆزی یەوەو نەدەرگاکە. تەواو گێژ ببووم. بەکورتی دەرگام دیتەوەو توانیم لە کلیسا وەدەرکەوم. وەك یەکەم جار بە پەلە دوورکەوتمەوە. بڕیارم دا ئیتر نەگەڕێمەوە ئەوێ. مەگەر لە رۆژی رووناك دا.

گەڕامەوە ماڵێ، کاتێك ویستم بچمەوە ژوورێ، گوێم لە قاقای پێکەنینی مسیۆلامبرسیە بوو. زانیم بەمن پێدەکەنێ لە شەرمان نەموێرا دەرگا بکەمەوە لەو بەینەدا گوێم لەدەنگی مادموازل لامبرسیە بوو کە نیگەرانی من بوو وبە خزمەتکارەکەی دەگوت چراکە هەڵگرێ. مسیۆلامبرسیە خۆی هەستابوو بێتە شوێنم. دەیویست کوڕەمامەکەشم لەگەڵ خۆی بێنێ. هەڵبەت تەواوی شانازی یەکانی ئەو هاتوهاوارە بە کوڕە مامەکەم برا. لەڕێوە ئەوەی ترسم هەبوو ڕەوی یەوەو تەنیا پەرۆشی ئەوەم بوو کە نەکا ئاگای لە هەڵاتنەکەم بووبێ، بەرەو کلیسا هەڵدێمەوە، بەبێ ئەوەی رێگەم لێ هەتڵە بێ، خۆ دەگەیەنمە مینبەر. وەسەر دەکەوم. ئینجیلەکە هەڵدەگرمو دێمە خوارێو بە سێ قەڵەمباز لە کلیسا وەدەردەکەوم بەجۆرێك کە لەبیرم دەچێ دەرگاکە

پێوەدەم بە هەناسە بڕکێ وەژووردەکەوم. کتێبەکە لەسەر مێزەکە دادەنێمەوە. لە خۆشیان دڵەکوتەمە کە توانیومە خۆم بێ منەت بکەم لەو یارمەتیەی کە بۆیان لە بەر چاو گرتبووم. لەوانەیە بپرسن کە ئایا مەبەست لەو چیرۆکە ئەو ڕێوشوێنەیە کە پێشنیاری دەکەم؟ وئایا گەرەکمە ئەوە نیشان بدەم کە لە یاری یەکانی شەوانەدا دەبێ شادیو خۆشی هەبن؟ نا، وانیە. تەنیا گەرەکمە بیسەلمێنم کە بۆ دڵنیا کردنەوەی ئەو کەسەی کە لەتاریکی دەترسێ، هیچ شتێك لەوە باشتر نی یە کە گوێی لە دەنگی کەسانێك بێ کە لە هۆدەی تەنیشتیەوە کۆبوونەتەوەو بە بێ خەمو خەیاڵ پێدەکەنو قسان دەکەن. حەزم لێ بوو کە ڕاهێنەر بە جێی ئەوەیکە خۆی بێو قوتابی یەکەی، هەمووشەوێ ژمارەیەکی زۆری منداڵی خۆش خوڵق کۆ کردبایەتەوە، لە پێشدا چەند کەس (گروپ گروپ) بیاننێرێتە شوێنی تاریكو پاش ئەوەی تەواو دڵنیا بوایە کە هیچکامیان زۆر ناترسن، دانەدانە ناردبانی بۆ شوێنێکی تاریك بۆ ئەوەی شتێك بڵێن.

بەڕای من هیچ شتێك شادی هێنەرترو بە قازانج تر نی یە لەم شەو یارییانە، بەو مەرجەی کە بە لێزانی ڕێکوپێکی بیکەن. بۆ وێنە لە تالارێکی گەورەی تاریك دا، بە میزو کورسیو پەرژینو شتی ئاوا، ڕێچکەیەکی پڕپێچو خەم، ساز دەکەم. چەندین سەندووقی وەکوویەك لەم پێچو خەمانەدا دادەنێم کە یەکێکیان شیرینی تێدایەو ئەویتر بۆ فریودانە بە شێوەیەکی روون بەڵام بە وشەی کورت کورت شوێنی سەندووقە شیرنی یەکە دیاری دەکەم. روون کردنەوەکانم بۆ کەسانی ئاسایی تەواون. (19)

دووایی تیرو پشك لە منداڵەکان داوێم. یەك بەدووای یەکتردا دەیاننێرم بۆ سندووقی شیرنی یەکە بۆ ئەوەی یەکێکیان بیهێنێ. دیارە منداڵان هەرچەندە لێهاتووترن، ئەوندەش دۆزینەوەی سندووقەکەیان لێ دژوارتر دەکەم.

یەکێك لەو قارەمانە بچکۆڵانە بێننە پێش چاوتان کە سندووقەکەی بەدەستەوەیو وەکوو هێرکۆل پاڵەوانی ناوداری یۆنانی کە لە سەرکەوتنی (حەوت خوان) دەگەڕێتەوە، لە خۆباییانە دێتە پێشێ.سەندووقەکە لەسەر میزەکە دادەنێ بە هەڕوگیڤەوە دەی کاتەوە. دەنگی قاقاو

هەرا و هۆریای منداڵان بەرز دەبێتەوە. چونکی لە بری ئەو شیرینی یەی کە چاوەڕوانی بوون، قالۆنچەیەك یا شەیتانۆکەیەك یا لەتە رەژوویەك یا قاشێکی شێلم دەبینن کە بە جوانی لە سەر لۆکە دانراوە.

جارێکی دیکە، لە هۆدەیەك دا کە سپی کراوەتەوەو تاریکە، لەیستۆکێك هەڵداوەسم. منداڵەکان دەبێ، بە بێ ئەوەی گیانیان وەدیوارەکە بکەوێ بیهێنن. ئەو کەسەی کە لیستۆکەکە دێنێ ئەگەر رێساکەی رەچاو کردبێ پێشەوەی کڵاوەکەی یا نووکی پێڵاوەکانی یا داوێن یاقۆڵی کراسەکەی کە سپی بووە، دەبێتە هۆی وەدرۆکەوتنەوەی. بۆ دەرخستنی ئەوەیکە یاریی شەوانە دەبێ چۆن بێ ئەو چەند نموونەیە بەسە. ئەوانەی دەیانەوێ لە کتێبەکەی مندا لەوە پتر بۆیان شی بکرێتەوە، واباشترە کتێبەکە نەخوێننەوە.

کەسێك کە بەم جۆرە پەروەردە کرابێ لە شەودا زۆر لە ئەوانیتر باشتر دەبێ لاقەکانی کە بە پێی عادەت لە تاریکی دا بە توندی لە سەر زەوی دادەگیرێن، دەستەکانی کە بە هۆی پرۆڤەوە زۆر بە هاسانی شتەکان دەدۆزنەوە، لە ئەنگوستەچاوترین شوێنەکاندا رێنوێنی منداڵەکەن. مێشکی ئەو کە پڕاوپڕە لە شەویاری یەکانی سەردەمی منداڵی کەمتر رادەکێشرێ بەلای شتگەلی ترسێنەردا. ئەگەر پێی وابێ گوێی لە قاقای پێکەنین دەبێ، لەبری ئەوەیکە پێی وابێ جندۆکەیە، قاقای هاوڕێ کۆنەکانی بیردەکەوێتەوە. ئەگەر کۆمەڵێك بێنێتە پێش چاو، نەك کۆڕی سەمای دێو ودرنجو جندۆکان بەڵکو هۆدەی راهێنەرەکەی دەبێ. داهاتنی شەو کە بیرەوەری شیرینی لە مێشکی دا زیندوودەکاتەوە، هەرگیز نابێتە هۆی ترسو خۆف ئەو. لە بری ئەوەی لێی بترسێ حەزی لێی دەبێ. ئەگەر مەئمووری یەتی سەربازیی پێ بسپێردرێ، لە هەرکاتو ساتێکی شەو دابێ، بەتەنێ بێ یا لەگەڵ سەربازێکی دیکە، ئامادەی جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆیەتی. ئەو دەتوانێ لە نیوەشەو دا، بەسەر هۆردووی شائۆل دابداو بە نێوان خێوەتەکاندا تێپەڕێ بە بێ ئەوەی بێڵێ کەس بی بینێ. ئەگەر دەتانەوێ ئەسپەکانی رێزووس (20) بڕفێنن، بەتێڕادیوی داوا لەو بکەن دڵنیا بن لە نێو ئەو کەسانەدا بەشێوەی دیکە پەروەردە کراون بە دەگمەن کەسێکی ئاواتان دەست دەکەوێ.

## قازانجی ڕاکردن

زۆر جاران هەستی ڕێخشاندن دەتوانێ جێگەی هەستی بینینو بیستن بگرێتەوە. کەوابوو پێویستە وەگەڕی خەینو پرۆڤە بکەین بۆ ئەوەی چالاكو بە ئەزموون بێ. لە لایەکی دیکەوە پێویستە پێست لە بەرامبەر ئەو شتانەدا کە لە دەرەوەڕا هەستیان پێ دەکا قایممتربێ هەربۆیە ئێمیل دەبێ هەموو بەیانیان بەپێی پەتی ڕابکا. هەستی بینین زیاتر فریومان دەدا، چونکی پاشای یەکی فرەوانو بەرینتری هەیەو هەر بۆیەش بە کەم وکووڕی یەوە مەوداکانمان بۆ دەردەخا. کەوابوو ئەو هەستە دەبێ بەردەوام لەژێر فەرمانی هەستی ڕێخشاندن دا بێ. بۆئەوەی دووهەمیان ڕاستیی ئەو شتەی بۆ بسەلمێنێ کە یەکەمیان پێی گەیشتووە.

منداڵان هەموو ئەو کارانەی کە بە نەرمیو هێوری جەستە وەکار دەخەن، بە ئاسانی بەڕێوە دەبەن. هەزاران ئامرازتان هەیە بۆ ئەوەی منداڵان هۆگری ئەندازە گرتنو ناسینو مەزەندەکردن بکەن بۆ وێنە زۆر شتی لەو چەشنەیان دەتوانن پێ بڵێن: ئەو دارە گێلاسە گەورەیە دەبینن؟ چۆن دەتوانین گێلاسەکانی بڕنین؟ ئەو پەیژەیە لە عەمبارێ هەمانە پێی رادەگا؟ ئەم جۆگەیە زۆر بەرینە چۆن دەتوانین لێی بپەڕینەوە؟ ئەو تەختانەی لە حەوشەن ئەوەندە پانن؟ دەمانەوێ لەپەنجەرەی دیوەکەمانەوە ماسیەکانی پەنا دیواری کۆشك بگرین، دەبێ داوی قولاپەکەمان چەندە درێژبێ؟ دەمانەوێ لە نێوان ئەم دوو دارە جۆلانەیەك هەڵبستین، ئایا پەتێکی چوار مەتری بەشمان دەکا؟ دەڵێن ئەو ماڵە تازەیەی کە دەچینە نێوی، دیوەکەی ئێمە بیستوپێنج گەزی چوار گۆشەیە، ئەرێ ئەوەندە بەشمان دەکا؟ واتە بەقەدرایی ئەو دیوەی ئێستامان دەبێ؟ زۆرمان برسیە، دوو ئاوایی لەدوورەوە دیارن، زووتر دەگەینەکامەیان بۆ ئەوەی نەهارێکی لێ بخۆین؟ و لەو نموونانە دەمویست منداڵێکی تەمبەڵو تەپلۆس لەگەڵ ڕاکردن ڕابێنم ئەگەرچی دەبوایەدوواتر بچێتە سەربازی، نەحەزی لەم وەرزشە بوو نە وەرزشەکانی دیکە. ناشزانم بۆچی پێی وابوو کە نەجیمزادەیەکی وەك وی نابێ دەست بۆ هیچ

کارێك بەریێو فێری هیچ شتێك بیێ. پێی وابوو رەسەنایەتی دەتوانێ جێگەی لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی‌و تواناو هونەر بگرێتەوە. بۆئەوەی وەها منداڵێك وەكوو ئاشیل بە دەستوبرد بیێ، لێهاتوویی شیرۆنیش (21) بەس نەبوو خراپ ئەوە بوو كە حەزم لیێ نەبوو هیچ فەرمانێكی بەسەردا لێدەم چونكی خۆم لە ئامۆژگاری كردن‌و بەڵێنی پێدان‌و هەڕەشەو وروژاندنی هەستی كێبەركیێو خۆنواندن، دوور خستبۆوە. جگە لەوەش، دەمویست منداڵ شتێكی دیكەش لەم وەرزشە فێر بیێ. بۆ ئەوەی عادەت بگریێ كە هەمیشە بیروجەستە پێكەوە بخاتە كار. ئێستا باسی ئەو رێگەیەتان بۆ دەكەم كە بۆ بەڕێوە بردنی مەبەستەكەم دۆزیومەتەوە.

دووانیوەڕۆیان كە لەگەڵی دەچوومە سەیرانیێ، جارووبارە یەك دوو كولێرە ناسكەم لە گیرفانم دەنا كە ئەو زۆری پیێ خۆش بوون. لەكاتی سەیران دا (22) هەركام كولێرەكانمان دەخواردو بەكەیف خۆشی دەگەڕاینەوە ماڵیێ. رۆژێك منداڵەكە زانی كە ئەمن سیێ كولێرەم هێناوە، لەبەر ئەوەیكە دەی توانی شەش كولێرە بخوات بەبیێ ئەوەی پێی تێكچیێ، كولێرەكەی خۆی كردە پاروویەك‌و قووتی داو داوای سێهەم كولێرەی كرد. گوتم، ئەوەیان دەمەویێ خۆم بیخۆم. بەڵام قەیناكا، نیوەی دەدەم بەتۆ. بەڵام لەپێشدا باشتر وایە كێبەركی یەك بكەین: واتە بەو دوو منداڵەی لە لای یەكن بڵێین پێكەوە رابكەن، هەركام وەپێش كەوت كولێرەكە بۆ ئەو بیێ. منداڵەكانم بانگ كرد. كولێرەكەم نیشان دان‌و مەرجەكانم پیێ گوتن. لەخودایان دەویست. شیرینیەكەم بۆ لەسەر بەردێك دانان كە ئامانجی كێبەركێكە بوو. رەوگەكەمان دەستنیشان كردو بۆخۆمان لەگۆشەیەكەوە دانیشتین. منداڵەكان بە ئامازەی ئێمە بۆی دەرچوون. ئەو منداڵەی كە گەیشتیێ نانەكەی هەڵ گرت‌و لە بەرچاوی بینەرە شكەست خواردووەكانی خۆیدا، بەبیێ هیچ بەزەی یەك خواردی.

لەوانەیە قازانجی ئەو سەیرانە لە كولێرەیەك پتر بووبیێ. بەڵام یەكەمجار فێڵەكەی من هیچی لیێ نەكەوتەوە. بەڵام ناهومێد نەبووم‌و پەلەم نەكرد. چونكی پەروەردەی منداڵ هونەرێكە، كە هەرچەندەی زیاتر كاتی بۆ تەرخان بكەی باشتر بەئامانج دەگەی.

ماوەیەك درێژەمان بە سەیرانەكەمان دا. زۆرجاران سێ كولێرەو جاروبارەش چوار دانەمان لەگەڵ خۆمان دەبرد. زۆرجار یەك دوو لەتیش بە ئەوانیتر دەبڕا.

خەڵاتەكەی ئێمە شتێكی زۆر نەبوو. بەڵام بەشداربوانی كێبركێكەش چاو برسیو زێدەخواز نەبوون. ڕێزمان لە "براوە"و سەركەوتوو دەگرتو هانمان دەداو ڕێوڕەسممان بۆ دەگرت. بۆ هێندێ گۆڕانكاری بەمەبەستی خۆشتر كردنی كێبەركێكە، مەوداكەم درێژتر كردەوەو چەندكەسی دیكەشم وەرگرت. لەگەڵ دەستپێكردنی كێبڕكێ، ڕێبواران ڕادەوەستان بۆ چاو لێكردنو بەقریوەو چەپڵە لێدان، یاریزانەكانیان هان دەدا.

جاروبار هاوڕێ بچكۆلانەكەی خۆم دەبینی دەبزوێ. كاتێك یەكێك كێبڕكێ كەران دەهات بكەوێتە پێش خەنیمەكەی خۆی، ئێمیل هەڵدەستایە سەر پێو هوڕای دەكێشا، دەتگوت: لەیاریی یەكانی ئولەمپیك دا بەشداریی كردووە.

بەهەر حاڵ بەشدارانی كێبڕكێ جاری وابوو گزەیان دەكرد. بۆ وێنە یەكتریان ڕادەگرت یا پاشقولی یەكتریان دەدا، یا وردكە بەردیان دەخستە سەر ڕێگای یەكتر ئەو كارە بیانووی دامە دەست بۆ ئەوەی لێكیان جوێ كەمەوە وناچاریان بكەم هەركەسە بەسەر هێڵی خۆیدا بڕوا، بەڵام مەودای هەموان بەقەت یەك بوو. دوواتر پێتان دەڵێم بۆچی. چونكی بابەتی ئاوا گرینگ پێویستیی بە شی كرنەوەی پتر هەیە.

ئاخری یەكەی، هاوڕێ چكۆلانەكەم كە دەیبینی ئەو كولێرە ناسكانەی ئەوندەی حەز لێیانە، لەبەر چاوی دەیخۆن، وەرس بوو. بەمێشكی دا هات كە ڕاكردنیش خراپ نیەو حەیفە كەڵك لە لاقەكانی خۆی وەرنەگرێ. ئیدی بەدزی یەوە كەوتە پرۆڤە كردن. وەڕووی خۆم نەهێنا، بەڵام تێگەیشتم كە تەكنیكەكەم كاری خۆی كردووە.

كاتێك زانی ئامادەو چالاكە (وئەمن بەر لەو تێگەیشتم) دەمدیت وەشوێنم دەكەوێ بۆ ئەوەی كولێرەی سێهەم وەرگرێ، من جوابم نەداوە. پێی چەقاندو گوتی ((دەی باشە لەسەر بەردەكەی دانیو ئەو مەودایەم بۆ دیاری بكە كە دەبێ ڕابكەم)) پێی پێكەنیمو گوتم ((مەگەر فەرخە ئاغایەك دەتوانێ ڕاكا؟ ئەوەی لەم كێبڕكی یە بە تۆ دەبڕێ، مەیلو تاسەی لەڕادە

بـەدەرە، شـیرینیەك لـە گۆڕێـدا نیـە)). ئـەو تەشـەرو تانووتـەی مـن کـاری تێکـرد. وروژا وکێبڕکێکەی بردەوە. ئەوەش بزانن کە بەبێ ئەوەی پێ بزانێ مەوداکـەی ئـەوم لـە هـی ئـەوانی دیکە کورت تـر دیـاری کردبـوو و ئـەو کەسـەش کـە لەهـەموان خێراتـر هـەڵ دەهـات نەمهێشت بەشداری کێبڕکێکە بێ. دەتوانن مەزەنـدەی ئـەوە بکـەن کـە دووای ئـەو یەکـەمین قۆناغـە، بـە ئاسانی توانیم هەموو رۆژێ ناچاری بکەم رابکا. لەکۆتایدا، وا هۆگری ئـەو کێبڕکـی یـە ببـوو کـە تەنانـەت بـەبێ یارمـەتیی منـیش هەمیشـە کێبڕکێکـەی دەبـردەوە تەنانـەت لـە مـەودا دوور و درێژەکانیشدا.

وێڕای ئەو قازانجانەی لەم پرۆڤانە بەمن بڕان، قازانجێکی دیکەشیان لـێ زیـاد بـوو کـە هـەر بیریشم لێ نەکردبۆوە. سەرەتا کە ئێمیل خەڵاتەکەی دەبردەوە، هەمیشـە وەکـوو خەنیمـەکانی بەتەنێ دەیخوارد. بەڵام پاش ئەوەیکە خووی بەسەرکەوتنەوە گرت، بەخشـندەترو دڵاواتـر بـوو زۆربەی جاران شیرینی یەکەی لەگەڵ شکست خواردووەکان بـەش دەکـرد. ئـەو کـارە بابـەتێکی ئەخلاقیی فێر کردم: واتە تێگەیشتم بنەمای واقیعیی جوامێریو دڵاوایی چی یە.

وێڕای ئەوەیکە لەگەڵ ئێمیل چەند شوێنی جیاوازی دەسپێکمان دیاری دەکـرد کـە کێبڕکـێ کەران لەوێوە بڕۆن، بەبێ ئەوەی بێڵم ئەو پێ بزانێ مەوداکانم نابەرابەر دەکرد. دیارە ئەم کارە لە زەرەری ئەو کەسە بـوو کـە دەبوایـە مەودایـەکی دوورتـر بپێـوێ. بـەڵام وێـرای ئەوەیکـە لـێ دەگەڕام قوتابی یەکەم خۆی رەوگەی خۆی هەڵ بژێرێ، نەیدەزانی کەڵك لەم یارمەتیە وەرگرێو بەبێ ئەوەی گرینگی بەدووریو نزیکی بدات، جوانترین رێگەکانی هەڵ دەبـژارد، بەچەشـنێك کـە دەمتوانی شێوەو چۆنێتی هەڵبژاردنەکەی پێش بینی بکەمو هەرکات حەزم لێ بـوو، ببمـە هـۆی بردنـەوەو دۆڕانـدنی ئـەو. بـۆ بـەڕێوەبردنی زۆربـەی مەبەسـتەکانی خـۆم کـەڵکم لـەو رەوشـە وەردەگرت. بەو حاڵەوە چونکی دەمویست جیاوازیی مەوداکان لێـك بکاتـەوە، هـەوڵم دەدا تێـی گەیەنم. وێڕای ئەوەیکە لەکاتو ساتە ئاسای یەکاند وەرسو داهێزراو بوو، لەکاتی یـاری کردنـدا ئەوەندە بەتینو گوڕ بوو و ئەوندەشی متمانە بەمن بوو کە زۆرم بـەلاوە دژوار بـوو تێـی گەیـەنم کە زۆریی لێدەکـەم. بـەکورتی سـەرەڕای وروکـاس بوونەکـەی ئـەو، مەبەستەکەی خـۆم پێکـا.

منداڵەکە، بە هۆی ئەم گزەیە لۆمەی کردم. پێم گوت ((گلەییت لە چی یە؟ مەگەر ماف ئەوەم نی یە کە لە پێناو شتێکدا کە دەیبەخشم چ مەرجێکی حەزم لێ بێ دای نێم؟ کێ ناچاری کردووی رابکەی؟ مەگەر بەڵێنم پێدابووی مەودای یەکسانتان بۆ دیاریی بکەم؟ مەگەر ئێوە سەربەست نین لە هەڵبژاردنی ئەو رێگەیەدا کە دەبێ پێی دا برۆن؟ کێ ناهێڵێ مەودای کورتتر هەڵبژێرن؟ بۆ نابینی ئەمن لایەنی تۆدەگرم؟ و ئەم نەبوونی یەکسانیەی کە بەدەستیەوە دەناڵێنن بە قازانجی ئێوەیە، بە مەرجێك بزانن کەڵکی لێوەرگرن)). قسەکانی من راشکاوانە بوون. منداڵەکە تێ گەیشتو بۆ هەڵبژاردنی رێگەی نزیك ناچار بوو زیاتر سەرنج بدات. سەرەتا ویستی بە هەنگاو مەوداکە بپێوێ. بەڵام بە هەنگاو پێوان، وەدرەنگیی دەخاو هەڵەی تێدا دەکرێ، جگە لەوەش ئەمن وام رێکخستبوو کە دەبوایە لە رۆژێك دا چەندین کێبڕکێ بەرێوە بچێ.چونکی هۆگربوون بەو یاری یە گەیشتبووە لووتکەی عەشق. بەشداران پێیان حەیف بوو ئەو کاتەی بۆ راکردنی تەرخان دەکەن، بۆ پێوانی مەوداکە بە فیرۆی بدەن. گوروتینی منداڵی لە گەڵ ئەم هێورییانە یەکناگرێتەوە. بۆیە منداڵەکان هەوڵیان دا بەچاو مەوداکان بپێون. ئیتر ئەو جار بۆم دژوار نەبوو کە زیاتر هۆگرییان بکەم بەم ئیشەوە.

بەکورتی پاش ئەوەیکە ناچارم کرد چەندین مانگ خەریکی ئەندازە گرتنو هەڵسەنگاندن بێ هەڵەکانیم بۆ راست کردەوە. هەستی دیتنی ئەوەندە مووئەنگێو ببوو کە ئەگەر بۆ وێنە پێم گوتبایە کولێرە ناسکەم بۆ لە فلانە شوێن، داناوی‌و بلێ بزانم مەوداکەی چەندەیە، ئەوندە بەوردی وەڵامی دەدامەوە کە وەك بڵێی بە مەتر پێواوێتی.

ئێمیل دەبێ فێری شێوە کاری بێ بەڵام جیا لە سروشت هیچ مامۆستایەکی ناوێ. و جگە لە شتی دەوروبەر نموونەی پێویست نی یە. راهێنەرەکەی ئەو لەم بوارەدا زیاتر لە هاوپۆلی یەك دەوری نابێ. بەشێوەی ئاسایی زۆر خراپ وانەی هەندەسە دەگوترێتەوە: لە پێشدا باس لە بابەتەکە دەکەن ئینجا هەوڵی سەلماندنی دەدەن. شێوەکانیش بەجوانی ناکێشن. بە پێچەوانەوە ئێمیل سەروکاری لەگەڵ شێوەی تەواو دروستو بێ هەڵە دەبێ‌و پاش هەڵسەنگاندنو ئەندازە گرتنی ورد، لە پێوەندیی نێوان شێوەکان تێدەگا. کەوابوو لێرەشدا

تەنیا ئەزموون‌و تاقیکردنەوە ڕێنوێنی دەبن. زۆر باشە کە منداڵەکان لە ڕێگەی یاری کردنەوە هەم خۆیان بەهێز بکەن‌و هەم چالاکی‌و لێوەشاوەیی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستە یاریی تایبەت بە گەورەکان باشترە لە یاریی منداڵان. ئێمیل فێری یاریی گەورەکان دەبێ وەکوو جلیت‌و تەقڵە و بلیاردو تیروکەوان هاویشتن‌و تۆپێن‌و ... تەنیا ئەوەندە کە گەورەیی‌و قورسایی کەرەسەکانی وەرزش لەگەڵ تەمەنی گونجاو بن.

ئەگەر گەرەکتانە هەستی بیستنی کەسێك پەروەردە بکەن دەبێ لە پێشدا دەنگی ئەو پەروەردە بکەن. ئێمیل فێری ئەوە دەبێ کە روون‌و رەوان قسە کا. نزمی‌و گڕیی دەنگەکان لە جێی خۆیدا بەکار بێنێ. بەدەنگی دروست ئاوازگەلی زۆر سادە بچڕێ. ئاوازگەلی لە جۆش‌و خرۆش بۆ ئەو نابن. جگە لەوەش، موسیقاش جیا لە سەرگەرمی‌و رابواردن بۆ ئەو شتێکی تر نی یە. هەڵبژاردنی خواردنەکانمان لە ئەستۆی هەستی چەشتنمانە. کارێکی وابکەن کە منداڵەکە سەلیقە سروشتیەکەی خۆی بپارێزێ. وای رامەهێنن کە حەزی لە خواردنی ئێجگار بەتام‌و ئێسیوەتی زۆر تیژ بێ. خراپ نی یە بۆ پەروەردەی منداڵان کەڵك لە چلێسی‌و نەوسنیەکەیان وەرگرین بە مەرجێك قایلیان بکەین‌و نەوسیان بشکێنین بەڵام نەیان وروژێنین. لە راستیدا چلێسی بۆ هەمیشە لە گەڵمان نامێنێتەوەو زیاتر کاتێك کە گەورە دەبین تەواو دەبێ. خواردنە گیای یەکان‌و شیرنەمەنی یەکان، لە گۆشت باشترن. چونکی گۆشت مرۆڤ توندووتیژو بێ بەزە باردێنێ. خەڵکی ئەمڕۆیی لەگەڵ ومێرو پلوتارك هاوبیروڕان.

هەستی بۆن کردن، لە پێشدا ئاگادارمان دەکاتەوە لەو شتەی کە دەبێ چێشکەی بکەین. هەروەکی هەستی بینین ئاگادارمان دەکاتەوە لەو شتەی دەبێ دەستی ڕێخشێنین‌و تەنیا لەم ڕێگەیەوە بۆ منداڵ قازانجی هەیە. هەستی بۆنکردن پێوەندیی بە هەستی خەیاڵ کردنەوە هەیەو لەگەڵ گەشەی وارسکەکان گەشە دەکا.

عەقڵی هەستیارو منداڵانە لە ڕێگەی تێك هەڵکێشانی هێندێ لە بەرهەستەکان، چەمك‌و ماناگەلێکی سادە پێك دێنن. لەکتێبەکانی دوواییدا دەبێ سەبارەت بە هەستی شەشەم

بدووێین کە هەستی تێگەیشتنی سروشتیی پێ دەگوترێ‌و لە مێشکدایە. ئەم هەستە لە کۆی چەندین چەمکی سادەو واتایەکی تێکەڵاو دروست دەبێ.

وێنەی ئێمیل لەسەردەمی منداڵیدا

وای دادەنێین شێوازی پەروەردەیی ئێمە هەر هەمان شێوەی سروشت بێ‌و هەروەها وایدانێین کە لە بەکار هێنانی ئەو میتۆدەدا هەڵەمان نەکردبێ. دەبینین قوتابی یەکەی خۆمان لە هەرێمی بەرهەستەکان پەڕاندۆتەوەو گەیاندوومانەتە لووتکەی عەقڵی منداڵانە. یەکەم هەنگاوێك کە پاش ئەو سنوورە هەڵی دەگرین دەبێ لەگەڵ مرۆڤێکی باڵق‌و پێگەیشتوودا گونجاو بێ. بەڵام بەر لەوەی بچینە نێو ئەم قۆناغە نوێ یەوە، بۆساتێك با ئاوڕێك لەو ڕێگەیە بدەینەوە کە بڕیومانە. هەر تەمەنێك هەر قۆناغێکی ژیان جۆرە لووتکەو کامڵبوونێکی هەیە کە تایبەتیی خۆیەتی‌و لەگەڵی یەکدەگرێتەوە.

باسی مرۆڤی کامڵیان بۆ ئێمە کردووە. بەڵام ئێستا دەمانەوێ منداڵێکی پوختەوکامڵ بێنینە بەرچاو. ئەم دیمەنە بۆ ئێمە نوێ بوون‌و تازەی یەکی زیاتری دەبێ‌و لەوانەشە زۆر ناخۆش نەبێ.

ژیانی بوونەوەرەکان ئەوەندە کورت‌و بەرتەسکە، کە هەرکات ئەو شتانە دەبینین کە بەڕاستی هەن چێژێکی ئەوتۆ وەرناگرین. خەیاڵ‌و فەنتازیاکانی ئێمەن کە شتە واقیعەکان دەڕازێننەوەو دەیانخەنە پێش چاو.

ئەگەر هێزی خەیاڵ کردن ئەو شتانە جوانتر دەکا کە کاریگەرییان لەسەرمان هەیە، ئەو چێژەی کە لەو پێمان دەگا تایبەت بەو ئەندامەیە کە هەستی پێدەکاو بە هیچ جۆرێك کارناکاتە سەر دڵمان. بۆ وێنە لە سەرەتای پاییزێ دا، زەوی بە شتگەلێکی جوان داپۆشراوە کە چاو حەزی پێدەکا، بەڵام ئەو حەز پێ کردنە کاریگەریی لە سەر رۆحی ئێمە نابێ. چونکی بەرهەمی هزری ئێمەیەو لە هەستەکانمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بەپێچەوانە، لەسەرەتای بەهاردا

دەشتو دەر تاڕادەیەك رووتەڵەو دارستانمان بێ سێبەرن. شینکە تازە سەر لە خاك دێنێتە دەرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دڵو هەستمان دەبزوێنێ. بەدیتنی ژیانەوەو بوژانەوەی سروشت هەست بە بووژانەوەی خۆمان دەکەین.

خەیاڵی خۆشیو شادمانیی جۆراوجۆر دامانـدەگرێ، فرمێسکی زوڵاڵی تێکەڵاو بە چێژو شادی لە چاومان شۆڵاوگە دەبەستێ. لە حاڵێکدا کە دیمەنی ترێ ڕنینی پاییزان هەرچەندە جوانیش بێ نامانبزوێنێو ئەسرین ناکاتە میوانی چاوەکانمان.

ئەم جیاوازی یە بۆچی یە؟ بۆ ئەوەیکە وزەی خەیاڵ کردنی ئێمە، دیمەنەکانی وەرزەکەی دووایش دەخاتە سەر دیمەنی بەهار. بۆ وێنە ئەم چرۆ ناسکانەی کە دەیانبینن، گوڵو میوەو گەڵاکانمان بیردەخەنەوەو تەنانەت ئەو نهێنی یە جوانەی کە لە سێبەری ئەو گەڵایانەدا شاراوەیە، بیرو خەیاڵی زەمانو کاتە یەك لەدووای یەکەکانمان لە ساتێکدا بۆ کۆدەکاتەوەو بەو شێوەی کە حەزی لی یەو پێی خۆشە شتەکان دەبینێ. چونکی هەڵبژاردنی ئەو شتانە لە دەستی ئەودان. بە پێچەوانەوە لە پاییزدا سروشت بەو جۆرە دەبینێ کە هەیە. چونکی ئەگەر وزەی خەیاڵکردن بیەوێ بخزێتە نێو بەهارەوە، زستان دەیبەستێو دەیکاتە سەهۆڵو لە نێو تۆفو بەفروبۆراندا دەی نێژێ.

هەر بۆیەشە مرۆڤ لە دیتنی منداڵێکی ژیکەڵانە زیاتر چێژ وەردەگرێ هەتا پیاوێکی پوختەو گەورە. کەنگێ بەڕاستی لە دیتنی پیاوێکی بەساڵاچوو چێژوەردەگرین؟ کاتێك کە بیرەوەیی کارە گەورەکانی دەمانگێڕنەوە بۆ سەردەمانی رابردووی واتە واتە ئەومان لە پێش چاو گەنج دەکەنەوە.

ئەگەر ناچار بین وەك ئێستای چۆنە یا بەو شێ,ەیەی کە لە پیری دا دەبێ، چاوی لێ کەین، بیر کردنەوە لە داکشانو لاواز بوونی ئەو، حەزوچێژەکەمان دەکوژێ. لە راستیدا دیمەنی ئەو کەسەی کە بەهەشتاو بەرەو گۆڕ دەچێ، هیچ جوانی یەکی تێدا نیە چونکی بیرکردنەوە لە مەرگ هەمووشتێ ناشیرین دەکا. بەڵام کاتێك منداڵێکی دە ـ دووازدە ساڵانەی تۆکمەو ساخو بەهێزو بەژنوباڵا جوان دەبینین هەر فکرێکی بێتە مێشکمانەوە، جوانو خۆش دەبێ جا چ

پێوەندیی بە ئێستایەوە هەبێ چ بە داهاتوویەوە. هەنووکە دەی بینم کە بەدەستوبردو بەتینو گوڕ بەبێ پێش بینی یە دڵتەزێنەکانی داهاتوویەکی دوورودرێژ تەواوی فکرو زکری لەسەر ئاسوودەیی خۆیەتیو کەیف خۆشیو زیندوویەتی کە لە وزەی پەنگراوی لاوێتی یەوە خزیوەتە گیانی یەوە تەنانەت کەسانی دیکەش دەگرێتەوە. داهاتووی پێش بینی دەکەم. دەبێتە گەنجێك کە رۆژ لەگەڵ رۆژ هەستو هزرو وزەی پترو بەهێزتر دەکاو باشتر دەیخاتە گەڕو لێوەشاوەیی خۆی پتر دەردەخا. ئێستا کە منداڵە خۆشم دەوێ. هەر دەڵێی خوێنی لە جۆشی ئەو خوێنی من گەرم دەکاتەوە. وا هەست دەکەم هاوبەشی ژیانی ئەومو گەنجێتیی ئەو گەنجم دەکاتەوە.

بەداخەوە کاتی وانەگوتنەوە دەگات. کەچی گۆڕانێکی خراپ لەودا پێك دێ. دەمودەست بەر چاوی رەش دەبێتو شادوومانیەکەیو گەشبوونەکەی تەواو دەبێ. ماڵئاوا ئەی شادی. ماڵئاوا یاری یە خۆشەکان! کابرایەکی گرانو سەنگینو بۆز دەستی دەگرێو دەڵێ: کاکە گیان فەرموو با بچینە سەر پۆل. لە کەلێنی دەرگاوە کتێبەکانی دەبینم. کتێبەکانی ئەو! چ کەرەسەو کەلوپەلێکی خەفەت هێنەر بۆ ئەم تەمەنە. منداڵە بە ناچاری وەشوێن مامۆستا دەکەوێ. بە حەژمەتەوە چاوێك بەو شتانەدا دەخشێنێ کە لە دەوروبەرین. چاوەکانی پڕن لە ئەسرین. بەڵام ناوێرێ هەڵیان رێژێو دڵی پڕە لە ئاخو ژان بەڵام ناوێرێ دەم ببزێوێ.

بەڵام ئەتۆ بەمشێوەیە چارەڕەشی هەڕەشەت لێناکا. تۆکە چرکە ساتێکیش لە ژیانت دا هەست بە تاڵی ناکەی. تۆکە لە رۆژبوونەوە ناترسیو داهاتنی شەو نیگەرانت ناکا، تۆ کە لەفرەیی یاریو رابواردنەکانتەوە هەست بەتێپەڕینی کاتەکان دەکەی. وەرە قوتابی یە بەختەوەرو ئاکار جوانەکەی خۆم وەرە، وەرەو رزگارم کە لە پەژارەی دووریی ئەم منداڵۆچکە چارەڕەشەی رۆژگار. قوتابی یەکەم بانگهێشت دەکەم قەبووڵی دەکاو دێ. کاتێك نزیك دەبێتەوە هەست بە خۆشی یەك دەکەم کە ئەویش تێیدا بەشدارە. چونکی دەزانێ نەهاتۆتە لای مامۆستا، بەڵکو لەکن هاوڕێی خۆی، هەڤاڵی خۆیو هاویاریی خۆیەتی. دڵنیایە کە ناهێڵم بەبێ یاریو رابواردن بژی. هیچکام لەو دووانەمان بەردەستی ئەویتر نین. بەڵام هەمیشە پێکەوە کۆکینو قەت بە رادەی ئەو دەمانەی پێکەوەین بەختەوەر نین.

قەڵافـەتو بـەژنو بـاڵاو جووڵـەکانی، نیشـاندەری متمانـە بـەخۆییو قـایلبوونی ئـەون. لـە ڕووخساری یـەوە دەنـوێنێ کـە سـڵامەتە. هـەنگاوەکانی بـە قـایمیو پتـەوی دادەنـێو ئـەوەش نیشاندەری هێزی جەستەی یەتی. ڕەنگی ڕوخساری ئەگەرچی هێشتا تۆخ نی یە، بـەڵام وەکـوو ڕەنگی پیاوانی ژنانیلە ڕەنگی مانگە شەوی نی یە. هەوای ئازادو تیشکی خۆرەتاو دەموچـاویان بۆرو بۆز کردووە کە هێمای پیاوەتی یە. ماسولکەکانی کە لەحاڵەتی هەڵدانو گەشـە کردنـدان، قەڵافەتیان سەرنجڕاکیش کردووە. چاوەکانی کە هێشتا لە ژێر کاریگـەرێتی ئـاگری شـەهوەت دا نادرەوشێنەوە، پاکیو بێ خەوشیی خۆیان پاراسـتووە. خەموخەفـەتی پەیتاپـەیتاو بـێ وچـان چـاوە گەشـەکانی لێـڵ کـردوونو سـێڵاوی ئەسـرین ڕوخسـاری لـە گـوڵ گـەشو ناسـکتری نەژاکانـدووە. چـالاکیی تایبـەت بەتەمـەنی خـۆی لـە جووڵـەی خێـراو دڵنیـای دا خـۆ دەنـوێنێ. خۆڕاگری کە نیشانەی سەربەخۆی یەو بە ئەزموونی، کە دەرەنجامی پرۆڤەی زۆرە، تێیدا بـەدی دەکرێ. قەڵافەتێکی کراوەو گەشی هەیە بەڵام خۆپەرەستو بێ ئەدەب نی یـە. نـە دەموچـاوی بە کتێبەوە دەنووسێنێو نە هەرگیز سەری بەسەر سـینگی دا شـۆڕدەکاتەوە. پێویسـت نـی یـە پێی بڵێن ((سەرت هەڵێنە)) چونکی قەت تـرسو شـەرمەزاری سـەریان پـێ شـۆڕ نـەکردووە. لـە کۆڕی هاوڕێیاندا جێگەی بۆ دانێن: هاوڕێیان چـەندی حـەزتان لێ یـە چـاوی لێکـەن. چـی دڵتـان دەخوازێ لێی بپرسن. نە ترستان لەوە بێ وەرستان بکا نە نیگەرانی سـوێر قسـەیيو پرسـیاری بێ جێو ڕێی بن. مەترسن، خۆتان پێوە هەڵناوەسێو ئێوە بە تایبەت بە خۆیەوە سەرقاڵ ناکا. هەرکات حەزتان لێ بێ بەجێی بێڵن، پێشتان پـێ ناگرێ.

چاوەڕێش مەبن وشەی شیرنو قسەی دلگرتان بۆ بکا و ئەو شتانەتان بۆ دووپاتـە بکاتـەوە کە ئەمن پێم گوتـووە. جگـە لـە دەربـڕینی حەقیقـەتی سـادەو بـێ پـەلوپۆ و بـێ خۆپەرسـتی، چاوەڕوانی یەکتان لێی نەبێ. ئەگەر خراپەی کردبێ، یـا فکرێکـی خراپـی بـە مێشـکی دا هـاتبێ بەبێ پێچو پەنا پێتان دەڵێ. هەر وەکی چۆن باسی کارە باشەکانیتان بۆ دەکاو هـیچ کـات بـیر لەوە ناکاتەوە کە قسەکانی بە چاك یا خراپ کاریگەرییان لەسەرتان بێ لە پـەیڤو دەربـڕین بـۆ هەر ئەو مەبەستە سادەیە کەڵك وەردەگرێ کە هەر لەسەرەتاوە بۆی تەرخان کراوە.

ئێمه زیاتر قسه سەرەتای یەکانی منداڵان به شتێکی باش‌و پڕ بەرەکەت دادەنێین. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەیکه سێڵاوی وشەی بێ واتا به زمانیاندا بێ، ئەو هیوایەی که بەهۆی قسەیەکی ماقووڵەوه له دڵماندا پشکووتبوو دەبێته دڵساردی‌و بێ هیوایی. ئەگەر قوتابی یەکەی من کەمتر ئێوه بەمجۆره هیوادار دەکات، لەولاوه، بەدەگمەن هیوا براوتان دەکا. چونکی هیچ کات قسەیەکی مایه پووچ ناکاو هیچ کات به قسەی پڕوپووچ که هیچ کەس گوێی لێناگرێ، خۆی‌و ئێوه وەرس‌و ماندوو ناکا. هزرەکانی سنووردار بەڵام روونن. ئەگەر هیچی لەبەر نیه بەڵام لەرێگەی ئەزموونەوه گەلێك زانیاریی وەدەست هێناوه. ئەگەر وەك منداڵانی دیکه کتێبەکانی ئێمه به باشی ناخوێنێتەوه، لەوان چاکتر کتێبی سروشت دەخوێنێتەوه. هزری له مێشکی دایه نەك له سەر زمانی. تێگەیشتن‌و داوەریکردنەکەی له قەدەر یادەوەری یەکەی نی یه (زیاتره). تەنیا به یەك زمان نادووێ. بەڵام هەرچی دەیڵێ تێی دەگاو ئەگەر له خەڵکانی دیکه باشتر قسه ناکا، لەوان باشتر دەجووڵێتەوه و چالاکیی دەنوێنێ.

ئێمیل لەواتای کۆنەپەرەستی یا خووخدەو دابونەریت تێناگا. ئەو کارەی دووێنێ کردوویەتی کاریگەریی له سەر ئیشی ئەمڕۆی نی یه. هیچ کات پەیڕەوی فەرمانەکانی کۆمەڵگا نی یەو ناکەوێته ژێر کاریگەریی لاسایی کردنەوه. هەر قسەیەکی به گونجاوو باشی بزانێ دەیڵێ‌و هەر ئیشێکی به قازانجی بێ دەیکا. کەوابوو قەت چاوەڕێی مەبن قسەیەکی وابکا که پێی گوتراوه یا کارێکی وابکا که فەرمانی پێدراوه. بەپێچەوانەوه هەرچی دەیڵێ دەربڕینی مەبەسته واقیعیەکانێتی وهەرچی دەی کا ئاکام‌و بەرهەمی حەزو ئارەزووه کانێتی.

هەر ئەوەندە لەسەر پرسه ئەخلاقیەکان دەزانێ که پێوەندیی به رەوشی هەنووکەیی ئەوەوه هەیه. هیچ شتێك سەبارەت به مرۆڤه مەزنەکان‌و پێوەندی یەکانی نێوانیان نازانی‌و پێویستیش نی یه بزانێ، چونکی منداڵەکه هێشتا تاکێکی چالاکی کۆمەڵگا نیه.

ئەگەر لەسەر ئازادی‌و خاوەندارێتی‌و یاساو رێساکان بیدووێنن تەنیا دەزانێ ئەو شتانەی که هی ئەو نین، هی ئەو نین‌و ئەو شتانەی که هی ئەون، هی ئەون. لەمه بەولاوه هیچ نازانێ. ئەگەر باسی ئەرك یا فەرمانبردنی بۆ بکەن، هیچی لێ تێناگا، فەرمانی پێ بدەن گوێ ناداتێ. بەڵام

هەركات پێی بڵێن: ((ئەگەر فلانە كارم بۆ بكەیت لـەكاتی خۆیـدا تۆڵـەت بۆدەكەمـەوە)) چـیتان حەز لێ بێ دەمودەست بۆتان دەكا. چـونكی خواخوایـەتی سـنووری دەسـەڵاتی خـۆی بـەرینتر بكاتەوە و مافێكی بەسەرتانەوە بێ كە دەزانێ لە بەرچاوی دەگرن. لەوانەیە بێ مـەیلیش نـەبێ كە سەرێك بێ لە نێو سەرانداو بێتە ریزی مرۆڤە گەورەكانـەوە. بـەو حاڵـەوە ئەگـەر ئـەم هـزرە پاڵنەری بێ، پێچەوانەی سروشت جوڵاوەتەوە و دەردەكەوێ كە نەتانتوانیوە هـەموو رێگـەكانی خۆپەرەستیی لەسەر داخەن.

ئەگەر ئێمیل پێویستی بە یارمەتیەك هەبێ، یەكەمین كەسێك كە تووشی بێ داوای یارمەتیی لێدەكا. ئەو بۆی گرینگ نیە ئەو كەسە پاشا بێ یا سواڵكەر. تەواوی خەڵك لە پـێش چـاوی ئـەو وەك یەكن. بڕوانن جۆرێك داوا دەكا كە جوان دیارە دەزانێ كابرا پێی قـەرزدار نـی یـە. دەزانـێ داوای دلۆڤانیو بەخشینی لێیان هەیەو ئەگەر ئەو شتەی داوای دەكا دەیدەنێ ودڵی ناشكێنن لە بەر ئەوەیە پیاوی چاكنو دلۆڤانن.

قسەكانی كـورتو سـادەنو دەری دەخـەن كـە بێـژەریش خـووی گرتـووە بـەوەی داواكـەی وەرگـیردرێو جێبـەجێش بكـرێن. نـە وەكـوو خـولام(كۆیلـە) خـۆی سـووك دەكـاو نـە وەكـوو ئاغاوەتان فەرماندەرانە قسە دەكـا. متمانـەی بەخـەڵك هەیـە. بوونـەوەرێكی ئـازادوو مێهرەبـان بەڵام ناسكو هەسستیار كە داوای یارمەتی لە كەسێكەی ئازاد بەڵام بەهێزو دلۆڤان دەكا. ئەگەر داواكەی دابین كەن سوپاستان ناكا، بەڵام خۆی بەقەرزدارتان دەزانێ. ئەگەر قبوولێشـی نەكـەن گلەیی تان لێ ناكاو پێ ناچەقێنێ چونكی دەزانێ چی لێشین نابێتەوە، واشـی لێكناداتـەوە كـە ((نەیاندامێ)) بەڵكوو دەڵێ بۆیان هەڵنەسووڕا بمدەنێ. هەروەكی لەپێشەوە گوتمان لـە هەمبـەر كارێك دا كە دەسەڵاتی نی یە سـەربزێوی ناكـا. بەتـەنیا لێـی گـەڕێن چـاو لـە هەڵسـوكەوتەكانی بكەن بەڵام هیچ مەڵێن. ئاگاتان لێی بێ چ دەكاو چۆن دەی كـا. چـونكی هەمیشـە ئـازاد بـووە كەڵكی خراپ لـە ئـازادی یەكـەی خـۆی وەرنـاگرێ. بـزۆزی ناكـا. نایـەوێ هێـزی خـۆی بنـوێنێ. چـــونكی دەزانـــێ هەمیشـــە سەربەســـتە كـــە چـــی دەكـــا. زیـــتو وریاشـــە. چـــالاكو بەكەیف،هەڵسوكەوتەكانی لەچاو تەمەنی خێران. بەڵام یەك هەنگاویش بەبێ مەبەستو ئامانجی

دیاریکراو هەڵناگرێ. هیچ کات دەست بۆ کارێك نابا کە لە قەوەی خۆی دانی یە. چونکی گەلێ جاران هێزی خۆی تاقی کردۆتەوە. هەڵسوکەتو جوڵەکانی بەردەوام لەگەڵ مەبەستەکەی گونجاوەو کەمتر رێدەکەوێ کە بەرلەوەی لەسەرکەوتن دڵنیابێ دەست بۆ کارێك بەرێ.ورد دەڕوانێو بەجوانی شت لێك دەکاتەوە. بەپێچەوانەوە کەسانی گێل، ئەوشتەی کە دەتوانێ ببینێو تێی بگا، لەکەسانی دیکە ناپرسێ. بەوردی لەو شتانە دەڕوانێ کە دەیەوێ بیانناسێ، هەوڵی دۆزینەوەیان دەداتو ئەگەر سەرنەکەوت پرسیار دەکا. ئەگەر نەیزانیو کتوپڕ تووشی گرفتێك هات لەچاو خەڵکی دیکە کەمتر دەپەشۆکێو ئەگەر مەترسیەکی بۆ بێتەپێش لە چاو خەڵکی دیکە کەمتر دەترسێ.

لەبەر ئەوەیکە هێشتا هێزی خەیاڵکردنی خۆی نەخستۆتە کار، تەنیا ئەو شتانە دەبینێ کە هەن، هەر بۆیەش مەترسیەکان لەوە گەورەتر نابینێ کە هەنو هیچ کات هێوریی خۆی نادۆڕێنێ. چونکی قورسایی کوێرەوەرییو گرفتەکانی ژیان بەردەوام گوشاری خستۆتە سەر. هیچ کات پێیان ناشڵەژێو لێیان ڕاناپەڕێ، هەر لەمنداڵیەوە ئەم بارەی بەکۆڵەوەیەو خووی پێوە گرتووە. کەوابوو هەمیشە ئامادەیە لەژێر قورسایی دا تاقەت بێنێ.

ئیشکردنو رابواردن بۆ ئەو وەك یەکن. یاری کردن بەلای ئەوەوە بەشێکە لەکارکردن. لە بەڕێوە بردنو راپەڕاندنی کارێك دا ئەوندە بەحەزو تاسەوە کار دەکا کە وەپێکەنینمان دەخاو لێهاتووی یەکەی تەواو سەرنج راکێشە.هەم پلەو ئاستی زیرەکیو لێهاتوویی خۆی دەگەیەنێ هەم رادەی زانیاری یەکانی. منداڵێکی ژیکەلانە بێننە پێش چاو کە بەچاوی تیژو لێوی بەبزەوە، بەقەلافەتو بەژنو بالایەکی جوانو چالاکەوە، خەریکی کاری جیدی یە. بەلام هەر دەڵێی یاری دەکا. یا بەپێچەوانەوە خەریکی گەمەی منداڵانەیە کەچی دەڵێی ئیشی جیددی دەکا. ئایا دیتنی وەها دیمەنێك چێژ نابەخشێ؟

ئایا حەزتان لێ یە لەگەڵ کەسانی دیکە هەڵی سەنگێنن؟ بیخەنە نێو کۆڕی منداڵانەوە ولێی بڕوانن. لەڕێوە تێدەگەن کامیان لەهەموان کارامەترە. کامیان لەچاو تەمەنی خۆی پوختەترە. لە نێو منداڵانی شاریدا هیچ کامیان لەو کارامەتر نین. لەهەمووشیان بەهێزترە.

ئەگەر بچینە نێو منداڵانی گوندەوە، لە بەقەوەتیدا شان لەشانی ئەوان دەداو لەکارامەییدا لەپێش هەموانەوەیە. وای دابنێن گەرەکیانە راکەن، بازدەن، شتێکی قورس هەڵگرن، مەودایەك پێوانە بکەن، یاریی نوێ دابێنن، خەڵاتێك بەرنەوە، قوتابیی من دەتوانێ بە ئاسانی هەمووشتێك بکاتە پەیرەوی ئیرادەی خۆی. هەر دەڵێی سروشت گوێ لەمستی ئەوە. هەردەڵێی بۆ بەڕێوەبەریی هاوڕگەزەکانی وزاڵ بوون بەسەریاندا لەدایکبووە. هونەرو ئەزموون ئەو مافەی پێدەدەن. هەرناوێکی هەبێ‌و هەر جلوبەرگێك لەبەر کا، فەرقی پێ ناکا. لەهەموو شوێنێك لە سەرووی هەموانەو لەپێش هەموانەوەیە. هەموان واهەست دەکەن کە لەهەموان مەزنترە. بەبێ ئەوەی بیەوێ فەرمان بدا، سەربەستو دەست ڕۆیشتووە و دەبێ. بەبێ ئەوەی، بیانەوێ گوێڕایەڵی بن، بەقسەی دەکەن.

قوتابی گەیشتۆتە لووتکەی منداڵیی خۆی. بە باشترین شێوە کەڵکی لە ژیانی تایبەت بە منداڵان وەرگرتووە.

بە مەبەستی گەیشتن بە پلەکانی سەرەوە، بەختەوەری خۆی لە کیس نەداوە. بە پێچەوانەوە، پەروەردەی باش و ژیانی لە بار، بواری بۆ بەختەوەری ئەو رەخساندووەو تا ئەو شوێنەی لە گەڵ تەمەنی بگونجێ ئاوەزیان بە هێز کردووەو بە رادەیەك کە پێکهاتەی فیزیکی(جەستەی)و رۆحی ئەو هەڵگر بووە، ئازادو بەختەوەر ژیاوە،ئەگەر داسی سامناکی مەرگ کتوپڕ گوڵی ژیانی بدرووێتەوەو ئەو گوڵەی جێگای هیوامان بوو لە ریشەی بێنێتە دەرێ بیرەوەری ئەو خەسارانەی پێمان گەیاندووە ئەوەندە نی یە کە ئازارەکانمان زیاتر نەکا.

دەتوانین بە خۆمان بڵێین، لانیکەم منداڵەکەمان چێژی لە ژیانی منداڵیی وەرگرتووەو نەمانهێشتوە تۆسقاڵێك لەو چێژو خۆشیانەی کە سروشت بۆ تەمەنی ئەوی تەرخان کردوون بە فیڕۆ بڕوات.

عەیبو ئیرادی ئەم یەکەمین پەروەردەیە لەوە دایە کە، تەنیا کەسانی ورد بین و موو ئەنگێو هەست بەلایەنە باشەکان دەکەنو خەڵکی رەشۆك منداڵێك کە بەم شێوەیە پەروەردە کرابێ بە منداڵێکی بێ چاوڕوو و بێ تەربیەتی دەزانن. مامۆستا زیاتر بیر لە قازانجی خۆی

دەکاتەوە هەتا بەرژەوەندیی قوتابی. ئەو هەوڵ دەدا وانیشانبدا کە کاتی خۆی بەفیڕۆ نەداوە وئەو دراوەی وەری دەگریٚ مافی خۆیەتی. بۆیەش شتگەلیٚك فیٚری قوتابی یەکەی دەکا کە لە ڕەواڵەت دا هەبن بۆ ئەوەی هەرکات ویستی، بتوانیٚ پیٚشانی خەڵکی بدا. پیٚویست نیە ئەو شتەی فیٚری دەبیٚ بەکەڵك بیٚ. بەڵکو ئەوەندە بەسە بە ئاسانی ببینریٚ. بەبیٚ دیاریکرن، بەبیٚ هەڵبژارن، سەدان شتی پڕوپووچ لە میٚشکی منداڵی بەستەزمان دەئاخنن.

کاتی تاقیکردنەوە دیٚ: قوتابی هەگبەی خۆی دەکاتەوە. کاڵای خۆی دەخاتە ڕوو رەزامەنیی خۆیانی بۆ دەردەخەن. ئینجا هەگبەی دەپیٚچیٚتەوە و دەڕوا. قوتابی یەکەی من ئەوندە دەوڵەمەند نی یە ئەو هەگبەو کاڵایەکی نی یە کە پیٚشانی خەڵکی بدا ئەو تەنیا دەتوانیٚ خۆی بنویٚنیٚ. دیارە بەیەك چاولیٚکردن ناکریٚ پیاویٚکی پوختە یا منداڵیٚك بەجوانی بناسی. ئەو کەسە وردبینی یەکی زۆری پیٚویستە بۆ ئەوەی بتوانیٚ لەیەکەم روانیندا، تایبەتمەندی یەکانیان جویٚ کاتەوە. ئەگەر وەها کەسیٚکیش هەبیٚ زۆر دەگمەنە. لەسەت هەزار باوك یەکی ئاوا هەڵناکەویٚ.

پرسیاری پەیتاپەیتا هەموو کەسیٚك دڵساردو ماندوو دەکاو لەهەموانیش پتر منداڵان. سەرنجو وردبینی ئەوان پاش چەند خولەك تەواو دەبیٚ. ئیتر گویٚ نادەنە ئەو شتەی کە تاقیکەرەوەیەکی ناجسن لیٚیان دەپرسیٚتەوە. ئەم شیٚوە تاقیکردنەوەیە هیچ قازانجیٚکی نی یە.زۆر جاران تاقە وشەیەك کە لەزاری منداڵ دەرپەڕیوە، زیاتر لە وتاریٚکی دوورودریٚژ بووەتە ئاویٚنەی هەستو بیرو بۆچونەکانی ئەو. بەڵام دەبیٚ ئاگامان لەوە هەبی ˇ کە ئەو وشەیەی لەبەرنەکردبیٚ یا بەڕیٚکەوت بەسەر زاریدا نەهاتبیٚ. مرۆڤ دەبیٚ خۆی زۆر تیٚگەیشتوو بیٚ بۆ ئەوەی بتوانیٚ تیٚگەیشتوویی منداڵان تاقی بکاتەوە.

لە میلۆر هید Milordhyde م بیستووە کە یەکیٚك لە هاوڕیٚ یانی پاش سیٚ ساڵ نادیاربوون لە ئیتالیاوە گەڕابۆوە. ویستی خویٚندنی نۆساڵی کوڕەکەی تاقی بکاتەوە. دووانیوەڕۆ لەگەڵ منداڵو مامۆستاکەی چوونە مەزرایەك کە لەویٚ قوتابی یەکانی قوتابخانە کۆلارەیان هەڵ دەدا. باوکە کتوپڕ سیٚبەری کۆلارەیەکی پیٚشان کوڕەکەی داو گوتی ((کۆلارەکە

خۆی کوانی      ێ))؟ منداڵەکە بەبێ ئەوەی سەر هەڵێنیێو بەبێ دڕدوونگی گوتی ((لەسەر شارێ)). میلۆر هید دەڵێ: منداڵەکە حەقی بوو، چونکی شارێ کەوتبووە نێوان ئێمەو خۆرەتاوەکەوە. ئیتر باوکە کوڕەکەی رادەمووسیێو تاقیکردنەوەکە تەواو دەبێ. بۆ سبەینێ باوکی کوڕە سەرەڕای مانگانەی مامۆستاکە، مووچەیەکی تایبەتیشی بۆ هەتا مردن بۆ دەبڕێتەوە.ئەو باوکە پیاوێکی مەزن بووەو هیوای بەوە هەبووە کە کوڕەکەشی پیاوێکی گەورەی لێ دەربێ. پرسیاری گونجاو لەگەڵ تەمەنی منداڵو وەڵام دانەوەی پاش بیر لێ کردنەوە ئاسانە، بەڵام باوەڕکەن منداڵەکە ئێجگار وردبینو تێگەیشتوو بووە. قوتابی یەکەی ئەرەستۆش بەو جۆرە ئەو یەکسمە خۆش بەزەی کە هیچ سوارێك بۆی دەستەمۆ نەکرابوو، دەستەمۆ کرد. (23)

کتێبی سێهەم

12 هەتا 15ساڵی

پەروەردەی هزری

ئێستا دەگەینە سێهەمین قۆناغی منداڵی کە بەپێشەکیی باڵقبوون لە قەڵەم دەدرێ. وزەی منداڵ لە 12هەتا 13ساڵیدا زۆر زیاد دەبیێو پێویستە زیادی یەکەی بۆ فێربوون تەرخان بکرێ. پێویستە ئەو شتانە دیاری بکەین کە قەرارە فێریان بین. نابێ هەمووشتێکی فێر بکرێ. بەڵکوو تەنیا ئەو شتانەی فێر بکرێ کە بەکەڵکن. تەواوی ئەو حەقیقەتگەلەی کە فامکردنیان پێویستیی بە عەقڵی کامڵو هزری پوختە هەیە بۆ دووایی هەڵگرن چونکی نەزانین هیچکات زیان لێنادا، تەنیا هەڵەیە کە دەبێتە هۆی چارەڕەشی. دەبێت سەرەتا بەرهەستەکان فێر بکرێن کە لە سەرەتادا جێی سەرنجو بایەخن.

راهێنانی ئەزموونی

دەبێ هەستپێکراوەکان بکرێنە چەمك و واتا. بەڵام نابێ کتوپڕ و بەبێ پێشەکی لەبابەتگەلی هەستپێکراوەکان باز بدەینە بابەتگەلی عەقڵانی.دەبێ لە بابەتگەلە سەرەتای یەکانەوە بگەین بە بابەتە دووهەمینەکان.

لەیەکەمین چالاکیەکانی مێشك دا دەبێ هەمیشە هەستەکان ڕێنوێنمان بن.

نابێ جگە لە جیهان کتێبێك و بێجگە لە ڕووداوەکان مامۆستایەکمان هەبێ. ئەو منداڵەی دەخوێنێ بیرناکاتەوە، تەنیا دەخوێنێتەوە، هیچ فێر نابێ. تەنیا وشەکان لەبەر دەکا. کارێکی وابکەن قوتابی یەکەتان سەرنج بداتە گۆڕانەکانی سروشت و لێیان ورد بێتەوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە کونجکۆڵتر بێ. بەڵام بەمەبەستی وورووژاندنی هەستی کونجکۆڵیی ئەو هەرگیز پەلە مەکەن لە دابین کردنی. پرسەکانی بخەنە بەر دەستی بەڵام لێی گەڕێن خۆی چارە سەرییان بکا. نابێ لەبەر قسەی ئێمە شت قبووڵ بکا بەڵکو دەبێ خۆی پێی بگا. نابێ فێری زانستەکان بێ بەڵکو دەبێ بیاندۆزیتەوە. ئەگەر کاریگەریی وتە لە بری عەقڵ بخەنە مێشکی یەوە، ئیتر بە پێی عەقڵ بیر ناکاتەوە و دوواتریش هەر ڕۆژەی وەشوێن، باوەڕێکی نوێ دەکەوێ.

ئێوە دەتوانن جوگرافیا فێری ئەو منداڵە بکەن. نەخشەی گۆی زەویی بۆ دانێن. ئەو کەلوپەلە زیادی یە چ قازانجێکی بۆی هەیە؟ ئەو هەمووە پێشەکی یە بۆچی یە؟ بۆ هەر لەسەرەتاوە بابەتە وانەی یەکەی پێ ناڵێن بۆ ئەوەی لانیکەم تێ بگا باسی چی بۆ دەکەن.

دووانیوەڕۆی ڕۆژێکی ساماڵ بۆ سەیران دەچینە شوێنێکی باش کە ئاسۆیەکی کراوەی هەیە و بەجوانی ئاسۆی خۆرنشینی لێوە دیارە، ئەو شتانەی کە دەکرێ بە هۆی ئەوانەوە شوێنی زەردەپەڕ بناسینەوە، دەستنیشان دەکەین. بۆ سبەینێ بەر لە تاوکەوتن، بۆ پیاسەیەك دەچینەوە ئەوێ، خۆرەتاو بە تیرێژو گزینگی ئاگرینی خۆیەوە لەدوورەوە باس لە دەرکەوتنی خۆی دەکا، سوری یەکەی تۆختر دەبێتەوە، خۆرهەڵات دەڵێی بڵێسەی لێ دەبێتەوە. بەیارمەتیی ئەم ڕۆشنای یە، چەند ساتێکی بەر لەدەرکەوتنی خۆر چاوەڕوان دەبین. سات بەسات وا هەست دەکەین کە ئێستا خۆر دەردەکەوێ، ئاخری یەکەی دێتە دەرێ. لەپێشدا

خاڵێکی درەوشاوە دەردەکەوێ ولە ڕێوە جیهان دادەگرێ. پەردەی تاریکی دەدڕێو لە نێو دەچێ. مرۆڤ سەرلە نوێ نیشتمانی خۆی دەناسێتەوە وجوانتر دەی بینێ.

شیناوەرد لە شەوێدا وزەیەکی نوێی تێگەڕاوە. هەتاوی بەیانی گەشی دەکاتەوە و یەکەمین تیشکێك کە ڕەنگێکی زێڕینی پێ دەبخشێ، دەری دەخا کە شەونمێکی زوڵاڵ دای پۆشیوە کە ڕەنگەکان لە بەرچاوی بینەر دەدرەوشێنێتەوە. پەلەوەر لەدەوری یەك کۆ دەبنەوە و یەك دەنگ سڵاو دەنێرن بۆ باوکی ژیان واتە خۆرەتاو. لەم ساتەدا هیچکام لە پەلەوەرەکان بێدەنگ نینو جریوەیان کە هێشتا لاوازە نەرمترو شیرنترە لە کاتەکانی دیکەی ڕۆژ. هەردەڵێی شوێنەواری داهێزراوی کە تێکەڵاوی خەواڵوییانە لە جەستەیان دا ماوەتەوە. تەواوی ئەوەی دەی بینینو دەی بیستین کاریگەری یەکی هەستیارو ناسکمان لەسەر دادەنێ کە هەتا قووڵایی ڕۆحمان دەچێتە خوارێ. لەم ساتەدا بینەر نوقمی جوانیی سروشت دەبێ.

هیچ کەس ناتوانێ بەربەرەکانێ بکا، گەرەکیەتی منداڵەکە لە هەستەوەریی خۆی دا بەشدار بکا. ئەو منداڵەکە ناچار دەکا تا لەم هەستەوەری یە ناسکانەدا کە لەسەر خۆیشی شوێندانەر بوونە، ورد بێتەوە. پێی وایە دەتوانێ بەم شێوەیە لەسەر منداڵەکە شوێندانەر بێ. بەڵام دیمەنی سروشت تەنیا دڵی مرۆڤی گەورە دەبزوێنێ. بۆ تێگەیشتن لەو جوانیانە دەبێ هەستی پێ بکا. منداڵەکە شتەکان دەبینێ، بەڵام ناتوانێ لە پێوەندی یەکانیان تێ بگاو دەرك بە هارمۆنیی جوانی نێوانیان بکا. بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی کۆی ئەم سۆزانە، ئەزموونگەلێك پێویستن کە ئەو هێشتا وەدەستی نەهێناونو هەستەوەری یەك پێویستن کە ئەو هێشتا تێیان نەگەیشتووە. ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بیابانەکانی نەبڕیبێ، ئەگەر خیسکەو چەوی سوورەوە بوو، بەری پێی نەسووتاندبێ، چۆن دەتوانێ چێژ لە هەوای فێنکی بەیانیان وەرگرێ یا ئەوەیکە، بۆنی گوڵو گەشیی سەوزەڵانو هەڵمی نەرمی شەونمو پیاسە کردنی سەر شلکە گیای نەرمو ناسك چێژ بە هەستەکانی بدا؟ دەنگی پەلەوەر چۆن دەتوانێ کاریگەریی توندی لەسەر ڕۆحی هەبێ ئەگەر هێشتا زایەڵەی عەشقو چێژی ئەڤینی نەناسیبێ. چۆن بە جۆشو خرۆشەوە بینەری دەرکەوتنی وەها ڕۆژێکی جوان دەبێ ئەگەر وزەی خەیاڵی ئەو هاوڕێیانەی

نەخاتەوە بیر کە لەوانەیە لەم ڕۆژە جوانە بەهرەمەندو بەشدار بن؟ بەگشتی چۆن جوانی یەکانی دیمەنگەلی سروشت شوێنی لەسەر دادەنێن ئەگەر نەزانیٚ چ دەستێك ئەو دیمەنانەی ڕازاندۆتەوە؟ هەرگیز قسەیەك بە منداڵ مەڵێن کەلیی تێناگا، دیمەنەکانی بۆ لێك مەدەنەوە. بەزمانی شاعیرانە مەیدووێنن. هێشتا قسە کردن لە زەوقو ئیحساسات بۆ ئەو مانایەکی نی یە. هەروەکی پێشوو روونو سادە بدووێن. پەلەمەکەن، ئەو ڕۆژە دادیٚ کە دەبیٚ شێوەی قسە کردنتان بگۆڕن.

ئەو منداڵەی بەپێی بڕیاری ئێمە پەروەردە کراوە، خووی بەوە گرتووە کە خۆی هەموو مەسەلەکانی، چارەسەر بکاو لێکی داتەوەو تەنیا کاتێك داوای یارمەتی لە کەسانی دیکە دەکا کە هەستی بەکەمووکورتی خۆی کردبیٚ، هەرشتێکی نویٚ ببینیٚ بەبیٚ قسە کردن، بۆ ماوەیەك لێی دەڕوانیٚ زیاتر بیردەکاتەوە وکەمتر پرسیار دەکا. کەوابوو هەر ئەوەندە بەسە کە ئێوە لە کاتی پێویست دا شتەکانی پێشان بدەن دوواتر کاتێك دەبینن هەستی کونجکۆڵیی ئەو تەواو وورووژاوە، چەند پرسیارێکی کورتو سادەی لیٚ بکەن بۆ ئەوەی ڕێگەی لێکدانەوەیان بدۆزێتەوە. بۆ وێنە لەم بارەیەوە کاتێك لەگەڵ وی بەجوانی لەدەرکەوتنی خۆرتان ڕوانی، پاش ئەوەیکە هەر لەو دەوروبەرانە، کێو و شاخ و دیمەنەکانی دیکەی دەوروبەرتان پێشان دا، پاش ئەوەی لێی گەڕان چەندی دڵیٚ دەخوازیٚ لەم بارەیەوە بدویٚ، چەند ساتێك بێدەنگ بن، وەك ئەوەی لە فکر ڕۆچووبن. دوایی پێی بڵێین: پێموایە دویٚ شەو خۆر لەویٚ ئاوا بووە . ئەمڕۆ بەیانی لەملایەوە هاتۆتە دەر. هۆی چیە؟ ئیتر هیچ مەڵێن و ئەگەر پرسیاری کرد وەڵامی مەدەنەوە. هیچ قسەیەکی دیکە مەهێننە گۆڕیٚ. لێی گەڕێن با بیر بکاتەوە و دڵنیا بن بیر لەو بابەتە دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی منداڵ عادەت بگریٚ کە زۆر ورد بێتەوە و سەرنج بدا و حەقیقەتەکان کاریگەریی لە سەر دانێن دەبیٚ بەر لە دۆزینەوەی حەقیقەتێك چەند ڕۆژێك پێوەی بتلێتەوە. ئەگەر بەو شێوەیەی گوتمان لەو بابەتەی سەرەوە تیٚ نەگەیشت، ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی تێیٚ بگا. ئەویش ئەوەیە کە پرسیارەکە بەراوەژوو بکاتەوە. بۆ وێنە ئەگەر نازانیٚ خۆر چۆن لەو

جێگەیەوە کە ئاوا دەبێ و چۆن گەیشتۆتە ئەو شوێنەی کە لەوێوە دێتە دەرێ. لانیکەم دەزانێ چۆن لە ئاسۆی دەرکەوتنەو دەگاتە شوێنی خۆرنشین ـ چونکە چاوەکانی لەو شتەی دەگەیەنن. کەوابوو بە یارمەتیی پرسیاری دووهەم وەڵامی پرسیاری یەکەم بدەوەنەوە. مەگەر ئەوەیکە قوتابی یەکەتان تەواو گێل بێ. ئە گینا خاڵی وێکچوونی نێوان پرسیاری یەکەم و دووهەم ئەوەندە روونە کە نابێ تێی نەگا.

ئەوە بوو یەکەمین وانەی گەردوون ناسی ئەو. چونکە ئێمە هەمیشە بە ورد بوونەوە لە چەمکێکی هەستپێکراوەوە چەمکێکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێ و بەر لەوەی بچینە سەر چەمکی دووهەم ماوەیەك پێ دەچێ هەتا لەگەڵ واتاو چەمکی یەکەم ئاشنا دەبین و چونکە هیچکات قوتابیی خۆمان ناچار ناکەین کە زۆر سەرنج بدات. بە ناچار مەودای نێوان یەکەمین وانەو ناسینی خولی هەتاو و بیچمی زەوی زۆر زیاد دەبێ. بەڵام چونکی هۆکاری تەواوی جووڵە رواڵەتیەکانی شتە گەردوونیەکان یەك شتەو ئەوەش خووڵانەوەی (سووڕانەوەی) زەوی یە بە دەوری خۆی دا، دیتنی حەرەکەتی یەکێك لەوان رێنوێنیمان دەکا بۆ تێگەیشتن لە گەڕانی ئەستێرەکانی دیکە. بەڵام ئەوانەی پێیان وایە لە رێگەی تێگەیشتن لە خووڵانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، لە چۆنێتی گەڕانی شەو و رۆژ تێدەگەن، بە هەڵە داچوون. بە پێچەوانەوە زەحمەتەکەی زۆر زیاترە لەو زەحمەتەی بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندنی خۆر گیران و مانگ گیران، دەیکێشن، ئەگەرچی زەمانی دووهەمی لە یەکەمین درێژترە.

ئێستاکە خۆر بەدەوری زەوی دا هەڵ دەخووڵێ، ناچارە سووڕی بازنەیی لێبدا. هەر جەغز و بازنەیەك دەبێ ناوەند (سەنتەر) ێکی هەبێ. ئەوەمان لە پێشدا دەزانی. ئەو سەنتەرە بە چاو نابینرێ. چونکە لە نێو زەوی دایە. بەڵام دەکرێ لە سەر زەوی دوو خاڵی لێك جیاواز بدۆزینەوە کە کەوتوونەتە دژە دیوی سەنتەرەوە. هێڵێکی گریمانەیی کە بەو سێ خاڵە دا تێدەپەڕێ و لە هەر دوو لاوە هەتا ئاسمان درێژ بێتەوە، دەبێتە تەوەری جیهان و تەوەری گەڕانی رۆژانەی خۆرەتاو. فرفرەیەکی هێلکەیی لە سەر نووکی خۆی بخولێتەوە، ئاسمان نیشان دەدا کە بە دەوری تەوەری خۆی دا هەڵ دەخولێ. دوو جەمسەری فرفرەکە دوو جەمسەری ئاسمانە.

منداڵکـە شاگەشـکە دەبـێ ئەگـەر یـەکێك لـەم دوو جەمسـەرانە بناسـێ. ئـەمن نـووکی کلکـی ئەستێرەی ورچە قوڵەی نیشان دەدەم: یاری و گەمەی شەوانەی ئەو ئامادەیە. منداڵەکـە وردە وردە لەگەڵ ئەستێرەکان ئاشنا دەبێ ودەیان ناسێ و بۆ یەکەمین جار حەز بە دیتن و ناسـینی ئەستێرەکان لە ناخی دا دەپشکوێ. ئێمە لـە جێژنی Saint jean سـەن ژان دا دەرکـەوتنی خۆرەتاومان دی. ڕۆژی نوێل Noel یا لە یەکێك لـە ڕۆژە ساماڵەکانی زستاندا دەچینەوە بـۆ سەیر کردنی. دەزانن کە ئێمە تەوەزل نین و باش خۆ لە بـەر سـەرمایە ڕادەگرین. ئـەمن هـەوڵ دەدەم ئەو موتاڵای دووهەمە لە هەمان قۆناخی یەکەم دا بکرێ و ئەگەر بە کارامەی یـەوە خێـرا تێگەیشتین و فێر بووبێین یەکێکمان بە دڵنیای یەوە دەڵێین: ئەها، چ شتێکی خۆش! هەتاو لـە شوێنی پێشوو ئاوا نابێ. نیشانەکانی ڕابردوومان لێرەن و خۆر هۆ لەوێوە ئاوا بووە و شتی لـەم جۆرە. بەو پی یە، خۆرهەڵاتی هاوین لە خۆرهەڵاتی زستان جویێ یە.

ئەی مامۆستای گەنج، ڕێگەم نیشان تۆدا. ئەم نموونانەت بەسە. بۆ ئەوەی بتوانی قسـە لـە سـەر هێلکـەیی بـوونی گـۆی زەوی بکـەی و زەوی واقیعـی لـەبری زەوی کـارتۆنی و خۆرەتـاوی ڕاستەقینە لە بری خۆرەتاوی کارتۆنی بە کار بێنی.بە گشتی هیچکات هێما و شێوەی تشـێك لـە بڕی نموونە ئەسڵێکەی دامەنێن. مەگەر ئەوەیکـە نیشـاندانی ئەسـڵیەکەی مـەحاڵ بـێ. چـونکی هێماکان سەرنجی منداڵەکە ڕادەکێشن و ناهێڵن ئەو شتە ببینێ کە هێماکە نوێنگەیەتیی.

ئـەو گـۆ زەوی یـەی لـە قوتابخانـەکان دا کـەڵکی لێـوەردەگیرێ و ئاسمـان نیشـان دەدا، ئامرازێکە کە خراپ ساز کراوە و ڕەهەندەکانی تەواو نین.

ئەم ئیدارە پێچەڵاوپێچانە، ئەم شێوە سەیر و سەمەرانە، بیچمێکی سەیر بـە خـۆوە دەگـرن کە منداڵان دەتۆقێنن.

لەم گۆ دەستکردە دا، زەوی زۆر بچووکە و جەغزەکان زۆر گەورەن و ئێجگار زۆرن. هێندێ لەم جەغزانە وەکوو (نصف النهار) ە پێچەڵاوپێچەکان، بێهوودە چونکە هەر کام لەوانە لە زەوی گەورەتر و بەرینایی کارتۆنەکە ئەو حاڵەتە بەرجەسـتەی یـەی پێـدەدا، بـە جۆرێـك کـە منـداڵان

پێیان وایه، به ڕاستی بازنەیین و کاتێك ئێوە پێیان دەڵێن ئەو جەغزگەلە گریمانەیین ئیتر نازانن چ دەبینن، ئیدی هیچمان بۆ ناچێتەوە سەریەك.

ئێمە قەت ناتوانین خۆمان لە جێگەی منداڵان دانێین. نامانەوێ بیر و بۆچوونەکانیان تاوتوێ بکەین. پێمان وایە دەبێ ئەوانیش وەك ئێمە بیر بکەنەوەو لە بەر ئەوەیکە هەمیشە پێرەوی بەڵگاندنەکانی خۆمانین، جگە لە بابەتگەلی هەڵە و بێ کەڵك شتێکی دیکە لە مێشکمان نائاخنین.

لە هەڵبژاردنی شیتەڵکاری یا تێکەڵاو کردن بۆ وەدەسهێنانی زانستیش بیروڕاکان جیاواز و ناتەبان. بەڵام لە هەموو بوارێکەوە پێویست نیە هەڵبژێرین. جاری وایە لەوانەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر بابەتێك هەم کەڵك لە توێکاری و شی کردنەوە (تجزیه) وەرگرین و هەم لە تێکهەڵکێشان (ترکیب) و لە ڕێگەی مێتۆدی تێهەڵکێشانەوە منداڵەکە ڕێنوێنی بکەین لە حاڵێکدا پێی وایە تەنیا توێکاری دەکا.

ئەو کات لە بەر ئەوەیکە هەرتك مێتۆدەکە پێکەوە بە کار دێنین، هەر کام دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی دیکە. منداڵەکە هاوکات لە دوو خاڵی دژبەیەکەوە دەست پێدەکا. بە بێ ئەوەی بزانێ کە هەر ئەو تاقە ڕێگەیە دەبڕێ. ئەو کات لە وێککەوتنی ئەو دوو ڕێگەیە سەری سووڕ دەمێنێ و ئەو سەرسووڕمانە دڵخۆشی دەکا. بۆ وێنە حەزم لی یە فێر بوونی جوگرافیا لەم دوو خاڵی دەسپێکەوە دەست پێ بکەین. و بە ئاگا لێ بوون لە گەڕانی گۆ، فێر بن بەشە جیایجاکانی ئەندازە بگرن. دیارە دەبێ لەو شوێنەوە کە ماڵی خۆتانی لی یە، دەست بەو کارە بکەن.

ئەو کاتەی منداڵەکە خەرێکی موتاڵای گۆی ئاسمان (گەردوون) ە واتە لە گەردوونا دەگەڕێ، سەرنجی بۆ لای بەشەکانی زەوی ڕاکێشن و لە پێشدا ئەو شوێنەی پێشان بدەن کە لێی دەژی.

بە سانایی دەکرێ دوو خاڵی زانیاریی جوگرافیایی دەسنیشان کەن: یەکێك ئەو شارەی کە لێی دەژین، ئەویتر ماڵە کوێستانی یەکەی باوکی. دوایی شوێنەکانی نێوان ئەو دوو جێگەیە،

دوایی رووبارەکانی دەورووبەری، ئەو جار دیمەنی هاتووچۆ و شێوەی دۆزینەوەی ئاراستەکان. پێویستە منداڵەکە خۆی نەخشەی هەموو ئەوانە بکێشێتەوە.

ئەو نەخشەیەی دەبێ زۆر سادە بێ و سەرەتا تەنیا لەو دوو شوێنە پێك بێ کە باسمان کردن. دوایی کە منداڵەکە وردە وردە مەودا یا هەڵکەوتەی شوێنەکانی دیکەی ناسی یا هەڵی سەنگاندن، دەشی کێشێتەوە. ئێستا دەبینین ئەو بەراوردکردنەی مەوداکان کە پێشتر فێرمان کردبوو چەندە بە کاری دێ و بە کەڵکن.

بێ گومان وێڕای تەواوی ئەو شتانەش دەبێ هێندێ ڕێنوێنی بکرێ، بەڵام زۆر کەم و بە بێ ئەوەی بزانێ. ئەگەر هەڵەی کرد لێی گەڕێن با بیکا و بۆی ڕاست مەکەنەوە، هیچ مەڵێن و پەلە مەکەن با خۆی هەڵەکانی خۆی بناسێ و خۆی ڕاستیان کاتەوە. لە کاتی گونجاو دا کارەکان وارێکخەن کە زووتر هەڵەکان بناسێ. ئەگەر هیچ کات هەڵە نەکا بە جوانی شتەکان فێر نابێ. لێرەدا دیارە مەبەست ئەوە نیە کە بە جوانی فێری نەخشەی ناوچەیەك بێ، بەڵکوو ئەوەندە بەسە کە شتی لێ فێر بێ. پێویست نیە تەواوی نەخشەکە لە مێشکی دا بمێنێتەوە. بەڵکوو بەسە کە ئەوەی نەخشەکە نیشانی دەدا بناسێ. لە ڕاستیدا مەبەست ئەوەیە کە بە جوانی لە تەکنیکی نەخشەکێشان تێ بگا. بڕوانن چ جیاوازی یەك لە نێوان تێگەیشتوویی قوتابی یەکەی ئێوە و ناتێگەیشتوویی قوتابی یەکەی مندا هەیە. قوتابی یەکانی ئێوە نەخشەکانیان لە بەرە، کەچی قوتابی یەکەی من دەی کێشێتەوە و ئەو جار شتی جوان و ڕازێنەرەوەی نوێش بۆ دیوەکەی دابین دەکا.

هەمیشە ئەوەتان لە بیر بێ کە شێواز و مێتۆدی پەروەردەیی من ئەوە نیە کە بابەتی زۆر فێری منداڵ بکەم. بەڵکوو دەمەوێ نەهێڵم جگە لە بیر و هزری دروست و مێتۆد، شتێکی دیکەی بچێتە مێشکیەوە. بۆم گرینگ نیە هیچ نەزانێ. بەڵام دەمەوێ بە هەڵە نەچێ و ئەگەر حەقیقەتکانی دەخەمە مێشکی یەوە.بۆ ئەوەیە نەهێڵم شتی غەلەت و هەڵەی بچێتە نێو. چونکە عەقڵ و توانای داوەری کردن وردەوردە بیچم دەگرن بەڵام بیرۆکەی ڕەشۆکیانە و هەڵە، بە لێشاو هێرش دێنن و دەبێ منداڵیان لێ بپارێزین. هەڵبەت ئەگەر ئێوە فێر بوونی زانستتان تەنیا

لە بەر زانسن خۆی بوێ، دەکەونە نێو دەریایەکی قووڵ و بێ بوار و پـڕ لـە کەنـد و کۆسـپەوە و هیچ کات لێی دەرباز نـابن هـەر کـات دەبیـنم کابرایـەك لـە بـەر ئـەوەی عاشـقی زانسـتەکانە بـە جوانیەکەی هەڵ>ەفریوێ و لە زانستێکەوە باز دەداتە زانستێکی دیکە بە بێ ئەوەی راوەستێ، منداڵێکم دێتە بەرچاو کە لە بەسـتێنی دەریـا، خـەریکی کـۆ کردنـەوەی سـەدەفە. منداڵەکـە لـە پێشدا گیرفان و کۆشـی پـڕ دەکـا، بـەڵام چـونکە تـەماحی سـەدەفەکانی دیکـە دەی گـرێ، کـۆ کراوەکانی فڕێ دەدا و سەدەفی نوێ کۆ دەکاتەوە. ئەوەندە ئەو کارە دوو پاتە دەکاتـەوە کـە لـە بـەر زۆریـی سـەدەف شـەکەت و مانـدوو دەبـێ و چـونکە نـازانێ کامیـان هەڵبـژێرێ تـەواوی سەدەفەکان هەڵدەڕێژێ و بە دەستی بە تاڵ دەگەڕێتەوە.

لە یەکەم ساڵەکانی تەمەنی منداڵی دا کات و دەرفەتی باشمان هەبوو. هەر بۆیەش هەوڵمان دەدا کات بە فیڕۆ بدەین. لە ترسی ئەوەیکە نەکا دەکاری بێنین. ئێستا تەواو بـە پێچـەوانەوەیە و ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی کاری بە کەڵك کاتی تەواومان نیە.

لە بیرتان نەچێ تەمەنی حـەز و ئارەزووەکـان نزیـك دەبێتـەوە و هـەر لەگـەڵ ئەوەیکـە لـە دەرگەی ماڵێی دا، قوتابی یەکەتان جگە لەوە سەرنج ناداتە هیچ شتێ. قۆناخی هێمنی هـۆش و فام ئەوەندە کورتە و ئەوەندە تیژ تێدەپەڕێ و ئەوەندە بە کەڵکە، کە ئەو کەسانەی گەرەکیانە لەو ماوە دا منداڵەکە بکەنە زانایەك، ئەوانە شـێتن. مەبەسـت ئـەوە نیـە کـە فێـری زانسـتەکانی بکەین، بەڵکوو دەبـێ تاسـەبار و هـۆگری زانسـتی بکـەین و شـێوەکانی فێربـوونی زانسـتی فێـر بکەین بۆ ئەوەی ئەگەر گەورە بوو و زەوقی گەشەی کرد، کەڵك لەو شێوازە و مێتۆانە وەرگرێ.

بە دڵنیای یەوە ئەم پرەنسیپە یەکێکە لە بنەماکانی هەر پەروەردەیەکی درووسـت. ئێسـتا کاتی ئەوە گەیوە کە وردە وردە رای بێنین کە لە زۆر بابەتێکی دیاریکراو ورد بێتەوە. بـەڵام لـە بیرتان نەچێ کە هەمیشـە دەبـێ حـەز و ئـارەزوو هانـدەبن بـۆ سـەرنجدان و ورد بوونـەوە نـەك زۆرەملی و گوشار. دەبێ هەوڵ بدەین ئەو سەرنجدانە درێژخایەنە ماندووی نەکاو وەرزی نەکات. بەردەوام ئاگاتان لێی بێ و وانە هەر شتێك بێ بەر لەوەی لێی ماندوو بـێ وەلای بنـێین، چـونکە

ئەو شتەی کە بە زۆرەملی فێری ناکرێ زۆر گرینگتر و پڕ بایەخترە لەو زانستەی کە دەبێ فێری بێ.

ئەگەر پرسیارێکی لێ کردن بە جۆرێك وەڵام بدەنەوە کە کونجکۆڵیەکەی ببزوێ بەڵام دانەمرکێ.بە تایبەت هەر کات دیتتان کە بۆ شت فێر بوون پرسیار ناکا و گەرەکێتی بە پرسیارگەلی بێ جێ ماندووتان بکا، لەڕێوە بێدەنگی کەن و دڵنیا بن دەیەوێ ئازارتان بدا. هەروەها، زیاتر گرینگی بدەن بەو هۆکارانەی کە وەقسەی دێنن هەتا ئەو شتانەی کە دەیانڵێ. ئەم خاڵە کە رەچاو کردنەکەی هەتا ئێستا زۆر بە پێویست نەدەزانرا، هەر لەگەڵ ئەوەیکە منداڵ فێری بەڵگاندن و عەقڵانی بیر کردنەوە بوو، بایەخ و گرینگی زیاتری دەبێ.

زنجیرەیەك حەقیقەتی گشتی هەن کە لە رێگەیانەوە، هەموو زانستەکان دەچنەوە سەر چەند ئەسڵی گشتی هاوبەش و هەر کام پاش ئەوی دیکە گەشە دەکا.

ئەم رەوتە بازنەیە هەمان مێتۆدی فەیلەسووفەکانە. بەڵام ئەمن پێرەوی لەم مێتۆدە ناکەم، مێتۆدێکی دیکەش هەیە کە جیاوازی یە کی زۆری لەگەڵی هەیە. لەم مێتۆدە دا، هەر بابەتێکی پاژەکی و تایبەتی بابەتێکی دیکە بە دوای خۆی دا دێنێ و ئەویش بابەتێکی دیکە و هتد..... ئەم مێتۆدە کە بە وورووژاندنی هەستێکی کونجکۆڵی بەردەوام، ئەو سەرنج و وردبینی یە دەبزوێنێ کە بۆ هەر بابەتێك پێویستە، هەر هەمان ئەو مێتۆدەیە کە زۆربەی مرۆڤە باڵقەکان بە کاری دێنن و بە تایبەتی بۆ منداڵان پێویستە.

ئەو کاتەی دەمانەوێ نەخشە هەڵگرینەوە، ناچار بووین چەند هێڵێ (نصف النهار) بکێشین. دوو خاڵ کە لە وێککەوتنی دوو سێبەری یەکسانی بەیانی و دوانیوەڕۆ دروست دەبێ بۆ ئەستێرە ناسێکی دە ساڵان بەسە.

بەڵام ئەو (نصف النهار) زۆر خێرا پاك دەبنەوە (دەسڕدرێنەوە) و بۆ کێشانەوەیان دەرفەتێکی زۆر پێویست. نەخشەکێش ناچارە بەردەوام لە وشێنێك کار بکا. ئەو هەمووە زەحمەتە و کەمکووڕی یە، ئاخری یەکەی دڵساردی دەکەنەوە. پێشبینی ئەوەمان کردووە و لە پێشدا رێگە چارەشمان بۆ لە بەر چاو گرتووە.

ئەو جار دیسان دێینەوە سەر شی کردنەوەی دورودرێژ و ورد. خوێنەرە ئازیزەکان، دەزانم ناقایلن. بەڵام بۆم گرینگ نیە. چونکە نامەوێ لە بەر وەرەزی ئیوە باشترین بەشی کتێبەکەم بکەمە قوربانیی کەم جیکڵدانەیی ئێوە، بە هەر حاڵ نامەوێ گرینگی بە ناقایل بوون و نارەزایەتیی ئێوە بدەم.

ئەمن و قوتابی یەکەم لە مێژ بوو بەوە گەیشتبووین کە هەر کات شتگەلێکی وەکوو، "کاکێش" و شووشە و..... رەشتی دیکەی بخشێنن، "کا" بەرەو خۆیان دەکێشن. هەڵبەت کەرەسەی دیکە هەن کە وەها تایبەتمەندی یەکیان نیە. بە رێکەوت رۆژێك کەرەستەیەك دەدۆزینەوە تایبەتمەندی یەکی سەیرتری هەیە، واتە بە بێ ئەوەی رە شتێکی خشێنین لە مەودایەکی زۆر دوورەوە، وردکە ئاسن دەکێشێ. ئەو تایبەتمەندی یە بۆ ماوەیەکی زۆر ئامرازی رابواردنمان بوو  و هیچی دیکەمان لێ نەدەزانی. ئاخری یەکەی تێ گەیشتین، کە ئەو ئاسنەی میغناتیسی کردووە ئەویش خاوەنی ئەو تایبەتمەندی یە. رۆژێك دەچینە شەممەبازاڕێز کابرارایەکی گزیکار بە لەتکە نانێك ئەو مراوی یە مۆمیەی لە نێو ئاوەکە دا دەخوولێتەوە بەرەو لای خۆی رادەکێشێ. سەرمان سووڕدەمێنێ. دیارە ناڵێین جادووبازە.چونکە بە راستی نازانین جادووبازی یانی چی؟ ئێمە هەمیشە شتگەلێك بە دی دەکەین کە نازانین هۆکارەکانیان چین هەر بۆیەش لە داوەریکردنماندا پەلە ناکەین. نەزانیەکەمان تەحەمول دەکەین هەتا ئەوەی لە کاتێکی لە باردا نەزانینمان کۆتایی دێ. گەڕاینەوە ماڵێ  و هەروا سەبارەت بە مراوی یەکەی شەممەبازار قسەمان دەکرد. کەوتینە فکری ئەوەیکە یەکی ئاوا ساز بکەین. میلەیەکی میغناتیسی باشمان هەڵگرت. مێومان لە دەوری گرت و وەك مراویمان لێ کرد. بە جۆرێك کە نووکی میلەکە، ببووە دندووکی مراوی یەکە و بە نێوەڕاستی جەستەیدا هاتبوو. مراوی یەکەمان خستە سەر ئاوێ و ئاڵقە کلیلێکمان لە دندووکی نزیك کردەوە بە خۆشحاڵیەوە دیتمان کە مراوی یەکە وەشوێن کلیلەکە دەکەوێ هەر وەکی چۆن مراوی یەکەی بازاڕی شەممە دەکەوتە شوێن لەتکە نانەکەوە. ناسینی ئەو رەوگەیەی مراوی یەکە بە هێمنی لە سەر ئاوەکە پێیدا دەڕوا

هەڵدەگرین بۆ کاتێکی تر. ئێستا بەس بیر لە مـراوی یەکـە دەکەینـەوە و سـەرنج نادەینـە هـیچ شتێکی دیکە.

هەر ئەو ڕۆژە بە چەند وردکە نانەوە کە ڕاست بۆ ئەو مەبەستەمان تـەرخان کردبـوون و لـە گیرفانمان نابوون چووینە بازاڕی شەممۆیان. هەر ئەوەندەی کە بەندبازەکـە، ئـەمنیش دەتـوانم شتی ئاوا بکەم. داوایان لێ کرد بیسەلمێنـێ. لەوێوە ئەو نانەی میلە ئاسنەکەی تێدا شاردبۆوە لە گیرفانی دەرهێنا. کاتێك لە مێزەکە نزیك بۆوە دڵە خۆرپـەی بـوو. بـە تـرس و لـەرزەوە نانەکـە دەیێنێتە پێش و مراوی یەکەش دێتە پێشێ و وەشوێنی کەوت. منداڵەکە لە خۆشیان وەختە باڵ بگرێ. کابرای گزیکار کـە مـات بـووە، باوەشـی پێـدادەکا. پیرۆزبـایی پێـدەڵێ و تکـای لێـدەکا سبەینێش بێتەوە لای، چونکە بـۆ هانـدان و سـەیر کردنـی دەسـتوبردی ئـەو خـەڵکی زیـاتر کـۆ دەبنەوە. سروشت زانی گچکەی ئێمە لە خۆبایی دەبێ و دەیەوێ چـەنەوڕی بکـا. بـەڵام لـەڕێوە زاری دەبەستم و لە پەسندبێژانی دوور دەخەمەوە.

منداڵەکە هەتا بەیانی بە جۆش و خرۆشێکی پێکەنین هێنەرەوە چاوەڕوانە. چاوی بە هـەر کەس دەکەوێ بانگی دەکا. حەز دەکا ئەوی مرۆڤـە شـانازی یـەکانی ببینـن. بـە دڵەخۆرپـەوە چاوەڕوانی کاتوسـاتی بەڵێنـدراوە. زووتـر لـە کـاتی خـۆی دەوڕوا و خـۆی دەگەیەنێتـە شـوێنی مەبەست. تەلارەکە پڕە لە حەشیمەت، کاتێك وەژوور دەکەوێ، دڵە بچـکۆلانەکەی شـاد دەبـێ. لــە پێشــدا یــاری یــەکانی دیکــە دەکــرێن، گزیکــار هــاواری هەڵدەســتێ و تەڕدەســتی یــە سەرسووڕهێنەرەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.منداڵەکە هێکـام لەوانـە نـابینێ، هەڵدەلـەرزێ، ئارەقـە دەکا, بە دژواری پشوو دەدا. بە وەرەزی و بە دەستێکی لـەرزۆك لەتکـە نانەکـە لـە گیرفـانی دا دەسرێ.

ئاخری نۆرەی دەگاتە سەرێ. مامۆستا بە شێوەی ئاسایی دەسپێکی کارەکە ڕادەگەیەنێ. منداڵەکە بە بڕێك شەرمەزاری یەوە دێـت پـێش. نانەکـەی لـە گیرفـانی دەدێنـێ. بـەڵام ڕەوشـی ڕۆژگار چ زوو دەگۆڕدرێ! ئەو مراوی یەی دوێ شـەوێ ئەوەنـدە دەسـتەمۆ و کـەوی بـوو چـۆن کێوی بووە. لە بری ئەوەیکە دندووکی نزیك بکاتەوە کلکی خۆی دێنێتـە پێشـی و ڕادەکـا. هـەر

بەو خێرای یەی دوێنێ لە نانەکە نزیك دەبۆوە، ئەمرۆکە لێی دوور دەکەوێتەوە. دوای چەندین جار دووپاتە کردنەوەی بێ جێ، گاڵتەی پێ دەکرێ، هاواری لێ هەڵدەستێ و سکاڵا دەکا کە فێڵیان لێ کردووە و مراوی یەکەی دیکەیان لە بری مراوی یەکەی ئەو داناوەو بە کابرای گزیکار دەڵێ: مەحاڵە بتوانی ئەو مراوی یە راکێشی. کابرای گزیکار وەڵام ناداتەوە. لەتە نانێك هەڵدەگرێ و لە مراوی یەکە نزیك دەبێتەوە. مراوی یەکە لەڕێوە دێتە پێشێ و دەکەوێتە شوێن نانەکە. منداڵەکە هەمان لەتە نان هەڵدەگرێ بەڵام بۆی جێبەجێ نابێ. مراوی یەکە گاڵتەی پێدەکا و بە نێو حەوزەکەدا هەڵ دەخولێ. ئێمیل ئیتر خۆ لە بەر پڕتەو بۆڵەی بینەران راناگرێ و بە شەرمەزاری یەوە دوور دەکەوێتەوە.

دوایی کابرای گزیکار لەتە نانی کوڕە وەردەگرێ و وەکوو نانەکەی خۆی سەرکەوتووانە بە کاری دێنێ. دوایی لە بەرانبەر چاوی هەمووان ئەو میلە ئاسنەی لە نێویدا شاراوەیە دێنێتە دەرێ. بینەران دیسان پێدەکەنن. دوایی هەر بەو نانە رووتە وەکوو پێشوو مراوی یەکە بەرەو لای خۆی رادەکێشێ: هەر ئەو کارە بە یارمەتیی لەتە نانێکی دیکە کە کابرایەکی دی پێشان بینەرانی دەدا، دەکات بۆ ئەوەی بزانن گزە و کەڵەکێك لە گۆڕێدا نیە. هەڵبەتە ئەمجارەیان ئەو کارە بە نووکی ئەو دەستەوانەیە دەکا کە لە دەستی دایە. ئیتر لە حەوزەکە دوور دەکەوێتەوە و بە راوێژێکی لە خۆباییانە کە تایبەتیی ئەمجۆرە کەسانەیە، دەڵێ، مراوی یەکە هەروەکی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی من بوو، بە دەنگیشمەوە دێ. هەرچی کابرای فێڵباز بە مراوی یەکەی دەڵێ بەڕێوەدەچێ: پێی دەڵێ بەرەو راست بڕۆ.دەچێ، بگەڕێوە، دەگەڕێتەوە، بخولێوە، دەخولێتەوە. بەو خێرای یەی کە فەرمانی پێدەدرێ، کارەکە بەڕێوەدەچێ. چەپڵە لێدانەکان زیاتر دەبن و شەرامەزاریی ئێمەش پتر. بە بێ ئەوەی بێڵین کەس بزانێ فیزماڵکی دەدەینێ و تێی دەتەقێنین: پەنا دەبەینەوە بەر دیوەکەی خۆمان و بە هیچ کەس ناڵێین بۆچی سەر نەکەوتین.

بۆ سبەی بەیانی لە دەرگەیان دا. کردمەوە. کابرای فێڵباز بوو. بە ئەدەبەوە گلەیی لە هەڵسوکەوتی دوێنێمان کرد و گوتی مەگەر ئەمن چ خراپەیەکم لە گەڵ کردوون کە دەتانەوێ

ئابرووی من بەرن و نان و دۆم ببڕن. مەگەر راکێشانی مراویلکە چ بایەخێکی  هەیە کە بۆ وەدەست هێنانی ئەو شانازی یە، دەتانەوێ نان و دۆی کەسێك ببڕن؟ هاوڕێیان ئەگەر رێگەیەکی دیکەم بۆ بژێوی ژیان هەبوایە وەشوێن ئەم کارانە نەدەکەوتم. ئێوە دەبێ لەوە بزانن کە کابرایەك لە تەواوی ژیانی دا، لە سەر بابەتێکی ئاوا سادە خەریکی خۆڕاهێنان بووە، زۆر لە ئێوە کە تەنیا چەند ساتێك خەریکی وەها کارێك بوون کارامەترە. ئەگەر ئەمن سەرەتا شاکارەکانم پێشانی ئێوەنەدا، بۆ ئەوە بوو کە مرۆڤ نابێ هەڵفریوێ و هەرچی هەیەتی لەڕێوە بیخاتە روو. ئەمن هەمیشە باشترین تەردەستیەکانم بۆ کاتی پێویست هەڵدەگرم و جگە لەو یاری یەی کە بینیتان  فێڵ و تەڵەکەی دیکەش دەزانم کە بۆ منداڵی کەم جیکلدانەی وەکوو ئێوەی بە کار دێنم. هاوڕێیان حەزم لی یە ئەو نهێنی یەی کە ئێوەی ئاوا تووشی سەرسووڕمان کرد بۆتان ئاشکرا کەم بەڵام تکا دەکەم دژی خۆم بە کاری مەهێنن و هەوڵ بدەن لەوە زیاتر دان بە جەرگتان دا بگرن.

دوایی ئامرازەکانی خۆی خستنەڕوو. بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دیتمان کەرەسەی ئیشکردنەکانی بریتی بوون لە ئاسن کێشێکی بە هێز و منداڵێك کە لە ژێر مێزەکەدا خۆی حەشار دابوو، بە بێ ئەوەی کەس بزانێ بەملاوئەولا دا دەیگێڕا.

کابرای گزیکار کەرەستەکانی خۆی کۆکردنەوە. سوپاسمان کرد و داوای لێبوردنمان کرد. ویستمان دیاری یەکی بدەینێ، وەری نەگرت و گوتی: هاوڕێیان ئەوەندەم خۆش ناوێن کە دیاریتان لێ وەرگرم بە پێچەوانەی ویستی خۆتان، ئێوەم منەتباری خۆم کرد. ئەوە تەنیا تۆڵە کردنەوەی منە. ئەوە بزانن کە لە هەموو چین و ئیشەکاندا مرۆڤی جوامێر هەیە، ئەمن هەقدەستی تەردەستیەکانم وەردەگرم بەڵام ئەزموونەکانم نافرۆشم.

کاتێك دەیویست وەدەرکەوێ، بە ناو، بانگی کردم و بە دەنگی بەرز گوتی: لەو منداڵە خۆش دەبم. چونکە ئەو نازانێ بەڵام بەڕێزت خۆ ئەتۆ دەتزانی ئەو منداڵە دەیەوێ چ بکا، بۆ پێشت پێ نەگرت؟ خۆ ئەتۆ لەو گەورەتری؟ و لەگەڵی دەژی، دەبێ چاوت بە سەری یەوە بێ و ئامۆژگاریی بکەی، دەبێ ئەزموونەکانتان رێ پێشاندەری بن، کاتێك کەگەورە بوو و هەڵەکانی

سەردەمی گەنجێتیی خۆی بیر کەوتەوە، لۆمەی کەسانی وەکوو تۆ دەکا کە بۆچی لەو هەڵەیە ئاگادراتان نەکردۆتەوە.1

کابرای گزیکار وەدەرکەوت و ئێمە شەرمەزار ماینەوە. ئەمن بە هۆی ئەم کەمتەرخەمیانە خۆمم سەرکۆنە کرد. بەڵێنم بە منداڵەکە دا کە لەمەودوا قازانجەکانی ئەوم زیاتر لە بەرچاو بێ و بەر لەوەی دەست بۆ کارێکی خراپ بەرێ، وریایی پێ بدەم. چونکە ئیتر ئێستا کاتی ئەوەیە کە دەبێ پێوەندی یەکانمان بگۆڕدرێن. واتە گوشاری مامۆستا جێگەی مێهرەبانیی هاوڕێ یەتی بگرێتەوە: ئەم ئاڵوگۆڕییانە دەبێ وردەوردە بکرێن. پێویستە پێش بینی هەموو شتێ بکەین. بە تایبەتی دەبێ داهاتوومان لە بەرچاو بێ.

بۆ سبەینێ چووینەوە بازاڕی شەممۆیان. بۆ ئەوەی سەر لە نوێ چاو لەو فێڵە بکەینەوە کە لێی ئاگادار بووین. بەرێز و حورمەتەوە لە کابرای تەڕدەست چووینە پێشێ کە لە بەر چاومان لە سۆقرات دەچوو. زۆر تەریق بووینەوە و لە روومان هەڵنەهات چاوی لێکەین. بەڵام ئەو زۆری رێز گرتین و جێگەیەکی باشی بۆ داناین. ئەو کارەی پتر تەریقی کردینەوە. هەر وەك جاران تەڕدەستیەکانی خۆی خستە ڕوو. بەڵام لە قۆناخی یاریی مراوی یەکەدا زۆر خۆی دەخافڵاند و جاروبار بە لە خۆباییانە لە ئێمەی دەڕوانی. ئێمە نهێنی یەکانی پێ دەزانین بەڵام وەڕووی خۆمانی ناهێنین. ئەگەر قوتابی یەکەی من ئەوەندە کاڵفام بێ کە وەقسە بێ، بۆ ئەوە دەبوو ورد ورد بی ئەنجنم.

تەواوی خاڵەکانی ئەم چیرۆکە زیاتر لەوەی بیری لێدەکەینەوە گرینگن. لە راستیدا چەندین وانە خراونەتە نێو ئەم وانەیەوە. چاو لێکەن ئامرازێکی خۆپەرستی چ دەرنجامگەلێکی خەیاڵیی هەیە. ئەی مامۆستای گەنج، بە وردی ئاگات لە خۆپەرستیی قوتابی یەکانت بێ ئەگەر کارێکی وا بکەی کە ئەم خۆپەرستیە سووکایەتی و چەرمەسەریی بە دواوە بێ، دڵنیابە زۆر دەخایەنێ هەتا دووپاتە بێتەوە. دەڵێی کە بۆ ساز کردنی قیبلەنمایەك کە (نصف النهار) مان پێشاندا، پێویست بەو هەمووە لە سەر رۆیشتن و کەرەسە و ئامرازانە ناکا. لەوانەیە حەق بە ئێوە بێ.

هەر ئەوەندەی تێگەیشتین لەوەیکە خاسیەتی مگناتیسی بە هێندێ شت دا تێدەپەڕێ، لەڕێوە دەزگەیەکمان دروست کرد لە گوێن ئەوەی دیتبوومان. نێوەڕاستی مێزەکەمان بە تالێ کرد. تەشتە ئاوێکمان لە سەر دانا. بە وردبینی و سەرنجێکی زیاترەوە مراوی یەکەمان ساز کرد. چونکە زۆرمان سەرنج دابووە تەشتەکە، تێگەیشتین کە ئەگەر مراوی یەکە نەجوولێ هەمیشە لە لایەکەوە رادەوەستێ. لەم تاقیکردنەوەیە دا سەرنجمان دا، ئەو شوێن و ڕەوگەیەمان لە بەرچاونەگرت و تێگەیشتین کە ڕەوگەکە لە باکوورەوە بەرەو باشوورە. لەوە پتر هیچ شتێ پێویست نەبوو. قیبلەنماکەمان ساز ببوو. یا هاتبوو کاری تەواو بێ. ئێستا وانەی فیزیا دەست پێدەکا.

ئێمیل بەو جۆرە تاقیکارییانە، یاساکانی هاوسەنگیی شلەمەینەکان دەدۆزێتەوە. خۆمان کەرەسەی پێویست ساز دەکەین. بەمجۆرە هەم مێشك دەکەوێتە کار و هەم جەستە. بۆ ئەوەی یارمەتیی یادەوەریمان کردبێ پێویستە بە تەکوزێکی ڕێکوپێك تاقیکاری یەکانمان بکەین.

ئێستا با بزانین کاری بە کەڵك یانی چی

دەبێ منداڵ فێری ئەوە بکرێ کە لە قازانجی ئەو شتەی دەی کا تێ بگا. بەم شێوەیە وای رادێنین کە لە خۆڕایی جڵەوی خۆی نەداتە دەستی خەڵك و هەستی داهێنانی خۆی بە هێزتر بکا.

وایدانێن ئەو کاتەی ئەمن و قوتابی یەکەم، کار لە سەر گەڕانی خۆرەتاو و شێوەی ڕەوگە دیتنەوە دەکەین، کتوپڕ ئەو قسەم پێ دەبڕێ و دەڵێ: تەواوی ئەو شتانە بە کاری چی دێن؟ چ دەرفەتێکی لەبار هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی بە تێرتەسەلی قسەی بۆ بکەم و چەندە بە جوانی دەتوانم هەلەکە بقۆزمەوە و بە بیانووی وەڵامدانەوە بە پرسیارەکەی، چی دڵم دەخوازێ فێری بکەم. بە تایبەتی ئەگەر کەسانی دیکەش لەوێ بن و ئاگایان لێمان بێ زمانم باشتر دەکرێتەوە(2) باسی قازانجی سەفەر کردن، قازانجەکانی بازرگانی، بەرهەمە تایبەتی یەکانی

هـەر هـەرێمێك، سروشـتی نەتـەوەكانی هـەر هـەرێمێك قازانجـەكانی ڕۆژ ژمێـر، پێشـبینی نزیكبوونـەوەی وەرزەكـان بـۆ كشـت وكـاڵ، تـەكنیكی دەریـاوانی واتـە شـێوەی لێخـوڕینی كەشتیەكان و دۆزینەوەی ڕەوگە بە بێ ئەوەی بزانین لە كوێین و هتد... ی بۆ دەكەم. هێندێكی باسی سیاسەت، مێژووی سروشتی، ئەخلاق، مافەكانی مرۆڤ. بۆ دەكەم. بە جۆرێك كـە تـەواوی ئەو زانستگە لە بەرچاوی قوتابی یەكەی من زۆر گرینگ و پڕبایـەخ بـن و حـەز و تاسـەیەكی لـە ڕادەبەدەر بۆ فێر بوونی ئەو زانستەتانە لە ناخیدا بپشكوێ. كاتێك تەواوی ئـەو شـتانەم گـوتن، تەنیا قازانجێك كە لە تـەواوی ئـەو چـەنە لێدانـە بـە مـن دەبڕێ، ئەوەیـە كـە بـە تـەواوی خـۆم نواندووە كە لەو زاناترم. بەڵام منداڵە لـە قسـەكانی مـن هـیچ شـتێكی بـۆ نەچۆتەوە سـەریەك، لەوانەیە زۆری حەز لێ بێ كە وەكوو سەرەتا بپرسێ، ڕەوگە دۆزینەوە چ قازانجێكی هەیە؟ بەڵام ناوێرێ. چونكە دەترسێ تووڕە بم. قازانجی ئەو پتر لەوە دایەكە وابنوێنێ كە ئەو شتەی ناچار بووە گوێی لێ بێ، تێگەیوە. ئەوەیە مێتۆدە و شێوەی فێركردن و ڕاهێنانێك كە ئەمرۆ باوە.

بەڵام ئێمیـل زۆر سـادە پـەروەردە كـراوە و دەزانـێ كـە گەرەكمـە بابەتگـەلێكی قـوورس و دژواری فێر كەم  بە هیچ جۆرێك گوێ شل ناكا. هـەر لەگـەڵ ئـەوەی لـە وشـەیەك تێنەگەیشـت، دەردەپەڕێ و هەڵدێ دەچێتەوە هۆدەكەی خۆی و خەریكی یاری  و گەمە دەبـێ و بـە تـەنیایی لەگەڵ وتارە تێروتەسەلەكەم بە جێم دەهێڵێ.

وا باشـترە ڕێگەچـارەیەكی ڕەشـۆكیانەتر بدۆزمـەوە. چـونكە دامودەسـتوری زانسـتی و ئەدەبیی من بۆ ئەو نابێ. ئەو كاتەی كە بووە هۆی چەرمەسەریی من و پرسیاری كرد كـە ئـەوە بۆ چ دەبێ، ئـەمن خـەریكی موتـاڵای هەڵكەوتـەی جەنگـەڵ و لێـرەواری بـاكوور مـۆن مورانسـی Montmorency بـووم. وەڵامـم داوەكـە حـەق بـە تۆیـە. دەبـێ بـەكاوەخۆ بـیر لـەو شـتە بكرێتەوە و ئەگەر دیتمان ئەو كارەی ئێمە هیچ قازانجێكی نیە، ئیتر وەشوێنی ناكـەوین چـونكە بـە ڕادەی پێویسـت یـاری و گەمـەمان هەیـە. وەشـوێن كـاری دیكـە كـەوتین و ئـیتر باسـی جوگرافیامان نەكردەوە. سبەی بەیانی پێشنیاری پێ دەكـەم بـەر لـە قـاوەڵتی بچینە گـەڕانێ. ئەوەی لە خودا دەوێ. منداڵان هەمیشە ئامادەی ڕاكردنن. بە تایبـەتی قوتـابی یەكـەی مـن كـە

پەلی ئەستوور و بە هێزن. دەچینە نێو دارستان.لە لێشامپۆ تێناپەڕین. بەڵام ڕێگەمان لێ هەتڵە دەبێ. ئیتر نازانین لە کوێین. کاتێك دەمانەوێ بگەڕێینەوە ڕێگەکە نادۆزینەوە. کات بە سەر دەچێ. گەرما دەست پێ دەکا. برسیمانە دەبێ پەلە بکەین، بێهوودە بەملاوبەولا دا هەڵدەخولێین بەڵام جیا لە جەنگەڵ و کانزا و بەرد و دەشتی بچووك هیچ نابینین. هیچ شتێکمان پێ نیە ڕێگەیەکی پێ بدۆزینەوە. گەرما ماندووترمان دەکا و بڕستی لێ بڕیون. تا زیاتر هەڵدێین، ڕێگەکەمان ئاڵۆزتر دەبێ. ئاخری یەکەی لە گۆشەیەك دادەنشین بۆ ئەوەی هەم پشوویەکمان دابێ و هەم راوێژێکمان کردبێ. بەڵام ئێمیل کە پێموایە وەکوو منداڵانی دیکە راهاتووە و پەروەردە کراوە، راوێژ ناکا بەڵکوو یەکسەر دەگری.نازانێ کە ئێمە لە ئاوایی مۆرانسی نزیك بووینەتەوە و تەنیا مێشەڵانێکی بچووك کەوتۆتە نێوانمان. بەڵام ئەو مێشەڵانە بە لای ئەوەوە جەنگەڵێکی گەورەیە کە منداڵۆچکەیەکی وەکی ئەو، تێیدا ون دەبێ. پاش چەند ساتێك بە حاڵەتێکی شڵەژاوی پێی دەڵێم: ئێمیل گیان دەبێ چ بکەین لێرە دەرباز بین؟

ئێمیل (کە نوقمی ئارەقەیە و بە توندی دەگری): چووزانم، ماندووم برسیمە، توونیمە. بڕستم لێ براوە.

ژان ژاك: تۆ پێتوایە ئەمن لە تۆ باشترم؟ ئایا پێت وایە ئەگەر ئەمن توانیبام بە فرمێسکەکانم زگم تێ کەم دەگریام؟ گریان هیچ قازانجێکی نیە. دەبێ ڕێگەیەك بدۆزینەوە. کاتژمێر چەندەیە؟چ وەختی ڕۆژە؟ ئێمیل : نیوەڕۆیە و هێشتا زگمان بە تاڵە.

ژان ژاك: وایە. نیوەڕۆیە و من هێشتا هیچم نەخواردووە.

ئێمیل: بە دڵیای یەوە زۆرتان برسیە؟

ژان ژاك: چارەڕەشیەکە لەوە دایە نەهارەکەما خۆی نایەتە بەر دەستم. بەڵێ نیوەڕۆیە. دەزانی دوێنێ هەر ئەو دەمانە لە شاری مۆن مۆرانسی هەڵکەوتەی جەنگەڵمان موتاڵا دەکرد. چەند باش دەبوو توانیبامان کە لە جەنگەڵەوە هەڵکەوتەی شاری مۆن مۆرانسی لێك دەینەوە.

ئێمیل: بەڵێ، بەڵام دوێنێ جەنگەڵمان لێ دیار بوو. بە داخەوە لێرەوە ناتوانین شار ببینین.

ژان ژاك: وایە. هەر ئەوەی خراپە. بەڵام خۆزگە بە بێ دیتنیش توانیبامان دیاریی بکەین لە کام لاوەیە. ئێمیل: خۆزگە توانیبامان هاوڕێ.

ژان ژاك: دەی! دەمانگوت کە جەنگەڵ کەوتۆتە لای ..........

ئێمیل: کەوتۆتە لای باکووری مۆن مۆرانسی یەوە ....

ژان ژاك: کەوابوو مۆن مورانسی دەبێ....

ئیئێمیل: لە لای باشوورەوە دەبێ.

ژان ژاك: پێموایە، شتێکمان پێ یە کە لە کاتی نیوەڕۆیە دا بتوانین باکوور بدۆزینەوە.

ئێمیل: بەڵێ، لە رێگەی سێبەرەکانەوە.

ژان ژاك: ئەدی باشوور؟

ئێمیل: بە راستی چ بکەین؟

ژان ژاك: راست رووبەڕووی باکوور دەبێتە باشوور.

ئێمیل: راست وایە. هەر ئەوەندە لایەك بدۆزینەوە. باشوورمان دۆزی یەوە. باشوورمان دۆزی یەوە. بە دڵنیای یەوە، لەم لایەوەیە، با بەو لیەدا برۆێن.

ژان ژاك: تۆ راست دەکەی. دەبێ لەو جادەیەی نێوەراستەوە برۆین.

ئێمیل لە خۆشیانا هەڵدەبەزێ و دەقیژێنێ. ئاخ، مۆن مورانسی دەبینین. تەواوی شار لە پێش چاومە. با بچین نەهار بخۆین. خێرا کە با بڕۆین بۆ نەهار خواردن. بە راستی زانستی ئەستێرە ناسی شتی چاکە. سەرنج بدەن ئەگەر منداڵ ئەو رستەیەی دواییینی بە سەر زار دانەهات لە دڵدا دەیلێ. بەڵام چ تۆفیرێکی هەیە بۆ ئێمە. هەر ئەوەندە کە نابێ خۆمان پێی بلێین. بە گشتی دڵنیا بین ك ئێمیل لە ژیانی خۆیدا قەت وانەی ئەمڕۆی لە بیر ناچێتەوە. لە حاڵێکدا ئەگەر ئەمن لە دیوەکەی خۆیدا ئەو شتانەم بۆ گێڕاباوە. بە دڵنیای یەوە بۆ سبەینێ لە بیری دەچۆوە, دەبێ هەتا ئەو جێگەیەی دەتوانی بە کردەوە فێری بکەی و تێی بگەیێنی کاتێك مرۆڤ لە رادە بەدەر پەنا دەباتە بەر وشەکان، دیارە ئێترنازانێ بە کردەوە و لە ئاستی پراکتیك دا کار بکا.

هـەر لەگـەڵ ئەوەیکـە منـداڵ دەسـتی کـرد بـە بەڵگانـدن و بەڵگـە هێنانـەوە، دەبـێ دوور بخرێتەوە بەو شتانەی کـە لەوانەیـە بـە هۆیانـەوەخۆی لەگـەڵ منـداڵانی دیکـە بـەرراوەرد بکـا. چونکە لەم بەراوەردکردنە جیا لە خۆپەرستی و ئێرەیی هیچ دەسکەوتێکی نابێ. ئەوەندە بەسە کە خۆی لەگەڵ خۆی بەراورد بکا. چـونکە قـازانجی زیـاتر دەبـێ. خوێندنـەوەی کتێـب زەرەری (زیانی) هەیە. چونکە منداڵ تەنیا فێری ئەوە دەکا کە لـە سـەر شـتێك قسـە بکـا کـە هیچـی لێ تێناگا. واباشترە هەتا ماوەیەك لە کتێبێـك زیـاتر لـە کتێبخانەکـەی ئێمیـل دا دانـەنێین. کتێبـی رۆبینسۆن کرۆزۆ. چونکە ئەو کتێبە باسی کابرایەك دەکا کە بـە تـەنیا بـۆ دابـین کردنـی بـژێوی ژیانی تێدەکۆشێ. ئەم شێوە ژیانە ئێمیل لە سەرووی بـاوەڕە چـەوتە گشـتیەکانەوە دادەنـێ و فێری دەکا کە بە دروستی فێری پێوەندیی نێوان شتەکان بێ.

ئێمیل دەبێتە دارتاش

لە بەر ئەوەیکە ئێمیل دەبێ لە نێو کۆمەڵگە دا بژی پێویست خوێندنـەوەی هـەبێ لـە سـەر پێوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان. دیارە ئاوا زوو لایەنە ئەخلاقیەکەی ئەم پێوەندییانـەی پێشـان نادەن. سەرەتا سەرنجی بـۆ لای سـەنعەت و پیشـە و ئـەو هونـەرە دەسـتیانەی مرۆڤـەکان بـۆ یەکتر بە کەڵك دەکا رادەکێشین. بـە پێچـەوانەی بـاوەڕی گشـتی، ئێمیـل بـە بـەراورد لـە گـەڵ ڕێژەی قازانجـە راسـتەوخۆکانی پیشـە جۆراوجۆرەکـان لێیـان دەڕوانـێ. دەبـێ ئـەو پیشـەگەلە وەپێش بخرێن کە بۆ کاروباری پێویستی گشتیی زیاتر کەڵکیان لێوەردەگیردرێ و بۆ مرۆڤـەکان پێویستترن. بۆ وێنـە، وەرزێـری، ئاسـنگەری و داراتاشـی ... زانیـاریی ئێمیـل لـە مـەڕ زانسـتی ئابووری یەوە لە چوارچێوەی خاوەنـدارێتیی و کـەڵك وەرگـرتن لـە دراو یـا دەسـت مایـە دایـە. دەست مایە باشترین پێوەندیی کۆمەڵایەتی یە. چونکی ئاڵوگۆڕ و دەستاودەست کردنی کاڵا کـە بنەمای کۆمەڵگەیە ئاسانتر دەکاتەوە.

وای دانێین دە کەسین و هەر دە کەسمان، پێویستیمان بە شتە. هەر کامیان بۆ دابین کردنی پێداویستیی خۆی دەبێ دە جۆرە کار بکا. بەڵام بە هۆی جیاواز بوون لە توانا و کارامەیی دا، یەکیان کارێکی لەوانیتر باشتری پێ دەکرێ و ئەوی دیکەش کارێکی دیکەی باشتری پێ دەکرێ. کەوابوو ئەگەر هەمووان بیانەوێ هەموو کارەکان بکەن، دیارە، هەمووان خراپ جێبەجێ دەکا. ئێستا ئەو دە کەسە، کۆمپانی یەك پێك دێنن و هەر کام لە بەر خۆی و دڵی نۆکەسەی دیکە، ئەو کارە وەئەستۆ دەگرێ کە لە هەمووان باشتر لێی شارەزایە. واتە- هەر کام لە توانا و کارامەیی ئەوی دیکە کەڵك وەردەگرێ و وەك ئەوە وایە کە خۆی هەموو هونەرەکانی هەبێ واتە بە تەنیا خاوەنی هەموو هونەرەکان بێ. هەر کام لە هاوپەیمانەکان بە هۆی پرۆڤەی بەردەوام لە ئیشەکەی خۆیدا کارامەتر دەبێ. بە جۆرێك کە ئەو دە کەسە نەك هەر پێداویستیی خۆیان بەڵکوو زیادیی داهاتەکانیان بە کەسانی دیکەش دەدەن. ئەمن لێرەدا نامەوێ باس لە دەرنجامەکانی وەها کۆمپانیەك بکەم چونکە لە کتێبێکی دیکە دا قسەم لە سەر کردووە.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پرەنسیپە ئەوەی بیەوێ دوور لە مرۆڤەکان بژی و پێوەندیی بە هیچ کەسەوە نەبێ و بخوازێ بە تەنێ پێداویستیەکانیشی دابین کا، کەسێکی چارەڕەش دەبێ. تەنانەت ناتوانێ بە زیندوویش بمێنێ. چونکە دەبینێ سەرانسەری زەوی پڕە لەو شتانەی کە هی کەسانی دیکەن. جا لە بەر ئەوەندەی خۆمان لە ژیانی سروشتی چووینە دەرێ، هەموو خەڵکی دیکەش ناچار دەکەین دەستی لێ هەڵگرن. هیچ کەس ناتوانێ بە پێچەوانەی ویستی خەڵك لەو جۆرە ژیانەدا بمێنێتەوە. لە راستیدا ئەوەی بیەوێ لە سروشت دا بژی، بەڵام نەتوانێ پێداویستیەکانی ژیانی خۆی دابین بکا لە راستیدا بە پێچەوانەی یاساکانی سروشت جووڵاوەتەوە. چونکە یەکەمین یاسی سروشت بریتی یە لەوەیکە تاك بتوانێ ژیانی خۆی دابین بکا.

بەك جۆرە تەنانەت پێش ئەوەی منداڵەکە بە راستی ببێتە ئەندامی چالاکی کۆمەڵگە، وردەوردە چەمك و واتای پێوەندیی کۆمەڵایەتیی لە بیر و مێشکی دا بیچم دەگرێ. ئێمیل چاو

لێدەکا بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئامرازانەی بە کاری خۆی دێن وەدەستیان بێنێ، دەبێ ئامرازگەلێك ساز بکا ئەوانی دیکە کار و پێویستیان پی یەتی.

بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سەر بە سەر گۆڕینەوەیان، بتوانێ ئەو شتانەی پێویستین بەڵام لە دەستی ئەوان دایە، دابین بکا، ئەمن بە ئاسانی دەتوانم ناچاری بکەم کە لە پێویست بوونی ئەم گۆڕینەوە و ساتوسەودایانە تێ بگا ئامادە بێ بۆ کەڵك لێوەرگرتنیان.

کابرایەکی (شاعیر) "هجو" بێژ بەو وەزیرەی کە لۆمەی دەکرد کە بۆچی ئەو پیشەیە دەکا، گوتی: "گەورەم هیچ چارەیەکم نیە، دەبێ بژێم". وەزیرەکە بە نێوچاوان گرژی یەوە وەڵامی دایەوە: "هیچ بە پێویستی نازانم". ئەو وەڵامەکە تەواو لەگەڵ ئەخلاقی وەزیرێك یەکتر دەگرنەوە، لە زاری هەر کەسی دیکە بێتە دەرێ، بێ جی یە و نیشانەی بێ بەزەی یە. ئەو پاساوەی شاعیری هجوبێژ بۆ وەزیری هێناوەتەوە (پاساوێك کە بە پێی ئاستی بەزەیی هەر کەسەی گرینگی و بایەخێکی کەمتر یا زیاتری پێدەدا) بۆ ئەو کەسەی سەبارەت بە خۆی پرسیار دەکا، تەواو لە جێدایە و بێ وەڵامە. لە بەر ئەوەیکە مەرگ لە تەوای شتە قێزەونەکانی سروشت، قێزەونترە، بۆئەو کەسەی کە هیچ جۆرە کەرەسەوە ئامرازێکی 1یانی نیە، هەموو کارێك بۆ ئەو شیاوە بیکا. ئەو بنەمایانەی کە مرۆڤی کۆمەڵایەتیی فیداکار و خۆبەخش بە پێی ئەوان ژیانی خۆی لە بەر چاو سووك دەبێ و دەیکاتە قوربانیی ئەرکەکانی، لەگەڵ سادەیی مرۆڤ ئێجگار ناتەبایە.

ئەگەر لە جیهاندا کاولی وڵاتێك دەست نەکەوێ کە تێیدا هیچ کەس نەتوانێ بە بێ کاری چەوت بژی و هەموو خەڵکەکەی ناچار بن گزی و فزی و دزی بکەن، نابێ دز لە دار بدەن بەڵکوو دەبێ ئەو کەسە سزا بدرێ کە ئەوی ناچار کردووە دزی بکا.

ئێمیل هەر لەگەڵ ئەوەی کە تێگەیشت ژیان چیە یەکەم هەوڵی من ئەوەیە کە فێری بکەم ئاگای لە خۆی بێ و خۆی بپارێزێ. هەتا ئێرە پلە وپایە و سەروەت و سامانم لە بەر چاو نەگرتوە. لەمەو دواش لە بەرچاوی ناگرم، چونکە باوەڕی مرۆڤ لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر یەك. گەدەی ئاغاوەتەکان لە گەدەی هەژاران گچکەتر نیە و خواردەمەنیش جوانتر هەرس ناکا بەو

بیانووەوە زیاتر بخۆن. شان و باهۆی ئاغا بەرزتر و بە هێزتر لە شان و باهۆی رەعیەتەکەی نیـە، هیچ بەگزادەیەك لە خەڵکی ئاسایی زیاتر نیە. بە کورتی چونکە پێداویستی یە سروشتەیەکان لە هەموو شوێنێك وەك یەك، دەبێ ئامرازەکانی دابـین کردنـی ئـەم پێداویسـتی یانـەش لـە هـەموو شوێنێك هەر یەك ئامراز بن. مرۆڤ جۆرێك پەروەردە بکەن کە لەگەڵ مرۆڤەکان کۆك و تـەبابێ و شیاوی مرۆڤەکان بێ و بەهرە شتێکی جیا لەوە، وەلای بنێین. مەگەر نـابینن کاتێـك گەرکتانـە، قوتابیی خۆتان تەنیا بە مەبەستی پلەوپایەکی دیاریکراو پـەروەردە بکـەن، ئـیتر بـۆ کارەکـانی دیکـە لاواز و کـەم هێـز بـاری دێـنن و ئەگـەر رۆژگـار وەرسـووڕێ، هەوڵـەکانی ئێـوە ئـەو دەستەوەستان دەکە. ئایا لەو گەپچاڕانەتر هیچتان پێ شك دێ کە بەگزادەیك ببێتـە سـواڵکەر؟ و ئایا لەو دەوڵەمەندە لێکەوتووە سووکتر و چارەڕەشتر بەدی دەکەن کە هەژار کەوتۆتەوە و بە وەبیر هاتنەوی ئەو سووکایەتی یەی دەرهەق بە هەژاران دەی کرد، ئێستا خـۆی بـە سـووکترین تاکی مرۆڤ لە قەڵەم بدا؟

یەکـەمینان هـیچ چـاری نیـە جیـا لـەوەی کەبـە زیـانی کۆمەڵگـە دزی بکـا، دووەمیـان هـیچ رێگەیەك شك نابا جیا لەوەی کە وەکوو خزمەتکاران بکەوێتە سەرچۆك بڵێ: "ناچارم بژیم".

ئێوە لە رەوشی ئێساتی کۆمەڵگە دڵنیان، بەڵام بـیر لـەوە ناکەنـەوە کـە ئـەم باوردۆخـە بـە ناچاری دەگۆڕدرێ و مەحاڵە ئێوە پێش بینی ئەوە بکەن کە چ گۆڕانێك بۆ عەولادەکـەتان دێتـە پێش. لەوانەیە رۆژێك دابێ گەورە بچووك بێتەوە، دەوڵەمەند هەژارا بێتەوە شا ببێتـە رەعیـەت. ئایا پێتان وا یە کە قۆرت و رووداوەکانی رۆژگار ئەوەندە کـەمن کـە بتـوانن پـارێزراو بـن و لێـی دەرباز بن؟ ئێمە لە قۆناخی قەیران و سەردەمی شۆرش نزیك دەبینەوە. چۆن دەزانن کە چیتان بـە سـەر دێ. ئـەوەی مرۆڤـەکان سـازیان کـردووە مرڤـەکانیش دەتـوانن تێکـی دەنـەوە. تـەنیا بینایەك کە بە دەستی سروشت ساز کراوە تێك ناچێ. و سروشت نە شـازادە دروسـت دەکـات و نـە دەوڵەمەنـد و دەسترۆیشـتوو. ئـەم سـاتراپیە کـە تـەنیا بـۆ شـان و شـکۆ و مەزنایـەتیی پەروەردەتان کردووە، لە لێقەومان دا چ دەکا؟ ئایا ئـەم گەنجـە دەوڵەمەنـدەی کـە بێجگـە لـە ئاڵتوون هیچی نـەدیتوە، لـە هـەژاری دا چـی بـە سـەر دێ. ئـەو گەمژەیەکـە لـە دەوڵەمەنـدی و

دەسرۆیشتوویيدا ناتوانیٚ کەڵك لە تواناکانی خۆی وەرگریٚ و ژیانی خۆی دەکاتە پاشکۆی ئەو شتانەی پێی نامۆن، ئەگەر دەستکورت و هەژار کەوتەوە چ دەکا؟ بەختەوەرە ئەو کەسەیە کە بتوانیٚ ئەو پلەوپایە و پێگەیە لە بیر خۆی بەرێتەوە کە لە دەستی چووە و سەرەڕای چارەنووسی خۆی هەروا وەکوو مرۆڤێك بمێنێتەوە. لەوانەیە خەڵك تاریفی ئەو پاشا شکست خواردووە بکەن کە لەوپەڕی تووڕەیی دا دەیەویٚ لە ژێر داروپەردووی کۆشکەکەی دا خۆی بکووژیٚ. بەڵام بە لای منەوە کەسێکی ئێجگار هیچ و پووچە، چونکە دەبینم ئەو بوونی خۆی تەنیا بە تاج و تەختەکەیەوە گرێدراوەتەوە و ئەگەر بە پاشایی نەژی ئیتر هیچە و نەبوونی باشترە. بە پێچەوانەوە ئەو کەسەی تاج و تەختی پاشایەتیی لە کیس دەچیٚ و زۆر گویٚ ناداتیٚ، پلەوپایەی لە سەرووی پاشایانەوەیە. چونکە پاشایەتی یەکەی لەوانەیە ببێتە نەسیبی بیٚ غیرەتێك، شەڕفرۆشێك یا شتێك، تا پلەو ئاستی مرۆیی بەرز دەبێتەوە. کە دەگمەنن ئەوانەی بتوانن بە وەها ئاستێك بگەن. ئەو کاتەیە کە (کابرا) لەگەڵ چارەنووس بە شەڕ دیٚ و بە سەریدا زاڵ دەبیٚ. هەرچی هەیەتی ئی خۆیەتی و ئەگەر رۆژێك جیا لە خۆی هیچ شتێکی بۆ نەمێنێتەوە هەژار و دەستکورت ناکەوێتەوە. چونکی دیسانیش لە جلوبەرگی خۆیدا کەسێکە. بەڵیٚ، پاشای سیراکوز کە لە کرێت بوو بە مامۆستا و پاشای مەقدوونی کە سکاڵانامەی بۆ خەڵك دەنووسین پێم باشترن لە کەسێکی وەکوو تارکیونی (Tarquin دوایین پاشای رۆم) چارەڕەش کە نەیدەزانی ئەگەر تاج و تەختەکەی لە چنگ دەربێنن چی لیٚ بە سەر دیٚ، تەنانەت ئەویشم پیٚ باشترە لە چارلزی ئیدواردی نەوەی "ژاك" دووهەم پاشای بریتانیا کە لەو ئیشەی لێیان ئەستاندبۆوە بەو لاوەتر هیچی نەدەزانی و هەموو کەسێك گاڵتەی بە دەستەوەستانیی ئەو دەهات و لەم دەربارەوە بۆ ئەو دەربار داوای یارمەتیی لە هەمووان دەکرد لە هەموو شوێنێك بیٚ حورمەتیی پیٚ دەکرا. ئەو کەسەی لە نێو کۆمەڵ دا دەژی، جا هەر کەسێك بیٚ، بێجگە لە جەستەی خۆی سامانێکی دیکەی نیە کە لە کۆمپانیای کۆمەڵگەی دا بیخاتە گەڕ. کەوابوو دوو حاڵەت بۆ کابرای دەوڵەمەند دێتە پێش، یا ماڵەکەی خۆی دەخوا یا نایخوا و خەڵك بۆی دەخۆن. ئەگەر خۆی نەیخوا، ئەو شتەی کە خۆی نایخوا لە خەڵکی پاشقول دەدا. ئەگەر خەڵك

لێـی بخـۆن هیچـی بـه کـەس نەبەخشـیوە، چـونکی هەرچـی لێـی دەسـتێنن هەقدەسـتی کـاری خۆیانه، ئاکامەکەی ئەوەیه که هەر کەسێك پێی وایه که به "پاره" قەرزی کۆمەڵگه دەداتـەوە، له هەڵه دایه، به پێچەوانه، ئەو قـەرزەی لـه سـەرێتی هـەر وا لـه جێگـەی خۆیـەتی. دەڵێن کـه باوکی له رێگەی خزمەت به نیشتماندا ئەو پارەیەی وەدەست هێنـاوە. قبوولمـه بـەلام ئـەو بـه ئێشکردنەکەی خۆی قەرزی کۆمەلگەی داوەتەوە نەك قەرزی منداڵەکەی. ئەتۆ بـه هـۆی ئـەوەی که دەوڵەمەندتر هاتوویه جیهان، قەرزەکەت زیاتر و قوورستر له قەرزی خەڵك. بێ ئینسافیه که خزمەتی ئەم یا ئەو به کۆمەڵگـه پـێش بـەوە بگـرێ ئـەوانیتر ئـەرکی خۆیـان جێبـەجێ نەکـەن. چونکه هەر کەسەی، به هـەر رادەیـەکیش لـه سـەری بـێ کـه هـەموو وزەی خـۆی بـۆ دانـەوەی قـەرزەکانی بخاتـه گـەڕ تـەنیا دەتـوانێ بەشـی خـۆی بداتـەوە. هـیچ باوکێـك نـاتوانێ هـەقی سەرباربوونی کۆمەڵگه بۆ منداڵەکەی خۆی به میرات به جێ بێڵێ. بەلام ئەو باوەکەی کـه بەڵگـه و بەهای ئیش وکارو وخۆی واته سەروەت و سامانەکەی بۆ منداڵەکەی به جێ دێڵـێ راسـت ئـەم کاره دەکا. ئەو بێ کار و بار دەژی و لەو شته دەخوات که خۆی وەدەستی نەهێناوە، لـه دزێـك بەو لاوه نیه. و ئەو کەسەی پارەی نەتەوەیەك رادەماڵێ و قیـت و قـۆز بـه رێگـەدا دەڕوات، بـه رای من هیچ جیاوازی یەکی نی یه لەگەڵ ئەو رێگر و جەردەیه که له سـەر دووملانـه (گردنـه) ی کێوان کاروان و موسـافیران رووت دەکـا. مرۆڤێـك کـه دوور لـه کۆمەڵگـه و لـه دوورەپـەرێزی دا دەژی چونکی قەرزباری هیچ کەس نیه، چۆنی پێی خۆش بێ وا بژی بەلام ئەگەر لـه نێـو خـەڵك دا بژی، چونکه ناچاره له سەر زگی خەڵك بژی دەبێ بـه کـار و تێکۆشـانی خـۆی نرخـی بـژیوی ژیانی بدات. کەوابوو بۆ مرۆڤی کۆمەلایەتی تێکۆشان و ئیشکردن شتێکی پێویسته. ئەو کەسەی کارناکا، چ دەوڵەمەند و چ هەژار، چ زۆر دار، له جەردەیەك بەو لاوه نیه.

له نێوان ئەو ئیش و کارانەی که لەوانەیه ژیانی مرۆڤەکان دابین بکا، ئەوەیکه زیاتر لەگـەڵ ژیـانی سروشـتی دا کـۆك و تەبایـه، کـاری دەسـته (تێکۆشـانی جەسـتەیی). لـه نێـو هـەموو رەوشەکاندا، ئەوەی له هەمووان زیاتر ئازادیمان بـۆ دەسـتەبەر دەکـا و لـەکۆت بەنـدی چـاو لـه دەستبوون دەمانپارێزێ، بارودۆخ و رەوشی پیشـەزانانه. لـه راسـتیدا سـەنعەتکار تـەنیا چـاوی

دەستی خۆیەتیی. واتە هەر بەو رادەیەی وەرزێر خولامی ئاغایە، ئەویش ئازادە. چونکە وەرزێر چاوی لە کێڵگەیەکە، کە بەرهەمەکەی لە بەردەم مەترسیی دەستدرێژی ئەوانیتر دایە، دوژمنی وڵات، پاشای وڵات، دراوسێی زۆردا، حاکم و هتد ....لەوانەیە زەوی یەکەی لێ زەوت کەن. لە بەر خاتری ئەم زەوی یە ناچارە هەزار جۆر ناهەقی قبووڵ بکا. بەڵام سەنعەتکار، لە هەر جی یەك شەو بە سەر دابێ ماڵی خۆیەتیی. لە هەر شوێنێك ویستیان بی بوغزێنن و ئازاری دەن، باروبنەی لێك دەنێ و لە وشێنێکی دیکە دەیخا. کەرەسەی کاری ئەو چیە؟ دوو باهۆی بە هێز. بەڵام نابێ لە بیر بکرێ کشت و کاڵ یەکەمین ئیشی مرۆڤەکان بووە و ئێستاش، بە کەڵك ترین و سەر بەرزانەترین کارەکانە. ئەمن بە ئێمیل ناڵێم فێزی وەرزێری و کشت و کاڵ بێ، ئەو شارەزای ئەم هونەرەیە. واتە شارەزای هەموو کارەکانی گوند و ئاوای یە. چونکی یەکەم ئیشێك کە کردوویەتیی، کشت و کاڵ و ئێستاش زۆربەی کاتەکان ئەو کارە دەکا. کەواتە ئەمن پێی دەڵێم کەلەپووری باو باپیرانت بچنەوە، بەڵام ئەگەر هات و ئەم کەلەپوورەت لە دەست بۆوە چ دەکەی؟ کەواتە برۆ کاری دەستیش فێر بە.

ژنێك دەیگوت "کوڕم کار فێر بێ؟ ببێتە سەنعەتکار؟ جا ئەوە قسەیە؟" خاتوون، ئەمن لە ئێوە باشتر تێدەگەم. ئێوە دەتانەوێ کارێکی وا بکەن کە کوڕەکەتان نەتوانێ جگە لە شازادە یا لۆرد یا مارکی، ببێتە شتێکی دیکە، لەوانەیە رۆژێك لە هیچیش کەمتر بێ. بەڵام ئەمن دەمەوێ پلە و پێگەیەکی وای پێ ببەخشم کە هەرگیز نەتوانن لێێ بستێننەوە. پلە و پێگەیەك لە هەموو کات و شوێنێك دا جێگەی رێز بێ. ئەمن دەمەوێ بیگەیەنمە پێگەی مرۆڤ بوون. خاتوون، هەرچی پێتان خۆشە بیڵێن، بەڵام دڵنیا بن کە کوڕەکەتان لەم پێگەیەدا کەموێنە دەبێ لە چاو ئەو شوێنەی ئێوە دەتانەوێ پێی بگا.

وشەی بی ٘مانا دەمرێ و مانا زیندوویە و نەمر. مەبەستی ئێوە ئەوە نیە ئێمیل فێری ئیشێك بێ کە کەڵکی لێوەرگرێ. مەبەستمان زیاتر ئەوەیە کە زاڵ بی ٘بە سەر بیروباوەڕی چەوت و هەڵەی خەڵك دا کە ئیش و کاری دەستی یان بە لاوە سووکە. دەڵێی: ئەمن هیچ کات بۆ بژێوی ژیان پێویستیم بەوە نابێ و ناچار نیم کار بکەم. دەی ناچار مەبە قەیدی چیە؟ نەك بۆ

دابین کردنی پێداویستی یەکانت بەڵکوو لە بەر مەزنیی ئیشکردن کار بکەن. بۆ ئەوەی بتوانن زاڵ بن بە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژگار دا لە پێشدا دەبێ خۆتان لە کۆت و بەندی قەزا و قەدەر دەرباز کەن. بۆ ئەوە بتوانن بیروڕای خۆتان بە سەر هەمووان دا بسەپێنن، لە پێشدا دەبێ خۆتان لە کۆت و بەندی باوەڕە گشتیەکان (باوەڕی خەڵك بە گشتی) دەرباز بکەن.

لە بیرتان نەچێ ئەمن نامەوێ ئێوە منداڵەکەتان فێری هونەر بکەن. بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە پیشەیەکی واقیعیی فێر بکەن. واتە پیشەیەکی دەستی کە تێیدا دەستەکان لە مێشك وەدوا نەکەون. مەبەستم ئەوە نیە کە ئەو پیشەیە منداڵەکەتان دەوڵەمەند بکا حەزم لێ یە لەو ڕێگەیەوە خۆ لە ماڵ و سامان کۆ کردنەوە ببوێرێ. لە بنەماڵەی هێندێ باوکی دوارۆژ بینم دیتووە کە تەنیا بە ڕاهێنان و پەروەردە کردنی منداڵەکانیان ڕانەوەستاون بەڵکوو فێری هێندێ تەکنیك و زانیارییان دەکەن کە بە گوێرەی پێویست و لە کاتی پێویست دا بتوانن پێداویستی یەکانی ژیانیانی پێ دابین بکەن. ئەم باوکە دوارۆژ بینانە پێیان وایە کارێکی مەزنیان کردووە. لە حاڵێکدا هیچ کارێکیان نەکردووە. چونکە ئەو دەسکەوتانەی کە دەیانەوێ بەم جۆرە بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن بەستراوەتەوە بە ڕووداوەکانی ڕۆژگارەوە، لە حاڵێکدا ئەوان دەیانەوێ هەر لەم ڕووداوانەیان بپارێزن. لە ڕاستیدا ئەگەر بیرمەنێك هرەلومەرجە و دەرفەرتێکی لە باری بۆ بە کار هێنانی هونەر و لێهاتوویی خۆی دەست نەکەوێ، وەك ئەوە وایە هیچ هونەرێکی نەبێ و ناچار لە برسان تیدا دەچێ.

کاتێك بۆ هەموو کارێك گزە کردن و لە بنەوە سازان پێویستە، واباشترە ئەم پێکەوە سازانە بۆ سەروەت و سامان و پلەوپایە بێ نەك بۆ ئەوەی لە چاڵی نەبوونەوە پێی بگەنە لووتکەی مەزنی. ئێوە فێری هونەرگەلێك دەبن کە تێیدا سەرکەوتن بەستراوەتەوە بە ناوبانگی کەسی هونەرمەندەوە و خۆتان بۆ ئیش و کارێك تەیار دەکەن کە دەبێ خوا ڕوحم بکا و دەستەبەر بێ. ئەگەر ڕۆژێك لە ژیانی نێو کۆمەڵ ماندوو بوون و دەرهەق بەو ئامرازنەی بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتن پێویستن کەمتەرخەم بوون، چ قازانجێك لە هونەر و لێوەشاوەییتان وەردەگرن؟ وای دادەنێم لە بواری زانستی سیاسەت و پاراستنی بەرژەوەندی پاشاکاندا

تێکۆشاون، لەوە باشتر چ دەبێ؟ بەڵام ئەگەر نەتوانن لە وەزیرەکان، لە خاتوونەکانی دەربار و سەرۆکی ئیدارەکان نزیك بنەوە چ قازانجێکتان پێدەگا. ئەگەر نەزانن چۆن خۆیان لا خۆشەویست بکەن، ئەگەر لە ئێوە دا لێوەشاوەیی گز کردن شك نەبەن کە پێویستیانە، چ دەکەن؟

نموونەیەکی دیکە ئێوە بوونەتە تەلار ساز یا شێوەکار. زۆر چاکە. بەڵام دەبێ لە پێشدا هونەرەکەتان پێشانی هەمووان بدەن. ئایا پێتان وایە بە ئاسانی و بە بێ پێشەکی شاکارەکانتان لە پێشانگە گشتی یەکاندا نمایش بکەن؟ نا، وانیە. دەبێ ئەندامی ئەنستیتۆی هونەرە جوانەکان بن و دەبێ یەکێك لە پیاوانی ناوداری ئەو ئەنجوومەنە پشتیوانیتان لێ بکا بۆ ئەوەی لە گۆشەیەکی هۆڵەکە جێگەیەك بۆ شاکارەکانی ئێوە تەرخان بکەن. بڕۆن پرگار و قەڵەمتان دانێز فایتوونێك وەرگرن و سەر بە هەموو کونێك داکەن بۆ ئەوەی ناوبانگ دەرکەن. بەڵام لە بیرتان نەچێ کە ئەم کۆشکە مەزنانە دەرکەوان گەلێکیان هەیە کە تەنیا بە ئاماژە لە مەبەست تێدەگەن و گوێچکەیان لە بەری دەستیان دایە. نموونەیەکی دیکە، دەتانەوێ ئەوەی فێری بوونە فێری ئەوانیتری بکەن. واتە ببنە مامۆستای جۆگرافیا ماتماتیك، زمان، موسقیا یا شێوەکاری و ....... تەنانەت بۆ ئەم کارەش دەبێ قوتابی کۆکردنەوە. واتە دەبێ کەسانێك بتان ناسێنن و پشتگیریتان بکەن. لە بیرتان نەچێ کە بەر لە هەر شتێك دەبێ شەڕانی بن و ئەگەر جیا لە هونەرەکەتان خاوەنی هونەرێکی دیکە نەبن کە پێی دەڵێن چاوبەستی، هەمیشە بە کەسێکی نەخوێندەوارتان دەزانن.

چاولێکەن، تەواوی ئەو دەسکەوتانەی کە پێش بینیتان کردبوون چەندە ناسەقامگیرن و بۆ کەڵك لێوەرگرتنیان پێویستیتان بە هونەری دیکە هەیە.

ئایا دەزانن لە سووك بوون و داکشاندا ناچارن ملکەچی بن چیتان بە سەر دێ؟

سەرنەکەوتن بە جێگەی ئەوەیە کە بە ئەزموونترتان بکا سوکترتان دەکا. جار بە جار زیاتر دەبنە گەپجاڕی خەڵك و ناشتوانن زاڵ بن بە سەر بیروڕای چەوتی خەڵك دا کە زاڵە بە سەر چارەنووستاندا. چۆن دەتوانن بە چاوی سووك لەو گەندەڵیە ئەخلاقیە بڕوانن کە بۆ بژێوی ژیان

پێویستیتان پێیانە؟ ئەو کاتەی دەوڵەمەند بوون دیلی سەروەت و سامان بوون. ئێستا کە هەژار کەوتوونەتەوە بوونەتە دیلی دەوڵەمەندان. تەنیا کارێکی کە کردووتانە ئەوەیکە زنجیری کۆیلەییتان قوورستر کردووە و خۆتان چارەڕەشتر کردووە. هەژار بوون، بە بێ ئەوەی ئازاد بن. ئەو خراپترین رەوشێکە کە لەوانەیە بۆ مرۆڤ بێتە پێشێ. ئێستا ئەگەر لە بری ئەوەیکە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان کەڵك لە زانستە بالاکان وەرگرن کە بژێوی رۆحن نەك لە خواردەمەنی و بە پێێ پێویست پەنا بەرنە بەر دەستەکانتان و ئەو هونەرانەی کە لەو دەستانە هەڵدەوەرن، هەموو گرفتەکان چارەسەر دەبن و ئیتر پێویست بە لە بنەوە سازان نیە. هەر کات دڵتان بخوازێ دەسکەوت باشتان دەبێ. ئیتر شەرافەت و پارێز کردن نابێتە لەمپەری ژیانتان و ئیتر پێویست ناکا لە هەمبەر دەوڵەمەندان و بێ غیرەت و درۆزن و گزیکار و گوێ لە مست و ماستاوچی و لە بەر دەم خەڵك دا خۆتان پێ سووك بێ. ئیتر پێویستیتان بەوە نابێ دزی بکەن یا قەرز وەرگرن (چونکی بۆ کەسێکی دەستکورت و هەژار، قەرز وەرگرتنیش جۆرە دزی یەکە) ئیتر بایەخ بە باوەڕی گشتی نادەن. ئیتر ناچار نابن ماستاوچێتیی بۆ گەمژەکان بکەن و دەرکەوانان قایل بکەن و پارە بە لەشفرۆشان بدەن یا پێیان هەڵ بڵێن ( کە زۆر لەوە خراپتر پارە بدەن). ئیتر جیاوازی یەکی بۆتان نابێ کە کارە مەزنەکان بە دەستی کەسانی گزیکارەوە بن یا نەبن. هیچ شتێك نابێتە لەمپەر بۆ ئەوەی لە ژیانی هەژارانەتاندا نیازپاك بن و بە دەست و دڵپاکیەوە نانی خۆتان بە دەست بێنن. دەچنە نێو یەکەمین کارگەیەك کە لەدەگەڵ ئیشەکەی ئێوە یەك دەگرێتەوە و دەڵێن: "مامۆستا، هاتووم کارم بدەنێ". وەلام دەداتەوە " هاورێ فەرموو کار بکە". بەر لەوەی نیوەڕۆ دابێ پارەی نەهارەکەتان بە دەست هێناوە. ئەگەر قانع و چالاك بن، پاش هەشت رۆژان خەرجی هەشت رۆژی دیکەشتان پاشەکەوت دەکەن و ژیانی کەسێکی ساخ و تۆکمە واتە کەسێکی زەحمەت کێش و راستگۆتان دەبێ. بە دڵنیای یەوە ئەو کاتەی بۆ ئەم کارەتان تەرخان کردووە بە فیڕۆ نەچووە.

ئەمن سوورم لە سەر ئەوەیکە ئێمیل پیشەیەکی دەستی فێر بێ. دەڵێن: لانیکەم با کارێکی شەرافەتمەندانە بێ. مەگەر هەر ئیشێکی بە کەڵك شەرافەتمەندانە نیە؟ دیارە کە هەیە.

بەڵام ئەمن نامەویٚ ئێمیل وەکوو نەجیمزادەیەکی ئاڵتوون کار بیٚ. ئـەمن نامـەویٚ موسـیقار یـا ئەکتەر یا نووسەر بیٚ.(4) جگە لەو ئیش و کارانەی ناوم هێنـاون و پیشـەی لـەو چەشـنە. هـەر ئیشێکی هەڵی بژێریٚ کێشەیەك نیە. ئەمن حەزم لیٚ نیە خـۆ لـە هەڵبـژاردنی ئـەو هـەڵ قـورتێنم. بەڵام پێم خۆشترە پینەچی بیٚ ّنەك شاعیر. زیـاتر حـەزم لی یـە شـەقامەکان بەردچـن بکـا هـەتا ئەوەیکە لە سەر قاپ و قاچاخ و دەفری چینی نەخش و نیگار بکێشیٚ. لەوانەیە بلێین مەئمووری پۆلیس، یا موفەتیش ی دوژمنەکانیش کەسانێکی بەکەڵکن، قبووڵمە، بەڵام هەر کات حکوومـەت حەزی لیٚ بیٚ ئەم کەسانە زیانیش دەگەیەنن. جگە لەوەش پێی لیٚ دەنێم کە بە هەڵە چووم. واتە ئەوەندە بەس نیە ئەو ئیشەی هەڵی دەبژێرن بە کەڵك بیٚ. کەسی خاوەن ئیش نـابیٚ ناچـار بـیٚ کارێکی وا بکا کە لەگەڵ گەورەیی و بـەزەیی دژایـەتیی هەیـە. زۆر چـاکە، بـا بگەڕێینـەوە سـەر وشەی یەکەم (وشەی شەریف) و ئیشێکی شەریف هەڵبژێرین. بەڵام دەبیٚ لە بیرمان بیٚ کە هـیچ ئیشێکی بیٚ ّکەڵك شەریف نیە.

یەکێك لە نووسەرە بە ناوبانگەکانی ئەم سەردەمە (قەشەی سـەن پـی یـەر) کـە کتێبـەکانی پڕە لە گەلاڵەی گەورە و بیرۆکەی بچووك، وەکوو پیاوانی ئایینی ئایینەکەی خۆی بڕیاری دابـوو ژن نەهێنیٚ. بەڵام چونکە پێی وابوو لە هاوکارەکانی خۆی زیاتر خۆ لە زیناح دەپارێزیٚ، بڕیاری دا خزمـەتکاری جـوان جـوان و ژیکەڵـە راگـریٚ. بـۆ ئـەوەی ئـەو سـووکایەتیەی کـە بـە هـۆی دەربەستبوونی بوێرانەی خۆی دەرهەق بە جسناتی مرۆڤ کردبووی بە باشـترین شـێوە قـەرەبوو بکاتەوە. بە ئەرکی نیشتمانپەروەرانەی خۆی دەزانیٚ کە نیشتمان پەروەری دیکـە بـۆ نیشـتمان پەروەردە بکا و تەواوی ئەو منداڵانەی کە بۆ خزمەتی نیشتمان بـە دیـی هێنـابوون دەی هێنانـە نێو چـینی سـەنعەتگەران و هـەر لەگـەڵ ئەوەیکـە منداڵـەکانی بـالق دەبـوون، کـارێکی وای فێـر دەکردن کە لەگەڵ ناخیاندا تەبا بوو. تەنیا ئەو ئیش و کارانـەی لیٚ هـەڵ داواردن کـە بـیٚ فایـدە بوون یا لەگەڵ مۆدە و پەسندی سەردەمیانە گۆڕانیـان بـە سـەر دادەهـات. وەکـوو ئیشـی کـڵاو گـیس سـازی کـە هـیچ کـات زەروور نیـە و ئەگـەر سروشـت پـەژیوان نـەبۆوە مـووی سـەرمان بڕوێنێتەوە، وێدەچیٚ کە رۆژێك بیٚ کەڵك بیٚ.

ئەوەیە ئەو شێوە هزرەی کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئیش و کار دا بۆ ئێمیل دەبێ ڕێنوێنمان بێ. بە هەڵە چووم. ئەو هەڵبژاردنە لە ئەستۆی ئەوە نەك لە ئەستۆی ئێمە. جگە لەوەش چونکە ئەو یاساو ڕێسایانەی کە ئەوی پێ پەروەردە کراون دەبێتە هۆی ئەوەیکە بە شێوەی جەوهەری شتە بێ کەڵکەکان بە قێزەون و دزێو بزانێ هەرگیز بەو قایل نابێ بۆ کاری بێهوودە بە فیڕۆ بدات و لە نرخ و بەهای دەرەنجام و ئاکامی هەر کارێکەوە دەزانێ ئەم کارە بایی چەندەیە. ئەو حەزی لە کارێکە کە پێداویستیەکانی ڕۆبینسۆن کرۆزۆ لە دوورگەی خۆیدا دابین بکا.

هەر کات شاکارەکانی هونەر و سروشت بخەینە بەر دیدی منداڵێك و هەستی کونجکۆڵیی ئەو ببزوێنین و هەتا ئەو جێگەیە دەگەڵی بڕۆین کە ئەم کونجکۆڵیە رایدەکێشێ، قازانجی ئەوەی بۆمان هەیە کە حەز و گروی یەکانی ئەو تاوتوێ دەکەین و ﴿دەتوانین﴾ یەکەمین نیشانەکانی زەوق و توانای تێدا بەدی بکەین. بە مەرجێك کە توانای پیشەیەکی دەسنیشانکراوی تێدا دەرکەوتبێ. بەڵام یەکێك لەو هەڵانەی بە گشتی تووشی دەبن (و دەبێ خۆی لێ ببوێرن) ئەوەیە کە پێیان وابێ ئەم کاریگەری یە کاتییانە،عیشق و هۆگرین بە هونەرێك و ئەو هەستی لاسایی کردنەوەیە بە حەزو گرۆی یەکی دیار وودەستنیشانکراو بۆ فلانە هونەر و تەکنیك دەزانن لە ڕاستیدا ئەم ئینتیمایانە کە لە مرۆڤ و مەیموون دا هەیە وایان لێدەکا هەر شتێکی دەی بینن بە بێ بیر لێ کردنەوە و بێ ئەوەی بزانن قازانجی چی یە گەرەکیانە بیکەن. جیهان پڕپرە لەو هونەرمەند و سەنعەتکارانەی کە لە جەوهەرەی خۆیاندا زەوق و سەلیقەی ئەو هونەرەیان نیە کە پێوەی خەریکن چونکە لە منداڵیەوە وەبەر ئەو کارەیان . لە ڕاستیدا هێندێ هۆکاری خەیاڵی یا عیشقی دەرەکی بەرەوە ئەو ئیشەی ڕاکێشاون. ئەم عیشقە ئەگەر سەنعەتێکی دیکەش بدیتبایە،تێیدا دەپشکووت. بۆ وێنە منداڵێکی گوێی لە دەنگی دەهۆڵ دەبێ و پێی وایە کە توانای بوون بە سەر لەشکەری تێیدایە. یەکێکی تر دەبینی خەڵێك خەریکی خانووبەرە ساز کردنن، هەوای بەننای و ئەندازیاریی دەکەوێتە کەللەی. هەر کاتێك مرۆڤ چاوی بە ئیشێکی جێگەی ڕێز و خەڵك پەسند دەکەوێ، حەزی لێی دەبێ.

خزمەتكارێك دەناسم كە چونكی ئەربابەكەی خۆی دەبینی كە خەریكی شێوەكاری یە، ئەویش كەوتە فیكری ئەوەی ببێتە شێوەكار. هەر لەگەڵ ئەوەیكە ئەم بڕیارەی دا، قەڵەمەكەی هەڵگرت و ئیتر دای نەناوە، هەتا ئەو ڕۆژەی فلچەی بە دەستەوە گرت، فلچەكەش دانانێ هەتا ئەو ڕۆژەی كە دەمرێ، بەبێ سەرمەشق دەستی كردە شێوەكاری و هەرچی لە بەر دەستی بوایە و چاوی بە هەر شتێ كەوتبایە دەی كێشاوە. سێساڵی ڕەبەق كاغەزی هێڵكاریی كرد، و جگە لەو كاتانەی دەچوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی خۆی، لە سەر كورسیی شێوەكاریی هەڵنەدەستا. و هیچ كات لەو پێشكەوتنە كەم و بچووكانەی بە هۆی كەمبوونی تواناوە بەدیی دەكردن، هێوابڕاو نەدەبوو. شەش مانگی ڕەبەق، لە هاوینێكی درێژ و ئێجگار گەرمدا، لە هۆدەیەكی رووبە هەتاو دا دەمانبینی. هەر كەس بەو هۆدەیەدا ڕۆشتبایە دەخنكا. بەڵام ئەو بە درێژایی ئەو وەرزە، بەرەو ڕووی "گۆ" یەك دانیشتبوو وەك ئەوەی بە كورسیەكەیەوە نووسابێ و پەیتا پەیتا وێنەی ئەو گۆیەی دەكێشایەوە. بە پێداگری یەكی بێوێنە،چەندین جاران كارەكەی خۆی پاتە دەكردەوە هەتا پێی قایل دەبوو. ئاخری یەكەی بە یارمەتیی ئەربابەكەی خۆی و بە ڕێنوێنی مامۆستایەك، گەیشتە ئاستێك كە توانیی جلوبەرگی خزمەتكاری داكەنێ و لە ڕێگەی فلچە قەڵەمەكەیەوە بژی. دەكرێ بڵێین بەردەوامی و سوور بوونەكەی تا ڕادەیەك جێگەی توانا و زەوقی ئەوەی گرتەوە. بەڵام شێوەكار گەیشتۆتە ئاستێك كە ئیتر لەوە تێناپەڕێ. سوور بوون و بەردەوامیی ئەم گەنجە جێگەی شانازی یە. ئەو بەردەوام بە هۆی پشوودرێژیی و ڕاستگۆیی و ئەو ئەخلاقە باشەی كە هەیەتی ڕێزی لێ دەگیردرێ. بەڵام هیچكات نابێتە شێوەكارێكی باش و بێجگە لە سەردەرانەی دەرگەكانیش ناتوانێ هیچی دیكە بكێشێتەوە. هەر چەندە لە یەكەمین ڕۆژەكانی كاركردنیەوە ئەوەی چاوی بە هۆگری و پێداگری یەكەی كەوتبوو، پێی وابوو بە ڕاستی توانا و هەستی شێوەكار بوونی تێدایە. جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەوەی حەزت لە كارێك بێ هەتا ئەوەی توانای ئەو كارەت تێدابێ. بۆ دڵنیا بوون لە زەوق و سەلیقەی ڕاستەقینەی منداڵێك پتر لەوەی بە چاو دەبینرێ، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن پێویستە. منداڵ لە ڕاستی دا، بەر لە توانای دەروونیی خۆی زووتر و زیاتر حەزی خۆی نیشان

دەدا و دایك و باوكانیش لە بەر ئەوەی ناتوانن تواناكانی بپشكوێنن، حەز و گرۆی یەكەی دەبینن و گرینگیی پێ دەدەن. حەزم لێ بوو كەسێكی بیرمەند نامیلكەیەك لە سەر تەكنیكی موتالا و وردبوونەوە لە دەروونی مندالان بنووسێ. زانینی ئەم تەكنیكە گەلێك گرینگ و دایكان و باوكان هێشتا هۆكار و فاكتەرەكانی ئەو لێكۆڵینەوەیان لە دەست دا نیە.

لەوانەیە لێرەدا زیاتر لە پێویست گرینگی بە هەڵبژاردنی پیشە و ئیش دەدەم چونكی مەبەستی ئێمە تەنیا ئیشێكی دەستی یە، ئەو هەڵبژاردنە بۆ ئێمیل بایەخێكی نیە. چونكە ئەو لە رێگەی ئەو تەمرینانەی هەتاكوو ئێستا كردوونی، زۆربەی ئیشەكان كەم تازۆر شارەزایە. دەتانەوێ چ كارێكی فێر بكەن؟ ئەو ئامادەی هەموو كارێكە. ئیستا دەتوانێ گاسن و پێمەڕە دەكار بكا و بە دروستی كەڵك لە چەكوچ و رەندە و بڕبەند وەرگرێ. ئامراز و كەرەسەی تەواوی پیشەكان دەناسێ. هەر ئەوەندەی بەسە یەكێك لە ئامرازەكان بە خێرایی و ئاسانی بخاتە كار بۆ ئەوەی لە رووی دەستوبردەوە وەكوو ئەو كرێكارە شارەزایانەی لێ بێ كە كەڵك لەو ئامرازە وەردەگرن. بەڵام ئەو شتەی كە لە هەمووان زیاتر پێگەی ئەو بەرزتر دەكاتەوە ئەوەیە كە، بەدەستوبردە. بە جۆرێك كە دەتوانێ لەگەڵ هەموو رەوشێك خۆ بگونجێنێ و بە بێ زەحمەتێكی ئەوتۆ بۆ ماوەیەك حەرەكەتی جۆراوجۆر بكا. هەموو هەستەكانی تەواون و جوان پەروەردە كراون. رێساو بنەمای هەموو پیشەكان دەناسێ و بۆ ئەوەی بتوانێ وەكوو مامۆستایەك كار بكا، تەنیا پێویستیی بە پرۆڤە و عادەت هەیە و ئەوەش بە تێپەڕینی كات دەستەبەر دەبێ. تەنیا دەبێ بزانین كە لە نێوان ئەو ئیشگەلەی هەڵی دەبژێرێ كامیان بۆ گەیشتن بە ئاستی كارامەیی كاتی كەمتری پێویستە.

دەبێ ئیشێك بۆ گەنجەكان لە بەرچاو بگرین كە لەگەڵ رەوش و تەمەنیان گونجاو بێ. قوتابیی ئێمە لە كاری قورس و تەنانەت پڕ مەترسیش راناكا چونكی ئەو كارانە كاری پیاون. ئەو ئیش گەلەی كە مرۆڤ دەبێ لە شوێنێك بۆیان دانیشێ و جەستەی تەنبەڵ و تەوەزل بێ، بێ كەڵكن. دەبێ ئەو كارانە بە ژنان بسپێردرێن.

ئەی گەنج، دەستەکانی خۆت بۆ ڕاپەڕاندنی کاری قورس بخەگەڕ. فێر بە کە بە شان و باهۆی بە هێزی خۆت تەور و مشار بە کار بێنی، بچۆ سەر هەورەبان و سەربان داپۆشە. بە لاقت دارەکەی سەر چیێوبەستەکە ڕاگرە و ئینجا خوشکەکەت بانگ کە یارمەتیت بکا. هەروەکی ئەو بۆ تەون کردن داوای یارمەتی لە تۆ دەکا.

پێموایە بۆ هاوچەرخە هەست ناسك و وردبینەکانی خۆم لە ڕادەی پێویست زیاتر، قسەم کردووە بەڵام هێندێ جاران کە چاو بە ئەنجامی کارەکان دا دەخشێنمەوە، جڵەوم لە دەست دەردەچێ. بۆ وێنە ئەگەر پیاوێك (جا هەر کەسێك بێ) شەرم بکا لەوەیکە بە پێش بەند و تەشوێ وە لە بەر چاوی خەڵك کار بکا، بە مرۆڤی نازانم. بەڵکوو بە دیلی باوەڕەکانی خەڵکی دەزانم. وەها کەسێك هەر کات تووشی ئەو کەسانە بێ کە گاڵتە بە مرۆڤی شەریف دەکەن، لە کاری چاکیش شەرم دەکا. مرۆڤ بۆ ئەوەی هەموو کارێکی بە لاوە جێی ڕێز و حورمەت بێ پێویست ناکا، خۆ بە هەمووانەوە خەریك بکا. هەر ئەوەندە بەسە کە هیچکامیانی بە لاوە شەرم نەبێ. کاتێك مرۆڤ سەربەست و ئازادە، واتە هیچ فاکتەرێکی دەرەکی کاریگەریی نیە لە سەر هەڵبژاردنەکەی. هیچ هۆ و بیانوویەك نیە کە لە نێوان ئەو ئیش گەلەی لە ڕیزێکدان ئەو ئیشە هەڵنەبژێرێ کە لە هەمووان خۆشتر و دڵگرترە و لەگەڵ زەوق و سەلیقەی یەك دەگرێتەوە.

ئیشی کانزاکاری لە هەموو ئیشەکان بە کەڵکترە. لەگەڵ ئەوەش دا، ئەگەر لە هێندێ حاڵەت دا نەبێ ئەویش ئەگەر هۆکارگەلێکی تایبەت ناچارم بکەن ئەگینا کوڕەکەتان ناکەمە ناڵبەند، قوفڵ ساز و یا ئاسنگەر، چونکە حەز ناکەم لە کارگەکەم و لە بەر دەم کورسیی ئاسنگەریدا بە ڕوخسارێکی سوورهەڵگەڕاوی وەکوو دەموچاوی سیلکۆپەکان بیبینم هەر وەها ناشی کەمە بەننا یان پینەچی. ڕاستە کە دەبێ هەموو ئیشەکان گەشە بکەن. بەڵام ئەو کەسەی کە ئیشێك هەڵ دەبژێرێ دەبێ پاك و خاوێنی و جوانییش لە بەرچاو بگرێ. لەم ڕووەوە نابێ زۆر گرینگی بدرێ بە قسەی خەڵکی. بەڵکوو دەبێ مل بۆ زەوقی ئەو ئیشە ڕاکێشرێ. بە کورتی ئەو ئیش گەلەم بە کەیف نین کە کرێکاران بە بێ پسپۆری و هونەری شەخسی و وەك مەکینەی

ئۆتۆماتیکی، هەمیشە دەست ولاقیان بە یەك شێوە بـە کـار دێـنن (وەکـوو جـۆلایی و گـۆرەوی چنین و بەردتاشین).

بۆچـی کەسـانی خـاوەن هەسـت و تێگەیشـتوو لـە سـەر ئـەم کارانـە دادەنـێن؟ ئەوانـە لـە مەکینەیەك دەچن کە مەکینەیەکی دیکە دەخاتە گەڕ.

بـە لـە بەرچاو گرتنـی ئـەو تێبینییانـەی سـەرەوە، حـەزم لێ بـوو قوتـابی یەکـەم پیشـەی دارتاشینی لە هەموو ئیشێك بە لاوە باشتر بێ. چونکە ئەم ئیشە خاوێن و بە کەڵکـە و دەدکـرێ لە ماڵەوەش بیکەی و هەمیشە مرۆڤ گەش و رووخۆش رادەگرێ.

پیشەی دارتاشی ئەوە دەخوازێ کە ئەگەر کارامەیی و پاکوخـاوێنی تێدانـەبێ و مەبەسـتی کارەکەشی تەنیا ساز کردنی شتی بە کەڵك نەبێ بەڵکوو گرینگی بە زەوق و جوانیش بدا.

ئەگەر زەوق و توانای قوتابیی ئێوە یەکسەر بە لای زانستە تیۆری یەکاندا بی قـەیناکا، ئـەو پیشـەیەی حـەزی لی یـەتی فێـری بکـەن. بـۆ وێنـە سـاز کردنـی ئامرازەکـانی ئەنـدازە گرتنـی ئەندازیاری (مهندسی) یا دووربین و زەڕەبین و شتی ئاوای فێر کەن.

ئێمیل ئەو کاتەی فێری  پیشەی خۆی دەبـێ، ئـەمنیش فێـری دەکـەم چـونکی دڵنیـام ئـەو شتەی کە پێکەوە فێری دەبین، باشتر فێر دەبێ. کەوابوو هەر دووکمان دەبینـە قوتـابی. بـەڵام حەزم لێ نیە وەکوو دوو ئاغا چاومان لێ بکەن بەڵکوو بە تەواو مانـا دەبینـە قوتـابی. قـەی چـی دەکا کە بە راستی قوتابی بین. (پیتری کەبیر) لە کارخانەی کەشـتی سـازیدا دارتـاش بـوو و لـە پلـەی سەربازیشـدا دەهـۆڵ چـی بـوو. ئایـا پێتـان وایـە ئـەو پاشـایە لـە بـاری لێوەشـاوەیی و بنەماڵەیی دا لە ئێوە کەمتر بوو؟ لە بیرتان بێ ئەو قسـەیە بـە ئێمیـل نـاڵێم بـەڵکوو بـە ئێـوەی دەڵێم. بە ئێوە، هەر کەس هەن.

بەو حاڵەشەوە ئێمە ناتوانین تەواوی کاتی خۆمان لە کارخانەدا تێپەڕکـەین. چـونکی ئێمـە شاگردی دارتـاش نـین بـەڵکوو شـاگردی مـرۆڤین و مـرۆڤ بـوونیش زۆر سـەختترە لـەوەی ببیتـە داراتـاش. دەی چ بکـەین؟ ئایـا رۆژێ مامۆسـتایەکی رەندەکێشـان دەگـرین هـەر وەکـی مامۆستایەکی سەما کردنمان دەگرت؟ نەخێر. چونکی لەوەها حاڵەتێکدا ئیتر شـاگردی دارتـاش

نین بەڵکوو قوتابیی قوتابخانەین. بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوە نیە کە ببینە وەستای دارتاشین. بەڵکوو دەمانەوێ ببینە شاگرد دارتاش و فێر بین. کەوابوو ئەمن لە سەر ئەو باوەڕەم کە واباشترە حەوتووی جارێك یا دوو جاران بچینە دووکانی دارتاشین و هەتا ئێوارێ لە لای وەستا بین و بەیانی بەیانیش ئەو کاتەی ئەو وەخەبەر دێ لە خەو هەستین پێش ئەو دەست بە کار بکەین، لەگەڵ وی نان بخوێن و بە قسەی ئەو بجووڵێنەوە پاش ئەوەی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو شیومان خوارد بگەڕێینەوە و لە نوێنەکەماندا بنووین. چاو لێکەن مرۆڤ چۆن دەتوانێ هاوکات فێری دوو کاران بێ. واتە هەم فێری کاری دەستی بێ و هەم چالاکیی هزری.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمیل لەوەیکە توانیوێتی زاڵ بێ بە سەر باوەڕە چەوتەکانی خەڵك دا، لە خۆی دەرناچێ. ئەگەر دەرکەوتبایە کە زانینی ئیشی دەستی دەبێتە هۆی ڕێز و حورمەت، منالان بە بێ ئەوەی بە تەواوی فێری کارێك بن وایان دەنواند کە دەیزانن. ئێمیل لەو کەم وکوڕیانە بە دوور دەبێ چونکی بە بێ خۆنواندن کار دەکا.

پێکهێنانی دەزگەی دادووەری

ئێمیل لە تەمەنی پازدە ساڵی دا

ئێستا ئیتر کوڕەکەمان منداڵ نیە. واتە بۆتە پیاو و خاوەنی کەسایەتی یە. ئێستا جار لە جار پتر هەست دەکا پێویستیی بە کەسەکان و بە شتەکانە. سەرەتا جەستە و هەستەکانیمان پەروەردە کرد. دواتر هزر و داوەریکردنەکەیمان پەروەردە کرد. ئینجا ناچارمان کرد بە یارمەتیی هێزە دەروونی و هزری یەکانی خۆی، ئەندامەکانی بخاتەکار. ئێمە ئەومان وەکوو کەسێکی هزرڤان و چالاك ڕاهێنا. ئێستا بۆ ئەوەی ببێتە مۆڤێکی پوختە، دەبێ کارێك بکەین کە ببێتە بوونەوەرێکی مێهرەبان و هەستیار واتە بە یارمەتیی هەست و سۆز عەقڵی خۆی کامڵ بکا. بەڵام پێش ئەوەی بچینە نێو ئەم قۆناخە نوێ یەوە، واباشتر چاوێکی دیکەش بەو قۆناخەدا بخشێنینەوە کە تێپەڕمان کردووە تا ڕادەیەك کە دەتوانین وردبینەوە و بزانین بە

کویَ گەیشتووین. قوتابی یەکەی من سەرەتا تەنیا لە هەسپێکراوەکان تێدەگەیشت ئێستا لە چەمك و واتاکانیش تیَ دەگا. (واتە لە مەعقولاتیش تێدەگا). سەرەتا تەنیا هەستی پێدەکرد. ئێستا داوەری دەکا. چونکی لە بەراورد کردنی چەندین هەستی پەیتا پەیتا یا هاوتەریب و ئەو داوەری یەی لە سەریان دەیکا، جۆرێك هەسپێکراوی تێکەڵاو وەدی دیَ کە ئەمن ناوی دەنێم چەمك یا مانا.

شێوەی دروست بوونی چەمك و واتاکان لە مرۆڤەکاندا جیاوازە و بە تایبەتمەندیی کەسانی خولقێنەر لە قەڵەم دەدەریَ. شێوە بیر کردنەوەیەك کە واتا و چەمکەکانی خۆی لە سەر بنەمای پێوەندیگەلێکی واقیعی دامەزراندبیَ، شێوەبیرکردنەوەیەکی پتەو و قووڵە. شێوە بیرکردنەوەیەك کە تەنیا پشت بە پێوەندی یە رواڵەتی یەکانەوە ببەستیَ شێوە بیرکردنەوەیەکی رووکەشیانەیە. ئەو کەسەی بەو جۆرە پێوەندی یەکان دەبینیَ کە هەن، شێوە بیرکردنەوەیەکی درووستی هەیە. ئەو کەسەی بە چەوتی لە پێوەندی یەکان تێدەگا شێوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەی هەیە. ئەو کەسەی پێوەندیی خەیاڵی و فانتازی دادەمزرێنیَ، کە نە حەقیقەتی هەیە و نە رواڵەت، شێتە. ئەو کەسەی کە بە هیچ جۆرێك پێوەندی یەکان پێکەوە بەراورد ناکا و هەڵیان ناسەنگێنیَ، گەمژەیە. خەڵك هەر چەندی توانای بەراودکردنی چەمکەکان و دۆزینەوەی پێوەندی یەکانیان زیاتر هەبیَ، شێوەی بیرکردنەوەیان دروست ترە.

چەمکە سادەکان ئەو هەسپێکراوانەن کە پێکەوە هەڵدەسەنگێندرێن نەك هەر لە هەسپێکراوە سادەکاندا نیشانگەلێکی داوەریکردن هەیە، بەڵکوو لە بەرهەستە تێکەڵەکانیشدا کە چەمك و واتایان پیَ دەگوتریَ، لەم داوەریکردنانە بە دی دەکرێن. داوەریکردن لە هەسپیکراوەکاندا پاسیڤە. واتە لێبڕاوانە دەڵیَ کە هەست بە فلانە شت دەکا. بەلاّم لە چەمك و درك پێکراوەکاندا، داوەریکردنەکانمان دەرەکی یا ئەکتیڤە، واتە، هەڵ دەسەنگێنیَ و ئەو پێوەندییانەش ئاشکرا دەکا کە هەست دەری نەخستبوون. ئەوەیە تاقانە جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە داوەری کردنە. بەلاّم ئەم جیاوازی یە زۆر گرینگە. شرووشت هیچکات تووشی هەڵەمان ناکا. هەمیشە خۆمان بە هەڵە دەچین. پەنیرێکی سەهۆڵین بۆ یەکەم جار دەدەن بە منداڵێکی

هەشت ساڵان. بە بێ ئەوەی بزانێ چیە بۆ زاری دەباو بە هۆی سارد بوونیەوە هاواری لێ هەڵدەستێ: ئای سووتام. لە راستیدا ئەو هەست بە ئازارێکی توند دەکا. بەڵام چونکە شتێکی سووتێنەر لە تینی ئاگر ناناسێ پێی وایە ئاورە. دیارە بە هەڵە چووە. چونکی کاریگەریی سەرمایە ئازار دەدا بەڵام نای سووتێنێ. ئەم دوو جۆرە هەست کردنە وەك یەك نین بەڵام تەنیا ئەو کەسانەی هەر دووکیانیان چێشتووە لێیان تێکناچێ. کەوابوو هەست منداڵەکە فریو نادا بەڵکوو ئەو داوەری یەی دەرهەق بەو هەسپێکردنە دەیکا تووشی هەڵەی دەکا.

ئەو کەسەی بۆ یەکەمین جار کامێرا یا ئاوێنە دەبینێ هەر بەمجۆرەیە. یا لە زستاندا یا لە هاویندا دەچێتە نێو ژێرزەمینێکی قووڵەوە. یان دەستی زۆر گەرم یا ساردی خۆی لە ئاوی شلەتێن دەنێ، یا دەنکە ماش یا خیسکەیەك لە نێوان دوو قامکی دا کە سواری یەکتری کردوون دەسوورێنێ. ئەگەر بەس ئەو شتەی کە درکی پێدەکا و هەستی پێدەکا دەربڕێ داوەری کردنەکەی تەواو پاسیڤانەیە و مەحاڵە بە هەڵە بچێ. بەڵام کاتێك رواڵەتی شتەکەی دەخاتە بەر داوەری کردن، داوەری کردنەکەی ئەکتیڤە، واتە هەڵدەسەنگێنێ و لە رووی سەلماندنەوە، پێوەندی یەك دادەمەزرێنێ کە بە راستی درکی نەکردووە. لێرەدایە بە هەڵە دەچێ یا لەوانەیە تووشی هەڵە بێ و بۆ راستکردنەوەی هەڵەکەی خۆی یا خۆبواردن لە هەڵەی ئەوانی دیکە پێویستیی بە ئەزموون و تاقیکاری یە.

لە شەوێدا ئەو گەواڵە هەورانە پێشانی قوتابی یەکەتان بدەن کە بە نێوان ئەو و مانگ دا تێدەپەڕن. ئەو پێی وا دەبێ کە مانگ بە پێچەوانە دەڕوات و هەورەکان راوەستان. هۆکاری ئەم بۆچوونە لێکدانەوەیەك، کە ئەو بە پەلە دەی کا. لە راستیدا چونکی دەیبینێ کە شتە بچوکەکان پتر لە گەورەکان دەبزوون و چونکی ناتوانێ دووری و نزیکی مانگ لێکداتەوە پێی وایە لە هەورەکان گچکەترە. بەڵام کاتێك سواری کەشتیەك بووە کە دەڕوا و لە دورەوە دەڕوانێتە بەستێن. تووشی هەڵەیەك دەبێ بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو و وادەزانێ کە زەوی دەڕوات. چونکی خۆی هەست بی جووڵە ناکاو وا دەزانێ کەشتی و دەریا راوەستاون و پێی وایە بەستێن بە بەرچاوی یدا رادەکا.

منداڵ کە بۆ یەکەمین جار شوڵکێك دەبینێ کە لە ئاو ڕۆ کراوە، پێی وایە شکاوەتەوە. ئەم هەستپێکردنە راستەو ئەگەر نەشمانزانیبایە کە بۆچی شوڵکەکە شکاو دەریا، دیسانیش دروست بوو. کەوابوو ئەگەر ئێوە لێی بپرسن چ شتێ دەبینێ دەڵێ شوڵکێکی شکاو. راستیش دەکا. چونکی دڵنیایە کە هەست کردنی بە شکاو بوونی شوڵکەکە، هەستکردنێکی راستە. بەڵام کاتێك کە بە هۆی هەڵە کردن لە داوەریکردندا، لەوەش تێدەپەڕێ، واتە بە گوتنی ئەوەیکە شوڵکێکی شکاو دەبینێ، ئەوە پشت راست دەکاتەوە کە بە راستی ئەو شوڵکەی دەی بینێ، چێوێکی شکاوە، ئەو کاتەی کە تووشی هەڵە بووە. بۆ وایە؟ لە بەر ئەوەیە کە لەو کاتەدا داوەریکردنەکەی ئەو ئەکتیف دەبێ، واتە لە رووی دیتنەوە نیە بەڵکوو لە رووی بە دواداچوون و لێکدانەوەیە. ئێستاکە تەواوی هەڵەکانمان بەرهەمی داوەری کردنمانن، ئاشکرایە کە ئەگەر هیچکات پێویستیمان بە داوەری کردن نەبوایە، هیچکات پێویستیمان بە فێربوون نەدەبوو.

هیچکات شتێکی وامان بۆ نەدەهاتە پێش کە تووشی هەڵەبێن و زۆر پتر لەوەی کە بە زانین و تێگەیشتنمان دڵخۆشین، بە نەزانینمان دڵخۆش دەبووین. کێ نکۆڵی لەوە دەکا کە زانایان هەزاران شتی دروست دەزانن کە نەزان هیچکات رێی تێنابەن؟ بەڵام ئایا دەتوانن بڵێین کە زانایان لە حەقیقەت نزیکتر بوونەتەوە؟ بە پێچەوانەوەهەتا زیاتر بڕۆنە پێش لێی دوورتر دەکەونەوە چونکی هەتا زانیاری یەکانیان پتر بێ، خۆپەرستیەکەشیان لە کاتی داوەری کردندا زیاتر دەبێ و پتر لە خۆ دەردەچن و هەر حەقیقەتێکی نوێ بدۆزنەوە سەت داوەری کردنی هەڵەی بە شوێندا دێ.

هیچ گومانێك لەوە دا کە نووسینگە کولتووری یەکانی ئەورووپا شوێنگەلێکن کە تەنیا درۆ دەرخواردی خەڵك دەدەن و بە دڵنیای یەوە لە نێو کاربەدەستانی ئەنستیتۆی زانستەکاندا، زیاتر لە تەواوی حەشیمەتی هووڕۆن (یەکێك لە هۆزە وەحشیەکانی ئەمریکای باکووری) هەڵە بەرچاوی دەکەوێ. ئێستا کە دەرکەوت مرۆڤەکان هەتا پتر بزانن زیاتر هەڵە دەکەن، لەوانەیە بڵێین تەنیا رێگەی هەڵە نکردن تاقی کردنەوەیە. دیارە ئەگەر هیچ کات داوەری نەکەن، قەت تووشی هەڵە نابن. ئە فەرمانە هەم سورشت پێتان دەدا هەمیش عەقڵ. بە بێ لە بەرچاو گرتنی

ئەو پێوەندی یە ئێجگار نزیك و بەرتەسك و بەرهەستانەی کە شتەکان لەگەڵ ئێمەدا هەیانە، سروشتیەکەی ئێمە دەرهەق بە شتەکانی دیکە هیچ حەز و گرۆی یەکان نیە. مەحاڵە بوونەوەرێکی کێوی، بچێتە سەیری مەکینە ئەلەکتریکی یەکان و ئیشەسەیر و سەرمەرەکانیان. "بە من چی" رستەیەکە، کە نەزان لە هەموو شتێك باشتری دەناسێ و بۆ فەیلەسوف و عارفی راستەقینەش لە هەموو شتێك باشتر.هەڵبەت ئەم رستەیە ئیتر ئەمڕۆکە بە کەڵکی ئێمە نایە. لەو کاتەوە کە بە هەموانەوە گرێ دراوینەتەوە، هەموو شتێکمان بۆ گرینگە.هەتا پێداویستیمان پتر بن کونجکۆڵیمان زیاتر دەبێ. هەر بۆیەشە فەیلەسووفان لە کەسانی کێوی کونجکۆڵترن چونکی مرۆڤی وەحشی پێویستیی بە هیچ کەس نیە. بەڵام فەیلەسووف پێویستیی بە هەموانە و بە تایبەتیی پێویستیی بەو کەسانەش هەیە کە دەست خۆشانەی پێ دەڵێن. بە من دەڵێن کە لە سروشت لادەدەم. هیچ وانیە. سروشت ئامرازی ئیشی خۆی هەڵ دەبژێری و بە پێی پێداویستیی مرۆڤ رێکوپێکی دەکا نەك بە پێێ باوەڕی گشتیی خەڵك. بەڵام پێداویستی یەکانی مرۆڤ بە پێێ رەوشی ئەو گۆڕانیان بە سەر دادێ. جیاوازی یەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو مرۆڤە سروشتیەی کە لە سروشت دا دەژی لەگەڵ ئەو مرۆڤە سروشتیەی کە لە کۆمەڵگەدا دەژی. ئێمیل کەسێکی وەحشی نیە کە ناچار بەوە بێ لە بیابانان بژی. بەڵکوو تاکێکی کێوی یە کە بۆ ژیانی نێوشار ئامادە کراوە. دەبێ بتوانێ ئەو شتەی پێویستیی لەوێ وەدەستی بخا و ئەگەر نایەوێ وەکوو ئەوان بژی لانیەکەم لەگەڵیان هەڵ بکا. ئێستا کە لە نێو ئەو هەمووە هۆکارانەی کە پێیانەوە بەستراوەتەوە، بە پێچەوانەی ویستی خۆی ناچارە داوەری بکا و هەڵ سەنگێنێ دەبێ ئەوەی بکەین کە باش داوەری بکا.

باشترین رێگە بۆ ئەوەی فێر بین کە باش داوەری بکەین ئەوەیە کە تا بۆمان دەکرێ تاقیکردنەوەکانمان سادەتر بکەینەوە و تەنانەت بە بێ ئەوەی تووشی هەڵە بین بتوانین ئەو تاقیکردنەوانە وەلا بنێین. کەوابوو، پاش ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر لە رێگەی هەستێکەوە پێی گەیشتووین و دواتر لە رێگەی هەستێکی دیکەوە، وەدیمان هێناوە، ئێستا دەبێ فێری ئەوە بین کە ئەو شتەی کە لە رێگەی هەستێکەوە پێی گەیشتووین لە رێگەی هەمان هەستەوە وەدیی

بێنین. واته پێویستیمان به هەستێکی دیکه نەبێ. ئەو کات هەر هەستەی بۆ ئێمه هەڵگری مانایەك دەبێ و ئەو واتایەش هەمیشه لەگەڵ حەقیقەت دەبێ. ئەوەیه ئەو زانیارییانەی هەوڵم داوه لەم سی یەمین قۆناخەی ژیانی مرۆیی دا فێری قوتابی یەکەمی بکەم. ئەو شێوه کردەوەیه پێویستیی به پارێز و سەبر و شێنەی یەك هەیه که کەمتر مامۆستایەك پێیان دەکرێ و بە بێ ئەوه قوتابی هیچکات فێری داوەری نابێ. بۆ وێنه کاتێك قوتابی فریوی رواڵەتی خواردووه و دارەکه به شکاوی دەبینێ و ئێوەش بۆ ئەوەی هەڵەکەی پێ نیشان بدەن لەرێوه چێوەکه له ئاوەکه دێننه دەرێ لەوانەیه هەڵەکەی بۆ راست بکەنەوه بەڵام چیتان پێ داوه؟ جگه لەو شتەی که خۆی زۆر زووتر تێ گەیشت هیچ شتێك . نا، کاری وا مەکەن. لێرەدا مەبەسەت ئەوه نیه که پێشانی بدەین که چ بکا بۆ ئەوەی هەمیشه حەقیقەت بدۆزێتەوه. کەوابوو بۆ ئەوەی به جوانی رای بێنین و فێری بکەین، نابێ لەرێوه هەڵەکەی بۆ راست کەینەوه. بۆ روونتر کردنەوه خۆم و ئێمیل به نموونه دێنمەوه.

سەرەتا، له وەڵامی پرسیاری دووهەم دا هەر منداڵێکی که به شێوەی ئاسایی پەروەردە کرابێ، به دڵنیای یەوه وەڵامی ئەرێنی دەداتەوه. واته دەڵێ: بەڵێ ئەم داره شکاوه. بەڵام گومانم هەیه که ئێمیل وەها وەڵامێك بداتەوه. چونکی به پێویست نازانێ که زانا بێ و یا وابنوێنێ که زانایه. هیچ کات له داوەری کردن دا پەله ناکا. تەنیا کاتێك بڕیادەدا که دڵنیا بوو بێ و لەم مەسەله تایبەتەدا بە وەها دڵنیای یەك نەگەیشتووه چونکه دەزانێ زۆربەی ئەو داوەرییانەی که له سەر رواڵەتی مەسەلەکان دەیکەین به هەڵە دەردەچن. تەنانەت له دیتنی دیمەنەکانیش دا هەڵەی داوەری کردن بە دی دەکرێ. جگه لەوەش چونکه گەلێ جاران تاقیکردۆتەوه که سادەترین و رووکەشی ترین پرسیارەکانی من هەمیشه شتێکی تێدایه، که یەکەمجار لێی تێناگا، هەر بۆیەش عادەتی نیه که له خۆوه وەڵامیان بداتەوه. به پێچەوانه، پێش ئەوەی وەڵام داتەوه، ورد دەبێتەوه و بەو پەڕی پارێزەوه سەرنجی دەداتێ. هیچکات وەڵامێك به من ناداتەوه که خۆی پێی قایل نەبێ و ئێوەش دەزانن که زۆر درەنگ قایل دەبێ. به کورتی نه من و نه ئەو سوور نین له سەر ئەوەیکه، دەبێ له حەقیقەتی شتەکان تێ بگەین

بەڵكوو تەنیا حەزمان لێ یە تووشی هەڵە نەبین. لە هێنانە گۆڕێی بەڵگەیەكی هەڵە زیاتر شەرمەزار دەبین و تەریق دەبینەوە هەتا ئەوەیکە قەت قەت بەڵگەیەك نەدۆزینەوە. وشەی "نازانم" ئەوەندە لەگەڵ ئێمە دا گونجاوە و ئەوەندەی دوو پاتە دەكەینەوە كە گوتنەوەی ئیتر بۆ هیچ كامێكمان دژوار و ئەستەم نابێ.

بە هەر حاڵ ئێمیل چ لە خۆوە وەڵام بداتەوە و چ بە وشەی ساكاری "نازانم" خۆی دەرباز بكا، وەڵامی من بۆ ئەو هەمیشە هەر شتێك دەبێ: با بزانین، با تاقیی بكەینەوە.

وای دانێین ئەو چێوەی هەتا نیوەی لە ئاوێ رۆكراوە، راست و راوەستاوە. ئەگەر بمانەوێ بزانین ئایا هەر وەكی دێتە بەر چاو، شكاوە، یان نا، بەر لەوەی لە ئاوێ دەری بێنین یا پێش ئەوەی دەستی پێدا بنێین، زۆر كاری دیكەش دەتوانین بكەین.

یەكەم: بە دەوری چێوەكەدا دەسووڕێین و دەبینین كە جێگە شكاوەكەش وەكوو ئێمە دەگەڕێ. كەوابوو دەردەكەوێ كە ئەوە چاوی ئێمەیە كە جێگە شكاوەكە دەگۆڕێ. بەڵام ئێمە دەزانین كە چاو ناتوانێ شتەكان بجووڵێنێ.

دووهەم لە سەرەوەڕا چاو لەو سەری چێوەكە دەكەین، ئەو كات دەبینین كە نە شكاوەتەوە و ئەو سەرەی لە چاو ئێمەوە نزیكە سەرەكەی دیكەی تەواو دەشارێتەوە. ئایا، ئەوە چاوی ئێمەیە كە چێوە شكاوەكەی راست كردۆتەوە؟

سێ یەم: ئاوەكە دەشڵەقێنین. دەبینین چێوەكە لە چەند جێگەیەكەوە دەشكێتەوە و ئەم شكانەوانە لەگەڵ جووڵەی ئاوەكە دا دەگۆڕێن. ئایا دەكرێ بڵێین كە جووڵەی ئاو بۆ شكانەوەی چێوەكە بەس بووە؟

چوارەم: بە هێمنی ئاوەكە بە تاڵ دەكەین، چاو لێدەكەین هەتا ئاوەكە زیاتر دچێتە خوارێ ، شكاوی چێوەكە كەمتر دەبێتەوە. ئای ئەوەی گوتمان بۆ تێگەیشتن لەو شتەی دیتمان و دۆزینەی كردەی شكان بەس نیە؟ كەوابوو، راست نیە ئەوەیكە هەستی بینین تووشی هەڵەمان دەكا. چونكی تەنیا بە كەڵك وەرگرتن لەو هەستە دەتوانین ئەو هەڵە و غەڵەتانە راست كەینەوە كە پێمان وایە دیتوومانن.

وای دانێین منداڵەکە ئەوەندە حۆل بێ کە لە ئاکامەکانی ئە تاقیکاری یە تێ نەگا. ئەو کاتەیە کە دەبێ یارمەتی لە هەستی ڕێخشاندن وەرگرین. لە بری ئەوەیکە چێوەکە لە ئاوێ دەرکێشن، هەر لەوێدا رای گرن و منداڵەکە ناچار بکەن کە لە سەرەوە هەتا خوارێ دەستی پێدابێنێ ئەو کات هەست دەکا کە چێوەکە تەلەزمی لێ نەبۆتەوە کەوابوو نەشکاوە.

بە من دەڵێن لێرەدا تەنیا داوەریت نەکردووە بەڵکوو هەتا رادەیەك بەڵگاندنیشت بە کار هێناوە. راست وایە. بەڵام مەگەر نابینن هەر ئەوەندەی عەقڵمان بە چەمك و واتاکان شکا و لێیان تێ گەیشتین. هەر گریمانە و بریارێك جۆرێکە لە بەڵگاندن. لە راستیدا تێگەیشتن لە هەر هەستێك جۆرە داوەری کردنێکە. کەوابوو، هەر لەگەڵ ئەوەیکە هەستێکیان لەگەڵ هەستێکی دیکە بەراورد کرد لە راستیدا ئەوە بەڵگاندنە واتە تەکنیکی داوەریکردن و بەڵگاندن تەواو وەك یەکە. یا نابێ ئێمیل بە هیچ جۆرێك لە کاریگەریی ژینگە بە سەر ڕووناکاییدا تێ نەگا یا دەبێ هەر لە ڕێگەی ئەم دارەوە فێری بێ. ئەو توێکاریی جەستەی جرۆجانەوەری نەکردووە. زەڕەی هەتاوی نەژماردوون. نازانێ زەڕەبین یا دووربین چین. قوتابی یە زاناکانتان بە نەزانی یەکەی ئەو پێدەکەنن. حەقیشیانە. چونکی ئەمن حەزم لێ یە بەر لەوەی ئەو کەڵك لە وەها ئامێرێك وەرگرێ. خۆی سازی بکا، کە دیارە ئەم کارە ئاواو دەمودەست مەیسەر نابێ.

ئەمەیە رۆحی میتۆدەکەی من لەم بوارەدا. ئەگەر منداڵەکە گلۆڵەیەکی بچووك لە نێوان دوو قامکی دا کە سواری یەکتری کردوون بسوورێنێ و پێی وابێ هەست بە دوو گلۆڵە دەکا، ئیزنی نادەم چاو لە قامکەکانی بکا مەگەر ئەوەیکە پێشتر دڵنیا بووبێ کە یەك گلۆڵەیە.

بۆ ئەوەی بە روونی دەری خەم کە هەزری قوتابی یەکەی من تا ئێستا چەندەی گەشە کردووە و ئەم پێشکەوتنە لە چ ڕێگەیەکەوە وەدەست هاتووە، پێموایە ئەوەی باسمان کرد تەواوە. بەڵام لەوانەیە شێوە تۆقیبێن لەو هەمووە بابەتەی کە بۆ ئەوم خستۆتە روو و بیر لەوە دەکەونەوە نەکا مێشکی ئەو لە ژێر بارستایی ئەو هەمووە زانیاری یە زۆرەدا ماندوو بێ. نا وا نیە بەڵکوو بە پێچەوانەیە. ئەمن پێشتر فێری ئەوەی دەکەم کە لەم چەشنە زانیارییانە دوور بکەوێتەوە، نەك ئەوەیکە نزیك بێتەوە. ئەمن ڕێگەی وەدەست هێنانی زانیاریی نیشان دەدەم

کە لە راستیدا ئاسانە. بەڵام ئێجگار دوور و درێژ دەبێ زۆر بە شێنەیی تێپەڕ بکرێ. ئەمن چەند هەنگاوێك دەبیەمە پێشێ هەتا رێگەی چوونە نێو زانست بناسێ بەڵام هەرگیز ئیزنی پێ نادەم بچێتە پێشتر.

لە بەر ئەوەیکە ئێمیل بە یارمەتیی موتاڵای تایبەتی فێری شتەکان دەبێ هەمیشە عەقڵی خۆی دەکار بێنێ نەك عەقڵی خەڵکی. چونکە ئەگەر بخوازێ پێ ملی زنجیری باوەڕی گشتی نەبێ بە هیچ جۆرێك نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەریی قسەی خەڵکی. چونکی خەتا و هەڵە هزری یەکان زۆربەیان ئاکامی تەڵقینی ئەوانی دیکەن نەك ئەوەی لە مێشکی خۆمانەوە سەرچاوەیان گرتبێ. لەم پرۆڤە بەردەوامەوە بە چەشنێك هێزی هزری دەگەین کە لەو وزەیە دەچێ جەستە لە ئاکامی کار و ماندووبووندا وەدەستی دێنێ. قازانجێکی دیکەی ئەو مێتۆدە ئەوەیکە مرۆڤ بە پێی توانای یەکانی خۆی دەچێتە پێشێ چونکی رۆحیش وەکوو جەستە زیاتر لە تاقەت و توانای خۆی ناتوانێ بار هەڵگرێ. ئەگەر "فام" بەر لەوەی بابەت و مەسەلەکان بە یادەوەری بسپێرێ، جوان وەری گرێ و هەرسی بکا، ئەوەی دواتر لە مێشکەوە هەڵ دەقوڵێ. هی خۆی دەبێ. بە پێتەوانە ئەگەر بە بێ تێگەیشتن بابەتەکان لە مێشکماندا کەڵەکە بکەین، نیگەرانیی ئەوە هەیە کە هەرگیز شتێك لە مێشکمان نەیەتە دەرێ کە لە هزری خۆمانەوە سەرچاوەی گرتبێ.

ئێمیل زانیاریی زۆر نیە بەڵام ئەوەی کە دەیزانێ بە پوختی فێری بووە و هیچ شتێك بە نیوەچڵی فێر نەبووە. لە نێو ئەو نەختە شتانەی کە دەیزانی و بە پوختیش دەیانزانێ گرینگترینیان ئەوەیە کە ، ئەکەم ئەوەی کە گەلێ شت هەن کە هێشتا بۆ ئەو نەناسراون بەڵام لەوانەیە رۆژێك بیانناسێ.

دووهەم گەلێ شتی دیکە هەن کە ئیتر خەڵك دەیزانن و ئەو لە ژیانیدا نایانزانێ.

سێیەم: بێ هەژمار شت هەن کە هیچ مرۆڤێك هیچکات نایانزانێ. هزری ئێمیل و روانینەکەی پوختە. نەك لە بواری ئەو زانیارییانەی کە هەیەتی، بەڵکوو لە لایەنی وەدەست هێنانی زانیاری یەوە. ئەو منداڵە هزرێکی کراوەو تێگەیشتنێکی خێرای هەیە و بۆ هەموو کارێك

ئامادەیە. هەر وەکی مونتاین دەڵێ: "ئەگەر بیرمەند نیە بۆ ئەوە دەشێ ببێتە بیرمەند. هەر ئەوەندەیە کە هەر ئیشێکی دەیکا قازانج و سوودەکانی بناسێ و بزانێ بۆچی دەبێ و باوەڕی بە هەر شتێکە هۆکاری باوەڕمەندێتی یەکەی بزانێ."

دیسانیش دەڵێم: مەبەستم ئەوە نیە زانستەکانی فێر بکەم. بەڵکوو دەمەوێ وای رابێنم کە لە کاتی پێویست دا بتوانێ زانیاری و زانست وەدەست بێنێ و بەهای راستەقینەی زانست بناسێ و حەقیقەتی لە هەموو شتێك زیاتر خۆش بوێ. بەم شێوەیە مرۆڤ زۆر کەم دەچێتە پێشێ بەڵام هەرگیز هەنگاوێکی چەوت و هەڵە هەڵناگرێ و هیچ کات ناچار نابێ بەرەو دوا بگەڕێتەوە.

زانیاری یەکانی ئێمیل سروشتی و تەواو ئۆبژەکتیڤن (عینی). ئەو تەنانەت هێشتا ناوی مێژووشی نەبیستووە و نازانێ ئەخلاق و فەلسەفە چین. پێوەندی یە سەرەکی یەکانی نێوان مرۆڤ و شتەکان دەناسێ. بەڵام زانیاریی لە سەر ئەو پێوەندی یە ئەخلاقییانە نیە کە مرۆڤەکان پێکەوە گرێ دەدا. بە جوانی ناتوانێ زانیاریی لە سەر چەمك و ماناکان بگشتێنێ و بە جوانی بە ئابستراکت (تجرید) یش ناوەستێ. ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە هێندێ شتەکاندا هاوبەشە، دەبینێ. بەڵام بە شێوەی رەبەن (ئابستراکت)ئەو شتانە ناخوێنێتەوە.

بە یارمەتیی و کەڵك وەرگرتن لە فۆرمە هەندەسیەکان فێری "مجرد" بووە و چەندایەتیی "مجرد" یا رەها لە رێگەی نیشانە "جبر" ی یەکانەوە فێر بووە. ئەو فۆرم و نیشانانە، پاڵپشتێکن کە هەر کات ئابستراکتەکان "هەست" ەکانیان ماندوو کرد، ئەو پەنایان بۆ دەبا و دەحەسێتەوە. ئەو هیچکات هەوڵ نادا لە ماهیەتی شتەکان تێ بگا. بەڵکوو تەنیا دیەوێ لەو پێوەندییانە تێ بگا کە قازانجێکیان بۆی هەیە.

بۆ ئەو شتانەی لە دەرەوەی ئەون بە نیسبەت پێوەندی یەکی کە لەگەڵ خۆی هەیانە بایەخ و بەها دادەنێ، دیارە ئەم بەهایە دروست و تەواوە. واتە هەوەس و رێسا کۆمەڵایەتی یەکان کاریگەری یەکیان لە سەری نیە. ئەو شتە بە گرینگتر دەزانێ کە بۆ ئە بە کەڵکترە و چونکی هیچکات دەست لەم داوەری کردنە هەڵناگرێ هەرگیز پێبەندی باوەڕی خەڵك نیە. ئێمیل

زەحمەت کێش و پشوو درێژ و بەورەو ئازایە. هێزی خەیاڵ کردنی کە هیچ کات نەورووژاوە، هەرگیز مەترسیەکان لە بەرچاوی گەروەتر ناکاتەوە لەوەی کە هەن.

ئەو ژان و پەژارە و خەمانەی ئازاری دەدەن زۆر نین و دەتوانێ دان بە جەرگی دابگرێ. چونکی فێری ئەوەم نەکردووە کە دژی ئەو شتەی کە دڵنیایە رووداوە، بووەستێ. ئەو هێشتا بە جوانی نازانێ مەرگ چیە. بەڵام چونکی خووی بەوە گرتووە کە بە بێ خۆڕاگری پێ ملی یاساکانی سروشت بێ. ئەو رۆژەی کە دەبێ بمرێ بە بێ هەوڵ و ململانێ دەمرێ و ئەوەش تەنیا کارێکە کە سروشت ئیزن دەدا لەم ساتە سامناکە دا مرۆڤەکان بیکەن. بە ئازادی و سەربەستی ژیان و حەز نەکردن لە دونیا، باشترین رێگەو ئامرازێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ فێر بێ کە بە ئاسوودەیی بمرێ.

کورتی ببڕینەوە. ئێمیل خاوەنی هەموو باشیە ئەخلاقیەکانی تاکەکەسە و بۆ ئەوەی فێری باشە ئەخلاقیە کۆمەڵایەتیەکان بێ دەبێ ئەو پێوەندی یەانە بناسێ کە بەدیهێنەری ئەم باشی و مەزناهیانەن. بۆ ئەم کارە تەنیا لەو زانیارییانەی کەمە کە هزری ئەو بۆ وەرگرتینان ئامادەیە.

ئێمیل پێرەوی باوەری خەڵکی نیە و حەزی لێی خەڵکیش کاریان بە کاری ئەو نەبێ. هیچ داوایەکی لە هیچ کەسێك نیە و خۆشی بە قەرزباری کەس نازانێ. لە کۆمەڵگەی مرۆیی دا ئەو تەنیایە و تەنیا پشتی بە خۆی گەرمە، لە هەموو کەس زیاتر شیاوی متمانە بەخۆی یە چونکی گەیشتۆتە ئاستێك کە لەوانەیە، هاوتەمەنەکانیشی بگەنە ئەو پلەیە. فیکری خراپ و چەوت لە مێشکی دا نیە. یا لانی کەم لەوەی کە ناچار دەبێ تێیدا بێ زیاتری تێدانیە. گەندەڵیی ئەخلاقیی نیە یا تەنیا ئەو گەندەڵییانەی تێدایە کە لە هەمووماندا هەن و کەس لێیان بێ بەش نیە. جەستەی سالم و تۆکمە و ئەندامەکانی چوست و چالاك و هزرێکی جوان و بە دوور لە وەهم، دڵی سەربەست و بێ شەهوەتە. هەستی خۆویستی کە یەکەمین و سروشتی ترین هەستەکانە، تازە لەو دا سەری هەڵداوە. بە بێ ئەوەی خەڵکی جاڕز کردبێ. ئەوەندەی کە سروشت ئیزنی دەداتێ قایل و بەختەوەر و سەربەست ژیاوە. ئایا پێتان وایە منداڵێك کە بەمجۆرە پێی ناوەتە تەمەنی پازدە ساڵی ، ساڵەکانی رابردووی بە خۆڕایی تێپەر کردووە؟

## کتێبی چوارەم

### قۆناخی گەنجێتی

### پەروەردەی ئایینی

ئێمیل چیدی منداڵ نیە. باڵق بوون  بە گۆڕینی خووخدەی منداڵەکە و گۆڕینی قەلافەتی ئەو هاتنی خۆی رادەگەیەنێ. ئێستا قۆناخی سەرهەڵدانی حەز و ئارەزووە (شـهوت) ەکانـە. حـەز و ئارەزووەکان لە خۆیاندا خراپ نین چـونکی  هانـە (ئـەنگێزە) سـەرەکی یـەکانی ژیانمـانن. ئـەم حەزانە ئاکامی گرۆیی مرۆڤن بە پاراستن و هێشتنەوەی خۆی کە ئەوەش بەشێکە لـە وارسـکەی ژیان. تەمەنی باڵق بوون  بە پێی ژینگە و پێکهاتەی جەستەیی و رۆحیـی منداڵەکـە ، جیـاوازیی هەیە. شێوەی پەروەردەی منداڵەکانیش لە سەر خێرایی بەخشین یا وەدوا خستنی کاریگەرە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ: ئایا دەبـێ منـداڵ زۆر زوو لەگـەڵ هێنـدێ لـە نهێنـی یـەکانی SEX ئاشنا بکرێن؟ رۆسۆ پێی باشترە کە هەتا دەکرێ پێش بـە هەسـتی کونجکـۆڵی منـداڵان بگیردرێ و ئەگەر پرسیارێکیان کرد وەڵامیـان نەدرێتـەوە بـەڵام درۆیـان لەگـەڵ نـەکرێ. ئەگـەر پێویست بوو هێندێ شتیان بۆ روون بکرێتەوە دەبـێ بـە راوێـژێکی جیـددی و مـاقووڵ قسـەیان لەگەڵ بکرێ. هیچ کات نابێ بە بێ تاوانی و ساویلکەییان پـێ بکـەنین. ئـەو قسـانەی  لـە رووی گاڵتەو سوحبەتەوە دەکرێن، دەبنە هۆی گەندەڵیی ئەخلاق.

### هاوخەمیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ - هەستی بەزەیی

حەز و ئارەزووەکان ـ باشتر وایە وردە وردە و بە شێنەیی گەشە بکەن. بە جۆرێك کـە هـەر کامێکیان بەستێنی سەرهەڵدانی ئەویتر بخوولقێنێ و بە پێی تەکووزی یەکی دەسنیشـان کـراو و دیار، وردە وردە سەر هەڵ بدا. ئەگەر گەنجەکە بە پـاکی بمێنێتـەوە سـەرەتا حـەز و ئـارەزووە باشەکان وەکوو "راستی" لە دڵی دا دەپشکوێن.

لە سایەی لاوازی یەوەیە کە مرۆڤ دەبێتـە بوونـەوەرێکی کۆمەڵایـەتی. ئـەوە خـەم و گرفتـە هاوبەشەکانە کە ئێمە ناچار دەکەن بەزەییمان بە مرۆڤەکاندا بـێ. ئەگـەر مـرۆڤ نەبوایـەین هـیچ ئەرکێکمان دەرهەق بە مرۆڤەکان نەدەبوو. هۆگری، نوێنەری لاوازی یە. ئەگەر هەر کام لە ئێمـە پێویستیی بەوی دیکە نەبوایە، هیچکات بیری لەوە نەدەکردەوە کە لە گەلیان یەك بگرێ.

دەکرێ بلێین ئەم بەختـەوەری یـە کاتیـە (واتـە بـەزەیی بـە خـەڵك داهـاتن) ش دەرنجـامی داماویی ئێمەیە. مرۆڤی بە راستی بەختـەوەر کەسـێکە کـە لـە دوورەپـەرێزی دا دەژی. چـونکی پێویستیی بە هیچ کەس نیە. کەوابوو تەنیا خودای جیهان خـاوەنی بەختـەوەریی رەهایـە بـەڵام کام یەك لە ئێمـەمانان ئـەو جـۆرە بەختـەوەری یـەی دەوێ؟ لـە راسـتیدا ئەگـەر بوونـەوەرێکی نوقسـتان توانیبـای بـە تـەنیایی پێداویسـتیەکانی خـۆی دابـین بکـا. بـە رای ئێمـە دیسـانیش بەختەوەر نەدەبوو، لـە بـەر ئـەوەی کـە تـەنیا بـوو، چارەڕەش بـوو. ئێمـە نـاتوانین بـیر لـەوە بکەینەوە ئەو کەسەی پێویستیی بە هیچ شتێ نیە کەسی خۆش بـوێ. ناشـتوانین ئـەوە قبـووڵ بکەین کە ئەوەی هیچ کەسی خۆش ناوێ بەختەوەرە.

لـەوەی باسمـان کـرد بـەو دەرنجامـە دەگـەین کـە ئـەو هـۆگری یـەی ئێمـە بـە مرۆڤـی هاوڕەگەزمان هەمانە زیاتر بە هۆی ئەو ژان و ئازارانەیە کە دەی چێژن نەك ئەو خۆشـیانەی کـە دەی بینین. چونکی یەکبوونی سروشتمان لەگەڵیان و متمانەی ئێمە بە خۆشەویستیی ئەوان لـە ژان و ئازار دا جوانتر دەردەکەوێ. ئەگەر پێداویستی یە هاوبەشەکان بە هەودای باریکی قازانجە شەخسی یەکان پێکەوەمان گرێ بدەن، چارەڕەشی و نەگبەتیـە هاوبەشـەکانمان بـە زنجیرێکـی ئەستوور پێکەوەمان دەبەستنەوە. دیمەنی مرۆڤێکی بەختەوەر زیاتر دبێتـە هـۆی وەدی هـاتنی حەسرەت لە ئەوانی دیکە دا هەتا خۆشەویستی. هەر دەڵێی بەوەی تاوانبار دەکەن کـە چـونکی

بەختەوەریی بۆ خۆی تەرخان کردووە، مافێکی زەوت کردووە کە نیەتی. سەرەڕای ئەوە چونکی دەبینین ئەو کەسە هیچ پێویستی یەکی بە ئێمە نیە هەستی خۆپەرستیمان بریندار دەبێ. بە پێچەوانە، کێ بەزەیی بەو لێقەوماوەدا نایە کە ئازار دەچێژێ؟ کێ یە حەزی لێ نەبێ چارەسەری ئازارەکەی بکا. بە مەرجێك کە جیا لە نزا یارمەتی یەکی دیکەی نەوێ. هەستی خەیاڵکردنمان زیاتر لە بری کابرایەکی چارەڕەش و لێقەوماومان دادەنێ، هەتا یەکێکی بەختەوەر چونکی وا هەست دەکەین کە یەکەمیان زیاتر سەرنجمان رادەکێشێ لە چاو دووهەمیان. بەزەیی پێداهاتن بە چێژترە. چونکی ئەو کەسەی کە خۆی لە جێگەی کەسێکی ئازارچێشتوو دادەنێ، لە هەمان کاتدا حەزی لێ یە چونکی خۆی ئازار دەچێژی. پەژارەو حەسرەت تاڵە. چونکی مرۆڤ بەداخە کە بۆچی لە جێگەی فلانە کەسی بەختەوەر نیە. دەڵێی کابرای چارەڕەش بەشێك لە باری ئازارەکەمان لە سەر سووك دەکا و مرۆڤی بەختەوەر بەشێك لە بەختەوەری یەکەمان لێ دەدزێ.

ئەگەر دەتانەوێ گەرای هەستەوەری و سۆز لە دڵی گەنجێك دادروست بکەن و بە هێزی بکەن و سەرنجی بەرەو چاکە و چاکەکاری راکێشن، نەکەونە بیری ئەوەیکە بە خستنە رووی دیمەنی فریودەر و درۆینی بەختەوەریی مرۆیی، بەرزە دەماخی و خۆپەرستی و پەژارەی لە ناخی دا بپشکوێنن. لە پێشدا گەورەیی و مەزنیی کۆشك و جوانیی دیمەنەکانی مەهێننە پێش چاوی. مەیبەنە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەی رازاوەکان و رواڵەتی فریودەری کۆمەڵگەی دەرەبەگەکانی پێشان مەدەن مەگەر ئەو کاتەی کابرا لە بێهوودەیی و پوچیی ئەوانە تێ گەشتبێ. ئەگەر بەر لەوەی بە جوانی مرۆڤەکانی ناسیبێ کۆمەڵگەی پیشان بدەن نەك پەروەردەتان نەکردووە بەڵکوو گەندەڵتان کردووە. نەك هیچ شتێکتان فێر نەکردووە بەڵکوو فریوتان داوە.

مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی پاشا یا دەوڵەمەند و بەگزادە، نەخوولقاون (زگماك پاشا و دەوڵەمەند و بەگزادە نەبوونە) ئەوان هەژار لە دایك بوون، هەمووان لە بەردەم هەڕەشەی نەگبەتی و چارەڕەشی دان هەمووان لە بەردەم پەژارە و خەم و ئازار و پێداویستی و ژانی

جۆراوجۆر دان. به كورتی هەمووان مەرگمان له پێشه. ئەوەیه چارەنووسی راستەقینەی مرۆڤ. ئەوەیه كه هیچ گیانلەبەرێك لێی دەرباز نابێ. كەوابوو دەبێ سەرەتا له مرۆڤدا به شوێن شتێك دا بگەڕێن كه پێویستیی سروشتیه و یەكێكه له باشترین تایبەتمەندی یەكانی.

گەنجی شازده ساڵان دەزانێ ژان یانی چی. چونكی خۆی ئازاری چێشتووه. بەڵام به گوێرەی پێویست نازانێ كه خەڵكیش ئازار دەچێژن. چونكه تەنیا دیتنی ئازاری خەڵك بەس نیه. هەتا یەكێك خۆی ئازار نەچێژێ نازانێ ئازار یانی چی. زۆر جاران گوتوومه، منداڵ له بەر ئەوەی كه ناتوانێ ئەو شته بێنێته پێش چاوی خۆی كه خەڵك هەستی پێ دەكەن جیا له ژانی خۆی هیچ ژانێك ناناسێ. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەدا كه یەكەمین گەشه كردنی هەستەكان، ئاگری فانتازیا و خەیاڵكردنی له ناخی دا داگیرساند، بڕیار دەدا كه خۆی له ئاوێنەی هاو ڕەگەزەكانیدا بناسێ. به ناڵینیان خەفەت دای گرێ و به خەم ئازاریانەوه بتلێتەوه. ئەو كاتەیه كه دەبێ بۆ یەكەمجار دیمەنی ئەو بینیادەمانەی ئازار دەچێژن به جۆرێك دڵی ئەو نەرم كەن و بیبزوێنن كه پێشتر به خۆیەوه نەدیتبێ.

ئەگەر به ئاسانی ناتوانن ئەو قۆناخه تایبەتی یه له منداڵەكانی خۆتاندا دەسنیشان بكەن خەتای كی یه؟ خەتای خۆتانه كه زۆر زوو فێرتان كردوون هەستەكانیان بشارنەوەو زیاتر زمان بازی بكەن. ئەوانیش ئەو وانەیەی فێرتان كردوون دژی ئێوه به كاری دێنن، واته چونكی هەمیشه به راوێژێك قسه دەكەن، ڕێگەیەك بۆ ئێوه ناهێڵنەوه كه بزانن كەنگێ ئیتر درۆیه ناكەن. واته ئەوەی هەستی پێ دەكەن دەی هێننه سەر زمان. بەڵام ئێمیل من دەبینێ. هەتا گەیاندوومەته ئەو تەمەنه، هێشتا نه هەستی به هیچ شتێ كردووه و نه درۆیەكی به سەر زماندا هاتووه. بەر لەوەی بزانێ خۆشەویستیی چیه، به هیچ كەسی نەگوتووه خۆشم دەوێی. هیچكات فێری ئەوه نەكراوه كه ئەو دەمەی دەچێته هۆدەی دایكی یا باوكی یا سەردانی مامۆستا نەخۆشەكەی دەكا، رواڵەتێكی چۆن به خۆوه بگرێ. فێری ئەوه نەكراوه كه ئەو پەژارەیەی هەستی پێ ناكا چۆناچۆن له بەر چاوی خەڵكی خۆی پێوه بنوێنێ. به درۆ بۆ مەرگی هیچ كەس نەگریاوه. چونكی به راستی نازانێ درۆ چ مانایەكی هەیه. ئەو نەبوونی هۆگری یه له جووڵه و

هەڵسوکەوتیشیدا بەدی دەکرێ. وەکوو منداڵانی دیکە سەرنج ناداتە هیچ کەس تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە. جیاوازی یەك کە لەگەڵ منداڵانی دیکە هەیەتی ئەوەیە کە نایەوێ وەکوو ئەوان درۆ بکا. واتە خۆ بە شتێکەوە بنوێنێ کە هەستی پێ ناکا.

چونکە ئێمیل زۆری بیر لە بوونەوەرە هەستیارەکان نەکردۆتەوە، زۆر درەنگ لە مانای ئازار کێشان و مەرگ تێدەگا. گریان و نووزانەوە کار لە دڵی دەکا. کاتێك خوێنێك دەڕژێ ئەو چاوەکانی دەگرێ و روو وەردەگێڕێ. لینگەفرکەی حەیوانێك کە خەریکە دەمرێ نارەحەتی دەکا. بەڵام نازانێ هۆی چیە واتێك دەچێ و دەگۆڕدرێ. ئەگەر تەواو وەحشی و بێ بەزە راهتبایە لەو کاریگەری یە تێ نەدەگەیشت. ئەگەر خوێندەوار بوایە دەیزانی بۆچی ئاوای لێدێ. لە بەر ئەوەیکە هەتا ئێستا زۆرەی چەمکەکانی پێکەوە بەراورد کردووە، هەست بە شتێك دەکا، بەڵام ئەوەندەی زانیاری نیە کە بزانێ هەست بە چ شتێك دەکا و ئەوەی هەستی پێ دەکا چیە.

بەزەیی بەمجۆرە سەرهەڵ دەدا و ئەوە یەکەمین هەستێکە کە لە دڵی مرۆڤ دەرهەق بە ئەوانی دیکە دەپشکوێ. بۆ ئەوەی منداڵ هەستیار و بەبەزەیی بێ پێویستە ئەوە بزانێ کە ئەو کەسانەی لەو دەچن هەموو ئەو ئازارانەیان چێشتوە کە ئەو چێشتوونی و هەر زەبرێکی ئەو دیتوویەتیی وە ئەوانیش کەوتووە و هەروەها کەسانێکی دیکەش هەن کە لەوانەیە هەست بە هەمان ژان و ئازارگەلێك بکەن کە ئەو هەستیان پێ دەکا. لە راستیدا چۆن دەکرێ بەزەیی لە ئێمە دا بپشکوێ. مەگەر ئەوەی کە لە قالبی خۆمان بێینە دەرێ و خۆمان بە جێگەی ئەو گیانلەبەرانە دانێین کە ئازار دەچێژن. ئەو کاتەیە کە ئێمە ئەوەندە ئازار دەچێژین کە پێمان وایە ئەو دەی چێژێ. رۆحی ئێمە لە جەستەی خۆماندا ئازار نابینێ بەڵکوو لە جەستەی ئەودا ژان دەکا. کەوابوو هیچ کەس هەستیار نابێ مەگەر ئەوەی کە هێزی خەیاڵی وەگەڕ بکەوێ و لە جەستەی خۆی بیباتە دەرێ. کەوابوو ئەگەر دەمانەوێ ئەو هەستیاری یە خەریکە سەرهەڵدەدا. بی بزوێنین و بە هێزی بکەین، ئەگەر گەرەکمانە لە نشێوی سروشتیی خۆیدا بکەوینە شوێنی یا رێنوێنی بکەین. دەبێ چ بکەین؟ دەبێ شتگەلێك لە بەردەم تازە لاوەکە دابنێین کە لەو رێگەیەوە دڵی ئەو ببزوێ و بکەوێتە کار و گەورە بێتەوە، ئەو کاتەیە دڵی فرەوان دەبێتەوە

خۆی لە جێگەی خەڵکی دیکە دادەنێ.بە پێچەوانەوە، دەبێ بەو پەڕی وردبینی یەوە ئەو شتەی دڵ بەرتەسکتر دەکاتەوە و وێکی دێنێ و بەرەو خۆی دەیگێرێتەوە، واتە هەستی خۆپەرستیی و خۆ خۆشەویستیی تێدا بە هێز دەکا، لەو دوور راگرین. بە واتایەکی دیکە دەبێ چاکە و جوامێری و بەزیی و بەخشین و حەز و ئاواتە ناسکەکانی دیکە کە لە جەوهەر دا بە لای مرۆڤەوە جوان و پەسندن لەو دا بگوورێنین و پێشی بگرین لە سەرهەڵدانی ئێرەیی، چاوبرسێتی و بوغز و کینە و تەواوی ئەو شەهوەتە قێزەونانەی کە نەك هەر هێزی هەستەوەری بە تاڵ دەکەنەوە بەڵکوو کاریگەریی خراپیشیان لە سەر بە جێ دەهێڵێ. چونکە ئەم شەهوەتە قێزەونانە لە هەر دڵێکدا جێگیر بن بە توندی ئازاری دەدەن.

ئەم بۆچوونانەی باسکران لە سێ بڕیار دا کورت دکرێنەوە:

بڕیاری یەکەم:

دڵی مرۆڤ جۆرێك ساز کراوە کە ناتوانێ خۆی لە بری ئەو کەسانە دابنێ کە لەو بەختەوەرترن. بەڵکوو تەنیا دەتوانێ خۆی لە جێگەی ئە کەسانە دابنێ کە لەو چارەڕەش وداماوترن.

بڕیاری دووهەم:

مرۆڤ بۆ ئەو بەشە لە ئازارەکانی خەڵك پەرۆش دەبێ و بەزەیی پێیان دادێ کە لەوانەیە بە سەر خۆیشی بێن.

بڕیاری سی یەم:

ئەو بەزەی یەی کە مرۆڤ دەرهەق بە چارەڕەشان هەیەتی، بە رادەی ئازارەکانیان نیە، بەڵکوو بە رادەی ئەو ئیحساساتانەیە کە نیسبەت بە ئەوان هەیەتی. پێتان وانەبێ کە دیمەنی نەگبەتی و چارەڕەشی خەڵك لەوانەیە ئێمیل چارەڕەش بکا.

بە پێچەوانەوە ئەو کەسە داماوو چارەڕەشە کە هاموشۆی کۆڕ و کۆبوونەوە و میوانی یە رازاوە و پڕ لە رابواردنەکان دەکا. چونکی دەبێ هەزار ئازا بچێژێ وەك ئەو حەز و کەفوکۆڵ و ئارەزووانەی کە دانەمرکاونەتەوە و هەستی خۆپەرستیی بریندار کراوە، ئێرەیی کە مرۆڤ

دەتوێنێتەوە. بە پێچەوانە ئێمیل جۆرە خۆشی و هێمنی و لێبڕاوی یەك لە خۆیدا هەست پێ دەكا. ئەو بەزەی یەی كە بۆ شتە پاك و بێ خەوشەكان دڵمان دەبزوێنێ شیرینە. هەر ئەوەندەی ئەو گەنجە بزانێ هۆگری یانی چی ، چێژ لە هۆگری خەڵكی دیكە وەردەگرێ و تەواو چێژ لە هاوڕێ یەتی و وەفاداری وەردەگرێ. بەمجۆرە دیتنی ژیانی خەڵك، هەست و سۆزە بەرزەكانی تێدا بە هێز دەكا و ناهێڵێ حەز و تاسەی خراپ و چەوت لە ناخیدا سەرهەڵدا. بەم شێوەیە بۆ یەكەمین جار لە رووی هزرەوە بنەماكانی عەداڵەت و چاكەكاری دەناسێ.

خوێندنی مێژوو

ئەوە سروشتیە كە، ئەو دەمەی ئێمیل پێ دەنێتە كۆمەڵگەوە، حەز دەكا پلەی یەكەم وەدەست بێنێ. ئەگەر تێ نەگەیەنن كە چ پێگە و شوێنێك شیاوی ئەوە، زێدەخواز دەبێ. كەوابوو ئێستا كاتی ئەوەیە جیاوازیی چینایەتیی پێ بناسێنرێ. واتە پلە و پێگەی كۆمەلایەتی یەكانی پێ نیشان بدرێ. لە ژیانی سروشتی دا یەكسانیی واقیعی و هەمیشەیی لە نێو تاكەكاندا هەیە. چونكە لەوەها رەوشێك دا مەحاڵە جیاوازی نێوان دوو كەس ئەوەندە بێ كە یەكێكیان بكاتە پاشكۆ و پێرەوی ئەوی دیكە. لە ژیانی كۆمەلایەتیی دا خەڵك دەڵێن وەك یەكن و بە راستی دەشبێ هەر وابێ. بەلام ئەم یەكسانیە خەیاڵی و بێ ئاكامە. چونكی ئەو ئامرازانەكە بۆ پاراستنیان دەكار دەكرێ دەبێتە هۆی لە نێوچوونیان. لە راستیدا ئەو هێزە گشتیانەی یارمەتیدەری دەسرۆیشتووانن بۆ ئەوەی هەژارانی پێ بهاڕن ئەو بالانسە دەشێوێنێ كە سروشت لە نێوانیاندا خوولقاندبووی. تەواوی ئەو ناتەبایی و لێك دژییانەی كە لە تەكووزی كۆمەلایەتیدا لە نێو رواڵەت و حەقیقەتەكاندا بە دی دەكرێن لەو ناتەبای یەی یەكەمەوە سەرچاوەیان گرتووە.

هەمیشە زۆرینە دەبێتە قوربانیی كەمینە و بەرژەوەندیی گشتی دەبێتە فیدای بەرژەوەندی تایبەتی. ئەو وشەیەی عەداڵەت و گوێ رایەڵییانە هەمیشە ئامرازگەلێك بوون بۆ دەسەلاتگەری و چەكێك دەبن بۆ دەستدرێژی. كەوابوو ئەو چینە بژاردانەی كە دەڵێن قازانج بە خەڵك دەگەیەنن، لە راستیدا قازانجەكانیان لە سەر زگی خەڵك دابین دەكەن. بڕوانن بە پێی عەقڵ و ئینساف، ئەو

چینە دەبێ چەندە جێی رێز و حورمەت بن.ئێستا ئەگەر بمانەوێ بزانین کە هەر کام لە ئێمە چۆن دەبێ لە سەر چارەنووسی خۆی داوەری بکا پێویستەببینین کە ئایا ئەوانەی پلە و پۆستەکانی سەرەوەیان داگیر کردووە بەختەورەن یان نا؟ ئەوەی ئێستا بۆ ئێمە گرینگی یەکی زۆری هەیە هەر ئەوەیە. بەڵام بۆ بە دواداچوونی ئەم بابەتە دەبێ لە پێشدا بە جوانی دڵی مرۆڤمان ناسیبێ.

ئەگەر مەبەست ئەوە بوایە کە مرۆڤ بەو دەمامکەوە پێشانی گەنجان بدەین کە بە روخساریانەوەیە، پێویست نەبوو نیشانیان بدەین چونکە بە گوێرەی پێویست دەی بینین. بەڵام چونکی دەمامکی مرۆڤ لە خۆی جیاوازە، نابێ بهێڵین ئەم زریقە و بریقە رواڵەتیە گەنجەکانمان هەڵفریوێنێ. واتە دەبێ مرۆڤەکان بەو شێوەیە باسان لێوە بکرێ کە هەن و ئەوەش بەو مانایە نیە کە گەنجان خەڵکیان بە لاوە ناشیرین بێ بەڵکوو بۆ ئەوەیە بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە بەزەییان پێیان دابێ و هەوڵ بدەن وەکوو ئەوانیان لێ نەیە.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستە رێگەیەك بگرینە بەر بە پێچەوانەی ئەو رێگەیەی تا ئێستا پێیدا رۆیشتووین و گەنج بە پێی ئەو ئەزموونانەی خەڵك وەدەستیان هێناون پەروەردە بکەین نەك ئەزموونەکانی خۆی.راستی یەکەی ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤەکان فریوی دەن لێیان بە رق دادەچێ. بەڵام ئەگەر کاریان بە کاری ئەو نەبێ و هەر یەکتر هەڵخەڵەتێنن بەزەیی پێیان دادێ. فیساغورس دەڵێ: سەیر کردنی مرۆڤەکان وەکوو سەیر کردنی یاری یەکانی ئۆلەمپیك وایە. هێندێ لەوێ تەنیا دوکانیان کردۆتەوە و جیا لە قازانج هیچ مەبەستێکی دیکەیان نیە. هێندێکی دیکە گیانیان دەکەنە فیدای وەدەست هێنانی شانازی یەکان. هێندێکیش بەس سەیر دەکەن و هیچی دیکە. وێناچێ ئەوانە لەوانی دیکە خراپتر بن. حەزم دەکرد هاورێکانی گەنجێك بە جۆرێك هەڵ بژێرن کە تەواوی ئەوانەی بە دەوروبەرێوەن بە مرۆڤی باش بزانێ و کۆڕوکۆبونەوەکانی وا پێ بناسێنن کە هەرچی لەوێدا دێتە گۆڕێ بە خراپ بزانێ. پێویستە ئەوە بزانێ کە مرۆڤ بە شێوەی سروشتی (لە جەوهەر دا) بوونەوەرێکی باشە. دەبێ هەست بەو راستیە بکات و وەچەی خۆی وەکوو خۆی بە باش بزانێ. بەڵام دەبێ بزانێ کە کۆمەڵگە چۆن مرۆڤەکان خراپ دەکا و

باوەڕی چەوت چۆن دەبنە چاوگەی گەندەڵیی ئەو. دەبێ حورمەتی هەموو کەسێکی بەڕێز بگرێ و ئاگای لە نەفس نزمیی بە کۆمەڵ بێ. دەبێ ئەوە بزانێ کە هەموو روخسارەکان کەم و زۆر یەك جۆر دەمامکیان هەیە. بەڵام هێندێ روخسار هەن کە لەو دەمامکە جوانترن کە داپۆشیون. دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە ئەم مێتۆدە هێندێ کەموکوری هەیە و بە کردەوەش ئاسان نیە. چونکی ئەگەر قوتابی یەکەمان ناچار بکەین کە زۆر زوو لە قەلافەتی خەڵك ورد بێتەوە و سەرنج بداتە رواڵەتیان و ئەگەر وای رابێنین کە لە نزیکەوە وریای چالاکیەکانیان بێ، درۆزنگ و زمان پیس و لە داوەریکردنیشدا کەسێکی بە پەلە دەبێ. زۆری حەز لەوە دەبێ کە هەر شتێکی بینی بە خراپ لێکی داتەوە و تەنانەت ئەو لایەنە باشانەش سەرنجی رانەکێشن کە لە شتێکی باشدا بە دی دەکرێن. لانیکەمەکەی ئەوەدەبێ کە خوو بە سەیر کردنی گەندەڵی یەوە دەگرێ و بێزار دەبێ بە دیتنی لێقەومان. هەر وەکی هێندێ کەس عادەتیان بەوە گرتووە کە بە بێ ئەوەی دڵیان ببزوێ (داچڵەکێ) سەیری داماو و لێ قەوماوان بکەن. ئیتر گەندەڵیی ئەخلاقیی گشتی وەخەبەری ناهێنێ بەڵکوو دەبێتە بیانوویەك بۆ کارە قۆڕ و چەوتەکانی ئەو چونکی بە خۆی دەڵێ: ئێستاکە رەگەزی مرۆڤ ئەوەندە خراپە بۆچی ئەمن بە تەنیا باش بم.

ئەگەر بتانەوێ فێری تێۆریی کەن. یا لەگەڵ دڵناسکێتی مرۆیی ئاشنای بکەن و شێوەی کارتێکەریی هۆکارە دەرەکیەکانی پێ بناسێنن کە حەز و تاسەکانمان دەکەنە گەندەڵی، تووشی گرفتێکی دیکە دەبن. چونکی کتوپڕ لە بەرهەستەکانەوە دەی بەن بەرەو شتە عەقڵی یەکان ناتوانن فەلسەفەی خۆتانی فێر بکەن. جگە لەوەش تووشی کەموکورتیەك دەبن کە هەتا ئێستا توانیبووتان خۆی لێ ببوێرن. واتە وانە بە قوتابی یەکەتان دەڵێنەوە. بە واتایەکی دیکە لە مێشکی ئەودا تاقیکاری و کاریگەریی وشەی مامۆستا لە جێگەی تاقیکاری و شتە عەقڵیە شەخسی یەکان دادەنێن.

بۆ ئەوەی بتوانن هەر دووك کۆسپەکە لە سەر رێگە لابەرن. بۆ ئەوەی بتوانن سۆزە مرۆییەکان بۆ قوتابی یەکەتان شی بکەنەوە و لە هەمانکات دا ببنە هۆی گەندەڵبوونی خۆی، وا باشترە مرۆڤەکانی پێ نیشان بدەن. واتە سەرنج بدەنە خەڵکی کات و شوێنەکانی دیکە بە

جۆرێك كە بتوانێ دیمەنەكە ببینێ بەڵام نەتوانێ تێیدا هەڵسووڕێ. ئێستا كاتی فێر كردنی زانستی مێژوو گەیشتووە. بە یارمەتیی مێژوو دەتوانین بە بێ یارمەتیی فەلسەفە حاڵەتە رۆحی و دەروونیەكانی مرۆڤ بناسین. بە یارمەتیی مێژوو دەتوانین وەكوو بینەرێكی سادە بە بێ قازانجی شەخسی بە بێ رق و خۆشەویستی بێ ئەوەی دادووەر بین یا كەسێك تۆمەتبار بكەین، كار لە سەر سۆز و هەستی دڵی خەڵك بكەین و موتالای بكەین.

بۆ ئەوەی مرۆڤەكان بناسین دەبێ هەڵسوكەوت و ئاكاریان ببینین. لە نێو ئێمە دا خەڵك زیاتر قسە دەكەن واتە پەیڤی خۆیان بە چاوی خەڵك دادەدەنەوە بەڵام كردەوەكانیان دەشارنەوە. هەڵبەت لە پانتایی مێژوو دا ئەو دەمامكە لادەچێ كە لە روخساریان داوەو دەكرێ لە رووی كردەوەكانیانەوە داوەرییان لە سەر بكرێ. تەنانەت قسەكانیشیان یارمەتیی دەسنیشانكردنی بەها و نرخی ئەوان دەكا. بە بەراوردی ئەوەی دەیڵێن و دەیكەن، هەم دەكرێ لەو شتەی دەیكەن تێ بگەین و هەم ئەو شتەی خۆی پێوە دەنوێنین. هەتا روخساری راستەقینەیان بشارنەوە، باشتر دەكرێ بیان ناسین.

بە داخەوەئەم لێكۆڵینەوانە، مەترسی و زیانیشیان هەیە. زۆر دژوارە كە مرۆڤ بێ لایەنی هەڵ بژێرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە رووی دادپەروەری یەوە داوەری لە سەر رەگەزەكانی بكا. یەكێك لە گەورەترین عەیب و ئیرادەكانی مێژوو ئەوەیە كە زیاتر پەنجە لە سەر تایبەتمەندیە چەوت و درێوەكانی مرۆڤ دادەنێ. لەوانەیە چیرۆكی كلیۆپاترا یا كاساندرێ یا كتێب گەلی لەو چەشنەتان خوێندبێتەوە. دانەر یەكێك لە رووداوە بە ناوبانگەكانی مێژوو هەڵ دەبژێرێ و بە كەیفی خۆی دەی گۆڕێ، لك و پۆی لێ زیاد دەكا، كەسانێك دەخوولقێنێ كە هیچكات بوونیان نەبووە. چیرۆك گەلی خەیاڵی لە مێژووە زیاد دەكا بۆ ئەوەی شاكارەكەی باشتر و شیرینتر بێ. ئەمن جیاوازی یەك نابینم لە نێوان ئەو رۆمانانە و ئەوەی ئێوە ناوی مێژووی لێدەنێن جگە لەوەی كە رۆمان نووس زیاتر وەشوێن خەیاڵ و فانتازیای خۆی دەكەوێ. لە حاڵێكدا مێژوونووس زیاتر وەشوین خەیاڵی خەڵك دەكەوێ.جیاوازی یەكی دیكەش هەیە. نووسەری

ڕۆمان بابەتێکی ئەخلاقیی باش یا خراپ دێنێتە گۆڕێ. لە حاڵێکدا مێژوونووس گرینگی بەو بابەتانە نادا.

لەوانەیە بڵێن زانیاریی لە سەر دابونەریت و ئەخلاقی راستەقینەی نەتەوەیەك، لە راستبوونی زیاتر جێی سەرنج و گرنگی یە بەو مەرجەی بە جوانی باس لە دەروون و رۆحی مرۆیی بکا. ئەگەر رووداوەکان وەك خۆیان نەگێڕێتەوە، قەیدی ناکا، چونکی ناسینی روداوەکانی دوو هەزار ساڵ لەوە پێش، وێناچێ قازانجێکی بۆمان هەبێ. حەق بە ئێوەیە ئەم باسکردنە لەگەڵ راستیدا یەك بگرێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەسڵی پەردەی تابلۆیەکی کە دەی کێشێ تەنیا لە خەیاڵدانی دیرۆکنووس دا بوونی هەبێ دیسانیش تووشی هەر ئەو کەموکورتیە دەبینەوە کە خۆمان لێ دەبوارد. واتە وانەی نووسەران لە جێگەی وانەی مامۆستایان دادەنێن و قوتابی یەکەمان ناچار دەکەین فێری وانەکانیان بێ. بەڵام ئەگەر قەرار بێ قوتابی یەکەی من شت لەو تابلۆ خەیاڵییانە فێر بێ کە کێشراونەتەوە، وام پێ خۆشترە ئەو تابلۆیانە خۆم بیاننەخشێنم بۆ ئەوەی لانیکەم لەگەڵ رۆح و هزری دا گونجاو بێ.

بۆ گەنجانی ئێمە خراپترین مێژوونووس ئەوانەن کە داوەری لە سەر رووداوەکان دەکەن. رووداو، رووداو بۆچی خۆی داوەرییان لە سەر نەکا بۆ ئەوەی فێری ناسینی مرۆڤەکان بێ. ئەگەر ئەو داوەرییانەی خەڵك دەیکەن هەمیشە رێنوێنی بن تەنیا بە چاوی خەڵك دەبینێ و ئەگەر رۆژێك ئەو چاوەی نەمێنێ ئیتر هیچ شتێ نابینێ. کارم بە مێژووی هاوچەرخ نیە نەك تەنیا بەو هۆیەی کە ئەو قۆناخە پێناسەیەکی نیە و پیاوانی ئێمە هەمووان لێك دەچن بەڵکوو لە بەر ئەوەی مێژوونووسانمان تەنیا حەزیان لە خۆڕانان و خۆنواندنە و جگە لە کێشانەوەی روخسار و شێوەی پڕ زریقە و بریقە کە زۆربەیان لەگەڵ واقیع یەکناگرنەوە، بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە. پێشینیان کەمتر پەیکەرە دەکێشنەوە و لە داوەریکردنیشدا بە مشوورترن. بەو حاڵەوە لە نێو ئەوانیش دا دەبێ گوڵبژێر بکەیت و ئەوانە هەڵبژێری کە سادەترن نەك ئەوانەی کە راست ترن. ئەمن مێژووی پۆلیب Polybe یا سالسوت ناخەمە بەر دەستی گەنجان کتێبی مێژووی تاسیت Tacite یش کتێبی بە ساڵاچووانە و لاوەکان هیچی لێ تێناگەن. دەبێ بەر لە

مرۆڤەکان دەرکەوتە سادەکانی دڵیان بناسین دوایی بکەوینە پشکنین و ڕۆچوون بە ناخی دڵیاندا.

لە پێشدا دەبێ لە هەڵسوکەوتی خەڵك شت فێر بین و دوایی لە بیروڕایان. ئەو فەلسەفەیەی کە بە شێوەی بڕیار و ئامۆژجگاری کردن فێر بکرێ بە کاری ئەو کەسانە دێ کە هەگبەیان پڕە لە ئەزموون. گەنجان نابێ هیچ شتێ بگشتێنن. ئەوەی فێری دەبن هەمووی بە شێوەی ڕێسای تایبەتی بێ.

بە ڕای من توسیدید T hucydide باشترین نموونەی دیرۆکنووسانە. ئەو بە بێ‌داوەری کردن باس لە ڕووداوەکان دەکا. هەڵبەت ئەو شتەی کە زانینەکەی بۆ داوەریکردنی ئێمە پێویستە دێنێتە بەر باس و ئەوەی دەی گێڕێتەوە دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران. نەك هەر خۆی ناخاتە نێوان ڕووداوەکان و خوێنەرانەوە، بەڵکوو خۆیشی لە بەرچاویان دوور رادەگرێ. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە دا هەست بەوە دەکا کە دیمەنەکان دەبینێ. بە داخەوە هەمیشە باسی شەڕ دەکا و لە نووسینەکانیدا زیاتر باسی شتێك دەکا کە هیچی لێ فێر نابین باس لە ڕەزم و کوشتار دەکا. مێژووی پاشەکشەی دە هەزار کەسی (یۆنانی) و تەفسیرەکانی سێزار هەر دووکیان کەم تاکورتێك ئەو کەم وکوڕییانەیان هەیە. هێرۆدۆت نووسەرێکی سادەیە. مێژووەکەی ئەو بەبێ وێنەی پیاوان و بەبێ بڕیاری فەلسەفی نووسراوە، بەڵام ڕەوانە و هەڵگری وردەکاری و پاژگەلێکە کە سەرنج ڕادەکێشێ. ئەو کەسە لەوانەیە لە باشترین دیرۆکنووسەکان بوایە ئەگەر جاروبار زێدەڕۆیی لە گێڕانەوەی شتە وردەکاندا نەکردبایە و درێژدادڕی یەکانی بە هۆی سادەیی لە ڕداەبەدەر، زیانی بە زەوقی منداڵ نەگەیاندبا.

خوێنەری ئەو دەبێ شت بە جوانی لێك بکاتەوە هیچ شتێ لە سەر تیت لیڤێ ناڵێم هەتا دەگەمە لاپەڕەکانی داهاتوو. بەس لێرەدا ئەوەندە دەڵێم کە ئەو دیرۆکنووسە پیاوی وتاردان و سیاسەتە. مێژوو بە گشتی عەیبێکی گەورەی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە تەنیا ڕووداوە بەرجەستەکان کە، ناو و شوێن و ساڵەکانیان دیارە، دەگێڕێتەوە. بەڵام هۆکاری دەروونی و وردە وردەی ڕووداوەکان بە هۆی نادیار بوونیان، بۆ هەمیشە لە بیر دەکا. زۆر جاران وا

ڕێكدەكەوێ كە دیرۆكنووسان سەركەوتن یا تێك شكاندێك بە هۆكاری فڵانە شـۆڕش دەزانـن. لـە حاڵێكدا شۆڕشی گۆڕین بەر لە شەڕەش هەر دەبوو ڕوو بدا. شەڕ تەنیا ئەو ڕووداوانـە دەردەخـا كە بەرهۆی (دەرنجامی) هۆكارە ئەخلاقیەكانن و دیرۆكنووسان كەمتر بە لای دادەچن.

ئەگەرچی هێندێ لە نووسەرانی ئێمە بـە هـۆی ئـەو تایبەتمەنـدی یـە فەلسـەفیەی هەیانـە، هـزری خۆیـان لـە سـەر ئـەو شـتەی چڕ كردۆتـەوە كـە بـاس كـرا. بـەڵام دڵنیـا نـیم لەوەیكـە زەحمەتەكانیان لە پێناو دۆزینەوەی حەقیقەت دا ئاكامێكی لێ بكەوێتەوە. چونكی هـەمووان لـە حاڵەتی فەلسەفیی خۆیاندا دەمارگرژن و هەوڵ دەدەن شتەكان بەپێی بۆچـوونی خۆیـان ببیـنن نەك بەو شێوەیە كە هەن.

یا خاڵێكی دیكەش لەو شتەی گوتمان زیاد بكەین ئەویش ئەوەیكە مێژوو زیاتر ڕووداوەكـان دەخاتـە ڕوو لـە چـاو كەسـایەتیەكان. چـونكی تـەنیا لـە هێنـدێ حاڵـەتی تایبـەت دا بـاس لـە مرۆڤەكان دەكا ئەویش ئەو كاتەی ڕواڵەتێكی ڕێكوپێكیان هەیە. واتە بـاس لـە كەسـەكان دەكـا لەو پلە فەرمیەدا كە هەیانە و بەو خشڵ و زریقەوبریقانەی كـە بـۆ خـۆ نوانـدن لـە خۆیـان داون. هەڵبەت لە نێو ماڵێ و لە دیوی كار كردن و لە نێـو خێزانـدا و لـە كـۆڕی هاوڕێیانـدا وەشـوێنیان ناكەوێ. مێژوو بە جوانی و جوانكاری و دامودەستوورەوە بـاس لـە مـرۆڤ دەكـا. كـەوابوو زیـاتر باس لە جلوبەرگەكانی دەكا هەتا لە خۆی. ئەمن زیاتر حەزم لێ یە كە بۆ دەسپێكی موتاڵا كردن لە سەر سۆز و هەستی دڵی مۆڤـەكان سـەربردەی ژیـانی تایبـەتیی گـەورە پیـاوان بخوێنمـەوە. چونكی لەو حاڵەتە دا پیاوانی مێژوویی بۆ هەر كوێ بچن دیرۆكنووس وەشوییێنیان دەكەوێ. بـۆ ساتێكیش بەریان نادا و شاراوە بـوو لـە چـاوی تیـژی چـاوەدێران، چـووكەترین ڕێگـەی دەربـاز بوونی بۆ ناهێڵێتەوە. ئەو كاتـەی پێـی وایـە باشـتر شـاراوەتەوە، دیرۆكنـووس باشـتر نیشـانی دەدا. مونتنی دەڵێ: ئەوانەی سەربردە (ژیاننامەی) گەورە پیاوان دەنووسـنەوە و گرینگـی پـتر دەدەن بەو شتەی لە ناخەوە هەڵدەقوڵێ هەتا ئەوەی لـە دەرەوەڕا دێ، ئەوانـەم زیـاتر بـە لاوە پەسندن هەر بۆیەش پلۆتاركم پێ باشترە لە دیرۆكنووسانی دیكە.

راستە کە ئەخلاقی بە کۆمەڵی خەڵکی کە کۆمەڵگەکان پێك دێنن زۆر جیاوازە لە دەروونی تاکێکی تایبەت و ئەگەر موتالای تایبەتمەندیی ئەخلاقی و دەروونیی کۆمەڵەکان نەکەین بە جوانی سۆز و هەستەکانی دڵی مرۆیی ناناسین، گومان نیە لەوە دا کە بۆ داوەری کردن لە سەر ئاکار و کرداری مرۆڤەکان سەرەتا دەبیّ تاکێك بخەینە بەر لێکۆڵینەوە و موتالا. چونکی ئەو کەسەی ئاگای لە حەزو تاسەی تاك بە تاکی خەڵکی یە، دەتوانیّ هەموو ئاکامەکانی ئەم تاسە و حەزانە لە نێو گشتێك دا پێش بینی بکا. لە بەر ئەو هۆکارانەی باسمان کردن لەوشیاندا دەبیّ ئاورێك لە پێشینیان بدەینەوە. جگە لەوەش تەواوی ئەو سەربردە و باسوخواسە تایبەتی و هێندیّ جار نادڵخوازانە، ئەگەرچی لە سەر بنەمای واقیع و تایبەتمەندیی تاکەکانن لە نوسراوەی ئەمرۆیی دا قەدەغە و بیّ جێن. واتە نووسەرانی ئێمە پیاوانی مێژوو تەنانەت لە ژیانی تایبەتیشیاندا وەکوو گشتی یەکان، بە زریقەوبریقەوە نیشان دەدن. نەزاکەت و حورمەت کە لە کردەوەکانیش دا وەکوو نووسراوەکان توند و بە تەوژمن، ئیزن نادەن کە لە هەنتەشی (حوزور) خەڵك دا لەو شتە زیاتر بگوتریّ کە گوتنی قەدەغە نیە. چونکی بە شێوەی فەرمی و بە دامودەستووری ئاسای یەوە نەبیّ ناکریّ باس لە خەڵك بکەی. لە رێگەی کتێبەکانیشمانەوە ناکریّ مرۆڤەکان بناسین. لەوانەیە بە سەدان جار سەربردە و ژیاننامەی پاشاکانی ئێمە بنوسنەوە بەڵام ئیتر کەسێکی دیکەی لە گوێن سویتۆن Suetoneی ئێمە (دیرۆکنووسی سەدەی یەکەمی دوای زایینی رۆمیەکان)، هەڵناکەوێتەوە.

پلۆتارك مامۆستای شەرح و شی کردنەوەی ئەو پاژ و وردەکارییانەیەکە ئێمە ناوێرین خۆیان لیّ دەین.

بە جوانی یەکی بیّ وێنە لە رێگەی کارە بچووکەکانیانەوە باس لە گەورە پیاوان دەکا و دەیان ناسێنیّ. ئەو نیشانانەی دەیان خاتە روو، ئەوەندە گونجاون کە هەر ئەوەندەی وشەیەك، بزەیەك، ئاماژەیەکی پاڵەوانەکەی بەسە بۆ ئەوەی خۆی بناسێنیّ. ئانیبالّ (237_ 183 پ.ز) بە قسەیەکی خۆش غیرەت وەبەر لەشکر و دارودەستە تۆقیوەکەی خۆی دەنیّ و بە پێکەنینەوە دەیانباتە شەڕێك کە ئیتالیای بە نسیب دەبیّ. دیمەنی ئاژێریلاس (پاشای سپارتە

لـه سـەدەی چـوارەمی پ. ز) کـە چـێوێکی کردۆتـە ئەسـپ، خۆشەویسـتیی ئـەو سـەردارە سەرکەوتووەی سوپای ئێران لە دڵی مندا پـتر دەکـات. سـێزار لـە کـاتی تێپـەڕین بـە گونـدێکی کاولکراو دا و لە کاتی قسە کردن لەگەڵ هاوڕێکانی دا، بـە بـێ ئـەوەی خـۆی ئاگـای لێ بـێ ئـەو گزیکارەی ریسوا کرد و پەتەکەی خستە سـەر ئـاوێ کـە دەیگـوت بـەس دەمـەوێ ببمـە پـۆمپێ Pompee سەرداری یۆنانی کە لە بەر سێزار بەزی. ئەسکەندەر ئەو شـەربەتە دەخواتـەوە کـە لێی بە گومانە و هیچ ناڵێ. لەوانەیە ئـەو سـاتە جـوانترین سـاتەکانی ژیـانی ئـەو بـێ. ئاریسـتید Aristide (540 ـ 468 پ. ز) ی «یۆنانی» ناوی خۆی لە سەر سەدەفێك دەنوسـێ و بـەو جۆرە دەری دەخا کە رق و قینی ئەو بە جێ یە.فیلۆپۆمینی یۆنـانی بالتۆکـەی دادەکـەنێ و لـە ماڵی خانەخوێ یەکەی دەست دەکا بە دار شکاندن.ئەوەیە لێهاتوویی و کارامەیی راسـتەقینەی یەك شێوەکار. قەڵافەتی کەسەکان نە لە هێـڵ و چـرچ و لۆچـی روخسـاریانەوە دەردەکـەوێ نـە تایبەتمەندی یە ئەخلاقیەکانیشیان لە کردەوە مەزنەکانیانەوە دەردەکەوێ. سروشتی خەڵکی بە زۆرەوە، لە شتگەلێکی بچووکدا خۆ دەنوێنێ. ئەو کارانەی گەورەکان دەیانکەن یا زۆر ئاسـایین یا ئێجگار ناسروشتی ( دەستکرد و ساختەیی) و تەشریفاتی. بە داخـەوە نەزاکـەت و سـەنگینی سەردەم، نووسەرەکانی ئێمە ناچار دەکا. کەم و زۆر، هەمیشە باس لە ئیشگەلی جۆری دووهـەم بکەن. بێ گومان مسیۆدۆتورێن (2) یەکێك لە گەورەترین پیاوانی سەدەی پێشوو بـووە. کـەس نازانێ چۆن وێراویانە بە باس کردن لە هێندێك لە وردەکارییکانی ژیانی ئەو، بە ئێمەی بناسێنن و لە بەر دڵمان شیرین و خۆشەویستی بکەن. بە گشتی زۆربەی ئەو وردەکارییانەی ژیانی ئەویان باس نەکردوون کە ئەگەر ئاشکرا بوایەن و پەردەیان لە سەر لادرابا، ئەم کابرا مەزنەی باشتر بە ئێمە دەناساند و خۆشەویستری دەکرد. ئەمن یەکێك لەو شتە بچووکانەتان بۆ دەگێڕمـەوە کـە لە یەکێکی پایەبەرزی جێی متمانـەم بیسـتووە. ئەگـەر پلۆتـارك بـەو ڕووداوەی زانیبـا هـەرگیز دەری نەداویشت و وەلای نەدەنا. و ئەگەر رامسـای Ramsai ئاگادریشـی بوایـە نـەی دەوێـرا خۆی لێدا و بینووسێ.

ڕۆژێك لە ڕۆژانی هـاوینیٚ کـە ئێجگـار گـەرم دەبـیٚ، میسـۆدۆتورێن بـە پیژامەیـەکی کـورتی سپیەوە و کڵاوی شەوانە لە سەر، لە بەر پەنجەرەی دیوی چـاوەڕوانی ڕاوەسـتابوو. یـەکێك لـە پێش خزمەتکان بەوێدا دیٚ و مارشاڵی لەگەڵ شاگردی چێشت لێنـەر کـە هـاوڕێ یـەتی لـیٚ تێك دەچـیٚ و بـە سـپایی لێـی نزیـك دەبێــتەوە شــەقە زللەیـەکی لـە نەرمـەی سمتـی دەسـریوێنیٚ. خزمەتکارەکە دەبینـیٚ ئـەوە ئاغاکەیـەتی خـۆی بـە سـەر لاقیـدا دەکێشـیٚ و دەسـت دەکـا بـە پارانەوە، وەمزانی ژێرژە. تورێن لە حاڵێکدا دەست بە سمتی دا دێنـیٚ دەڵـیٚ: وای دانـێین ژێـرژ بوایە. نەدەبوو ئاوا توند لێی دەی. ئەی نووسەرە نەگەبەتەکان. ئەوەیـە ئـەو شـتەی کـە ئێـوە ناوێرن بیڵێن.  زۆر باشە، هەمیشە نائاسایی و بیٚ سۆز و هەست بن. ئاسنی دڵتان لەم نەزاکەتـە چەپەڵە دا بکوتنەوە و پتەوی کەن. لە بەر زۆریی گران و سەنگینیی حەیای خۆتان بـەن. بـەڵام تۆ ئـەی گـەنجی دلۆڤـان کـە ئـەم چیرۆکە دەخوێنیـەوە و دڵـت بـە هـۆی مێهرەبـانیی تـورێن و گەورەیی ڕۆحی ئەو دەبزویٚ، خاکەڕایی ئەم کابرا ناودارە لەو کاتەش دا کە بـاس لـە بنەچـەك و ناوبانگی دەکرا، بخوێنەوە. لە یادت بیٚ کە ئەوە هـەر ئـەو تورێنەیـە کـە لـە دواوەی براکەیـەوە دەڕۆیشت بۆ ئەوەی خەڵك وابزانن ئەو گەنجە ﴿براکەی﴾ سەرپەرشـتیاری بنەماڵەکەیـەتی. ئـەو گەورەی یە ئاوا سادە بەراورد بکە. سروشتت خۆش بویٚ. بیرو باوەڕی خەڵك بـە کـەم مـەگرە و مرۆڤ بەو جۆرە بناسە کە هەیە.

دەگمەنن ئەو کەسـانەی لـە گیـانی نـوێی گـەنجێك دا کاریگـەریی ئـەم شـێوە خوێندنـەوە و لێکدانەوانە بەدی دەکەن. لە بەر ئەوەیکە هەر لە منداڵیەوە سەرمان بە سەر کتێـب داگرتـووە و بە بیٚ بیر لیٚ کردنەوە خوێندوومانەتەوە، ئەو شتەی کە دەی خوێنینەوە کاریگـەریی ئـەوتۆی لـە سەرمان نابیٚ. ئەو حەزو باوەڕە  چەوتانەی کە مێژووی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤایـەتییان تـەنیوە لـە ئێمەش دا بەدی دەکرین. ئەوەی خەڵك دەیکەن لە بەر چاوی ئێمە سروشـتی دەنـوێنیٚ. لـە بـەر ئەوەیکە خۆمان لـە دەرەوەی سروشـتێن پێمانوایـە خـەڵکیش وەکـوو خۆمـانن. بـەڵام گـەنجێك بێننە پیش چاوتان کە بە پێی ئەو ڕێسایانەی من پەروەردە کراوە. بۆ وێنە ئێمیل کە بەرهـەمی هەژدە ساڵ چاوەدێری من و پاراسـتنی پـاکیی دڵ و دروسـتیی داورەی کردنـی ئـەو بـووە. وای

دانێین وەها گەنجێك سەیری شانۆی ژیان دەكا. پەردە لادەردرێ و ئەو بۆ یەكەمین جار دیمەنی كۆمەڵگە دەبینێ. نا نا، هەڵەم كرد. ئەو لەو دیوی دیمەنەكەوەیە و بە چاوی خۆی ئەكتەرەكان دەبینێ كە جل و بەرگ لەبەر دەكەن. و ئەو داو و تەنافانەش دەبینێ كە دیكۆرە رەنگاوڕەنگەكان دەجووڵێنن و خەیاڵ بۆ بینەران دەخووڵقێنن. زۆر خێرا ئەو شەرمێوینەی كە لە هەڵسوكەوتی خەڵك دا دەی بینێ و ئەو هەستەی كە بە چاوی سووك چاویان لێ دەكا، جێگەی خۆی دەدا بە سەرسووڕمان. لەوەیكە دەبینێ جسناتی مۆڤ كڵاو لە سەر خۆی دەنێ و بەو جۆرە یاری یە منداڵانەیە خۆی تەریق دەكاتەوە، زۆر بە توندی قەڵس دەبێ. لە هەمانكاتدا لەوەیكە براكانی بۆ خەیاڵ پڵاوێكی بێ بنەما یەكتر قەڵتوبڕ دەكەن و چونكی نەیان ویستووە بە مرۆڤبوون دڵیان بسرەوێ چوونەتە كەوڵی حەیوانی دڕندەوەو، ئیتر خەمێكی قورس دای دەگرێ. گومان نیە لەوەدا كە ئەگەر قوتابی بە شێوەی سروشتی خاوەن توانا بێ و مامۆستا بە وردی ئەو كۆپلانەی بۆ هەڵ بژێرێ كە پێویستە بۆی بخوێندرێتەوە و هەزری ئەو بەرەو لایەك راكێشێ كە ئاكام و بەرهەمی باشی لێ دەكەوێتەوە، ئەو پرۆڤەیە بۆ ئەو دەبێتە وانەیەكی فەلسەفەی كردەیی كە ئێجگار بە كەڵك تر دەبێ لە تەواوی ئەو گریمانە تیۆرییانەی كە مێشكی لاوانی ئێمەیان شێواندووە، باشتر فێری دەبن. ئێمە كاتێك چیرۆكی پیرۆس دەخوێنینەوە و دەبینین سیناس دوای گوێگرتن لە ئامانجە پڕ كێشەكانی ئەم پاشایە لێی دەپرسێ گرتنی دونیا چ خۆشی و چێژێكی هەیە كە لە كردەوەدا و بە بێ چەرمەسەری دەست نادا؟

ئەو پرسیارە جوانەمان پێ باشە بەڵام خێرا وەلای دەنێین. دیارە ئێمیل شتێكی فەلسەفیی زۆر پڕ واتای تێدا بەدی دەكا كە هیچكات لە بیری ناچێتەوە. چونكی هێشتا باوەڕێكی هەڵەی ئەوتۆ كە پێچەوانەی ئەم راستیە بێ و نەهێڵێ بچێتە مێشكیەوە، لە مێشكی دا پنجی دانەكوتاوە. ئایا كاتێك زۆر دواتر سەربردەی ئەم كابرا شێتە دەخوێنێتەوەو دەبینێ كە تەواوی رێ وشوێن و نەخشەكانی ئەو جگە لەوەیكە بە دەستی ژنێك بە كوشتنی دا هیچی لێ شین نەبۆوە، دەڵێ چی؟ هەموو شاكارەكانی ئەو شەڕكەرە ناودارە و هەموو ساتوسەوداكانی ئەو سیاسەتڤانە گەورەیە چ قازانجێكی هەبووە؟ تەنیا هونەری ئەو ئەوە بووە، كە ئەوی لەو

لەتکە خشتە نزیکتر کردۆتەوە کە کۆتایی بە ژیان و ئاوات و ئارەزووەکانی هێنا. راستە ئەوەیکە هەموو داگیرکەران نەکوژراون و تەواویان لە هەوڵەکانیاندا سەرنەکەوتوون، باوەڕی هەڵەی رەشۆکان هێندێکیان بە بەختەوەر دەزانێ. بەڵام ئەو کەسەی فریوی رواڵەت ناخوات و بە پێی حاڵەتی دەروونیی کەسەکان داوەری دەکا لە سەر بەختەوەر بوونیان، هەر ئەو سەرکەوتنانەیان بە سەرچاوەی نەگبەتی و چارەڕەشییان دەزانێ. چونکی دەبینێ هەر چەندەی هێز و دەسەڵاتیان پتر دەبێ ، خەم و پەژارەشیان زیاتر دەبێ. دەبینێ هەتا زیاتر دەچنە پێشێ پشوویان سوارتر دەبێ بەڵام هیچکات ناگەنە ئامانج و مەبەست. ئەوان وەکوو ئەو گەڕیدە ناشارەزایانەن کە بۆ یەکەم جار دەچێتە ناوچەی کوێستانیی ئالپ و هەتا شاخێك بە جی دێڵن پێیان وایە هەموو ئەو ناوچەیەیسان پێواوە بەڵام کاتێك دەگەنە سەر لووتکە بەوپەڕی هیوابڕاوی یەوە دەبینن گەلێك شاخی بەرزتریان لە بەردەمە.

پاش ئەوەی ئاگۆست یەکەمین ئیمپراتۆری رۆم (سەدەی یەکەمی دوای زایین) هەموو هاووڵاتییانی خۆی پێمل و گوێڕایەڵ کرد و هەموو خەنیمەکانی خۆی بەزاند، بۆ ماوەی چل ساڵان بە سەر گەورەترین وڵاتێك دا کە مرۆڤەکان وەبیریان دێ فەرمانڕەوایی کرد. بەڵام بەو هەمووە شکۆمەندی یەوە سەری خۆی بە دیوار دادەدا و بەهاتوهاوارێك کە کۆشکەکەی پێ دەلەرزی، داوای خوێنی لەشکرەکەی لە واروس دەکرد (سەرداری ئاوگوست بوو، لە بەر ژەرمەنەکان بەزیبوو). وای دانێین هەموو نەیارانیشی تێکشکاندبێ، ئەم سەرکەوتنانە چ بەرهەمێکیان بۆ ئەو هەبوو؟ مەگەر جگە لەوە بوو کە پەیتا پەیتا خەم و ئازاری زیاتری بۆ ئەو لێ دەکەوتەوە؟ مەگەر جگە لەوە بوو کە نزیکترین هاوڕێکانی بە خوێنی سەری تینوو بوون و ناچار بوو بۆ ناوزڕاوی یا مەرگی هەموو کەسوکارەکەی بگری؟ ئەو داماوە دەی ویست بە سەر دوونیا دا زاڵ بێ بەڵام نەی توانی ماڵەکەی خۆی کۆنترۆڵ بکا. ئاکامی خافڵ بوونەکەی بوو بە چی؟ برازاکەی، زڕکوڕەکەی و زاواکەی لە هەڕەتی لاوەتیدا لە پێش چاوی خۆی گیانیان دەرچوو. نەوەکەی ناچار بوو کای نێو دۆشەگەکەی بخوات بۆ ئەوەی چەند ساتێکی دیکە بە داماوی بژی. کچەکەی و منداڵی کچەکەی پاش ئەوەی بە هۆی بێ نامووسی ناویان زڕا، بە

خراپترین شێوە گیانیان سپارد. یەکێکیان لە دوورگەیەکی چۆڵەوانیدا لە برسان مرد و ئەویتر لە بەندیخانە دا بە دەستی کەواندارێك کوژرا. دواتریش خۆی کە دوایین کەسی بنەماڵە بوو لە سەر پێداگریی ژنەکەی ناچار بوو عیفریتێك (مەبەست ئیبێر دووهەمین ئیمپراتۆری رۆم) ی بکاتە جێ نشینی خۆی. ئەوە بوو چارەنووسی ئەو پاشا گەورەیەی جیهان کە بە شانازی و رابواردنەکانیەوە بە ناوبانگە. ئای لە نێو ئەوانەدا کە ئەم شانازی و رابواردنانەی بە باش لە قەڵەم دەدەن کەس هەیە قایل بێ بەوەی کە ئەو نیعمەتانە بەو نرخە بکڕێ؟

لێرەدا نموونەم لە زێدەخوازی هێنایەوە. بەڵام بۆ کەسێك کە دەیەوێ فێری مێژوو بێت خۆی بناسێ و چاکسازیی لە ئەخلاقی خۆیدا بکا، هەر کام لە حەز و شەهوەتە مرۆی یەکان وانەیەکی لەم جۆرەمان پێدەدەن. ئەو کاتە نزیکە کە ئانتوان وانەیەك فێری ئێمیل بکات کە لە ژیانی ئاوگوست بە کەڵکتر و لەگەڵ وەزعی ئەو گونجاوتر بێ ئەم گەنجە هیچ وێکچووی یەك لە نێوان خۆی و ئەو شتە سەیر و سەمەرانە دا بەدی ناکا کە لەم خوێندنەوەو لێکدانەوە نوێیانە دا دەبنە هۆی سەرسووڕمانی. جگە لەوەش بەر لەوەی مەیل و شەهوەت بخزێتە گیانیەوە ئەو بیروخەیاڵانە لە خۆی دوور دەکاتەوە کە لەگەڵ ئەو دێن و چونکی تێگەیوە کە هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا شەهوەت خەڵکی کەرو کوێر کردووە، ئەگەر رۆژێك بکەوێتە داوی، دەزانێ چ هۆکارێك لەوانەیە ئەویش کوێر و کەڕ بکا. دەزانم کە لەوانەیە ئەم وانەگەلە بۆ ئەو باش و گونجاو نەبن لەوانەیە ئەو کاتەی دەیەوێ دە کاریان بێنێ رێساکانی تەواو نەبن یا کاتی بە کار هێنانیان بەسەر چووبێ. بەڵان لە بیرتان نەچێ کە ئەمن خۆم نەمویست ئەو دەرەنجامانە لە باسەکەم فێر بم کاتێك دەستم کرد بەو باسانە مەبەستێکی دیکەم هەبوو. و ئەگەر ئەم مەبەستەش جوان بەڕێوە نەچێ خەتای مامۆستایە.

لە بیرتان نەچێ کاتێك خۆپەرستیی پەرەی سەند، مرۆڤ بەردەوام خۆی لەگەڵ خەڵك دا بەراورد دەکا. واتە بێ ئەملاوئەولا ، گەنجەکەی ئێمە هەر چاوی بە خەڵك بکەوێ لەڕێوە چاوێك لە خۆی دەکا و خۆی لەگەڵ خەڵك دا دەخاتە تای تەرازووە. ئێستا پێویستە بزانین پاش ئەو بەراوردکاری یە پێگەیەك لە نێو هاوڕەگەزەکانیدا بۆ خۆی دیاری دەکا. بەڕای من بەو شێوازە

مێژوو فێرکردنەی کە ئێستە باوە، گەنجەکانی ئێمە لەگەڵ هەر کەڵە پیاوێکی مێژوو، کە ئاشان دەبن لە ڕێوە دەروونیان دەگۆڕن واتە حەزیان لێ یە خۆیان لە جێگەی ئەوان دانێن. بە واتایەکی دیکە هێندێ جار گەرەکیانە ببنە سیسرۆن ، وەختێکیش تراژان یا ئەسکەندەر. هەر بۆیەش پاش ئەوەی وەخۆ هاتنەوە، لە رەوشی خۆیان ناقایل دەبن. داخ و کەسەر هەڵ دەڕێژن بۆ ئەو پێگەیەی کە هەیانە هیوابڕاو دەبن. دیارە ئەم شێوازەی فێر کردنی مێژووە هێندێ قازانجیشی هەیە، بە مەرجێك تاقە یەك جار بۆ ئێمیل بێتە پێشێ کە پاش ئەم بەراوردکردنەی پێخۆش بێ کە ببێتە شتێك جیا لەوەی کە هەیە، تەنانەت ئەگەر بیەوێ جێگەی سۆقرات یا کاتێن بگرێتەوە، هەموو زەحمەت و ماندوو بوونەکانی من بە فیڕۆ چووە. ئەو کەسەی دەست بکا بەوەی لە خۆی دەرچێ، زۆر خێرا خۆی فەرامۆش دەکا.

--- قازانجی مرۆڤەکان

ئێمیل مرۆڤەکان بە باشی دەناسێ. چونکی بە جوانی لێیان ورد دەبێتەوە و لە دەروونیان تێ دەگا. ئەو بەزەیی بەو کەسانە دادێ کە دیلی هەڵە و شەهوەتەکانیانن. کەچی وریاشە بە ناسینی گەورەیی ئەخلاقیی خۆی تووشی خۆ بەزلزانی نەبێ. ئەزموونەکانی ژیان باشترین دەرمان و چارەسەری پەتای لە خۆبایی بوونن. لێرەدا کە دەبێ بە ئانقەست قوتابی یەکەتان بخەنە بەردەم ڕووداوگەلی جۆرا و جۆرەوە بۆ ئەوەی لایەنە لاوازەکانی خۆی باش بناسێ. پێویستە ڕاهێنەر لە هەموو ئەو مەترسی و ڕووداوانە دا کە بۆ قوتابی یەکەی دێنێتە پێشێ لەگەڵیدا بێ. گران و سەنگینیی خۆتان مەکەنە بیانوو و خۆشتان پێ فەیلەسوف نەبێ. لە هەڵەکانی ئێمیل دا بەشدار مەبن یا ئەگەر دەکرێ و دەتوانن هەڵەکانی بۆ ڕاست بکەنەوە.

ئەو کاتەی گەنجەکە تووشی هەڵە و لاڕێ دەبێ ، پێویستە کەڵك لەئەفسانەکان وەرگرێ. چونکی لە ئەفسانەکاندا بە ناوێکی دیکە رەخنە لە کەسی خەتابار دەگرن و بە بێ لۆمە و سەرکۆنە لە هەڵە و چەوتیەکانی خۆی تێی دەگەیەنن. ئەو کات تێدەگا کە ئەو ئەفسانانەی کە لە زمانی ئاژەڵانەوە بۆی دەگێڕنەوە درۆ نین چونکی پێی خۆی دەگرنەوە. ئەو منداڵەی کە هیچ کات بە پێداهەڵ گوتن فریوی نەخواردووە هیچ لەو ئەفسانەیە تێ ناگا کە پێشتر بۆم

باسکرد،بەڵام ئەو گەنجە ساویلکەیەی کە کابرایەکی زمان لووس هەڵی خەڵەتاندووە جوان تێدەگا کە "قالاو" گەمژە بووە.

بەمجورە شتێك لەو رووداوە فێر دەبێ کە بە سەر قشقەڕەکە هاتوە و ئەو ئەزموونەی کە وەدەستی هێناوە و لەوانەیە خێرا فەرامۆشی بکا ، لە سۆنگەی ئەو ئەفسانەیەوە لە مێشکی دا جێگیر دەبێ و دەچەسپێ. هیچ چەشنە زانیاری یەکی ئەخلاقی بوونی نیە کە مرۆڤ نەتوانێ لە رێگەی ئەزموونی خەڵك یا ئەزموونی خۆی یەوە دەستەبەری نەکا. لەو شوێنانە کە ئەم تاقیکاری و ئەزموونکردنە مەترسیدار بێ، لە بری ئەوەیکە خۆمان تاقیکاری یەکە بکەین، لە مێژوو دەرس وەردەگرین. دیارە کە ئەگەر ئەزموون و تاقیکاری یەکە مەترسیدار نەبێ، وا باشترە گەنجەکە خۆی تاقی بکاتەوە. ئەو کات لەوانەیە، ئەو شتە تایبەتیەی کە دەی زانێ لە رێگەی ئەفسانەوە بیکاتە رێسایەکی گشتی.

مەبەستی ئەمن ئەوە نیە کە ئەم رێ و شوێنانە بۆ قوتابی یەکەمان شی بکەینەوە، یا راستیەك بدرکێنین. بەرای من هیچ شتێك بێ ماناتر و بێهوودە تر نیە لە ئامۆژگاری یە ئەخلاقیەکان کە بە هۆی ئەوان کۆتایی بە ئەفسانەکان دێنن. وەك ئەوە وایە کە ئەم ئامۆژگارییانە لە نێو خۆی ئەفسانەکاندا نین و خوێنەر هەستیان پێ ناکا. بۆچی بە لێ زیاد کردنی ئەم ئامۆژگاری و رێنوێنی یانە گەرکتانە پێش بەو حەز و چێژە بگرن کە قوتابی لە رێگەی دۆزینەوەی ئەم ئاکام و دەرنجامەوە پێی دەگا.

هونەری مامۆستا لەوە دایە کە ، کارێکی وا بکات قوتابی چێژ لە وانە وەرگرێ. بەلام بۆ دەستەبەر بوونی ئەم چێژە نابێ بیر و خەیالی ئەو لە هەمبەر وتەکانی ئێوە دا بێکار بمێنێتەوە. واتە بۆ فامکردن و تێگەیشتنیان هیچ هەوڵێك نەدا. مامۆستا دەبێ تا رادەیەك لە خۆویستی و خۆنواندن خۆ ببوێرێ و هەل و دەرفەتێك بۆ چالاکبوونی خۆویستیی قوتابی یەکە برەخسێنێ. دەبێ قوتابی بتوانێ بڵێ: تێدەگەم، ورد دەبمەوە، وادەکەم، شت فێر دەبم. یەکێك لەو شتانەی کە پانتالۆن (تەڵخەکی نێو شانۆکانی ئیتالیا) لە پێش چاوی ئێمە دەخا، ئەوەیە کە دیەوێ ئەو سوحبەت و گاڵتە بێ تامانەی هەموو کەس لێی تێدەگا، شی بکاتەوە. ئەمن

نامەویَ راهێنەر کەسێك بیَ لە گوێن پانتالۆن. جا ئیتر چ بگا بە نووسەرێك. دەبیَ مەبەستی خۆت تەواو بگەیەنی بەلاَم پێویست نیە هەمیشە هەموو شتێك بلێی. ئەو کەسەی هەموو شتێك دەلێ ، شتێکی ئەوتۆ فێری کەس ناکا. چونکی لە کۆتایی کار دا هیچ کەس گوێی لیَ راناگریَ. لافونتێن بۆچی ئەو چوار شێعرەی لە کۆتایی ئەفسانەی (ئەو بۆقەی خۆی دەماسێنیَ) زیاد کردووە؟ مەگەر نیگەران و پەرۆشی ئەوەیە لە مەبەستەکەی تێنەگەن؟ مەگەر ئەو شێوەکارە گەورەیە پێویستی بەوە هەیە ئەو شتانەی دەیان کێشێتەوە ناوەکانیان بە سەریانەوە بنووسیَ؟ بەو شێوەیە بە جێگەی ئەوەیکە ئەو راستیە ئەخلاقیانەی کە دەیەویَ فێری ئێمەیان بکا، بیان گشتێنیَ. دەیانکاتە شتێکی تایبەتی. واتە ئەو راستیانە لەو نموونانەدا بەرتەسك دەکاتەوە کە ئاماژەی پیَ کردوون و ناهێلیَ لەگەلَ نموونەکانی دیکەش بە یەکیان بگرن.

حەزم لیَ بوو بەر لەوەی ئەفسانەکانی ئەم نووسەرە بیَ وێنەیە بخەینە بەر دەستی گەنجان، ئەو بەشە لە شی کردنەوەو رێساکان کە روون کردنەوەیەکی دووبارەی ئەو بابەتانەن کە پێشتر بە جوانی و بیَ گریَ خراونەتە روو لابەرن. ئەگەر قوتابی یەکەی ئێوە بە بیَ روون کردنەوە لە ئەفسانە تیَ ناگا، ئاوا بە شی کردنەوە لێیان تێناگا. ئیتر پێویستە ئەمجارە ئەم ئەفسانەگەلە بەشێوەیەك بنووسنەوە کە زیاتر لەگەلَ بنەماکانی پەروەردە یەك بگرنەوەو لەگەلَ پێشکەوتن و گرسانی هەست و زانیاری یەکانی گەنجان بگونجێن. ئایا هیچ شتی لەوە غەلەت تر هەیە کە لە هەلَ بژاردنی ئەفسانەکاندا هەر هەمان تەکووز و نەزم و تەرتیبی نێو کتێبەکان رەچاو بکەن و کات و پێویستیی لە بەرچاو نەگرن؟ بۆ وێنە لە پێشدا باسی قالاو بکەن و دواتر باسی سیسرە و بۆق و دوو ئێستر و .... بەو دوو ئێسترە زۆر وەرەزم. چونکی کورپژگەیەکم دەخاتەوە بیر کە بۆ ئیشی دارایی و سەرافی رایان دێنان و هەموو رۆژیَ بە وەبیرهێنانەوەی ئەو شتەی کە دەبیَ لە دوا رۆژ دا بیکات شەکەت و وەرەزیان دەکرد. بەو حالەشەوە سەت جار زیاتر ئەفسانەی گۆرینی بۆ خەلك لە بەر دەگێراوە. بە بیَ ئەوەی لەو نارەزایەتیە تیَ بگا کە لەو ئەفسانەیەدا دژ بە ئیشی داهاتووی ئەو هەبوو نەك هیچکات نەم دیتوە منداڵان بە کردەوە بچنە سەر ئەو راستیانەی لە ئەفسانەکاندا هەن، بەلکو هیچکات نەم دیتوە کە یەکێك ناچار بەو

کارەیان بکات. بە بیانووی پەروەردەی ئەخلاقیی فێری ئەفسانەیان دەکەن. بەڵام دایك و باوکی منداڵەکە جگە لەوەی بۆ ماوەیەك سەری کۆرپێکی پێوە بخافڵێنن مەبەستێکی دیکەیان نیە. هەر بۆیەش کە منداڵ گەورە بوو ئیتر نابێ ئەفسانەکان "لە بەر" وەخوێنێ بە ڵکوو پێویستە بە کردەوە کاریان پێ بکا، تەواویانی لە بیر دەچێتەوە. دیسانیش دەیڵێمەوە کە تەنیا مرۆڤە پێگەیشتووەکان بەهرە لە ئەفسانە وەردەگرن و ئێستا کاتی ئەوە گەیوە کە ئێمیل دەبێ دەست بکا بەو کارە.

زۆر ناشیرین و بێ جی یە کە گەنجەکان لە قۆناخێك دا بنێرنە نێو گۆڕەپانی ژیان کە تەنیا زانیاریی تیۆرییان هەیە. ئێمیل رادێ بەوەی کە بە راستی ئەرکە کۆمەڵایەتیە باشەکان بەرێوەبەرێ.

ئەو وەکوو شوالیە (سەرباز) ە چۆڵگەڕەکانی سەدەکانی نێوەڕاست بە شوێن نەهێشتنی ستەم و ناهەقی دا ناگەڕێ. بەڵکوو بەبێ دەنگی، کات و دراوی خۆی بۆ یارمەتیی هەژار و لێقەوماوان تەرخان دەکا. بۆ ئەوەی بەزەیی هەمیشە ئاکامی باشی لێ بکەوێتەوە، دەبێ هەمووان بگرێتەوە. چونکی ئەو کاتەیە کە بەزەیی لەگەڵ دادپەروەری یەك دەگرنەوە. ئێمیل هەر ئەو کارە دەکا. بە کردەوەی خۆی و بەو بیروڕایەی کە لە ئاکامی تێکۆشان دا وەدەستی دێنێ، دەتوانێ بە بەرزەفڕی یەوە لە پێوەندی یە ئەخلاقیەکانی نێوان تاکەکان تێ بگا.

--- پەروەردەی ئایینی

سەرەڕای ئەوەی کە هێزی دەروونی و هزریی ئێمیل بە تەواوی پوختە بووە، هێشتا بە جوانی لە واتای سیفەتەکانی خودا تێناگا. مەڵێن ئەوە جێی باوەڕ نیە. دڵنیا بن لەوە کە راستە. چونکە بۆ هزری مرۆ کە بەردەوام بە شوێن دەرهەستەکانەوەیە، زۆر ئەستەمە کە لە خۆوە لە شت گەلێکی ئابستراکتی وەکوو ، رۆح و (جوهر و عرچ) و زاتی خودا تێ بگا.

وای بۆ دەچم کە خوێنەران سەریان سوورِبمێنیّ لەوەیکە لە یەکەمین ساڵەکانی پەروەردە کردنی قوتابی یەکەمدا هیچ شتێکم دەربارەی ئایین پیّ نەگوتووە. ئێمیل لە تەمەنی 15 ساڵیشدا هێشتا نەی دەزانی کە رۆحی هەیە و لەوانەیە ئێستاش کە 18 ساڵانە، تێگەیشتن لەو بابەتگەلە بۆ وی زوو بیّ. ترسی ئەوە هەیە کە هیچ کات بە جوانی لێی تیّ نەگا. ئەگەر من ویستبام باسی بوونەوەرێکی گەمژە بکەم، لەو خۆبەزلزانترم باشتر وەگیر نەدەکەوت کە کاتیشیزم Catechisme[1] ی فێری منداڵانی کەم تەمەن دەکرد. ئەگەر ویستبام منداڵێك شێت بکەم ناچارم دەکرد ئەو شتانەم بۆ شی بکاتەوە کە لە کاتیشیزم دا دەی خوێنیّ. لەوانەیە رەخنەی ئەوم لیّ بگرن کە لە بەر ئەوەیکە زۆربەی بنەماکانی ئایینی مەسیحیەکان نهێنی یە.

ئەگەر بتانەویّ چاوەڕێی ئەوە بن کە هزری مرۆ ئەوەندە گەشە بکا کە بتوانیّ لەو نهێنی یانە سەر دەربێنیّ ، هەر ئەوەندە بەس نیە کە کە چاوەڕێی گەورەبوونی منداڵەکە بن بەڵکوو دەبیّ راوەستن هەتا مرۆڤ دەمریّ. وەڵامی من بۆ ئەم نارەزایەتیی ئەوەیە کە یەکەم: نهێنی یەکان نەك هەر مەحاڵە مرۆڤ لێیان تیّ بگا بەڵکوو ئەستەمە بڕوایان پیّ بکا. ناشزانم فێرکردنی ئەم نهێنی یانە چ ئاکامێکی بۆ منداڵ لیّ دەکەوێتەوە؟ جگە لەوەیکە هەر لە سەرەتای منداڵیەوە فێری درۆ کردنیان بکەن. دووهەم بۆ ئەوەی منداڵ لەو نهێنی یانە تیّ بگا لانیکەم دەبیّ بزانیّ کە هێندیّ لە نهینی یەکان محاڵە لێیان تیّ بگەین، بەڵام منداڵ ئاقڵی بەوە ناشکیّ. لە تەمەنێك دا کە منداڵ هەموو شتێك بە نهێنی دەزانیّ. نهێنی بۆ ئەو مانایەکی نیە.

" دەبیّ ئیمانت بە یەزدان بیّ، بۆ ئەوەی رزگار بی" ئەم باوەڕە لە بنەمادا راستە ، بەڵام لە بەر ئەوەی خراپ لێك دەدەرێتەوە، یەکەم: دەبێتە هۆی توند وتیژی بە تەوژمی ئایینی و تەنانەت خوێن و خوێن رێژی. دووهەم دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێك پەروەردەی بی ّجیّ کە مرۆڤ فێری چەنەوڕیّ دەکەن و لە ئاکامدا گەورەترین خەسار بە زانست و ئاوەز دەگەیەنن.

[1]ـ کاتیشیزم : بنەماکانی ئایینی مەسیحیەت

هەڵبەت پێویستە مرۆڤ زۆر خێرا بکەوێتە شوێن رزگاری. بەڵام ئەگەر بۆ رزگار بوون هەر ئەوەندە بەسە کە هێندێ وشە بە بێ تێگەیشتن دووپاتە بکەینەوە، نازام لە بەرچی لە جێگەی منداڵان پڕی ناکەن لە تووتی. ئێوە کاتێك ناچار دەبن ئیمانتان بە خودا هەبێ کە بتوانن ئیماندار بن. ئەو فەیلەسوفەی کە ئیماندارە خەتابارە. چونکە بە جوانی کەڵك لەو عەقڵەی خۆی وەرناگرێ کە پەروەردەی کردووە و ئەو شتە قبووڵ ناکا کە لێی تێدەگا.

بەڵام ئەو منداڵە کەم تەمەنەکەی پێڕەوی ئایینی مەسیحە ئیمانی بە چ شتێ هەیە؟ دیارە بەو شتەی کە تێی دەگا و ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن و وەکوو تووتی فێری دەبێ، ئەوەندە بە دەگمەن و کەم فێری دەبێ کە ئەگەر پێچەوانەی ئەوەی پێ بڵێن دیسانیش قبوڵی دەکا.

بە لای هەموو منداڵان و گەورەکانەوە، ئیمان بابەتێکی جوگرافیای یە و بۆ وێنە دەبێتە پرسیارێکی لەم چەشنە: ئایا ئێستا کە لە رۆم (نیشتمانی پاپا و شاری پیرۆزی کاتولیکان) لە دایکبوونە، رزگارییان بووە، یا ئەگەر لە مەککە لە دایك بوونایە؟ بە منداڵێك دەگوترێ: محەممەد پێغەمبەری خودایە، ئەویش دووپاتەی دەکاتەوە محەممەد پێغەمبەری خودایە. بە یەکێکی دی دەڵێن : محەممەد لە لایەن خوداوە نەهاتووە، ئەویش دووپاتەی دەکاتەوە محەممەد لە لای خوداوە نەهاتووە. ئەگەر شاری خۆیان گۆڕیبایە (جێگۆڕکێ یان بکردایە) یەکەمیان قسەی دووهەمی دەگوتەوە و دووهەمی قسەی یەکەم. ئایا دەکرێ بڵێین یەکێك لەو دوو منداڵە یەکێکیان شیاوی بەهەشتە و پێی رەوایە و ئەویتر شیاوی جەهەننەم؟ کاتێك منداڵ دەڵێ ئیمانم بە خودا هەیە، مەبەستی ئەوەیە کە ئیمانی بە فلان و فیسارە کە گوتویانە خودایەك هەیە. باوەڕی لە گوێن باوەڕی ئەو کە دەیگوت: "ئەی ژوپیتەر، ئەی ئەو کەسەی جگە لە ناوەکەت هیچت لێ نازانم".

ئێمە (مەبەستی رۆسۆ ئێمەی پرۆتستانیە کە خۆی لە سەر دینی ئەوان بووە) دەڵێین تەواوی ئەو منداڵانەی کە پێش ئەوەی چاك و خراپ لێك بکەنەوە دەمرن دەچنە بەهەشت. کاتولیکی یەکانیش دەڵێن: تەواوی ئەو منداڵانەی "غسل تعمید" دراون و شۆراون تەنانەت ئەگەر ناوی خوداشیان نەبیستبێ، دەچنە بەهەشت. کەوابوو لە هێندێ حاڵەت دا لەوانەیە مرۆ

بە بێ ئەوەی ئیمانیشی بە خودا هەبێ رزگاریی بێ. ئەم حاڵەتانە یەکێکیان سەردەمی منداڵیی یە و ئەویتر شێتی یە واتە لەو حاڵەتانەدا کە هزری مرۆ ناتوانێ فامی بوونی خودا بکا. جیاوازیی ئەمن و ئێوە تەنیا لەوەدایە کە ئێوە دەڵێن منداڵ لە تەمەنی حەوت ساڵانیشدا دەتوانێ فامی هەبوونی خولقێنەر (خودا) بکاو ئەمن دەڵێم تەنانەت لە تەمەنی پازدە ساڵیشدا بە گوێرەی پێویست نافامێ. ئایا ئەمن لە هەڵە دام یا ئێوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە پرسێکی ئایینی نیە بەڵکوو بابەتێکی مێژووی و سروشتی یە.

بە پێی ئەو باوەڕی خۆم کە باسم کرد مندڵ لەوانەیە بگاتە تەمەنی پیرییش بە بێ ئەوەی باوەڕی بە خودا هێنابێ و لەو دنیاش لە عەزاب دا نەبێ بەو مە رجەی کە بێ باوەڕی یەکەی ئاکامی نەزانین بێ و لە رووی ئانقەست نەبێ.

ئێوە لە سەر ئەو شێتانەی کە بە هۆی رووداوێکەوە هێز وتوانای هزریی خۆیان لە دەست داوە ئەو قسەیەی ئێمە قبووڵ دەکەن چونکی دەڵێن هەر چی یەك بێ ئەوانە مرۆڤن و شیاوی بەزەیی خوای خۆیانن. ئێستا خەڵکێك بێننە بەرچاو کە هەر سەرەتای منداڵیەوە بە دوور لە کۆمەڵگەی مرۆیی ژیاون و لە هەموو تەمەنی خۆیاندا کێوی و وەحشی ژیاون و بێبەش بووون لە وەرگرتن و فێربوونی زانیاری و زانست کە ئەوەش تەنیا لە رێگەی هاوڕێ یەتی و ژیان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە دا دەستەبەر دەبێ. بۆچی دەڵێن ئەو کەسانە لە بەزەیی خودا بێبەرین؟ مەگەر قبووڵتان نیە کە مەحاڵە ئەو وەحشیانە بتوانن هزری خۆیان ئەوەندە بەربڵاو بکەنەوە کە خوای راستەقینە بناسن. عەقڵ پێمان دەڵێ، مرۆڤ کاتێك بۆ ئەوە دەبێ سزا بدرێ کە بە ئانقەست هەڵەیەکی کردبێ. کەوابوو نەزانینێك کە مرۆڤ دەسەڵاتی چارەسەر کردنی نیە گوناح نیە.

ئاکامێك کە لەو قسانەمان وەری دەگرینەوە ئەوەیە کە لە بەرانبەر دادپەروەریی خوایانەدا ئەگەر یەکێك بتوانێ خاوەن تێڕوانین بێ و زانیاری وەدەست بێنێ ئیمان بە خودا دێنێ و دێتە نێو ریزی ئیماندارانەوە. لە نێو بێ باوەڕاندا تەنیا کەسێك سزا دەدرێ کە بە ئەنقەست دەرگەی مێشك و دڵی خۆی لە سەر حەقیقەت کلۆم دابێ.

باسی حەقیقەت بۆ ئەو کەسانە مەکەن کە شیاوی فامکردنی نین چونکە هەودای فکریان دەشێوێنن. خودای نەناسن لەوە باشترە کە لە زەینی خۆیاندا سیفەت و تایبەتمەندی گەلێکی بچنە پاڵ کە شیاوی شانی ئەو نەبێ.

پلۆتارک دەڵێ: وام پێ باشترە کە خەڵك پێیان وابێ ، پلۆتارکێك لەم دونیایە دا هەر بوونی نیە نەك بڵێن پلۆتارك کابرایەکی زاڵم و بەخیل و سەرەڕۆیە و ئیش و کاری وای لە خەڵك دەوێ کە قەوەیان پێی ناشکێ."

ئێمیل هیچکات سەبارەت بە سیفەتەکانی خودا بیری چەوت و خراپ ناکاتەوە چونکی وا راهاتوە کە بایەخ وسەرنج بداتە شتێك لە سەرووی فام وتێگەیشتنی ئەوەوەیە. جگە لەوەش راهێنەرەکەی ئەو هەوڵ نادا لە سەر رێبازێکی تایبەت پەروەردەی بکا بەڵکوو تێدەکۆشێ، بە شێوەیەك رای بێنێ کە گەورە بوو ئایینێك هەڵ بژێرێ کە عەقڵی خۆی پەسندی دەکا.

--- باوەڕە ئایینی یەکانی جێگری قەشەیەك

لێرەدا رۆسۆ هەودای قسەی پساندووە و ئەو چیرۆکەی بۆ خوێنەران هێناوەتەوە : سی ساڵ لەمەو پێش گەنجێکی (کالڤینیست) ی هەژار لە یەکێك لە شارەکانی ئیتالیا دەژیا. لە پێناو وەدەست هێنانی پاروو نانێك دا ئایینی خۆی گۆڕی. لەو کەنیسەیەدا کە هێنایانە سەر ئایینزای کاتولیکی بێجگە لە درۆنگی لە کاروباری ئایین هیچ فێر نەبوو و جگە لە گەندەڵی هیچی نەدی. قەشەیەکی هەژاری ساڤۆئایی Savoie لەو شوێنە چەپەڵە رزگاری کرد و لە ماڵەکەی خۆیدا حەواندی یەوە. ئەم کابرا گران و سەنگین و حەیا بەخۆیە، خۆی کردە هاوڕێی ئەو گەنجە بەرەڵلایە. سەرەتا هەوڵی دا سەر لە نوێ هەست و هۆگریی بە ئەخلاقی باش لە دڵی دا بگووڕێنێتەوە، ئینجا دژی خۆپەرستی و هەرزەیی و رەشبینی یەکەی هەوڵی دا. بۆ ئەوەی لە پێناو وەدەست هێنانی زانیاری و تێگەیشتوویدا رێنوێنیی بکا، بەڵێنی دا، رۆژێك سەربوردە و بە سەرهاتی ژیان و باوەڕەکانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە.

ـ لە زمانی گەنجە بەرەڵلاکەوە گوێ بۆ بیستنی درێژەی چیرۆکەکە رادەگرین:

بە تاسەوە گوێم بۆ بیستنی قسەکانی ئەو شل کرد. قەول و قەرارمان خستە سبەینێ. ئەو کات هاوین بوو. بەیانی زوو لە خەو هەستاین. قەشە بردمیە سەر تەپۆڵکێکی دەرەوەی شار کە رووباری Po بە بناری دا تێدەپەڕی. ئەو رووبارە هەتا چاو هەتەری دەکرد بە نێوان دوو بەستێنی بە پیت و بەرەکەت دا رادەبرد.

زنجیرە کێوی ئالپ وەکوو تاج بە سەر سەری ئەو دیمەنەوە بوو. تازە تاو کەوتبوو و تیرۆژی خۆر کە هاوتەریبی زەوی بوو سێبەری بەرزی دارستان و تەپۆڵکانی دەخستە سەر کێڵگەکان و بە نەخش و نیگارە تاریك و روونەکانی خۆی، دیمەنێکی پێك هێنابوو کە جوانیەکەی بێ وێنە بوو. دەتگوت سروشت هەموو گەورەیی و شکۆی خۆی لەبەر دیدەی ئێمە راخستبوو بۆ ئەوەی بیکەینە بابەتێك بۆ لێدوان. ئەو پیاوەی خودا، پاشا ئەوەی چەند ساتێك بە بێ دەنگی لەو دیمەنە راما، پێی گوتم: رۆڵە، چاوەڕێی ئەوە مەبن کە بە وتای زانایانە و بەڵگەی پتەو بتاندوێنم. ئەمن فەیلەسوف نیم و حەزیشم لێ نیە ببم. بەڵام هەست و تێگەیشتنی سروشتیم هەیە و هەمیشە خوازیاری حەقیقەتم. نامەوێ گەنگەشە و مشتومڕتان لەگەڵ بکەم و ناشمەوێ قایلتان بکەم. تەنیا باسی ئەو شتانەتان بۆ دەکەم کە لە دڵی پاك و بێ خەوشی من دان. کاتێك قسان دەکەم ئێوەش بگەڕێنەوە نێو دڵی خۆتان، جگە لەوە هیچ شتێکم ناوێ لێتان. ئەگەر بە هەڵە شتێکم گوت، بە ئەنقەست نیە و نابێ ئەو هەڵەیەم بە گوناح لە قەڵەم بدەن. ئەگەر ئێوەش هەڵە بکەن گوناحبار نین. ئەگەر باوەڕی من راست بێ و هۆکارەکانم بەدڵی ئێوە بن، قەی چی دەکا کە ئێوەش لەگەڵم هاوڕا بن.

قەشە درێژە بە قسەکانی دەدات بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە: چونکی کوڕە رەعیەتیکی هەژار بووە، خزم و کەسەکانی خستیانە بەر خوێندنی ئایینی بۆ ئەوەی بتوانێ پاروو نانێك پەیدا بکا. بەڵام ئیشێکی وەئەستۆ گرت کە قەوەی پێی نەدەشکا. رۆژێك تووشی هەڵەیەك بوو کە بە ئاشکرا بوونەکەی حەیای چوو. لە قەشەییان خست و لە کلیسایان وەدەر نا. ئەو باوەڕە ئایینی یانەی خستبوویانە میشکی یەوە لە دەستی دان. چونکی تووشی گومان

و دڕدۆنگی ببوو هەوڵی دا خۆی بدۆزێتەوە. لە کتێبی فەیلەسوفاندا جیا لـە خـۆ بـەزلزانی و خـۆ بە حەقیقەت زانین شتێکی دیکەی نەدۆزی یەوە. ناچار پەنای بردە بەر عەقڵی خۆی و هەوڵی دا "خود" ی خۆی بە باشی بناسێ.

قەشە دەڵێ هەر لە سەرەتاوە بە حەقیقەتێکی نوێ گەیشتم کە ناکرێ نکوولیی لێ بکـەی و ئەویش ئەوەیەکە " ئەمن هەم. ئەمن تەنیا بوونەوەرێکی هەستیار نیم بەڵکوو چالاکیشم. ئەگـەر دەسـەڵاتم یـە سـەر هەسـت و ئیحساسـاتی خۆمـدا نیـە، بـە سـەر بـیر و هـزری خۆمـدا زاڵـم. ئیحساساتی ئەمن هۆکارگەلێکی هەن کە فاکتەری دەرەکین و لە دەسەڵاتی مـن دانـین. کـەوابوو بە دڵنیای یەوە جیهانی دەرەوە بوونی هەیە.

دەبینم ماك (مادە) دەجووڵێ. بوونەوەرگەلێکی زیندووی وەکوو من لـە خـۆوە (بەشـێوەی ئۆتۆماتیکی) لە جووڵە دان، بەڵام شتە بێ گیانەکان دەبێ بە هۆی پاڵنەری دەرەکیەوە ببزوێن. چونکی جیهان بە هیچ شێوەیەك لە ببوونەوەرێکی زیندوو ناچێ، هۆی جووڵە و گەشەی ئـەو لـە خۆی دانیە بەڵکوو لە ویست و ئیرادەیەکی دەرەکیدایە .(ڕێسای یەکەم)

ئەگەر مادەیەك دەجـووڵێ نیشـاندەری بـوونی ئـیرادە و ویسـتێکە. مادەیـەك کـە بـە پێـی هێندێ یاسای دیاریکراو دەجووڵێ، نیشاندەری بوونی عەقڵێکە (ڕێسای دووهەم) ئەو یەکیەتی و هاوئاهەنگیە کە لە نێوان بەشە جیاجیاکانی جیهاندا هەیە دەری دەخا کـە ئـەم عەقڵـە خـاوەنی هێزێکی لە بڕان نەهاتوویە. ئەمن ئەو عەقڵە تەواوە ناودەنێم خودا.

مرۆڤ لە سەر ڕووی زەوی دا خاوەن دەسەڵات و سەربەسـتیە. بـەڵام ئەگـەر مرۆڤـەکان کـە خاوەنی پلەی جیاجیان لە بەرچاو بگرین ، دەبینین کە لە هەموو شوێنێ خراپە هەیە. ئەمن دوو پـاژ لـە خۆمـدا بـە دی دەکـەم : یـەکێکیان جەسـتە کـە پێـڕەوی یاسـاگەلی مـاددی گوێڕایـەڵی ئیحساساتی و شەهوەتە، ئەویتر ڕۆحە و لە سـەرووی ئەوانەوەیـە واتـە سەربەسـتە. ئـەم ڕۆحـە ئـازادە و جەوهـەرێکی ڕووت و تـوخمێکی نامـادی یـە (ڕێسـای سـێ هـەم). خـودا بۆیـە مرۆڤـی سەربەست خوولقاندووە هەتا بەها ئەخلاقیی یەکەی نیشان بدا.

چـونکه بـه سەربەستیشـی خولّقانـدووه بـۆ کـاری خـراپیش سەربەسـتی کـردووه. رۆح کەشتێکی نامادی یە پاش فەوتانی جەسـتە دەمێنێتـەوە و چاکەکاران پـاش مـەرگ بەختـەوەر دەبن. بەمشێوەیە دەتوانین لە فەلسەفەی هەبوونی خراپە تێ بگـەین و خـودا بـە زاڵـم نـەزانین. هەر وەکی دەبینین پـاش ورد بوونـەوە لـە کارەکـانی خـودا و پـاش لێکۆڵینـەوە لـە هێنـدێ لـە سیفەتە باشەکانی ئەو پێویست بـوو بیانناسـین، توانیومـە ئـەو وێنـا پـڕ کەموکورتیـەی کـە لـە گەورەیی خولّقێنەر لە زەیینم دابوو وردە وردە بەرفراوانتر بکەم بـەڵام ئەگـەر لـە لایەکـەوە ئـەم وێنا گەورەتر و پیرۆزتر بووە، لە لایەکی دیکەوە تێگەیشتن لێی بۆ هزری بچووکی مرۆڤ دژوارتـر بووە. هەتا زەینی خۆم لەم نووری ئەبەدی یە نـزیکتر دەکەمـەوە، درەوشـانەوەو رووناکیەکـەی سەرنجم زیاتر رادەکێشێ و تووشی سەرسوڕمانم دەکا و بە کورتی ناچار دەبم هەموو ئەو بنـەما زانستیانەی سەر زەوی وەلانێم کە لەوانە بوو لـە رێگەیانـەوە ئەوتیشـکە بێنمـە نێـو خەیاڵـدانی خۆمەوە. دانی پێدا دەنێم کە خودا جەستە نەبووە و دەرهەست نیـە.قەبووڵمـە کـە ئـەو عەقڵـە تەواوەی بە سەر جیهانـدا زاڵـە، بەشـێك نییـە لـە جیهـان. بـەڵام هـەتا هـەم دەیبەمـە سـەرتر و مانـدووتری دەکـەم نـاتوانم لـەو جەوهـەرە دوور لـە تێگەیشـتنەی تـێ بگـەم. کاتێـك بـیر لـەوە دەکەمەوەی کە ئەو جەوهەرە دەبێتە هۆی زینـدوویی و چـالاکبوونی ئـەو رۆحـەی کـە بـە سـەر جەستەی گیانلەبەران دا زاڵە، کاتێـك دەبیـەم کـە رۆحـی مـن شـتێکی مەعنـەوی یـە و خـوداش شـتێکی مەعنـەوی یـە. لـەم بـەراورد کردنـە کـە سـووکایەتی یەکـە بـە پێگـەی بـەرز و مـەزنی خوایەتی، تووڕە دەبم. وەکوو ئەوە وایە کە لە بیرتان بچـێ ،خـودا تـەنیا بوونـەوەرێکی رەهـا و تەنیا چالاکێکی رەهایە کە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی واتە بە بێ نێو بژیوان، هەسـت پێـدەکا، بـیر دەکاتەوە، ئیرادە دەکا و هەموومان ، هزر و هەست و چالاکی و ئیرادە و ئازادی و بوونی خۆمان لەو وەردەگرین.

ئەگەر ئازادین لە بـەر ئەەیـە کـە ئـەو ویسـتوویەتیی ئـازاد بـین و جەوهـەری ئـەو کـە ئێمـە ناتوانین تێی بگەین لەگەڵ رۆحی ئێمەدا وەکوو رۆحی ئێمە وایە لەگەڵ جەستەماندا. ئایا مادە و شـتەکان و گیانـەکانی خولّقانـدووە؟ نـازانم. تێگەیشـتن لـە بابـەتی خەڵقانـدن و وەدی هێنـانی

کاینات له توانای هزری من دانیه. ئەمن هەر ئەوەندەم باوەڕ بەو مەسەلەیە هەیە کە توانای لێ تێگەیشتنم لێی هەیە. بەڵام دەزانم کە جیهان و بوونەوەرەکانی جیهان ئەو خوڵقاندوونی. هەموو شتێك ئەو پێکی هێناوە. دیارە خودا ئەزەلی و ئەبەدی یە. بەڵام ئایا هزری من لە ئەزەلی بوون و ئەبەدی بوون تێدەگا؟ بۆ وشەگەلێك بێنمە سەر زمان کە لێیان تێ ناگەم؟ ئەوەی کە دەی زانم ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێك ئەو هەبووە و هەتا شتێك بمێنێ ئەویش دەمێنێ و ئەگەر ڕۆژێك هەرچی هەی لە نێویش بچێ هیشتا ئەو هەر دەمێنێ. ئەگەر بڵێین ئەو بوونەی کە ئەمن ناتوانم لە زات و جەوهەری تێ بگەم بوونەوەرگەلێکی دیکەی هێناوەتە بوون، شتێکم گوتووە کە تێگەیشتنەکەی بۆ من دژوارە. بەڵام ئەگەر بڵێم بوون و نەبوون بە شێوەی ئۆتۆماتیکی دەبنە یەکتر، دژوزای و ناتەبایی یەکم قبووڵ کردووە کە تەواو هەستپێکراوە.

دیارە خودا ژیرە ، واتە دەفامێ. بەڵام چۆن ژیرە؟ کاتێك دەڵێین فلانە کەس ژیرە مەبەستمان ئەوەیە کە دەتوانێ بەڵگە بێنینەوە. بەڵام عەقڵی تەواو پێویستیی بە بەڵگاندن نیە. بۆ ئەو (صفری و کبری) یەك بوونی نیە (واتە پاژو کۆ ، لای ئەو مانای نیە. و. ك.) درۆ و ڕاستی لەودا نیە. ئەو بە بێ داوەری کردن و بریار لە هەموو شتێك تێدەگا. هەرچی هەیە و هەرچی کە لەوانەیە بێتەبوون ، لە بەرچاوێتی. هەموو حەقیقەتەکان بە لای ئەوەوە یەك حەقیقەتن. هەر وەکی گشت شوێنەکان بۆ وی یەك شوێنن و هەموو کاتەکانیش بە لای ئەوەوە یەك کاتن. کردەوەی مرۆ بە کەرەسە و ئامرازەوە گرێ دراوە. دەسەلاتی خودا بە بێ ئەوانە دەچێ بەڕێوە. خودا توانایە، لە بەر ئەوەیکە ئیرادە دەکا. ئیرادەی ئەو هۆی دەسەڵاتەکەیەتی. خودا باش و دلۆڤانە و هیچ گومان لەوە دانیە. بەڵام چاکبوونی مرۆڤ بریتی یە لە خۆشەویستی و هۆگری بە هاوڕەگەزەکانی خۆی. لە حاڵێکدا چاکەی خودا بریتی یە لە حەز کردن و تەکووزی . چونکی لە سەر بنەمای تەکووزی یە کە بوونەوەرکانی پاراستووە و هەموو پاژێك بە "کۆ" دەگەیەنێ. خودا دادپەروەرە. هەمووان دان بەوە دا دەنێین . دادپەروەری یەکەی ئاکام و بەرهەمی دلۆڤانیەکەیەتی. ئەو ناهەقیەی خەڵك لە یەکتری دەکەن ، کاری خۆیانە نەك کاری خودا. ئەو بێ سەروبەری یە ئەخلاقیەی لە جیهاندا هەیە و هێندێ لە فەیلەسوفەکان دەی

گێڕنەوە بۆ نەبوونی خودا، ئەو بابەتەی سەرەوەم بە باشی بۆ روون دەکاتەوە. بەڵام دادپەروەریی مرۆڤەکان بریتی یە لەوەیکە لەوەدایە کە هەر کەس چ شتێك مافی خۆیەتیی پێی بدەن. بەڵام دادپەروەری خودا لەوە دایە کە حسێبی هەموو ئەو شتانەی لە بەندەی خۆی دەوێتەوە کە پێی داون. ئەگەر توانیومە ئەو سیفەتە باشانە بدۆزمەوە پێیان بگەم لە بەر ئەو ئاکامە حاشاهەڵنەگرانەن کە لە بەڵگاندنەکانم وەرمگرتوون و بە یارمەتیی کەڵك وەرگرتنێکی بە جێ و ڕێ یە کە لە عەقڵی خۆم وەرمگرتوە. بەڵام ئەمن ئەو سیفەتانەی خودا پشتڕاست دەکەمەوە بە بێ ئەوەی لە جەوهەر و زاتی ئەو تێ بگەم. ئەگەرچی بە خۆم دەڵێم خوا ئەم سیفەتانەی هەیە و ئەگەرچی هەست دەکەم خاوەنی ئەم سیفەتانەیە، دیسانیش تێ ناگەم چۆن دەتوانێ ئەم سیفەتانەی هەبێ. کورتی ببڕینەوە هەر چەندەی زیاتر هەوڵ دەدەم کە لە ماهیەت و مەزنێتی خودا بگەم کەمتر سەر دەکەوم. بەڵام وا هەست دەکەم بوونی هەیە و هەر ئەوەندەم بەسە. هەتا کەمتر لە ناخ و جەوهەرەی ئەو ئاگادار بم باشتر دەی پەرستم. خۆم لە هەمبەریدا بە چووکە و سووك دەزانم و دەڵێم: خوایە گیان ، لە سایەی بوونی تۆوەیە کە من هەم. ئەگەر بەردەوام بە یادی تۆم وەکوو ئەوە وایە کە بەردەوام سەرنجم بە لای ئەو چاوگەیەی بەخشینەوە بێ کە بوونی من لەوڕایە. باشترین ڕێگەیەك کە دەتوانم عەقڵی خۆم بەکار بێنم ئەوەیە کە لە بەرانبەر تۆ دا بیفەوتێنم. گەورەترین چێژێك کە بە گیانم دەگا و باشترین خۆشەویستیەك کە لە لاوازی و بێ دەسەڵاتیی خۆم بە نسیبم دەبێ ئەوەیە کە لە حاند و هەنتەشی گەورەییتدا خۆم ئێجگار بچووك دەبینم. پاش ئەوەی کە لە ژێر کاریگەریی شتە دەرەکیەکاندا و بە هۆی هەستی دەروونی کە ناچارم دەکا لە ڕێگەی زانیاری یە سروشتیەکان و زانیاری یە جەوهەری یەکانەوە لە سەر هۆکارەکان داوەری بکەم، توانیم بنەمای ئەو حەقیقەتان بدۆزمەوە بۆ ئێمە پێویست بوون. کارێکی دیکەم نەبوو جگە لەوەیکە لە خۆمی روون کەمەوە کە لە نێوان ئەو حەقیقەتانە دا دەبێ کامیان بکەمە نموونە و پێڕەوی لە کامە یاسا بکەم بۆ ئەوەی بتوانم بە دڵی ئەو کەسەی خوڵقاندوومی لە سەر زەوی ئەرکەکانم ڕاپەڕێنم. لەوەشدا پێڕەوی لە مێتۆدی پێشووم دەکەم کە تایبەت بە خۆم بوو. واتە ڕێوشوێن و فەرمان لە وتەی

فەیلەسوفە گەورەکان وەرناگرم بەڵکوو لە دڵی خۆمدا دەی دۆزمەوە کە بە پەنجەرەی سروشت و بە خەتی نەمر نووسراوە. هەر ئەوەندەم بەسە بزانم دەمەوێ چ بکەم. ئەوەی هەست دەکەم باشە، بە دڵنیای یەوە باشە و ئەوەی هەست دەکەم خراپە بێ گومان خراپە بێ ویژدانمان باشترین دادووەرمانن.

تەنیا کاتێك کە دەمانەوێ کڵاو لە سەر ویژدانی خۆمان بنێین پەنا دەبەینە نێو پێچ و گەوی بەڵگاندن. بۆ وێنە یەکەمین شتێکی کە دەبێ وریای بین جەستەمانە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر وابووە کە دەنگی دەروونیمان واتە دەنگی ویژدان پێی گوتووین کە ئەگەر هێمنایەتیی خۆمان لە سەر ئاسایش وتەناهیی ئەوانیتر دامەزرێنین کارێك خراپمان کردووە. ئێمە پێمان وایە لە ژێر کاریگەریی سروشت دا دەجووڵێینەوە، لە حاڵێکدا بە پێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوت دەکەین. ئەو شتەی (سروشت) بە هەستمانی دەڵێ : لە گوێی دەگرین و گوێ نادەینە ئەوەی بەدڵمان دەڵێ. ویژدان دەنگی گیانە و شەهوەت دەنگی جەستەیە. کەوابوو سەیر نیە کە ئەو دووانە زۆر جاران دژ بەیەکن. دەبێ گوێ بە کامیان بدرێ؟ عەقڵ زۆر جار فریومان دەدات و هەر بۆیەش حەقمانە کە جار وبار گوێ بە بەڵگەکانی نەدەین بەڵام ویژدان هیچ کات فریومان نادا. ئەوەی کە رێنوێنی راستەقینەی مرۆڤەکانە ئەوە پێوەندیی ویژدان بە گیانەوە وەکوو پێوەندیی وارسکە بە جەستەوە. هەر کەس پێڕەوی لێ بکا ، بە قسەی سروشتی کردووە و ترسی لارێ بوونی نیە.

هاورێ چاکەکارەکەم لەو کاتە دا کە زانی گەرکمە قسەی پێ ببڕم گوتی ئەو خاڵە ئێجگار گرینگە. ئیزن بدە بۆ زیاتر روون کردنەوەی ، بە تێر و تەسەلی قسەت بۆ بکەم.

هەموو چاکە و خراپەی کردەوەی ئێمە بەو داوەری یەوە بەستراوەتەوە کە خۆمان لە بارەی دا دەی کەین. ئەگەر ئەوەیکە چاکە شتێکی باشە ، دەبێ بەو شێوەیەی کە لە کردەوەکانماندا دەر دەکەوێ لە دڵیشماندا هەبێ. یەکەمین خەڵات و پاداشتی چاکە ئەوەیکە هەست بکەین کردوومانە. ئەگەر ئەوەمان قبوول بی‌کە ئەخلاقی چاك لە ناخی مرۆ دایە، دەبێ دان بەوە دانێین کە هەر کەس چاکەکار نیە بە گیان و جەستە نەخۆشە. واتە ئەگەر مرۆڤ لەناخ و جەوهەر دا بەدفەڕ و خراپ بێ هەتا گیانی نەگۆڕدرێ هەر بەدفەڕ دەبێ، واتە چاکە لەو

دا دەبێتە سیفەتێکی ناسروشتی. ئەگەر وا بوایە هەر وەکی گورگ بۆ راوی نێچیری خۆی خولقاوە، مرۆڤیش بۆ ئازاری هاوڕەگەزەکەی خۆی دەخولقێندرا و مرۆڤی بە روحم و بەزەیی وەکوو گورگی بە بەزەیی حەیوانێکی نوقستان دەبوو. دیارە وەها مرۆڤێك تەنیا لە کار و کردەوەی باش پەژیوان دبوۆوە.

هاوڕێ گەنجەکەم ، با بڕێك بە ناخی خۆماندا رۆبچین ، بیر بکەینەوەو بزانین ئەگەر قازانجی شەخسی لە گۆڕێ دانەبێ، حەزمان لە چ شتێ دەبێ. زیاتر چێژ لە چ دیمەنێك وەردەگرین؟ لە ئازاری خەڵك یا لە بەختەوەر بوونیان؟ لە کاری چاك و کردەوەی خراپ کێهەمان پێ باشتر دەبێ؟ و پاش کردنیان چێژ لە کامەیان وەردەگرین؟ لە شانۆ دا زیاتر حەزتان لە چ شتێکە؟ ئایا زیاتر کەیفتان بە جەنایەتەکان دێ یا زیاتر بۆ جەنایەتکارەکان فرمێسك هەڵدەوەرێنن؟ هێندێ کەس دەڵێن جیا لە قازانجی خۆمان حەزمان لە هیچ شتێ نیە. بەڵام هەڵە دەکەن. بە پێچەوانە. کاتێك قۆرتێکمان بە سەر دێ، بە دەنگەوە هاتنی هاوڕێیانمان و لێپرسینی دۆستانمان ئازارمان کەم دەکەنەوە و کە خۆشی و شادیمان بە سەر دادێ، ئەگەر کەسێکمان نەبێ کە لە شادی یەکانمان بەشداری بکەین خۆمان بە بێ کەس و داماو دێتە بەرچاو. ئەگەر بە شێوەی سروشتی دڵی مرۆڤ مێهرەبان نیە، بۆچی هێندە لە کردەوەی جوامێران چێژ وەردەگرێ و بە دیتنی ئەوانەی رۆحێکی بەرزیان هەیە و ئاوا شاگەشکە دەبن؟ ئەو خۆشیەی لە کاتی خۆ پاراستن لە گوناح دا پێمان دەگا چ پێوەندی یەکی بە قازانجی تاکە کەسیەوە هەیە؟ بۆچی پێم خۆشە لە جێگەی کاتۆن Caton بم کە زگی خۆی هەڵدڕی نەوەك بۆ وێنە لە جێگەی سیزار بم کە لە سەرکەوتن دا پێی نایە نێو رۆمەوە؟ ئەگەر عیشقی چاکەو جوانی لە دڵێ ئێمە بسڕنەوە تەواوی جوانی و خۆشەویستیی ژیانمان لێ دەستێننەوە. ئەو کەسەی شەهوەتە دزێوەکان هەستە ناسکەکانی دڵی خنکاندووە ئەو کەسەی کە ئەوەندە خۆپەرست بووە گەیشتۆتە ئاستێك کە جگە لە خۆی کەسی خۆش ناوێ ، ئیتر تین و گوڕی نیە. دڵێ سڕ بووی بە هیچ چەشنە شادی یەك نابزوێ. هیچکات ئەسرینی لە چاوی نازێ. وەها کەسێك هیچ چێژێکی پێ ناگا. ئەو داماوە هەست بە هیچ شتێ ناکا. وەها کەسێك مردووە.

هەر چەندەی ڕێژەی دڵڕەقان لە سەر زەوی زیدا بێ، ژمارەی ئەو کەسانەی هەر کەم دەبێ کە جگە لەو هەلومەرج و کاتانەی قازانجێکی بۆ ئەوان تێدایە حەزیان لە هیچ چاکە و پەروەری یەك نیە. ناهەقی تەنیا ئەو کاتانەی بە دڵی ئێمەیە کە چێژی لێ وەرگرین. ئەگەر لە کۆڵان یا لە سەر ڕێگە چاومان بە کەسێك بکەوێ کە ناهەقی دەکا، ئاگری تووڕەیی لەڕێوە لە ناخماندا کڵپە دەکا و هانمان دەدا کە لە سەر کەسی ناهەقی لێکراو وەجواب بێین. بەڵام ئەرکێکی گەورەتر ڕێگەمان پێ دەگرێ. لە ڕاستیدا یاسا ئیزنمان نادا کە خۆمان ڕاستەخۆ پشتیوانی لە بێ گوناح بکەین. بە پێچەوانەوە ئەگەر کارێکی باش یا کردەوەیەکی جوامێرانە لە بەرچاو ی ئێمە بکرێ، دەستخۆشانەی پێ دەڵێین و لە دڵی خۆماندا بکەری ئەو کردەوەیەمان خۆش دەوێ. کێ هەیە کە نەڵێ خۆزگە ئەو کەسە من بوایەم.

دیارە هیچ بۆم گرینگ نیە کە فلانە کەس دوو هەزار ساڵ لەوە پێش داداپەروەر بووە یا زاڵم. بەو حاڵشەوە ئەو کارانەی ئەو لە ڕابردوو دا کردوونی هەر ئەوەندە کارم تێدەکەن کە ئەگەر ئێستا کردبانی.

جەنایەتەکانی کاتیلینا چ زیانێکی بۆ من هەیە؟ ئایا وا هەیە ئەمن ببمە قوربانیی ئەم جەنایەتانە؟ بۆچی ئەگەر هاوچەرخیشم بوایە هەر ئەوەندەی لێ بێزار دەبووم؟ ئێمە بۆ ئەوە ڕقمان لەو دڵڕەقانە نیە کە ئێمە ئازار دەدەن بەڵکوو لە بەر ئەوەیە کە دڵ ڕەقن. هەر ئەوە نیە کە حەزمان لێ بێ خۆمان بەختەوەر بین بەڵکوو حەزمان لی یە خەڵکیش بەختەوەر بن. بەختەوەریی خەڵك دەبێتە هۆی زیاتر بەختەوەر بوونمان. بە مەرجێك کە زیانی لێ نەبینین. مرۆڤ چ بیهەوێ و نەیەوێ بەزەیی بە چارەڕەشان دادێ و هەرکات بە داماوی بیان بینێ ئازار دەچێژێ. گەندەڵترین کەسەکانیش لەم ڕێسایە بەدەر نین. هەر بۆیەش گەلێ جاران لە ناخیدا تووشی ناتەبایی دێ. بۆ وێنە ئەو چەتەیەی ڕێبواران ڕووت دەکا، سواڵکەریی ڕووت و قووت دادەپۆشێ و بێ بەزەییترین پیاوکوژیش وا هەیە یارمەتیی کەنفتێکی لە پێ کەوتوو بکات.

سەبارەت بەو پەژیوانەی کە بە نهێنی سزای جەنایەت شاراوەکان دەدات و تەنانەت زۆر جاران لە قاویان دەدا، زۆر شت دەگوترێ : وای ، وای. ئەرێ لە نێو ئێمە دا کەس هەیە گوێی

لەو دەنگە ناخۆش و بە ئازارە نەبووبێ؟ ئەوانەی باس لە لۆمەی ویژدان دەکەن ئەوەیان تاقی کردۆتەوە. چەندمان پێ خۆش بوو کە بتوانین ئەم هەستە سەربزێوە کە هێندە ئازارمان دەدا، بێ دەنگ بکەین. گوێ بە فەرمان و رێساکانی سروشت بسپێرین. ئەو کات دەبینین کە بە چ نەرمی و دڵۆڤانیەکەوە حوکمڕانیان بە سەردا دەکات و چۆن پاش پێڕەوی کردن لێی چێژ لە ئاکاری باشی خۆمان وەردەگرین.

مرۆڤی خراپ و بەدفەڕ لە هەمووکەس پتر لە خۆی دەترسێ و بۆ ئەوەی دڵخۆش و شاد بێ هەوڵ دەدات خۆی لە بیر بکا. بەردەوام بە دڵەکوتەوە چاو بە دەورو پشتی خۆیدا دەگێڕێ و بە شوێن شتێك دا دەگەڕێ کە سەری پێوە بخافڵێنێ. ئەگەر جنێوان نەدات و قەشمەریی نەکا، بەردەوام خەمۆکە. تەنیا چێژی ئەو پێکەنینی تێکەڵاو بە گاڵتەیە. بە پێچەوانە، خۆشحاڵیی کابرای چاکەکار لە ناخی خۆیدایە. پێکەنینی ئەو نیشانەی گاڵتە نیە بەڵکوو نیشانەی شادی یە. ئەو پێکەنینە لە دڵی هەڵ دەقوڵێ. کاتێك بە تەنیایە بە قەد ئەو کاتە شاد و بە کەیفە کە لە نێو خەڵك دایە. شادیی خۆی لەو کەسانە وەرناگرێ کە لێی نزیك دەبنەوە. بە پێچەوانە، خۆشحاڵیی ئەو ئەوانیش وەکەیف دێنێ.

بڕواننە هەموو گەلانی جیهان. لاپەڕەی هەموو مێژووەکان هەڵ دەنەوە. لە نێو تەواوی ئەو ئایینە سەیر و سەرمەرەو زاڵمانەدا لە نێو هەمووی ئەو داب و نەریتە لەڕاده بەردەر و جۆراوجۆرانەدا، لە هەموویاندا هەر ئەم بنەمایانەی دادپەروەری و راستی و هەر ئەم یاسا ئەخلاقیانە و هەر هەمان ئەو چەمکگەلەی چاکە و خراپەیە بە دی دەکەین.

بت پەرستەکانی سەردەمی کۆن (یۆنان و رۆم) خواگەلێکی درێو و چەپەڵیان خولقاند. کە ئەگەر لە سەر زەوی مابان وەکوو خراپترین تاوانباران سزا دەدران.

ئەم خوایانە جەنایەتکردن و دامرکاندنەوەی شەهوەتەکانیان بە گەروەترین بەختەرووەری لە قەڵەم دەدا. بەڵام گەندەڵی ئەگەرچی بە هێزێکی پیرۆز کراو تەیار کرابوو لە خۆڕایی لە پلەوپێگەی خوایانەی خۆیەوە کێشرایە سەر زەوی، وارسکەی ئەخلاقیی و پاکیی جەوهەری، لە دڵی مرۆڤەکانی دوور دەخستەوە. ئەگەر باسی هەرزەیی و بەرەڵلایەتیەکانی ژوو پیتریان دەکرد

خۆپاراستنی ئێکسێنۆکراتیشیا exenocrate ، بەرز دەخاند. لوکرِسی luerece دوائین پـاك و ڤینۆسی بـە شـەرمیان دەپەرست. گـەورەترین پیـاوانی ئـەو سـەردەم، خزمـەتی چـەپەڵترین خواکانیان دەکرد. بەڵام دەنگی پیرۆزی سروشت کە بـەرزتر بـوو لـە دەنگـی خواکـان، لـە سـەر زەوی رێزی دەگیردرا و بە دەنگیەوە دەچوون. هـەر دەتگـوت جەنایـەت و تـاوان و تاوانکـارانی بەرەو ئاسمان رەتاندووە.

کەوابوو لە نـاخی هـەر رۆحێکـدا بنەمایـەکی جەوهـەریی دادپـەروەری و خۆپـارێزی بـە دی دەکرێ و ئێمە سەرەڕای یاسا و خدەکانمان،لە رووی ئەوەوە داوەری لە سەر کردەوەی خۆمـان و خـەڵك دەکـەین و هـەڵیان دەسـەنگێنین و چـاکە خراپـەیان هـەڵ داوێـرین. ئـەو بنەمایـە هـەر ئەوەیەکە ئەمن ناوم ناوە ویژدان.

هەر لە ئێستا لە هەموو لاوە هاواری نارەزایـەتیی فەیلەسـوفگەلێکی درۆزنم گـوێ لێ دەبـێ. هەمووان یەك دەنگ دەڵێن ویژدان یانی چیە؟ ئەوەی کە تۆ ناوت ناوە ویژدان ساویر (وەهـم) ی منداڵانەیە. یا باوەڕگەلێکی چەوتن کە لە ئاکامی پەروەردە دا پێمان گەیوە، هـزری مـرۆڤ جگـە لەوەی لە دەرەوە و لە رێگەی ئەزموونەوە پێی گـەیوە، هیچـی دیکـەی تێدانیـە و ئـەو داوەرری یەی لە سەر شتەکان دەی کەین بە پێی ئەو چەمك و واتایانەن کە لە دەرەوەڕا وەرمـانگرتوون. زۆر جاران لەوەش بەو لاوەتر دەڵێن: نکوڵی دەکەن لەو یەکدەنگی یەی کە لە نێو هەموو گەلاندا سەبارەت بە جەوهەری بوونی هەسـتی چـاك و خـراپ هەیـە و بـۆ رەت کردنـەوەی ئـەم بـاوەڕە روونە، کە مرۆڤەکان بە گشتی باوەڕیان پی یەتی ، لە نێو ئەنگوستە چاوەکاندا یەك یـان چـەند نموونە دێننەوە کە تەنیا خۆیان لێی تێ دەگەن و دەی ناسن. وەکوو ئـەوە وایـە کـە ، چـونکی نەتەوەیەکی گەندەڵ پەیدا بووە دەبێ نکوڵی لە تەواوی گەلان بکـرێ و لـە بـەر ئەوەیکـە چـەند کەسێکی دڕندەخوو لە نێو مرۆڤەکاندا بەدی کراوە، دەبێ نەسلی مـرۆڤ بـە خـراپ و بەدفـەڕ لـە قەڵەم بدرێ. چ قازانجێکی بۆ مونتاینی بێ باوەڕ هەیە کە پاش هەزار زەحمەت و کوێرەوەری لە شـوێنێکی دوورەدەسـتی جیهـان دابوونەریتگـەلێکی پێچـەوانەی بنـەماکانی دادپـەروەری بدۆزینەوە. چ قازانجێکی بۆ وی تێدایە کە قسەی فلانە گەشتیاری بێ ناونیشان بە لایەوە باشتر

بێ لە وتەکانی گەورەترین نووسەرانی جیهان؟ ئایا چەند خووخدەیەکی جێی شك و گومان و سەیر و سەمەرەکە سەرچاوەکانیان لە هێندێك هۆکاری ناوچەی یەوەن کە بۆ ئێمە نەناسراون، دەتوانێ ئەو سەلمێندراوەی کە بەرهەمی رێککەوتنی باوەڕیی تەواوی گەلانە ، پووچەڵ بکاتەوە؟ مەگەر نابینین کە سەرجەم خەڵکی جیهان ، ئەگەر لە سەر هەر بابەتێك بیروڕای جیاوازیان هەیە، تەنیا لە سەر ویژدان بە تەواوەتی کۆك و هاوڕان؟ ئەی مونتاین! ئەتۆ کە خۆت بە حەقیقەت بێژ دەزانی، راست بڵێ. ئەگەر لەوانەیە فەیلەسوف راستگۆ بێ راستگۆ بە. ئایا لەم جیهانەدا مەملەکەتێك هەیە کە تێیدا پێبەند بوون بە ئیمان و باوەڕ، یەك قسەیی، بەزەیی، خێرومەندی و جوامێری جەنایەت بێ؟ مرۆڤی باش بێزراو بێ و مرۆڤی خراپ جێگەی رێز؟

دەڵێن خەڵك تەواویان لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان دا هەوڵ بۆ بە بەختیاریی گشتی دەدەن. کەوابوو چۆنە کە هەڵ بژێراوان و پیاوچاکان بە زیانی خۆیان خزمەتی کۆمەڵگە دەکەن؟ مەگەر خۆ بە کوشت دان لە سەر ئایین یان نیشتمان یا باوەڕ، زیان پێ گەیشتن نیە؟ راستە کە هیچ کەس بە بێ لە بەرچاوگرتنی بەختەوەریی خۆی پەنا ناباتە بەر کارێك، بەڵام نابێ لە بیری کەین کە بەختەوەری یەکی مەعنەوی و چێژێکی رۆحیش هەیە کە چاکەکاران بۆ گەیشتن پێی ، فیداکاری دەکەن کەوابوو تەنیا چارەڕەشەکانن کە دەکرێ بڵێین بە تایبەتی بۆ گەیشتن بە قازانجی خۆیان، هەوڵ دەدەن. مەحاڵە فەیلەسوفگەلێك هەین کە ئەوەندە بیزراو و چەپەڵ بن کە دان بە نیاز پاکیی چاکەکاران دانەنێن و بۆ کارە باشەکانیان هۆکاری خراپ و دژ بە خۆ پاراستن ، داتاشن. مەحاڵە فەیلەسوفگەلێك پەیدا بن کە سوقراتیان پێ خراپ بێت و بوختان بۆ بەر گۆلۆس هەڵبەستن.

ئەگەر خوانەکردە، رۆژێك لە نێو ئێمە باوەڕی لەو چەشنە بێتە ئارا، دەمودەست هاواری نارەزایەتیی سروشت و عەقڵ دەگاتە ئاسمان و ئیزن نادا کە تەنانەت یەك کەسیش لە داکۆکی کارانی ئەو باوەڕە، وابنوێنێ کە ئیمانی بە باوەڕەکەی خۆی هەیە.

کردەوەی ویژدان بە چەشنێك لە داوەری کردنەکانی عەقڵ لە قەڵەم نادرێ بەڵکوو بەرهەمی جۆرە هەستێکی دەروونی و سروشتیە، بەڵام کاتێك عەقڵی ئێمەدەگاتە ئاستێك کە خۆپارێزی

(تقوا) بناسێ، ئەو هەستە ناچارمان دەکا ، خۆشمان بوێ. جگە لەوە، وای دانێین نەشتوانین لە ڕێگەی سروشتی خۆمانەوە لە بنەما و ماهیەتی ویژدان تێ بگەین ، لە ناخی ئێمە دا شتێك شایەتیی ئەوە دەدات کە ئەو {هەستی خۆپارێزی یە} لە ئێمە دا بوونی هەیە.

ئەی ویژدان ، ئەی وارسکەی خوایی. ئەی دەنگی نەمری ئاسمانی! ئەی ڕێ پێشاندەری جێ متمانەی ئەم بوونەوەرە نەزان و گەمژانە، ئەتۆ کە ژیر و سەربەستێ ئەی ئەو کەسەی بە بێ هەڵە چاکەو خراپەی هەڵداوێری؟ تۆ کە مرۆ لە خودا نزیك دەکەیتەوە! ئەوە تۆی کە سروشتی ئەو چاك دەکەیت و کردەوەکانی لەگەڵ یاسا ئەخلاقیەکان دەگونجێنێ ... گەر تۆ نەبوای من لە خۆمدا هەستم بە هیچ شتێ نەدەکرد کە بمخاتە سەرووی ئاژەڵانەوەو تەنیا سەروەریم بە سەر ئەواندا ئەوە دەبوو کە بە یارمەتیی عەقڵ و فام و تێگەیشتنی ناڕێك لاڕێ بم و لە هەڵەیەکەوە تووشی هەڵەیەکی دیکە بم.

سوپاس بۆ خوا ، ئێستا ڕزگارمان بوو لە شەڕی دامودەزگەی سامناکی بەلگاندنی فەلسەفی. واتە دەتوانین مرۆڤ بین بە بێ ئەوەی زانا بوو. ئیتر ناچار نابین تەمەنی خۆمان تەرخان بکەین بۆ موتاڵای کتێب گەلی ئەخلاقی و بە زەحمەتێکی کەمترەوە لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەری یەکی جێ متمانەدا دەتوانین لەو پێچ و گەوە بێ سنوورانەی بیروباوەڕی گشتی دا ڕێگەی خۆمان بدۆزینەوە. بەڵام تەنیا بوونی ئەم ڕێ پێشاندەرە بەس نیە، دەبێ بتوانین و بی ناسین و پێڕەویی لێ بکەین. ئەگەر ئەو هەموو دڵەکان دەدوێنێ، بۆچی کەمتر دڵێك گوێی لە دەنگی دەبێ و گوێ بە قسەی دەدا؟ لە بەر ئەوەیە کە ئەو بە زمانی سروشت قسان دەکان. کەچی هەرچی لە دەوروبەرمانە ناچارمان دەکا سروشت لە بیر بکەین.

"ویژدان" حەیا بە خۆیە و حەزی لە دوورەپەرێزی و هێمنی یە. ترسی لە کۆڕ و کۆبوونەوەو هات و هەرا هەیە. باوەڕە گشتی یە چەوتەکان، کە خەڵك بە سەرچاوەی ویژدانیان دەزانن. خراپترین دوژمنی ویژدانن. ئەو لەم باوەڕانە هەڵدێ، یا بێ دەنگەی لێ دەکا.دەنگی بەرزی ئەم بیروباوەڕانە ،دەنگی ئەو دەخنکێنێ و ناهێڵێ ئێمە بیبیستین. دەمارگرژیی توندی خەڵك ڕوخسار دەگۆڕێ و بە ناوی ویژدانەوە جەنایەت دەخولقێنێ. ئەوەندە ویژدان دەڕەتێنین

ئاخری یەکەی دڵسارد دەبێتەوە. ئیتر نامان دوێنیێ، وەڵاممان نادات‌ەوە و لە بەر ئەو هەمووە سووکایەتیەی‌پێی کراوە ، ئەوەندەی رەتاندنەکەی دژوار بوو ، ئێستا بانگ هێشتنەوەی دژوارە.

کاتێك مرۆڤ هۆگری خۆی بە نیسبەت چێژە رۆحیەکانەوە لە دەست دا، زۆر بە سەختی دەتوانێ وەدەستیان بێنێتەوە: خۆپارێزی (تقوا) تەنیا بە لای ئەو کەسەوە باشە ، کە بە شێوەی سروشتی خۆپارێزە. مرۆڤ بۆ ئەوەی وزەی راپەڕاندنی کاری باشی هەبێ تەنیا بیرکردنەوی عەقلانی و بەڵگاندن بەس نیە. ئەگەر مرۆڤ خووی بەوە گرتبێ کە لە گۆشە نیگای بەرژەوەندی یەکانی خۆیەوە ، داوەری بکا، بەڵگاندنەکاندا، لەوانەیە خراپترین شتەکان بە رەوا بزانێ. لێرەدایە کە بیر کردنەوە لە بوونی خودا پێویستە. چونکی خودا ناوەند (سەنترە) ی خولقاندنە. هەموو شتەکانی خۆمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دا رێکوپێك دەکەین ودەگونجێنین و ئیتر ئەو کات عەقڵ ئیزنی ئەوەمان ناداتێ کە پێڕەوی لە حەزە چەوت و درێوەکانی خۆمان بکەین. رێگەی ئاوەز بەمجۆرە دەدۆزرێتەوە. دلۆڤانیی خودا ئەو هەوڵە ئەخلاقیەمان بە هێزتر دەکا کە دەی خەینە گەڕ. ئەم هەوڵە شیاوی بەرز نرخاندنە. چونکی رۆحی ئێمە لە کۆت و زنجیری جەستەو هەستەکانماندایە و پساندنی ئەو زنجیرە گەلێك دژوارە. دڵ لە تەمەنێك دا هێشتا ئازادە بەڵام بە تین و گوڕ، پەشێو و چاوبرسی بەختیاری یەکە، کە نازانێ چی یە. دڵ بە دڕدۆنگی یەکی سەیرەوە بە شوێن ئەم بەختەوەری یە دا دەگەڕێ و چونکی فریوی هەستەکان دەخوات، ئاخری یەکی بە لای وێنە چەوتەکەیدا دەشکێتەوە. واتە لە بری ئاو، تراویلکە دەبینێ و لە شوێنی لە بەختەوەری دەگەڕێ کە بوونی نیە. خۆم بۆ ماوەیەك ئەو وێنا خەیاڵاتانەم هەبوون. مخابن ئەمن گەلێك درەنگ ئەوەم زانی و هێشتا نەمتوانیوە بە جیددی لە خۆمی دوور بخەمەوە، هەتا ئە کاتەی ئەم جەستەیە کە هۆی سەرهەڵدانی خەیاڵاتە ، بمێنێ، خەیاڵاتیش دەمێنن. بەوەندە دڵخۆشم کە ئەگەر هۆگریشی دەبم پێی هەڵ نافریوێم. چونکی بەهای راستەقینەکەی دەزانم. وەشوێن ئەو خۆشی یە خەیاڵیانە دەکەوم بەڵام بەکەمیان ناگرم. ئەمەن ئەو چێژە درۆیینە جەستەییانە ، نەك بە مایەی بەختەوەری نازانم بەڵکوو بە لەمپەری

سەر ڕێگەی بەختەوەری یان دەزانم. بە تاسەوە چاوەڕوانی ئەو کاتەم کە لەو زنجیرانەی لە جەستەم هاڵاون، ڕزگار بم و هەر خۆم بمێنمەوە و بەس. هەموو پێوەندی یەکانی ئەو بەرەو جیهانێك تووڕ هەڵدەم و بۆ بەختەوەر بوون، جگە لە خۆم پێویستیم بە کەس نەبێ. بە هیوای وەها ڕۆژێك. جارێ لەم جیهانەش دا چارەڕەش نیم. چونکی گرینگی نادەم بە گرفتەکانی ژیان، تا رادیەك خۆم لە دەرەوەی ئەم جیهانەدا دەبینم. تەواوی ئەو چێژو خۆشیە واقیعی یانەی کە لەوانەیە لەم جیهانەدا پێی بگەم ، لە دەستی خۆم دایە.

بۆ ئەوەی بتوانم هەتا ئەو جی یەی دەکرێ بەرەو ئەم بەختەوەری یە راستەقینە و وزە و ئازادی یە راستەقینەیە هەلْ کشێم ، خۆم لە بیر کردنەوە دا نوقم دەکەم. لە سەر تەکووزی جیهان موتالآ دەکەم و دەخوێنمەوە، نەك بۆ ئەوەی بە بەڵگەی پووچی فەلسەفی باسی هۆی وەدی هاتنەکەی بکەم، بەڵکو بۆ ئەوەی ئە زانایە بپەرستم کە ئەوەی بە دی هێناوەو شوێنەواری هێز و دەسەڵاتی ئەو لە هەموو شوێنێ دا بەرچاوە. ئەمن بە زمانی دلْ خولْقێنەری جیهان دەدوێنم و جەوهەری "لاهوتی" ی ئەو دەرێژمە نێو گیان و جەستەم. دلْم بە دیتنی ئەو هەمووە نیعمەت و پێدراوە بێ هەژمار و دلۆڤانیە ناکۆتایەی ، نەرم دەبێت. لە ناخی دلْ و گیانمەوە سوپاسی دەکەم. دیارە دەستی نزا بۆ لای ئەو بەرز ناکەمەوە و روو ناکەمە قاپیەی ئەو. چونکی پێویستیم بە شتێك نیە کە لێی بخوازم. ئایا، وا هەیە داوای ئەوەی لێ بکەم کە رەوتی ڕووداوەکان بە کەیف و قازانجی من بێ ،واتە بۆ من پەرجو بکا؟ ئایا ئەمن کە دەبێ لە هەموو شتێ پتر ئەو تەکووزی یەم خۆش بوێ کە زانستی ئەو دای مەزراندووەو بەخشندەیی ئەو پاراستوویەتی ، داوای ئەوەی لێ دەکەم کە لە بەر خاتری من ئەو تەکووزی یە تێك بچێ؟ نەخێر. ئەگەر وەها داوایەکی بێ شەرمانەم لێ کردبایە شیاوی ئەوە بووم سزا بدرێم نەوەکوو ئەوەیکە دوعا و پاڕانەوەم وەرگیرێ. هەروەها داوام لە خودا نیە کە توانای راپەڕاندنی کاری چاکەم پێ بدات. چونکی هیچ مانایەکی نیە کە دیسان داوای شتێکی لێ بکەم کە {پێشتر} پێی داوم. ئایا، ویژدانی پێ نەبەخشیوم کە چاکەی خۆش بوێ؟ عەقلْی نەداومەتێ کە بیناسم؟ و ئازادیی پێ نەداوم کە هەلْی بژێرم؟ ئەگەر کارێك خراپ دەکەم پاکانەم بۆ قبوولْ کردن نابی.

بۆیە خراپەی دەکەم چونکی دڵم دەخوازێ. ئەگەر داوای ئەوەی لێ بکەم، کە ئیرادەم بگۆڕێ، وەکو ئەوەی ئەو لە منی ویستووە ، من لەوم بوێ، وەکوو ئەوە وایە کە بمەوێ ئەو ئیشی من بکاو ئەمن پاداشتەکەی وەرگرم. ئەگەر بە وەزعی خۆم قایل نەبم وەکوو ئەوە وایە کە بمەوێ شتێك دامەزرێ جیاواز لەوەی کە هەیە. واتە شێواوی و خراپە جێگەی ڕێکوپێکی و چاکە بگرێتەوە.

ئەی سەرچاوەی حەقیقەت و دادپەروەری ، ئەی خودای مێهرەبان و بەخشندە_ چونکی متمانەم بە تۆیە، گەورەترین ئارەزووم ئەوەیە، واتە گەورەترین نزام ئەوەیە کە ئەو شتەی تۆ دەی خوازی بێتە دی. چونکی ئەمن ئەو شتەم دەوێ کە تۆ دەتەوێ. ئەو شتەی تۆ بیکەی دەی کەم و خۆم بە دلۆڤانیت دەسپێرم و دڵنیام بە خۆشبەختیی تەواو و ڕەها دەگەم کە پادشتی ئاکاری منە.

لە بەر ئەوەی کە خۆم بە گومانم و ئەو دڕدۆنگی و گومانەش لە خۆڕایی نیە ، تەنیا داوایەك کە لەوم هەیە ی باشتر بڵێم لەدادپەروەریی ئەو چاوەڕوانیی دەکەم ئەوەیە کە ئەگەر ڕێگەم لێ ون بوو و ئەو لاڕێ بوونەش مەترسیدار بێ. بمخاتەوە سەر ڕێگەی ڕاست. ڕاستە کە من باوەڕمەند و ئیماندارم بەڵام لە هەڵە و لاڕێ پارێزراو نیم. لەوانەیە ئەو باوەڕانەی کە بە لای منەوە حەقیقەتێکی تۆخن، درۆیەکی پەتی بن ، چونکی کەس نیە کە پێبەندی بواڕەکانی خۆی نەبێ و چەند کەستان پێ شك دێ کە لە سەر هەموو شتێ هاوڕاو هاودەنگ بن؟ ڕاستە ئەو ساویرانەی (توهمات) ئەمن فریو دەدەن لە ناخی خۆمەو سەرچاوە دەگرن. بەڵام هەر خوایە، کە دەتوانێ لەوانەم بپارێزێ و ڕزگارم بکا. هەتا ئەو جێگەی توانیومە بۆ دۆزینەوە حەقیقەت هەوڵم داوە. خەتابارم؟ ئێستا کە ناتوانم لەمە زیاتر لە حەقیقەت بچمە پێشێ ئەو دەبێ بەرەو من بێ.

هەتا ئێرە تەنیا باس لە ئایینی خواپەرستیی ڕەها کراوە. بەڵام ئەو دۆزینەوانەی {مکاشفات} ەی کە لە ئینجیل دا باسی لێوە دەکرێ ، تاوتوێ کردنیان گەلێك دژوارە، چونکی سەرانسەری تاریکی و سوڕ و نهێنی یە. ئەو ڕۆژەی گەلان ویستیان لە لایەن خوداوە بدوێ، هەر

کام بە شێوەیەکی تایبەت قسەیان کرد. هەر بۆیەشە گەلێك ئایینی جۆراوجۆر لە سەر زەوی هەن. هەر کەسە و پێی وایە تەنیا ئایینی ئەو راستە و وتەکانی پیاوانی ئایینی خۆی دەکاتە بەڵگە. بۆ ئەوەی بتوانین لە یێو ئەو هەمووە ئایینە جیاوازە دا حەقیقەت بدۆزینەوە، دەبێ پشت بەداوەریی عەقڵی خۆمان ببەستین کە ئەو بە بێ بەڵگەی متمانە پێکراو بڕیار نادا.

دەڵێێن خودا قسان دەکا. دیارە ئەوە مەسەلەیەکی گەورەیە. خودا قسەی بۆ کێ کردووە؟ ـ بۆ مرۆڤەکان ـ ئەدی بۆچی دەنگیم نەبیست؟ ـ لە بەر ئەوەی مرۆڤگەلێکی دیکەی راسپاردووە کە قسەکانیان پێ بگەیەنێ ـ تێگەیشتم. مرۆڤەکان وتەکانی خودام بۆ دەگێڕنەوە. دیارە پێم خۆشتر بوو خۆم گوێم لە دەنگی بوایە. بۆ ئەو گرفتێکی نەبوو، ئەمنیشی لە مەترسی فریودان دەپاراست. بۆ ئەوەی تۆ فریو نەخۆی، خودا مەئموری یەتی راسپاردەکانی خۆی روون کردووەتەوە، ئەو موعجیزانە لە کوێن؟ ـ لە کتێبەکاندا ـ کێ ئەو کتێبانەی نووسیون؟ ـ سەیرە! هەمووی هەر شایەتیی مرۆڤەکان، هەمووشیان ئەو مۆڤگەلەی کە ئەوەم بۆ دووپاتە دەکەنەوە کە مرۆڤەکانی دیکە گێراویاننەتەوە. مرۆڤ چەندە لە نێوان من و خودادا دەبێتە نێو بژیوان ـ دەی باشە با قسەکانی ئەو مرۆڤانە شەنوکەو بکەین، لێیان بکۆڵینەوە. بەڵام ئەگەر خودا ئەو کارە پڕ لە زەحمەتەی لە کۆڵ کردبامەوە ، ئایا بە دڵێکی پەرێشانترەوە دەمپەرست؟ هاوڕێ گیان ، ئاگات لێ یە خۆم خستۆتە چ گەنگەشەیەکی ئاڵۆز و دوور و درێژەوە؟ دەبێ چەندەم زانیاریی هەبێ کە بتوانم بگەڕێمەوە کۆنترین چاخەکانی مێژووی مرۆیی بۆ ئەوەی پێشگویێ پێغەمبەران و ئەوەوەچی و ئیلهامەی بۆیان هاتۆتە خوار و ئەو رووداوگەلەی لە سەردەمی ئەواندا روویان داوە و هەموو شوێنەواری ئایینەکان لە وڵاتاندا تاوتوێ بکەم، بەراوردیان بکەم و پێکیان بگرم و شوێن و کات و بکەری ئەو کردەوەگەلە و هۆکاری ئەو کارانە روون بکەومەوە. هێزی رەخنەو وردبینی من دەبێ چەندە بێ کە بتوانم بەڵگە رەسەنەکان لە بەڵگە دەسکرد و ساختەی یەکان جوێ کەمەوە. نارەزامەندی یەکان بە وەلانانیان بەراورد بکەم وەرگێڕانەکان لەگەڵ دەقە ئەسڵیەکانیان پێك بگرم بۆ ئەوەی بێ لایەنیی شایەتەکان و ئاستی تێگەیشتن و

زانیاری یەکانیان هەڵسەنگێنم، بۆ ئەوەی بزانم ئایا شتێکیان لانەبردووە، یا لێ زیاد نەکردووە، یا لە لاپەڕەیەکەوە نەیانخستۆتە پەڕێکی دیکە؟

نەیانگۆڕی یەوە؟ بۆ ئەوەی بتوانم ئەو ناتەبایی و دژوارییانە لابەرم کە ماونەتەوە، بۆ ئەوەی بزانم بێدەنگی دژبەران لە هەمبەر ئەو بەڵگانەی دژیان خستوومانەتە روو، بایی چەندەیە؟ ئایا گوێیان لەو بەڵگانە هەر بووە؟ و بە شیاوی وەڵامدانەوەیان زانیون؟ ئایا ئەوەندە کتێب هەبووە کە ئەوان بەڵگاندنەکان بخوێننەوە؟ ئایا ئەوەندە راستگۆ و رەوشت پاك بووین کە نووسراوەکانی ئەوان لە نێو خۆماندا بڵاو بکەینەوە و کەم وکووڕی یەکانیان هەر بەو جۆرەی کە هەبووە لەو نووسراوانە دا بهێڵینەوە؟

پاش ئەوەی روونمان کردەوە کە هەموو ئەو بەڵگانە راست و بێ خەوشن، دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە بە راستی خاوەنی ئەم بەڵگانە و بەڕێوەبەرەکانیان ، لە لایەن خوداوە نێردراون؟ دەبێ یاسا ئەگەری و شیمانەییەکان باش بناسین بۆ ئەوەی بزانین کامە بەربێژی (پیشگویی)یە کە بە بێ موعجیزە نایەتە دی. دەبێ ئاگاداری تایبەتمەندیی ئەو زمانە بین کە ئایینەکە بەو زمانە بڵاو بووتەوە بۆ ئەوەی بزانیلە زاراوە و دەستەواژەکانی ئەو زمانە دا چ شتێك بەربێژی یە و چ شتێك تەنیا نیشانەی رەوانبێژی یە؟ دەبێ بزانین کام شت سروشتی و ئاساین و کامانە بان سروشتین. دەبێ بزانین کابرای تەردەست چەندە دەتوانێ لە بەرانبەر کەسانی ساویلکە دا چاوبەستی بکاو تەنانەت کەسانی رۆشنبیریش هەڵ فریوێنێ؟ پێویستە لەوەش بکۆڵینەوە کە موعجیزەیەك دەبێ هەڵگری چ تایبەتمەندی گەلێك بێ و چەندە راست بێ بۆ ئەوەی نەك هەر قبووڵ بکرێ بەڵکوو هەر کەس وەری نەگرت گوناحبار و شیاوی سزا بێ؟ دەبێ فاکتەری موعجیزە راست و درۆکان پێك بگیردرین و یاساگەلێکی جێ متمانە بۆ لێك جوێ کردنەوەیان بدۆزێتەوە. دەبێ بڵێین خوای خاوەن دەسەڵات بۆ دەبێ بۆ سەلماندی ئەوەیکە ئەو قسانەی هی ئەون رێگەیەك هەڵ بژێرێ کە ئەوەندەیە پێویستیی یە سەلماندن و روون کردنەوە هەیە.

ئێستا دەگەینە بنەماکانی بواەڕی ئایینەکان. نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە شەیتانیش دەتوانێ جار و بار وەکوو راسپێردراوانی خودا کاری بەدەر لە توانای ئاسایی (خارق العادە)

بکات. کەوابوو تەنیا موعجیزە بۆ سەلماندنی راستبوونی ئایینی بەس نیە. واتە پاش ئەوەی لە ڕێگەی راستبوونی مەعجیزە و سەلماندن کە ئایینەکە راستەقینە ، ئەوسا دەبێ کە ریگەی راستیی ئایینەکەوە، واتە لە ڕێگەی باشیی بنەما باوەڕیی یەکانیەوە راستبوونی موعجیزە کە بسەلمێنین.

ئایینی حەق چونکی لە لای خوداوە دێ، دەبێ هەلگری سیفەتە پیرۆزەکانی خودا بێ. نابێ تەنیا ئەو بیرۆکە و وێنا ئالۆزانەی کە بەلگاندنەکان سەبارەت بە بوونی خودا لە مێشکماندا دروستی کردوون، روون بکاتەوە ، بەلکوو دەبێ جۆرێك لە عیبادەت و ئەخلاق و هەروەها رێ و شوێنمان فێر بکا کە لەگەلّ ئەو سیفەتانەی کە بە هۆیانەوە جەوهەری پیرۆزی ئەو دەناسین یەك بگرنەوە. کەوابوو ئەگەر ئایینێك پەیدا بێ کە شتگەلی بێ مانا و پووچمان فێر بکات و لە ناخماندا بێزاری بە نیسبەت مرۆڤەکانەوە ، دەگوورێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی لە خۆمان بترسین، ئەگەر ئەو خودایەی تاریفی دەکات تووڕە و تۆسن و بەخیل و قین لە دلّ بێ و بە زیانی هێندێك لە مرۆڤەکان لایەنگری هێندێکی دیکە و نەیاری مرۆڤەکان بێ، حەزی لە شەڕ بێ و هەمیشە ئامادە بێ بەلا بە سەر بەندەی خۆیدا ببارێنێ و هەموو شوێنی کاول بکا و بەردەوام باسی سزا و ئەشکنجە بکا و تەنانەت بلّێ بێ گوناحەکانیش سزا دەدات ، دلّی من روو لەوەها خودایەك ناکا و هەرگیز بۆ پێڕەوی لە وەها ئایینێك دەست لەو ئایینە هەلّناگرم کە خوایەکی تاقانە دەپەرستێ و هیچ نێوبژیوانێکی قبوولّ نیە.

بە لایەنگرانی ئەو ئایینە دەمارگرژە دەلّێم : ناچارم یا دەبێ بێمە سەر دینی ئێوە، یا لە سەر ئایینی خۆم بمێنمەوە. بەلام ئەمن دوو هەمیانم پێ باشترە. چونکی خودای ئێوە ئەو خودایە نیە کە لە دلّی خۆمدا دەی پەرستم. ئەوەی لە نێوان گەلان دا تەنیا گەلێك هەلّ دەبژێرێ و غەزەب لەوانی دیکە دەگرێ، باوکی دلۆڤانی هەموو مرۆڤەکان نیە. ئەو کەسەی زۆربەی بەندەکانی خۆی لە عەزابێکی ئەبەدی دا بە ئازارەوە دەهێلّێتەوە، ئەو خودا مێهرەبان و خاوەن بەزەی یە نیە کە عەقلّ نیشانی منی داوە.

بەڵام لە رووی بنەمای باوەڕەکانەوە ، ئاییننێکی باش دەبێ روون و بێ پێچ و پەنا و پرشنگدار بێ بۆ ئەوەی ، روونیەکەی دەمودەست کار بکاتە سەر هەمووان. کەم وکووڕی خواپەرستیی رەها لەو لێڵی و ناروونی یەی دایە کە لەو حەقیقت و راستیانە دا دەبینرێ وا فێری ئێمەی دەکا. ئەو (وەحی) یەی بۆ پێغەمبەران نێردراوە دەبێ جۆرێك ئەو حەقیقەتگەلە شی بکاتەوە کە بەرهەست بن واتە هەمووان دەستیان پێی رابگا. هەمووان بە ئاسانی تیێ بگەن بۆ ئەوەی بتوانن ئیمانی پێ بێنن. ئیمان لە رێگەی فامکردنەوە بە متمانە دەگا و پتەو دەبێ. ئەو کەسەی تەواوی ئەو ئاییننەم لێ پڕ دەکا لەو نهێنی و ناکۆکی یەی کە بانگەشەی بۆ دەکا، بە کردەوەی خۆی وا لە من دەکا لەو ئایینە بکەومە گومانەوە. ئەو خوایەی کە من دەی پەرستم خودای تاریکی نیە ئەم عەقڵەی نەداومەتێ کە هەڵی پەسێرم و بە کاری نەهێنم. ئەو کەسەی بە من دەڵێ کە عەقڵی خۆم بکەمە ملکەچی وتەی خەڵکی، ئەو کەسە سووکایەتیی بە خولقێنەری عەقڵ دەکا. ئەو کەسەی رێگەی راستم نیشان دەدا ، عەقڵی من ئەشکەنجە نادا، بەڵکو لە بیرتان نەچێ کە بە بێ ئەم کاریگەریی یەی وتەیە، هیچ کەس ناتوانێ لە نێو خەڵکدا بانگەشە بۆ ئاییننێکی پێچەوانەی عەقڵ بکا و وایان لێ بکا قبووڵی بکەن.

کەوابوو دەبێ یەك لە دوای یەك هەموو ئاییننەکان تاوتوێ بکەین بەڵام لە ئەورووپا سێ ئایین برەویان هەیە، واتە دەبێ سێ جۆر وەحی تاوتوێ بکەین، بەڵام ئەو کتێب گەلەی ئەم سێ جۆرە وەحی یەمان بۆ دەگێڕنەوە بە سێ زمان نووسراون کە خەڵکی ئەمڕۆی ئەورووپا نایانزانن. ئایا چەند کەس دەتوانن خۆیان لەم کتێبانە دا لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو شتە بکەن کە باوەڕیان پی یەتی؟ جگە لەوەش، هیچ کام لەم ئایین گەلە بە هەموو رووی زەویدا بڵاو نەبوونەتەوە. ئایا ئەو کەسانەی نەیانتوانیوە ئایینی حەق بناسن مەحکووم دەکرێن؟ دەکرێ رەخنەیەکی دیکەش لە جوولەکەکان بگرین : ئەگەر خەڵکی ئەو شارەی عیسای تێدا لە دایك بوو ، هەمووان عیسایان بە خودا نەزانیوە ، ئێمە دوو هەزار ساڵ دوای ئەوین و دوو هەزار فەرسەخ لەو شارە دوورین کە ئەوی تێدا لە دایك بووە چۆن دەتوانین بە خودای بزانین؟ بۆ تێگەیشتن لەو شتە ئەوەندە زانیاری پێویستە کە هیچ کەس ناتوانێ فێری بێ.

بەڵام سەبارەت بە دۆزینەوەکان (مکاشفات) ئەگەر توانای بەڵگاندنم پتر و زانیاریم زیاتر بوایە، لەوانە بوو لە حەقیقەت تێ بگەم. ئەگەر من بە لایەنی ئەوەوە فاکتەرگەلێك دەبینم کە ناتوانم رەدی کەمەوە ، لە هەمانکات دا دژی ئەو گەلێك کەموکورتی بەدی دەکەم کە لە توانام دا نیە چارەسەریان بکەم. ئەو فاکتەرگەلەی کە لە پشتگیری لەو یا دژی ئەو دەخرێنە روو ، نەقبووڵیان دەگەم و نە رەدیان دەکەمەوە. تەنیا ئەو ئەسڵە کە باوەڕ بە دۆزینەوەکان (مکاشفات) دەبێ باوەڕێکی ملکەچانە بێ قبووڵ ناکەم. چونکە پێموایە لەگەڵ دادپەروەریی خودایانە دژایەتیی هەیە و بە رای من بە پێ ملبوونی ئەو ئەسڵە نەك ئەو کۆسپ و لەمپەرگەلەی لە سەر رێگەی رزگار بوونمان لاناچێ بەڵکوو زیاتریش دەبن. چارەسەیی ئەو کۆسپ لەمپەرانە زۆر جاران بۆ زۆربەی خەڵك لەوانەیە مەحاڵ بێ. ئەگەر ئەو کەموکورتیە لە بەرچاو نەگرین بە گومانێکی رێزدارانەوە لەو (مکاشفات) ە دەروانم. ئەمن ناڵێم پاك و بێ هەڵەم و قەت هەڵە ناکەم لەوانەیە کەسانێکی دیکە هەبن ئەو شتەیان لای خۆیان بە دڵنیای یەوە چارەسەر کردبێ کە ئەمن لێی بە گومانم.

ئەمن بەڵگە بۆ خۆم دێنمەوە نەك بۆ ئەوان. لەوانەیەی داوەریی کردنی ئەوان لە ئی من باشتر بێ. بەڵام ئەگەر وەکوو ئەوان بیر ناکەمەوە خەتای من نیە. هەڵبەت دەبێ دەبێ دان بەوە دا بنێم کە پیرۆز بوونی ئینجیل بەڵگەیەکە، کە دڵی من قبووڵی دەکا و هیچ کات حەزم لێ نیە بتوانم کەموکوڕتیەکی لێ ببینمەوە. کتێبی فەیلەسووفان بە تەواوی شکۆ و گەورەییان بێننە بەرچاوتان و بڕوانن کە لە چاو ئەو کتێبە ئاسمانیە چەند بچووکن. باشە، وا هەیە کتێبێکی ئاوا مەزن و لە هەمانکاتدا ئاوا سادە ، دەستکردی مرۆڤەکان بێ؟ وا هەیە ئەو کەسەی لەم کتێبەدا سەربردەی نووسراوە، مرۆڤێکی سەرزەوی بێ؟ ئایا شێوەی دەربڕینی کەسێکی لە جۆش و خرۆش یا کەسێکی کونجکۆڵ و پۆلین کار ئاوهایە؟ چ پاکی و ناسکی یەك لە ئەخلاقیدایە؟ چ نەرم و نیانیەك لە وانەکانیدا چ بەرزی و گەورەی یەك لە فەلسەفە و فەرمانەکانیدا! چ پوختەیەکی عەقڵ لە وتەکانیدا و چ خێرایی و وردبینی و گفت و لفتێك لە وەڵامەکانیدا شاراوەیە. بڕوانن چەندە بە سەر شەهوەتەکانیدا زاڵ بووە! چ فەیلەسووفیك دەناسن کە بە بێ

کەموکوڕتی و بە بێ خۆڕانان ئیش بکا و ئازار بچێژێ و بمرێ؟ کاتێـك ئـەفلاتوون لـە کتێبەکـەی خۆیـدا باسـی مرۆڤێکـی کامـڵ و دادپـەروەری خـەیاڵی دەکـا، کـە وەکـوو جەنایـەتکارێکی پـڕ شوورەیی لەگەڵ دەجووڵێنەوە، راست وشە بە وشە و موو بە موو ، باسی حـەزرەتی مەسـیحت بۆ دەکا. وێکچوویی ئەو دووانە ئەوەندە زۆرە کـە هـەموو پیرانـی کلیسـا بۆیـان دەرکـەوتووە و مەحاڵە مرۆڤ پێی نەزانێ. مرۆڤ دەبێ چـەندە رەش بـین بـێ و بەرچـاوڕوونیی نـەبێ کـە بـوێرێ کوڕی سۆفرۆنیسك (باوکی سوقرات) لەگەڵ کـوڕی مەریـەم (مەسـیح) بـەراورد بکـا. ئـەو دووانـە چیها لێك جیاوازن. سوقرات بە بێ خۆ دۆڕاندن و بە بـێ ئـازار چەشـتن گیـانی دا و بەمشـێوەیە هەتا دوایین سات کەسایەتیی خۆی پاراست. ئەگەر سوقرات بەم شێوە مردنە ، ژیانی خـۆی پـڕ نەکردبایە لە شانازی و شـەرەف، ترسـی ئـەوە هـەبوو کـە سـەرەڕای ئـەو هـەمووە گـەورەیی و فەزیلەتەی هەی بو لە سوفیستای یەك پتر نەبوایە. دەڵێن ئەو زانسـتی ئـەخلاقی داهێنـا. بـەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە پێش ئەو بیرمەندگەلێکی دیکە بە پێی ئـەو پرەنسـیپانە جووڵابوونـەوە. ئـەو جگـە لـە شـی کردنـەوەی هەڵسـوکەوت کـردەوەی خـەڵك ، شـتێکی دیکـەی نـەکرد و هەڵسوکەوتی ئەوانی خستە چوارچێوەی رێساوە. بۆ وێنە بەر لەوەی سوقرات بڵێ دادپـەروەری چیە ، ئاریسـتید دادپەروەرانـە جووڵابـۆوە و بـەر لـەوەی ئـەو نشـتیمانپەروەری بکاتـە ئـەرکێك لیۆنیداس لە رێگەی نیشتماندا گیانی بەخت کردبوو.(3)

خەڵکی سپارتە قایل بوون بەر لەوەی سوقرات قەناعەت بە بەشێك لە فەزیلەتەکان لە قەڵەم بـداو وڵاتـی یۆنـان پـڕ بـوو لـە خـەڵك خۆپـارێز و داوێـن پـاك بـەر لـەوەی ئـەو پێناسـەیەك بـۆ خۆپاراستن بخاتە روو. بەڵام ئایا حەزرەتی مەسیح کە لە نێو خەڵکێکی خراپ دا دەژیا، لە کوێ ئەو خەسڵەتە پاك و فەزیلەتە پرشنگدارانە فێر ببوو کە تەنیا خۆی دەی توانی بەرێوەیان ببـات و فەرمانی بەرێوە چونیان بدات؟ لە نێو تـەوژمی دەمارگرژیـدا، دەنگـی ژیرتـرین پیـاوانی خـودا بیسترا و سادەترین و بوێرترین خۆپارێزی یـەکان لـە نێـو پـڕ شـوورەییترین هۆزەکـانی مـرۆڤ دا دەرکەوت و شانازیی پـێ بەخشـی. سـوقرات لـە کاتێـك دا بـە هێمنـی لەگـەڵ هاورێکـانی باسـی

فەلسەفەی دەکرد مرد. مەرگی سوقرات ، ئاسوودەترین و جوانترین مەرگێکە کە بۆوە دەبێ ئاواتی بۆ بخوازی.

مەرگی حەزرەتی عیسا لە ژێر ئەشکەنجە دا مرد. لە حاڵێکدا کە ئامانجی جنێو و لۆمە و لەعنەتی هەموو خەڵکەکەی بوو، خراپترین مەرگێکە کە بە مێشك دادێ. سوقرات پیاڵەی ژەهرەکە وەدەگرێ و رێز لەو کەسە دەگرێ کە پیاڵە ژەهرەکەی بۆ هێنابوو. حەزرەتی عیسا لە نێو ئەو ئەشکەنجە سامناکە دا بۆ دوژمنە قین لە دڵەکانی خۆی دەپاڕاوە. بەڵێ، ئەگەر مەرگی سوقرات مەرگی فەیلەسوفێکە، مەرگی عیسا مەرگی راسپێردراوێکی خودایە. ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەو بەسەرهاتەی لە ئینجیل دا دەی بینین ، لە رووی شەهوەتەوە ساز کراوە؟ هاوڕێ گیان، ئەو جۆرە شتانە ساز ناکرێن. ئەو شتانەی لە سوقراتی دەگێڕنەوە هەمووان قبووڵیانە ، بە قەدرایی چارەنووسی حەزرەتی عیسا جێگەی متمانە نین. لە راستیدا ئەو بانگەشەیە نەك گرفتێك چارەسەر ناکا بەڵکو وەدواشی دەخا. ئەوە ئاسانترە کە قبووڵی بکەین ئەو کەسەی ئەو چیرۆکە باسی دەکا بە راستی هەبووە ، هەتا ئەوەی کە وای دانێین چەند کەسێك پێکهاتوون و ئەم چیرۆکەیان داناوە. لە راستیدا ئەستەمە کە نووسەران بتوانن ئەم بابەتگەلە ئەخلاقیە ئاوا بە رەوانی دەربڕن.

ئینجیل حەقیقەتگەلێکی وەها مەزن باس دەکا و چەشنێك لە سەر خوێنەر شوێن دادەنێ و لاسایی کردنەوەی هێندە ئەستەمە کە ئەگەر وای دانێین چیرۆکێکی ساختەییش بێ، دانەرەکەی لە پاڵەوانی چیرۆکەکە سەیر و سەرمەرتر دەبێ. سەرەڕای ئەوانەش ئینجیل پڕپڕە لە شتی دوور لە باوەڕ. شتی وا کە ئەستەمە مرۆڤی ئاسایی بتوانێ لێی تێ بگا و قبووڵی بکا. لە نێو ئەم هەمووە لێك دژی و ناتەبای یە دا دەبێ چ بکەم؟ دەبێ خۆ بەکەمگر بەڵام بە پارێز بم؟ دەبێ بە بێدەنگیەکی تێکەڵ بە رێز و حورمەتەوە لەو شتانە بڕوانم کە نە پێم قبووڵ دەکرێن و نە پێم وەلا دەنرێن و لە بەرانبەر مەزنیی (واجب الوجود) دا کە هەر ئەو بە حەقیقەتەکان دەزانێ ، خاکەڕا و خۆ بەکەم گر بم.

هەر بۆیەشە ئەمن بە بێ ئەوەی بمەوێ لە هێندێ شت بە گومـان و دڕدۆنـگ بم. بـەڵام ئـەو گومانە زیانێکی ئەوتۆشی بۆم نیە. چونکە ئەو پرەنسیپانە ناگرێتەوە کـە ئـەمن دەبـێ بـە پێـی ئەوان بجووڵێمەوە و هیچ گومانێکم لە هێڵە گشتی یەکانی پرسە ئایینی یەکان و بنـەمای ئەرکـە ئایینی یەکان نیە. بە دڵێکی ساف و سادە خودا دەپەرستم. تەنیا هەوڵ دەدەم ئەو شتانە بزانم کە بۆ باش بوونی بە ئاکار و هەڵسوکەوتم پێویستن. بەڵام سەبارەت بە هێندێ شتی لاوەکی کـە نە کاریگەرییان بە سەر ئەخلاقمانەوە هەیە و نە بە سـەر کردەوەمانـەوە، بـەڵام زۆربـەی خـەڵك گرینگی پێ دەدەن ، بە لای منەوە گرینگ نین و بە هێندیان ناگرم. ئەمن هەموو ئایینەکان بـە ناوەند و بنیاتێك دەزانم کە لە هەر وڵاتەی بە جۆرێکی تایبەت خەڵك بەرەو خواپەرسـتی دەبـەن و هەر کام لەوان لەگەڵ رەوشی جوگرافیایی و ناوچەیی و شـێوەی حکوومـەتی هـەر ئـەو ئـاوا و خاکە باشتر یەك دەگرنەوە و لەگەڵ گیان و دەروونی خەڵکەکەی یـان هۆکـارە ناوچـەییەکان یـا شـوێن کـاتی {ئـەوێ} باشـتر دەگـونجێ. ئـەمن هـەموو ئایینـەکانم پـێ باشـن بـە مـەرجێك پێڕەوکانیان خودا بناسن بە دڵەوە بی پەرستن. پەرستنی راستەقینە ئەوەیە کە بـە دڵێکـی بـە خەبەر و ئاگاوە بێ. خودا ئەو پەرستنەی کە لە دڵەوە بێ. لـە بـەر ئەوەیکـە لـەو ئایینـە دا کـە بوومەتە پێڕەوی، ئـەمن بوومەتـە خزمـەتکاری خـودا ، لـە ناخـەوە هەسـت بـە بەرپرسـیارەتی دەکەم بۆ ئەوەی چوکەترین کەمتەرخـەمیم نـەبێ. خـۆ دەزانـن کـە ماوەیـەك ئـەو خزمەتـەم لێ قەدەغە کرابوو. هەتا ئەوەیکە رۆژێك لە سەر قسەی مسیۆ دۆمالارێد ئیزنم پێدرا بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان پلەی جێگری قەشە وەئەستۆ بگرمەوە ، لە دەورەی پێشوو دا، هەر وەکی بـۆ هـەر ئیشێکی جیددی کە ماوەیەك بکێشێ پێش دێ ، رێـورەسمی بـەڕێوە بردنـی نوێـژی کـاتۆلیکی یەکانم (Messe) بە هێنـد نـەدەگرت ، بـەڵام ئـەمجارەیان دوای ئـەو پرەنسـیپە نوێیانـەی بـۆ خۆمم داناون بەوپەڕی رێزەوە ئەو رێورەسمە بە جـێ دێـنم. چـونکە گـەورەیی حـەزرەتی بـاری تەعالا و حووزری ئەو لەوێ کاریگەریی لە سەر مـن دادەنـێ و لاوازیـی هزریـی مـرۆڤیش نـاتوانێ فامی جەوهەرەی خولقێنەری خۆی بکا. چونکی پێموایە کە داوای پێداویسـتیی بەنـدەکانی ئـەو دەبـێ بـە شـێوەیەکی تایبـەتی پێشکەشـی قاپیـەی بکـەم ، بـەو پـەڕی وردبینـی یـەوە هـەموو

دامودەستوورەکان ڕەچاو دەکەم بەوپەڕی وردی یەوە ڕاز و نیاز و نوێژەکانم بە جێ دێنم و هەوڵ دەدەم هیچ وشەیەکم لە یاد نەچێ. لە کاتی (تقدیس) پەرستن دا، هەوڵ دەدەم بەوپەڕێ لە سەرەخۆی یەوە حووزری دڵمەوە و بە پێی ڕێساکانی کلیسا ئەم ئیشە گرینگە ڕاپەڕێنم. هەوڵ دەدەم عەقڵی نقوستانی خۆم لە هەنتەش عەقڵی کۆ (ڕەها) دا بتوێنمەوە و بە خۆم دەڵێم: ئەتۆ کێی کە دەتەوێ هێزی ناکۆتای (خودا) پێوان بکەی. بە حورمەتەوە تەواوی ئەو وشە پیرۆزانە دەڵێمەوە و هەوڵ دەدەم کە باوەڕە تۆخەکەی من کاریگەریی ئەو وشەگەلە پتر بکاتەوە.

لە نهێنیی ئەم دامودەستوورە تێناگەم، بەڵام ڕێزی لێ دەنێم و دڵنیام لەوەیکە لانیکەم لە دڵی خۆمدا سووکایەتیم پێ نەکردووە و لە ڕۆژی پەسڵانێ سزا نادرێم.

لە بەر ئەوەی کە شانازیی پلەی بەرزی پیاوی ئایینیم وەرگرتوە، وێڕای ئەوەیکە پلەیەکی زۆر بچووکە، هەرگیز قسەیەك یا کارێکی وا ناکەم وام لێ بێ شیاوی ئەم ئەرکانە نەبم. بەردەوام خەڵك بۆ کاری چاکە و داوێن پاکی هان دەدەم و هەتا بۆم بکرێ هەوڵ دەدەم خۆم بۆ ئەوان سەرمەشق و نموونەیەك بم. تا ئەو جێگەی بۆم بکرێ هەوڵ دەدەم لە پێش چاویان ئایین بکەمە شتێکی جوان و شیرین و (ئایینیان لە بەرچاوی شیرن بکەم). هەتا ئەوشوێنەی بتوانم باوەڕ و ئیمان بە خواپەرستی ڕاستەقینە و بنەما و باوەڕگەلی دروست و بە کەڵك. کە هەر تاکێك دەبێ قبووڵی بن پتەوتر دەکەم ، بەڵام خوا نەکا بیری دەمارگرژی ئایینی و گرژی بە نیسبەت باوەڕی خەڵکی دیکەوە ، لە ناخیاندا برەو پێ بدەم، واتە ناچاریان بکەم بێزیان لە هاوڕەگەزی خۆیان بێتەوە و پێیان بڵێین : "ئێوە لە عەزاب دا دەبن، چونکە لە دەرەوەی ئایینی مەسیح ڕزگار بوونێك نیە."(4) ئەگەر پلەی من گرینگتر و سەرنجڕاکێشتر بوایە، لەوانە بوو بە دژواری بتوانم خۆ لەو شتانە ببوێرم. بەڵام من ئەوەندە بچووکم لە هیچ شتێ ناترسم چونکە بە هیچ شێوەیەك لەوەی کە هەم کەمتر و بچووکتر نابمەوە. هەر شتێ بێتە پێشەوە ، دژی دادپەروەریی ئاسمانی بێ ئەدەبی ناکەم و درۆ بۆ ڕۆح القدس هەڵ نابەستم.

زۆر لە مێژوو بوو حەزم لێ بوو ببمە قەشەی ئاوایی. ئێستاش هەر بە ئاواتەم بەڵام ئیتر پێی هیوادار نیم. هاوڕێی دڵۆڤانی من ،هیچ شتێکم پێ لە پلەی قەشەیی باشتر نیە. قەشەیەکی باش یارمەتیدەری راپەڕاندی کاری چاکایە هەر وەکی چۆن دادوەرێکی باش ئامرازی بەڕێوە بردنی دادپەروەری یە. قەشەی باش هەرگیز کاری چەوت ناکا. ئەگەر خۆشی کاری چاکەی لە دەست نەیە، دەتوانێ ئەوانیتر بەرەو چاکەکاری هان بدا و ئەگەر حورمەتی خۆی بپارێزی هەر کات داوایەکی هەبێ جێبەجێ دەکرێ. ئەگەر رۆژێك توانیبام لە یەکێك لەم گوندە کوێستانیانە دا و لە نێو ئەم خەڵکە چ اکەکارە دا قەشە بم زۆر شاد دەبووم ، چونکە پێموایە دەمتوانی خزمەتی رەعیەت بکەم. ئەمن ئەوانم دەوڵەمەند نەدەکرد بەڵام دەبوومە هاوبەشیان لە هەژاریدا. ئەمن ئەو سووکی و کەمایەسیەی کە بەرهەمی هەژاری یە و لە خودی هەژاری خراپتر و تاڵترە لێم دوور دەکردنەوە. کارێکی وام دەکرد یەکیەتی و یەکسانییان خۆش بوێ کە هەمیشە لەمپەر لە بەر دەم پشێوی و چارەڕەشیدا و دەبێتە هۆی خۆڕاگریی لە بەرانبەر داماوی و لێقەوماویدا. کاتێك دیتبایان ئەمن لەوان باشتر نازیم بەو حاڵەشەوە بە ژیانی خۆم قایلم ئەوانیش عادەتیان دەگرت کە لەگەڵ چارەنووسی خۆیان بسازێن و بە ژیانی خۆیان قایل بن. لە رێ وشوێن و ئامۆژگاری یەکانمدا رەوتی هزری ئینجیلم لە بەرچاو دەگرت نەك شێوەی هزری پیاوانی ئایینی. چونکی بنەمای باوەڕەکان لە ئینجیل دا سادەن و ئەخلاقیش پوخت و کامڵە. بەڕێوە بردنی رێورەسمی ئایینی بایەخی کەمتری هەیە و خێر وخێرات بایەخی زیاتر. هەمیشە هەوڵم دەدا بە جێگەی ئەوەی ئامۆژگارییان بکەم بۆ خێرومەندی، لە پێشدا خۆم ئەو کارەم دەکرد بۆ ئەوی تێ بگەن کە ئەو شتەی دەیڵێم بڕوام پێیەتی. ئەگەر لە گوندەکەی من یا ئاوای یەکانی دەوروبەردا ، کەسانی پرۆتستان پەیدا بوایەن، لە بواری خۆشەویستی و هاوکاری یەوە جیاوازی یەکم لە نێوان ئەوان و کەسانی دیکە دا دانەدەنا. ئەوانیشم وا لێدەکرد یەکتریان خۆش بوێ و وەك برا لە یەکتر بڕوانن ، رێز لە هەموو ئایینەکان بگرن بۆ ئەوەی هەر کەس بتوانێ بە ئازادی ئایینی خی بەڕێوە بەرێ. بە باوەڕی من ئەو کەسەی زۆر لە یەکێك دەکا کە لە دینی خۆی وەرگەڕێ ، ناچاری دەکا ئیشی خراپ و چەوت بکا. بۆ هۆشیاری و گەشەی بیرو هزر دەبێ

تەکووزی کۆمەڵگە بپارێزن، لە هەر ولاتێك بین دەبێ رێز لە یاسای ئەو ولاتە بگرین و ئالۆزی و ناکۆکی نەخەینە نێو ئەو کەسانەی بە پێی ئایینی فەرمیی خۆیان دەجوولێنەوە. ئەوان ناچا نەکەین کە دەست لەو ئایینە فەرمی یە هەلگرن کە یاسا بۆی دیاری کردوون چونکی دلنیا نیین لەوەیکە دەست هەلگرتن لەو باوەڕەی هەیانە قازانجی بۆیان دەبێ. چونکی لەوە دلنیاین کە سەرپێچی لە یاسا زیانی لێ دەکەویتەوە.

کورتی ببڕینەوە، ئەگەر دەتانەوێ بچینە سەر ئایینێکی تایبەت دەبێ پێشتر ویژادنی خۆتان بۆ وەرگرتنی نووری ئیمان ئامادە بکەن و لەگەڵ خۆتان راستگۆ و حەقیقەت خوازبن. ئەگەر دلی خۆتان جۆرێك پەروەردە بکەن کە بەردەوام خوازیاری بوونی خودا بێ، هیچکات گومان لە بوونی ئەو ناکەن. خۆ لە بێ دین و ئەو کەسانە ببوێرن کە باوەڕیان بە هیچ شتێك نیە. بۆ ئەو تاقمە بێ باوەڕی جۆرە ئایینێکە، کە تێیدا لە هەموو ئایینێك پتر دەمارگرژیی تێدا دەنوێنن.

ئەی گەنج ،مێهرەبان و راستگۆ و دەست پاك و خاکەڕا، بە. نەزانین بە عەیب و کەم وکووڕیی لە قەلەم مەدە، بۆ ئەوەی خۆت و خەلك فریو نەدەی.

ئەگەر رۆژێك لە رێگەی وەدەست هێنانی فەزیلەت و پوختەی یەوە شیاوی ئەوەبووی بۆ خەلك بدوێی، بەو جۆرەی کە ویژدانت ئەمرت پێ دەکا قسەیان لەگەڵ بکە و هیچ بیر لەوە مەکەوە کە قسەکانیان بە دڵ بێ و تاریفت بکەن. زێدەڕۆیی لە زانست تێگەیشتوویی دا دەبێتە هۆی بێ باوەڕی. هەموو زانایەك بیروڕا وهەستی خەلکی ئاسایی (رەشۆکی) بە کەم دەگری. هەموزانایەك حەزی لێ یە بیروڕا و هەستەوەریی تایبەت بە خۆی هەبێ. زۆربەی فەیلەسوفە داهێنەر و خۆپەرستەکان ، تووشی دەمارگرژی دەبن. کابرای زانا دەبێ لەم زێدەڕۆیی و کەمایەسیانە دوور بێ. لە جادەی حەقیقەت دا لە سەر ئەو شتەی کە دلی پاکی ئێوە بە حەقیقەتی دەزانێ ، پێداگر و سوور بن و بە هۆی خۆپەرستی یا خۆ کەمزانین لەو رێگەیە لامەدەن، بەوپەڕی ئازایەتی و بوێری یەوە لە بەرانبەر فەیلەسووفە گومان لەدلەکان (شکاك) دان بە بوونی خودا بنێین و بەوپەڕی ئازایەتی یەوە ئە و کەسانەی بە نیسبەت باوەڕی

خەڵكەوە دەمارگرژن بەرەو میهرەبانی و ویك هەڵكردن هان بدەن. لەوانەیە لەم جۆرە بیرو ئاكار و كردارانە بە تەنێ بمێننەوە بەڵام دڵی خۆتان سوپاسی ئە ئاكار و كردەوەیەتان دەكا و لە پێزانین و سوپاسیی خەڵك بێ نیازتان دەكا. چ خۆشیان بوێن و چ بە لایانەوە ناشیرین بن، چ نووسراوەكانتان بخوێننەوە و چە بە هێندیان وەرنەگرن نابێ بە لاتانەوە گرینگ بێ. چ قسەیەك راستە بیكەن و ئەو كارەی پێتان دروستە بیكەن. تەنیا شتێكی كە بۆ مرۆڤ بایەخ و گرینگی هەیە ئەوەیە كە لەم جیهانە دا ئەركەكمانی خۆی بە باشی راپەڕێنێ و تەنیا كاتێك بە راستی ئیش بۆ خۆتان دەكەن، كە لەخۆبوردووییتان هەبێ. رۆڵە گیان، قازانجی تاكەكەسی (شەخسی) زۆربەی جاران چاو و گوێچكەتان دەبەستێ  تەنیا پێڕەوی كردن لە داپەروەری یە كە ناهێڵێ فریو بخوێن و هەڵخەڵەتێین.

پەروەردەی ئایینی ئێمیل بە پێی ئەو رێ وشوێنانەی كە ئەم جێگر قەشەیە بۆی دیاری كردبوو، دەكرێ. ئەو نابێ جگە لە خواپەرستیی راستەقینە هیچ شتێكی دیكە فێر بێ.

لەو تەمەنەدا كە منداڵی خەڵكی فێری یاری كردن دەبن، ئێمیل فێری بیر كردنەوە دەبێ. بەو شێوەیە ، هێزی خەیاڵ كردن پتر لەوەیكە سروشت ئیزنی دەدا، بە سەریدا زاڵ نەبووە و هەتا تەمەنی بیست ساڵی پاكی و بێ خۆشەویستی رۆحی خۆی پاراستووە. بەڵام ئێستا ئیتر قۆناخێكە، كە ناكرێ بە بێ مەترسی پێش بە شەهوەت بگیردرێ. لێرە بەولاوە مامۆستای ئێمیل مەبن، بەڵكوو ببنە هاوڕێ و هاودەمی ، بۆ ئەوەی بە متمانەی زیاترەوە گوێ لە ئامۆژگاری یەكانتان بگرێ. ئەوەی كە لەو ماوەیە دا لەوتان شاردبۆوە، پەردەی بۆ لە سەر هەڵ دەنەوە و وا هەڵسوكەوت  بكەن كە خۆی بە بەرپرسیاری كردەوەكانی بزانێ. بۆ ئەوەی نەهێڵن هێزی خەیاڵكردنی ئەو زیاتر گەشە بكا، بە كاری قورس و وەرزش بە جەستەی بكەن. زۆر بی نێرن بۆ دەرەوەی شار یا سەری بە راوەوە بخافڵێنن. كاتێك باسی مەترسیەكانی عیشق و شەهوەتی بۆ دەكەن كارێك وا بكەن كە دڵیشی وەكوو عەقڵی بكەوێتە ژێر كاریگەری یەوە. بە یارمەتیی ئەو خۆشەویستیەی كە بۆ مامۆستاكەی  هەیەتی لەو چەپەڵ كارییانەی بێزار بكەن كە بەرهەمی هەرزەیین. ئەو دەمەیە كە واتان لێدەكا وریای بن و بیخەنە ژێر چاوەدێریی خۆتانەوە.

ئێمیل دەبێ بەم زووانە لە نێو کۆمەڵ دا بژی. کەوابوو دەبێ کۆمەڵگە بناسێ و تەنانەت ئاگای لە رواڵەتەکانیش بێ. کەوابوو پێویستە هاموشۆی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بکا. هەڵبەت لەوێدا پێش هاتی ناخۆش چاوڕەوانیی دەکەن. ئەو کات بیر و فیکری بە خەیاڵی ژنێکەوە خەریك بکەن کە حەزی لێی بێ. ئەو ژنەی وا بۆ تاریف بکەن وەبەر دڵی بکەوێ. بەڵام تاریفی دوور لە باوەڕی لێ مەکەن. بۆ ئەوەی ئەو ژنەی کە دەبێ خۆشی بوێ بە جوانی بۆی وێنا بکەن ناوی بنێنن سوفی SOPHIE و باس لە تایبەتمەندی یەکانی بکەن. مەترسن لەو تاریفانە چونکە پەروەردە باشەکەی لە هەموو مەترسیەك دەی گێڕێتەوە و دەی پارێزێ. بە تایبەتی کە وەکو گەنجە ساویلکە و پاکەکان ، شەرمێون نیە. لە راستیدا شەرمێونی و ساویلکەیی لە شەهوەت پتر دەبێتە هۆی چەواشە بوون.

ئێمیل لە سەرەتاوە کە دەچێتە کۆڕو کۆبوونەوەکان زۆر لە بەر چاوان نیە. چونکی کەم دەدوێ بەڵام ئەو نەدوێنی یەی ئەو ئی شەرمێونیەکەی نیە بەڵکوو هۆی ئەوەیە خەریکی موتالاو خوێندنەوە و ئەزموونکردنە. ئێمیل لە هەڵسوکەوتەکاندا مێهرەبان و وردبینە. وێڕای ئەوەیکە زۆر بایەخ بە رای خەڵك نادا حەزی لی یە لایان خۆشەویست بێ و لەم ئیشەشدا سەرکەوتوو دەبێ.

سەبارەت بە "زەوق"

سەیر کردنی کۆڕو کۆبوونەوەکان ئێمیل ناچار دەکا ، کە مووتاڵای بنەماکانی زەوق و سەلیقە بکا. زەوق بریتیی یە لە هیزێك کە بە هۆی ئەوەوە دەتوانین لە سەر ئەو شتەی کە بەدڵی خەڵکە یا خەڵکی لێی بێزارن داوەری بکەین. زەوق بە پێی وڵات و خووخدە و دابونەریتەکان جۆراوجۆرن. جوانترین نموونەی ئەو جوانی یەی زەوق پەسندیان دەکات لە سروشتدان بەڵام جوانکاری و رازاندنەوە (تجمل) زەوق دەشێوێنێ و بە واتایەکی تر سەلیقە کۆڵ دەکا. لەگەڵ ئەوشدا لەو وڵاتانەی کە تێیاندا زەوق تێکدراو، دەکرێ فێری شێوەی ورد و جوان بیر کردنەوە بین. کەوابوو قەی ناکا مرۆڤ ماوەیەك لەو وڵاتانەدا بژی کە بێ سەلیقەیی تێیاندا

زاڵه، دوایی لەویٚ بڕوات و بچێته نێو گەلانی سادەتر و خاوەن زەوقی بیٚ خەوش و داوەریی خۆی راست بکاتەوە.

زۆر پێش ئەم شتانە هەوڵ دەدەم بۆ پاراستنی زەوقی ناسك و بیٚ خەوش قوتابی یەکەم. لە نێو مقۆمقۆکانی ژیانی رۆژانەم دا هەر جۆرێك بیٚ ئەوەندەم کات و دەرفەت دەبیٚ کە لە سەر بابەت و شتی بە کەڵك بیدوێنم. هەوڵ دەدەم لە سەر ئەو شتانە قسەی لەگەڵ بکەم کە حەزی لێیانە. بە جۆرێك کە ئەم وتووێژگەلە ئەوەندەی کە شتی لیٚ فێر دەبیٚ ئەوەندەش شادی هێنەر و خافلێنەر بن. ئێستا کاتی خوێندەنەوەی کتێب گەلی شیرن و دلگرە. ئیتر کاتی ئەوە گەیوە کە وتارەکانی بۆ شی کەمەوە و چێژی ستاتیکی رەوانبێژی و جوانکاریی پیٚ ببەخشم. فێربوونی زمانەکان لە خۆیاندا کەڵکێکی ئەوتۆیان نیە بەڵام لەوانەیە دەرگەی فێربوونی رێزمانی بۆ بکەنەوە.بۆ ئەوەی بە جوانی فێری زمانی فەرەنسی بین دەبیٚ لاتینی باش فێر بین.

دەبیٚ هەردووکی ئەم زامانانە بە جوانی فێر بین و پێکیان بگرین بۆ ئەوەی لە رێسا و رێزمانی ئاخاوتن تیٚ بکەین جگە لەوەش، جۆرە زەوقێکی سادەش هەیە کە کاریگەریی لە سەر دڵ دادەنیٚ و تەنیا لە نووسراوەکانی پێشینیان دا (یۆنانی و رۆمی یەکان) دەکریٚ نموونەی لەو چەشنە بە دی بکەین. قوتابیی من تەنیا لە ئاخاوتن و شێعر و لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبیات ئەو زەوقە بیٚ خەوشە نابینیٚ بەڵکو لە دیرۆکی پێشینیشانیش دا دەی بینیٚ کە پڕاوپڕە لە بابەت و هیچ ڕاو تێبینی یەکی تێدانیە.

نووسەرانی ئێمە بە پێچەوانەوە کەم شت دەڵێن و زۆر داوەری دەکەن. بۆ پێکهێنان و تەواو کردنی هێزی داوەریی ئێمە ، چار ئەوە نیە کە بەردەوام داوەری و بیروڕکانی ئەوانمان دەرخوارد بدەن. جیاوازیی ئەم دوو سەلیقەیە لە تەوای بەرهەمەکاندا تەنانەت لە گۆڕەکانیشدا بەدی دەکرێن. کێلی قەبرەکانی ئێمە بە تاریف و پێداهەڵگوتن داپۆشراون.

لە سەر کێلێك نووسراوە :"راوەستە کاکی رێبوار، چونکی پاڵەوانێك پێخوست دەکەی"(5) ئەگەر ئەم نووسراوەیەم لە سەر بینایەك دیتبایە کە (گوترابا ئەم بینایە هی پێشینیانە) لەڕێوە { دەمگوت نەخێر} ئەمە بینایەکی نویٚ یە چونکە لە چاخی ئێمە دا پاڵەوان زۆرن بەڵام لە

سەردەمەکانی کۆندا زۆر کەم بوون . پێشینینان بە جێگەی ئەوەیکە بڵێن فلاّنە قارەمان بوو دەیان گوت : چی کردووە کە بووەتە قارەمان. ساردانا پاڵ (پاشی ئاشوور) بە خوێڕێتی و تەوەزلی بە ناوبانگ بوو، بەو حاڵەشەوە ، گۆڕەکەی لەگەڵ گۆڕی پالەوانی گۆرین بەراورد بکەن. سارادانا پاڵ دەنووسێ: "ئەمن، تارس TARSE و ئانکیال ANCHIALE لە رۆژێکدا ساز کرد بەلاّم ئەورۆ مردووم.

بە ڕای ئێوە لەم دوو نووسراوەیە کامەیان مەبەست باشتر دەپێکن؟ نووسراوەی داخراو و پڕ لە قسەی زلی ئێمەن بۆ کەسانی تەسکبیر باشە ، پێشینیان پیاوانیان راست بەو شێوەیە پێشان دەدان کە هەبوون و بۆ ئێمەیان دەسەلماند کە پیاون. گەزەنفۆن بە شانازیی گیانی چەند شەڕکەر کە لە کاتی پاشەکشە دەهەزار کەسیەکەدا بە هۆی خەیانەت پێکران کوژرا بوون دەڵێ: "(ئەوان) مردن، لە حاڵێکدا لە مەیدانی شەڕ و لە قۆناخی دۆستایەتیدا بۆ لۆمە کردن نەدەبوون." دەبینین کە لە کاتی دەربڕینی ئەم مەدح و پێداهەلگوتنە کورت و سادەیە دا، دڵی بێژەر چەندە پڕ بووە لە بەزەیی و مێهرەبانی. قوڕ بە سەر ئەو کەسەی ئەم رستە جوانە نەزانێ.

لە قەراخ رێچکەی ترمۆپیل، ئەو وشانەیان بە سەر بەردێکەوە دەخوێندەوە: " کاکی رێبوار برۆ{ بە سپارتە بڵێ کە ئێمە بۆ فەرمانبردن لە یاساکانی ئەو گیانمان بەخت کردووە." روون و ئاشکرایە کە فەرهەنگستانی ئێمە ئەو قسەیەی نەکردووە.

ئەگەر قوتابیی من کە ئەوەندە کەم بایەخ بە وشەکان دەدا هەر لە سەرەتاوە لە جیاوازی یەکانی ئەو دوو شێوازە تێ نەگا، دەردەکەوێ ئەمن بە هەڵە چوومە. دڵنیام کە ئەو سەرنجدانە، کاریگەریی لە سەر هەڵبژاردنی ئەو شتە دادەنێ کە دەیەوێ بیخوێنێتەوە. بۆ وێنە بە هۆی رەوانبێژیی پیاوانەی دێموستێنی وتاربێژی یۆنانی ورووژاوە و دەڵێ: ئەمە وتاربێژێکە. بەلاّم کاتێك سیسرۆن بخوێنێتەوە دەڵێ ئەمەیان پارێزەرێکە. بە گشتی ئێمیل کتێبی پێشینیانی زیاتر پێ خۆش دەبێ هەتا کتێبەکانی سەردەمی ئێمە، چونکە پێشینیان زۆر پێش ئێمە ژیاون و لە سروشت نزیکتر بوون. زەوقی ئەوان جەوهەری بووە نەك ئەویکە وەدەستی بێنێ. لاموت

LAMOTTE و لابە تراسۆن چی پێیان خۆشە با بیلێین لە نێو رەگەزی مرۆڤدا عەقڵ بە راستی پێش نەکەوتووە. چونکە ئەوەی لە لایەکەوە بە دەستی دێنی لە لایەکی دیکەوە لە دەستی دەدا. لە لایەکی دیکەو تەواوی بیرمەندەکان هەمیشە لە خاڵێکی دەسپێکەوە هەنگاو هەڵدەگرن و ئەو کاتەی دەست دەکا بە فێر بوونی بەرهەمی بیرورای ئەوانی دیکە، هیچ شتێ لە زەینی دا نامێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە بە فیڕۆ دەچێ، هەر بۆیەشە خەڵکی ئەمڕۆ زانیاریی زیاتر وەدەست دێنن بەڵام وزەی فیکری یەکی کەمتریان هەیە.

هزر و بیرەکانمان وەکوو شان و باهۆمان، واتە بە ئامراز دەتوانێ هەموو کارێك بکا و بە بێ ئامراز هیچ کارێکی لەدەست نایە. فۆنتێنل ی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی دەیگوت: هەموو مشتومڕەکانی لایەنگرانی پێشینینا و هاوچەرخەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە ئایا درەختەکان لەوەپێش لە ئێستا گەورەتر بوون یا نا؟ ئەگەر کشتوکاڵ گۆڕاوە ئەم پرسیارە بێ جێ نەبوو.

پاش ئەوەیکە ئێمیل م گەیاندە سەرچاوەی پاکترین ئەدەبیات، زەلکاوەکەشی _ کە عەمباری کاغەز رەشکەرەوەکانی ئەمڕۆی یە واتە رۆژنامەنووسان، وەرگێڕان و فەرهەنگ نووسەکان _ نیشانی دەدەم. ئەو گەنجە چاوێکی خێرا بەو تورەهاتانەدا دەخشێنێ بەڵام ئیتر هیچکات ناگەڕێتەوە سەری. تنیا بۆ رابواردن چەنەوریی یەکان فەرمانبەرانی فەرهەنگستانی پێ نیشان دەدەم و تێی دەگەیەنم کە یەك یە یەکی ئەو ئەندامانە لەو گرووپە باشترن کە پێکیان هێناون. ئەو کات ئەو دەزانێ قازانجی ئەو بنکە بەرزانە چی یە. دەیبەمە شانۆ، نەك بۆ ئەوەی لە ئەخلاق و خووخدەی خەڵك ورد بێتەوە و بکۆڵێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی کە سەرنج بداتە سەلیقەیان. چونکە بۆ ئەو کەسانەی کە هزرڤان و خاوەن ڕان، زەوق و سەلیقە بە تایبەتی لە شانۆ دا جوان خۆ دەنوێنێ و دەردەکەوێ. هۆڵی شانۆ بۆ ئەوە نیە کە حەقیقەتی لێ پێشان بدرێ، بەڵکو بۆ خەڵك خافڵاندن و رابواردنە. لە هیچ قوتابخانەیەکدا ناتوانی ئاوا فێری شێوەی راکێشانی سەرنجی خەڵك بیت. سەیر کردنی شانۆ مرۆڤ بەرەو خوێندنەوەی شێعر دەبات. ئەو دووانە هەر دووکیان باس لە یەك شت دەکەن (یەك بابەتن). ئەگەر ئێمیل بچووکترین توانای بۆ شێعر گوتن هەبێ، بە چ هەست و چێژێکەوە، فێری زمانی شاعیران واتە، لاتینی و یۆنای

وئیتالی دەبێت. ئەم فێربوونانە بۆ ئەو جۆرێك یاری و رابواردن دەبن و قازانجیان گەلێك زیـاترە. لەو تەمەن و لەو حاڵەتە دا کە دڵ بە حەزەوە دەچێتە سەر هەموو ئەو جوانییانەی هـەتا ئێستـا کارییات تێ کردووە ، خوێندن قازانجی دەبـێ بـۆ ئێمیـل. وای دانـێین ئێمیلـی مـن و یـەکێك لـە قوتـابی یـە سـەرەڕۆکانی قوتابخانـە کتێبـی چـوارەمی ئانێیـدی ENEIDE یـا میـوانی BANQUET ی ئـەفلاتوون بخوێننـەوە جیـاوازیی تێگەیشـتنیان ئێجگـار زۆر دەبـێ. دڵـی ئێمیل چەندە چێژ لەو جوانی یانە وەردەگرێ کە ئەو قوتابی یەی تر هەر سەریشـی لێ دەرناکا. گەنجی ئـازیز، بەسـە، دەسـت لـە خوێندنـەوە هـەڵگرە، دەبیـنم بـە تـەواوی کـاری تێکـردووی. قسەیەکم نیە کە زمانی عیشقت پێ خۆشە، بەڵام نامەوێ بە لاڕێت دا بەرێ. هەسـتیار بـە بـەڵام ژیر بە. ئەگەر تۆ تەنیا یەکێك لەم دووانە بێ ، هیچ نیت. جگە لەوە ئێمیل لە زمانـە مردووەکـان و لە ئەدەبیات و شێعر دا چ سـەرکەوتوو بـێ و چ نـەبێ گـرینگ نیـە. ئەگـەر هیچکام لەوانـەش نـەزانی بایـەخ و بـەهای دانابـەزێ، چـونکی بـۆ پـەروەردە کردنـی ئـەو هـیچ کـام لـەو شـتە رووکەشیانە پێویست نین.

ئەگەر فێری ئەوەی دەکەم کە هەموو جۆرە جوانی یەك بناسێ و پەسندی بکـا. مەبەسـتی سەرەکیم ئەوەیە کە جۆرێك حەز و سەلیقەی ئەو بـەلای ئـەو جوانییانـە دا راکێشـم کـە هـەرگیز پشتیان تێ نەکا و کارێکی وا بکەم حەزو شەهوەتە سروشتیەکانی گەندڵ نـەبن. نـابێ لێ گـەڕێم کە پرسەکان جۆرێك بچنە پێشێ کە ئێمیل لە سەروەت و ساماندا بە شوێن ئەو بەختـەوەری یـە دا بگەڕێ کە دەبێ لە دڵـی خۆیـدا هەسـتی پـێ بکـا. لـە جێگـەی دیکـەدا گوتوومـە کـە زەوق و سەلیقە بریتین لە: دەسنیشان کردن و پەسند کردنی هێندێ شتی بچووك و ئێمە دەبێ بایـەخی تەواویان پێ بدەین. بە یارمەتیی سەلیقەیە کە دەتوانین بەو برە جوانی یەی لە بەر دەسـتمانە ژیانی خۆمان برازێنینەوە. مەبەستی من لێرەدا جوانیی ئەخلاقی و مەعنەوی نیە کە بە پـاکی و بێ خەوشیی رۆح و گیانەوە بەسـتراوەتەوە. بـەڵکو مەبەسـتم هـەر ئـەو جوانیـە مادییانەیـە کـە هێزەکانی حەز و ئارەزوومان چێژیان لێ وەردەگرن. هەڵبەت لـەم بابەتـەدا لەوانەیـە زەوقـی بـێ خەوش دژی باوەڕی خەڵکی (گشتی) بێ.

بۆ ئەوەی بتوانم باشتر بۆچوونەکەی خۆم روون بکەمەوە، ئیزن دەخوازم بۆ ساتێك ئێمیل کە خاوەنی دڵێکی پاك و بێ خەوشە و لە مرۆڤە ئاسای یەکان ناچێ، بە جێ بهێڵم و خۆم نموونەیەك بۆ خۆم بێنمەوە. چونکە خۆم لە باری ئەخلاق و دابونەریتەوە تا رادەیەك هێندێ بارودۆخ یا ئیش و پلەوپایە هەن کە دەبنە هۆی ئەوەیکە خاوەنی ئەم ئیش و پلەوپایەگەلە، ماهیەتی خۆیین بە گشتی بگۆڕن. واتە یا خراپتر بن یا، باشتر. هەر وەك مرۆڤێکی ترسنۆك کە دەچێتە نێو لیوانی ناڤارە LE REGIMENT DE NAVARE و ئازا و بە غیرەت دەبێ. پێتان وا نەبێ کە تەنیا لە نێو سیستەم دایە کە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی گیانێکی رێکخراوەیی یا چینایەتیی ، وا مەزانن کە ئاسەوار و دەرکەوتەی ئەم حاڵەت و ئەوش گەلە هەمیشە باش و دڵخواز دەبن. گەلێ جاران لە جەنگەی ترس و سامناکی دا، بیرم لەوە کردۆتەوە کە ئەگەر  رۆژێك نەگبەتی بەرۆکی گرتبام، واتە لە فلانە نیشتمان فلانە پلەوپایەم پێدرابایە، زۆری نەدەخایاند کە ئەمنیش دەبوومە کابرایەکی زاڵمی گەندەڵ و نەتەوە کوژ و خەیانەتکار بە حکوومەت و دوژمنی هەر چەشنە مرۆڤایەتی و دادپەروەری و خۆپارێزی یەك.

هەر وەها ئەگەر دەوڵەمەند بوایەم ( هەڵبەت ئەگەر تەواوی ئەو ئامرازانەم بە کار هێنابایە کە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پێویستن) وەکوو ئەوانیتر دەبوومە کابرایەکی هیچ و پووچ و بێ شەرم. بە نیسبەت خۆم دڵ ناسك و خاوەن بەزەیی و بۆ خەڵکیش تووڕە و بێ بەزەیی دەبووم. بایەخم بە چارەڕشی بەرەڵلایان نەدەداو بە کەمتەرخەمی یەوە لێم دەڕوانین و بەرەڵلا ، ناوێك  بوو کە لە سەر هەژارانم دادەنا بۆ ئەوەی لە بیریان بچێتەوە کە ئەمنیش رۆژێك لە رۆژان وەك ئەوان بووم. بە کورتی سامانی خۆم بۆ خۆش رابواردن خەرج دەکرد و تەنیا و تەنیا بیرم لە رابواردن و خۆشی دەکردەوە _ هەتاکوو ئێرە وەکوو خەڵك وابووم.

بەڵام لە یەك شت دا لە خەڵك جیاواز بووم و ئەویش ئەوە بوو کە من خۆشگوزەرانتر و شەهوەت پەرست تر دەبووم نەك خۆپەرست و لە خۆبایی. رازاوەیی و جاونیشم زیاتر بۆ چێژی گیانم دەویست نەك بۆ خۆ نواندن. چونکی لەوەی دەترسام کە نەکا ئەو بەخیلەی لە شکۆ و

گەورەیی من تووڕەیە بە سرتە بە دراوسێکەی خۆی بڵێ: "چاو لێکە لەو هیچ و پووچە! لەوە دەترسێ خەڵك تێ بگەن کە کابرایەکی دەستەوستانە کە تازە پێ گەیشتوە."

لەو هەموو نیعمەتەی کە رووی زەویی داپۆشیوە، تەنیا ئەوەم هەڵ دەبژارد کە لە هەمووانم خۆشتر دەویست و دەمتوانی ئاسانتر وەدەستی بێنم. بەو هۆیە یەکەمین خەرجێك کە بۆ پارە لە بەر چاوم دەگرت کڕینی ئازادی و دەرفەت بوو. ئەگەر ئازادییش کڕدرابایە، لە ژیاندا جگە لە سلامەتی هیچ چێژێك بوونی نیە، خۆپارێزیم دەکرد بۆ ئەوەی بتوانم خۆش گوزەران بم.

تا ئەو جێگەی کە توانیبام نزیك لە سروشت دەژیام بۆ ئەوەی هەستانەی کە سروشت بە قەرزم وەرگرتون بپشکوێن، چونکە دڵنیا بووم کە هەتا چێژی من سروشتی تر بێ ، واقیعی تر دەبوو. هەر کات ویستیبایەم لاسایی شتێك بکەمەوە، لاسای سروشتم دەکردەوە. بۆ پەروەردەی زەوق و سەلیقەی خۆم بەردەوام دەگەڕامەوە بۆ سروشت. هەمیشە حەزم لەو جۆرە خواردەمەنییانە دەبوو کە سروشت سازی کردوون و بەر لەوەی بێتە سەر مێزی من، دەستی کەسیان وێ نەکەوتبێ. بەو جۆرە لەو فێڵ و گزەیەی کە لە خواردەمەنیەکاندا دەکرێن ، دەپارێزرام و لە بری ئەویەکە چێژ و خۆشی رووم تێکەن ئەمن رووم تێ دەکردن. ئەمن ئەوەندە گەمژە نەبووم کە بۆ تێر کردنی زگی تێر نەخۆرم ، کابرایەکی چاوەدێر دەوڵەمەند بکەم. ئاغی من گۆشتێکی گەنیوی بە ناوی ماسی ، بە نرخی زێڕ بە نەدەفرۆشت. مێزی رازاوەی من، بەو خواردەمەنیە بەرماو پیسانەی کە بە ناوی خواردنی گرانبایی لە وڵاتانی دوور دەستەوە دەی هێنن دانەدەپۆشرا. ئەمن خۆم هەوڵم دەدا کەرەسە و ئامرازی دامرکاندنی حەزەکانی خۆم دابین بکەم. بەڵام ئەو ئازارەی دەم چەشت جۆرە خۆشیەك بوو کە بەو چێژ و خۆشیانەوە زیاد دەبوو کە چاوەڕوانیم دەکردن. ئەگەر ویستبایەم لە خواردەمەنیی وڵاتانی ئەوبەری جیهان بخۆم لەوێوە نەمدەهێنان بەڵکو وەکو ئاپیسیوس APICIUS ی (چاوبرسیی بە ناوبانگی رۆم) خۆم وەدوایان دەکەوتم. چونکە بە تامترین خواردنیش هەمیشە جۆرە ئیسیوتێکی کەمە کە ناکرێ لەگەڵی بیهێنی و هیچ چێشت لێنەرێکی بیانی ناتوانێ چێشتێکی بە تامتر لەوەی لێرە یا فلانە شوێن ساز دەکرێ ، لێ بنێ دیسان، هەر بۆیەش ئەمن لاسای ئەو کەسانەم نەکردەوە کە

ئەو شوێنەیان پێ خۆشە کە ناتوانن لێی بژین و چێژ لەو شتە وەردەگرن کە دەستیان پێی ڕاناگا. چونکی ئەو کەسانە نە لەگەڵ ئەو وەرزەی تێیدان دەسازێن و نە بەو کەشوهەوایە قایلن کە تێیدا دەژین. لە هاویندا خوازیاری زستانن و لە زستانیش دا هاوینیان دەوێ. دەچنە باکوور کە فێنك ببنەوە، دەچنە ئیتالیا بۆ وەی گەرم ببنەوە، بەڵام نازانن ئەگەر دەیانەوێ لە دەست یەکیەتی وەرزەکان ڕاکەن، هەڵە دەکەن. ئەو شوێنەی کە دەشچن ئەم یەکیەتیە هەر هەیە بەڵام ناتوانن خۆی لێ بپارێزن. بەڵام ئەمن یا هەر لەو شوێنەی کە لێی بووم دەمامەوە یا بە پێچەوانەی ئەوانتیر دەجووڵامەوە. واتە لە هەموو باشیەکانی وەرزێك و لە هەموو تایبەتمەندی یەکانی کەڵك و بەهرەم وەردەگرت. یاری و ڕابواردنی وا جۆراوجۆرم بۆ خۆم ساز دەکرد. کە بە هیچ جۆرێك لێك نەچن بەڵام هەمیشە لەگەڵ سروشت گونجاوو تەیا بوایەن.

هاوینان دەچوومە ناپل NAPELS و زستانان دەچوومە سەن پێترزبۆرگ. جارێ لە ئەشکەوتە فێنکەکانی تارێنت دا ڕادەکشام و سروەی فێنکی دەریام هەڵدەمژی و جارێ لە تەلاری ئاوێنەبەندی کۆشکە ڕازاوەکانی پێتەختی ڕوسیادا. داوییش ئەویکە هێندە هەڵدەپەڕیم هەتا شەکەت دەبووم.

بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی مێز یا دیوەکەم کەڵکم لە تایبەتمەندی یە جۆراوجۆرەکانی سروشت ورەدەگرت. واتە وەرزێك چی باش بوایە وەرمدەگرت و لە هیچ وەرزێك دا وەشوێن نیعمەتی وەرزەکانی دیکە نەدەکەوتم. تێکدانی تەکووزیی سروشت جگە لە زەحمەت و چەرمەسەری هیچی لێ ناکەوێتەوە نیشانەی زەوق و سەلیقەی بێ خەوش نیە. ئەو بەرهەمگەلەی وا لە دەرەوەی وەرز، بە زۆری لە سروشتی دەستێنین و سروشت بە زۆر پێتانی دەدا، نە باشن و نە خۆشن، نە گەدە تێر دەکەن و نە چێژێکیشیان هەیە. هیچ شتێك بێ تامتر نیە لەو میوەگەلەی زوو دەیان گەیەنن. فلانە دەوڵەمەندی فەرەنسی بە زەبری پارە و لە ڕێگەی وەجاخی تایبەت و گەرمخانەوە، لە هەموو وەرزەکانی ساڵ دا میوە و سەوزیی لە سەر مێزەکەی هەیە. بەڵام ئەم سەوزی و میوەیە بێ تامن. وای دانێین لە نێوەڕاستی زستاندا، کاتێك کە هەموو وڵات بەستبووی، گێلاس یا کاڵەکیان بۆ هێنابایەم. ئەو میوەم بۆ چ بوو؟ خۆ زاری

من پێویستیی بە تەڕ بوون و فێنك بوونەوە نەبوو. ئایا ئەو پێ لە توو فەرنگی یا توترك یا میوە فێنك کەرەوەکانی دیکە کە لە بەر دەستم هەڵرژاون ، باشتر دەبوو؟ ئەو کەسەی کە لە ژانویە دا تاقەی دیوەکەی خۆی بە گیا و گوڵی بێ رەنگ و بۆنی گەرمخانە دادەپۆشێ، زستان ناڕازێنێتەوە بەڵکو لە جوانیی بەهار کەم دەکاتەوە. وەها کەسێك خۆی لە چێژێکی گەورە بێ بەش دەکا. واتە بە شوێن یەکەم گوڵی بنەوش یا یەکەم چرۆی درەخت دا ناچێتە نێو دارستان کە بە دڵێکی شاد هاوار بکا.

ئەی مرۆڤەکان ، ئێوە هیچ تەنیا نین، سروشت زیندووە و بە جێتان نایەڵێ. بۆ ئەوەی ئاسوودەتر بم کارەکەم زۆر نەدەگرت. ئەوقسەیە گەلێ گوتراوە و دەبێ دیسانیش بگوترێ.ئەوەی کابرایەکی سادەی شارنشین بە کارەکەرێك دەیکا بەگزادەیەك بە دە خزمەتکاران چێی ناکرێ. ئەمن پێموایە ئەگەر پەردەاخەکەم لە سەر مێزەکە و لە بەر دەستم بێ، هەر کات ئیشتیام لێ بێ و تینووم بێ ئاو دەخۆمەوە بەڵام ئەگەر مێزێکی رازاوەم هەبێ و خزمەتکارم زۆر بێ، دەبێ چەند کەس فەرمان بە سەر یەکتر دا لێ بدەن بۆ ئەوەی کە ئەمن تینوێتیم بشکێ. هەر کارێکی کە بە دەستی خەڵك دەی کەین هەر چەندەش هەوڵ بدەن بەو جۆرەی کە پێویستە ناکرێ. ئەمن کەسم نەدەنارد بۆ شت کڕین. بەڵکو خۆم دەچووم چونکی دەمکوت با خزمەتکارەکانم پێش خۆم لەگەڵ دوکاندار نەکەونە ساتوسەودا و خۆم کەلوپەلەکەم باشتر و بە نرخی کەمتر بکڕم.

ئەو رۆیشتنەی من قازانجی دیکەشی هەبوو، وەرزشێکی خۆشیشم دەکرد و دەشم بینی لە بازاڕ چ رادەبرێ. هەم رامدەبوارد و هەم شت فێر دەبووم و هەمیش خۆم بە کارێکەوە دەخافڵاند. چونکی بێ کاری و کڕ کەوتن لە هەموو شتێك زیاتر وەڕەزت دەکا. دەرکەوان یان کارەکەر دیلماجی باش نین، قەت پێمخۆش نەبووە ئەوانە لە نێوان من و خەڵك دابن. نەمدەویست هەمیشە بە پەیتون و بە پۆز و خۆڕانانەوە هاتووچۆ بکەم و خەڵك پێیان وابێ لەوە تۆقیوم تووشیان بم؟. ئەسپی ئەو کەسەی کە دەتوانێ لە قاچی خۆیشی کەڵك وەرگرێ هەمیشە ئامادە. ئەگەر نەخۆش یا ماندوو بن، ئەو بەر لە هەموان تێ دەگا و ناچار نابێ بە بیانووی

ماندوو بوونی ئەسپەکان لە ماڵەوە بمێنێتەوە. یا ئەوەیکە پەیتونچیەکەی ئیشتیای سەیرانی کردووە. یا لەنێو ریگە گرفت و کۆسپ و لەمپەری بۆ هاتۆتە پێشێ و ئەو کاتەی لە بەر بە پەلەیی خوا خوایەتی باڵ بگرێ و هەڵ فرێ ، بە هەشتاو ناچار نابێ بووەستێ. بە کورتی ئەگەر قبووڵمان بێ هیچ کەس لە خۆمان باشتر ناتوانێ خزمەتمان بکا و پێمان رابگا. تەنانەت ئەگەر لە ئەسکەندەر بە دەسەلاتتر و لە کرۆزوش دەوڵەمەندتر بین. کاتێك خۆمان ئیشێك کارێکمان بۆ جێبەجێ نابێ ئەو کاتە دەکرێ یارمەتی لە خەڵك وەرگرین.

بە هیچ جۆرێك پێمخۆش نەبوو کۆشکێك بۆ حەسانەوەی خۆم ساز کەم. چونکی لەوەها کۆشکێك دا تەنیا کەڵکم لە دیوێك وەردەگرت. لە راستیدا ئەو هۆدە و دیوانەی بۆ تەشریفات ساز دەکران و هەموو کەسێك کەڵکی لێوەردەگرتن، دیوەکەی من نەدەبوو. لە لایەکی دیکەوە دیوی خزمەتکارەکان پێوەندیی بە منەوە نەدەبوو، واتە راست وەکوو دیوی جیرانەکەم، کە ئەمن هیچ کارم بە سەری یەوە نیە.

خەڵکی رۆژهەلات {ی جیهان} ئەگەرچی زۆر خۆش گوزەرانن، خانووبەرەی سادە و کەلوپەلی نێو ماڵیان تاڕادەیەك کەمە. چونکی ئەوان ژیان بە جۆرێك سەرفەر کدرن و جیهان بە مزڵێکی کاتی دەزانن. بەلام دەوڵەمەندی ئێمە ئەو راستیەیان قبوول نیە. ژیانی خۆیان وا رێکدەخەن دەڵێی هەتا هەتایە دەژین. ئەمن جۆرێکی دیکە دەژیام. بە خۆم دەگوت ئەو کەسەی بەو هەمووە دامودەزگە پان و بەرینەوە لە شوێنێك دەژی خۆی لە شوێنەکانی دیکە بێبەری دەکا و لە کۆشکەکەی خۆیدا، قەتیس دەبێ. جیهان کۆشکێکی جوانە و هەرچی تێیدایە لە بەر دەستی دەوڵەمەندان دایە بە مەرجێك بیانەوێ کەڵکی لێوەرگرن. نەزیلەیەکی لاتینی هەیە کە دەڵێ: "ئەو جێگەیە نشتیمانتە کە دڵت لێی خۆشە" لە سەر کەسی دەوڵەمەند راستە. لە هەر شوێنێك کە پارە کێشەکان چارەسەر دەکات، ئەوێ ماڵی ئەوە. هەر جێگەیەکی کە بتوانێ سندووقەکەی بەرێتە ئەوێ، ئەوێ وڵاتی ئەوە. هەر وەکی فیلیپ کە توانیبای ئێسترێك درا و بەرێتە نێو هەر قەلایەك ئەو قەلایەی بە ماڵێ خۆی دەزانی. کەوابوو پێویست نیە مرۆڤ خۆی لە چوارچێوەی دیوار و پشت دەرگەکاندا زیندانی بکا و هیچ کات لەوێ نەچێتە دەرێ.

ئەگەریش بە هۆی بڵاببوونەوەی نەخۆشی و شەڕ و ئاژاوەش ناچار بم شار بە جێ بێڵم دەچمە شارێکی دیکەو لەو میوانخانەیە دا دەژیم کە بۆم ئامادە کراوە. هیچ هۆیەك نیە کە کۆشکێك بۆ خۆم ساز کەم. لە هەموو شوێنێکی جیهان مزڵێك بۆ من ئامادەیە. ئەمن پێداگرم لە سەر ئەوەی کە باش بژیم. بۆچی لە خۆڕایی ماتڵ بم بۆ ئەوەی شتێك ئامادە بکەم کە هەر ئێستاش ئامادەیە و لە بەر دەستمە. ئەو کەسەی کە بۆ دامرکاندنەوەی حەزەکانی خۆی هەمیشە وەشوێن شتی ناتەبا و لێك دژ دەکەوێ، ژیانێکی خۆش و شیرنی نابێ. هەر بۆیەش ئەمپێدۆکل EMPEDOCLE رەخنەی لە خەڵکی ئاگریژانت دەگرت و دەی گوت: لە کۆ کردنەوەی کەلوپەلی خۆشگوزەرانیدا ئەوەندە بە پەلەن هەر دەڵێی لە رۆژێك1 پتر ناژین و ئەوەندە عاشقی بینا سازین هەر دەڵێی قەت نامرن. جگە لەوەش، خانوویەکی ئاوا گەورە بە هیچ کاری من نایە، چونکی نە ئەوەندەم کەلوپەل هەیە کەپڕی کا و نە ئەوەندەم خزمەتکار و رەعیەت هەیە کە تێیدا نیشتەجێ بن. لە راستیدا کەلوپەرلەکانی من وەکوو زەوقم سادە بوون. نە کتێبخانەم هەبوون تەلاری شێوەکاری ئەویش کەسێکی وەکوو من کە حەزم لە خوێندنەوە ولە شێوەکاری بوو. چونکی دەمزانی پەردەی نەقاشی و کۆمەڵە کتێب قەت کامڵ و تەواو کۆ نابنەوەو ئەو خەمەی کە بە هۆی کەمبوون و کەموکورتیی ئەوانە دەمانگرێ زیاتر لە خەمی بێبەش بوون لەو شتانە. لەم بارەیەوە زۆر بوون، دەبێتە هۆی چەرمەسەری. کەس نیە کە خاوەنی کۆمەڵە تابلۆیەکی شێوەکاری بێ و ئەم راستیەی هەست پێ نەکرد بێ. ئەو کەسەی زەوقی ئەم ئیشەی هەی نابێ قەت وەشوێنی کەوێ . ئەو کەسەی دەتوانێ کەڵك لە کتێبخانە یان لە تەلاری شیوەکاریی خۆی وەرگرێ پێویست ناکا پێشانی خەڵکی دیکەی بدا.

قومار سەرگەرمیی کەسێکی دەوڵەمەند نیە بەڵکو رێگەیەکە بۆ رابواردنی کەسانی بێکار و ئەمن ئەوەندە سەرقاڵی خۆش گوزەرانی یەکانی خۆم بووك کە دەرفەتم نەبوو کاتی خۆم لە خۆڕا بە فیڕۆ بدەم. ئەمن قەت قومار ناکەم. چونکی هەم دورەپەرێزم و هەمیش هەژار. تەنیا جاروبر شەترەنج دەکەم. ئەگەر پارەم لە پێستی گامێش ئاخنیبایە، هێشتا بە دەگمەن قومارم دەکرد. کەسی دەوڵەمەند زۆری حەز لە قوماران نیە و ئەوانەی شێت و شەیدای قومارن بە

دڵنیای یەوە تەقەڵیان لە سەر خۆ نیە. ئەوەی دەوڵەمەندێك لە قومار دەی باتەوە وردەوردە بە فیڕۆی دەدا و بە گشتی قوماربازەکان زەرەریان پترە لە قازانج. کەوابوو ئەگەر کەسێك جوان بیر بکاتەوە، قایل بەوە نابێ کە وەشوێن سەرگەرمی یەك بکەوێ کە لە هەموو لایەکەوە زیانی لیدەکەویتەوە. ئەو کەسەی کە هەر کات شانس رووی تێدەکا هەستی خۆپەرستیەکەی دادەمرکێ. دەتوانێ لە شتی خۆشتر دا شانسی خۆی تاقی بکاتەوە. هەر وەها لە بیری نەچێ کە ئەگەر زۆر پیداگرە دەتوانێ شانسی خۆی لە قوماری زۆر بچووکیش دا تاقی بکاتەوە. هۆگر بوون  بە قومار کە بەرهەمی بەخیلی و بێکاری یە، تەنیا لە مێشك و دڵە بۆشەکاندا پەیدا دەبێ. پێشموایە ئەوەندەم هەست و تێگەیشتن هەبوو کە چاوپۆشی لەوەها سەرگەرمی یەك بکەم. کەمتر بینراوە کە بیرمەندان و کتێب خوێنەکان وەشوێن قومار بکەون. چونکی ئەم یاری یە مێشك دەبەستێ یا بۆ لێکدانەوەو فێڵ و گزەی یاری کەڵکی لێوەردەگرێ. هەر بۆیەش یەکێك لە قازانجەکان و لەوانەیە تەنیا قازانجەکەشیان ئەوە بێ کە عیشقی چەپەڵی قومار لاواز دەکا.*

هێندی کەس خۆیان قومار ناکەن بەڵام هەوڵ دەدەن، تاریفی قازانجەکانی بکەن بەڵام ئەمن ئەگەر توانیبام دەچوومە نیو قوماربازەکان و لۆمەم دەکردن. هەرکات دۆڕاندبایان گاڵتەم پی دەکردن و ئەو چێژەی لەو کارە پێیان دەگەیشت زیاتر دەبوو لەو چێژەی لە کاتی بردنەوە دا بەوان دەگەیشت.

لە ژیانی تایبەتی و هەڵسوکەتم لەگەڵ خەڵکیشدا هەر وا دەبووم. پێم خۆش بوو هەمیشە خەڵك لە سایەی ماڵ و سامانی من بحەسێنەوە و {ئەو سامانەی} هەرگیز نەبێتە هۆی دەرکەوتنی نایەکسانی. زریقەی و بریقە و رازاندنەوەی جلوبەرگ دەبێتە هۆی هەزار جۆرە نارەحەتی. بۆ ئەوەیکە تا ئەو جێگەیەی دەلوێ ئازادیی خۆم لە نێو خەڵکی دا بپارێزم دڵم دەیویست بە جۆرێك جلوبەرگ لە بەر کەم کە لە نێو هەموو چینەکاندا جێگەی هەبێ و لە نێو هیچ کۆڕو جەماوەرێکدا زەق و بەرچاو نەبم و بە بێ گۆڕینی سەر و پۆتراك و بە بێ خۆنواندن،

---

* ئەم رستەیە لێڵ و تا رادەیەك بێ مانایە و دەقە فارسیەکەی ئاوا بوو

له نێو جەماوەری ئاسایی دا کابرایەکی ڕەشۆکی و ئاسایی و له نێو ئەدیب و خاوەن قەڵەمان دا کە له " پاڵ و ڕۆیال کۆدەبنەوە ئەدیب و نووسەر بم و بەمجۆره هەڵسوکەوت و جووڵەی خۆم له بەر دەستی خۆمدا دەبوو و دەمتوانی کەڵك له خۆشی و رابواردنەکانی هەموو چین و توێژەکان وەرگرم. دەڵێن ژن گەلێك هەن کە دەرگەی ماڵی خۆیان لە سەر هەمووی ئەو کەسانەی دادەخەن کە جلوبەرگی سادە دەپۆشن و تەنیا دەرگە لەو پیاوانە دەکەنەوە کە جلوبەرگی زێڕچنیان له بەر دایە.

ئەمن کارم بەو ژنانە نەدەبوو و ڕۆژی خۆم لە کۆڕ و مۆبوونەوەگەلێکی باشتر دا تێپەڕ دەکرد. بەڵام ئەگەر ئەو ئافرەتانە جوان و ژیکەڵە بوایەن ئەمنیش جار وبار جلوبەرگی زێڕچنم دەپۆشی و وەشوێنیان دەکەوتم تەنیا بۆ ئەوەی شەوێکیان لەگەڵ رابوێرم.

له هەڵسوکەوتم دا لەگەڵ خەلکی،تەنیا شتێکم لە بەر چاو دەگرت کە زەوق و سەلیقەی هاوبەش و ڕێککەوتنی ئەخلاقی لێ کەوتبایەتەوە لەگەڵیدا وەکوو هاوڕێ یەك دەجووڵامەوە نەك وەکوو دەوڵەمەندێك لەگەڵ ناسیارەکانی خۆی. قەت قایل نەدەبووم بەوەیکە تۆز و خۆڵی قازانج پەرستی له سەر شووشەی دۆستایەتیمان بنیشێ. ئەگەر دەوڵەمەندی هەستی بەزیی تێدا نەکوشتبایەم تا ڕادەیەك دەمتوانی هەموان بخەمە ژێر سێبەری بەخشینەوەکانمەوە. حەزم لێ بو چەند هاوڕێ یەکم له دەوروبەری خۆم هەبوایە. نەك ئەوەی کە گروپێکی دەرباری. چەند هاوڕێ یەکم هەبوایە نەك چەند ماستاوچی یەك کە وەکوو سەرپەنایەك لێم بڕوانن. ئەمن دەبوومە خانەخوێی میوانەکانی خۆم نەك ئەوەی ببمە ئاغیان. بێ نیازیی ئێمە له یەکتر و ئەو یەکسانیەی کە له سێبەریدا دەژیاین کۆڕوکۆبوونەوەکانی ئێمەی زۆر سادە و خۆمانە دەکرد و چونکە لەوێدا بەڕێوەبردنی ئەرك یا بەرژەوەندی پارێزی نەبوو. تەنیا هەستی هاوڕێیەتی و عیشق به خۆشیەکانی ژیان زاڵ دەبوو مرۆڤ ناتوانێ خۆشەویست و گراوی خۆی بکڕێ. ئەو کەسەی کە دەیەوێ دڵی ئافرەتێك بە شتگەلێکی جیا له جوانیی روخسار و لێهاتوویی و هەستی ناسك ، به دەست بێنێ ، هەم شەرمەزار دەبێ و هەم دەبێتە گەپجاڕی خەڵك.

خــــەڵكی ڕەشـــۆك هیچـــكات وەڕەز نــابن بـــە وەشـــوێن خـــۆش گوزەرانیشــــەوە نـــین. سەرگەرمیەكانیشیان جۆراوجۆر نیـە، زۆریـش كـەمن. بـە هـۆی چـەندین حـەوتوو كـاری تاقـەت پرووكێن ، بە تەواوی چێژ لەو چەند ڕۆژەی پشوودان وەردەگرن كە بۆیان دەرەخسێنێ و دێتـە پێشـێ. كـاری بـەردەوام بـێ كـاریی كـەم خایـەن كـە بـەردەوام بـە شـوێن یـەكتر دا دێـن بـەو سـەرگەرمییانەی كـە دەتـوانن بـۆ خۆیـانی پێـك بێـنن هـەوێن و چـێژ بـە ژیـان دەدەن. بـەڵام گەرەوترین نەگبەتی دەوڵەمەندەكان لەوە دایە كە بەردەوام وەڕەز دەبـن. لـە نێـو تـەواوی ئـەو كەلوپەل و ئامرازانەی عەیاشی و خۆشگوزەراندن دا كە پارەی كەلانیان پێداون. لە نێو تـەووای ئەو كەسانە دا كە كۆ بوونەتەوە كە هەم بۆ خۆیان و هەمیش بـۆ هاوپیاڵـەكانیان خۆشـی دابـین كـەن، لـە وەڕەزییـان ژیانیـان تاڵـە هـەر لەوانەیـە تەمەنیشـیان لـە كـورتیی بـدا بـە تایبـەتی ئافرەتەكان كە نە دەخوازن ئیش بكەن و نەدەشزانن چۆن رابوێرن  هەر بۆیەش لـەم حاڵەتـە دا زیانیان پی ّدەگا. ئەم نارەحەتیەی كە زۆر جاران بە فێ گرتن یا گـرژی بـاس دەكـرێ. هێنـدێ جار شێتیان دەكات یا دەبێت هۆی نەخۆشی گەلێك كە پێی دەمرن. ئەم كەسی چارەڕەشتر لەو جۆرە ژنانەی پاریسم پی شك نایە. مەگەر ئـەو پیاوانـەی كـە وەشـوێنیان دەكـەون و خۆشـیان وەكوو ئەوان بێ كار دەكەونەوە. ئەوانە لە دوو لایەنـەوە لـە تایبەتمەنـدی یـەكانی پیـاوان دوور دەكەونەوە. هەم دەبنە ژنانیلە و هەمیش بێ كـار. بـۆ ئـەوەش كـە خـەڵك بڵـێن ژنـان خۆشـیان دەوێن و هەستی خۆپەرستیان دامركێتەوە، كاتی خۆیان بـە داهێـزراوی و لـە خـۆڕایی بـە فـیڕۆ دەدەن و لەم بوارەدا ئازارێك دەچێژن كە كەمتر تووشی خەڵكی دیكە دەبێ.

دامودەســتوور و ڕێوڕەســم و ڕێســا كۆمەڵایــەتی یــەكان كــە لــە نەریتــەكانی بــەگزادان و خۆنواندنـە، دوڵەمەنـدان وا دەخاتـە نێـو بازنەیـەكی بەرتەسـكەوە ناچـار بـن ژیـانی خۆیـان بـە شـێوەیەكی وشـك و بـێ ڕۆح و وەكـوو بەنـدەی یـەك تێپـەڕ بكـەن. ئـەو خۆشـییانەی كـە مـرۆڤ دەیەوێ خۆی پێوە بنوێنێ، بە فـیڕۆ دەچـن لـە بـەر ئـەوەی نـەخۆی چـێژیان لێ دەبینـێ و نـە ئەوانیتر. مرۆڤ بەر لە هەر شتێ لەوە تۆقیوە كە نەكا قەشمەری و گاڵتـەی پـێ بكـەن. هەمیشـە ئەو ترسەی لە دڵیدایە و ئازاری دەدا. بەڵام پێویستە بزانین كە ئەو كەس گاڵـەی پێ دەكرێ كە

له ژیاندا هەمیشە وشك و برینگ و بە شێوەیەکی یەك ریتم و سنووردار هەڵسوکەوت دەکا. بەڵام ئەو کەسەی لە کاتی گونجاو دا رەوشی ژیان و سەرگەرمی یەکانی خۆی دەگۆڕێ، ئەورۆ ئەو کاریگەری یە دەسڕێتەوە کە دوێنێ لە سەر خەڵکی دانابوو. ئەویش بە چەشنێك کە حەڵك سەرنجی پێنادەن و ئەوەش وەك ئەوە وایە کە ئەو بە لای ئەوانەوە هەر بوونیشی نەبێ. بەڵام خۆی چێژ لە ژیان وەردەگرێ و لە هەر کات و پێگەیەك دا و لە سەر هەر شتێ بێ، فیکر و زیکری خۆی بۆ چێژ وەرگرتن لەك کاتە تەرخان دەکا کە تێیدا دەژی. ئەمن هەمیشە بە پێی ئەو پرەنسیپە دەژیام و هەڵسوکەوتم دەکرد. واتە لە هەر حاڵەتێك دا بوایەم لە کات و سات و حاڵەتەکانی دیکە نەدەکرد. هەر رۆژێکم وەکوو رۆژێکی سەربەخۆ لە بەر چاو دەگرت. وەکوو ئەوەی کە هیچ بەستراوەی یەکم بە دوێنێ و سبەینێ وە نەبێ. هەر وەکی چۆن خەڵکی رەشۆکی شاریشم هەر بە زمانی رەشۆکییانە نەدەدواند. لە کوێستانێ راست وەکوو دێهاتی یەك وابووم. ئەگەر باسی کشت و کاڵ و وەرزێریم دەکرد جوتیاران پێم پێنەدەکەنین ئەمن لە کوێستانێ کۆشکێکی بە قەرایی شارێکم بۆ خۆم ساز نەدەکرد. و لەو شارێکی دوورەدەست باخی وەکوو تویلیری TUILERIES ی پاریسم لە پێش خانووبەرەکەم ساز نەدەکرد. لە داوێنی تەپۆڵکێکی جوانبە داری چڕوپڕ سێبەر، ماڵۆچکەیەکی دێهاتیانەم ساز دەکرد کە دیوارەکانی سپی و پەنجەرەکانی سەوز بن. ئەگەرچی سەربانێك کە بە کلۆش یا یە شووڵك داپۆشرابێ بۆ هەموو وەرزەکان دەبێ، ئەمن ئەگەر وەشوێن رازاوەییش کەوتبام سەربانی ماڵەکەم نەك بە تەختەبەرد کە دیتنی خەفەت هێنەرە، بەڵکو بە سواڵەت نەك هەر خاوێنترە و چاویش ئازار نادا. بەڵکو خۆیشم کەیفم پێی دێ چونکی لەو وڵاتەی کە لێی لەدایك بووم سەربانی ماڵەکەنیان هەر بەو جۆرە دادەپۆشی. و ئەمن هەر کات چاوم پێیان دەکەوت و دەکەوتمەوە بیر سەردەمی منداڵیم. لە بری حەوشە چیخێکم ساز دەکرد و تێیدا مانگاکانم بە خێو دەکرد. ئە مانگایانە رزق و دۆی منیان دەدا کە زۆرم حەز لە شیر و بەرهەمەکانێتی. باخەکەم تەنیا باخچەیەکی سەوزی کاری دەبوو. پارکەکەشم بریتی دەبوو کە بێستانێکی لە گوێن ئەوەی ئێستا بۆتان باس دەکەم. باخەوان میوەکانی منی نەدەژمارد. تەنانەت نەشی

دەڕنین هەتا ڕێبواران چەندی کەیفیان دێنیٚ لێی بخۆن. ئەمن وەکو ئـەو دەوڵەمەنـدە قڕنیسـانە نەدەبووم کە داری پڕ لە میوە دەخەنە سەر هێچك و کەپری ڕازاوە بەڵام کەس ناوێریٚ قامکیـان بۆ بەریٚ و چاویان لیٚ بکا. هەڵبەت پێتـان وانـەبیٚ کـە ئـەم دەسـت بـە ماڵـەوەنان و تەخشـان و پەخشانەی من زۆر گران تەواو دەبوو. چونکی ئەمن شوێنی دوورەپـەرێزی خـۆمم لـە یـەکێك لـە هەرێمە دووردەستەکاندا هەڵدەبژارد کەلەویٚ پـارە کەمـە و ڕسـق و ڕۆزی بـە پێـی فـیلان. واتـە ڕسق و ڕۆزی و هەژاری هەر دووکیان هەن. لە وەها ماڵێـك دا هـاودەم و دۆسـتم بـۆ خـۆم پەیـدا دەکرد ئەوەیش کەم بەڵام کەسانێك کـە لـە هـەموو لایەنێکـەوە بـاش. ئـەو هاوڕێیانـەی مـن یـان کەسانێك بوون عاشقە تەفریح و سەرگەرمی و دەشیانزانی تەفریح چیە، یـا ژن گـەلێك بـوون کـە دەیانتوانی کورسیی نەرم و خۆش بە جیٚ هێڵن و خەرێکی یاریی دێهاتیانە بن و هێندیٚ جاران لە بری تاو لە کردن تۆڕی ماسیگرتن و تەپکە و داوی ڕاوچـی و شـەنی خـەرمان و سـەوەتەی تـریٚ ڕنین بەدەستەوە بگرن. ئێمە لەویٚ تـەواوی خووخـدە و دابونەریتـەکانی شـارمان وەلا دەنـان و وەکوو دێهاتیەکان دەژیاین. ئەوەندەمان یاری و سەرگەرمیی جۆرواجۆر لە دەوروبەری خۆمـان دەبینی کە هەموو شەویٚ بیرمان لەوە دەکردەوە کە سبەینیٚ خۆمان بـە کامیانـەوە بخافڵێنین. وەرزش و ژیانی پڕ لە هەڵسووڕان گەدە و زەوقی نوێی پیٚ دەداین. هـەموو ژەمـە خواردنێکمـان لە جێژنێکی تەواو دەچوو کە تێیدا زۆر بـوونی نیعمـەت جێگـەی ناسـکێتی دەگرتـەوە. شـادی، کاروباری گوندنیشنی و یاریی دێهاتی، باشترین چێشتلێنەری دونیان. بە تامترین چێشت بۆ ئـەو کەسـەی کـە لـە کـەڕەی بەیانیـەوە خـەریکی کـارە، هـیچ تـام و چـێژێکی نیـە. شـێوەی سفرە ڕازاندنەوە یا خواردن هێنان نە بـە شـێوەیەکی دیـاریکراو ڕێکوپێـك بـوو نـە جـوانی و ڕازاوەیـی تێدابوو. هەموو شوێنیٚ بۆ ئێمە تەلاری خواردن (خواردنگە) بوو. یا نێو باخ یا نێو بەلەم یـا ژێـر سێبەری دارێك جاریٚ لە وشێنێکی دوور، لە دەم کانیاوێکی زوڵاڵ لە سەر شینکەو شیناوەردان ، دەستەی میوان شاد و بە کەیف بە گۆرانی گوتن کەرەسەی نەهاریان لەگـەڵ خۆیـان دەهێنـان. مێزی ئێمەش لە گۆشەیەکی مێرگیٚ بوو. سـندووقەکەشمان لـە دەم ڕووبارەکـەوە بـوو. مـەزەی ئێمە لەدارەکانەوە شۆڕ ببوونەوە. بە نارێکی (هەر جاریٚ شتیٚ) خواردنەکانیان بۆ دێناین و حەز

و ئیشتیا دەرفەتی بە نامۆیی و شەرم کردن نەدەدا. هەر کامێکمان هەوڵی دەدا لە خواردنەدا ڕەفیقەکەی بە جێ بێڵێ و بە عەیبیشی نەدەزانی کە ئەوانیتر بکەونە پێشی. جۆرە مشتومڕ و مقۆ مقۆیەکی منداڵانەش لەم جۆرە هەڵسوکەتە نەرم و خۆمانەیە دەکەوتەوە کە بە دوور بوو لە توندوتیژی و خۆنواندن و زۆری کردن و سەت شەرەفی هەبوو بە سەر ئەو حەیا و شەرم و گران و سەنگینی یەی کە لە میوانیە ئاسای یەکاندا بە دی دەکرێ. تەنانەت دڵەکانیشی باشتر لێك نزیك دەکردەوە.کارەکەیان ئیتر موزاحیمی ئێمە نەدەبوون واتە گوێیان لە قسەکانی ئێمە هەڵنەدەخست و لە پشتەوە لاساییان نەدەکردینەوە و چاوبرسییانە چاویان لە پاروەکانمان نەدەبڕی و لە سەر ئاو خواردنەوەمانم ڕانەدەوستان و بە هۆی زۆر خایاندنی نەهار خواردەنمان پڕتە و بۆڵەیان نەدەهات. ئێمە دەبووین بە نۆکەری خۆمان بۆ ئەوەی ئاغای خۆشمان بین. هە رکام بۆ ئەویتر خزمەتمان دەکرد. کات تێدەپەڕی و بە بێ ئەوەی هەستی پێبکەین. ئەگەر هاتبا و گوندی یەك بە داس و پێمەڕەوە کاتی گەڕانەوەی لە کارێ، بە لاماندا تێپەڕیبایە ، بە چەند قسەی خۆش و پەرداخێ: شەرابە دڵیمان شاد دەکرد. بۆ ئەوەی لانیەکەم بۆ ساتێکیش بووە بیر لە چارەڕەشیەکانی خۆی نەکاتەوە و فەرامۆشیان بکا. بۆ خۆیشم چێژم لەو کارە چاکە دەبینی. چونکە هەستم دەکرد دڵی پێی دەکرێتەوە و دەتوانم لە بنەوە بە خۆم بڵێم کە هێشتا مرۆڤم.

ئەگەر چێژنێکی دێهاتیانە لە خەڵکی ئاوایی لە شوێنێك کۆ بکردایەتەوە ئەمن و هاوالانم بەرە لە هەموان لەوێ دەبووین. ئەگەر زەماوەند و هەڵپەڕکێ بوایە (و زەماوەندی ئاوایی هەمیشە لە زەماوەندەکانی شار خۆشتر و بەختەوەرترن) چونکی دەیانزانی ئەمن حەزم لە شایی و ڕابواردنە بانگهێشتیان دەکردم. ئەمن دیاریی وام بۆ ئەو خەڵکە مێهرەبانە دەبرد کە وەکوو خۆیان سادە بوون و بە کەڵکیان دەهات. لە بری ئەو خزمەتە، نیعمەتی وام پێ دەبڕان کە ناتوانی بڵێی چەندە گەورەن. نیعمەتگەلێك کە هاوڕەگەزکانم نازانن چین بریتین لە : ڕاستگۆیی و خۆمانەیی و خۆشەویستیی ڕاستەقینە. ئەمنیش بە خۆشحاڵی یەوە لە گۆشەیەکی مێزە درێژەکەیانەوە شێوم دەخوارد و لە گوتنەوەی یەکێك لە گۆرانی یە کۆنەکانی

هاودەنگیان دەبووم. لە دیوە گەورەیەی کە شوێنی میواندارێتی یان بوو زۆر هۆگرانەتر و بە تاسە تر لە کۆڕی سەمای ئۆپێرا، هەڵ دەپەڕیم.

پێم دەڵێن هەتا ئێرە هەموو شتێك باش بوو ئەدی چ لە راو دەکەی؟ کوێستان بە بێ راو تام و مانای نیە ـ تێگەیشتم.

ئەمن بەس بە ئاواتەی مەزرایەك بووم. دەردەکەوێ بە هەڵە چووم. ئەمن وای دادەنێم دەوڵەمەندم کەوابوو پێویستیم بە هێندێ سەرگەرمی هەیە کە تایبەت بن بە خۆم. واتە سەرگەرمیی وەها کە خەڵکی پێ وەڕەز نەبێ. دەبێ دەشت و دارستانم هەبن دەبێ جیا لە بە کرێ گرتنی زەوی ، "یەك لە دە وماڵیات لە رەعیەت بستێنم دەبێ ئەو دامودەستوورەی بۆ دەوڵەمەندان هەیە بۆ ئەمنیش بەڕێوە بچێ. دەبێ ئەسپەندەرم بۆ بسووتێنن.

زۆر باشە با وا بێ. بەلاّم ئەم زەوی یە ، دراوسێ گەلی بەخیل و چاوچنۆکی دەبن کە دڵیان زۆر بە مافی خۆیانەوە دەبێ و هەوڵ دەدەن مافی ئەوانیتریش بخۆن. نۆکەر و دەشتەوانەکانیان پێکەوە بە شەڕ دێن و لەوانەیە ئاغاکانیش تووشی کێشە بن و مشتومڕ و دمەقاڵە، شەڕ و قین هەڵگرتنی بە دواوەیە کە دەبێتە هۆی سکالاّ بردن بۆ دادگە. ئەو پێشهاتانە شتێکی دڵخواز و خۆش نین. بەلاّم گرفتی دیکەش پێش دێن. بۆ وێنە رەعیەتەکانم ناقایل دەبن چونکی کەروێشکەکانم گەنمە جاڕەکانیان خراپ دەکەن و بەرازەکانم باقلە و فاسۆلیاکەیان پێخوست دەکەن. ئەوان چونکی ناوێرن ئەو نەیارە بکوژن کە بەرهەمەکانیان لە نێو دەبا، هەوڵ دەدەن لانیکەم لە زەوی یەکەیان وەدەری نێن. هەر بۆیەش ناچار دەبن رۆژانە خەریکی کشتوکاڵ بن و شەوانەش ئاگایان لێی بێ. بۆ ئەو ئیشە دەبێ سەگ راگرن تەپڵ یا هۆرن یا زەنگوڵە لێدەن. بەو هەمووە قریوقریوەش خەوەکەم لێ تێك دەدەن. جگە لەوش ، بلێی و نەلێی، جاروبار دەکەومە بیر نەگبەتی و چەرمەسەریی ئەو چارەڕەشانەو خۆم بە هۆی ئە هەڵسوکەوتەی لەگەڵیان دەکرێ لۆمە دەکەم و ئەگەر بە شازادەیی لە دایك بوایەم لەوانەیە ئەو شتانە کاریان تێنەکردبایەم. بەلاّم لە بەر ئەوەیکە ئەمن منداڵی یەکێك لە چینەکانی خوارەوە بووم کە تازە

دەستیان گەیوەتە دمیان (دەوڵەمەند بوون) دڵم هێشتا وەکوو دڵی خـەڵکی رەشـۆکی هەسـتیار بوو.

چەرمەسەریی دیکەشم دەبن. نێچیری زۆر دەبێتەهۆی زیـاتر راکێشـانی راوچییان. زۆر زۆر ناچار دەبم ئەو کەسانەی بە قاچاخ راو دەکەن سـزایان بـدەم و لـە بەندیخانـەیان تونـد بکـەم. پێویستم بە بەندیخانەو بەندی یەوان و کۆت و زنجیر دەبێ، ئـەو کارانـە بـە رای مـن زۆر زاڵمانـە دەبن. ژنی ئەو چارەڕەشانە ماڵەکەی من گـەمارۆ دەدەن و بـە نـووزەو پارانـەوەو داد و فیغـان ئازارم دەدەن. ئەو لێقەوماوانـەش کـە راویـان نـەکردووە بـەڵام ئاژەڵـەکانی مـن کشـت و کـاڵ و کێڵگـەکانیان لێ خـواردوون ، سـکاڵا دێننـەوە لای خـۆم. ئەوانـەی نێچـیرەکانیان کوشـتوە سـزا دەدرێن. ئەوانەی راویان نەکردووە دەستەشکاو دەبن.

ئەو قورِ بەسەرانە لەو دوو بەڵایە دەبێ کامیان هەڵبژێرن؟ ئەمن لە هەموو لاوە لـە نەگبـەتی زیاتر هیچ شتێ نابینم و جگە لە ناڵە و نووزە چ نابیستم راستە کوشتنی ئە کۆمەڵە کە و پۆلـە کەروێشکەی کە بە بەر پێی مرۆڤدا تێدەپەڕن زۆر هاسانە بە تایبەتی ئەگەر هیچ کۆسپێکیش لە سەر رێگەت نەبێ. بەڵام بە رای من ئەو پێشهاتانەی کە باسم کردن تا رادەیەك ئەو چێژە لە نێو دەبات. ئەگەر گەرەکتانە چێژ و خۆشیەکانتان لێ تـاڵ نـەبن لـە پـاوانی خۆتانیـان مـەنێن. هـەر چەندە مرۆڤەکان زیاتر بکەنە هاوبەشیی خۆشیەکانی خۆتان چێژی زیاترتـان پێـدەگا. کـەوابوو ئەمن هیچکام لەو ئیشانە ناکەم کەباسم کردن.بەڵام بـە بـێ ئـەوەی عیشـق و تاسـەی راو کـردن وەلا بنێم. کارێکی وا دەکەم کە بۆ من کـەم تێچـوتر و بـێ چەرمەسـەرتر بـێ. ئـەمن لـە وڵاتیـك نیشتەجێ دەبم کە راو کردن بـۆ هـەموو کـەس ئـازاد بـێ و بتـوانم بـە بـێ سەرئێشـە کـەڵك لـەو سەرگەرمیە ورەگرم. لە وەها شوێنێك لەوانەیە راو کەمتر بکرێ، بـەڵام بەدەسـت هێنـانی نێچـیر کارامەیی زیاتری دەوێ و چێژ و تامی زیاتریشی لێ دەکەوێتەوە.

قەتم لە بیر ناچێ کە لە کاتی هەڵ فڕینـی یەکـەمین کـەو دا: دڵـی بـاوکم چۆن لێـی دەدا و کاتێـك پـاش ئـەو هـەموو چـاوەڕوانیی و گەڕانـە بـە سـەر لانـی کەروێشـك دا دەکـەوت، چـۆن شاگەشکە دەبوو. بەڵێ، راست دەڵێم کە باوکم بە تەنیایی لە راوێ دەهاتەوە بێجگە لـە تـاژی و

تفەنگ و نێچیرەکەی هیچی پێ نەبوو، کاتێ: کە لە سەرەتای شەوێدا ماندوو و شەکەت بە دەموچاوێکی داڕووشاوەوە دەگەڕاوە ماڵێ، لە زۆربەی راوچییەکان خۆشحاڵتر بوو. راوچییە ناسکەکانی ئێوە بە سواریی بیست تفەنگچییان وەشوێن خۆیان دەدەن و تەنیا هونەری ئەوان ئەوەیەکە تفەنگەکانیان بە تاڵ دەکەنەوەو دەیانگۆڕن و بە هاسانی و بە بێ ئەوەی پێویست بێ کە لێهاتوویی و کارامەیی دەکار بکەن، بە بێ شانازی، ئەو ئاژەڵانە دەکوژن کە لە دەوریان کۆ بوونەتەوە. ئەو کەسەی کە نابێ مولکی خۆی قەدەخە و قۆرخ بکا یا قاچاخچییەکان سزا بدات یا چارەڕەشان ئازار بدات بە بێ ئەوەی چێژ و لەززەتێکی ئەوتۆی پێ بگا ، لە کەم وکووڕی یەکانی راو کردن بە دوورە. بۆ ئەوەی دەری خەم شێوەی راو کردن باشترە هیچ بەڵگەیەك لەوە باشترنیە کە ئێستا باسم کرد. چونکی بڵێی و نەڵێی ئاخری وای لێدێ کە مرۆڤ لە ئازار دانی هاوڕەگەزەکانی خۆی هەست بە نارەحەتی بکا و تووك و نفرینی بەردەوامی گەلی چارەڕەش درەنگ یا زوو راو لە راوچییان دەکاتە ژەهری مار.

دیسانیش دەیڵێمەوە، ئەوانەی کە لەززەت و سەرگەرمی یەکان لە دەست خۆیاندا پاوان دەکەن، لە خۆیانی تاڵ دەکەن. باشترین سەرگەرمی و خۆشی ئەوەیە کە هەموان بەشداری بن. هەر لەگەڵ ئەوەیکە سەرگەرمی یەکتان تەنیا بۆ خۆتان ویست (پاوانتان کرد) ئیتر ئەو نابێتە سەرگەرمی. ئەگەر ئەو دیوارەی بە دەوری پارکەکەمدا دەی کێشم پارکەکەم لێ بکاتە کەنیسەیەکی خەفەت هێنەر، جیا لەوەیکە بە تێچوویەکی زۆر چێژ و لەززەتی سەیران و گەروشم لە دەست دەدەم، کارێکی ترم نەکردووە. ئەو کات ناچارم لە شوێنێکی تر بە شوێن ئەو لەززەتە دا بگەڕێم. شەیتان ببێتە خاوەنی هەر شتێك ژەهراویی دەکات. مرۆڤی دەوڵەمەند حەزی لی یە هەر شوێنێ بێ ئاغایەتی بکا، بەڵام چونکی لە هەمانکات دا لەو شوێنە هەست بە بەختەوەریی راستەقینە دەکا کە ئاغای لێ نیە، بەردەوام لە خۆی بێزار و وەڕەزە.

بەڵام ئەگەر من خاوەن ماڵ و سامان بوایەم ، هەر ئەو شتەم دەکرد کە ئێستا لە هەژاریمدا دەیکەم. هەنووکە بە سەروەت و سامانی خەڵکەوە زۆر دەوڵەمەندترم لەوەیکە ئەگەر خۆم ماڵ و سامانێکم هەبوایە. چونکی ئەوەی لە دەوروبەری خۆم دەی بینم و حەزم لی یەتی وەدەستی

دێنم. هیچ کات له جیهانگیرەکان به قەد من ئازایەتییان نەبووە. چونکی به خەیاڵ تەنانەت دەست به سەر ملکی پاشاکانیش دادەگرم. هەر زەوی یەکی بێ پەرژینم بینی به هی خۆمی دەزانم و هیچیان نابوێرم و هەڵناوێرم. ناو له سەر هیچ کام لەو زەوی یە خەیاڵییانە دانانێم. یەکێکیان پارکی منه و ئەویتر باخچەی من. ئێستا ئەمن موڵکدارێکی گەورەم و دەتوانم به کەیفی خۆم له موڵکەکانی خۆمدا تەڕاتێن بکەم. بۆ ئەوەی خاوەنداریێتیم لەو زەوییانە دا بپارێزم، زۆر جاران دەگەڕێمەوە نێویان. ئەوەندە به سەر خاکدا پیاسه دەکەم هەتا دەسوێ. قەت باوەڕ ناکەم خاوەنی ئەو سەروەت و سامانەی که داگیرم کردووە لەو پارەیەی که له زەوی یەکەی پێی دەگا لەوەی پتر پێ ببڕێ که ئەمن له خودی زەوی یەکه پێم دەبڕدرێ. ئەگەر به دانانی دیوار یان خەرەند، لەمپەریان بۆ ساز کردم بۆم گرینگ نیە. خێرا پارکەکەم به کۆڵم دادەم و له شوێنێکی دیکه به عەرزی دادەم. زەوی له دەوربەرم ئێجگار زۆرە و دەبێ بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر له خەیاڵی خۆمدا ملکی دەرو جیرانەکانم داگیر بکەم بۆ ئەوەی ئیتر شوێنێکی تر دەست نەکەوێ.

ئەوەی که باسم کردن نموونەگەلێك بوون له سەرگەرمی و رابواردنی کەسانی خاوەن زەوق له کاتی بێ کاری دا.هەرکەس بیەوێ خۆشی رابوێرێ دەبێ ئاوا بیر بکاتەوە. جگه لەوە هەر شتێکی دیکه هەبێ گومانێکی پووچ و فیز زلی و بەرزە دەماخی یە. هەر کەس ئەم رێنویی یانە له بەرچاو نەگرێ. هەر چەندەش دەوڵەمەند بێ پارە و دراوەکەی خۆی جۆرێك دەخوا وەك لە ئاوی کردبێ*[1] وایه و هیچ کات له بەهای ژیان تێناگا.

رەخنەی ئەوەم لێ دەگرن که هەموو کەس دەستی بەو سەرگەرمی یانه رادەگا و پێویست ناکا دەوڵەمەند بین جا بتوانین لێی بەهرەمەند بین. ئەمنیش هەر دەمویست ئەوە بسەلمێنم. مرۆڤ هەر کاتێك حەزی لەوە بێ که خۆش رابوێرێ دەتوانێ. تەنیا بیر وڕای خەڵکی و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانن که هەموو ئیش و کارێك دژوار دەکەن و بەختەوەریمان لێ دوور دەخەنەوە،

[1] *دیارە نووسەر دەڵێ وەك گووی خواردبێ وایو. و. ك.

چونکی ئەوەیکە مرۆڤێکی بەختەوەر بیت سەد هێندە لەوە ئاسانترە کە بەختەوەر بنوێنی. مرۆڤێك کە بە راستی خاوەن سەلیقە و خۆش گوزەران بێ، پێویستیی بە ماڵی دونیا نیە. هەر ئەوەندە بەسە کە ئازاد و سەربەست و ئاغاو کوێخای خۆی بێ. ئەو کەسەی جەستەیەکی ساخ و تۆکمەی هەیە و ئاتاج و چاو لە دەست نیە، ئەگەر گوێ نەداتە بیر و ڕای خەڵکی، هەمیشە بە گوێرەی پێویست دەوڵەمەندە. هەر وەکی هۆراسی شاعیری بە ناوبانگی لاتینی دەڵێ: " بێ‌ناو بوون گەنجێکی بە قیمەتە". ئەی ئەوانەی سندووقتان پڕ لە لیرەیە، فیکرێکی تر بۆ خەرج کردنی پاشکەوتەکانتان بکەنەوە. چونکی خۆشحاڵی و شادی لە لیرە هەڵناوەرێ. ئێمیل بەر لە من بەو حەقیقەتانە نازانێ. بەڵام چونکی دڵی ئەو لە دڵی من پاکترە ، باشتر هەستی پێ دەکا و ئەو موتاڵاو لێکۆڵینەوانەش کە لە کۆمەڵگەدا دەیکا، باشتر باوەڕی ئەو پشت ڕاست دەکەنەوە. کاتی خۆمان ئاوا بە سەر دەبەین و هاوکات بەدوای سوفی دا دەگەڕێین بەڵام نایدۆزینەوە. پێویست بوو ئەوکچە زۆر زووش نەدۆزرێتەوە و ئەمن بە ئانقەست لە جێگەیەك بە شوێنی دا دەگەڕام کە دڵنیا بووم لێی نیە.

بەڵام ئیتر لەوانەیە کات بە سەر بچێ. بە راستی دەبێ بە دوای دابگەڕێین ئەگینا مەترسیی ئەوە هەیە کە ئێمیل یەکێکی دیکەی لەگەڵ ئەو لێ تێك بچێ و کاتێك کە دەزانێ بە هەڵە چووە ئیتر درەنگ بووبێ. کەوابوو، ماڵئاوا پاریس ئەی شاری ناودار، شاری پڕ لە قریوە و هەرا، پڕ لە دووکەڵ و لیتە، ئەی ئەو شارەی کە ئیتر ژنەکانت پێبەندی شەرافەت نین و پیاوەکانت تەقوا و خۆپاراستنیان تووڕ هەڵداوە. ئەی پاریس، ماڵئاوا. چونکی ئێمە وەشوێن عیشق و بەختەوەری و پاکی دەکەوین. هەتا لە تۆ دوور بین باشترە.

"کتێبی پێنجەم"

ئێستا لە دوایین قۆناخی لاوێتی نزیك دەبینەوە، بەڵام هێشتا ئەو قۆناخە تەواو نەبووە. ئیتر ئێمیل بۆتە پیاو و باش نیە سەڵت و رەبەن بێ. ئەو هاوسەرە ناوی سوفی یە. ئەم کچۆڵەیە لە کامە قوژبن دەژی؟ لە کوێ وەدەست دەکەوێ؟ بۆ ئەوەی بیدۆزینەوە، دەبێ بیناسین. ئەگەر بزانین لە ژنێکی چۆن دەگەڕێین شوێنی ژیانەکەی هاسانتر دەدۆزینەوە. پاش دۆزینەوەی شوێنی، دیسانیش کارمان تەواو نەبووە. لۆك دەڵێ: ئێستا کە نەجیمزادەکەی ئێمە ئامادەی ژن هێنانە، جێێ خۆیەتی لە لای دەسگیرانەکەی بە جێی بێڵین و بڕۆین و بە گوتنی ئەم قسەیە کتێبەکەی تەواو دەکا. بەڵام ئەمن شانازیی بە پەروەردە کردنی نەجیمزادەیەکم پێ نەبڕاوە. لەوەدا هیچ لاسایی لۆك ناکەمەوە.

# سوفی یان ژن

## پەروەردە کردنی ژنی گەنج

ژن تەنیا لە بەر خاتری پیاو بوونی هەیە. واتە بۆ ئەوە خولقاوە پەسندی ئەو ﴿پیاو﴾ بێ و پێڕەویی لێ بکا. سروشت وا دەخوازێ. ئەرك و بەرپرسیارێتیی ژن و پیاو وەك یەك نیە. ژن پتر لە پیاو لە سەرێتی بە کەسێکی داوێن پاك و بە حەیا و شەرم ناسرابێ. ئەوانەی لایەنگریی لە یەکسانیی ژن و پیاو دەکەن درۆ دەکەن.

له بەر ئەوەی کە ژن و پیاو لە باری ئەخلاق و دەروونەوە وەك یەك نەخوولقێندراون و ناشبێ خوولقێندرابن، کەوابوو، بەو دەرەنجامە دەگەین کە پەروەردە کردنیشیان نابێ وەك یەك بێ. بە پێی رێساکانی سروشت، ژن و پیاو دەبێ هەوڵ بدەن بۆ یارمەتیی کردنی یەکتر، بەڵام نابێ هەرکیان جۆرە کارێك بکەن. مەبەست لە کار کردن بۆ هەر دووکیان هەر یەکێکە. بەڵام ئیشەکان جۆراوجۆرن و سروشتیە ئەو سەلیقەیەی کە ئەم کارانە دەسنیشان دەکا جیاوازن. ئێستا کە پیاوی سروشتیمان دروست کردووە، بۆ ئەوەی کارەکەمان سەقەت نەبێ بزانین چۆن ژنێك دروست بکەین کە شیاوی ئەو پیاوە بێ. ئەگەر دەتانەوێ هەمیشە رێگەی راست هەڵبژێرن بەردەوام لە ژێر فەرمانی سروشت دابن. دەبێ رێز لەو شتانە بگرن کە تایبەتمەندیی ژن و پیاون. چۆنکی دەستکاری سروشتن. بەردەوام دەڵێن ژنان فلانە کەم وکووڕیان هەیە کە ئێمە نیمانە. بەڵام ئەوە فیز و غورووری ئێوەیە کە بە هەڵەتان دەبا. چونکە ئەوەی کە بە لای ئێوەوە کەموکورتی یە تەنیا بۆ ئێوە وایە و بۆ ئەوان شتێکی باشە. ئەگەر ژنان ئەم کەموکورتییانەیان نەبوایە رەوشەکە خراپتر دەبوو. هەوڵ بدەن ئەو شتەی کە لەواندا بە کەموکورتیی دەزانن مەیکەنە گەندەڵی. بەڵام قەت هەوڵ مەدەن ئەم کەمکورتییانە لە نێوبەرن. ژنانیش بە نۆرەی خۆیان شکایەت دەکەن و سکاڵایان لەوەدایە کە ئەوان بە کەسێکی خۆپەرست و بەناز بار دێنین و بەردەوام بە ئیشی منداڵانەوە سەرقاڵیان دەکەین. بۆ ئەوەی بتوانن سووك و سانا بە سەریاندا زاڵ بین. ئەوانیش ئەو کەمکورتیانە لە ئێمە دەزانن. ئەی لەو شێتانە! پیاوان لە کەنگێوە خۆیان لە پەروەردەی کچان هەڵقورتاندووە؟ کێ لەمپەر و پێشگرە بۆ ئەوەی دایکان نەتوانن بە کەیفی خۆیان کچان پەروەردە بکەن؟ دەڵێن کچان قوتابخانەی دوا ناوەندییان نی یە، ئای لەو چارەڕەشی یە ئەگەر خودا کارێك وای کردبایە کوڕانیش لەم نیعمەتە بێ بەری بوونایە، دڵنیا بن ئەو کات ژیرتر و بە حورمەت تر دەبوون. ئایا کەسێك کچەکانی ئێوەی بەوە ناچار کردووە کە کات و دەرفەتەکانیان بۆ کاری پووچ و بێهوودە بە فیڕۆ بدەن؟ ئایا ناهێڵن بەو جۆرەی حەزتان لی یە پەروەردەیان بکەن؟ ئایا ئێمە ناچاریان دەکەین کە ئەوانیش وەکوو ئێوە نیوەی تەمەنی خۆیان بۆ خۆ جوان کردن تەرخان بکەن؟ ئایا خەتای

ئێمەیە کە حەزمان لە کچی جوانە و عەمزە و نازیان دڵمان دەڕفێنێ؟ ئایا تاوانی ئێمەیە کە ئەو ناز و خۆنواندنەی لە ئێوەی فێربوون، سەرنجی ئێمەمانان رادەکێشن و ئەوەیکە پێمان خۆشە بە خشڵ و بەرمووری جوانەوە بیان بینین، یا دەرفەتی ئەوەیان دەدەینێ کە ئەو چەکەی ئێمە پێ بە چوك دادەنێنن، بخەنە سەر پێ؟ زۆر چاکە بڕیار بدەن کە ئەوان وەکوو پیاوان بار بێنن. ئێمە لە ناخی دڵەوە قبووڵی دەکەین. هەر چەندەی هەوڵ بدەن وەکوو پیاوان بچن، کەمتر دەتوانن بە سەریاندا زاڵ بن و ئەو کاتەیە کە پیاوان دەبنە سەروەری راستەقینەیان. تەواوی ئەو هێزانەی کە لە نێو ژن و پیاو دا هاوبەشن وەکوو یەك بە سەریاندا دابەش نەکردوون بەڵام ئەگەر وای دانێین تێکەڵاوی یەك لەو هێزانە پێك بێ دەبینین یەکتر کامڵ دەکەن.

ژن ئەگەر بە هەبوونی تایبەتمەندی یەکانی ژنانە بوون قایل بێ، بە قەدر و قیمەت ترە هەتا ئەوەیکە بیەوێ خاوەن تایبەتمەندیی پیاوانە بێ. لە هەر شوێنێ کە دەخوازێ مافەکانی خۆی بپارێزێ، دەسەڵات بەوە و لە هەر جێگەیەکیش کە بیەوێ مافی ئێمە زەوت بکا، سەرکەوتن بە ئێمەیە. بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم حەقیقەتە گشتی یە، هێندێ خاڵی ناوازە بە شایەت دێننەوە و هەڵبەت شێوەی بەڵگاندنی لایەنگرانی رەگەزی مێینە، هەمیشە ئاوا بووە.

ئەگەر سیفەت و تایبەتمەندی یەکانی پیاوان لە ژناندا، پەروەردە بکەین و چاوپۆشی لەو تایبەتمەندییانە بکەین کە تایبەتی هی خۆیانن، بە دڵنیای یەوە بە زیانی ئەوانمان کار کردووە. ئەم ناسك و نەرمانە خۆیان باش لەوە تێنەگەیون و بە هیچ جۆرێك هەڵناخەڵەتێن. هەم دەخوازن مافەکانی ئێمە زەوت بکەن و هەمیش مافی خۆیان بپارێزن. بەڵام چونکە ناتوانن تایبەتمەندیی ناتەبا و لێکدژ پێکەوە لە شوێنێکدا کۆ بکەنەوە، تووشی نوشوستی و دابەزین دەبن و ناشگەنە پلە و پایەی ئێمە (پیاو) و هەر بۆیەش نیوەی بەهای خۆیان دەدۆڕێنن. ئەی دایکی بەرچاو ڕوون هەوڵ نەدە بە پێچەوانەی سروشت کچەکەت وەکوو پیاوێکی شەریف پەروەردە بکەیت هەوڵ بدە کچەکەت ببێتە ژنێکی شەریف و دڵنیابە کە ئەوە هەم بە قازانجی ئەوە و هەم بە قازانجی ئێمەشە. ئایا لەو بۆچوونانەمان بەو ئاکامە دەگەین کە ژن دەبێ لە زانینی تەواو دا پەروەردە بکرێ و تەنیا لە چوارچێوەی ئیش و کاری ماڵەوە دا قەتیس بمێنێ؟

ئایا دەبێ پیاوان خوازیاری ئەوە بن کە هاوسەرەکەی کەنیز و قەرەواش بێ؟ ئایا بە هۆی پێکەوە بوونیان ﴿پیاوەکە﴾ خۆی لە گەورەترین چێژی کۆمەلایەتی واتە پێوەندی و هەلسوکەوت لەگەل خەلکی بێ بەری دەکات؟ ئایا بۆ ئەوەی ئەو بکاتە کۆیلەی خۆی رێگر دەبێ لە بەر دەم تێگەیشتن و پێگەیشتنی دا ؟ ئایا وەکوو ئامرازێکی بێ ئیرادە باری دێنێ. ئاشکرایە، کە نەخێر سروشتیش کە هەست و بیری ناسکی بە ئافرەت بەخشیوە داوای ئەم بەرتەسك بوونەی لێ نەکردوون. بە پێچەوانەوە ، سروشت دەخوازێ ژنان بیر بکەنەوە، هەلسەنگێنن ، حەز بکەن، شت تێ بگەن و بیر و بۆچوونەکانیان وەکوو روخساریان برازێننەوە. ئەم هێزە سروشت بە ژنانی دەدات و بۆ ئەوەی بتوانن قەرەبووی ئەو هێزە بکەنەوە کە نیانە و هێزی ئێمەش رێنوێنی بکەن. ژنان دەبێ گەلێ شت فێر بن بەلام تەنیا ئەو شتانەی کە کەلکی بۆیان هەیە.

چ ئەو مەبەستە لە بەرچاو بگرم کە رەگەزی مێینەی بۆ خوولقێندراوە و چ لە حەزەکانی تێ بگەم و چ ئەرك و بەرپرسیارەتیەکانیشی بۆ لە بەر چاو بگرم، بە هەر حال ئەو شێوازە پەروەردەی یەی کە بۆ ئەو گونجاوە بۆم دەردەکەوێ. ژن و پیاو بۆ یەکتر خوولقێندراون. بەلام رادەی پێویستییان بە یەکتر وەکوو یەك نیە. بۆ وێنە ئێمەی (پیاو) ئاسانتر دەتوانین بە بێ ئەوان (ژنان) بژیین لە چاو ئەوەیکە ئەوان بە بێ ئێمە. بۆ ئەوەی پێداویستی یەکانیان دابین بێ، بۆ ئەوەی لە رەوشێکی باش دا بژیین، دەبێ هەر شتێکیان پێویستە پێیان بدەین، بەلام دەبێ بمانەوێ بیدەین. واتە بە شیاوی ئەوەیان بزانین کە پێیان بدەین ژیان و تەناهی ژنان بەو بایەخ و بەهایەوە بەستراوەتەوە کە ئێمە بۆ هونەر و لێهاتوویی ئەوانی دادەنێین و ئەو گرینگی یەی کە بە جوانیەکەیانی دەدەین. ژنان بە پێی یاساکانی سروشت (چ لە بەر خۆیان و چ بۆ منداڵانیان) ملکەچی هەلسەنگاندن و داوەریکردنی پیاوانن.

هەر ئەوەندە بەس نیە کە بە حورمەت بن ، دەبێ بە کەسانێکی رێزدار لە قەلەم بدرێن. هەر ئەوەندە بەس نیە جوان بن، دەبێ لە بەر دلانیش بن. هەر ئەوەندە بەس نیە کە ژیر بن، بەلکوو دەبێ ژیر ناسرابن. شەرافەتی ئەوان تەنیا بە هەلسوکەوتیانەوە گرێ دراوە بەلکوو

پێوەستە بە ناووناوبانگیانەوە و مەحاڵە ئەو کەسەی کە بەوە قایل دەبێ کە ناوی بزڕێ و بشتوانێ پاك داوێنیش بێ. پیاو کاتێك دەست بۆ کارێك باش دەبا تەنیا بە قسەی خۆی دەگا و دەتوانێ گوێ نەداتە قسە و داوەری کردنی خەڵکی. بەڵام کاتێك ژن کارێکی باش دەکا تەنیا نیوەی ئەرکی خۆی راپەڕاندووە. چونکە بۆچوونی خەڵك و داوەریکردنیان لە سەر ئیشەکەی بە قەد خودی کارەکە گرینگی هەیە. لەوەی باسم کرد بەو دەرەنجامە دەگەین کە دەبێ شێوازی پەروەردە کردنی ئافرەت لەم رووەوە پێچەوانەوەی پیاو بێ. باوەڕێکی گشتی (خەڵکی) بۆ پیاوان گۆڕی داوێن پاکی یە و بۆ ژنان تەختی داوێن پاکی.

ساخ و سلامەتیی جەستە و تۆکمەیی منداڵ راستەوخۆ پێوەندیی بە سلامەتی و تۆکمەیی دایکەوە هەیە. پەروەردەی سەرەتایی پیاوان بە چاوەدێریی ژنانەوە بەستراوەتەوە و هەروەها رەوشتی پیاوان، دەروون و سەلیقەکانیان و لەززەت و تەنانەت بەختەوەری یەکەشیان بە چاوەدێریی ژنانەوە گرێ دراوە. بەم شێوەیە ژنان دەبێ تایبەت لە بەر خاتری پیاوان پەروەردە بکرێن. کەوتنە بەر دڵی پیاوان، ئامۆژگاری کردن، دڵ دانەوە، شیرن کردنی ژیانیان، بە کەڵك بوون ، خۆ گران و ماقووڵ کردن و خۆ شیرین کردن لە بەر چاوی پیاوان، پەروەردە و بارهێنانی پیاوان لە منداڵیەوە، چاوەدێری کردنیان لە پیریتی دا ، ئەوەیە ئەرکی ژنان لە تەواوی دەورو قۆناخەکاندا و ئەوەیە ئەوەی کە دەبێ لە منداڵیەوە فێر بکرێن. هەتا ئەو کاتەی ئەم بنەما گشتی یە لە بەر چاو نەگرین لە مەبەست دوورر دەبین و هیچ کام لەو دەستوور و فەرمانانەی پێیان دەدەین قازانجی بۆ بەختەوەرییان نابێ. ئەگەر چی هەموو ژنێك پێی خۆشە دڵخوازی پیاوان بێ، و دەشبێ پێی خۆش بێ، بەڵام جیاوازی یەکی ئێجگار زۆر هەیە لە نێوان ئەو ژنە دا کە حەزی لێ یە پیاوێکی بە راستی مێهرەبان و خۆشەویست، خۆشی بوێ لەگەڵ ئافرەتێك کە دەخوازێ بکەوێتە بەر دڵ و سەرنجی کەسانێکی نەشیاو و بەڕەڵڵای کە مایەی سووك بوون و شەرمی رەگەزی خۆیان و رەگەزی مێیینەن.

نە سروشت و نە ئاوەز، هیچ کام ناتوانن ژن بەوە ناچار بکەن کە لە ناخی پیاودا ، ئەو شتەی خۆش بوێ کە لەگەڵ سەلیقەی خۆی یەك دەگرێتەوە هەروەها ژن نابێ خوازیاری ئەوە بێ کە بە لاسایی کردنەوی ئاکاری پیاو ، خۆی لە بەر چاو خۆشەویست بکا.

کەوابوو کاتێك کە ژنان واز لەو قەلافەتە دلگر و گران و ماقووڵە دێنن کە لەگەڵ رەگەزی خۆیاندا یەك دەگرێتەوە و دەچنە سەر خووخدەی ئەم کەسە لەرزۆك وهیچ و پووچانە، لە بری ئەوەی لە مەبەستەکانی خۆیان نزیکتر ببنەوە لێی دوورتر دەکەونەوە و بەم جۆرە ئەو مافانەی کە گەرەکیانە وەریانگرن لە خۆیانی زەوت و پێ شێل دەکەن. ئەوان دەڵێن: ئەگەر بە جۆرێکی دیکە بوایەن، نە دەکەوتینە بەر دڵی پیاوان بەڵام درۆ دەکەن. ژن بۆ ئەوەی شێتی خۆش بوێ، دەبێ خۆی شێت بێ و حەز لە راکێشانی ئەو جۆرە پیاوانە. نیشانەی بێ سەلیقەیی ئەو ژنەیە کە وەشوێنیان دەکەوێ. ئەگەر پیاوی بەرەڵلا و هیچ و پووچ نەبوونایە، ئەم ژنانە پیاوی لەم چەشنەیان دروست دەکردن. بەرەڵلایەتیی ئەم ژنانە ئاکامی رەفتاری پیاوانە. بەڵام سووك و چرووکیی ژنان بەرهەمی ئاکاری پیاو نیە، ژنێك کە هەڵسوکەوتی پیاوی راستەقینەی خۆش دەوێ و گەرەکێتی بکەوێتە بەر دڵی ئەمجۆرە پیاوانە، دەبێ کەڵك لە ئامرازگەلێك وەرگرێ کە لەگەڵ مەبەستەکەیدا یەك بگرێتەوە. ژن بە شێوەی جەوهەری, عیشوەباز و نازفرۆشە. بەڵام شێوەی عیشەوەگەری و بابەتی عیشوەگەری یەکەی ئەو بە پێی مەبەستەکانی دەگۆڕدرێ. ئەگەر ئەو مەبەستانە لەگەڵ مەبەستە سروشتیەکان رێك بخەین ، ژن پەروەردەی گونجاو و تەبا لەگەڵ خۆی دەدۆزێتەوە؟

کچۆڵەی کەم تەمەن هەر لە سەر پشتی لانکەوە حەزیان لە خشڵ و بەرموورانە. ئەوان نەك هەر گەرەکیانە جوان بن، بەڵکوو حەزیان لی یە لە بەردلانیش دیار بن. لە قەلافەتی وردی سەردەمی منداڵیشیاندا ئەم حەز و گرۆی یە بە دی دەکرێ. هەر لەگەڵ فام کردنەوەیان، ئەگەر دەورووبەری یەکانیان باسی قسە و باوەڕی دەورووبەری یەکانیان لە سەر ئەوان بۆ بگێڕنەوە لێیان تێ دەگەن، گومان لەوە دا نیە کە ئەگەر هەر ئەم شتانە بۆ کوڕەکان بگێڕنەوە ، بەو رادیە لێی تێناگەن. چونکە کوڕان ئەگەر ئازاد بن و کەرەسەی گەمە و رابواردنیان لە بەر دەست

بێ، زۆر گرینگی بەوە نادەن کە خەڵك لە بارەیاندا چۆن بیر دەکەنەوە. ئەگەر بیانەوێ لە هەموو بارێکەوە وەکوو کچان باریان بێنن ، کاتێکی زۆر و زەحمەتێکی زۆری پێویستە.

بەڵام ئەو کەسانەی کە ئەم یەکەم وانەیە فێری کچان دەکەن ، هەر کەس هەن و هەر کەس بن، وانەیەکی بێ کەڵکە لە بەر ئەوەیکە، جەستە بەر لە هزر دروست دەبێ، دەبێ پەروەردە کردنەکەشی وەپێش کەوێ. ئەم شێوەیە لە هەر دوو ڕەگەز دا دەبێ لە بەر چاو بگیردرێ بەڵام لە هەر ڕەگەزەی دا ، مەبەستەکان جیاوازن. لە یەکێکیاندا،مەبەستەکە گەشەی هێز و تاقەتە و لە ئەویتردا گەشە و سەرهەڵدانی جوانی و ناسکیتی یە. هەڵبەت نابێ پێمان وابێ کە هەر کام لەم دوو تایبەتمەندی یە دەبێ لە پاوانی ڕەگەزێك دابێ. هەردووکیان پێویستیان پێیانە، بەڵام نەك وەکوو ئەوەیکە ئێستا باوە. واتە ژنان دەبێ بە گوێرەی پێویست بە هێز بن بۆ ئەوەی بتوانن بەرعۆدەی ئەو کارانە بن کە ئەوەندە بە ناسکی و زەریفی جێبەجێی دەکەن و پیاوان دەبێ بە گوێرەی پێویست چالاك بن بۆ ئەوەی بە وردی ئەو کارانە جێبەجێ بکەن کە هێز و تاقەتی زۆریان دەوێ و ئەوان پێیان دەکرێ.

لاوازیی پیاوان بەرهەمی لاوازیی لە ڕادەبەدەری ژنانە. ژنان نابێ وەك پیاوان بە هێز بن بەڵکوو دەبێ لە بەر خاتری ئەوان بە هێز بن. بۆ ئەوەی ئەو پیاوانەی لەوان دەبن بە هێز بن. لەم ڕووەوە کەنیسە و قوتابخانە شەو و ڕۆژانەکانی کچان - ئەگەرچی خواردنەکانیان سادەن بەڵام منداڵان دەتوانن تێیدا هەڵبەز و دابەز بکەن و لە هەوای کراوەدا و لە نێو باخ دا بژین - بە گشتی لە ماڵی باوکیان باشترە، چونکی کچ لە ماڵی باوان خواردنی باش دەخوا، بەڵام هەمیشە یا لە ڕادە بەدەر دەی لاوێننەوە یا لە ڕادە بەدەر لە ژێر گوشاری دادەبێ. هەمیشە لە دیوی داخراو دا لە بەر چاوی دایکی دانیشتوە و ناوێرێ ببزوێ، پیاسە بکا، قسە بکا و تەنانەت پشوو بدا. بۆ ساتێکیش ئازاد نیە کە گەمەی بکا. قەڵەمباز بدات ، غارغارێن بکا، هاوار بکا و وا بجووڵێتەوە کە لەگەڵ تەمەنی دا یەك دەگرێتەوە. لە ماڵێ ، یا بەردەوام و بە شێوەیەکی مەترسیدار کچ بەرەڵڵا دەکەن یا ئەوەیکە لە ڕووی نەزانینەوە دەیخەنە ژێر گوشارو زەختەوە. ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵی دەکرێ هیچ کات بە پێی عەقڵ نیە و بەم شێوەیە هەر لە منداڵیەوە

ڕۆح و جەستەی لە نێو دەبەن. کچانی سپارت وەکوو کوڕان گەمە و یاریی شەڕێیان دەکرد. ئەوان مەبەستیان ئەوە نەبوو کە دەچنە شەڕێ، بەڵکوو دەیانویست بتوانن ڕۆژێك منداڵی وایان بی`کە بتوانن لە هەمبەر دژواری و تاڵیەکانی گۆڕەپانی شەڕێدا خۆڕاگر بن. دیارە ئەو کارەم بە دڵ نیە. بۆ ئەوەی حکوومەت سەربازی باشی هەبێ پێویست ناکا دایکان چەك هەڵگرن و مەشقی سەربازی بکەن. بەڵام پێموایە بەگشتی پەروەردەی ژنان لە یۆنان گەلێك ژیرانە بووە. کچان لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوە گشتی یەکاندا بەشدار دەبوون. دیارە خۆیان پێکەوە نەك ئەوەیکە لەگەڵ کوڕان بن. کەمتر ڕێوڕەسم و جێژنێکی ئایینی هەبووە کە کچانی چینەکانی سەرەوەی شار تێیدا بەشداری نەکەن. ئەم کچانە تاجەگوڵینەیەکیان لە سەر دەنا، سروودیان دەخوێند و پێکەوە هەڵدەپەڕین. سەلە و قەرتاڵەی پڕ لە نەزرییان لەگەڵ خۆیان دێنا. ئەم دیمەنە جوان و بێ خەوشە،کاریگەری یەکی باشی لە سەر هەستی یۆنانیە چاوبرسیەکان دادەنا واتە دیمەنکانی وەرزشکردنی زێدەڕۆییانەی ئەوانی قەرەبوو دەکردەوە. جگە لەو کاریگەری یەی کە ئەم خووخدەیە لە سەر دڵی پیاوانی بە جێ دەهێشت. لە بەر ئەوەیکە لە قۆناخی گەنجێتی دا لە ڕێگەی وەرزشی باش و گونجاو و نەسووك و نە قوورس، کچان جەستەیەکی تۆکمەیان دەبوو: زۆریش بە قازانج بووە. هەروەها لە ڕووی بزواندنی حەزی خۆشەویست بوونەوە دەبووە هۆی گەشە و هەڵدانی هەستەوەری و پەروەردەی زەوق و سەلیقەیان، بە بێ ئەوەی هیچ زیانێکی بۆ ئەخلاقیان هەبێ. گەورەکچان هەر لەگەڵ ئەوەی مێردیان دەکرد، ئیتر لە کۆڕە گشتی یەکاندا نەدەبینران، لە ماڵی خۆیاندا قەتیس دەکران و چالاکیەکانی خۆیان لە چوارچێوەی کابانێتی و چاوەدێری کردن لە ئەندامانی بنەماڵە، بەرتەسك دەکردەوە. ئەم شێوە ژیانە هەر ئەوەیە کە عەقڵ و سروشت بۆ ڕەگەزی مێینە لە بەر چاویان گرتوە هەر بۆیەش ئەو دایکانە پیاوی وایان لێ`دەکەوێتەوە کە لە هەموو تاکەکانی سەر ڕووی زەوی، تۆکمەتر و بە هێزو گوڕتر و بەژن و باڵا جوانتر بوونە. و ئەگەر چەند دوورگەی یۆنانیان لێ دەراوێژین کە بە گەندەڵ ناویان زڕاوە، گومان لەوە دا نیە کە لەم جیهانەدا، تەنانەت لە نێو ڕۆمی یەکانی کۆنیش دا، گەلێك بەدی ناکرێ کە ژنیان لە ژنی یۆنان ژیرتر و لە بەردڵان و خۆشەویست تر بوو

بێ و وەکوو ئەوان جەماڵ و کەماڵیان ڕێککەوتبێ. دەزانین کە جلوبەرگە، فشوفۆڵەکانی ئەوان بە بێ ئەوەی جەستە ئازار بدەن، یارمەتیدەر بوون بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی ئەم جەستەیە کە نموونەکەی لەو پەیکەرانە دا بە دی دەکرێن کە لەو سەردەم ماونەتەوە. ئەم پەیکەرانە ئێستاش لە وڵاتانی ئێمە دا نموونەیەکن بۆ هونەرمەندان چونکی هاوچەرخانی ئێمە وایان لە سروشت کردووە کەئیتر بۆ ئەوە نابێ بکرێتەوە نموونە. یۆنانیەکان هیچ کام لەم کۆت و بەندە (دەسرازە) جۆراوجۆرانەیان نەدەناسین کە لە هەموو لاوە جەستەی ئێمەیان تێوە دەپێچن و ئەندامەکانی ئێمەیان پێ دەخەنە ژێر گوشارەوە. ژنەکانی ئەوان نەیاندەزانی چۆن کەڵك لەو کۆت و بەند و دەسرازانە وەرگرن کە لە بری ئەوەی پشت و کەمەر جوان بکەن ناڕێك خێچ و خواری دەکەن. ئەمن دڵنیام ئەو زێدەڕۆی یەی کە لە بریتانیا لە کەڵك وەرگرتن لە دەسرازە دا دەکرێ ، دوا جار جەستەی بریتانیەکان لە بیچم و جوانی دەخات و تەنانەت دڵنیاشم لەوەیکە ئەو جوانیەی کە بەرهەمی کەڵك وەرگرتن لەم ئامرازەیە ، لەگەڵ عەقڵی بێ خەوش و ساخ یەکناگرێتەوە. چاولێکردن لە ژنێك کە وەکووو زەردەواڵە دەلێی لە نێوقەدەوە دوو لەت کراوە شتێکی جوان دلگر نیە. ئەم دیمەنە هەم چاو ئازار دەدات و هەم ئەوەیکە هیزی خەیاڵکردن خەوشدار دەکات. باریکبوونی نێوقەدیش وەکوو شتەکانی دیکە رادە و ئاستێکی هەیە کە ئەگەر لەوە تێپەڕێ ئەوا بە کەموکوری دەژمێردرێ. بە چ هۆیەك دەبێ ئەم کەموکۆری یە کە چاوی مرۆڤ لە جەستەی رووتیش دا دەی بینێ ، لە ژێر جلوبەرگەوە بە شتێکی جوان لە قەڵەم بدرێ؟

ئەمن ناوێرم ئەو هۆکارانەی کە ژنان بۆ پۆشینی ئەم جۆرە زرێ یە، دەی هێننەوە ، باس بکەم سینگێك کە شۆڕ بووبێتەوە و زگێکی گەورە لە ژنێکی 20 ساڵاندا زۆر ناشیرنە، بەڵام لە ژنی 30 ساڵ ناحەز نیە. چونکی دەبێ بڵێی و نەڵێی ، لە هەموو قۆناخێکی ژیاندا، بەو شێوەیە بین کە سروشت پێێ باشە. و چونکە چاوی مرۆڤ هەڵە ناکا. ئەم کەموکورتییانە لە هەر تەمەنێك دا بێزار کەرن. بێزار کەرتر لەوە خۆنواندنی گەمژانەی ئافرەتێکی 40 ساڵانە کە دەیەوێ خۆی وەك کچۆڵەیەکی چاردە ساڵان بنوێنێ.

هەر شتێکی ڕێگر بێ لە بەر دەم ئـازادیی سروشـتی دا، نیشـانەی بـێ‌سـەلیقەی یـە. ئـەم بنەمایە رازێنەرەوەکانی جەستەش وەکوو رازێنـەرەوەکانی رۆح دەگرێتـەوە. ژیـان، سـلامەتی، عەقڵ، ئاسایش دەبێ بخرێنە پێش هەموو شتێك. هیچ جوانی یەك بە بێ هەڵسوکەوتی چالاکانە و ئازادیی جووڵە کە بەرهەمی سلامەتین، نایەتە بەرچاو. ناسکێتی لە لاوازی و لەرزۆکی جیایە و هیچ پێویست ناکا ژن بۆ ئەوەی خۆشەویست و لە بەردڵان بێ ، نقوستان بێ.

کچان هەر لە سەرەتای منداڵیانەوە حەز و زەوقێك لـە خۆیـان دەردەخـەن کـە تایبەتـە بـە رەگەزی خۆیان. بـۆ وێنـە بووکەڵـە و خشـڵ و بـەرمووریان خـۆش دەوێ. بـەرگ دوورینیـان لـە خوێندن و نووسین پێ باشترە. کچان دەبێ چالاك و زەحمـەت کـێش بـن. دەبـێ لـە سـەرەتاوە رایان بێنن کە لە تاڵی و سوێری یەکاندا خۆراگر بن بۆ ئەوەی دواتر ئازار نەچێژن. نابێ لە گەمە و رابواردن بێ بەری بکرێن. بەڵام دەبێ وایان رابێنین کە کتوپڕ لە جەنگەی یـاری کردنـدا بـانگ بکرێن و خەریکی ئیشێکی دیکە بن. سـیفەت و تایبەتمەنـدیی سـەرەکیی ژنێـك لـە سـەرخۆیی و هێوری یە. ژن دەبـێ هـەموو شـتێك تەنانـەت ناهـەقی و زوڵـمیش لـە مێردەکـەی قبـووڵ بکـا و سکاڵاشی نەبێ.

کچان دەبێ هەمیشە ملکەچ و گوێڕایەڵ بن. بەڵام دایکان نابێ هەمیشە بێ بەزەیی بـن. بـۆ ئەوەی کچێك گوێڕایەڵ بار بێنین پێویست ناکا چارەڕەشی بکەین. بۆ ئەوەی بـە حـەیا و شـەرم پەروەردەی بکەین نابێ گەمژەی باربێنین. بە پێچەوانەوە، پێم خراپ نیە جاروبـار لێگـەڕێن کـە کچ بە هێندێ فرت و فێڵ بەستێنی نافەرمانی و بە گوێ نەکردن بۆ خۆیـان خـۆش بکـەن. ئێمـە ناخوازین کە بەستراوەیی و حەوجێ بە دایك و باب و پێویستیی گوێڕایەڵ بوونیـان، ببێتـە هـۆی ئازار دانی ئەو، تەنیا دەمانەوێ لەم بەستراوەی یە تـێ بگـا. گـزە کـردن هـەتا رادەیـەك خـووی ژنانە، و چونکە دڵنیام لەوەیکە هەموو حەزە سروشتیەکان لە خۆیاندا باش و بە جێن، بـاوەڕەم وایە کە تەنانەت دەبێ ئەم هەستی گزەکردنەش وەکوو هەستەکانی تر پـەروەردە بکـرێ. تـەنیا دەبێ پێش بە زێدەڕۆیی تێیدا بگیردرێ.

تەواوی ئەو کەسانەی کە موتالآیان لەمەڕ ژنانەوە هەبووە و بە باوەڕەوە قسە دەکەن، شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە لەم بابەتەدا ئەمن لە سەر حەقم. ئەمن حەزم لێ نیە کە لەم بارەیەوە ژنان تاقی بکەمەوە، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەوانەیە ناچاریان بکا بەوەیکە بیروڕای خۆیان بشارنەوە. پێم خۆشە بیروڕای خۆم لە سەر کچۆڵە کەم تەمەنەکانیش لە مەحەکی ئەزموون و تاقیکردنەوە بدەم، واتە لەگەڵ کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان هەڵیان دەسەنگێنم. ئەگەر کوڕان لە کچان دەستەوەستان و گێلتر و گەمژەتر نین، دەردەکەوێ ئەمن بە هەڵە چووم. ئیزن دەخوازم نموونەیەکی ساویلکەیی کچۆڵەکانتان بۆ باس بکەم.

لە هەموو شوێنێ وا باوە، کە نەهێڵن منداڵ لە سەر سفرە، داوای شت بکەن، چونکە پێیان وایە کە باشترین شێوە ئامرازی پەروەردە کردنیان ئەوەیە کە بە ئامۆژگاری و یاسا وریسای بێ جێ و بێهوودە ماندوویان بکەن. باشتر وایە کە لە پێشدا فلآن خواردن بە منداڵەکە بدەن یا پێی نەدەن.(1) بەبێ ئەوەیکە لە خەژمەتان یا لە هیوادارییدا شەکەتی کەن. هەموان بەسەرهاتی ئەو کوڕە زیرەکە پێ دەزانن کە دایك و باوکی لە بیریان چووبوو گۆشتی بدەنێ. ئەو منداڵە کە بە پێی ئەو یاسا گشتی یەکان باسمان کرد مافی داوا کردنی هیچ شتێکی نەبوو، داوای تۆسقاڵێ خوێی کرد. لەوانە بوو تێی بخوڕن کە بۆچی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ داواکردنی کردۆتە ئامرازێك بۆ داوا کردنی گۆشت. بەڵام ئەگەر لێرەدا ئەو کەمتەرخەمیەی کە بە نیسبەت منداڵەکە کراوە ئەوەندە زاڵمانەیە کە ئەگەر بە راشکاوانەش پێچەوانەی یاسای هەڵسوکەوت کردبایە و بە ئاشکرا گوتبای برسیمە، لەوانە بوو سزایان نەدابایە.

ئێستا کاری کچۆڵەیەکی شەش ساڵانتان بۆ دەگێرمەوە کە لە بوارێکی برێك دژوارتر دا کردبووی, بەو کچە گوترابوو کە بە هیچ شێوەیەك راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، داوای هیچ شتێ نەکا. نافەرمانیەکەشی بۆ لێبووردن نەدەبوو، چونکی جگە لە خواردنێك، چێشکەی هەموو خواردنەکانی کردبوو، دیارە ئەمەیانی ئێجگار پێ خۆش بوو و لە بیریان چووبوو بیدەنێ.

دایك و باوکەکەی بۆ ئەوەی ئەم لە بیر چوونەیان قەرەبوو بکەنەوە ئەویش ناچار نەبێ نافەرمانی بکا، قامکی بەرەوە خواردەمەنیەکان راداشتبوو و یەك لەدوای یەك بە نۆرە نیشانی

دەدان و دەیگوت: ئەوەیانم خواردووە، ئەوەم نەخواردووە. بەڵام ئەو کاتەی گەیشتە ئەو خواردنەی نەیخواردبوو، جۆرێك بێدەنگ بوو کە یەکێك تێگەیشت و پێی گوت: ئایا لەوەیانت خواردووە؟ کچۆڵەی نەوسن چاوی خۆی لە عەرز بڕی و بە هێمنی گوتی: نەخێر. ئەمن چیتر لەو چیرۆکە زیاد ناکەم: خۆتان فرت وفێڵی ئەم کچە لەگەڵ گزەی ئەو کوڕە هەڵسەنگێنن. ژن دەبێ بەوپەڕی سادەیی جلوبەرگ بپۆشێ چونکی تەنیا بۆیە خۆی دەڕازێنێتەوە کە جوانیی سروشتیی خۆی باشتر بنوێنێ. کچان حەزیان لە هونەر و سەنعەتی ناسك و پڕ وردەکاری یە، بەڵام وا باشترە ئەم هونەر و سەنعەتانە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە یا هاوڕێکانیان فێر بن، نەك لەگەڵ مامۆستای پیری ناجسن. بنەما ئەوەیە کە حەزیان لەم فێر کردنانە نەبێ. کچان بە ڕەوانی قسە دەکەن، دەبێ ئیزنیان پێ بدرێ چەندی حەزییان لێ یە چەنەوڕی بکەن.

دەلێێن کوڕان ناتوانن لە واتای ڕاستەقینەی ئایین تێ بگەن، بەڵام ئەمن لە سەر ئەو باوەڕەم کە تێگەیشتن لەم شتانە بۆ کچان دژوارترە. کەوابوو قەیناکا ئەگەر بەر لە کچان سەبارەت بە ئایین قسە بۆ ئەوان بکەین. چونکە ئەگەر وای دانێین کە چاوەڕێی ئەوە بین کە ئەوان بە پێی مێتۆدی زانستی لە سەر ئەم بابەتە قسە بکەن، لەوانەیە قەت قەت،کاتی قسە کردن لەگەڵ ئەوان نەیە. هەر کچەی دەبێ لە سەر ئایینی دایکی خۆی و هەر ژنەی دەبێ لە سەر ئایینی مێردی خۆی بێ. فێر کردنی ئایینی نابێ هیچ کات ببێتە هۆی وەڕەز بوون و داهێزرانی کچان. نابێ هیچکات بە راز ونیازی زۆر و لە بەر کردنی دوعا و نزای دوور و درێژ ماندوو بکرێن، بەڵکوو دەبێ وانەی روون و بێ پێچ و پەنایان پێ بگوترێتەوە.

گرینگیی هەموو بڕیارگەلێکی ئایینی وەکوو یەك نین. زانیاری یەکانی منداڵان لەو بڕیارانە دا بەرتەسك بکەنەوە کە زیاتر پێوەندییان بە رەوشتیانەوە هەیە.

ژنان پێویستە گرینگیی ئێجگار زۆر بە بیرو باوەڕی گشتی بدەن هەروەها دەبێ هەوڵ بدەن هەتا مێردەکەیان و هەموو دۆست و ناسیاریان ڕێزیان لێ بگرن. ئەگەر عەقڵیان پەروەردە بکەین، بە بڕیاری ویژدان دەتوانن هەڵەکانی باوەڕی گشتی چارەسەر بکەن. کارامەیی ژنان بە شێوەی دەسنیشانکراو ئەوەیە کە ئەو خاڵە وردانەی کە پیاوان لێی تێناگەن (ڕێی تێ نابەن)

ئەوان تێی دەگەن. لەو شتەی کە ئێمە دەیڵێین باش تێدەگەن و ئەو شتەی کە بێدەنگی لێدەکەین ئەوان باشی بۆ دەچن. بەم هۆیە دەبێ یارمەتیی گەشە کردنی ئەم ناسکێتی یە سروشتیەی هزر بکەین. ناز و عیشوەش هەتا رادەیەك بۆ ژنان باشە و دەکرێ بلێین ئەوە تەنیا ئازادی و سەربەستی یەکە، کە لەگەڵ دان بە خۆراگری و ئەو حەیا و شەرمەی کە ژنان پێویستیانە یەك دەگریتەوە و لەم رووەوە هیچ ناتەبایی و دژایەتێکیشی لەگەڵ نەجیم بوون و داوێن پاکی نیە. ئەو تێبینیانەی سەرەوە، دەستمان ئاواڵە دەکەن بۆ ئەوەی دیاریی بکەین کە چ جۆرە پەروەردەیەك لەگەڵ بیروڕای ژن گونجاو و تەبایە. موتالا کردنی حەقیقەتە رووت و ئابستراکەکان بەوان ناکرێ و دەبێ تەواوی خوێندنی ئەوان لایەنی زانستی هەبێ. تەواوی بیروڕای ژنان جگە لەو بەشەی کە دێینە سەر ئەرك و بەرپرسیاریتەکانیان دەبێ بۆ خوێندنەوەو موتالا کردن لە سەر ناسینی پیاوان تەرخان بکرێ. یا دەبێ بۆ وەدەست هێنانی زانیارگەلێکی بەربلاو کەلێکیان لێ وەربگیردرێ کە تەنیا لایەنی زەوق و سەلیقە بگرێتەوە. داهێنان و خولقاندن کاری ئەوان نیە و بەوان ناکرێ، کۆڕ و کۆبوونەوە گشتی یەکان باشترین کتێبی ژنانن. پاش ئەوەیکە کچ بوو بە خاوەنی هۆشیاری و تێگەیشتنێکی دروست و خووخدەیەکی ماقووڵ، دەکرێ بیبەیتە شانۆ یا کۆڕی هەڵپەڕکێ، بە بێ ئەوەی نیگەرانی گەندەڵ بوون و چەواشە بوونی بیت.

پەروەردەی ئێستای (سەردەمی رۆسۆ.و.ك) کچان هەڵەیە. لە کەنیسەکاندا تەنیا جووڵە و ئەدا و ئەتوارێك فێر دەبن کە لە یەکەمین هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بلاوبوونەوەی گەندەڵی. بۆ ئەوەی یەکێك ژیانی بنەماڵەیی خۆش بوێ، دەبێ لە ماڵی باوانیدا هەمیشە چێژی لە ژیان وەرگرتبێ. ئەوەی هێز و بەختەوەریی بۆ ئافرەت دەستەبەر دەکات، ئەو دەسەلاتەیە کە بە سەر مێردەکەیەوە هەیەتی و تەنیا لە رێگەی داوێن پاکی یەوەیە کە ئەم دەسەلاتە وەدەست دێنێ و ئەوەش هەر ئەو شتەیە کە دەکرێ کچان فێری بن بۆ ئەوەی شەرم و حەیا و نەجیمی بەلایانەوە خۆشەویست بێ.

## وێنەی سوفی

هەر چەندەی بیری لێ بکەمەوە کە من نموونـەی ئایـدیاڵی ناهێنمەوە،دیسـانیش کەمـە. نـە ئێمیل کەسێکی ئایدیالە و نە سوفی. ئێمیل پیـاوێکی تـەواو مانـا پیـاوە و سـوفیش ژنێکـی بـە تـەواو مانـا ژن. ئـەوەش تاقانـە شـانازیی ئەوانـە. هەنوکـە دەسـت تێـوەردانی ژن و مێـرد لـە کاروباری یەکتری دا تا رادەیەکە، کە ئەگەر پیاوێك هـەر پیـاو بـێ و ژنێـك بـەس ژن بـێ، ئـەوە پەرجوو (موعجیزە) یە.

سوفی نەژادێکی پاك و ناخێکی بێ خەوشی هەیە. زۆریش دڵناسکە و ئەم دڵناسکێتی یە لـە رادە بەدەرە ئەوەندە هیزی خەیالاتی دەبزوێنێ کە باشار کردنی ئەستەمە. بۆچوونەکانی زیـاتر لەوەیکە دروست بن توندن. رووگەش و خـۆش خولقـە و لـە هەمانکاتـدا سـەلیقەی جۆراوجـۆری هەیـە. روخسـاری ئاسـای یـە بـەڵام لەبـەر دڵانـە. روخسـاری نوێنگـەی پـاکی و بـێ خەوشـیی رۆحیەتی. کە لێی دەچینە پێشـێ لەوانەیـە دڵمـان نـەی گـرێ بـەڵام کـە لێـی دوور کەوتینـەوە، ئەستەمە دڵمان بۆی نەگیرێ (توند نەبێ). لەوانەیە کچانی دیکە، خاوەنی هێندێ لەو سـیفەت و تایبەتمەندییانە بن کە ئەو نی یەتی. لەوانەیە ئەوەی لەودا بە دی دەکرێ بە زیاترەوە لە ئەوانی دیکـەش دا هـەبێ. بـەڵام هـیچ کـەس ئەوەنـدەی ئـەو، ئـەم تایبەتمەندییانـەی لـە خۆیـدا کۆنەکردوونەوە کە بۆ رەوشت بەرزی پێویستن. ئەو تەنانەت دەتوانێ شتە خراپەکانیشی بکاتـە خاڵی باش و کەڵکیان لێ وەرگرێ. ئەگەر لەوەی هەیە کاملتر بوایە، لەوانە بوو کـەمتر وەبـەر دڵ نیشتبا.

سوفی جوان و ژیکەڵە نیە. بەڵام پیاوان لە لای ئەو ئافرەتە جوانەکانیان لە بیر دەچێتەوە و ژنە دڵڕفێنەکان بە خۆیان ناقایل دەبن. تەنانەت لەوانەیە لە نیگای یەکەم دا نەکرێ بڵێی جوانـە بەڵام هەتا پتر لێی بڕوانن جوانتر و دڵڕفێنتر دەنوێنێ. لەوانەیە بکرێ چاوی جوانتر و دەمولێوی

شیرنتر و حاڵەتی گران و سەنگینتر پەیدا بکەی بەڵام هەرگیز بەژن وباڵای ڕێکوپێکتر و ڕەنگی روونتر و دەستی سپی تر و پێ وبەلەکی ناسکتر ونیگای دلۆڤانتر لەوە دەست ناکەوێ. روخساری بە بێ ئەوەی سەرنجراکێش بێ دلگرە. مرۆڤ تێی دا نوقم دەبێ بەڵام ناشزانێ بۆچی. سوفی حەزی لە خۆجوان کردنەو لەم بوارەشدا کارامەیە. ئەو تاقانە جوانکاری دایکێتی. زەوقێکی باشی هەیە بۆ جلوبەرگ پۆشین بەڵام حەزی لە جلوبەرگی دەوڵەمەندان نیە. سادەیی و وردەکاری لە شێوەی جلوبەرگ پۆشینەکەیدا دەست دەدەنە دەستی یەکتر. هەرچی نیشانەی خۆنواندنی پێوە دیار بێ بە دڵێ نیە. شتێکی بە ردڵ دەکەوێ کە لێی بکاڵێتەوە. نازانێ کامە رەنگ لەگەڵ مۆدەی رۆژ یەك دەگرێتەوە، بەڵام دەزانێ کامە رەنگی لێ دێتەوە.

هیچ ئافرەتێکی گەنج هێندەی وی لە رواڵەت دا بە نیسبەت جلوبەرگی جوان، بێ مەیل نیە و لە راستیدا کەس لەو جوانتر جلوبەرگ ناپۆشێ. لە سەرو روخساریدا هیچ شتێ بە بێ سەرنج هەڵنابژێرێ بەڵام هێندەش وێناچێ کە زۆر وردبینی تێدا کردبێ. لە بەر چاوی خەڵك جوانی یەکانی خۆی دەر ناخا بەڵکوو دایان دەپۆشێ. ئەویش جۆرێکی دادەپۆشێ کە هەست ببزوێنێ. هەر کەس دەی بینێ لە بەر خۆیەوە دەڵێ: چ کچێکی سادە و ماقووڵە. بەڵام کاتێك لە پەنای بین چاو و دڵمان سەر تاپای دەپشکنن و بە هیچ شێوەیەك ناتوانین چاوی لە سەر هەڵگرین.

وەك بڵێی ئەم شمەکە جوان و سادەیە تەنیا بۆوە درووەوە کە هێزی خەیاڵمان قۆناخ بە قۆناخ لە جەستەی دوور بخاتەوە.

سوفی بە شێوەی سروشتی هونەرمەندە هەڵبەت ئاگاداری توانایی خۆیەتی و هەر بۆیەش لە فێر بوونی هونەرە جوانەکاندا کەمترەخەمیی نەکردووە. بەڵام چونکە بۆی نەلواوە و دەرفەتی نەبووە کاتی پێویست بۆ فێر بوونی هونەر تەرخان بکا، بەوەندە قایل بووە کە دەنگە خۆشەکەی بە جوان بێژی رابێنێ و لاقە چووکەکانیشی فێری لەنجەولار بکاو فێر بێ کە لە کاتی جیاواز دا بەبێ نارەحەتی و کاڵ و کرچی، کرنۆش بەرێ. خراپ نیە ئەوە بزانن کە جگە لە باوکی مامۆستایەکی دیکەی ئاوازی نەبووە و جگە لە دایکیشی کەس راهێنەری سەمای ئەو نەبووە. هەڵبەت یەکێك لە دراوسێ کانیان کە ژەنیاری ئۆرگ بووە چەند وانەیەکی مۆسیقای پێ

گوتووه. سوفی دواتر ئەم وانەیەی لای خۆی تەواو کردووه. لە سەرەتاشدا تەنیا پێی خۆش بوو کە بە حاڵەتێکی تایبەت دەستی لـە سـەر دوگمـە رەشـەکانی ئۆرگەکـە دابنـێ. هەڵبـەت دواتـر تێگەیشت کە دەنگی ناسکی سازەکە، دەنگی ئەو نەرمتر دەکاتەوە. ئیتر ئاوازی مۆسیقای زیاتر ناسین و چێژی پتری وەرگرت. دیارە دوای ئەوەیکە گەورە بوو و جوانیـەکانی دەم و سـاتەکانی مۆسیقای بە باشی بۆ دەرکـەوت. هـۆگری ئـەم هونـەرە بـەرزە بـوو. دەکـرێ بڵـێین ئـەم کچـە، سـەلیقەی مۆسـیقای هەیـە. بـەڵام مۆسـیقار نیـە تەنانـەت نـاتوانێ نۆتـەکانیش بـە جـوانی بخوێنێتەوە. ئەوەی سـوفی لـە هـەموان باشـتر دەی زانـێ و بـە سـەرنج و وردی یـەکی پـترەوە فێریان کردووه، ئیش و کاری ژنانەیە. تەنانەت لەم کارانەی کە ئێستا کارامە بوونیش تێیـدا زۆر گرنگ نیە، وەکوو برین و دروون، جۆرەکانی دەرزی ...... هەمووی شارەزایە و بە هۆگری یەوە دەیانکا. بەڵام لە هەمووان پتر حەزی لە تـۆڕ چنینە چـونکە لـە هیچـکام لـە کارەکـانی ژنانـدا، وەکوو ئەم تۆڕ چنینە جووڵەی دەستەکان ،چـاو ناڵاوێننـەوە و قـامکی دەسـت ئـاوا لێهاتووانـە ناجووڵێنەوە. سوفی بـە هـەموو وردەکـاری یـەکانی ماڵـەوە رادەگـا. لـە کـاری چێشـت لێنـان و عەمبار کردن و تاقەت کردندا کارامەیە. شارەزای نرخی دانەوێڵەیـە و بژیوە و چـاك و خراپیـان لێك جوێ دەکاتەوە. لە عۆدەی حسێب و کتێبی خـەرجی ماڵـەوەش دێتـە دەرێ. چـاوەدێرێکی چاکە بۆ دایکی و چونکە دەبێ رۆژێك ببێتە دایك هەر لە ئێسـتاوە مـاڵی بـاوان بـەرێوە دەبـا بـۆ ئەوەی فێر بێ ماڵی خۆشی بـەرێوە بـەرێ. جـوان دەزانـێ ئیشـی کارەکەرەکانیشـی راپـەڕێنێ، جاری واش هەیە حەزی لی یە و جێگەی ئەوان دەگرێتـەوە. مـرۆڤ دەتـوانێ بـە جـوانی فـەرمانی شتێك بدات کە خۆی بە چاکی لە دەستی بێ بیکا. هەر بۆیەشـە دایکـی ئەوکارانـەی پـێ دەکـا. بەڵام سوفی ئەوەندەی تێ نافکرێ. یەکەمین ئەرکی ئەو ئەمەیە کە کچێکی باش بێ و ئێسـتاش تەنیا بیر لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە دەکاتەوە. تاقە مەبەستی ئەو خزمەت کردنە بـە دایکـی کە بەشێك لە قورسایی باری زەحمەتەکانی لە سەرشان لابەرێ.

بە گشتی راستیەکەی ئەوەیە کە لە هەموو ئیشەکاندا بـە قـەد یـەك زەوقـی نیـە. بـۆ وێنـە ئەگەرچی زگی لە یاد ناچێ حەزی لە چێشتخانە نیە و بێزارە لەوەیکە کاری چێشـت خانـە بکـا،

چونکه به ئیشێکی پاك و خاوێنی نازانێ. لەم بارەیەوە ئێجگار ورد بینە و ئەم وردبینی یە کە گەیشتۆتە ئاستی زێدەڕۆیی، یەکێکە لە کەموکورتیەکانی ئەو.

بۆ وێنە چێشتەکەی بسووتێ پێی باشترە لەوەیکە پەڵەیەکی بکەوێتە سەر قۆڵی. هەروەها لە بەر ئەوەشە کە هیچکات خۆی لە ئیشی باخەوانی نەداوە. چونکە خاك بە شتێکی پیس دەزانێ و تا چاوی بە پەین و پاڵ دەکەوێ پێێ وایە بۆنەکەی هەڵمژیوە.

ئەو کەم وکووڕی یە بەرهەمی فێرکردنەکانی دایکێتی. دایکی رای وایە کە پاك وخاوێنی لە تەواوی ئەرکەکانی ژنان گرینگترە. ئەم ئەرکە سروشت بە باڵای ژنی بڕیوە و بە یەکێك لە تایبەتمەندی یە پێویستەکان لە قەڵەم دەدەرێ. لەم جیهانە دا هیچ شتێ لە ژنی چڵکن و پیس و پۆخڵ ناشیرینتر نیە و پیاوێك کە رقی لە وەها ژنێك دەبێتەوە تەواو حەقێتی. دایکی سوفی هەر لە سەرەتای منداڵیەوە ئەوەندەی لە سەر پاکوخاوێنی ئامۆژگاریی کچەکەی کردووە و لە سەر پاکوخاوێنێتی لەش و جلوبەرگ و ماڵ و شوێنی کار هێندەی گوشار خستۆتە سەر، کە گرینگی دان بە پاکوخاوێنی لێی بۆتە بەشێك لە خووخدەی ئەو. بەشێکی زۆری کاتی ئەو بۆ پاکوخاوێنی تەرخان کراوە و لە کاتەکانی دیکەشدا لێی خافڵ نیە. بە جۆرێك کە جێبەجێ کردنی هەر کارێکی تر بەڕای ئەو دەکەوێتە پلەی دووهەمەوە. پاکوخاوێنی بۆ ئەو لە هەموو شتێ گرینگترە. بەوحاڵەوە ئەم حەز بە پاکوخاوێنی یە نەبووەتە رواڵەت بینی و فیزڕلی و خۆنواندن. جوانی پەرشتی یا درەنگ ساخ بوونەوە لە هەڵبژاردندا، کاریگەریی لە سەر ئەم عادەتە نیە. سوفی هەرگیز بۆ خۆشووتن، لە ئاو بەو لاوە کەڵکی لە هیچ شتێکی تر وەرنەگرتووە. لە بۆنی سروشتیی گوڵەکان بەو لاوە هیچی تر نانسێ و مێردەکەشی خۆشتر لە هەناسەی ئەو هیچ بۆن و بەرامەیەکی تر هەڵنامژێ. بە کورتی: ئەو وردبینی یەی کە بۆ خۆ رازاندنەوە دەکاری دێنێ، نابێتە هۆی ئەوەیکە کارە گرینگترەکانی ژیان پشت گوێ بخا. بەم جۆرە ئەو نازانێ کە ئەم زێدەرۆی یە لە پاکوخاوێنی لەش دا دەبێتە هۆی پیس بوونی رۆح. سوفی نەك هەر داوێن پاکە بەڵکوو لە گوناحیش بە دوورە. پێشتر گوتمان کە سوفی نەوسن و چڵێس نیە. ئەو لە منداڵی یەوە ئەو کەم وکورتیەی هەبووە بەڵام وردە وردە خووی بە

کەمخواردن گرتووە و ئێستا ئەم خسڵەتە یەکێکە لە تایبەتمەندی یە جەوهەری یەکانی. دەکرێ بە کەڵك وەرگرتن لە چلێسی تا رادەیەك کوڕان کۆنترۆڵ بکرێن،بەڵام بۆ کچان ئەوە نالوێ. چونکی بۆ مێینە (جنس لگیف) ئەم حەزانە ئەستەمە گەندەڵی لێ نەکەوێتەوە و ئەگەر تێیاندا بمێنێتەوە مەترسیدار دەبێ. سوفی لە سەردەمی منداڵی دا، هەر کات دەچووە دیوەکەی دایکی، دەگمەن وابوو بە دەستی بە تاڵ بگەڕێتەوە و لە بەرانبەر نۆقڵ و شیرینی دا نەیدەتوانی دان بە جەرگی دا بگرێ و جاروباریش شتێکی هەر پاشقول دەدا. گەلێ جاران دایکی بە سەریدا چووبوو و سزای دابوو و لە خواردنیش بێ بەریی کردبوو. کەچی ئاخری توانی بەوە قایلی بکا کە شیرینی دەبێتە هۆی رزین و خراپ بوونی ددانەکان و زۆر خواردنیش دەبێتە هۆی زل بوونی ورگی بنیادەم. سوفی بەمشێوەیە خۆی چاك کرد. ئێستا گەورە بووە، زەوق و سەلیقەی دیکەی هەن کە لەو حەزو گرۆی یە چەوتانەی دوور خستۆتەوە. ژنیش هەر وەکوو پیاو هەر کات دڵی داچڵەکی، ئیتر ئیشتیای دەکرێتەوە. یەکێك لەو هۆگرییانەی کە لە سوفی دا هەیە و تایبەتی رەگەزی مێینەیە ئەوەیە کە: شیرەمەنی و شیرنەمەنی پێ خۆشەو حەزی لە هەموو جۆرە کولێرەیەکی شیرنە بەڵام گۆشتی کەمتر پێ خۆشە.

هەتا ئێستا دەمی لە شەراب و خواردنەوەی توند نەداوە. ئەو جار، زۆر خۆریش نیە. ژن لە ئێمە کەمتر کار دەکا. کەمتر پێویستیی بەوە هەیە کە بۆ هەرەس کردنی خواردنەکەی شتی دیکە بخوات. سوفی لە هەموو شتێ دا حەزی لەو بەشەیە کە باشە. هەروەها دەتوانێ لەگەڵ ئەوەش کە باش نیە هەڵ بکاو زۆر ئازار نەچێژێ. لە هەڵسوکەوت و قسەکردندا زۆر ورد بینە. بیر کردنەوەی تیژە بەڵام قووڵ بیر ناکاتەوە. قسەکانی بۆ بیسەر، شتێکی نوێ نیە چونکە هەمیشە لە چوارچێوەی تێگەیشتن و هێزی بیسەر و بەردەنگ دا قسە دەکا. ئەگەرچی قسەکانی زۆر بە قسەی خۆش و نەستەق نارازێنێتەوە و هیچ بەو جۆرە نیە کە ئێمە ئەورۆکە لە ژنێکی بیرمەند چاوەڕاونیی دەکەین. بەڵام ئەو کەسانەی کە لەگەڵی دەکەونە پەیڤین و قسە کردن کەیفیان پێی دێ. لە راستی دا بیر و هێزی ئەو لە رێگەی خوێندنەوەوە پەروەردە

نەکراوە. بەڵکوو تـەنیا لـە ئاکـامی هـاودەم بـوون لەگـەڵ بـاوکی و بیروبۆچـوونگەلی خـۆی و لـە ڕێگەی بینینی ئەو کۆمەڵگە چووکەی تێیدا ژیاوە، پەروەردە کراوە.

سوفی لە ناخی خۆیدا لێو بەبزەیە و لە منداڵیەوە تەنانەت کەمێك بـە فرتوفێـڵ و بـڕێکیش سەرەڕۆ بووە. دایکی پێشی بەو سەرەڕۆییی گرتووە بۆ ئەوەی گۆڕانی کتوپڕی ئەو قۆناخە کـە کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕیشی تێدا وەدی دێنی بە شاراوەیی بمێنێتەوە. نابێ پێمان سەیر بێ کە ئەگـەر جارو بار دەی بینین کە دیارە بـە هـۆی مانـەوە لـە خووخـدەی سـەردەمی منـداڵیی دا، هێنـدێ ئاکاری منداڵانە لە خۆی دەردێنێ کـەدیارە دوایـی کتـوپڕ وەخـۆ دێتـەوە و بـێ دەنـگ دەبـێ و سەری بەر دەداتەوە و سوور هەڵدەگەڕێ. چارەیەك نیە، قۆناخی نێوان دوو قۆناخی تەمـەن تـا رادەیەك هەڵگری تایبەتمەندیی یەکانی هەر دووك بەشەکەیە.

سوفی ئەوەندە هەستیارە کە ناتوانێ خوڵق و خووی خۆی هەمیشە بە جۆرێك ڕاگرێ بەڵام چونکی زۆر هێدی و هێمن و لە سەرخۆیە، ناهێڵێ ئەم هەستیارییەی ببێتە هۆی ئازاری کەسـانی تر. بەڵکوو بـەس خـۆی پێـوەی ئـازار دەکێشـێ و دەتلێتـەوە. ئەگـەر بچووکترین قسـەی تـاڵی بەرگوێ بکەوێ، نێوچاوان گرژ ناکا. بەڵام دڵـێ بـە توندی دەشـکێ. هـەوڵ دەدات لـەو شـوێنە دوورکەوێتەوە و لە قوژبنێك دەست دەکا بە گریان. ئەگـەر دایکـی یـا بـاوکی لـە کـاتی گریانیـدا بـانگی بکـەن یـا قسـەیەکی پـێ بڵـێن، دەمودەسـت فرمێسـکەکانی دەسـڕێتەوە و گریانەکـەی دەشارێتەوە خۆی بە گەمە و یاری یەوە سەرقاڵ دەکـا. سـوفی لـە سـەرەڕۆییش بـە دوور نیـە. هەر کات قەڵس بێت لەوانەیە پڕکێشی بکا و لاساری بکـات. بـەڵام دەرفـەتی ئـەوەی پـێ بـدەن وەخۆ بێتەوە ئەو کات دەبینین کە قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکەی ئەوەندە شیرن و لە بـەر دڵانـە کە مرۆڤ حەز دەکا ئەم هەڵەیە دووپاتە بێتەوە. ئەگەر سزای بدەن گوێڕایەڵە و جوان دیـارە کـە شەرمەزار بوونەکەی بە هۆی ئەوەیە کـە کـارێکی ناحـەزی کـردووە نـەك لـە بـەر ئەوەیکـە سـزا دراوە. ئەگەر هیچی پـێ نـەڵێن بـە دڵنیـای یـەوە هەڵەکـەی قـەرەبوو دەکاتـەوەو ئەوەنـدە بـە سادەیی و وردبینی یەوە ئەم کارە دەکات  کە ئـیتر کـەس هیچـی لـەدڵی دا نـامێنێ. ئەگـەر بـە پێویسـتی بزانـێ بـە دڵنیایـەوە لـە هەمبـەر نۆکـەرێکی بـێ بایەخیشـدا کڕنـۆش دەبـا و داوای

لێبووردن دەکا. بە بێ ئەوەی ئەم خاکەڕای یە هیچ ئازاری بدات. دواییش کە لێی خۆش بوون دەست دەکا بە خۆشی و دڵۆڤانی بۆ ئەوەی دەری بخا کە دڵە مێهرەبانەکەی چەندە هێور بۆتەوە و ئۆخژنی هاتۆتێ. کورتی ببڕینەوە، ئەم کچۆڵەیە ڕۆح پاکە و لە هەمبەر هەڵەی خەڵك دا دان بە جەرگی دادەگرێ، و بە دڵ و بە گیانیش هەڵەی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە. ئەوە تایبەتمەندیی رەگەزی مێینەیە بەر لەوەی بە دەستی ئێمە خراپ و چەواشە بکرێ. ژن لە راستی دا جۆرێك ساز کراوە کە لە بەردەم پیاو دا ملکەچ دەکا تەنانەت ناهەقیشی قبووڵ دەکا. هەڵبەت ناکرێ لەگەڵ کوڕەکانیش ئاوا بجووڵێینەوە، هەستی دەروونییان گڕ دەگرێ و دژی ناهەقی رادەپەڕن.

سوفی باوەری بە ئایین هەیە. بەڵام ئایینی ئەو بە پێی ئاوەزە واتە کەمتر بنەماو پرەنسیپی باوەڕیی هەیە و زیاتر لە پێویست بایەخ و گرینگی بە راز ونیاز و سکاڵا نادات. سوفی رەوشت بەرزی و ئاکار باشی بەلایەوە باشترین راز و نیازە. تەواوی تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی خەڵك تەرخان دەکات بۆ ئەوەی خوڵقێنەر (خودا) لێی رازی بێ. لە تەواوی ئەو فێرکاری یە ئایینی یانە دا کە دایك و بابی فێریان کردووە،ملکەچی و گوێڕایەڵییان فێر کردووە، هەمیشە لە گوێیان خوێندووە: "کچی خۆم، ئەو شتانەبۆ تەمەنی تۆ باش نین. ئەگەر گەورە بووی لە تەمەنی گونجاو دا مێردت کرد مێردەکەت بۆتیان شی دەکاتەوە." جگە لەوەش لە بری ئەوەی کە بە مەبەستی پەروەردەکردنی ئایینی پەنا بەرنە بەر وتاری دووردرێژ، بەوەندە قایل دەبن کە بە جوانی و پیرۆزی و رێکوپێکی، خۆیان ببنە نموونەیەك بۆ ئەو. و ئەم نموونەیە بۆ هەمیشە لە دڵی دا دەچەسپێ و جێگر دەبێ.

سوفی عاشقی داوێن پاکی یە و ئەم حەزە لەودا بە شێوەی توندترین گرێدراوی و بەستراوەیی لێهاتووە. بۆوەی حەز لە داوێن پاکی یە چونکە شتی لەوە جوانتری پێ شك نایە. دەزانێ کە داوێن پاکی مایەی شانازی و مەزنیی ئافرەتە و ئافەرتی داوێن پاك هەمیشە هاوشانی فریشتەیە. داوێن پاکی، تاقانە رێگەی بەختەوەریی راستەقینەیە و چارەنووسی ژنێکی ناپاك جگە لە چارەڕەشی و نەگبەتی و شەرمەزاری وسووکایەتیی و شار بەدەری و بێزاری هیچ شتێ

نیە. ئەو بۆیە حەزی لە داوێن پاکیە چونکە باوکی مەزن و دایکی رێزداری، پێیان باش بوو. بۆ ئەوان هەر ئەوەندە بەس نیە کە تەنیا لە سایەی داوێن پاکیی خۆیانەوە بەختەوەر بن بەڵکوو گەرەکیانە، چێژ لە داوێن پاکیی کچەکەشیان وەرگرن. گەورەترین بەختەوەریی سوفی ئەوەیە کە بەختەوەریی ئەوانیش دەستەبەر بکات. هەموو ئەو هەستەوەرییانە، جۆش و خرۆشێك لەودا دەپشکوێنن کە دەبێتە هۆی گەورەتر بوونەوەی رۆحی و هەموو حەزە بچووکەکانی دەخاتە ژێر سێبەری ئەم عیشقە پیرۆزەوە. سوفی هەتا دوایین کات و سات داوێن پاك و بە شەرم و حەیا دەبێ. لەم بارەیەوە لە دڵی خۆیدا سوێندی خواردووە و کاتێك ئەو سوێندەی خواردووە کە دەی زانی بردنە سەری ئەو بەڵێنە چەندە دژوارە هەروەها ئەوەی کە ئەگەر لە زاڵبوونی شەهوەت و هەوس ترسا بایە، نەدەبوایە وەها بەرپرسیارێتی و ئەرکێك وەئەستۆ بگرێ.

سوفی وەکوو ئەو کچە جوان و دلڕفێنە فەرنسییانە نیە کە بە شێوەی سروشتی کەمتەرخەمن و حەزیان لە هیچ شتێ نیە. بەڵام بە هۆی خۆپەرستیەوە، بە ناز و لەنجە و لار دەبن. زیاتر حەزیان لەوەیە دەرکەون هەتا ئەوەی وەبەردڵ بکەون، خوازیاری گەمە و خۆش گوزەرانیی رواڵەتین نەك چێژی راستەقینە. بەڵام سوفی بە پێچەوانەوە، زۆر خوازیاری ئەوەیە خۆشیان بوێ و ئەو حەزە تەنانەت لە کۆڕوکۆبوونەوە و جێژنەکانیش دا فیکری ئاڵۆز دەکات و دڵی رێك دەگوشێ. هەر بۆیەش ئەو جۆش و خرۆشەی جارانی نەماوە. ئیتر چێژ لە گەمە و یاری یەکانی سادەی منداڵان وەرناگرێ. لە تەنیاییش وەڕەز نابێ هەمیشە پێی خۆشە لە قوژبنێك دوورەپەرێز بژێ و لەوێدا بیر لەو کەسە بکاتەوە کە دەبێ رۆژێك ببێتە هاودەمی تەنیای یەکانی. هەموو ئەو کەسانە بە موزاحیم دەزانێ کە حەزی لێ نیە بیان بینێ. پێویستیشی بە لێشاوی عاشقانی رواڵەتی نیە. بەڵکوو خوازیاری عاشقێکی راستەقینەیە. وای پێ باشە کە بە تەنێ خۆشەویستی کابرایەکی مەزن بێ و ئەم خۆشەویستی یە تا هەتایی بێ و نەك ئەوەیکە رۆژێك لە دەوری ئەو دەنگی پێداهەڵگوتنی خەڵکی هەوەسباز و مۆدە پەرست بگاتە ئاسمان و سبەینێکەشی، گاڵتەی پێ بکەن.

هێزی تێگەیشتن و داوەریکردنی ژنەکان بەر لە پیـاوان بیچـم دەگـرێ چـونکە ژنـان هـەر لـە منداڵیـەوە لـە حاڵـەتی بـەرگری کـردن دان و ئەمانـەتێکیان بەلاوەیـە کـە پارسـتنەکەی ئێجگـار دژوارە. بە گشتی زووتر، چاکە و خراپە لێك جویێ دەکەنەوە. سوفی بە هـۆی ئـەو تـین و گـوڕە جەوهەری یەی هەیەتی بە سەر هاوتەمەنەکانی یەوەیەتی. واتە هێزی داوەری کردنی ئەو زووتـر لە هاوتەمەنەکانی بیچمی گرتووە. ئەوەش جێگەی سەرسووڕمان نیە. چـونکە هـەموو کـەس لـە کاتێکی تایبەت دا بالّق نابن. سوفی ئاگاداری ماف و ئەرکەکانی ژنـان و پیاوانـە. بـە جـوانی لـە کەموکورتیەکانی پیاوان و گەندەڵی یەکانی ژنان تیّ گەیوە و هەروەها لەو تایبەتمەندییانەی کـە پێچەوانەی ئەو گەندەڵییانەن و دەبنە هۆی بیچم پێدان بە تایبەتمەندی یە باشـەکان ئاگـادارە و لە ناخی دڵی خۆیدا چەسپاندوویەتی. ئەو دەزانیّ کـە ژنێکـی شـەریف لەگـەڵ چ هەلومـەرجێکی دژوار بەرەو روویە و لێی ناترسیّ. بەڵام بە نیسبەت تایبەتمەندی یەکانی پیاوی شـەریف زۆر بـە گیرە[1] نی یە و ئەگەر پیاوێکی شەریفی بەردڵ بکـەویّ چاوپۆشـی لـە کەموکورتیـە بچووکەکانی دەکا. بە هەر حالّ هەست بەوە دەکا کە شیاوی وەهـا پیاوێکـە و دەتـوانیّ بـە شـێوەیەك ئـەو بەختەوەری یە قەرەبوو بکاتەوە کە لە دراوسی یەتی ئەو دا دەستەبەر دەکات. ئەو دەزانـیّ کـە دەتوانیّ لە نێو پیاوان دا وەها پیاوێك جویێ بکاتەوە. دژواری یەکەش تەنیا لەوە دایە ئەو پیاوە بدۆزێتەوە.

ژنان تەنیا لە دۆزینەوە و دەسنیشان کردنی توانی پیاوان دا باشترین دادوەرن. هەر وەکـی پیاوانیش بۆ جویێ کردنەوەی باشیەکانی ژن ئەوپەڕی شیاوی و کارامەییان هەیە. ئـەوە مافێکـە کە هەر رەگەزێك بە نیسبەت رەگەزەکەی دیکە هەیەتی. سوفی لەو مافـە ئاگـادارە و کەڵکیشـی لێوەردەگریّ بەڵام بە نەرم و نیانی یەك کە لەگەڵ گەنجێتی و بیّ ئەزموونی و حاڵەتـە دەروونـی یەکانی یەك دەگرێتەوە ناتەبا نیە. ئەو بیروبۆچوونی خۆی تەنیا لە سەر ئەو شـتانە یـا کەسـانە دەردەبڕیّ کە لێی نزیکن و دەستی پێیان رادەگا. ئەویش لە کاتێك دا کـە ئاکـامێکی ئـەخلاقیی

---

[1] کەسێکی گرنگر و بە بیانوو

باش لەو رادەربڕینە وەرگرێ. ئەگەر لە پشتە سەری کەسێکیش قسە بکا بە پارێزەوە دەدوێ. بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسە ژن بێ. سوفی دەزانێ کە ئەو کاتەی ژنان باسی رەگەزی خۆیان دەکەن خراپەیان دەڵێن، ئەویش بە گاڵتەجاڕی و زمان پیسی. ژنان هەتا ئەو کاتەی کە تەنیا باسی پیاوان دەکەن رەچاوی ئینساف دەکەن. هەر بۆیەش ئەویش کە دێتە باسی پیاوان سنوورێك دەپارێزێ بەڵام ئەگەر شتێك لە سەر ژنان بڵێ بۆ تاریفی ئەو باشییانەیە کە لەوانیدا شك دەبات. هەر کات سیفەتی باشی لە ژنێك دا بە دی نەکات، هەرگیز لە بارەوەی قسە ناکا.

سوفی زانیاری یەکی ئەوتۆی لە سەر شێوەی هەڵسوکەوت کردن لەکۆڕو کۆبوونەواندا نیە. لەگەڵ ئەوەشدا دڵۆڤان و بە گفت و لفتە. لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی دا، ئەوپەڕی وردبینی دەکار دەکا و هەموو کارێك بە رووگەشی یەوە رادەپەڕێنێ. جەوهەرە و خسڵەتە جوان و باشەکەی بەر لە خۆڕانان، یارمەتیدەرێتی بۆ دەرخستنی کەسایەتیەکەی. سوفی ژنێکی بە حەیا و شەرمەو ئەو گران و سەنگینی یەش تەنیا لە دەربڕینی چەند رستەی جوانی باو دا کورت نابێتەوە. وەشوێن مۆدەش ناکەوێ کە بەردەوام بگۆڕدرێ بەڵکوو بەرهەمی حەز و گرۆی یە بۆ خۆشەویست بوون و لە راستی دا خۆشویستیش دەبێ. ئەو موجامەلەی ئاسایی و رەشۆکیانە، نازانێ و هەروەها ناشی هەوێ، موجامەلەی ناسکتر و رەوانتر دابێنێ کە تایبەتی بژاردەکان بێ. ناشی هەوێ بە درۆ و جامەلۆسکێ بڵێ: " زۆرتان سوپاس دەکەم". "شانازیم پێ بڕا" و..... هیچ کات بڕیار نادا رستەی جوان بێنێتە سەر زمان. ئەگەر رێزێکی لێ بگیردرێ یا گرینگی و بایەخێکی پی بدرێ و مێهرەبانی و چاکەیەکی لەگەڵ بکرێ، خاکەڕایی دەنوێنێ و بە سادەیی دەڵێ: "سوپاس". بەڵام ئەم وشەیە کە بە سەر زاری ئەو دادێ بایەخێکی پتر وەردەگرێ. هەر کات یەکێك خزمەتێکی پێ بکا، تەنیا لە دڵەوە وەڵامی دەداتەوە. چونکە لێرەدا موجامەلە بەشتێکی بی جی دەزانێ. هێندێ هەڵسوکەوتی خۆ نواندن لە نێو فەرنسی یەکاندا باوە. بۆ وێنە، بۆ ئەوەی لەدیوێکەوە بچنە هۆدەیەکی دیکە، خۆیان بە شانی پیاوێکی 60 ساڵانەوە هەڵ داوەسێ کە خۆی پێویستیی بە پاڵپشت هەیە. سوفی لەو خۆنواندنە بیزارە. لە لایەکی دیکەوە هەر کات کابرایەکی سووك و بەدرەوشت بۆ وێنە بە مەبەستی رێز لێنان شانی بە شانی

یەوە بنێ، ئەو لە دەرفەتێك دا، بۆ وێنە ئەگەر لە ڕێگەی پێ پلیکانان بێ ، شان لە شانی دوور دەخاتەوە و بە دوو قەڵەمباز خۆی دەخاتەوە دیوەکەی خۆی و دەڵێ: قوربان خۆ گۆج و نقوستان نیم. ئەگەرچی باڵابەرز نیە، بەڵام هیچکات پێڵاوی پاژنە بەرز لە پێ ناکا. چونکی لاقە بچووکەکانی ئەو پێویستیان بەو جۆرە پێڵاوانە نیە.

سوفی نەك هەر بەرێز و حورمەتەوە لە بەرانبەر ژناندا بێدەنگ دەبێ. بەڵکوو لەگەڵ پیاوانی خێزانداری زۆر بە تەمەنیش هەر ئاوا دەجووڵێتەوە. لە سەر داواکاریی خۆیان نەبێ هەرگیز وەلای سەروویان ناکەوێ. هەڵبەت دوایی لە دەرفەتێکی لەبار دا لەڕێوە دەچێتە ئەو شوێنەی کە شیاوی خۆیەتیی. چونکە دەزانێ پێگەی پیاوانی بەساڵاچوو بەرزترە لە گەنجانی هەست ناسك. لە سەر ئەم باوەڕەیە کە ئەوان ژیرتر و بە ئەزموونترن و ئەوەش پڕبایەخە.

هەڵسوکەوتی لەگەڵ گەنجانی هاوتەمەنی خۆی جۆرێکی دیکەیە چونکی بۆ ئەوەی حورمەتی خۆی بپارێزێ پێویستیی بە گفت و لفتێکی ترە و دەتوانێ بە بێ ئەوەی کە قەلافەتی شەرمێونی گونجاو لەگەڵ ڕەوشی بگۆڕێ، ئەو شێوە پەیڤینەی پێویستە دەکاری بێنێ. ئەگەر ئەو کەسانەی کە ڕوو قسەی لەوانە ماقووڵ و وردبین بن، ئەویش بەو تایبەتمەندی وسادەی یەی کە بە تایبەت بە لاوان هەڵسوکەوت دەکا. قسەو لێدوانەکانی کە نوێنگەی بێ تاوانی و ساویلکەیی ئەون لە سنووری ئەدەب و نەزاکەت ناچنە دەرێ. ئەگەر هات و قسە کردن جیددی بوو. پێشنیار دەکا کە ئەوانیش لە سەر بابەتگەلی بە کەڵك و باش قسە بکەن و ئەگەر بیانەوێ قەشمەری دەرهێنن لەڕێوە قسەیان پێ دەبڕێ. چونکە رقی لە دارشتنی رستەی ئەڤیندارانەی گەنجانی سەرەڕۆیە و بە سووکایەتیی بە ژنان دەزانێ. ئەو پیاوەی کە ئەو بە ئاواتە ببێتە هاوسەری ئەو زمان درێژییانەی پێ ناکرێ. کاتێك تایبەتمەندی یە ئەخلاقیەکانی یەکێکی لە دڵیدا نەخش کردبێ ئیتر ناتوانێ گوێ لە پێچەوانەی ئەم شتانە راگرێ. گرینگی یەکی زۆر بە مافی ژنان دەدات. ئەو لەخۆبایی بوونەکەی کە بەرهەمی هەستی پاك و بێ گەردێتی و ئەم بێ خەوشی و داوێن پاکی یە تایبەتەی لە خۆی دا شك دەیات و ئەویان کردۆتە بوونەوەرێکی جێگەی رێز و حورمەت، دەست دەدەنە دەستی یەك و دەبنە هۆی ئەوەیکە ئەو وشە بە رواڵەت

شیرن و چەورانەی کە بۆ بەخێرهێنان پێی دەڵێن، دواجار بێزاری بکەن. بە بیستنی ئەم جۆرە قسانە تووڕەیی خۆی نانوێنی بەڵکو وڵامی پڕ لە تەوس و توانجی ئەوتۆ دەداتەوە کە بەرانبەرەکەی تەریق بێتەوە. یا بە راوێژێکی سارد و وشك کە هیچ کەس چاوەڕانیی ناکا، وەڵام دەداتەوە. ئەگەر یەکێك لەو لووسکە و پووسکانە کۆمەڵێك قسەی زریقەوبریقەداری بۆ وەسەر یەکبخات و بۆ وێنە تاریفی، گەورەیی و جوانی و دڵڕفێنی یەکەی ئەو بکا و باسی ئەو بەختەوەری یە بکات کە ئەگەر ئەوی بوو بە هاوسەری دەستەبەر دەبێ، کچۆڵە دەمودەست قسەی پێ دەبڕێ و بەوپەڕی ئەدەبەوە دەڵێ: کاکە گیان، پێموایە خۆم هێندەی تۆ لەو شتانە دەزانم، ئەگەر شتێکی نوێمان نیە بۆ یەکتری باس بکەین وا باشترە لەوەی پتر لە سەر نەڕۆین".

پاش ئەم قسانە ، کڕنۆشێ دەبات و خێرا دوور دەکەوێتەوە. لە گەنجە زمان چەورەکانتان بپرسن  کە ئایا ئامادەن بۆ ماوەیەك لە بەرانبەر ئەو کچانەی کە بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە بکەونە قسە کردن.

پێتان وانەبێ کە سوفی حەزی لە تاریف و پێداهەڵگوتن نیە، بەڵام دەبێ پەسن بێژێکی باش و جیددی بێ و دیار بێ کە ئەوەی دەیڵێ لە رووی راستگۆی یەوەیە. هەر کەس دەیەوێ وا نیشان بدا کە عاشقی باشیەکانی ئەو کچە بووە دەبێ لە پێشدا هێندێ لە باشیەکانی خۆی بخاتە روو.  خستنە رووی رێز و حورمەتێك کە لە سەر بنەمایەکی واقیعی بێ. بە کەیفی دڵە لە خۆباییەکەی ئەوە بەڵام بێزارە لە جامەلۆسکێکی بێ مانا و سووك. سوفی  لەو ژنانە نیە کە بۆ تەرین و پەروەردەی سەماکەران و خۆ بە شاعێرزانەکان کەڵکی لێوەرگیردرێ.

سوفی بەو شێوازە پەروەردەی یەوە، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، فکر و هزرێکی پوختەی هەیە. دایك و  بابی، بۆ ئەوەی سەبارەت بە زەماوەند کردن قسەی لەگەڵ بکەن و بۆ ئەم کارە گرینگە ئامادەی بکەن، پێیان باش نیە وەدرەنگی بخەن. لە بەر ئەوەی هەژارە نابێ چاوەڕوانیی مێردێکی دەوڵەمەندی دەست رۆیشتوو بێ حەز لێك کردنی ژن و پیاو باشترین مەرجی ژیانێکی هاوبەشی بەختەوەرانەیە.

دایك و باب زۆر جار بە بیٚ پرس و را بە کچەکەیان میٚردی بۆ دەددۆزنەوە، بەلاٚم دایك و بای سوفی لە هەلبٚژاردنی هاوسەر دا سەربەسیان کردووە. سوفی دەبەنە شاری و لەویٚ لەگەلٚ خەلٚك دا هەلسٚوکەوتی دەبیٚ، بەلاٚم لە گەمە و رابواردنی پڕقریوە بیٚزارە و لە شار وەرەز و ماندوو دەبیٚ. میٚردی دلٚخوازی خۆی لەویٚ نادۆزیٚتەوە. دیسان دەگەڕیٚتەوە گوند. نوقم لە بیر و فکری خۆیدا وەرەز دەبیٚ و دادەهیٚزریٚ. دایکی لە هیٚندیٚ پرسیاری جۆراوجۆرەوە تیٚدەگا کچەکەی فیلۆنی خویٚندۆتەوە و دلٚی چۆتە سەر تیٚلماك.

رۆسۆ لە پیٚشدا دەیویست لەگەلٚ ئیٚمیل دا کچۆلٚەیەکیش پەروەدە و گەورە بکا کە دوایی ببیٚتە هاوسەری ئیٚمیل. بەلاٚم تیٚدەگا لەوەیکە بیٚ مانایە کە دوو مندالٚ لە سەرەتای ژیانەوە بۆ هاوسەریٚتی یەکتر دەسنیشان بکریٚن بە بیٚ ئەوەی بزانیٚن حەز و سەلیقەیان لیٚك دەکالٚیٚتەوە یان نا. بۆ ئەوەی زەماوەندەکە بە باشی بەڕیٚوە بچیٚ، بەر لە هەموان دەبیٚ پرس و را بە سروشت بکریٚ.

وا باشترە کە پیاو لەگەلٚ یەکیٚکی نزمتر لە خۆی زەماوەند بکا هەتا کەسیٚکی لە خۆی بالاٚتر. زۆر بە جی یە کە ژن لە رووی پیٚکهاتەی سروشتیەوە لە پیاو نزمتر بیٚ لە باری پیٚگەی کۆمەلاٚیەتییشەوە هەر لەو، لە خوارتر بیٚ. بەلاٚم کابرای رووناکبیر نابیٚ کچی رەشۆکان بیٚنیٚ. چونکی ئافرەتی ئەو تویٚژە پەروەردە و راهیٚنانیان نەدیوە، بەو حالٚەشەوە ژنیٚکی سادە و پەروەردە نەکراو باشترە لە ژنیٚکی خۆ بە فەیلسوف زان و خۆبەزل زان. دەبیٚ خۆ لە جوانیی خەست ببویٚردریٚ چونکە روخساریٚکی شیرن و لەبەردلاٚن باشترە. لە راستی دا جوانی دەفەوتیٚ و ئەوەی دەمیٚنیٚتەوە خویٚن شیرینە[1]. بە پیٚیٚ تەواوی ئەو فاکتەرانە سوفی ئەو ژنەیە کە شیاوی ئیٚمیلە.

---

[1] کوردە دەلٚیٚ: جوان هەیە باقە باقە خویٚن شیرین تاقە تاقە

دیمانەی ئێمیل و سوفیا

ئێمیل و راهێنەرەکەی لە پاریس دەچنە دەرێ و لە دەرەوبەری شار خەریکی پیاسە کردن دەبن. بە فەیتوونی پۆستەو گەیاندن ناڕۆن چونکی گەرەکیانە لە ڕێگە سەیری دیمەنە جوانەکان بکەن و چێژی لێوەرگرن. رۆژێك، پاش ئەوەیکە لە نێو شاخ و کێو و دۆڵ و دەرەبەند گەلێك دا کە هیچ ڕێگەیەکی تێدانیە، گەشتێکی دوور و درێژ دەکەین. ڕێگەمان لێ بزر دەبێ. بەڵام زۆری گوێ نادەینێ. چونکی هەموو ڕێگەکان باشن بە مەرجێك کە بمانگەیەننە شوێنی مەبەست. کاتێك مرۆڤ برسێتی دەبێ زووتر بگاتەوە ماڵێ ، بەختەوەرانە تووشی کابرایەکی گوندی دەبین کە دەمانباتەوە کۆخەکەی خۆی. بەوپەڕی تاسە و ئیشتیاوە نیوەڕۆ سادەکەی دەخۆین. کە دەبینێ هێند ماندوو شەکەت و برسین دەڵێ: ئەگەر خودا ئێوەی ناردبایەتە ئەو دیوی ئەو تەپۆڵکەیە، میواندرێتی یەکی باشترتان لێ دەکرا. ئەوێ ماڵێکی لێ یە کە هەموو کەس دەتوانێ تێیدا وەحەسێ. خاوەنی ئەو ماڵە هێندە باش و مێهرەبانن کە لە تاریف نایە. ئەگەر دڵیان لە دڵی من باشتر نەبێ لانیکەم لە من دەوڵەمەندترن. گۆیا لە رابردوو دا دەوڵەمەند بوون. بەڵام سوپاس بۆ خودا کە چاو لە دەست نین. هەموو کەس بۆی هەیە کە لە پاش ماوەی سەروەت و سامانەکەیان سوود وەرگرێ.

رۆحی ئێمیل بە بیستنی وشەی "خەڵکی چاکەکار" گەش دەبێتەوەو چاوم لێدەکا و پێم دەڵێ: هاوڕێ گیان ئێستا کە ئەوەندە تاریفی ئەو ماڵە دەکەن، خراپ نیە ئێمەش بچین. زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر چاوم پێیان بکەوێ و لەوانەیە ئەوانیش بە دیتنی ئێمە شاد و خۆشحاڵ بن. ئەگەر ئەوانیش وەك ئێمە بن دەبینە دۆست.

ناونیشانی ماڵەکە وەردەگرین. ماوەیەك لە جەنگەڵ دا سەرمان لێ دەشێوێ. کتوپڕ گۆپاڵ بارانێك دەست پێدەکا کە ناهێڵێ خێرا بڕۆین بەڵام رامان ناگرێ. ئاخری یەکەی ڕێگەکەمان

دەدۆزینەوە و رۆژئاواو بوون دەگەینە ماڵی گۆرین. ئەو ماڵە ئەگەرچی سادەیە بەڵام لە نێو ماڵ وەزیراندا رواڵەتێکی جوانی هەیە. لە دەرگە دەدەین و داوای جێگەیەك دەکەین شەوێ تێیدا وەحەسێین. دەمانبەنە لای خاوەن ماڵ. بە حورمەتەوە پرسیارمان لێ دەکا. نالێین لەچی دەگەڕێن تەنیا باسی رێگە بزر کردنەکەمان دەگێڕینەوە. خاوەن ماڵ چونکی پێشتر دەرەبەگێکی دەوڵەمەند بووە، هەر لە هەڵسوکەوت و قسە کردنەوە پێگەی کۆمەڵایەتیی خەڵك دەناسێتەوە. یەکێکی لە کوڕی دەوڵەمەنداندا ژیابێ هیچ کات لەوەدا بە هەڵە ناچێ. قەڵافەت و شێوەی قسە کردن قەباڵەیەکە، کە هەموو دەرگەکانمان بۆ دەخاتە سەر گازەرای پشت.

دەمانبەنە دیوێکی بچووکی ئێجگار خاوێن. دیوێکی بەرینە. کوانوو هەڵ دەکەن. کراس و ژێر کراس و هەر شتێکی کە پێویستمانە، ئامادەیە. ئێمیل بە سەر سوورماوی یەوە دەڵێ: هەر دەڵێی چاوەڕێی  ئێمە بوونە. کابرای گوندی راستی دەکرد. چەندە گرینگیمان پێ دەدەن. چەندە بە جوانی میوانداریێتی لە میوانی غەریب دەکەن. هەر دەڵێی لە سەردەمی هومێر داین. پێم گوت: مەمنوون بن بەڵام پێتان سەیر نەبێ. لە هەر شوێنێ غەریبە کەمتر هەبن میوانداریێتی زیاترە. ئەوانەی میوانیان زۆر نابێ میوانگر دەبن. زۆر بوونی میوان مرۆڤ لە میوانداریێتی وەرەز دەکا.

لە سەردەمی هومێر دا، خەڵك کەمتر سەفەریان دەکرد و هەر بۆیەش رێبوار قەدر و حورمەتیان زۆر بوو. لەوانەیە تەنیا رێبوارێك بین کە لەم ساڵ دا رێگەمان کەوتۆتە ئێرە. ئێمیل گوتی: لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو کەسەی کە بە دەگمەن میوانی دێن و ئاواش کەلوپەلی میوانداریێتی ئامادە کردووە جێگەی رێزە.

پاش ئەوەی دەموچاومان وشك کردەوە و جلوبەرگمان گۆڕی چووینە هۆدەی خانەخوێ. بە هاوسەرەکەی خۆی ناساندین. خاتوون بە حورمەت و مێهرەبانی یەوە پێشوازیمان لێ دەکا. زیاتر سەرنجی لە سەر ئێمیلە . هەر دایکێك کە لەو حاڵەتەی ئەو دابێ، ناتوانێ بە بێ کەڵکەڵە یا لانیکەم بە بێ کونجکۆڵی، ببینێ گەنجێکی لەم تەمەنەدا لێی وەژوور دەکەوێ. لە بەر ئێمە خێراتر شام دێنن. کاتێك دەچینە نێو هۆدەی نان خواردن، پێنج کورسی لە دەوری مێزەکە

دەبینین. لە سەر جێگەی خۆمان دادەنیشین. کورسیەك بە تاڵە. ساتێك دواتر کچۆڵەیەك وەژوور دەکەوێ. کڕنۆشێ دەبا و بە بێ ئەوەی شتێك بڵێ، دادەنیشێ. ئێمیل کە خەریکی خواردن یا وەڵام دانەوەیە، بە بێ سەرنج پێدان سڵاوێکی سادەی لێدەکا و دوایی هەروا لەگەڵ خواردن قسان دەکا. هەم فکری بۆ کۆتایی ئەم سەفەرە ناچێ هەم بۆ مەبەستی سەرەکیی سەفەرەکە. باس باسی ئەو رێبوارنەیە کە رێگەیان ون کردووە. خانەخوێ بە ئێمیل دەڵێ: تۆ گەنجێکی لە بەردڵان و مێهرەبان و ژیر دیاری، ئێستاکە دەبینم لەگەڵ راهێنەرەکەت ئاوا بە ماندوویی و خووساوی هاتوونەتە ئێرە، بیر لە تێلماك و مێنتۆر دەکەمەوە کە چۆن گەیشتنە دوورگەی کالیپسۆ Calypso. ئێمیل دەڵێ: بەڵێ وایە. لێرە راست بەو جۆرە میواندرێتیمان لێ دەکەن کە لە کاپێۆ و مێنتۆریان کردبوو. خاوەن ماڵ لێی زیاد دەکا، "بە جوانی یەکی وەك ئێوکاریس". ئێمیل ئۆدیسەی خوێندووەتەوە. بەڵام چیرۆکی تێلماکی نەبیستوە. ئێوکاریس ناناسێ. لەم ساتە دا کچۆڵە سوور هەڵ دەگەڕێ و سەری لە سەر قاپەکەی هەڵناگرێ، بێ دەنگ دەبێ. دایکی کە چاوی بە کچەکەی دەکەوێ شڵەژاوە، ئاماژە بۆ باوکی دەکا و ئەو رووی قسە کە دەگۆڕێ. باس لە دوورەپەرێزی خۆی دەکا و بە بێ ئەوەی بزانێ، باسی رووداوگەلێك دەکا کە بووەتە هۆی ئەم دوورەپەرێزی یە: باسی نەهامەتیەکانی ژیان دەکا و باسی خۆڕاگریی خێزانەکەی و ئەو سوکنایی و ئۆخژنەی لەم زەماوەندەی نێوانیان بە نەسیب بووە. لەو ژیانە ئارام و بێ قرەیەی کە لەم گۆشەیە دا بە سەری دەبا. دواییش باسی گەلێك شتی دیکەمان بۆ دەکا. بەڵام باسی کچە گەنجەکە ناکا. کۆی ئەم قسانە چیرۆکێکی جوان و دڵگرمان لە مێشکی دا دروست دەکا کە مەحاڵە سەرنجمان رانەکێشێ. ئێمیل کە دڵی بزووتووە لە خواردن دەکشێتەوە. بە کورتی کاتێك ئەم کابرا مەزنە بە تین و گوڕەوە قسان دەکا و باسی ئەوە دەکا کە چەندە خۆی بە قەرزداری خۆشەویستیی ژنەکەی دەزانێ، موسافیرە گەنجەکە ، دەست و پێی خۆی ون دەکا و بە دەستێك دەستی کابرا دەگرێ و دەیگوشێ و بە دەستەکەی دیکە، دەستی ژنەکە دەگرێ و سەر دادەنوێنی و لەگەڵ ماچ کردنیان دەستەکانیان نوقمی ئەسرین دەکا.

سادەیی و جۆش و خرۆشی ئەو گەنجە کاریگەریی لە سەر هەموان دادەنێ. بەڵام کچە، کە لە هەوان پتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەستی دڵی پاکی ئەو گەنجە، تێلماك دێنێتە بەرچاوی خۆی کە لە نەهامەتیەکانی فیلۆکتێت (ی پاڵەوانی یۆنانی شەڕی ترۆی) داخ و کەسەر هەڵ دەڕێژێ. لە بنەوە لێی دەڕوانێ و لە روخساری ورد دەبێتەوە. لەو روخسارەدا شتێکی ئەوتۆ نابینێ کە لە پاڵەوانی یۆنانی بچێ. قەلافەتی لێچووی ئەو هێمای سەربەستی دەنوێنی نەك لە خۆبایی بوون. جووڵەکانی ئەو بە تین و گوڕن. بەڵام لە رووی کەمتەرخەمیەوە نین. بە هۆی هەستیار بوونی لە رادەبەدەر، نیگاو روانینەکانی نەرمتر و بەژن و باڵای دلگرترە. کچۆڵەکە بەزەیی بە گریانەکەیدا هاتووە، چی وای نەماوە فرمێسکی خۆی تێکەڵی فرمێسکەکانی بکا. بەڵام پێی شەرمە بگری. چونکی پێی باش نیە کە لە بەرچاوی خەڵك بۆ نەهامەتیەکانی بنەماڵەکەی خۆی بگرێ.

دایکی کە  هەر لە سەرەتای شێوخواردنەوە چاوی لە سەر هەڵنەگرتوە، دەزانێ نارەحەتە و ئێستاش بۆ ئەوەی هێوری بکاتەوە بە بیانوویەك دەی نێرێتە دەرێ. پاش خولەکێك کچەکەی دەگەڕێتەوە بەڵام هێشتا حاڵی باش نیە دڵەراوکێ و نیگەرانی بە سەرتاپایەوە دیارە. دایکی لە سەرخۆ پێێ دەڵێ: سوفیا هێور و لە سەرەخۆ بە. بۆچی یەکسەر فرمێسك بۆ نەهامەتیی  و چارەڕەشیەکانی ئەندامانی بنەماڵەت هەڵ دەڕێژی. تۆ کە دەتەوێ دڵیان بدەیتەوە نابێ لەوان دڵناسکتر بی.

ئەگەر لەوێ بوایەن دەتان بینی کە ئێمیل بە بیستنی ناوی سوفیا داچڵەکی. ئەم ناوە ئازیزە تەواو کاری تێدەکا. وەك ئەوەی لە خەو راپەڕیبێ، چاوێکی پڕ لە تاسە و ئارەزوو لە خاوەنی ئەم ناوە دەکا. وەك ئەوەی بە خۆی بڵێ ئەی سوفیا، ئەرێ ئێوە هەر ئەو کەسەن کە دڵی منی لە سوێ، وێڵە؟ ئایا ئێوە خاوەنی قەڵەمی منن؟ بە نیگایەکی تێکەڵاوی ترس و گومانەوە لە کچەکە دەڕوانێ. ئەوە تەواو لەو روخسارە ناچێ کە هێنابوویە مێشکی خۆی. نازانێ کە ئەو کەسەی بەرەو روویەتی لەو خۆشەویستە خەیاڵی یە باشترە یا خراپتر. لە هێڵەکانی روخساری دا نوقم دەبێ. لە هەموو جووڵە و هەڵسوکەوتەکانی ورد دەبێتەوە و بۆ هەر

کامیان هەزاران تەعبیر و لێکدانەوەی ئاڵۆز بە مێشکی دادێ. ئامادەیە نیوەی تەمەنی خۆی بدات و تاقە وشەیەك لە زاری کچەکە ببیستێ. بە شڵەژاوی چاوم لێدەکا. چاوەکانی سەت پرسیارم لێدەکەن، لۆمەشم دەکەن. وەك ئەوە وایە لە هەر چاو لێکردنێك دا پێم بڵێ: "هەتا دەرفەت هەیە رێنوێنیم بکەن. ئەگەر دڵ بدەم بەو دڵڕفێنە و دوایی دەرکەوێ بە هەڵە چووم، ئیتر ژیانم لێ تاڵ دەبێ."

ئێمیل کە بە هیچ جۆرێك ناتوانێ هەستەوەریی خۆی بشارێتەوە، ئەستەمە بتوانێ گەورەترین شڵەژاوی و دڵەراوکێی قۆناخی ژیانی خۆی بشارێتەوە، بە تایبەتی کە چوار کەس چاویان تێ بڕیوە و یەکێك لەو چوار کەسە کە لە هەموان کەمتەرخەمتر دیارە لە راستی دا لە هەموان پتر دڵی لە لایەتی. دڵەراوکێی ئەو گەنجە لە نیگای تیژ و وردبینی سوفیا شاراوە نیە. چاوەکان بە کچە دەڵێن هۆکاری ئەم دڵەراوکێ یە تۆی. دیارە کچە دەبینێ کە ئەم دڵەراوکێیە هێشتا نەبۆتە عیشق، بەڵام جیاوازی یەکی بۆ ئەو نیە. ئەگەر رۆژێك ئەم تاسەباری یە، لە دڵی ئەو گەنجە دا نەمێنی، بێ گومان کچە چارەڕەش دەبێ.

دایکانیش وەك کچان چاویان هەیە و دەبینن بەڵام بەر لەوان ئەزموونییان کردووە. دایکی سوفیا بزەیەکی دێتێ و لەوەیکە لەوانەیە بەختەوەری بە نەسیب کچەکەی بێت خۆشحاڵە. ئەو ژنە بە نهێنی یەکانی نێو دڵی ئەو دوو گەنجە دەزانێ، دەزانێ کە کاتی ئەوە گەییوە کە دڵی تێلماکی نوێ لە داو بکەوێ. ئاماژە بە کچەکەی دەکا کە وەقسە بێ. کچە، بەو نەرمی و نیانی یەی کە لە ناخی دایە وەڵام دەداتەوە. ئاوازی شەرمێونانەی ئەو کاریگەریی پتر دەبێ. ئێمیل لەگەڵ بیستنی یەکەمین وشە دا خۆ بە دەستەوە دەدا. بەڵێ ئەم سوفیا یە هەر ئەوەیە کە ئەم لاوە لە دووی وێڵ بوو. وای دابنێین ئەویش نەبێ، تازە کار لە کار ترازاوە.

جارێکی دیکەش جوانی و رووگەشیی ئەم دڵبەرە جادووگەرە دڵی کوڕە گەنجەی دیل کردووە. عاشقی لێوە[1] یەك بین پیاڵەی عیشق بە سەری یەوە دەنێ. ئیتر قسە ناکا. ئیتر وەڵام

---

[1] شیفتە و شەیدا

ناداتەوە جگە لە سوفی هیچ نالێ و جیا لە سوفی هیچ نابیستێ. ئەگەر سوفی شتێ بڵێ ئێمیلیش دەم هەڵ دەپچڕێ. ئەگەر سوفی سەر دابخا ئەویش سەر بەر دەداتەوە. ئەگەر سوفی ئاخ هەڵکێشێ ئەویش ئاخ هەڵدەکێشێ. هەر دەڵێی گیانی سوفیی بە بەرداکراوە. ڕۆحی کوڕە گەنجەکە چۆن لە ساتێك دا گۆڕاوە، ئیتر نابێ سوفی بترسێ. بەڵکوو نۆرەی ئێمیلە کە ترسی لە دڵ بنیشێ. ماڵئاوا، ئازادی و سادەیی و ڕاستگۆیی. لاوی ئێمە شەرم دەکا، دەترسێ، ئیتر ناوێرێ تەنانەت چاو لە دەورووبەری خۆیشی بکات. لەوە دەترسێ کە نەکا ئەوانیتر چاوی لێ بکەن. لەوەیکە لە نهێنی یەکەی تێ گەیون و پەتەی کەتۆتە سەر ئاو. شەرم گرتوویە. پێی خۆشە لە نیگای هەموان بە دوور بێ بۆ ئەوە بتوانێ بە کەیفی دڵێ خۆی و بێ دڵەڕواکێ لە سوفی بڕوانێ و کەس ڕێگەی پێ نەگرێ. بە پێچەوانەوە، سوفی لەو ترسەی ئێمیلەوە غیرەتێکی وەبەر نیشتووە. ئەو ئاگای لە سەرکەوتنی خۆیەتی و چێژی لێ دەبینێ:

"لە ناخی دڵیدا پێی شاد و خۆشحاڵە بەڵام دەری ناخا."

(لوتاس، رزگاریی ئۆرشەلیم.)

ڕوخساری خۆی ناگۆڕێ بەڵام سەرەڕای ئەو حاڵەتە شەرمێونانە و ئەو چاوانەی لە عەرزی بڕیون، دڵە ناسکەکەی لە خۆشیان وەکوو باڵە چۆکەلەکە فڕەی دێ، دڵی خەبەری پێداوە تێلماك هاتۆتەوە. ئێستاکە ئەمن چوومەتە نێو چیرۆکەی عیشقی سادە و پاك و بێ گەردییانەوە، هێندێکیان ئەم وردەکارییانە دەکەنە ئامرازی سەرقاڵکردن و خافڵاندنی خوێنەران بەڵام لە هەڵە دان. ئێمە زۆر جار لەو کاریگەرییە تێ ناگەین کە پێویستە یەکەمین پێوەندیی پیاو لەگەڵ ژندا، لە سەر ژیانیان هەیبێ و نازانین کە یەکەمین هەستەوەری و ئیحساساتەکانی دوو کەس بە تایبەتی ئەگەر وەکوو عیشق یا هەر حەزێکی کە جێگەی دەگرێتەوە، بە تەوژم بێ، کاریگەریی وەها قووڵی دەبێ کە بە درێژایی ژیان بە جوانی دیار نیە. بەڵام هەتا کۆتایی تەمەنی هەر دەمێنێتەوە ئیشی خۆی دەکا. لە کتێبەکانی پەروەردە و ڕاهێنان دا بۆ ماوەیەکی زۆر بە چەنەوەڕیی بێ فایدەی خۆیان وەرەزمان دەکەن. بە بێ ئەوەی بە تاقە وشەیەکیش باسی ئەو قەیرانە بکەن کە لە قۆناخی منداڵیەوە هەتا قۆناخی هەرزەکاری بەرۆکی منداڵی

ئێمەی گرتووە. ئەگەر نووسینەکانی من لەم بەشەدا قازانجێکی هەبێ بۆ ئەوەیە کە لەم بابەتە سەرەکی و بنەڕەتی یەدا، کە نووسەرانی دیکە پشت گوێیان خستووە، بە تێر وتەسەلی قسەم کردووە و بە بیانووی شەرم و حەیای درۆیین و گیروگرفتی زمانی، خۆم لەو ئەرکە گرینگە نەبواردووە پێموایە ئەوەی دەبوایە بکرێ کردوومە و ئەوی دەبوایە بگوترێ گووتوومە. ئەمن بە هیچ شێوەیەك حەزم لە نووسینی رۆمان نەبووە. باشترین رۆمانەکان سروشتی مرۆڤە. ئەگەر ئەم رۆمانە بەس لە نووسینەکەی من دا بیچمی گرتووە، خەتای من نیە. ئەوەی باسم کرد دەبوایە بە چارەنووسی راستەقینەی مرۆڤ لە قەڵەم بدرێ. لە بەر ئەوەیکە مرۆڤەکانتان گەندەڵ کردووە، کتێبەکەی ئەمنیشتان وەکوو رۆمان لێ کردووە.

بۆ سبەینی یەکەی ئێمیل و سوفی بە شەرمێونی یەوە لێك دادەبڕێن بەڵام بەڵێن دەدەن کە دیسانیش چاویان بە یەکتر بکەوێتەوە.

ئێمیل حەزی لێ یە لە نزیك ماڵێ سوفی نیشتەجێ بێ بەڵام راهێنەرەکەی لەو بڕیارە پاشگەزی دەکاتەوە. چونکی نابێ بەسەرهاتی عیشقی خۆی و خۆشەویستەکەی ببێتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاران. هەر بۆیەش لە شارێك کە دوو فەرسەنگی لێ دوورە نیشتەجێ دەبێت.

چاوپێکەوتنی دوو عاشق

رۆژێك ئێمیل بۆ سوپاسگوزاری لە دایك و بابی سوفی سەردانیان دەکا. سەفەرەکەی بە سواری و خێرا دەبێ. بەڵام رێبواران رێیان لێ هەتلە دەبێ.

ئاخری دەگەینە جێ. میواندارێتی زۆر لە جاری پێشوو گەرمتر و سادەترە چونکی ئەمجار ناسیاری پێشوین. ئێمیل و سوفی برێك بە شەرمەوە سڵاو لە یەکتری دەکەن، بەڵام هێشتا قسە ناکەن. لە هەنتەشی ئێمە دا دەتوانن چ بڵێن؟ ئەوەی کە گەرەکیانە بە یەکتری بڵێن دەبێ لە خەڵوەت و نەدیودا بە یەکتری بڵێن. هەموان لە باخ دا دەگەڕێین.لە بەردەم بیناکە باخچەیەکی سەوزی و کەوری لێ یە. دیارە زۆر جوانی پێ رادەگەن. لە درێژەی ئەم سەوزەڵانە

دا دەگەیتە پارکێك، کە بێستانێکە پڕپڕە لە درەختی میوە، گەورە و جوان و جۆگەیەکی جوان کە بە نێوەڕاستی بێستانەکە دا تێدەپەڕێ و باخچەی پڕ لە گوڵ کە پۆڵ پۆڵ دەی نەخشێنن. ئێمیل کە بە جوانی لە چیرۆکەکانی هۆمێر دەزانێ بە جۆش و خرۆشێکی لە رادە بەدەرەوە دەڵێ: وەکوو باخەکەی ئاسینوس جوانە. کچە دەیەوێ بزانێ ئاسینوس کێ یە. دایکی لە من دەپرسێ. لە جواب دا دەڵێم: "ئاسینوس پاشای وڵاتی کۆرسیەرە[1] کە هۆمێر لە چیرۆکەکەیدا باسی باخەکەی ئەوی کردووە. بەڵام خەڵکی بە سەلیقەی ئەمڕۆ رەخنە لەو باخە دەگرن کە زۆر سادە بووە و نەڕازاوەتەوە. ئەو ئاسینوسە کچێکی جوانی هەبوو کە شەوێك بەر لەوەی گەنجێکی بێگانە ببێتە میوانی باوکی، دێتە خەوی کە بەم زووانە مێرد دەکا. سوفی بە بیستنی ئەم وشانە دەست و پێی خۆی ون دەکا. سوور هەڵ دەگەڕێ و سەر دادەخا. ئەوەندە شەرمەزار دەبێ کە لە تاریف نایە. باوك کە بە جەفەنگ دیەوەێ کچەکەی پتر تەریق بکاتەوە، دەڵێ: " ئەم شازادەیە دەچووە سەر رووبار و جلوبەرگی دەشوت. دڵنیاش بن کە بێزی لەوە هەڵ نەدەستا کە دەست لە خاولیی چڵکن بدات وبیانووی ئەوەی نەدەهێنایەوە کە خاولیەکان بۆنی چەوریان لێ دێ. سوفی کە دەبینێ ئاماژە بۆلای ئەو دەکەن، شەرمێونی یە سروشتیەکەی خۆی فەرامۆش دەکات و بە توندی لە سەر خۆی وەجواب دێ و دەڵێ: "بابە گیان ئەگەر ئیزنت دابایەم تەواوی جلوبەرگ و پەڕۆ سپیەکانی ماڵەوەم دەشوتن و ئەگەر فەرمانت دابایە لەوەشم پتر دەکرد." کە ئەو قسانە دەکات لە بنەوە بە دڵەڕاوکێوە چاو لە من دەکا. من خۆم پێ ناگیرێ و پێکەنینم دێ. چونکی ئەو نیگەرانییانەی ئەویان بە ناچاری وەقسە هێناوە، لە دڵیدا دەیانخوێنمەوە. باوکە بە دڵڕەقیەکی پترەوە پەردە لە سەر ئەم شڵەژاویەی کچەکەی هەڵ دەداتەوە. و بە جەفەنگ لێی دەپرسێ: "باشە تۆ بۆچی وەجواب دێی؟ کار و ئاکاری کچی ئاسینوس بە تۆ چی؟" کچەی بەستەزمان لە شەرمان هەموو گیانی دەلەرزێ.

[1] - ناوی کۆنی دووڕگەی کۆرفۆ Corfou یۆنانی

پشووی سوار دەبێ، چاو لە کەس ناکا ئەی کچی جوان کاتی رواڵەت نواندن نـەماوە. بتهـەوێ و نەتهەوێ، پەردەت لە سەر عیشقەکەت لاداوە.

ئەم رووداوە خێرا لە بیر دەچێتەوە یا پێدەچێ کـە فـەرامۆش کرابـێ. بەختـەوەریی سـوفی لەوە دایە کەئێمیل هیچی لێ تێنەگەیوە. سەیران هەر وا بـەردەوام دەبـێ و ئـەو دوو گەنجـە کـە سەرەتا شان بە شانی ئێمەدەهاتن، بە دژواری هەنگاوەکانیان لەگەڵ ئێمـە رێك دەخـەن. وردە وردە وەپێشمان دەکەون، لێك نزیك دەبنەوە و ئـاخری دەگەنـە یـەکتر. لـە پێشـمانەوە دەڕۆن. بەڵام ئەوەندە دوور نین کە نەدیو بن. سـوفی گـوێ رادەگـرێ و هـێمن و لـە سـەرخۆ دەنـوێنێ. ئێمیل کە بە کەفوکوڵەوە قسە دەکا. دەسـت و سـەری رادەوەشـێنێ. پێناچـێ لـە گفتۆگۆکـەی ناقایل بێ. پاش کاتـژمێرێك دەگەڕێینـەوە. بانگیـان ناکـەم. دەگەڕێنـەوە. هەڵبـەت ئێجگار بـە نەرمی. دیارە کە دەیانەوێ لە هەموو ساتەکان کـەڵك وەرگـرن. بـە کـورتی کاتێـك لێمـان نزیـك دەبنەوە، لە ترسی ئەوەیکە نەکا دەنگیان بمانگاتێ، کۆتایی بە قسـەکانیان دێـنن. بـە خێرایـی لێمان نزیك دەبنەوە. ئێمیل بـە قەڵافـەتێکی کـراوە و دڵۆڤـان لێمـان دێتـە پـێش چاوەکانی لـە خۆشیان هەر تروسکەیان دێ. بەڵام کە چاو لەدایکی سـوفی دەکـا هێنـدێ پەرۆشـی لـە نیگـای دایە. هەر دەڵێی گەرەکێتی بزانێ کە چۆنی وەردەگرێ. بە پێچەوانەی ئـەو، سـوفی هێـور نیـە. کە لە ئێمە نزیك دەبێـتەوە، تەریق دەنوێنی. ئەو کە گەلێ جاران لەگەڵ گەنجانی تر دوو بـە دوو قسەی کردووە بە بێ ئەوەی نارەحەت بێ یا کەسێك گلەیی لێ کردبێ ئەمجارەیان لە قسـەکردن لەگەڵ گەنجێکی بێگانە، شەرمەزارە. خێرا دەچێتە لای دایکی و لە حاڵێکدا هەناسە برکی یـەتی چەند قسەیەکی ئـاڵۆز بـە سـەر زاری دادێ. لەوانەیـە بـەو مەبەسـتە بـێ کـە وابنـوێنێ دەمێکـە گەڕاوەتەوە لایان. هێمنی و لە سەرخۆی یەك کە لە روخساری ئەم دوو گەنجە دا بە دی دەکرێ، وای دەردەخا کە ئـەم قسـە کردنـە، دڵـێ ئـەوانی سـووك کـردووە. ئەگەرچـی هێشـتاش زۆر بـە فەرمی لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام ئـەو رەسمـی بوونـە ئـیتر هـۆی شـەرمێونی نیـە بەڵکوو هۆی رێز و حورمەتی ئێمیلە بۆ سوفی یـا شـەرم و حـەیای کچـە، یـا نـەجیبی و پـاکی و بێگەردی هەر دووکیانە.ئێمیل دەوێرێ چەند وشەیەك دەگەڵ سوفی قسان بکا. سوفی جاروبار،

ئەوەندەی ئازایەتی هەیە کە وەڵامی بداتەوە. بەڵام هەتا چاو لە چاوی دایکی نەبڕێ زار ناکاتەوە. گەورەترین گۆڕانێك کە تێیدا بە دی دەکرێ، بە نیسبەت منەوەیە. لە راستیدا زۆر حورمەتی من دەگرێ و بە حەزێکی پترەوە لێم دەڕوانێ. بە مێهرەبانیەوە دەمدوێنی و هۆشی لە سەر خۆیەتی کە بە دڵی من بجووڵێتەوە. دەبینم شانازیی ئەوەی پێ بەخشیوم ببمە هاوڕێی و حەزی لی یە شانازیی دۆستایەتیی منی پێ ببڕدرێ. بۆم دەردەکەوێ کە ئێمیل باسی منی بۆ کردووەو دەڵێی پێکەوە سازاون کە ئەمن بکەنە لایەنگری خۆیان. ئەگەرچی شتی وا ئەستەمە: تەنانەت وا زوو ناکرێ سووفیش راکێشین. ئێمیل پتر پێویستیی بەوەیە بە کچە نزیك ببمەوە هەتا ئەوەیکە کچە لە من نزیك ببێتەوە.

ئای لەو دەسگیرانە جوانانە. کاتێ: بیر لەوە دەکەمەوە کە هاوڕێکەی من بە هۆی ئەو دڵە ناسکەی کە هەیەتی، لە یەکەمین وتووێژێك دا کە لەگەڵ دەسگیرانەکەی خۆی بوویەتی، ماوەیەك باسی منی بۆ کردووە، کە بەرهەمی هەوڵ و ماندوو بوونەکانم دەبینم چێژ وەردەگرم. بە راستی هاوڕێکەم پاداشتێکی باشی پێداوم.

چاوپێکەتنەکان نوێ دەکرێنەوە. بەڵام سوفی هیچ شتێ ئاشکرا ناکا. ناچار راهێنەرەکەی ئێمیل راز و نهێنیی ئەم بێ دەنگیی یەی لەدڵ دەردەکێشێ سوفی زۆر دەوڵەمەند نیەو ناشی هەوێ رۆژێك مێردەکەی منەتی بە سەر دابکا کە دەوڵەمەندی کردووە. ئێمیل لەڕێوە سوفی لەم بابەتە دڵنیا دەکاتەوە و داوای لێ دەکا کە وەکوو دەسگیرانێکی فەرمی لەگەڵی بجووڵێتەوە. کچە قبووڵی دەکا. لەمەو دوا کوڕە بە راشکاوی لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆی هەڵسوکەوت و راوێژ دەکا و بەدڵی ئەو دەجووڵێتەوە: فەلسەفە و ماتماتیك و موسیقا و مێژوو و هەزار شتی دیکەی فێر دەکا. جاروبار لە نێو ئەم وتوویژە جیددیانە دا کتوپڕ ماچێکی لێ دەفرێنێ. سوفی تووڕە دەبێ و دایکی بە گژ ئێمیل دادەچێتەوە. ئەگەر سوفی هێندە لە خۆبای یە، دو هۆکاری هەیە: یەکەم ئەوەیکە دەیەوێ خۆی لە وەسوەسەی هەوەس بپارێزێ. دووهەم ئەوەیکە هەست و عیشقی ئێمیل بلێسەدارتر و بە تین تر بکا. هەر وەکی دەبینین، ئێمیل سەرەڕای پوختەیی وتێگەیشتوویی خۆی بووەتە گالتە جاڕی کچۆڵەیەك.

ئێمیل لە مەودای نێوان ئەو چاوپێکەوتنانەدا بێ کار نابێ. دەچێتە ئاوایی و ئەوەی وەرزێران نای زانن فێریان دەکا. دەچێتە ماڵی گوندی یەکان و چاوەدێریی نەخۆشەکان دەکا. بە نیسبەت هەژارانیشەوە بێ خەم نیە. بۆ هەموان دۆستێکی مێهرەبان و چاکەکارە.

سەیران و تۆران وئاشتبوونەوە

جاری وایە ئێمیل لە دەور و بەری ماڵە دلگرەکەی سوفی دەگەڕێ. لەوانەیە ئێوە بڵێین کە ئەو بەو هیوایەیە کە بە دزی یەوە چاوی بە گراوەکەی بکەوێ. خۆشەویستەکەی لە کاتی سەیراندا ببینێ بەڵام خۆی نەبینرێ. وانیە. ئێمیل بەردەوام لە هەڵسوکەوت و ئاکاری خۆیدا بێ پێچ و پەنایە . هیچکات فرت و فێڵ و گزە ناکات. خۆپەرستیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە پێێ خۆشە هەمیشە ویژدانی ئاسوودە بێ. زیاتر بەوەندە قایلە کە دوراودور چاوی بە سوفی بکەوێ. پێێ خۆش نیە کە بە فرت وفێڵ یا بە رێکەوت شانازیی دیتن یا قسە کردن لەگەڵ سوفیی پێ ببڕدرێ. بەڵکوو دەیەوێ، هەمیشە سوفی بانگهێشتی بکات. بەو حاڵەشەوە هەمیشە بە دەوری ماڵی سوفیدا دەخولێتەوە. بە شوێن جێ پێ نازەنینەکانیدا دەگەڕێ لەو زەحمەتانەی کە لە بەر وی کێشاونی و لە هەمووی ئەو شتانەی کە بی ئەوی کردوون کولێ گریانی هەڵ دەستێ. ئەو شەوەی کە قەرارە سبەینێ چاوی بە گراوەکەی بکەوێ. دەچێتە یەکێك لە مەزرا نزیکەکان، (خواردنی) دوانیوەڕۆ (عەسرانەیەك) رادەسپێرێ.

دوانیوەڕۆ بە بێ ئەوەی کەسمان پێ بزانێ، هەموومان بەرەو ئەوێ دەبات. وەك بەڕێکەوت بێ ئاوا. هەموو دەچینە نێو کێڵگەکەوە. میوە، شیرینی، سەرتوێی شیر و خواردنی بە تامی دیکە ئامادەیە. سوفی کە بڕێك چلێسە ئەو پێش بینی یەی ئێمەی پێ خۆش دەبێ و لێی بەشدار دەبێ. هەمیشەش سوپاسی من دەکا و رێزم دەگرێ. تەنانەت ئەگەر هیچ کاریشم بۆی

نەکردبیٚ. هەڵبەت ئەوە جۆرە فێڵێکە، کە کچانی گەنج دەکاری دێنن. بۆ ئەوەی بتوانن بەبیٚ شەرم کردن سوپاسی عاشقی خۆیان بکەن. ئەمن و باوکی شیرینی و شەڕاب دەخۆین بەڵام ئێمیل ڕەگەڵ ژنان دەکەویٚ و بەردەوام چاوەڕوانە کە ئەو سەرتوێی شیرەی کەوچکیی سوفیی تێدایە بڕفێنیٚ و بیخوات.

باسی شیرینی دێتە گۆڕیٚ. ئەو کێبەرکێی هەڵاتنانە وەبیر ئێمیل دێنمەوە کە لە رابردوو دا کردبوومانن. دەیانەویٚ بۆ ئەوانیش باس بکەم. جواب دەدەمەوە. هەموان پێدەکەنن و لە ئێمیل دەپرسن : ئایا ئێستاش دەتوانی رابکەی. دەڵیٚ: بەڵیٚ. خوانەکا لە بیرم بچێتەوە. یەکێك لەوانەی لەویٚ یە زۆر حەز دەکا راکردنی ئێمیل ببینیٚ بەڵام ناوێریٚ بیدرکێنی. یەکێکی دیکە ئەم داوایە رەت دەکاتەوە. ئێمیل قبووڵی دەکا. بانگی دوو سیٚ گەنجی دیکەش لەوانەی ئەوبەرمان دەکەین. خەڵاتەکەش دەسنیشان دەکەین. واتە بۆ ئەوەی دابونەریتی کۆن بە جوانی زیندوو بکەنەوە، کولێرە ناسکەیەکی شیرن لە دوا خاڵی شوێنی مەبەست دادەنێین. هەموان ئامادەن. باوکە دەستەکانی لێدەدات و کێبەرکیٚ دەست پێدەکا. ئێمیل وەك بزووت بۆی دەردەچیٚ، ئەو کاتەی دەگاتە شوێنی مەبەست سیٚ خەنیمەکەی تازە لە جیٚی خۆیان جووڵاون. ئێمیل خەڵاتەکە لە دەستی سوفی وەردەگریٚ. بەڵام وەکوو ئێنێی ENEE شازادەی ترۆی، جوامێری دەنوێنی و بەشی بەزیوەکان فەرامۆش ناکا.

لە جەنگەی ئەو خوشحاڵیەی کە لەم سەرکەوتنە بە هەموان بڕاوە، سوفی غیرەت وەبەر خۆی دەنیٚ کە داوای کێبەرکیٚ لە ئێمیل بکا. دەڵیٚ کە دەتوانیٚ وەکوو ئەو هەڵیٚ. ئێمیل مل بۆ ئەو کێبەرکی یە رادەکێشیٚ. سوفی کە دەگاتە مەیدانی کێبەرکیٚ، چاکی کراسەکەی بە لا دا دەکا[1] و چونکی زیاتر حەزی لیٚ یە پیٚ و بەلەکی سپی و ناسکی خۆی پێشانی ئێمیل بدات بۆ ئەوەی لێی بباتەوە، دەڕوانیٚ کە بزانیٚ کراسەکەی بە گوێرەی پێویست کورتە یان نا. لەم کاتە دا بە سرتە شتێك بە دایکی دەڵیٚ. دایکی بزەیەك لە لێوی دەنیشیٚ و بە ئاماژە ئیزنی پیٚ دەدا.

---

[1] - داوێنی کراس "بە لا دی بکەن چاکی مەردایەتی ......

کوڕە شان بە شانی خەنیمەکەی دەویستێ. هەر لەگەڵ دەسپێك رادەگەیەندرێ کچە وەکوو مەل باڵ دەگرێ.

ژنان بۆ راکردن نەخووڵقاون. ئەگەر رادەکەن بۆ ئەوەیە خەنیمەکەیان بیانگاتێ. هەڵبەت راکردن تەنی شتێك نیە کە ئەوان تێیدا کارامە نین. بەڵام تەنیا کارێکە کە بە ناشیرینی دەیکەن (لێیان ناوەشێتەوە). ئانیشکیان کە دێننەدواوە و بە خۆیانەوەی دەنوسێنن. پیاو وەپێکەنین دەخەن. بەو پاژنە بەرزانەوە دەڵێی کوللەن کە دەیانەوێ رابکەن و هەڵنەفڕن.

چونکی ئێمیل پێی وانیە سوفی لە ژنەکانی دیکە باشتر رادەکا لە جێگەی خۆی نابزوێ و کاتی راکردنی کچە ئەو تەنیا بزەیەکی دێتێ. بەڵام سوفی سووکە و پێڵاوی پاژنە کورتی لە پێدایە. بە پێویستیی نازانێ گزە بکا بۆ ئەوەی لاقەکانی خۆی گچکە نیشان بدات. ئەوەندە خێرا و زوو وەپێش دەکەوێ کە ئێمیل نیگەران دەبی٘ کە نەکا نەتوانێ ئەو ئاتالانتە نوێ یە بگرێتەوە. هەر بۆیە ئەویش وەکوو هەڵۆیەك کە بەرەو نێچیرەکەی دەخوشێ ، دەردەپەڕێ. دەکەوێتە شوێن کچە و لێی نزیك دەبێتەوە، دەیگاتێ و لە حاڵێکدا کە پشووی سوار بووە، دەستی چەپی لە قەدی دەئاڵێنێ و وەکوو پەڕی باڵندە هەڵیدەگرێ. لە حاڵێکدا ئەو قوورسای یە بە نرخەی لە ئامێز دایە، کۆتایی بە کێبەرکێ دێنێ. لە راستیدا کچەکەش پێش خۆی دەگەیەنێتە شوێنی مەبەستی کێبەرکێ، جا هاوار دەکا. سوفی بردی یەوە و لە بەرانبەریدا چۆك دادەدات و دان بە شکست و بەزینی خۆی دادەنێ.

ئێستا پیشەیەك لەو کارە جۆراوجۆرانە زیاد دەبێ کە سەرقاڵمان دەکەن. لانیکەم حەوتووی رۆژێك، جگە لەو رۆژانەی لە بەر خراپ بوونی ئاو و هەوا ناتوانین وەدەرکەوین، ئەمن و ئێمیل لە لای مامۆستایەك خەریکی کاری خۆمان دەبین. لەوێ بۆ خۆنواندن  وەکوو کەسێك کە بەرزترە لەم ئیشە،کار ناکەین بەڵکو وەکو کرێکارێکی راستەقینە خۆمان ماندوو دەکەین. رۆژێك باوکی سوفی لەو کاتانەدا کە خەریکی سەردانمان دەکات. و شەوێ ئەوەی بە چاوی خۆی دیتوویە، بە سەرسووڕمانێکی تێکەڵاو بە دەست خۆشانە، بۆ ژن و کچەکەی دەگێڕێتەوە. پێیان دەڵێ: " بڕۆن لە کارگە چاو لەم گەنجە بکەن، بزانن چۆن زەحمەت دەکێشێ و چ رێزێك لە هەژاران

دەگرێ." دەتوانن مەزەندە بکەن کە سوفی بە چ ئیشتیاو حەژمەتێکەوە گوێی بۆ ئەم قسانە شل دەکا. دیسانیش لە ماڵێ باسی ئەم بابەتە دێتە گۆڕێ. هەموان حەز دەکەن ئێمیل لە کاتی کار کردن دا ببینن. بە بێ ئەوەی مەبەستی خۆیان بدرکێنن و پاش ئەوەی رۆژ و کاتی کارکردنی ئێمەیان زانی، دایك و کچە بە پەیتوون دێنە کارگە.

کاتێك سوفی دێتە نێو کارگەوە، لە لایەکەوە چاوی بە گەنجێك دەکەوێ کە، جلوبەرگی کارکردنی پۆشیوە و وەها نوقمی ئیشەکەی بووە کە ئاگای لە هاتنی ئەوان نیە. سوفی رادەوەستێ و ئاماژە بە دایکی دەکا. ئێمیل بە دەستێکی مقاشی پی یە و بە دەستەکەی دیکەی چەکوچ.سەرقاڵی ئیشکردنە. تەختەیەك دەبڕێتەوەو لەتێکی دادەتاشێ. ئەو کارە سوفی وەپێکەنین ناخا . بە پێچەوانەوە چونکی دیمەنێکی جێگەی رێزە، کار لە رۆحی دەکا. ئەی ژن، رێز لە سەروەرەکەت بگرە، ئەوە، کە بۆ تۆ هەوڵ دەدا، بژیوی ژیانت دابین دەکا و نان و ئاوت دەدا.

کاتێك ئەوان چاویان بڕیوەتە ئێمیل، ئەمن لەو گەنجە دەچمە پێش و قۆڵی دەکێشم. ئێمیل وەردەسووڕێ. دەیانبینێ، ئامراز و کەرەسەکانی دادەنێ و بە هاوارێکی پڕ لە خۆشی بەرەو لایان هەڵ دێ. پاش ئەوەی کوڵ کۆی دامرکایەوە، لە شوێنێك دایان دەنیشێنێ و دیسان دەچێتەوە سەر کارەکەی خۆی. بەڵام سوفی ئۆقرە ناگرێ. خێرا لە سەر جێێ خۆی هەڵدەستێ. بە کارگەدا دەسووڕێتەوە.

چاو لە کەلوپەلەکان دەکا. دەست لەو تەختانە دەدات کە لووس کراون. وردکەدار و تەلاشەدار هەڵدەگرێتەوە. لە ئێمە دەڕوانێ کە خەریکی کارین و دەڵێ: " ئەمن حەزم لەم ئیشەیە، چونکە خاوێنە. ئەم کچەتیوە بەنازە تەنانەت دەیەوێ لاسای ئێمیل بکاتەوە. بەو دەستە سپی و سۆڵ و ناسکانەی خۆی رەندە بە تەختەکە دادێنی. بەڵام نایتاشێ، لە دەستی بەر دەبێتەوە. دەڵێی ئەوا من، خوازنی عیشق دەبینم کە لە ئاسمانان پێدەکەنێ و باڵەکانی خۆی لێك دەدا. هەر دەڵێی گوێم لە دەنگی شادیی ئەو دەبێت کە دەڵێ: "تۆڵەی هێرکول کرایەوە."

لەم کاتە دا دایکی لە مامۆستا کە دەپرسێ: "کاکە ئەرێ ڕۆژێ چەند کرێ دەدەی بەو شاگردانەت." "خاتوون ڕۆژانە دوو فرانك و خواردنیش، بەڵام ئەگەر ئەو گەنجە پێی خۆش بێ زیاتر وەردەگرێ چونکی باشترین کرێکاری ناوچەیە." دایکی سوفی کە بە وردی لێمان دەڕوانێ دەڵێ: "بەڕێز، دوو فرانك و خواردن!" دوایی بەرەو لای ئێمیل دەچێ. باوەشی پێدا دەکا و بە خۆوەی دەگوشێ. فرمێسکی لە چاو دەگەڕێ. جگە لەوەش چەند جار پاتەی دەکاتەوە "ڕۆڵە گیان، ڕۆڵە گیان" ئیتر هیچی دیکەی پێ ناگوترێ. پاش ئەوەی دایکە، بە بێ ئەوەی مەحتەلمان بکا چەند ساتێك دەماندوێنێ، بە کچەکەی دەڵێ: با بڕۆین درەنگ بووە. نابێ خەڵك چاوەڕێ بکەین. ئینجا لە ئێمیل دەچێتە پێش و قامکێك لە ڕوومەتی دەدات و دەڵێ: ئەی کرێکاری مێهرەبان، حەز ناکەی لەگەڵمان بێی؟ گەنجە، بە سۆزەوە وەڵام دەداتەوە، ئیزنی من لە دەست مامۆستاکەم دایە. لەو بپرسن. لە وەستا دەپرسن کە ئایا دەکرێ هەر ئەمرۆی لێ خۆش بن. مامۆستا دەڵێ: نەخێر ڕێی تێناچێ چونکی کارێکی خێرای بە دەستەوەیە کە دەبێ بۆ دووسبەی تەواو بێت. لەوەیکە دڵنیا بووم ئەو دوو کەسە دەیانتوانی کار بکەن، داوای لێبوردنم لەو کرێکارانە بوو کە خوازیاری کار بوون. ئەگەر ئەوانە بڕۆن کرێکار لە کوێ بێنم و ئەستەمە بتوانم لە کاتی دیاریکراو دا ئیشەکەم تەواو بکەم. دایکی هیچ ناڵێ. چاوەڕی یە بزانێ ئێمیل دەڵێ چی. ئێمیل سەری داخستوە، بێ دەنگ دەبێ. دایکە، کە لەو بێ دەنگی یە سەری سووڕدەمێنی دەڵێ: بەڕێز، ئێوە شتێك بفەرموون. ئێمیل بە عیشقەوە لە کچە دەڕوانێ و تەنیا ئەوەندە دەڵێ: دەبینین کە دەبێ تەنیا وەمێنیم. پاش ئەم قسەیە ژنەکان دەڕۆن و بە جێمان دەهێڵن. ئێمیل هەتا بەر دەگەی کارگە بەڕێیان دەکا و دوایی بە چاو وەشوێنیان دەکەوێ. ئیتر ئاخێك هەڵ دەکێشێ و بە بێ ئەوەی شتێ بڵێ مل لە کار دەنێتەوە. لە ڕێگەدا، دایکە هێندێك تووڕە بوو، باسی ئەو هەڵسوکەوتە سەیرە لەگەڵ کچەکەی دێنێتە گۆڕێ و دەڵێ: خۆ قیامەت نەدەبوو ئێمیل وەستای قایل کردبایە و لەگەڵمان هاتبایە. گەنجێك کە هێندە دەست و دڵاوایە و پارەی خۆی لە خۆڕایی خەرج دەکا، بۆچی لە شوێنی پێویستە لە ماڵ بە خشین خۆ دەبوێرێ. سوفی لە وەڵام دا دەڵێ: دایە گیان، خوا بەو ڕۆژە نەکا کە ئێمیل ئەوەندە ماڵپەرست بێ کە بۆ

شکاندنی بەڵێنی خۆی دەکاری بێنێ و بە بێ تێڕامان ئەو پەیمانەی داوێتی بیشکێنێ یا کەسانی دیکە ناچار بکا پەیمان بشکێنن. دەزانم کە ئەو زۆر بە ئاسانی دەیتوانی قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە کە بە هۆی بە جێ هێشتنی کارەکەی وە کارگە دەکەوت. بەڵام ئەوەی بکردبایە، رۆحی خۆی دەکردە دیل و کۆیلەی دینار و دەرهەم و خووی بەوە دەگرت کە بە جێگەی ئەوەیکە ماڵ و سامانی خۆی بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی دەکار بێنی، پێی وابێ کە بە دراو دەتوانێ ئەرك و بەرپرسیارەتی لە ئەستۆی خۆی دارنێ. ئێمیل جۆرێکی تر بیر دەکاتەوە و هیوادارم ئەمن نەبمە هۆی گۆڕینی بیرو باوەڕی. ئایا پێت وایە نەهاتنەکەی بۆ ئێمە ناخۆش بوو؟ دایە گیان خراپ تێ مەگە. نەهاتنەکەی بۆ ئەوە بوو کە، کەسایەتی و گران و سەنگینی خۆی بۆ من بسەلمێنێ و دەری خا کە شیاوی منە. ئەمن لە نیگای داوام خوێندەوە. پێتان وانەبێ سوفیا لە هەمبەر ئەو ئەرکە راستەقینانەی کە خۆشەویستەکەی بە نیسبەت ئەو هەیەتی، کەمتەرخەمە. بە پێچەوانە، زۆریش توند و پڕ چاوەڕوانی یە. وای پێ باشترە کە هیچ خۆشیان نەوێ نەك ئەوەی کە، کەمیان خۆش بوێ. ئەو لە شیاوێتی خۆی ئاگادارە و قەدر و قیمەتی خۆی دەزانێ. بەرزەفڕیی ئەو وا دەخوازێ کە ئەوەندەی خۆی رێز لە خۆی دەگرێ خەڵکیش ئەوەندەی بایەخ پێ بدەن. کەوابوو ئەو دڵە بە هێند ناگرێ کە بایەخ و نرخی دڵی وی نەزانێ و ئەو کەسەی کە رەوشتی پاکی ئەوی هێندەی جوانی یەکەی خۆش نەوێ، "سوفیا" بە سووك لێی دەڕوانێ. ئەو کەسەی خۆش ناوێ کە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی بخاتە سەرووی ئەوەوە یا ئەوەیکە جگە لە ئەرك و بەرپرسیارەتیەکەی شتێکی دیکەی پێ لەو باشتر بێ. ئەو عاشقێکی خۆش دەوێ کە بێجگە لە فەرمانی گراوی (معشوقە) مل بۆ هیچ شتێ رانەکێشێ. ئەو پێی خۆشە بە سەر عاشقەکەی خۆیدا زاڵ بێ. بەڵام عاشقێك کە هەوەسبازیی گراوی تێکی نەدابێ. ئەو بیستوویەتی کە سیرس CIRCE ی جادووگەر تەواوی هاوڕێیانی ئۆلیسی کە عاشقی ببوون ریسوا کرد و چونکی لە نێوانیاندا کەسێکی وای نەدی کە شیاوی هاوسەرێتیی ئەو بێ بە ناچاری خۆی دا بە دست ئۆلیسەوە کە پیلانەکانی ئەو پارێزرا بوو. بەڵام ئەگەر ئەم ئەرکە پیرۆزە وەلا نێین کە بۆ پشت گوێ خستن نابێ، لە بوارەکانی دیکە دا سوفیا ئێجگار حەزی لی یە کە عیشقەکەی ئەو تەواوی

ئەو ئەركانەی لە ئەستۆی ئاشقان بە باشترین شێوە جێبەجێ بكا. هەر بۆیەش بـە وردی ئاگـای لەوەیـە كـە بزانـێ ئێمیـل چـەندە ئـەركی خـۆی رادەپـەڕێنێ. بـە چ حەزێكـەوە مـل بـۆ ویسـتی خۆشەویستەكەی رادەكێشـێ و بـە چ كارامـەی یـەك پـێش بینیـی حـەزەكانی ئـەو دەكـا. بـە چ وردبینـــی یەكـــەوە ئامـــادەی دیمانـــە و چـــاوپێكەوتنەكان دەبـــێ. ســـوفیا پێـــی خۆشـــە كـــە دەسگیرانەكەی نەزووتر بێ و نە درەنگتر. ئەگەر زووتربێ نیشانەی ئەوەیە كـە خـۆی لـە گـراوی یەكەی خۆشتر دەوێ. ئەگەر درەنگتر بێ نیشانەی ئەوەیە كە گراوی یەكەی زۆر بە لاوە گـرینگ نیە. بە هێند نەگرتنی سوفیا! خوا نەكا. مەحاڵە ئەو شتە دوو جار رووبدا. سوفیا جارێك كەوتە گومانەوە چی نەمابوو هەموو شتێ لەدەست بدات. دیـارە ئـەم كچـە بـە ئینسـافە و دەزانـێ كـە چۆن قەرەبووی خەتای خۆی بكاتەوە.

ئێستا باسی ئەم رووداوە تاڵـە دەكـەم. یـەكێك لـەو شـەوانە كـە چاوەڕێی ئێمـەن. ئێمیـل بانگهێشت كـراوە. خانـەخوێ دێنـە پێشـوازی. بـەڵام میـوان نەگەیشـتوونێ. چ قـەوماوە؟ بڵێـی شتێكیان بە سەر هاتبـێ؟ بـۆ راسـپاردەیەك نامەبـەرێكیان نایـە؟ تـا بـەینێ چـاوەڕێمان دەبـن. سوفیا بەستەزمانە وادەزانـێ مـردووین. خەفـەت دایـدەگرێ و خـەمباری دەبـێ. هـەر ئـەو شـەو راسپاردەیەك بەڕێ دەكەن كە هەواڵێكی ئێمە بزانێ و سبەینێ وەڵام بێنێتەوە. راسپاردە لەگەڵ كابرایەكی دیكە دەگەڕێـتەوە كـە ئێمـە ناردوومانـە داوای لێبـوردن بكـا و هـەواڵی سـڵامەتیمان بگەیەنێ. چەند ساتێك دواتر خۆمان دەگەیەنینە ئەوێ. ئێستا ئیتر رەوشـەكە جیـاوازە. سـوفی فرمێسك دەسڕێتەوە. یا ئەگەر فرمێسكیش هەڵڕێـژێ ئـەمجارەیان لـە ڕق و داخـە. دڵـی ئـەو بـە دیتنمان و دڵنیا بوون لە سڵامەتیمان داناكەوێ. بە پێچەوانە، تووڕە دەبێ كە بۆچـی ئێمیـل كـە زیندوو بووە ئەوی لە چاوەڕوانیدا راگرتوە.

كە دەگەینێ، سوفیا دەیەوێ وەدەر كەوێ. پێی دەڵـێن نـەڕوا. بـەڵام ئـەو لـەڕێوە بڕیـاری خۆی دەدا. قەڵافەتێكی هێمن بەڵام قایل بە خۆوە دەگرێ. بە جۆرێك كـە ئەگـەر نەماننناسـیبابە فریوی ئەومان دەخوارد. باوكی كە هاتۆتە پێشوازیمان دەڵێ: دۆستانی خۆتـان نارەحـەت كـرد. كەسانێك لێرەن كە ئاوا بە ئاسـانی لـە خـەتای ئێـوە خـۆش نـابن. سـوفیا بـە بزەیـەكی جـوانی

درۆیینەوە پرسی :بابە گیان کێ؟ باوکی گوتی: ئەتۆ نیت. بۆ تۆ چ تەوفیرێکی هەیە کە ئەو کەسە کێ یە. سوفی ئیتر هیچ نالێ سەری خۆی بە سەر ئیشە دەستیەکەیدا شۆڕ دەکاتەوە. دایکە بە سارد و سڕی پێشوازیمان لێدەکا. ئێمیل دەست و پێی خۆی ون کردووە و ناوێرێ لە سوفیا بچێتە پێشێ. بەڵام کچە دەیدوێنی. ئەحواڵی دەپرسێ و داوای لێدەکا دانیشێ و ئیحساساتی خۆی وا دادەپۆشێ و بە جۆرێك قەڵافەتی خۆی دەگۆڕێ کە ئەو کوڕە گەنجە، کە هێشتا لەگەڵ زمانی عاشقە لێوەو شەیداکان ئاشنا نیە ، فریوی ئەم ساردی و سڕی یە دەخوات و چی وای نامێنێ کە تەواو بتۆرێ.

بۆ ئەوەی تێی گەیەنم کە خراپ تێگەیوە، لە سوفیا دەچمە پێش و دەستی دەگرم، دەمەوێ وەك جاران لە لێوەکانی نزیك بمەوە، بەڵام کچە خێرا دەستی لە دەستم رادەپسکێنێ و بەدەنگێکی سەیر بە "بەرێز" بانگم دەکا. بە جۆرێك کە دەبینێ بەو تووڕەیی نواندنە، دڵ ئێشاویی خۆی دەرخستوە ئیتر کەمتر خۆی دەبوێرێ. لە سەرەخۆی یە رواڵەتی یەکەی دەبێتە جۆرێك بە کەمگرتنی رواڵەتیانە. وەڵامی زۆر کورت دەداتەوە بەو پرسیارانەی کە لێی دەکرێ. زۆر سەبر قسە دەکا و دەڵێی لەو دەترسێ شێوەی قسە کردنەکەی زیاتر پەردە لە سەر تووڕەی یەکەی هەڵ بداتەوە. ئێمیل وەختە لە ترسان دڵی بتۆقێ، بە خەم و پەژارەوە لە کچە دەڕوانێ و هەوڵ دەدا ناچاری بکا بەوەی کە چاو لە چاوی بڕێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە هەست و ئیحساسی ئەو تێ بگا. بەڵام سوفیا مۆڕەیەکی وای لێدەکا کە کوڕە ناوێرێ ئیشتیای نێگایەکی دیکە بکاتەوە، وا دەترسێ و دەلەرزێ کە ئیتر ناوێرێ ورتەی بێ یا چاو هەڵێنێ و ئەوەش بۆ ئەو بەختەوەری یەکی مەزنە، چونکی ئەگەر وای دانێین کە دەریش کەوتبایە کە بێ خەتایە، ئەگەر لە بەرانبەر تووڕەیی خۆشەویستەکەی دا راوەستبایە هیچ کات لێی خۆش نەدەبوون. چونکی دەبینم نۆرەی منە و کاتی ئەوە هاتوە روونی بکەمەوە، دەچمە لای سوفی. دیسان دەستی دەگرمەوە. بەڵام ئەمجارەیان دەستی ناکێشێتەوە دواوە. چونکی لە خەم و تووڕەیی دا تەواو شەکەت بووە. بە لە سەرەخۆیی پێێ دەڵێم: "سوفی گیان، ئێمە تاوانمان نیە. خۆ ئێوە ژیر و بە ئینسافن و بەر لەوەی گوێ لە قسەکانمان راگرن، بڕیارمان لە سەر نادەن. کەواتە گوێ

شل كە. كچە هیچ نالێ. درێژە بە قسەكانم دەدەم. دوێنی كاتژمێر 4ی دوانیوەڕۆ لە ماڵێ وەڕێ كەوتین، ئێوە فەرمووتان سەعات حەوت بگەینە لاتان، ئێمە هەمیشە بڕێك زووتر وەڕێ دەكەوین بۆ ئەوەی بەر لە گەیشتنمان لە ڕێگە پشوویەك بدەین، نزیك بە سێ چارەگی ڕێگەمان بڕیبوو كە هاوار و واوەیلایەكمان گوێ لێ بوو، ئەو دەنگە لە شیو و دەرەبەندێكی بچووكەوە كە لە ئێمیلەوە دوور بوو، دەهات. وەشوێن دەنگەكە كەوتین. گوندی یەكی لێقەوماومان دیت كە لە كاتی گەڕانەوەی لە شار، لە بەر ئەوەیكە بڕێك كەللەی گەرم بووە لە ئەسپەكەیەوە بەربۆوە و قاچی شكابوو. هاوارمان كرد و داوای یارمەتیمان كرد. كەس بە دەنگمانەوە نەهات. هەوڵماندا بریندارەكە سواری ئەسپەكەی بكەینەوە، نەمانتوانی. هەر بە حاڵ جووڵاندباتەوە هاواری دەگەیشتە ئاسمان. ئاخری بڕیارمان دا ئەسپەكە لە شوێنێ ببەستینەوە. ئینجا لە سەر دەستمان داناو بە هێمنی و لە سەرەخۆ بەو ڕێگەیەدا كە نیشانی دەداین و دەچۆوە سەر ماڵەكەی خۆی ڕۆیشتین. ڕێگە دوور بوو ناچار بووین چەند جار ڕاوەستین. ئاخری یەكی ماندوو و شەكەت گەیشتینەوە ماڵێ. بە سەرسووڕماوی یەكی تاڵ چاولێ دەكەین ئەو ماڵە دەناسین و ئەو داماوەی كە بەو زەحمەتە هێناومانەتەوە هەر ئەو كەسەیە كە ئەو كاتەی بۆ یەكەم جار ڕێگەمان كەوتبووە ئێرە بەوپەڕی مێهرەبانیەوەمیواندارییی لێ كردین. لە بەر پەرۆشی و دڵەڕاوكێ هەتا ئەوێ یەكترمان  نەناسیەوە. ئەم كابرایە تەنیا دوو منداڵێ گچكەی هەبوو. ژنەكەی كە لە سەر پێ و مانگی خۆی بوو، كە مێردەكەی بەو جۆرە دیت، تەواو شڵەژا. دوایی تووشی ژانێكی بە تەوژم بوو. دوای دوو ساعەت منداڵەكەی بوو. باشە لەوەها حاڵەتێك دا لە ماڵێكی چەپەكی دوورەدەست كە هیچ ڕۆچنەی هیوایە شك نەدەبرا دەبوایە چ بكەین؟ ئێمیل بڕیاری خۆی دا لێی سواری ئەو ئەسپە بوو كە لە دارستانەكەدا بەستبوومانەوە و بەرەو شاری تێی تەقاند كە نەشتەرگەرێك (مامان) بێنێ. لە گەڕانەوەدا، ئەسپەكەی دابوو بە دوكتورەكە و خۆی لەگەڵ نۆكەرێك دا بە پێیان هاتبۆوە و ڕاسپاردەیەكی تایبەتیشی بۆ لای تۆ نارد. لەو ماوەیەدا ، چۆنی پێتان خۆشە بیر بكەنەوە. ئەمن گرفتار بووم بە دەستی پیاوێكی لاق شكاو ژنێكی زەیستانەوە. هەر شتێكم وەبەر دەست كەوتبایە بۆ یارمەتیی ئەو دووانە دەكارم دێنا.

لەوە زیاتری لە سەر ناڕۆم چونکی پێویست نیە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەتا دوو ساعەت دوای نیوەشەو هەر دووکمان تاقە ساتێکیش نەحەساینەوە. وابوو کە بەیانی بەر لە تاوهەڵات هاتین بەرەو پەناو پەسیوی خۆمان کە ئێرەیە و چاوەڕێ ماین تۆ وەخەبەر بێی بۆ ئەوەی نەقڵەکەتان بۆ وەگێڕین. بێ دەنگ دەبم بەڵام بەر لەوەی یەکێك قسەیەك بکا، ئێمیل لە دەسگیرانەکەی دەچێتە پێشێ، بەدەنگێکی بەرز و قایم کە هەرگیز بیرم لێ نەکردبۆوە پێی دەڵێ: سوفی، باش دەزانی کە چارەنووسی من بە دەستی تۆیە. تۆ دەتوانی لە خەم و خەفەتان بمکوژی . بەڵام بە تەمامەبە بتوانی ناچارم بکەی کە بەزەیی و ئەرکی دادپەروەری لە بیر بەرمەوە. ئەو ئەرکانەی لە پێناو مرۆڤایەتیدا لە ئەستۆمن لە سەرووی ئەو ئەرکانەوەن کە لە بەر دەم تۆ دا لە ئەستۆمن و هەرگیز ئامادە نیم لە بەر خاتری تۆ واز لەو ئەرکانە بێنم. بە بیستنی ئەو قسانە، سوفیا بە جێگەی ئەوەی وڵام بداتەوە، هەڵ دەستێ و دەست لە گەردنی ئێمیل وەردێنی و سەر کوڵمەی ماچ دەکا. دوایی بە رووگەشی و رەزاسووکی یەکی بێ وێنە دەستی خۆی بەرەو لای ئەو درێژ دەکاتەوە و دەڵێ: ئێمیل، ئەو دەستە بگرە، هەقی تۆیە. هەر کات بخوازی مێردی منی و دەسەڵاتم بە دەست تۆیە. هەوڵ دەدەم شیاوی ئەو شانازی یە بم.

لەگەڵ ئەوەیکە کچە دەستی دەسگیرانەکەی ماچ دەکا، باوکی بە خۆشحاڵی یەوە چەپڵەی لێ دەداو دەڵێ: "دیسانیش، دیسانیش. سوفیا چاوەڕێی شێلگیریی ناکا و دوو ماچی دیکەی لە سەر کوڵمانی دەکا. بەڵام دەمودەست وەکوو لەو کردەیەی خۆی ترسێکی رێ نیشتبێ خۆ لە باوەشی دایکی داوێ روخساری کە لە شەرمان سوور هەڵگەڕاوە لە باوەشیدا دەشارێتەوە.

ئەمن ئیدی باسی ئەو خۆشیە ناکەم کە هەموانی گرتۆتەوە هەموو کەسێك دەتوانێ مەزەندە بکا. سوفیا دوای نیوەڕۆ دەپرسێ کە ئایا رێگەی ماڵی ئەو نەخۆشە لێقەوماوانە دوورە؟ ئایا دەکرێ سەردانیان بکەین؟ سوفیا حەزی لێ یە ئەم ئیشە چاکە بکا. هەموومان دەچین. نەخۆش لە سەر قەرەوێڵە و نوێنی لێك جوێن. یەکێك لەو قەرەوێڵانە، ئێمیل هێناویتی. لە پەنا نوێنی

دوو نەخۆشەکە چەند کەسێك ئامادەی پەرستارین. ئەوانەش ئێمیل ناردوونی. بەلام حالی دوو نەخۆشەکە تەواو تاقەت پروکێنە. بە جۆرێك کە، لە نەخۆشیەکە پتر ئازار بەو حالەوە دەچێژن.

سوفی قۆلچاخێك[1] لە خۆی دەداو نوێنی ژنەکە لە سەر قەرەوێلەکەی رێکوپێك دەکا. دوایی کەلوپەلی پیاوەکە ئامادە دەکا. دەستە سووك و نەرمەکانی ئەو شتە دەدۆزێتەوە کە نەخۆشەکان ئازار دەدات و شوێنی بە ئازاری ئەوان دەخاتە دۆخێکی باشتر و راحەت تر. هەر نزیك بوونەوە لێیان دەبێتە هۆی سوکناییان. هەر دەلێی بە مەزەندە دەزانێ ئەو دوو نەخۆشە لە دەست چی دەنالێنن. ئەم کچە ناسك و نەرم و نیانە، نە لە پیسایی هەلْ دێ و نە لە بۆگەن. زۆر خێرا و بە بێ ئەوەیکە یارمەتیی لە کەسێك بوێ یا ئازارێك بە نەخۆشەکان بگەیەنێ، تەڕو وشکیان دەکاتەوە. ئەم کچە کە شەرمێون و کەمتەرخەم بوو بە جۆرێك کە بە هیچ کلۆجێ ئامادە نەبوو دەست لە قەرەوێلەی پیاو بدات، بە بێ هیچ کێشەیەك، برینداره‌کە ئەمدیوئەودیو دەکات و جلوبەرگی لێ دەگۆڕێ و جۆرێك دایدەنێ کە ماوەیەکی زۆر لەو حالەتە دا خۆ رادەگرێ. هەستی بەزەیی و مێهرەبانیەکەشی هێندەی شەرم و حەیا و نەرم و نیانیەکەیەتی. هەلسوکەوتی وەها تێکەلاوی مێهرەبانی و لە سەرخۆی یە کە بریندارەکە سوکنایی پێی دێ. هەر هەستیش ناکا کە یەکێك دەستی لێدەدات. ژن و پیاوەکە پێکەوە نزا بۆ ئەو کچۆلە بە رەحم و باشە دەکەن کە خزمەتیان دەکا و بەزەیی پێیان دادێ و دلیان دەداتەوە و ئەو فریشتەیە,کە خودا لە ئاسمانەوە بۆی ناردوون. هەم لە روخسار دا وەکوو فریشتان جوان و ناسکە هەم وەك ئەوان مێهرەبانە.ئێمیل بەزەیی لە دلی گەڕاوە و بێ دەنگ لە کچە دەڕوانێ. ئەی پیاو، هاوسەرەکەتت خۆش بوێ. خودا ئەوی بە تۆ بەخشیوە کە ئازارەکانت لە سەر لابەرێ و دەرد و ژانت لە سەر سووك بکا. ئەوەیە ژنی راستەقینە.

ئێمیل و سوفیا هەست دەکەن کاتی زەماوەند کردنەکەیان نزیك بۆتەوە. راهێنەرەکە لێرەدا خۆی تێ هەلدەقورتێنێ. بە تووڕەی یەوە بە ئێمیل دەلێ: "ئێمیل، ئەتۆ ئێستا وەکوو

---

[1] - پێش بەند

پاڵەوانێکی واقیعیی دیمەنە مێژووی یەکانت لێ هاتووە، بوویەتە کۆیلەی هەوەس و شەهوەتەکانت و شەهوەت و ئارەزوو هەر چەندەش رەوا بێ ئەگەر مرۆڤ کۆیلە بکا خراپ و دزێوە. ئەو کەسەی ئازایەتیی نیە، بەختەوەر نیە. دەبێ ئەو عیشقەت کە بێ ئۆقرەی کردووی بە سەفەرێکی دوور و درێژ تاقی بکەیتەوە. دەبێ لە سوفیا دا ببڕێی و دوو ساڵان دوور لەو بژیت."

ئێمیل پێ ملی ئەو فەرمانە دەبێت و لە نێو شەپۆلی سێلاوی فرمێسک دا، لێک دابڕانی دوو عاشق دەست پێدەکا.

ئێمیل و سەرپەرشتیارەکەی دەچنە سەفەرێ. بۆ گەنجێکی کە دەیەوێ تەواو پوختە بێ، سەفەر پێویستە. ئەو کەسەی کە تەنیا نەتەوەیەکی بینیوە، مرۆڤەکان ناناسێ. بۆ فێر بوون هەر ئەوەندە بەس نیە کە مرۆڤ وڵاتان بگەڕێ دەبێ چاوی بکاتەوە و ئەوپەڕ و تەشقەکان ببینێ. ئێستا کە نەژاد و گەلان پێکەوە ئاوێتە بوونە زۆر دژوارە کە جیاوازیی نێوان هۆزەکان کە پێشتر بە چاولێکردنێك دەردەکەوت، بە ئاسانی لێك جوێ بکەیتەوە. ئێمیل وێڕای ئەوەیکە رەوشت و دابونەریتی گەلان تاوتوێ دەکا، لێکۆڵینەوە لە سەر شێوەی جۆراوجۆری حکومەتەکانیش دەکا بۆ ئەوەی بزانێ کامیان بۆ ئەو باشە و حەزی لی یە و لە کامە وڵات نیشتەجێ بێ و باروبنە بخا. ئەم ئیشە وای لێدەکا بیر لە مافی سیاسی بکاتەوە.

بۆ ئەوەی جوان لە سەر حکومەتگەلی سیاسی داوەری بکەین، دەبێ سەرەتا نیشانی بدەین کە حکومەتی مەشروع دەبێ چۆن بێ. مرۆڤ لە حاڵەتی سروشتی (کێویلەیی) دا سەربەستە. پاش قبووڵکردنی ئەم بنەمایە، دەبێ لێکی دەینەوە بزانین مافی زۆرەملی یا مافی کۆیلەیی کە ئازادیی ئەویان زەوت کردووە بایی چەندەیە. بە ناچاری دەبێ ئەوە قبوول بکەین کە بنەمای پێکهاتنی کۆمەڵگە بوونی پەیمانێکە، کە لە نێوان تاکەکاندا دەبەسترێ (تەنانەت ئەگەر ئەم پەیمانە نەهاتبێتە سەر زمان یا نەشنووسرابێ). بە پێی ئەم پەیمانە هەر کام لە ئێمە، خۆی و سەروەت و سامانەکەی بە دەسەڵات و ویستی گشتی دەسپێرێ، کەوابوو گەل هەم دەسەڵاتە و هەمیش رەعیەت. ویستی خەڵکیش جگە لە بابەتگەلی گشتی، هیچی دیکە لە خۆ ناگرێ. بەم

شێوەیە چونکی زیان و بەرژەوەندیی هیچ تاکێك ناکەوێ، هەموو تاکەکان پشتیوانی لەم پەیمانە کۆمەڵایەتیە دەکەن. ویستی خەڵکی دەبێتە یاسا. راپەڕاندن و جێبەجێ کردنی یاساکان لە بەشە تایبەتیەکاندا لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانە. کاتێك کە دەسەڵاتداری واقیعی، نەتەوە خۆیەتی و بەڕێوەبەریی کاروبارەکان بە هەموان یا بە زۆرینەی خەڵك دەسپێرێ، حکومەتی دیمۆکراسی (دیمۆکراتیك). کاتێك ژمارەی دەسەڵاتدار کەمن، حکومەت ئاریستۆکراسی یەو کاتێکیش جڵەوی دەسەڵات لەدەستی تاقە کەسێك دایە، پێی دەگوترێ پاشایەتیی. چونکی پێوەندیی دەسەڵات لەگەڵ بەرپرسان، پێوەندی یەکی پێچەوانەیە، حکومەتی دیمۆکراتیك بۆ وڵاتانی بچووك گونجاوە. ئاریستۆکراسی بۆ وڵاتانی نێونجی و پاشایەتیی بۆ وڵاتە گەورەکان. ئیتر شتێك نامێنێتەوە جیا لە لێکۆڵینەوە لە سەر پێوەندیی نێوان دەوڵەتان و بنەماکانی مافی شەڕ.

ئێستا کە بنەمای رێکخراوەیی دەسنیشان کرا، ئێمیل ئەو شتەی کە مرۆڤەکان لە سەر ئەو بنەمایە دایانڕشتووە تاوتوێ دەکا. بەڵام ئەوەی لە ئاستی پراکتیك دا دەیبینێ ئازاری دەدات. ئێمیل بۆ ئەوەی بە جوانی لە شێوەی ژیانی گەلان تێ بگا، ناچێتە پێتەختەکان. چونکی لەوێ نەژادەکان ئاوێتە بوونە و هەموو لێك دەچن بەڵام لە هەرێمە دوورە دەستەکاندا دەتوانێ لە رەوشت و دابونەریت و دەروونی خەڵکان تێ بگا. مۆنتێسکۆ لە کتێبی "رۆحی یاساکان" دا بە جوانی باسی لەو پێوەندییانە کردووە کە بە ناچار لە نێوان دابونەریت و حکومەت گەل لە ئارا دان. بەڵام ئێمە دەتوانین بەو رێسای خوارەوە قایل بین: گەورەترین و باشترین وڵاتەکان ئەوانەن کە حەشیمەتی زیاتریان هەیە و ئەم حەشیمەتەش بە رێژەی یەکسان بە تەواوی مەملەکەت دا بڵاو بووتەوە واتە لە شارە گەورەکاندا کۆ نەبوونەتەوە.

راپۆرتی سەفەرێکی دوور و درێژ

پاش ئەوەیکە ئێمیل دووساڵی رەبەق بە زۆربەی وڵاتە گەورەکان و ژمارێکی زۆر لە حکومەتی وڵاتە بچووکەکانی ئەورووپا دا گەڕا و پاش ئەوەیکە فێری دوو یان سێ زمانی گرینگ

بوو، دوای ئەوەی لە بواری سروشت و حکومەت و پیشەکان و حەشیمەت و هەر شتێکی کە هەستی کونجکۆڵیی ئەوی وورووژاندبوو بە باشی لێکۆڵینەوەی کرد، لەو پەڕی بێ ئۆقرەییدا پێی ڕاگەیاندم کە ئەو ماوەیەی بۆم دیاری کردبوو خەریکە بەرەو تەواو بوون دەچێ. ئەو کات پێم گوت: "هاوڕێ گیان، دیارە دەزانی مەبەستی سەرەکیی سەفەرکەمان چی بووە. ئەوەی کە دەبوایە بی بینن، دیتتان. بە گشتی ئاکامی ئەوەی دیتووتانە چی یە و بڕیارتان چی یە؟" ئەگەر لە شێوازی پەروەردەیی خۆمدا هەڵەم نەکردبێ دەبێ نزیك بەو شتەی خوارەوە وەڵام بداتەوە "چ بڕیارێك دەدەم؟ بڕیار دەدەم کە بەو جۆرە بمێنمەوە کە رایان هێناوم و بە ئانقەست هیچ زنجیرێك لەو زنجیرە زیاد نەکەم کە سروشت و یاساکانی خستوویانەتە ئەستۆم. هەتا پتر پێکهاتەی مرۆڤەکان بە تاقی دەکەمەو زیاتر لەو ڕاستیە دەگەم کە ئەوەندە خوازیاری ئازادین کە خۆیان کۆیلە دەکەن و لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی کە بۆ وەدیهێنانی ئازادی دەیدەن، ئەوەندە ئازادی یەش لاواز دەکەن کە دەستەبەریان کردووە. بۆ ئەوەی بتوانن خۆ لە بەر لێشاوی ڕووداوەکان ڕاگرن، هەزاران کۆت و بەند بۆ خۆیان ساز دەکەن. ئەو کات کە دەخوازن هەنگاوێ بنێن ناتوانن.بە ڕای من بۆ ئازاد بوون نابێ هیچ شتێ بکەی. هەر ئەوەندە بەسە کە نەهێڵین ئازادی یەکەمان لە دەست بدەین، تەواو. مامۆستا گیان ئەوە تۆی کە ئەمنت ئازاد کرد. فێرتان کردم پێ ملی قەدەریم و لەگەڵ ئەو پێشهاتانەی چارەهەڵنەگرن ملە نەکەم. سێڵاوی ڕووداوگەلی چارەهەڵنەگر هەر کات بێن بۆم گرینگ نین. چۆنی خۆم بە ڕەوتی ڕووداوەکان دەسپێرم و چونکی نامەوێ بەربەرەکانێ بکەم، بۆ پاراستنی خۆم پەنا بۆ هیچ شتێ نابەم. واتە هیچ جۆرە هۆگری یەك بۆ خۆم ساز ناکەم. لەم سەفەرانە دا هەولم دا شوێنێ بدۆزمەوە کە تەواو سەربەخۆ بم، بەڵام ئایا لە نێو مرۆڤەکاندا جێگەیەك دەست دەکەوێ کە مرۆڤ بە شەهوەت و ئارەزووەکانی هاوڕەگەزیەوە نەبەستراب‌یێتەوە؟ کاتێك جوان لێی ورد دەبینەوە، دەبینم ئارەزووی دوو شتی ناتەبام هەیە. چونکە ئەگەر هیچ شتێکم پێ خۆش نەبێ لانیکەم ئەو زەوی

یەم خۆش دەویٚ کە بارگەوبنەم لیٚ خستووە. ژیانی مـن بـەو بسـتۆکە زەوی یـە گـریٚ دەدەریٚ. هەر وەکی ژیانی "دریاد" DRYADE[1] ەکان بەو دارە بەستراوەتەوە کە لـە سـەری دەژیـن. لێم روون بۆوە کـە ئـازادی و خاوەنـداریێتی دوو شـتی ناتـەبا و لیٚـك دژن و ئەگـەر رۆژێك بوومـە خاوەنی کۆخیٚك ئیتر خاوەنی خۆم نیم. هۆراس گوتەنی: "بە ئاواتەوە بووم کێلگەیەکی بچووکم بیٚ."

لە بیرمە سەروەت و ماڵ وسامانی "من مان تاوتویٚ کرد و تۆ بە بەڵگە بۆت سەلماندم ئـەمن ناتوانم هەم ماڵەکەم بپاریٚزم و هەمیش ئازادی یەکانم. بەڵام کاتێك ئیٚـوە ویسـتتان هـەم چـاو لـە دەسـت نـەبم و هـەمیش ئـازاد و سەربەسـت بم، دوو شـتی لیٚـك دژ و ناتـەباتان ویسـت، چـونکی نەدەکراخۆم لە (کۆت وبەندی) گرۆی یەکانی مرۆیی رزگار بکـەم. مەگـەر ئەوەیکـە دیسـان پـەنا بەرمەوە بەر سروشت. کەوابوو چ لەو سامانە دەکەم کـە دایـك و بـابم بـە مـیرات بۆیـان بـە جـیٚ هیٚشتووم؟ سەرەتا هەوڵ دەدەم کە بە هیٚندی نـەگرم و هـەموو ئـەو سـەرەداوانە لاواز کـەم کـە بەوەوەم گریٚ دەدەن. ئەگەر دەست دریٚژی نەکەنە سەر ئەو سامانە، بـۆم دەمیٚنیٚتـەوە. ئەگـەر لە چنگمی دەربیٚنن، وەشویٚنی ناکەوم. واتە بۆ پاراستنەکەی خۆم ئازار نادەم و وەکوو کیٚو خـۆ راگر دەبم.  جا چ دەوڵەمەند بم یا هەژار بۆ هەمیشە ئازاد و سەربەست دەبم. ئازادیی ئەمن تەنیا ناوچـەیەك یـا لـە وڵاتیکـدا بەرتەسـك نابیٚتـەوە بـەڵکو هـەر شـویٚنیٚکی ئـەم گـۆی زەوی یـە بم سەربەخۆیی خۆم دەپاریٚزم. ئەمن تەواوی کۆت و بەندە گشتیە (کۆمەڵایەتی) کـانم پسـاندووە و ملم بۆ هیچ زنجیریٚکی دیکە جیا لە زنجیری "قـەدەرەکان" (کـە جیـا لـە خـۆ بەدەسـتەوە دان و قایل بوون چارەیەکی دیکە نیە) دانەنواندووە. هەر لە سەرتای منداڵمەوە فیٚـر بوومـە کـە دەبـیٚ ئەو زنجیرەم لە ئەستۆ دابیٚ و تا کۆتـایی ژیـان (مـردن) رایگـرم لـە بـەر ئـەوەی ئـەمن مـرۆڤم و مرۆڤیش جگە لەوە چارەیەکی دیکەی نیە. ئەرگەرچی ئازاد و سەربەستم بەڵام پیٚ ملی ئەوکۆتە

[1] خوای دارستان لە یۆنانی کۆن دا -

دەبم. چونکی ئەگەر پێڕەوی حەز و ئارەزووکانی دنیا و باوەڕە گشتی یەکان بوایەم بە ناچاری پێبەندی ئەو حەز و ئارەزووانەش دەبووم و هەم دیلی زنجیری ئەم قەدەرانە.

هەر پلەوپایەیەکم لەم جیهانە دا هەبێ بەلامەوە گرینگ نیە. لە هەر شوێنی بم تەوفیری بۆم نیە. لە هەر شوێنێ لەگەڵ مرۆڤەکاندا بم لە نێو براکانی خۆم دام. لە جێگەیەکیش ئەگەر هیچ کەسی لێ نەبێ دیسانیش بە تەنێ نیم. چونکی بە هاودەنگیی خۆم قایلم. هەتا ئەو دەمەی ماڵ و سامانێکم هەیە واتە دەتوانم هەم ئازاد بم و هەمیش دەوڵەمەند، درێژە بە ژیانی شیرینی خۆم دەدەم. ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان، ماڵ و سامانەکەم ببنە کۆت و زنجیر گرفتارم بکەن، بە ئاسانی وازیان لێ دێنم دیسانیش بە خۆشی دەی گوزەرێنم. چونکی بە شان و باهۆی خۆم ئیش دەکەم و نانی خۆم دابین دەکەم. هەر کات شان و باهۆم لە کار کەوتن، بە یارمەتیی خەڵك دەژیم. ئەگەر خەڵك پشتیشیان تێ نەکردبایەم هەر دەمرم. لە ڕاستیدا مەرگ بەڵایەك نیە کە دەرەنجام و بەرهەمی هەژاری بێت بەڵکو یاسایەکی سروشتی یە. لە مەرگ ناترسم. چونکە بەڵێنی دەدەمێ، هەر کات لێم وەژوور کەوێ تەنانەت بە بێ ئاگادار کردنەوەشم بێ، لە حاڵێك دا نامبینێ کە خەریکی دابین کردنی کەلوپەلی ژیانم. یا خەریکم ئاخ وداخ بۆ ژیان و تەمەنی لە دەست چووم هەڵ دەکێشم لە بەر ئەوەیکە هەتا ئەو ساتەی ژیاوم تا توانیومە چێژم لە ژیان وەرگرتووە. بەڵێ مامۆستا گیان و باوکی ئایینیم، ئەوەیە بڕیاری من، ئەگەر عیشقم نەبوایە هەر لەم پلەوپایەیەدا کە هەمە تەواو و ئازاد و سەرەبەستبووم. چونکی لەوەی کە بۆم مەیسەر دەبوو پترم نەدەویست و ناچار نەبووم دژی کۆسپ و لەمپەرە سروشتیەکان و قەدەرەکان ڕاوەستم. بەڵام ئێستا لە زنجیرێك زیاتر کە شانازیی پێوە دەکەم، کۆت و بەندی دیکەم نیە و هەرگیز نامبێ. بابە گیان سوفیم بدەنێ با تەواو سەربەست بم.

ئەمن وەڵامی دەدەمەوە:

" ئێمیل گیان، زۆر دڵخۆشم بەوەیکە قسەی پیاوانەت لێ دەبیستم و کەفوکوڵی ئەو قسانەت لە دڵیدا بەدی دەکەم. ئەم نەبوونی تامەزرۆی یە لە تۆ دا جێێ دڵخۆشی یە بەڵام کاتێك بوویە خاوەن منداڵ، کەم دەبێتەوە و ئەو کات دەزانی کە باوکێکی باشی بنەماڵە و مرۆڤێکی ژیر دەبێ

چۆن بێ. بەر لەوەی بچیتە سەفەرێ پیش بینی ئاکامی ئـەم گەڕانـەتم دەکـرد. دەمزانـی پـاش ئەوەیکە لە نزیکەوە ڕێکخراو دامەزراوگەلی ئیداری ئێمەت بینـی، مەحاڵـە متمانـەیان پـێ بکـەیت چونکی جێی بەقا نین. مرۆڤ ناکرێ لە ژێر چاوەدێریی یاساکاندا ئـازد بێت. یاسـا؟ ئایـا یاسـای ڕاستەقینە دەست دەکەوێ یا ئەگەر دەست کەوت کێ هەیە بەڕێوەی بەرێ و کێ هەیە پـێ ملـی بـێ؟ چـوویتە هــەر شــوێنێ بینیــت کــە بەرژەوەنــدیی تایبــەتی (خصوصــی) و ئــارەزووی تاکەکەسییان بە ناوی یاسا، بە سەر خەڵك داسـەپاندووە، بـەڵام بـە ڕاسـتی یاسـای تـا هـەتایی سروشت و ئەو تەکوزی یەی لەگەڵێتی، بـوونی هەیـە و کەسـی ژێـر بـە یاسـاگەلێکی ڕوون و بـێ ئەملاوئەولایان دەزانێ چونکی بەدەستی عەقڵ و ویژدان لە ناخی دڵیدا دانراون.

مرۆڤ ئەگـەر دەیـەوێ ئـازاد بـێ، پێویسـتە پێـڕەوی لـەو یاسـایانە بکـا. دیـل و کۆیلـە ئـەو کەسەیە کە ئیشی چەوت بکا. مرۆڤ هەمیشە بە پێچـەوانەی ویسـتی خـۆی تووشـی هەڵـە و لاڕێ دەبێ. لە هیچ کام لە جۆری حکومەتەکانـدا ئـازادی بـوونی نیـە. بـەڵکوو تـەنیا لـە دڵـی مرۆڤـی سەربەست و ئازاد دا دەست دەکەوێ و هەمیشە لەگەڵیەتی. مرۆڤـی سـووك و دزێـو کۆیلـەیی و دیلێتی بۆ هەموو شوێنێ لەگـەڵ خۆیـدا دەگێـڕێ. دووهـەمیان لـە ژنـێڤ کۆیلـە و یەکـەمیان لـە پاریس ئازادە. ئەگەر باسی ئەرکەکانی مرۆڤ لە هەمبەر نیشتمانەکەمدا بۆ دەکردی، بـە گاڵتـەوە دەت پرسی نیشتمان چیە و پێت وابوو قایلـت کـردووم. بـەڵام ئێمیـل گیـان، تـۆ لـە هەڵـە دای. تەنانەت ئەو کەسەی کە نیشتمانیشی نیە وڵاتێك هەر شك دەبا لێی بژی. لەو وڵاتە دا، حکومەت و شێوەیەکی ڕواڵەتیی یاسا هەیە کە هەتا ڕادەیەك تـەناهیی ئـەو دابـین بکـا. ئەگـەر حکومـەتی وڵاتی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان هەڵوەشێنێتەوە، لانیکەم دیسپۆتیزم و سەرەڕۆیی شەخسی هەر بەو شێوەی کە ویسـتی کۆمـەڵ واتـە دێموکراسـی داکـۆکیی لێـدەکرد پشـتیوانیی لێ دەکـا. قورسایی زوڵم و ناهەقیی حکومەت ئیتر جێگەیەك بۆ زوڵمی خەڵکی ناهێڵێتەوە. ئەو کارە خـراپ و چەوتانەی لە بەر چاوی ئەو دەکرێن، کاری چاکی لە بەر چاوی شیرینتر دەکەن و دامەزراوگەلی حکومی خۆیان دەبنە هۆی ئەوەیکە، ئەو ناهەقیـەکانی ئـەم دامەزراوگەلـە بناسـێ ولێیـان بێـزار بێت. ئێمیل گیان، کامە مرۆڤی چاکەکار کەم یا زۆر خۆی بە قەرزاباری وڵاتەکەی نـازانێ؟ هـیچ

نەبێ، لانیکەم بە نرخترین تایبەتمەندی یە مۆی یەکان واتە، بنەما مۆراڵی یەکانی ئاکاری خۆی و چاکە خۆشەویستی، لەو فێر دەبێ. ئەگەر مرۆڤ لە قووڵایی جەنگەڵەکاندا لە دایك بوایە، سەربەست تر و بەختەوەرتر دەژیا. بەڵام چونکی هیچ کۆسپ و لەمپەرێکی لە بەر دەم هەوەس و ئارەزووەکانی خۆیدا بە دی نەدەکرد کە ناچار بێ لەگەڵێ دا بکەوێتە ململانێ، چاکەکاری یەکەی هونەرێکی گەورە نەبوو و نەشدەکرا بە چاکەکار و پارێزکارێکی راستەقینەی لە قەڵەم بدەی. بەڵام ئێستا سەرەڕای بوونی ئەم شەهوەت وئارەزووانە، داوێن پاکیی خۆی پاراستووە. هەر ئەم تەکوزی یە رواڵەتی و درۆیینە دەبێتە هۆی ئەوەیکە تەکووزیی راستەقینە بناسێ و حەزی لێی بێ. بەختەوەریی کۆمەڵ و بەژەوەندیی کۆمەڵگە کە بۆ خەڵکی تر دگە لە بیانوویەك هیچی تر نیە، بۆ ئەو بەڵگەی راستەقینە و پاڵنەری سەرەکیی کاری چاکە. لە نێو کۆمەڵ دا مرۆڤ فێر دەبێ کە دژی خۆی هەڵوێست بگرێ (بەرەبەرکانیێ ویستی دڵی بکا) و بە سەریدا زاڵ بێ. بەرژەوەندی یەکانی خۆی بکاتە قوربانیی قازانجی گشتی. ئەوە درۆیەکە ئەو هیچ قازانجێکی لە یاساکان پێ ناگا. چونکی یاسا ئەو ئازایەتی یەی پێ دەدا کە، تەنانەت لە نێو دڵڕەقانیش دا دادپەروەر و راستگۆ بێ. درۆیە کە یاساکان ئەویان ئازاد نەکردووە چونکە هەر ئەم یاسایانە فێریان کردووە کە بە سەر ویستی دڵی خۆیدا زاڵ بێ.

کەوابوو هەرگیز مەڵێ لە هەر شوێنێك بوایەم فەرقی نەدەکرد. چونکە پێویستە لە شوێنێ بیت کە بتوانی ئەرکەکانت راپەڕێنی و یەکێك لەو ئەرکانە خۆشەویستیی هاوڕەگەزەکانتە. هاونیشتمانەکانت ئەو کاتەی کە منداڵ بووی پشتیوانیان لێ کردووی. ئێستاکە بوویەتە پیاو دەبێ خۆشت بوێن. ئەتۆ دەبێ لە نێوانیاندا بژی. یا ئەگەر نالویێ، دەبێ لە شوێنێ نیشتەجێ بیت کە هەتا بۆت دەکرێ زیاتر خزمەتیان پێ بکەی و هەر کات پێویستیان پێت بوو دەستیان پێت رابگا. لە زۆر شت دا مرۆڤ لە دەرەوەی نیشتمانەکەی دەتوانێ خزمەتی هاونیشتمانەکانی خۆی بکا بەڵام لە نێوخۆدا لە دەستی نایە. ئەو کات تەنیا دەبێ گوێ بۆ غیرەتی نیشتمان پەروەریی خۆی شل بکا. بە بێ گلەیی و گازەندە و دووڕوویی زێد و نیشتمانەکەی تەحەمول بکا

چونکە ئەوەش یەکێکە لە ئەرکەکان.بەڵام تۆ ئەی ئێمیلی دڵۆڤان، کە هەرگیز ناچار نیت ئەم فیداکاری یە دڵتەزێنە بکەیت، ئەتۆ کە پیشەی گوتنی راستیەکان بە مرۆڤەکانت هەڵنەبژاردووە، برۆ لە نێو هاونیشتمانەکانتدا بژی و بە هاودەنگی و هاموشۆی خۆش لەگەڵیان، دڵیان بە دەست بێنەو پەروەردەی بکە. بۆ ئەوان ببە بە نموونەی چاکەکاری: هەڵسوکەوتی تۆ لە تەواوی کتێبەکانی ئێمە زیاتر دەبێتە سەرچەشن و نموونە بۆیان و ئەو کارە باشانەی تۆ دەیانکەی پتر لە تەواوی پەند و ئامۆژگاری یە بێ سوودەکانی ئێمە کاریان تێدەکا.

بەو حاڵەشەوە، پێت وانەبێ دنەت دەدەم بۆ ئەوەی لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بیت، بە پێچەوانەوە یەکێك لە باشترین کردەی پیاوچاکان ئەوەیە کە وەشوێن ژیانێکی خۆماڵی بکەون. چونکی ئەمجۆرە ژیانەکە یەکەمین فۆرمی ژیاری مرۆی یە، بێ کێشەترین و سروشتی ترین و شیرینترن جۆری ژیانە، هەڵبەت بۆ یەکێك کە دڵی بۆگەن نەبووبێت. خەنی لەو وڵاتەی کە خەڵکەکەی ناچار نەبن بە شوێن تەناهی و ئارامی دا پەنا بۆ دەشت و چۆڵەوانی بەرن. بەڵام ئایا وەها وڵاتێك شك دەبەی؟ کەسێکی خێرومەند ناتوانێ بە خێر و خێرات و دەست گرتن، حەز و ئارەزووەی خۆی لە شارە گەورەکاندا، دامرکێنێ. چونکی لەوێ ناچارە یارمەتیی فێڵباز و گزیکاران بدا. کاتێك شارەکان باوەش بۆ کەسانێکی قوون بەگێچەڵ و تەوەزەل دەکەنەوە کە وەشوێن کۆ کردنەوەی ماڵ و سامان کەوتوون، تەنیا کاولبوون و کەمبوونەوەی دێهات و گوندەکانی لێ دەکەوێتەوە. لە حاڵێکدا بە پێچەوانەوە دەبوو دێهاتەکان بە دەستەندەی شاران ئاوەدان بکەنەوە. هەموو ئەوانەی کە خۆیان لە شوێنی پڕ حەشیمەت و پڕ لە قریوە و زەنازەنا دەدزنەوە هەر بەو هۆیەی خۆیان دوورە پەرێز رادەگرن، بە کەڵکن. لە راستی دا گەندەڵیی ئەم کۆمەڵگەیانە، بە هۆی زۆر بوونی حەشیمەتەکەیانە. ئەم کەسە دوورەپەرێزانە بە شێوەی دیکەش بە کەڵکن، چونکی پەنا دەبەنە بەر شوێنی دوورە دەست و بەیار و ئەوێ ئاوەدان دەکەنەوە و خۆشەویستیی کشتوکاڵ کە یەکەم حەزی مرۆڤەکان، بووە، دەبووژێننەوە. هەر کات بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێمیل و سوفی هەر لەم گۆشەی تەنیایی و دوورەپەرێزی یەی خۆیاندا دەتوانن چیها کاری باش بکەن و چیها دەتوانن ئیشتیای کوێر بۆوەی دێهاتیە

لێقەوماوەکان بورووژێنن، کولّ دەمگرێ. بە چاوی دلّ حەشامەتی ئاوایی دەبینم کە بەردەوام زیاد دەکەن، زەوی بە کێلّگە و لەوەڕگە بەرگێکی نوێ دەپۆشێ ئیش و کاری گوندی یەکان بە هۆی تەناهی و بە پیت و بەرەکەتی وەك جێژن و رابواردنی لێ دێ و گوندی یەکان لە کۆڕی بەزم و شادی خۆیاندا لە دەوری ئەو ژن و مێردە کۆ دەبنەوە کە ئەوجێژنەی بۆ دەستەبەر کردوون و رەحمەتیان بۆ دەنێرن. زۆر جاران چاخی زێڕین کە تێیدا مرۆۋ خاوەنی ژیانێکی بەختەوەرانە و گوندی بووە، بە ئەفسانە و خەونی لە قەڵەم دەدەن. بەڵام ئەو باوەڕی کەسانێکە، کە دلّ و سەلیقەیان گەندەلّ بووە. ئەوانەش کە ئاخ و داخ بۆ ئەو رەوشە ئەفسانەی یە هەڵدەکێشن، درۆ دەکەن، چونکی جیا لە خۆ بە ئەفسانەوە خالاّندن هیچ ناکەن. بۆ ژیاندنەوەی ئەم چاخە زێڕینە دەبێ چ بکەین؟ تەنیا کارێك کە وێدەچێ کردەنی نەبێ. دەبێ حەزت لێی بێ. ئێستا دەبینم کە دەوروبەری ماڵی بابی سوفی ئەم بووژاندنەوەیە دەستی پێکردووە. ئێوە تەنیا دەبێ ئەوەی ئەوان دەستیان پێکردووە بە کۆتایی بگەیەنن. ئێمیل گیان ئەم ژیانە سادەیە نابێ لەو ئەرکە قورسانەی کە لەوانەیە بخرێنە ئەستۆت، بتگرێتەوە. وەبیرت بێتەوە کە رۆمی یەکان جار هەوو بە خاتری وەرگرتنی پۆستی بالۆێزی وازیان لە نیروئامور دێنا. ئەگەر دەوڵەتەکەت بۆ خزمەت بە نیشتمان بانگی کردی، هەر کارێکت بە دەستەوەیە وازی لێ بێنە و ئەو بەرپرسیارەتی یە وەرگرە کە پێت دەسپێرن چونکی هەر پلە و پایەیەکت پێ بدەن لە بەر ئەوەیکە ئامانجی تۆ خزمەت بە نیشتمانەکەتە، بۆ تۆ مایەی شانازی یە. ئەگەر ئەم پایەیە تووشی چەرمەسەریت دەکا، ئامرازێکی رەوا و متمانەپێکراوت بە دەستەوەیە کە بەوە، لە کۆڵ خۆتی بکەیتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوەندە بە راستگۆیی و وردبینی یەوە ئەرکەکەت بەرێوە بەرە کە خێرا بەرپرسیارەتیەکەت لێ وەرگرنەوە. بە هەر حالّ زۆر پەرۆشی ئەوە مەبە کە رۆژێك پلە و پایەیەکی حکوومیت بدەنێ، چونکی هەتا ئەو کاتەی کە کەسانی خۆ رێکخەریان دەست دەکەوێ هیچ کەس بۆ خزمەتی حکوومی بانگی تۆ ناکا.

زەماوەندی ئێمیل و سوفی

به داخەوە کە ئیزنم نیە باسی گەڕانەوەی ئێمیل بۆ لای سوفی و کۆتایی ئەڤینداریی ئەم دووانە یا بە واتیەکیتر سەرەتای عیشقی هاوسەرێتییان بکەم. بنەمای ئەم عیشقە بریتی یە لە ڕێز و حورمەتی ژن و مێرد بۆ یەکتر (ڕێز و حورمەتێك کە هەتا مردن بەردەوامە) و ئەو لایەنە باشانەی کە لەگەڵ جوانیی رواڵەت دا تەواو نابن و ئەو ڕێککەوتنە ئەخلاقیەی کە هەڵسوکەوتی دوو کەس لە بەرچاوی یەکتر شیرن دەکات و تازەیی و گەشیی ساڵەکانی سەرەتای زەماوەند کردن هەتا قۆناخی پیری دەبات. هەڵبەت لەوانەیە ئەم شی کردنەوانە شیرن بن بەڵام قازانجیان نەبێ. و ئەگەر من لەم کتێبە دا باس و خواسی شیرنم هێناوەتە گۆڕێ لە بەر ئەوەیە کە بە کەڵك بوونە. ئایا لە کۆتایی کارەکەمدا واز لەو ڕێسایە دێنم؟ بە هیچ کلۆجێ!

سەرەڕای ئەوەش، وا هەست دەکەم قەڵەمەکەم ماندوو بووە. ئەمن تاقەتی کاری دوور درێژم نیە و ئەگەر ئەو کتێبەم نەگەیاندبایە ئەو قۆناخە بە دڵنیای یەوە بە نیوەچڵی وەلام دەنا. بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی نیوەچڵ نەبێ، دەرفەتێك ڕەخساوەکە تەواوی بکەم.

ڕۆژی زەماوەندەکەیە. ئێمیل و سوفی بە هەودای پتەو پێکەوە گرێ دراون. پاش بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە، ڕاهێنەر بانگیان دەکاتە قوژبنێك و دوایین ئامۆژگاری یەکانیان لە گوێ دەخوێنێ. دەبێ تەنانەت لە هاوسەرێتشدا عاشق و مەعشوق بن. واتە داوای جێبەجێ کردنی ئەرك لە یەکتری مەکەن بەڵکو هەرچی گەرکتانە لە عیشقی بخوازن.

ئای لەو عاشقە بەختەوەرانە، لەو ژن و مێردە شیاوە! بۆ ئەوەی ڕێز لە داوێن پاکییان بگیردرێ، بۆ ئەوەی تاریفی بەختەوەرییان بکرێ، دەبێ لاپەڕەی مێژووی ژیانیان هەڵدەدرێتەوە. گەلێ جاران بە دیتنی ئەو دووانە کە بەرهەمی زەحمەتەکانمن، چێژم وەرگرتوە و شاگەشکە بوومە. گەلێ جار دەستیانم ناوەتە دەستم و شوکری خوام کردووە. چەندەم ئەو دەستانە ڕامووسیوە کە یەکتریان دەگوشی. چەندەم ئەسرینی شادی بە سەر ئەو دەستانەدا هەڵوەراندووە. ئەوانیش لە خۆشی و شادیی مندا هاوبەش دەبن و دێنەکوڵ. دایك وبابی بەڕێزیشیان کە دەبینن منداڵەکانیان بەختەوەرن، گەنج دەبنەوە و دەشبووژێنەوە. چونکی بۆ

یەکـەمین جـار قـەدر و قیمـەتی راسـتەقینەی ژیـان دەزانـن. تـووك و نفـرین لـە سـامان و مـاڵی رابردوویان دەکەن کە نەی هێشت لە تافی لاوێتیدا چێژ وەرگرن. ئەگەر بەختەوەری یەك لە سەر گۆی زەوی هەبێ، دەبێ لە نێو ماڵی خۆماندا بـۆی بگـەڕێین. ئێمیـل دوای چـەند مـانگ، رۆژێـك دێتە هۆدەکەی من. باوەشم پێدا دەکا و ماچم دەکا و دەڵـێ: " مامۆسـتا گیـان، پیرۆزبـایی بـە رۆڵەی خۆت بڵێ. چونکە هیوادارە بەم زووانە ببێتە باوکی منداڵ. تۆ دەبێ چ زەحمەتێکی نـوێ وەئەستۆ بگری و چەندەمان پێویستی پێت دەبێ. بـەڵام خـودا نـەکا دوای ئـەوەی پـەروەردەی باوکیتان وەئەستۆ گرت پەروەردەی منداڵەکەشتان بـە سـەر دا ببـڕین. مەحاڵـە وەهـا ئـەرکێکی پیرۆز و گەورە جگـە لـە خـۆم بـە هـیچ کـەس بسـپێرم تەنانـەت ئەگـەر راهێنـەرێکی وەکـوو تـۆ کارامەش دەست کەوێ. بەڵام تکایە ئێوەش مامۆستای ئەو دوو راهێنەرە گەنجە بن، ئامۆژگاری و رێنوێنیمان بکەن. بەڵێنتان دەدەمێ لە قسەتان دەرنەچین هەتا زیندووم پێویستیم پێتانە. بە تایبەتی ئێستا کە ئەرکی قۆناخی خێزانداریێتیم دەست پێدەکا بوونی ئێوە زیاتر پێویستە. ئێوە ئەوەی پێویستە کردووتانە. رێ نیشاندەرم بە. ئەمن پێڕەویـت لێ دەکـەم و ئێسـتا کـاتی ئـەوە گەیوە کە پشوو بدەن.

کۆیە زستانی 1386ی هەتاوی